<u>***بیروڕا***</u>

# کوردایەتی و گەندەڵی

***فەرەیدون پێنجوێنی***



ناوی کتێب : کوردایەتی و گەندەڵی

ناوی نوسەر : فەرەیدون پێنجوێنی

بابەت : بیروڕا

.........................................

## روونکردنەوە :

ساڵانێکە ناو بەناو دەربارەی : کوردایەتی، گەندەڵی، بێدادی، راگەیاندن، دیموکراتی، ئۆپۆزسیۆن، دەوڵەت، ئایین، دەستور، هەڵبژاردنی گشتی، کێبەرکێی سیاسی و حیزبی و... هتد وتار دەنوسم، کوردایەتی و گەندەڵی ناونیشانێکە بۆ کۆکردنەوەی هەندێ لەو وتارانە کە پێشتر هەموویانم لەسایت و رۆژنامەکان، یان لەئەکاونت و پەیجی شەخسیی خۆم لەفەیسبوک بڵاوکردۆتەوە.

.........................

# پۆلیسە گەندەڵەکانی ئەمیتاب و سەربازە گیانفیداکانی!

سینەمای هندی و (ئەمیتابی سینەماکار بەتایبەتی) لەساڵانی رابردودا حەشرێکی گەورەیان بەپۆلیسی هندی کرد کە تا ئێستاش پێیان قەرەبو ناکرێتەوە، ئەگەرچی بەمدوابیانە دەیانویست لەڕێی جوان پیشاندانی وێنەی سەربازەوە رتوشێکی وێنەی ئەویش بکەنەوە، بەڵام بەخوا تازە مەحاڵەو هەمو هەر لەسەر ئەو بڕوایەین کە کەشکیش برای دۆیە : ئەوە پۆلیستان بێت، سەربازتان لەو تەرەسترە!

لەفیلمێکی پان و پۆڕی چەند سەعاتیی هندیدا ئەوەی دەبینرا بریتی بو لەوێنەی پۆلیسی دز، بەرتیلخۆر، گەندەڵ، شەریکی مافیاو تەعداچی.. ئەگەر لەپاڵ ئەم وێنەیەدا وێنەی ئەفسەرێکی پلە نزمی پۆلیس پیشاندرابێ ویستبێتی گەندەڵیی ناو سلکەکەی خۆی ئاشکرا بکات، لەولاوە وێنەی ئەفسەرێکی تری پلە باڵای پۆلیس قوتکراوەتەوە کە شەریکی مافیایە!

راستە لەکۆتایی هەمو فیلمێکی هیندیدا دواجار وێنەی پۆلیسە دەست و داوین پاکە ئازاکە زاڵکراوە، بەڵام پۆلیسێك بوە تەنیاباڵ، چەندینجار لەسەر دەستی پۆلیسە مافیاکاندا تێکشکاوەو کەوتۆتە کونجی زیندان، هەر بەقودرەتی قادر توانیویەتی لەکۆتاییدا لەشەڕی ئەو هەمو پۆلیسە چەتەیە دەربازی ببێ کە هەمیشە لەبۆسەدابون بۆی..

لەفیلمی هندیدا پۆلیسی چەتەو گەندەڵ هەزارانن، هەمو مەرکەزەکانی پۆلیسیان داگیر کردوە، پۆلیسی ئازاش تەنها یەك دانەیە ئەویش کەس نازانێ لەپشتی چ کەرێك دەرپەڕیوەو چ رێکەوتێك گەیاندویەتیە هندستان کە لەتەواوی مەملەکەتەکەدا کەس لەڕەنگی ئەو بونی نییە!

لەفیلمی هندیدا پۆلیسی دزو جەردە ئیعتیمادی ئەوەڵ و ئەخیری لەسەر عەقڵی مافیاییانەی خۆیەتی، بەڵام پۆلیسە ئازا تەنیاباڵەکە ئەوەندە تەنیاو بێکەس و بێپەنایە لەناو سلکەکەی خۆیشیدا رەفیقێکی بەهەزارحاڵ بۆ پەیدا دەکرێت پاڵی پێوە بدات یان هەر بۆی پەیدا ناکرێت، ناچار هەمو پشیوانییەکی بەخوایە!

جا باشە دەکرێ ئەگەر کەسێکمان لەسلێمانی یان لەهەولێرەوە بۆ نەخۆشییەك شتێك رێی کەوتە هندستان، خوایەك ببەستێ بەدەستی خۆیەوە لەترسی ئەو هەمو مافیاو لەشفرۆش و پۆلیسە خائینە، نەوەك ئێ بەختە حیزەکەی ئەو لەو وەختەدا پۆلیسە تاقانە سەدجار پەراسوشکاوەکە خۆیشی لەسجندابێ و فریای نەکەوێ؟

لێرەوەبو من بۆچونە خراپەکەی خۆمم لەسەر هەژاری، قەرەباڵغی، کەسیەتیی مرۆڤی هندی دروستکرد، بۆچونێك کە لەهەرزەکاریمەوە لەگەڵما گەورەدەبو... تا ئێستاش هەندێجار هەر لەخۆوە (نەوەڵڵا هەر لەخۆوە نا بەڵکو بەهۆی ئیشە سینەماییەکانی ئەمیتاب و هاوپیشەکانیەوە) پێموایە ئەبێ لەهندستان بەڕۆژی نیوەرۆش لایتت پێبێت بگەڕێی بۆ ژیانی رۆشن، بۆ سەرمایەداری بەئابڕو، بۆ ژنی پاکیزە، بۆ بازرگانی بێوەی (وێنەی یەکەمیش کە ئەم هەمو وێنە رەشانەی ترم لەبەر هەڵگرتۆتەوە هەر وێنەی پۆلیسە گەندەڵەکەیە!)..

ئەمەیە مەترسیی سینەما.. ئەمەیە مەترسیی پیشەسازیی وێنە (ئەگەر سیاسەتێکی قووڵت نەبو لەبەرهەمهێنان و هەناردەکردنیدا!).

بڕوام وایە ئەمیتاب و سینەمای هندی لەکۆتاییدا بۆیان دەرکەوتوە کە لەڕێی هەناردەکردنی ئەم وێنە رەشەی پۆلیسەوە گورزێکی گەورەیان سرەواندۆتە سومعەی مرۆڤی هندی بەگشتی نەك تەنها سومعەی پۆلیس، بۆیە پەنایان بردە بەر دروستکردن و هەناردەکردنی وێنەیەکی پێچەوانە، وێنەی کەسیەتییەکی نزیك لەکەسیەتیی پۆلیس کە کەسیەتیی سەربازە، بۆ گەڕاندنەوەی ئاوی رو بۆ پۆلیس، بەو پێیەی پۆلیس و سەرباز هیچ نەبێ لەوەدا کە هەردوکیان سەر بە دامودەزگای چەکداریی وڵاتن، هاوشوناس و هاو سومعەن و دروستکردنی سومعەیەکی باش بۆ سەرباز واتە دروستکردنی سومعە بۆ پۆلیس و مرۆڤی هندی بەگشتی.

برادەرینە (روی دەمم لەهەمو ئەوانەتانە کە هەریەکە بە تەکنیکی خۆی خەریکی ئیشکردنە لەسەر وێنەی مرۆڤی کورد)...

تکایە بەڕێگەکەی ئەمیتاب و سینەمای هندیدا مەڕۆن، بەڕێی باو و باپیرانی خۆماندا بڕۆن کە لەمبارەیەوە گوتویانە : (نازانم چییان گوتوە!).

2014 / 3 / 24

# کەلتوری سیخوڕکاری و سیخوڕسازی

*نوێگەرێتی لەحیزبایەتی و سیاسەتدا لەوەدایە نوێگەرێتی لەکەلتوری سیاسیدا بەدوای خۆیدا بهێنێ:*

*ساڵەهایە حیزبی کوردی خەریکی خۆسەپێنییە لەناو کۆمەڵگەدا، بەزۆری زۆرداری جێی خۆی لەکۆمەڵگەدا دەکاتەوە، ناتوانێ بەڕیگەیەکی مەدەنی جێی خۆی بکاتەوە، رۆژ بەڕۆژ زیاتر لەبەرچاوی خەڵك دەبێزرێ، هۆیەکەی ئەوەیە بەشوێن داهێنانی کەلتورێکی سیاسیی مۆدێرنەوە نییە، هەر خەریکی تۆخکردنەوەی ئەو کەلتورە سیاسییە خراپەیە کە لەشەڕی ناوخۆوە سەری دەرهێناوە، هەر پەنا بەو دەگرێ، لەوانەیە لەبەرئەوەبێ نایەوێ حیزبی خەڵکبێ، بۆ خەڵك ئیش بکا، بەپێی یاساو رێسایەك کە لەقازانجی کۆمەڵگەیەو خەڵك پەسەندێتی هەڵسوکەوت بکا، بەڵکو دەیەوێ تەنها حیزبی خێڵ و دەستەو تاقمبێ، ئەگەر وابێ ئەوا ناچارە بەکەلتورە سیاسییە خراپەکەی ئێستایەوە بنوسێ، دەست بۆ کەلتورێکی سیاسیی مەدەنی نەبا، چونکە شتی وا لەقازانجی دەستەو پێڕو تاقمی بەرتەسك نابێ، لەقازانجی خەڵك دەبێ.*

*حیزب ئەگەر دەست بەم کەلتورە سیاسی ـ حیزبییەوە نەگرێ کە ئێستا دەستی پێوە گرتوە:*

*کەلتوری خۆسەپاندن، کۆسەڵە (شێواندنی گەمەی حکومڕانی، زاڵکردنی بێیاسایی و فەوزا)، سیخوڕسازی، سیخوڕکاری، بڵاوکردنەوەی تەحلیلی چەواشەکارانە لەژێر چاودێریی دامودەزگای سیخوڕیدا بۆ بەرچاولێڵکردنی خەڵك و... هتد، چۆن دەتوانێ تاسەر داهاتی نەتەوەیی میللەتێکی گەورە بخاتە ئیختیاری خۆی و چەند خانەوادەیەکەوە لەچەند تیرەو تایەفەیەك، چەند خانەوادەی سەر بەچەند تیرەو تایەفەکەش، بەو داهاتە، بەئارەزوی دڵی خۆیان نەخشەی کۆمەڵایەتی لەوڵاتدا دەسکاری بکەن، بازسازیی تێدا بکەن بەو جۆرەی کە لەخزمەتی خۆیان و دەسەڵاتسالاریی خۆیاندابێ، چ تیرەو تایەفەیەك لەدەوریانگەڕاو قەبوڵی بو خزمەتکاری ئەوانبێ و لەپەراوێزی ئەواندا بژی، شوێنەکەی بگۆڕن (لەچینی خوارەوە یان لەچینی ناوەڕاستەوە، بۆ چینی باڵا).. هەروەها بەپێچەوانەوەش!*

بەبڕوای من بەرلەوەی هیچ بگوترێ و بکرێ دەبێ دەنوکی رەخنە لەسەر ئەو کەلتورە سیاسییە خراپەبێ، ئەو رەجم بکرێ، چونکە ئەو کەلتورەیە زەمینەی ئەو هەمو نەهامەتییەی سازاندوە کە خەڵکی هەرێمی باشوری کوردستانی تێکەوتوە، بەڵام ئەم قسەیە نەك هەر بەهەند وەرناگیرێ و ئیشی لەسەر ناکرێ، بەڵکو ئەوانەشی کە بەدوای سەندنەوەی مافەکانی کۆمەڵگە : بنەبڕکردنی گەندەڵی، پەرەپێدانی شەفافیەت، چەسپاندنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دیموکراتیزەکردنی سیستمی حکومڕانییەوەن، هەر خەریکی دەستگرتنن بەهەمان کەلتورەوە، بەهەمان کەلتور شەڕی بەرامبەرەکەیان دەکەن، جا یان حسابی ئەوەیان نەکردوە دواجار بەری رەنج و ماندوبونیان دەچێتە خزمەتی تۆخکردنەوەی هەمان کەلتورەوەو دەست و دیاریەکەیان بۆ خەڵکی کوردستان بریتی دەبێ لەهەندێ دەسکەوتی تەمەنکورتی پەشمەکسیفەت کە زۆر ناخایەنێ لەسایەی ئەو کەلتورە خراپەدا یەکسان دەبێتەوە بەصفر، یان ئەوەیە ئەوانیش بەدوای دەسکەوتی حیزبیی خۆیانەوەن نەك دەسکەوتی خەڵك، کە دروشمی باشیشیان هەڵگرتوە تەنها دەیانەوێ سود لەنەهجی خەڵکگەرایی وەربگرن، هیچیکە.

بەکورتی دەرگای سیاسەتکردن و حیزبایەتی لەهەرێمی باشوری کوردستاندا تەواو لەڕیسمە دەرچوە، یەکەم شت کە دەبێ بکرێ بۆ چاککردنەوەی، بریتییە لەموحارەبەکردنی کەلتورە سیاسییەکە:

کەلتوری خۆسەپاندن، کۆسەڵە (شێواندنی گەمەی حکومڕانی، زاڵکردنی بێیاسایی و فەوزا)، سیخوڕسازی، سیخوڕکاری، بڵاوکردنەوەی تەحلیلی چەواشەکارانە لەژێر چاودێریی دامودەزگای سیخوڕیدا بۆ بەرچاولێڵکردنی خەڵك و... هتد.

ئێستا لەهەرێمی باشوری کوردستاندا سەرلەبەری ئەو خراپەکارییە حیزبیانە بەبەرچاومانەوە دەگوزەرێن و شەڕێکی (دەرونی)ی راستەقینەیان بەدوای خۆیاندا هێناوە، شەڕەکەش ئاوقەی خەڵك بوە.

ئەوەتا سەرلەبەری دیمەنەکانی شەڕەکەمان لێوە دیارن، بەبەرچاومانەوە (وەکو لەهەر شەڕێکی راستەقینەی مەیدانی یان پارتیزانیدا رودەدا)، ریزگۆڕکێ بەگروپە شەڕکەرەکان دەکرێ، جارێ گروپە شەڕکەرە یاساناسەکان دەبرێنە پێشەوە، دواتر ئەوان دەکێشرێنەوە گروپە شەڕکەرە میدیاکارەکان دەبرێنە پێشەوە، بەتەنیشتی ئەوانەوە گروپی پیاوانی ئاینەکان و مەزهەبەکان، ئینجا ئەوان دەکێشرێنەوە، سیخوڕسازو سیخوڕکارەکان دەبرێنە پێشەوە، ئەگەر وا بڕوا نۆرەی بردنە پێشەوەی هێزی چەکداریش دێت.

بەبۆنەی هەژمونی ئەو کەلتورە سیاسییە زۆر خراپەوە کە حیزبی کوردی (بەڕازی و ناڕازییانەوە) خەریکی تۆخکردنەوەین لەهەرێمی باشوری کوردستان، ئارامی بەجارێ لەدڵی هیچ لایەکدا نەماوە، نە لەدڵی خەڵکە ئاساییەکەدا، نە لەدڵی خەڵکە دەست و پێوەندەکەی دەسەڵاتدا، هەردو لایان لەوەسوەسەی جێهێشتن و جێنەهێشتندان : بمێننەوە یان سەری خۆیان هەڵبگرن و بڕۆن.

بڕوام وایە زۆرینەی هەردو لایان، بۆیان بکرێ و بەمسۆگەری بۆیان بچێتەسەر، دەقیقەیەك زوتر بەجێیدەهێڵن.

شاردنەوەو نەدرکاندنی ئەم هەستی نائارامییە، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە : هەرێمی باشوری کوردستان سورییایەکە بەڕێوە (نەنها پێویستی بەدەستێکە پاڵی پێوەنێ بیخا بەلادا، وەکو ئەو دەستەی پاڵی نا بەسوریاوە خستی بەلادا).

نیشانەی بێئاگاییمانە بیری ئەوەمان هەبێ هەندێ لەوڵاتانی دراوسێمان ئەگەر سوربن لەسەر درێژەدان بەو سیاسەتەی هەیانە، بەڕێوەن وەکو سورییایان لێبێ، بەڵام بیری ئەوەمان نەبێ ئەو قاعیدەیە هەرێمی باشوری کوردستانیش دەگرێتەوە، ئەویش یەکێکە وەکو ئەوان : ئەگەر سوربێ لەسەر ئەم سیاسەتەی ئێستای ئەوا لەڕێدایە درەنگ یان زو وەکو سوریاو لیبیای لێبێ.

پێویستە کۆمەڵگە (بەر لەهەر کارێك) هەوڵی خۆی یەکخا بۆ پەکخستنی ئەو کەلتورە سیاسی - حیزبییە هەرە خراپە، دڵنیابێ ئۆباڵی جەریمەگەلی تاڵان و بڕۆ، خوێنڕێژی، بێیاسایی، کۆسەڵەو کۆسەڵەکاری، هەموی لەئەستۆی ئەو کەلتورەیە، هەموی لەپاڵ سەروەری و بەرقەراریی ئەو کەلتورەدا چۆتەسەر.

دەبێ کارێ بکرێ لەمەودوا هەمو جوڵەیەکی حیزبی و سیاسی بەئاقاری تۆخکردنەوەی ئەو کەلتورەدا، وەك عەیبەو خەتاو تاوان بکەوێتە بەرچاوی خەڵکی کوردستان.

*2015 / 11 / 7*

………………………

# دەبو بتوانرایە بەگاڵتەوە ناکۆکبین

*هەرێمی باشوری کوردستان یەکێکە لەبریندارە برینسەختەکانی شەڕەکەی چواردەوری، کەس نییە ئەمە نەزانێ.*

*دەتوانرا نەهێڵرێ وابێ، دەتوانرا کەم و زۆر بەدور بگیرێ لەپریشکی ئاگری ململانێ ئێقلیمیەکەی چواردەوری، ئەگەر بتوانرایە یان بویسترایە بیر لەپاشەڕۆژی بکرێتەوە.*

*بەڵام بیر لەپاشەڕۆژی نەکرایەوە، تەنها بیر لەپاشەڕۆژی حیزب و بنەماڵە کرایەوە، سەرلەبەر چارەنوسی هەرێمەکە بەسترایەوە بەپاشەڕۆژی حیزب و بنەماڵە فەرمانڕەواکانەوە کە دەبو بەپێچەوانەوە بوایە : چارەنوسی حیزب و بنەماڵە فەرمانڕەواکان ببەسترایە بەچارەنوسی هەرێمەکەو خەڵکی هەرێمەکەوە.*

*ئەگەر بویسترایە یان بتوانرایە بیر لەپاشەڕۆژی ئەم هەرێمە بکرێتەوە، ئەوا هەر لەسەرەتاوە بینەری ئەو هەمو مانۆڕە حیزبییە خوێناویانە نەدەبوین کە لەهەناویدا گوزەران، روی نەدەدا ببینین یەکێتی و پارتی ئەو هەمو ساڵە بیر لەحەپەلوشکردنی یەکتر بکەنەوە، گۆران و پارتی ئاوا لەیەکتری گیرکەن.*

*ئەگەر بنەماڵە فەرمانڕەواکانی هەرێمەکە ئەوەندە بەتوندی بیریان لای پاشەڕۆژی خۆیان نا، لای پاشەڕۆژی خەڵك و هەرێمەکە بوایە، ئەوا دەیانتوانی لەکاتی هەر سەرکێشییەکی نەیاراندا پێکەوە بەیەك دەنگ بڵێن : ئێست نەیار.*

*ئەگەر هەر لەسەرتاوە رەچاوی ململانێ ئێقلیمیەکەی چواردەور بکرایە، خۆ بگونجێنرایە لەگەڵی، بویسترایە بەسەلامەتی میللەتی لێ بپەڕێنرێتەوە، ئەوا هێزەکان بەڕاستی نا، بەگاڵتەوە دابەش دەبون بەسەر دو بەرەدا : بەرەیەکیان بۆ راگرتنی دڵی تورك، ئەوی تریان بۆ راگرتنی دڵی عەجەم، بینا لەسەر سیناریۆیەکی ژیرانەی لەوجۆرە، لەنێوانی خۆیاندا رۆڵی سیاسییان دابەش دەکرد : خولێك ئەمیان ئۆپۆزسیۆن و ئەویان فەرمانڕەوا، خولەکەیتر بەپێچەوانەوە..*

*نەدەهێڵرا دۆخی ناوخۆی هەرێم بەبۆنەی ئەو ململانێ ئێقلیمییەوە بەم ئەندازەیە بئاڵوسکێ، بەڕاستی و بەم شێوە ترسناکە دابەش نەدەبون بەسەر یاریچیەکانی ناو گەمە ئێقلیمیەکەدا.*

*بەڵام یاریچیە ئێقلیمیەکان، لێنەگەڕان ئەوە روبدا کە قازانجی خەڵکی هەرێمەکەی تێدایەو ئەزمونەکەیانی لەم پێکرانە سەختە دەپاراست، هاتن وردەکارانە هەر بەڕاستی راستی حیزب و بنەماڵە فەرمانڕەواکانی هەرێمەکەیان دابەشکرد بەسەر خۆیاندا، دابەشبونێکی خوێناوی، وەها*

*لێکیان ترازاندن هەرگیز متمانەی لێکنزیکبونەوەیان لەنێواندا دروست نەبێ.*

*دەکرا بەگاڵتەوە دابەش ببین بەسەر تورك و عەجەمدا، بینا لەسەر سیاسەتی ڕۆڵدابەشکردن و زۆڵایەتیی سیاسیانە، بەڵام ئێمە بەو شیرە پاکەوە کە دەرخواردمان دراوە، زۆڵایەتیی وەها لەگەڵ دەرودراوسێدا چۆن دەکەین؟ لەگەڵ خۆماندا کردبێتمان (وەکو کردیشمان) لەگەڵ ئەواندا نایکەین، هەرگیز.*

*بەداخەوە.. دەتوانرێ سەر لەگەڵ نەیاری مێژویی بخزێنرێتە ناو جۆرەها سیناریۆی سیاسی و سەربازییەوە، دەتوانرێ شان بدرێتە ژێر هەر ڕۆڵێکی سیاسی کە ئەو دیاریی بکات و دابەشی بکات، بەڵام ناتوانرێ لەناوخۆدا ئەوە بکرێ.*

*ئێستا هەر بەتەنها ڕژێمی تورکیا، لەسێ دانە لاوە : باکورو باشورو ڕۆژئاوا، بەتوندی دەجوڵێ بۆ لەباربردنی خەونی لەمێژینەی خەڵکی کوردستان، بەتوندی خەریکی چاڵهەڵکەندن و نانەوەی ئاشوبە بۆی.. دەبوایە ئێمە لەهەرێمی باشور، ئەگەر نەشتوانین بەتوندی پێی بڵێین : (نیست) و پشتی تێکەین، لانیکەم بتوانین چەند هەفتەیەك بەتوندی روی تێنەکەین و تێیگەیەنین دڵگرانین لێی! بەڵام ناتوانین، لەبەرئەوە ناتوانین چونکە لەنێوانی خۆماندا هەر بەڕاستی ڕاستی (نەك بەزۆڵایەتی) دابەش بوین بەسەر شەڕچیەکانی ناو ململانێ ئیقلیمیەکەدا، بەڕاستی ڕاستی سەری خۆمانمان پێ سپاردون، بەنیو سەرو نیو لا دەتوانرێ ئیست بەکام (شەڕچی)یان بکرێ، مەگەر پێشەکی لەژێرەوە تێیانگەیەنین کە بەگاڵتەمانە :*

*بۆ ئیمتیصاصی گلەیی و گازاندەی ناوخۆمانە.*

*2015 / 11 / 11*

……………………

# مەخلوقی سەربانئشین

*مەبەستم لەمەخلوقی سەربانئشین ئەو بکەرانەی ناو دنیای بیرکردنەوەو نوسین و مەعریفەیە کە بنبانئشینی قەبوڵ ناکەن، چونکە دەزانن بنبانئشینی لەگەڵ کارو ئەرکی ئەواندا ناگونجی.*

*ئەوان مادەم ئیشەکەیان ئەوەیە بیربکەنەوە، کەواتە دەبێ ئازادبن، دەبێ بنبانئشینی قەبوڵ نەکەن، تەنانەت ئەگەر بنی ئەو بانە زۆر فراوانیشبێ و سەقفەکەی بریتیبێ لەئاسمان.*

*بیرکردنەوەیە لەشوێنی تەسکدا جێی نابێتەوە، خۆیەتی ناتوانێ لەژێر بان (بانی حیزب و ئایدیۆلۆجیا) دا بگوزەرێ و گەشە بکا، خودی مەخلوقە سەربانئشینەکان وەکو هەر مەخلوقێکی تری کۆمەڵگا، هەریەکەیان لەتاقە هۆدەیەکدا جێیان دەبێتەوە.*

*بێگومان ئەو مەخلوقەی کە جگە لەگرفتی خەو و خۆراکی خۆی، هیچ شتێکیتر لەژیاندا بەگرفت نازانێ، گاڵتەی بەم باسی (بنبانئشینی) و (سەربانئشینی) یە دێت، گاڵتەی پێدێ بگوترێ : بیرکردنەوە لەژێر سەقفی حیزب و ئایدیۆلۆجیادا بەباشی نایەت بەدەستەوە!*

*تەنانەت رەنگە وا بزانێ مەخلوقە سەربانئشینە بیرکەرەوەکانیش هەر بەدوای چارەسەرکردنی گرفتی خەو و خۆراکی خۆیاندایە رێیان دەکەوێتە ناو ئەو جۆرە باسانە، نەزانێ ئەگەر ئەوانیش وەکو ئەم بەدوای شتی وەهاوە بونایە ئەوا زۆر بەئاسانی دەیانتوانی رێگاکەی ئەم بگرنەبەر : رێگای دۆزینەوەی خەو و خۆراکی خۆیان و ماڵ و منداڵی خۆیان و هیچیکە نا!*

*خۆماندوکردنێکی زۆری دەوێ بتوانرێ کەسی لەوجۆرە بهێنرێتە سەر ئەو بروایەی : ئەو کەسانەی کە دەبێ لەهەڵوێستە چارەنوسسازەکاندا قسەیان لێوەربگیرێ، مەخلوقە بیرکەرەوە ئازادەکانن، ئەو مەخلوقە خۆڕاپسکاندوانەن کە سەقفیان بەسەر خۆیانەوە نەهێشتوە، هەمویان هەڵتەکاندوە، تەنها بۆ ئەوەی بتوانن باش بیر بکەنەوە، لەپێناوی هەمو کۆمەڵگەدا بیر بکەنەوە، نەك لەپێناوی ژیانی تایبەتیی خۆیاندا.*

*بەداخەوە، لەکۆمەڵگەی ئێمەدا ئەوەندەی قسەی مەخلوقە بنبانئشینەکان دەبیسترێ، دەرسەدێکی کەمی ئەوە قسەی سەربانئشینەکان نابیسترێ، ئەوەندەی قسەی کادری پارتی، یەکێتی، گۆڕان، ئیسلامیەکان و حیزبیتر دەبیسترێ، دەرسەدێکی کەمی ئەوە قسەی مەخلوقێکی ئازاد (ناحیزبی) نابیسترێ کە بنبانێکی شلك نەبردوە لەژێریدا هەڵبنیشێ و بیکا بەچوارچێوە بۆ بیرکردنەوەی خۆی.*

ئەگەر جاروبار رێکەوتبێ پێشوازی لەقسەی سەربانشینێك کرابێ، ئەوە حەتمەن لەلایەن جەماوەری یەکێ لەحیزبەکانەوە بوە کە بەڕێکەوت قسەکە بەقازانجی حیزبەکەیان گەڕاوە، نەك لەلایەن خەڵکەوە بەگشتی، پێشوازیەکەش رێك بەقەدەر قازانجی حیزبەکە بوە، بەو قەدەرە بوە کە حیزبەکە لەسەرەوە تەبەنیی کردوە (بێکەم و زیاد).

بێگومان ناکرێ بڕوا وابێ خەونی مرۆڤە بیرکەرەوە ئازادەکان (سەربانشینەکان) هەمیشە بەتەبیعەتی حاڵ ناکۆکە لەگەڵ خەونی حیزبەکان و سەرانیان، نەخێر، رێدەکەوێ کۆکبێ و رێشدەکەوێ ناکۆکبێ.

هەروەها ناکرێ داوا بکرێ خەڵك بەیەکجاری دەستبەرداری حیزبایەتی بن، نەخێر، تەنها دەستبەرداری سەرسپاردن، وەلائی کوێرانەو حیزبایەتیی تەسك ببن، واز لەکەلتوری بنبانشینی و بنسەرنشینی بهێنن.

ئەم قسەیە بانگەشە نییە بۆ : پێهەڵگرتن لەبنبانشینییەکەوە بۆ بنبانشینییەکی تر، یان لەبنسەرنشینیی سەرۆك و رێکخەرو ئەمینداری گشتیی حیزبەوە بۆ بنسەرنشینیی نوسەرانێکی دیاریکراو گوایە ئەوانە ئازادو سەربانشینن و شایستەی ئەوەن خەڵك بنبانشینیانبێ! هەرگیز !

بەڵکو هەوڵێکی دڵسۆزانەیە لەپێناوی : زەمینەڕەخساندن بۆ هاتنەدەرەوە لەبنسەری ئەم و ئەو، دۆزینەوەی سەری خۆ، لەکۆتاییشدا گەڕانەوە بۆ بنسەری خۆو دەرکەوتنی تاکەکەسی ئازاد کە یەکێکە لەپێویستیە هەرە پێویستەکانی کۆمەڵگە.

2015 11 / 10

……………………

# ئەندازیارانی کۆمەڵایەتی بۆ چەم

*لەهەمو کۆمەڵگەیەکدا هەژار هەیە، دەوڵەمەند هەیە، چینی ناوەند هەیە...*

*ئاساییە لەهەر کۆمەڵگەیەکدا دەرسەدێکی کەمی خەڵك (دە دەر سەد بۆ نمونە) دەوڵەمەندبن، هەروەها ئەوەندەی ئەوان، یان شتێ کەم و زیاتر لەوە، هەژار هەبن، باقیاتی خەڵکەکە لەو چینەبن کە پێی دەگوترێ : چینی ناوەند.*

*لەهەمو کۆمەڵگەیەکدا ژیان لەسەر دەستی چینی ناوەند دەڕوا بەڕێوە، چینی دەوڵەمەند تەنها بخۆر بەگە، چینی هەژاریش ئەوەندە لەخوارەوەیە جێدەستی دیار نییە.*

*بەڵام چینی ناوەند کە بەشێوەیەکی گشتی پێکدێ لە : مامۆستا، ئەندازیار، پزیشك، پارێزەر، فەرمانبەر، تەکنیکار، پیشەوەرو بازرگانی بچوك و... هتد جێگای زۆر گرنگی هەیە لەراگرتنی شیرازەی ژیاندا.*

*ئەگەر مومکین بوایە کۆمەڵگە لەژێر سەرپەرشتیی ئەندازیارانی کۆمەڵایەتیدا بڕوا بەڕێوە، وەکئەوەی کە دروستکردنی ئەپارتمان لەژێر سەرپەرشتیی ئەندازیاری مەدەنی و تەلارسازیدا دەڕوا بەڕێوە، رەنگبو شایەدی ئەو هەمو مقۆ مقۆو پێکدادانە سیاسی و راپەڕینە جەماوەریانە نەبوینایە کە لەوڵاتی خۆمان و وڵاتانی دەوروبەرمان رویاندا.*

*تەماشاکە بزانە لەزۆربەی وڵاتانی ئەوروپا کە لەژێر سەرپەرشتیی (ئەندازیارانی کۆمەڵایەتیی مەزن) دا بنیات نراون و لەبەر رۆشنایی بیرو ئەندێشەی ئەواندا بەڕێوە دەبرێن، ژیان چۆن وەك سەعات دەڕوا بەڕێوە؟*

*بەڵام لەوڵاتانی وەکو وڵاتی ئێمەوەمانان کە ئاشی نەزانن، سیاسییانی گەندەڵکار بنیاتیان ناون و بەڕێوەیان دەبەن، ئەوەی لەئارادا نییەو بەوزوانەش لەئارادا نابێ ئارامییە.*

*بۆ ئەوەی کۆمەڵگە لەتڕەکەڵەکی دەربازی ببێ و بەڕاستی ببێتە کۆمەڵگە، دەبێ پایەی هەبێ، بۆ ئەوەی کۆمەڵگە پایەی هەبێ، دەبێ ئەندازیارانی کۆمەڵایەتیی دڵسۆز بەشداری لەبنیاتنان و ئاراستەکردنیدا بکەن، دەبێ سیاسەتمەدار لەکوڵی گای هار بێتە خوارەوە، واز لەتاکڕەوی، گەندەڵی، کەللە رەقی و عەقڵی خێڵەکیانە بێنێ، عەقڵی زانستی پێویستە بۆ بنیاتنان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە.*

ئەوەی ئێستا سیاسەتمەدار لەعێراق و هەرێمی کوردستان دەیکا (بەتایبەتی لەهەرێمی کوردستان)، روخاندنە نەك بنیاتنان، کۆتاییەکەی بریتی دەبێ لەسڕینەوەی ئەو خەریتە کۆمەڵایەتییە ستانداردەی کۆمەڵگە مۆدێرنەکانی لەسەر بنیاتنراوە (کەمینەیەکی دەوڵەمەند، زۆرینەیەکی مامناوەند، کەمینەیەکی هەژار)، لەجیاتیی ئەوە : چەسپاندنی خەریتەیەکی کۆمەڵایەتیی سەقەت (کەمینەیەکی دەوڵەمەند / زۆرینەیەکی هەژار) پاش ونکردنی چینی ناوەند.

بێگومان جێکردنەوەو چەسپاندنی فیکرەی (تاڵان و بڕۆ، یان : تاڵانکەو بڕۆ) لەزەین و فەرهەنگی خەڵکدا، لەوە زیاتری لێناکەوێتەوە.

2015 / 10 / 27

……………………

# ئاخ بۆ هەرێمە لنگەوقوچەکەم

*هەرکەس کەمەکە رۆشنبیرییەکی ئەدەبی - هونەریی هەبێ وشەی فەنتازیای بیستوە.*

*فەنتازیا، دەتوانین هەروا بۆ نزیکخستنەوەی ماناکەی لەزەین، بڵێین بریتییە لە : واقعێکی دروستکراوی هونەری.*

*بێگومان واقعی هونەری فەرقی هەیە لەگەڵ واقعی حاڵ (واقعی ژیانی خۆمان).*

*فەنتازیا، یان واقعی هونەری، بۆ ئەوەی بتوانرێ دروست بکرێ، دەبێ پشت بەمەنطقی هونەر ببەسترێ.*

*بەمەنطقی هونەر دەتوانرێ هەرچی خەیاڵ بۆی دەچێ یان خەیاڵ پێیخۆشە، بسازێنرێ:*

*گورگی میهرەبان، کەری ژیر، ئاسمان لەسەر کۆڵەکە، خانو بەسەر پەلوپۆی درەختی بەژنبڵندەوە، شاعیری جەللاد، سەرۆکی شاعیر.... هتد، ئیتر با خەڵك لەولاوە هەر دەم داچەقێنن، بڵێن شتی وا چۆن دەبێ؟ دەبێ و ئا، بەمەنطقی هونەر!*

*مەنطقی هونەر فەرقەکەی لەگەڵ مەنطقی زانست ئاشکرایە:*

*بەپێی مەنطقی زانست هەرگیز ناتوانرێ بگوترێ ئاسمان لەسەر کۆڵەکەیە، ناتوانرێ بگوترێ شاژنی وڵات بەیانی کە لەخەو هەڵدەستا رەنگی چاوی سەوزبو، نیوەڕۆ رەنگێکیتر، ئێوارەو کاتی نوستن رەنگێکیتر، چونکە عەقڵ نایبڕێ!*

*بەڵام بەپێی مەنطقی هونەر دەتوانرێ واقعێك بسازێنرێ بیرۆکەی خەیاڵیی زۆر نازانستیی تێدا جێبکرێتەوە، کەسیش لەسەر ئەوە بەجواب نایە بڵێ حاڵێ یان حسابێ : هونەرەو تەواو.*

*حەیف و مەخابن لەلای ئێمە ئەو هاوکێشەیە پێچەوانە کراوەتەوە:*

*ئەو خەیاڵسازی و فەنتازیاکارییەی کە دەبێ لەئەدەب و هونەردا بکرێ و واقعی هونەریی لێ بسازێنرێ، ناکرێ، یان زۆر کەم دەتوانرێ بکرێ.*

*ئەو واقعە سیاسی -کۆمەڵایەتییەشی کە دەبێ بەپێی مەنطقی عەقڵ و زانست ببرێ بەڕێوە، بەپێی مەنطقی خەیاڵ دەبرێ بەڕێوە.*

تەنها مانۆڕە حیزبییەکانی ئەم دواییەی هەرێمی باشوری کوردستان بەنمونە وەربگرین کافییە، کە هەر بۆ ئەوە شیاوبون لەناو رۆماندا روبدەن، نەك لەسەر زەوی، ئەوەندە نامەنطقی بون لەڕوی واقعییەوەو ئەوەندەش مەنطقی بون لەڕوی هونەرییەوە.

پێدەچێ ئێمە لەناو لاپەڕەی رۆماندا روماندابێ نەك لەسەر زەوی...

*2015 / 11 / 10*

........................

# هەر لەسەرەتاوە مەعلوم بو گۆڕان توشی هەڵدێر دەبێ

گۆڕان بزوتنەوەیەکی سیاسیی گرنگ بو، گرنگیەکەی لەوەدابو لەوەختی خۆیدا پێگەیشت، وەك ئەو نان و دۆیەی لەگەرمەی برسێتیدا دەخرێتە بەردەم جوتیارێکی ماندو.

بێگومان جوتیاری ماندو لەوەختی برسێتی و ماندوێتیدا تەماشای دۆ ناکا، ناگەڕێ بۆ مێش لەناویدا، ئەگەر برسێتی بواری بداو کەوچکێ لەناو جامۆڵکە دۆکەدابێ ئەوا هەندێك تێی رادەدا، ئیدی ئەوەندە ناوەستێ، یەکسەر دەینێ بەسەریەوە، گەرویەکی پێ تەڕدەکا پاشان دەست دەکا بەخواردنی نانەکە پێوەی.

خەڵکی هەرێمی باشوری کوردستان جوتیارەکەبون، بۆ مێش نەگەڕان لەناو گۆڕاندا، نایان بەسەریانەوە هەڵیانقوڕاند، دوای تێرخواردنەوە ئەمجا ئیتر هەندێکیان هەستیان بەشتێکی ناجۆر کرد لەناو دۆکەدا، لێرەو لەوێ، یان لەپاش ملە، کەوتنە دەربڕینی وردە گومان و گلەیی لەتام و بۆنی دۆکە.

بەڵام بۆ هەندێ کەس هەندێ شت هەر لەسەرەتاوە جێگەی گومان بو.

یەکێ لەو شتانە گوتاری دەستپێکی گۆڕان بو :

گوتاری دەستپێك (مەبەستم گوتاری سیاسیی بزوتنەوەکەیە، کەلیمەو شتی پاش بەڕێوەچونی ئینتیخابات ناڵێم)، بەسەرکۆنەکردنی حیزبی دایك (ئەو حیزبەی گۆڕانی لێ جیابۆوە) دەستی پێکرد، کەمتر توخنی پارتی دەکەوت، یان هەر توخنی نەکەوت، بەمهۆیەوە گومانی ئەوە کرا ئامانجی سەرەتاو کۆتایی بزوتنەوەکە بریتییە لەدژایەتیکردنی یەکێتی، بەڕەدەرکێشان لەژێرپێی یەکێتی و هیچیر، هەندێ لەم رەخنەیەش درا بەگوێی سەرکردایەتیەکەیدا، لەوەڵامدا گوترا جارێ دەرفەتی بەڕێوەبردنی شەڕێکی پان و پۆڕ لەبەردەمدا نییە، ئێستا وەکو هەنگاوی یەکەم تەنها دەتوانرێ دەنوك لەسەر یەکێتی بێت، دەنا شەڕی پارتیش لەبەرنامەدایە (بێگومان مەبەست شەڕی مەدەنی و دیموکراتی بو).

ئەمە بۆ بزوتنەوەکە قازانجی هەبو زەرەریش، قازانجەکەی ئەوەبو ئەو کەسانەی رازیکرد کە بەهەمومی گەورەوە یەکێتییان جێ نەهێشتبو، بەڵکو تەنها لەرقدا جێیانهێشتبو، تەنهاش بەدوای دۆزینەوەی پەنایەکی بێقرەوە بون، گۆڕان ئەگەر کێشەی لەگەڵ پارتی و ئەملاولا بۆ دروست

نەکردنایە، تەنها کێبەرکێی یەکێتیی بکردایە، باشترین جێگەبو بۆ ئەوان، چونکە ئەوان لەوە زیاتریان لەگۆڕان نەدەویست.

زیانەکەشی ئەوەبو زۆربەی ئەو کەسانەی بەهەمومی گەورەوە یەکێتی و حیزبی تریان جێهێشتبو و ئاڵابونە گۆران، پێی رازی نەدەبون ئەگەر درەنگ یان زو رەخنەکردنی پارتیی نەخستایەتە بەرنامەی خۆیەوە.

گوتاری سیاسیی بزوتنەوەی گۆڕان، لەهەردو قۆناغەکەدا : قۆناغی یەکەم کە بەسەرکۆنەکردنی یەکێتی دەستی پێکردو قۆناغی دوەم کە پارتییشی بەتەنیشتی یەکێتییەوە خستە بەر سەرکۆنەو رەخنە، جێگای سەرنج بو :

هیچ تازەییەکی پێوە دیار نەبو کە دەریخا ئەم بزوتنەوەیە بەدوای دامەزراندنی کەلتورێکی سیاسیی تازەوەیە، هەمان گوتاری سیاسیی یەکێتی بو کە بۆ رەوایەتیدان بەئینشیقاقەکەی خۆی لەگەڵ حیزبی دایك (پارتی) و خۆبنیاتنان وەکو حیزبێکی تازە، بەدرێژایی عومری یەکێتی گوێبیستی بوبوین.

درێژەدانی گۆڕان بەو گوتارە (هەرچەند تۆزە تۆزە لەلایەن گەنجە ئەکادیمی و شارەزاکانیەوە هەوڵدرا شتی تازەی بخرێتە سەرو ئەبدەیت بکرێ، بەتایبەتی لەباسی گەندەڵی و شەفافیەتدا)، گومانی ئەوەی دروست کرد هەنگاوەکانی داهاتوش هەر بەهەمان شێوە بهاوێژرێن.

یەکێکیتر لەو هەنگاوانەی بزوتنەوەی گۆڕان کە زۆر پێش ئەم گرژیانەی دوایی، بۆ کەسانێك جێگەی گومان و رەخنەبو، بەشداریی بزوتنەوەکەبو لەحکومەتی بنکەفراوان و سات و سەوداو هاتوچۆکردنی لای پارتی :

ئەم بزوتنەوەیە هەر بەدوای خستنەڕوی گوتاری سیاسیی خۆیدا (وەکو ئاماژەی پێدرا) لێی چاوەڕوان دەکرا بەرێگەکەی یەکێتی (حیزبی دایك) دا بڕوا، دەزانرا خەریکی هەڵگرتنەوەی هەنگاوەکانی یەکێتییە (دانە بەدانە)، لەدانەی یەکەمەوە (گوتارە سیاسیەکەی) بۆ دانەی دوەم (خزاندنەوەی منداڵەکان بۆ ژێر باڵتوکەی کاك مەسعود) لەرێی بەشداریکردنیەوە لەحکومەتی بنکەفراواندا، بۆ هەنگاوی سێیەم (هەنگاوی فەشەل : ناکۆکی و لەیەکترگیرکردن و کۆسەڵە، وەکو ئەزمونە حکومڕانیە پەنجا بەپەنجاکەی یەکەمجاری یەکێتی و پارتی).. ئاخری هەمومان هەمو ئەم هەنگاوانەمان لەبزوتنەوەی گۆڕان بینی، وەکچۆن پێشتر لەحیزبی دایکیمان بینیبو.

لەوتارێکی دورو درێژدا کە ساڵی 2009 (دوای بەڕێوەچونی ئینتیخاباتی ئەو ساڵە) لەرۆژنامەی رۆژنامە بڵاومکردەوە بەناونیشانی (رێکەوتننامە ستراتیژیەکەی یەکێتی و پارتی

*لەژێر پرسیاردا) ئاماژەم بەوە داوە کە ڕۆڵی سیاسی لەهەرێمی کوردستان دەبوایە هەر لەسەرەتاوە (لەڕاپەڕین بەدواوە) دابەش بکرایە بەسەر دو بەرەدا (ئۆپۆزسیۆن - دەسەڵات)، تەنانەت ئەگەر لەڕێی سیناریۆیەکی سیاسیی دەستکردیشەوە بوایە، ئێستاش کەوا بەڕاستی، بەهۆی دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانیەوە وایلێهاتوە، دەبێ بەلاڕێدا نەبرێ و هەر بەوجۆرە بهێڵرێتەوە.*

*بەڵام بەداخەوە، هەر لەپاشقولی یەکەمدا، بزوتنەوەی گۆڕان (بەو جۆرەی چاوەڕوان دەکرا) هەڵخلیسکایە باوەشی حیزبی ڕکابەر، بو بەشەریکە حکومەتی و ئاوای بەسەرهات کە بەسەریهات.*

** ڕەنگە گۆڕان بۆ یەکێك لەم سێ شتە چوبێتە ناو حکومەتەوە :*

*- بۆ بەرەدەرکێشان لەژێرپێی یەکێتی (کە ئەوسا کێبەرکێی نێوانیان نزیك بوبۆوە لەدوژمنایەتی)، بەو خەیاڵەوە کە ئەگەر فرسەتی پلەو پۆستوەرگرتن لەبەردەم یەکێتیدا کەمتربێ، لەوانەیە دوچاری شکستی زیاتر ببێ، خەڵکی زۆرتری لێ دوربکەوێتەوە.*

*- یان بۆ ڕازیکردنی جەماوەرو کەسانێکی ناو خۆدی بزوتنەوەکە کە ڕەنگە چاویان لەسەر ئیمتیازات و پلەو پۆست بوبێ.*

*- یاخود بۆ جێهێشتن و شکستپێهێنانی حکومەت لەنیوەی ڕێدا (بەتایبەتی ئەگەر دەرکەوت کە چاکسازی تیایدا مەحاڵە).*

*هەرکام لەو هۆکارانە گۆڕانی هەڵنابێ بۆ بەشداریکردن لەحکومەتدا، نابێ بەپاساو بۆ هەڵنانی هەنگاوی وا هەڵە : گەڕاندنەوەی سیستمی حکومڕانی لەسیستمێکی تازە خۆئەبدەیتکردوی دو ڕۆڵەوە (ئۆپۆزسیۆن - دەسەڵات)، بۆ سیستمەکەی یەکەمجار : سیستمی حکومڕانیی بنکەفراوان.*

*گۆڕان، لەناو هەمو هەنگاوەکاندا، ئەگەر تەنها ئەم هەنگاوەی حیزبی دایك (یەکێتی)ی هەڵنەگرتایەتەوە، هەمان چارەنوسی یەکێتیی نەدەهاتەوەڕێ، تەنها بەهەڵنەگرتنی ئەو تاقە هەنگاوە دەیتوانی لەیەکێتی نەچێ، ڕەنگە بشیتوانیایە وردە وردە بەشداریی جددی بکا لەداهێنانی کەلتورێکی سیاسیی مۆدێرندا، بەڵام بەداخەوە لەهەمو شتێکدا لەیەکێتی چو، چونکە بەڕێی یەکێتیدا ڕۆیشت، وەکو ئەو ڕێکخراوێکی بەرەیی فرەبیرو فرە ئایدیۆلۆجیابو (وەکو ئەو لەهەمو چەشنێکی ئاڵاندە خۆی : ڕاست و چەپ)، کە ئەمە تاسەر بەئاسانی بۆ هیچ حیزبێك ناچێتەسەر، وەکچۆن بۆ یەکێتیش نەچوە سەر، بۆی بو بەگرفت و تا ئێستاش پێوەی دەناڵێ..*

*لەڕوی تیۆرییەوە وەکو یەکێتی لەسەر سیاسەتی ڕەجمکردنی حیزبی دایك خۆی بنیاتنا، دوایی وەکو یەکێتی چۆوە ژێر پاڵتۆکەی کاك مەسعود، لەکۆتاییشدا وەکو یەکێتی لەشەریکایەتیی پارتیدا نوشوستی هێنا.*

*ئەگەر یەکێتی زۆر شایانی سەرزەنشت نەبێ بەهۆی هەڵبژاردنی ڕێگا سیاسییە هەڵەکەیەوە، هەروەها بەهۆی شکستخواردنیەوە لەشەراکەتکردنی پارتیدا، لەبەرئەوەیە ئەو ڕێگایەی هەڵبیژارد ڕێگای خۆی بو، ئەزمونەکە ئەزمونی خۆی بو، لەوەوبەر حیزبیتر بەو ئەزمونەدا ڕەت نەبوبو تا ئەم عەقڵی لێ وەربگرێ، بەڵام گۆڕان شایانی سەرزەنشتە، چونکە ئەزمونی یەکێتیی لەبەرچاودابو، بەڵام لەبەرچاوی نەگرت.*

*یەکێتی بەو هەمو میانڕەوی و سازشکاری و خۆشلکردنەیەوە بۆ پارتی، نەیتوانی پارتی لەپڕۆسەی حکومڕانیدا لەخۆی ڕازیکاو متمانەی بەدەستبێنێ، گۆڕان بەگوتارە سیاسییە توندەکەی خۆیەوە دەیتوانی؟ ئەویش لە چ سەروەختێکدا؟ ڕاستەوخۆ بەدوای کۆتاییهاتنی نەڕەنەڕو دەنگەدەنگی ئینتیخاباتدا.*

*یەکێتی پاش ساڵانێکی زۆر کۆبونەوەی دوقوڵی و گفتوگۆو هاتوچۆی زۆر بۆ لای پارتی (لە 1998 ەوە تا نزیکی 2006) کە هەندێ لەسەرکردەکانی ئێستای گۆڕانیش بەسیفەتی ئەوسایانەوە (ئەندامی مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتیی یەکێتی) تێیدا بەشداربون، ئینجا لەگەڵ پارتیدا چوە حکومەتی شەراکەتەوە، وایش هێشتا نوشوستی هێنا تیایدا.*

*گۆڕان بۆچی نەیتوانی سود لەو ئەزمونەی یەکێتی وەربگرێ؟ لەبەرئەوەبو زۆر لەیەکێتی بەقین بو؟ نەیدەتوانی ببینێ و بەچاو تەماشایکاو سود لەئەزمونی وەربگرێ؟ وابوبێ یان نەء هەڵەی کرد (هەڵە دەرهەق بەخۆی و جەماوەرەکەی).*

*2015 / 11 / 5*

………………………

# سێ دانە لەکێشە بنەڕەتیەکانی هەرێم

یەکەم : قۆرخکردنی دەسەڵات لەلایەن تەکەتولاتی سەرمایەوە

لەهەرێمی باشوری کوردستان، وەکو زۆربەی وڵاتانی دنیای سەرمایەداری، سەرمایەداران بەتوندی ئاڵاونەتە دەست و پێی کۆمەڵگە، چونکە بەتوندی باوەشیان بەدەسەڵاتدا کردوە.

لەوڵاتانی خاوەن سیستم، سەرمایەداران هەوڵدەدەن لەدەسەڵاتەوە نزیکبن، راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بەشداری لەدروستکردنی بڕیارە جۆراوجۆرەکانیدا بکەن، بگرە رەنگە وڵات هەبن بەجارێ لەژێر هەژمونی کۆمپانیادابن، بەڵام وایش هێشتا کارێکیان تێدا نەکراوە بەتەواوی دەرگای عەدالەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەناویاندا لەڕێسمە دەرچێ.

لەلای ئێمە کۆمپانیاو سەرمایە لەدەرەوەی دەسەڵات نین تا لەپاڵەوە هەوڵ بدەن دزەی تێبکەن، تێیبخزێن و تەئسیر لەبڕیاری بکەن، بەڵکو دەسەڵات لەخودی خۆیان پێکهاتوە، هەر تەکەتولەو بەکۆمەڵێ وەسیلەی خراپ و کەمخراپ، بەشێ لەخاك و خەڵکی هەرێمەکەی بۆ خۆی رکێف کردوەو لەجوگرافیایەکی سیاسیی تەسکدا (بەناوی زۆن) خەریکی خۆسەپاندن و خەڵکزەلیلکردنە، چ بەسیفەتی خاوەنزۆن، چ بەسیفەتی هاوپەیمان و پاشکۆی خاوەنزۆن، لەگەڵ یەکتریش هەڵناکەن، ئەو کێبەرکێ و ململانێ (ئابوری - کۆمەڵایەتی) یەی لەنێوانیاندا دەگوزەرێ و دەکرا لەشوێنی سروشتیی خۆیدا (واتە : لەبازاڕدا) بەسیفەتی سەرمایەدارو سەرمایەگوزار بەڕێوەی ببەن، خزاندویانەتە ناو ئۆرگانەکانی دەسەڵات و پرۆسەی حکومڕانی، بەسیفەتی سەرۆك و سیاسەتمەدار بەڕێوەی دەبەن!

ئەمە یەکێکە لەگرفتە هەرە گەورەکانی بەردەم خەڵکی هەرێمی کوردستان کە بەجارێ ژیانی لێ تاڵ کردون و دەرگای عەدالەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لەوڵاتەکەیاندا لەڕێسمە (سکە) بردوە، وایکردوە نە ئیسراحەت و ئاسایشی دەرونییان مسۆگەربێ، نە هیچیان لەدەستبێ بۆ مسۆگەرکردنی، نە بشتوانن بەشداربن لەڕاستکردنەوەی رەوتی دەسەڵاتدا کە پڕاوپڕ هەڵخزاوەتە سەر سکەی گەندەڵی.

ئێستا لەهەرێمی باشوری کوردستان، هێز نییە بتوانێ جێ بەدەسەڵاتی ئەو تەکەتولانە لەق بکا چاك بکەن یان خراپ، ئامادە نین بەهیچ جۆرێ، لەژێر هیچ پاساوێکدا، لەدەسەڵاتیان بدرێ یان لێی کەم بکرێتەوە، نە مل بەحوکمی یاسا دەدەن، نە مەنتق، ئەوەی لەبەرژەوەندیی خۆیان نەبێ نایکەن، ئەوەشی لەبەرژەوەندیی خۆیانبێ دەیکەن، ئەگەر سەد دەرسەد پێچەوانەی بەرژەوەندیی نیشتیمانی و پێچەوانەی بەرژەوەندیی هاووڵاتیبێ.

دوەم : حیزبایەتیی پێچەوانە

بێگومان حیزبایەتی لەئەسڵدا ئەو کارە قێزەونە نییە کە لەکوردستاندا دەکرێ، بەڵکو چالاکییەکی (سیاسی - رێکخراوەیی)ی گرنگە، لەسەر کۆمەڵێ بنەمای فیکری بەڕێوە دەبرێ، لەپێناوی چەسپاندنی ئامانجێکی هاوبەشدا کە دەکرێ ئامانجی چینێك یان نەتەوەیەك یان شوێنکەوتوانی دینێکی دیاریکراوبێ.

هەندێجار ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگە بەو چالاکییە دەپێورێ، ئەگەر ئەو چالاکییە لەهەڵکشاندابێ (لەسەر بنەماگەلێکی مەدەنی) وا حساب دەکرێ خەڵکی ئەو کۆمەڵگەیە ئازادن، ئاستی هۆشیارییان لەسەرەوەیە، بەرژەوەندییان پارێزراو و رێکخراوەو ژیانیان لەچوارچێوەی عەقڵ و مەنتق و یاسادا بەڕێوە دەچێ.

بەڵام ئەوەی لەکوردستاندا دەگوزەرێ حیزبایەتی نییە، شتێکیترە، دەکرێ ناوی بنێین حیزبایەتیی پێچەوانە، یان تەکەتولی سەرمایە، یان تەکەتولی خێڵ و تایەفەگەلی ناکۆك.

لەناو ئەم حیزبایەتییە پێچەوانەیەدا کە لەکوردستاندا دەگوزەرێ، خەڵك یان قوربانی و هەڵخەڵەتاون، یان کرێگرتەو چەکداری کۆمپانیای فەرمانڕەوا، شتێکیتر نین، چونکە ئەوەی ئامانجی گشتیبێ و شمولی ئایندەی ئەوان بکات (وەك نەتەوە یان وەکو چینی ناوەندو چینی خوارەوە)، لەبەرنامەی تەکەتولە حکومڕانەکانی سەرمایەدا نییە، مەگەر تەنها وەکو رستەی نوسراو لەپێڕەو و پرۆگرامدا، بۆ رازاندنەوەی توێکڵی دەرەوەی تەکەتولەکان.

کرێگرتەو چەکداری کۆمپانیای فەرمانڕەوا مەعلومن کێن، ئەوانەن کە بەرژەوەندیی شەخسیی خۆیانیان لەگەڵ بەرژەوەندیی تەکەتولەکانی سەرمایە، لێکهەڵپێکاوە.

قوربانیەکانیش ئەوانەن کە بەهیوای دەستەبەرکردنی ئامانجی بەرزی هاوبەش، لەلایەن نوخبەیەکی سیاسیی ناڕازیبیەوە کە رەنگە دواجار ئەزمونەکەی ئەوانیش بەقازانجی کەلتورو عەقڵییەتی کۆمپانیاسالاری کۆتایی پێبێت، لەخشتە براون و لەژێر هەندێ ناونیشانی بەڕاقدا هەڵنراون بۆ ناو ململانێی دەسەڵاتخوازانەی بەینی تەکتولەکانی سەرمایە.

ئەم حیزبایەتییە پێچەوانەیەی لەهەرێمی باشوری کوردستان دەگوزەرێ، یەکێکە لەگرفتە بنەڕەتیەکانی خەڵك، نەیهێشتوە حیزبی ڕاستەقینە دەربکەوێ، حیزبێك کە بۆ خەڵك تێبکۆشێ و لەخەڵکبێ، حیزبێك بەئاسۆیەکی فیکریی ڕۆشنەوە، حیزبێك نا بریتیبێ لەتەکەتولی کۆمەڵێك خاوەن کۆمپانیا، یان تەکەتولی نوخبەیەکی سیاسیی ناڕازیی میراتگری هەمان کەلتوری حیزبایەتیی پێچەوانەو سەر بەهەمان عەقڵییەتی کۆمپانیاسالاری.

سێیەم : ناهۆشیاریی خەڵك

لەناو واقعی تاڵی هەرێمی باشوری کوردستاندا، جگە لەگرفتی قۆرخکردنی دەسەڵات لەلایەن تەکەتولەکانی سەرمایەوە، جگە لەهەژمونی دیاردەی حیزبایەتیی پێچەوانە کە نەیهێشتوە حیزبی ڕاستەقینە دەربکەوێ، ناهۆشیاریی خەڵکیش یەکێکی ترە لەکێشە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگە.

ئەم ناهۆشیارییە لەچەندین لاوە زیانی لەکۆمەڵگە داوە : لەلایەکەوە بۆتە هۆی پایەداری و تەمەندرێژیی دەسەڵاتی تەکەتولەکانی سەرمایە بەپشتیوانیی کەلتورو عەقڵییەتی کۆمپانیاسالاری، لەلایەکی ترەوە بۆتە هۆی هەڵخلیسکانی خەڵکێکی زۆر، هەندێکیان بەرەو باوەشی کۆمپانیا حکومڕانەکانی ئەم زۆن و ئەو زۆن، لەپێناوی چوار عانەی بێقیمەتدا، هەندێکیان بۆ باوەشی تەکەتولی نوخبە سیاسییە ناڕازیەکە کە ئەویش (وەکو وتم) زایندەی کەلتوری کۆمپانیاسالارییەو ڕەنگە دواجار ئەزمونەکەی بەقازانجی کەلتورو عەقڵییەتی کۆمپانیاسالاری کۆتایی پێبێت.

لەهەردو حاڵەتەکەدا کۆمەڵگە زیانی زۆری لێدەکەوێ کە گەورەترینیان بریتییە لە :
شکستهێنانی پرۆژەی سیاسی، هەر پرۆژەیەکی سیاسی :
(دیموکراتیزەکردنی دەسەڵات، گەشەپێدانی مرۆیی و ئابوری، چەسپاندنی دادپەروەری و شەفافیەت و بنەبڕکردنی گەندەڵی) و... هتد.

2015 / 10 / 4

.........................

# روم نایەت بمرم

*بەڕێکەوت لەشوێنێکدا گوێم لەکابرایەکبو بۆ یەکێکی وەکو خۆی دەدوا، دەیگوت : هەر رومانبێ بمرین قەیناکا، تاسبردمیەوە، لەخۆمم پرسی : بەڕاست ئەی تۆ، روی مردنت هەیە؟*

*بێگومان مەنزوری کابرا لەوەی بەشەر روی مردنی هەبێ ئەوەبو : خوای لێرازیبێ، مەنزوری منیش ئەوەیە خۆم لەخۆم رازیبم.. من کە خۆم لەخۆم رازی نەبم، خوا بۆچی لێم رازیبێ؟*

*وەڵامی خۆمم بۆ نەدرایەوە، رەنگە لەبەرئەوەبوبێ لەوەوبەر بەجدی پرسیاری وام لەخۆم نەکردبو، یان لەبەر نەشیاویی شوێن و کاتی پرسیارەکەبوبێ...*

*ئێستا شوێن و کاتی گونجاوم هەیە، پرسیارەکە لەخۆم دەکەمەوە، بەڵام دیسان وەڵامم پێ نادرێتەوە!*

*نازانم بۆچی دەبێ لەخۆم رازیبم و روم هەبێ بمرم!؟ لەبەرئەوەی خۆمم بۆ گەلەکەم، منداڵەکانم، کەسوکارو دراوسێکانم زۆر ماندو کردوە؟ خۆمم بۆ داون بەکوشت؟ یان : لەپێناویاندا زۆرم بیرکردۆتەوە، زۆرم مێشکی خۆ جەڕاندوە؟ کوا؟ کەی؟ چۆن؟*

*ئەی بۆچی دەبێ لەخۆم رازی نەبم و روم نەبێ بمرم!؟ خیانەتم لەگەلەکەم، منداڵەکانم، کەسوکارو دراوسێم کردوە؟ راستیم لێشاردونەتەوە؟ کردومن بەقوربانی خۆم؟ فرۆشتومن؟ کوا؟ کەی؟ چۆن؟*

*بەهەرحاڵ پێناچێ بەوزوانە وەڵامی خۆمم پێ بدرێتەوە...*

*بەڵام ئەی ئەو کەسانەی جارەهایجار، هەر بیست پەنجەی دەست و پێیان هەڵژەندۆتە خوێنی میللەت و کەسوکارو بەرودراوسێی خۆیان؟*

*یان ئەو کەسانەی بەردەوام راستی لەمیللەتی خۆیان دەشارنەوەو خەریکی چەواشەکردنین لەپێناوی خۆشگوزەرانی و هەوەسی خۆیاندا؟*

*یاخود ئەو کەسانەی بەردەوام بەدوای حیزبایەتییەوەن و هەمو کارێکی خراپیان لەو پێناوەدا کردوەو دەکەن؟*

*ئەی ئەو کەسانەی ئامادەن هەمو شتێکی میللەتەکەیان (ئاشتی، ئازادی، رەنج و بەرهەم) بگۆڕنەوە بەیەك شتی چکۆلە کە تەنهاو تەنها کەڵکی ژیانی تایبەتیی خۆیان بگرێ و بەس؟*

*ئەوانیش هێشتا وەڵامی خۆیانیان پێ نادرێتەوە؟ هەر وەکو من راڕان؟ لێیان مەعلوم نییە ئەوەی کردویانەو دەیکەن جینایەتە؟ نامەردییە؟ نائینسانییە؟ حەیوانییە؟*

*2015 / 10 / 4*

.........................

# مرۆڤی کورد لەنێوان دەسەڵاتی ماف و مافی دەسەڵاتدا

*مافی مرۆڤ ئەو چەمکە کۆمەڵایەتی - سیاسییەیە کە ئێمە لەعێراق و لەکوردستانی عێراقیش زۆر دەمێك نییە دەوێرین قسەی لەبارەوە بکەین.*
*ئەم چەمکە هەمیشە لەگەڵ چەمکگەلی دیموکراسیەت، مەدەنیەت، لێکجیاکردنەوە یاخود دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و دیکەی چەمکە سیاسیەکان لێکهەڵدەپێکرێ، چونکە چەمکێکی فرەڕەهەندو بەتانوپۆیە.*

*مافی مرۆڤ جگە لەمە، لەناو یاساو یاسازیدا باسی لێوە دەکرێ.*

*وەختێکیش لەڕیشەو بنەما سەرەکییە ئەخلاقیەکانی دەکۆڵرێتەوە، کەم و زۆر بوار دەدا ببرێتەوە جوغزە فەلسەفی - کۆمەڵایەتیەکەی و لەچوارچێوەی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکاندا باسی لێوە بکرێ.*

*بەکورتی : دەکرێ لەچوارچێوەی هەریەکە لەزانستە سیاسیەکان، زانستە کۆمەڵایەتیەکان، زانستی یاسا، هەروەها فەلسەفەدا، لەچەمکی مافی مرۆڤ بکۆڵرێتەوەو کاری لەسەر بکرێ.*

*لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم کەم و زۆر هەروا بەشێوەی سادە خۆم ببەستمەوە بەلایەنە سیاسی - کۆمەڵایەتیەکەی ئەم چەمکەوە.*

*بەشێوەیەکی گشتی مافی مرۆڤ لەڕوی مەبدەئەوە وەکو مافی تاکەکەس پێناسە کراوەو پێناسە دەکرێ، ئەمە روانگەیەکی دروستە، بەڵام لەڕاستیدا هەوڵدان لەلای ئێمە بۆ پراکتیزەکردنی وردو راستەقینەی ئەو مەبدەئە لەسەر ئەرزی واقع، تا ئێستا لەچوارچێوەی خەیاڵ نەترازاوە.*

*ئەگەر بەوردی سەرنجی کۆمەڵگەی خۆمان و هەر کۆمەڵگەیەکی تری تەقلیدی بدەین، دەبینین مافی مرۆڤ لەواقعدا دەبەسترێتەوە بەکۆمەڵێ بنەمای کۆن و سواوەوە کە دەمێکەیە وڵاتانی پێشکەوتو تێیانپەڕاندوە.*

ئەو بنەما کۆن و سواوانە بنەماگەلێکن مرۆڤ وەکو برغوی ناو ماشێنێکی گەورە کەکۆمەڵگەیە تەماشا دەکەن، تەنها لەناو ماشێنەکەو رەوتی گشتیی ماشێنەکەدا ڕێزی لێدەگرن، دەنا ئەگەر ئەو مرۆڤە گەشەیەکی فیکری، دەرونی و رۆحیی کردو رەوتی خۆیی لەڕەوتی گشتیی ماشێنەکە جیاکردەوە، ئیتر هەریەکە لەلایەکەوەو بەبیانویەك، سەرکوتی دەکەن و دەیخزێننەوە قاوخ، جارێك بەبیانوی ئەوەی یاسایەکی کۆنەپارێزی پێشێل کردوە، جارێکیتر بەبیانوی ئەوەی لەبونیادی فیکری و رۆحیی کۆمەڵگە لایداوە.

لەهەموی ترسناکتر ئەوەیە کاتێ باسی پێشێلکرانی مافی ئەم تاکەکەسە بەتاکەکەسبوە دەکرێ، لەولاوە هەڵدەدرێتێ : ئەوە نییە هەزارەها کەس موعەززەز موکەڕەم ژیانی ئاسایی خۆیان دەگوزەرێنن و ڕێزیان لێگیراوە، کەواتە ئەو تاکەکەسە خۆی خۆڵ بەسەر خۆیدا دەکا، نایەوێ وەکو عاممەی خەڵك بژی؟!
راستیەکەی گرفتی ئێمە لەگەڵ وەها کەس و وەها روانینێکدا، بەم شێوەیە، لەڕێی ئەمجۆرە گفتوگۆو قسەکردنەوە، یەکلایی نابێتەوە، چونکە جیاوازیی ئێمە لەگەڵ کەسی وەهاو روانگەی وەها، جیاوازییەك نییە لەشێوازی گفتوگۆو دەربڕیندا، هەتا بێین قسەی بۆ نەرمەقوت بکەین و رەچاوی باری دەرونیی بکەین، تا بەڵکو ئەمە خوایە بێتە سەر ئەو بروایەی هەق بەئێمەیە نەك بەو، دەبێ هەر لەسەرەتاوە لەبێهودەیی ئەو روانگەیە حاڵی ببین، دەبێ جیاوازیەکانمانی لەگەڵدا تۆختر بکەینەوە، جیاوازی لەڕوانیندا، دەبێ بڵێین : وەکچۆن دەبێ روانینمان بۆ دیموکراسیەت (لەوەوە کە دەگوترا دیموکراسیەت بریتییە لەڕەچاوکردنی مافی زۆرینە، بەرەو ئەوە کە دەگوترێ دیموکراسیەت بریتییە لەڕەچاوکردنی مافی کەمینە) بگۆڕین، ئاوەهاش روانینمان بۆ مافی مرۆڤ (لەوەوە کە دەگوترا مافی مرۆڤ بریتییە لەڕەچاوکردنی مافی کۆمەڵ، بەرەو ئەوە کە دەگوترێ مافی مرۆڤ بریتییە لەڕەچاوکردنی مافی تاکەکەس) بگۆڕین.

رەنگە هەندێکەس پێیان وابێ ئەم پرەنسیپە کە تاکەکەس دەکاتە گرێژەنەی بیرکردنەوەی خۆی، جگە لەسەفسەتە هیچیتری بەدوادا نایەت و ئەوە کۆمەڵە کە دەبێ رەچاوی مافەکانی بکرێ.
بەڵام من پێموایە رەچاوکردنی مافی ئەم تاکەکەسەیە بەرەو رەچاوکردنی مافی کۆمەڵمان دەبا، رەچاوکردنی تەندروستی و سەلامەتیی بەش و بەشۆچکەکانی ماشێنەکەیە دواجار تەندروستی و سەلامەتیی سەرلەبەری ماشێنەکەمان مسۆگەر دەکا، هەر (بەش)ە دواجار (گشت) پێکدێنێ، هەر سەلامەتیی بەش و بەشۆچکەو تەن و تەنۆلکەکانە سەلامەتیی (گشت) مسۆگەر دەکا.

بێگومان کە باسی تاکەکەس دەکەین دەبێ بزانین تاکەکەس کێیە؟

تاکەکەس ئەو کچەیە کە هاوڕێیەتیی کوڕێك بەهاوڕێیەتیی سەد کچ ناگۆڕێتەوە، بەپێی حەزو خولیای خۆی مامەڵە لەگەڵ واقع دەکا.

ئەو ژنەیە کە ئاخری پاش خستنەوەی پێنج شەش منداڵ، مێردێکی بەزۆربەسەرداسەپێنراو بەجێدێڵێ، ڕێگایەکی دیکە بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ.

ئەو کوڕە یان ئەو کچە کەمدوەیە کە بەیانیان بێخشپە بەدەم سەلامێکی خامۆش و کورتخایەنەوە خۆی دەکا بەفەرمانگەکەیدا، پرسیاری هیچ لەکەس ناکا، باکی بەوە نییە سەرۆك و بەڕێوەبەری فەرمانگەکەی بەم سلوکەی ئەم ڕەحەتە یان ناڕەحەت.

ئەو کادرە (نێر یان مێ)یە حیزبییەیە کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە تێدەکۆشێ بەڵام نە زمانی لوسی هەیە نە پشت سەریخەنە سەرەوە.

ئەو کوڕە یان ئەو کچە لەخۆبوردوەیە کە وێڕای لەخۆبوردوییەکەی بەهۆی ڕەچاو نەکردنی پرەنسیپی (یەکسانیی فرسەتڕەخساندن) لەلایەن دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی دەوڵەتەوە، بواری خۆتاقیکردنەوەی بۆ نەڕەخساوە.

ئەو کچە یان ئەو کوڕەیە کە لەدەرەوەی چوارچێوە فەرمی و شەرعیەکانی پەیوەندییەستندا پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزەکەی بەرامبەری دروست دەکا، ژیانێکی سەرکێشانە بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ.

ئەو ئافرەتەیە کە لەگەڕەکدا بەسۆزانی ناسراوەو مەزبەتەی لەسەر کۆدەکرێتەوە.

ئەو کاك یان خانمە مامۆستایەیە کە قوتابیەکانی پڕبەدڵ خۆشیاندەوێ، حەز بەشێوازی وانەوتنەوەی دەکەن، ئەگەر ڕۆژێ دیار نەبێ لەناخەوە بیری دەکەن، بەڵام بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی حەزی لەدەمودوی نییە، هەمیشە بەدوای فەسڵکردن یان نەقڵکردنیەوەیە.

نوێنەری ئەمانە یان ئەمانە خۆیان، لەهیچ پەرلەمانیکی تەقلیدیدا کورسییان نییە.

ئەوەی لەپەرلەمانی تەقلیدیدا کورسیی هەیە، نوێنەری مامۆستایانە نەك نوینەری مامۆستایەك یان تاکوتەرا مامۆستایەك.

ئەوەی لەپەرلەمانی تەقلیدیدا کورسیی هەیە، نوێنەری شێخانە نەك نوێنەری شێخێکی لەڕێدەرچو، یان تاکوتەرا شێخانێکی شێخنەناس.

ئەوەی لەپەرلەمانی شەرقئەوسەتیدا کورسیی هەیە، نوێنەری ژنان و ئافرەتانە نەك نوێنەری ژنێکی لەخێڵیاخی، یان تاکوتەرا ژنانێکی خودگەرا.

ئەوانەی لەپەرلەمانی شەرقئەوسەتیدا کورسییان هەیە، سەرۆك و نوێنەری خێڵ، هۆز، تایەفەو بنەماڵەی : نوسەران، شاعیران، ڕۆژنامەنوسان، هونەرمەندان، پزیشکان، ئەندازیاران و

پارێزەرانن، نەك نوێنەری تاكوتەرا : نوسەر، شاعیر، ڕۆژنامەنوس، هونەرمەند، پزیشك، ئەندازیارو پارێزەرانێكی گۆشەگیر، بەستەزمان، هەڵبوێردراو، گەلەكۆمەكێلێكراو و بێپشتیوان.

ئەگەر لەتوێژینەوەیەكی مەیدانیدا چاوێك بەحاڵی ئەم تاكەكەسانەی كۆمەڵگەدا بخشێنین، بۆمان دەردەكەوێ كە پراكتیزەكردنی وردو دروستی پرەنسیپی مافی مرۆڤ تا ئێستا لەچوارچێوەی خەیاڵدایە.

بۆ نمونە با هەروا سەرپێ یی، پلانی ڕاپرسییەكی هاكەزایی بخەینەڕو بزانین دەگەینە كوێ :

* ئایا كەسێ دەناسی (كچێ یان كور) بەهۆی جیاوازیی بیروڕایەوە یان بەهۆی كەمدویی، دورەپەریزی، دەستكورتی، بێپشتیوانی، سومعەی كۆمەڵایەتیی خۆی یان بنەماڵەی و هەر خەسڵەتێكی تری تایبەت بەخۆیەوە، لەفەرمانگە، شوێنی كار، ناو حیزب، یان لەلایەن ئۆرگانە جۆراوجۆرەكانی دەسەڵاتەوە، كێشەی بۆ دروست كرابێ؟

* ئایا كەسێ دەناسی (كچێ یان كور) بەهۆی ئەو خەسڵەتە تایبەتیانەوە كە باسكران فەزڵی كەسی لەخۆی ناكارامەتریان دابێ بەسەریدا، چ لەبەخشینی پاداشت و موچەی زۆرتردا، یان لەپێسپاردنی ئەرك و بەرپرسیارێتیدا؟

* ئایا كەسێ دەناسی بەهۆی هەمان فاكتەرگەلەوە، لەبەردەم هەڕەشەی بێكاركردن، دەسەڵاتلێگرتنەوەو كەنارگیركردندابێ لەناو فەرمانگە، حیزب، یان هەر شوێنێكیتردا؟

* ئایا كەسێ دەناسی بەهەمان هۆوە لەحیزب، فەرمانگە، یان شوێنیكار دەركرابێ؟

* ئایا كەسێ دەناسی بەهەمان هۆوە فرسەتی چونەپێشەوەو سەركەوتنی لەحیزب، فەرمانگە، یان شوێنیكاردا لێ زەوت كرابێ؟

* ئایا كەسێ دەناسی (كچێ یان كور) بەهەمان هۆوە، ئاستەنگیی بۆ هێنرابێتەپێش لەپێكهێنانی ژیانی هاوسەریدا، یان لەگەرمەی داواكردن و ئەڵقەگۆڕینەوەو شتی دیكەدا هاوسەرگیریەكەی لێتێكدرابێ؟

* ئایا كوڕێ یان كچێ دەناسی، ژوانی لەگەڵ ڕەگەزەكەی بەرامبەری بەستبێ، ویستبێتی شەوێكی لەگەڵدا بەسەرببا، كەچی لەهیچ كون و قوژبنێكی ئەم وڵاتە پانوپۆڕەدا جێژوانێكی دەست نەكەوتبێ و دانەكرابێ؟

* ...

چەندین پرسیاریتر كە دەكرێ ژیانی ئابوری، ئەمنی، سیاسی و تایبەتیی تاكەكەسیان تێدا بخرێتە ژێر ڕۆشنایی.

*بڕوام وایە وەڵامی ئەو پرسیارانە زۆربەی بە (بەڵێ نەك كەسێ بەڵكو كەسانێ دەناسم) دەدرێتەوە كە ئەمە بەڵگەیە لەسەر پێشێلكردنی مافی تاكەكەس و سەركوتكردنی تاكگەرایی لەكۆمەڵگەدا.*

*زۆرجار باسی لێكجیاكردنەوەو دابەشكردنی دەسەڵاتەكان دەكەین، بەبێ ئەوەی گوێ بەوە بدەین ئامانج لەوەها پرۆسەیەك چییە؟*

*بێگومان ئامانج لەوەها پرۆسەیەك بریتییە لە : رەچاوكردنی مافی مرۆڤ، پاراستنی دەسەڵاتە جۆراوجۆرەكان لەخراپبەكارهێنان، قۆرخكردن، بەرتیلخۆری، بەدسودی و بەدخویی، كەچی ساڵەهایە گرنگترین ناوەندەكانی دەسەڵاتمان لەهەرێمی كوردستاندا تاپۆ كردوە لەسەر یەك كۆمەڵ خەڵك، جگە لەهەندێ شوێنگۆركێ بەو كۆمەڵە خەڵكە (لەپەرلەمانەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیرانەكان، لەئەنجومەنی وەزیرانەكانەوە بۆ حیزبەكان، دوبارە بۆ پەرلەمان و... هتد) هیچی ریشەییمان نەكردوە، بەبێ ئەوەی بیری ئەوەمان هەبێ ئەم حاڵەتە رێك پێچەوانەی پرەنسیپی (لێكجیاكردنەوەو دابەشكردنی دەسەڵاتەكان) ە.*

*ئاخر فەلسەفەو ئامانج لەلێكجیاكردنەوە یان دابەشكردنی دەسەڵاتەكان رێك ئەوەیە دەسەڵات خراپ بەكار نەهێنرێ، بپارێزرێ لەمەترسیی قۆرخكردن، بەشی زۆرتر بۆخۆبردن، بەرتیلخۆری، بەدسودی، بەدخویی و خۆسەپاندن، بەگشتی مافی مرۆڤی تێدا رەچاو بكرێ، بەتایبەتی پەرلەمان كە یاساسازەو خەتەرترین ئۆرگانی دەسەڵاتە، ئەگەر قورخ كرا ئەوا دەبێ هەمیشە ترسی ئەوە هەبێ ئەندامەكانی لەیاساسازیەكەیاندا خۆیان هەڵبوێرن، بۆ نمونە خۆیان لەو باجە جۆراوجۆرانە ببوێرن كە دەكرێ بەپێی یاسا بەسەر هاووڵاتیانیدا بسەپێنن، ئیمتیازاتی چاكترو زۆرتر لەخانو، زەوی، ئوتۆمبێل، سەفەر، خەرجیی لاوەكی و... هتد، بۆ خۆیان بڕیار بدەن و یاساخنی بكەن كە هەمو ئەوانە لەپەرلەمانی ئێمەدا رویانداوە.*

*بێگومان ئەمە گەورەترین پێشێلكردنی مافی هاووڵاتیانە، ئەمە رێك پێشێلكردنی مافی سیاسی، یاسایی، ئابوری، هەروەها مافی هاووڵاتیبونی مرۆڤ و تاكەكەسە.*

*ئۆرگانەكانی تری دەسەڵاتیش هەر ئەوەیان كردوە كە پەرلەمان كردویەتی، هەر لەئەنجومەنەكانی وەزیران و حیزبەكانەوە بیگرە تا دەگاتە سەندیكا پیشەییەكان.*

*جگە لەمە هیچ كام لەئۆرگانە سەرەكیەكانی دەسەڵات نەهاتون سادەترین پرەنسیپی داكۆكیكار لەژیانێكی نوێ و لیبراڵ كە بریتییە لە (رەخساندنی فرسەتی یەكسان بۆ تاكەكەسەكان) لەخۆیاندا جێبكەنەوە.*

*بێگومان ئەم حاڵەتە تا ئەو كاتە بڕەكا كە خەڵك بەمجۆرە لەمافە جیهانییە راگەیەنراوە سیاسی، ئابوری، كۆمەڵایەتی و شەخسیەكانی خۆی بێئاگابێ و نەزانێ لەدنیادا چی دەگوزەرێ، بەڵام*

لەکاتی هەر کرانەوەو بەئاگاهاتنەوەیەکی کۆمەڵگەدا (کە ئەگەرێکی تەواو چاوەڕوانکراو و نزیکە) سەرلەبەری ئەو بونیادانە هەڵدەوەشێن، خەڵك جارێکیتر چاوکراوانە چاو بەپەیوەندییە سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی خۆیدا دەخشێنێتەوە، زمانی ئاخاوتنی لەبارەی ئەزمونی 12 / 13 ساڵی پێشوەوە بەتەواوی دەگۆڕدرێ، ئەوسا ئەوەی لەبارەی ئەو رۆژگارەوە دەگوترێ و دەنوسرێ زۆر توند لەگەڵ ئەم لەخۆڕازیبونەی ئێستاماندا دەدەن بەیەکداو نارەحەتمان دەکەن.

بێگومان مافی مرۆڤ بەمافی تاکەکەسیشەوە تەنها بەدەسەڵات دابین ناکرێ، بەڵکو دەبێت کۆمەڵگەو دەسەڵات پێکەوە دابینی بکەن، بەڵام کۆمەڵگاکان بەشێوەیەکی گشتی ئامادە نین لەدەرەوەی ئەو چوارچێوە باوانەدا کە لەکۆنەوە بۆ تاکەکەسیان دروست کردوە قسەیەکی دیکەو داوایەکی دیکەی تاکەکەس بەڕەسمی بناسن، بگرە ژیرانەو زانستیانەش نییە بەزۆری زۆرداری لێیان هەڵبپێچرێ، بەزەخت و زۆر ملیان بۆ ژیانی نوێ پێ کەچ بکرێ، بەڵکو دەبێ لەبەر رۆشنایی زانستە کۆمەڵایەتیەکان و بەپێی عەقڵییەتیکی مێژوساز ئەم ژیانە نوێیەیان تێدا جێبکرێتەوە، زانستیانە دەست بۆ وەها ئاڵوگۆڕێك ببرێ تیایاندا.

بەڵام کۆمەڵگەی کوردی کە لەچاو زۆریك لەکۆمەڵگا شەرقئەوسەتیەکاندا سینەی فراوانترە، چی لەدەسەڵاتێ بکا کە خۆی لەکۆمەڵگە کەمسیکڵدانۆچکەترو پاشکەوتوتربێ، رەچاوی ژیانی نوێ نەکا؟ چی لەدەسەڵاتێ بکا کە خەڵکانی خاوەن ئەندیشەو بانگەشەی نوێگەری لەسەرەوەی دانیشتبن و کتوپڕ بۆ هەڵکوتانە سەر تاکەکەسێ، دەست بۆ هەمو تەکنیکێکی یاسایی کۆن و نوێ ببەن، پێیان ئاسایی بێت تەنها بۆ خستنی یەك تاکەکەس پەنا بۆ خەمزەدەترین یاسای سەردەمی پێشوش ببەن؟

پێشیلکاریی مافی تاکەکەس، لەکۆمەڵگەی ئێمەو هەمو کۆمەڵگەیەکی تەقلیدیدا بەچاوی ئاسایی دەبینرێ، کە پەنجەیان دەخەینەسەر لەدڵسۆزییەوەیە بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگە، لەئارەزوی زۆرەوەیە بۆ دابرینی بەعسیزم و کەلتوری بەعس لەژیانی ئایندەی خەڵکی وڵات.

ئەمڕۆ، بەتایبەتی لەم رۆژانەدا کە قسە لەسەر داڕشتن و رالەسەرپرسینی دەستوری عێراقیکی فیدراڵ و دیموکرات لەئارادایە، هەزارەها گەنج جگە لەخواستی چەسپاندنی هەتاهەتایی و یاساییانەی مافە : سیاسی، نەتەوەیی و ئابوریەکانیان، خواستی ئەوەیان هەیە رۆژێ دابێ بتوانن لەم وڵاتە پانوپۆڕەدا شەوێ لەگەڵ دژە رەگەزێکی هاوڕێیاندا لەئوتێل دابکرێن و داوای عەقدی زەواجیان لێ نەکرێ.

هەزارەها کچ و کوڕی ئەم وڵاتە خوازیارن دەستوری نوێی وڵات هەڵبژاردنی ژیانی تەنیایی و سەرجەم پێداویستیە ئەمنی و مادیەکانی ژیانی تەنیایی هەر لەشوققەوە بیگرە تا دەگات بەئاسایشی سەروماڵ بەڕەسمی بۆ هاووڵاتی بناسێ و لێی بەرپرسیاربێ.

هەزارەها گەنج خوازیاری سەفەرێکی رەسمیی دەرەوەی وڵاتن.

هەزارەها گەنج خوازیاری پەیداکردنی کارێکی شەریفانەو مسۆگەرن کە بەڕاستی ژیان و گوزەرانی گەنجانەیان دابین بکا.

ئایا ئەمانە ماف نین و پێشێل نەکراون؟ ئایا بۆ بۆ دابینکردنی ئەم مافە : سیاسی، ئابوری، مەدەنی و شەخسیانەی تاکەکەس، پێویستمان بەوە نییە بەرلەوەی سەرزەنشتی کۆمەڵگە بکەین، بەرلەوەی هەوڵبدەین تاکەکەسیانە لەدەقی کۆنینەو لەکەڵککەوتوی کتێبە ئاسمانیەکان قوتار ببین، سەرزەنشتی دەسەڵات بکەین؟ لەعەقڵی تەسکی بیرۆکراتەکانی پشت کورسیە قۆرخکراوەکانی دەسەڵات، بەڕێوەبەرو کارگێڕە ئیداریەکان قوتار ببین، سنوری دەسەڵاتیان بەپێی دەستورو یاسا دیاری بکەین؟

ئایا پێویستمان بەوە نییە بەڕاستی دەسەڵاتەکان رزگارو ئازاد بکەین، لەیەکتریان جیا بکەینەوە، دابەشیان بکەین و کار بگەیەنین بەجێگەیەك کە هیچ کەس نەتوانێ لەدەزگایەکی گەورە یان چکۆلەوە دەست بخاتە کاری حکومەتەوە بەمەبەستی پەکخستن و دەستهێنانەرێی ئیشوکاری کەسیترو هاووڵاتییتر؟

کەواتە :

- با هەرچی زوترە چاو بەکارو کردەوەکانماندا بخشێنینەوە.
- با مافی بەشداریکردن و دەسەڵاتدارێتیکردن لەسەروخواری ئۆرگانە سیاسی، حیزبی و دەوڵەتیەکاندا بۆ هەمو تاکەکەسێکی بەهرەمەندو لێوەشاوەبێ نەك تەنها بۆ پێڕێ.
- با ماف و ئیمتیازاتی ئەمنی، یاسایی، ئابوری و کۆمەڵایەتی، بۆ هەمو چین و توێژەکان بەدەسەڵاتدارانیشەوە وەکو یەکبێ.
- با دەستەو گروپی جۆراوجۆر بۆ توێژینەوە لەمافەکانی مرۆڤ، لەمافەکانی تاکەکەس، دروست بکرێ، ئەرکیان پێ بسپێردرێ، راپۆرتەکانیان بەهەند وەربگیرێ، ئیش لەسەر دەرەنجام و رێنماییەکانیان بکرێ.
- با کار بکرێ بۆ هاوشانکردنەوەی ژن و پیاو.
- و... هتد.

*ئەمە تەنها ڕێگاچارەیە بۆ نوێکردنەوەی ژیانی مرۆڤ و تاکەکەس، هەروەها بۆ دابڕان لەکەلتوری بەعس و بەعسیزم، تەنها ڕێگاچارەیشە ناڵێم بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی خۆش، بەڵکو بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی (خۆشکەڵە) بۆ مرۆڤ و تاکەکەس بەنێرو مێیانەوە.*
*ئێمە کە ڕاپەڕینێکی گەورە هێناوینی و چاوی کردوینەوە نەك ئینقیلابی عەسکەری و شتی لەو جۆرە، دەبێ لەنێوان : مافی دەسەڵات و دەسەڵاتی مافدا هەمیشە لایەنگری سەرسەختی دەسەڵاتی مافبین.*

** تێبینی :*
*لەژمارە 541 ی ڕۆژی 17 ی تشرینی دوەمی ساڵی 2003 ی ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادیدا بڵاوکراوەتەوە (دەسکارییەکی زۆر کەمم کردوە).*

.........................

# ئۆپۆزسیۆن لەپەرلەمان چۆن ناوی خوای لێبێنێت و دەست پێبکا؟

تائێستا خەڵکی کوردستانی عێراق، یەك جۆر ئۆپۆزسیۆنبونیان لە ژیانی سیاسیی خۆیاندا تاقیکردوەتەوە، کە دواتر ناویان لێنا (خەباتی شاخ)، لەم رێیەوە روبەڕوی کەلتوری (سیاسیی ـ کۆمەڵایەتی)ی نەتەوەی سەردەست (واتە: روبەڕوی بەعسیزم) بونەوەو هەوڵی قایمکردنی دەرو دیواری ماڵی خۆیان دا، توانیان بناغەیەك بۆ (ئەمڕۆ)و (پرۆسەی سیاسیی لە ئەمڕۆدا) دابنێن.
ئەمجۆرە ئۆپۆزسیۆنبونە تاقیکراوەیەی خەڵکی کوردستان، دەکرێ سیفەتگەلی وەکو (نامەدەنی، شەڕکەر، ناحەز، رادیکاڵ، سەلبی، نەکلۆك، یاخیگەر، نایاسایی)، یان هەر سیفەتێکی دیکەی بدرێتە پاڵ، بەڵام وەسفکردنی قۆناغی ئۆپۆزسیۆنبونی ئەمڕۆمان، بەو وەسفانە (هەر لەم ئەوەڵەوە!) دیاردەیەکی خراپە! بێگومان (خەباتی شاخ)، سەرەنجام تەمەنی چەندین (جیل)و گیانی شیرینی چەندین مرۆڤی یەکی یەکی لێ سەندین، جوانیو ئاوەدانی سەرلەبەری وڵاتمانی بۆ ماوەیەکی دورو درێژ، نوقمی تەپو تۆزی شەڕێکی نابەرامبەر کرد، بەڵام دواجار گەیاندینییە (مەنزڵ)، گەیاندینییە (راپەڕین)و خەریکبو بڕوابێنین، کە ئیتر کاتی ئەوە هاتوە وردە وردە پشتوێنی لێ بکەینەوەو دڵ بە ژیانی خۆمان خۆشکەین!
ئەمە ئەنجامێکی خراپ نەبو، بەڵکو ئەنجامی خراپ ئەوەبو: مانەوەی زۆر (40 - 50 ساڵ) لەناو ئەو جۆرە ئۆپۆزسیۆنبونەدا، ئاخریی بو بەهۆی ئابڵۆقەدانو سنوردارکردنی ماناو پێناسەو چوارچێوەی فیکرەی (ئۆپۆزسیۆنبون) لە فیکری سیاسیی دواترماندا.. واتە: ـ بو بەهۆی ئەوەی خەیاڵدانو روانگەی دواتریشمان ببێتە ئەسیری هەمان ماناو پێناسەو چوارچێوەی فیکرەی ئۆپۆزسیۆنبون کە یەکەمجار تاقیمانکردەوە!
ئەوەتا پاش هەژدە ساڵ (خۆئاغایی)، تازە بەتازە خەریکە دەچینە ژێر باری ئەوەی بەپێی پێناسەو چوارچێوەیەکی سەردەمیانە، جێگەیەکی بچکۆلە بۆ فیکرەی

ئۆپۆزسیۆنبون‌و بەشداریی ئۆپۆزسیۆن، لەناو کەلتوری سیاسیی‌و پرۆسەی سیاسیماندا بکەینەوە، ئەویش ئەوەندە سەخت دەگوزەرێ، دەڵێی (خومەینی)ین‌و رێکەوتننامەی راگرتنی شەڕی ئێران ـ عێراق ئیمزا دەکەین!
بەڵێ ئەو بازە (سیاسیی ـ کەلتوری)یەی هەڵبژاردنەکەی (25)ی تەمموزی ئەمساڵ خستییە بەرمان، یەکەم بازی قایممانە بەسەر (عەقڵبەندان)ێکی هەژدە ساڵەدا، ئەگەر بەدوایدا بەرنەبینەوە ناو (ئومێدبەندان)ێکی چوار ساڵە!
بەڵام ئەگەر هاتو شتی وایش رویدا، هێشتا هەر دەکرێ (دڵ لە دڵ نەدەین)، هێشتا هەر دەکرێ بە یەکجاری ورە بەرنەدەین‌و بڕوامان وابێ ئاخریی هەر دەتوانین جارێکی دیکەو جارەهایتر، هەوڵی بەرجەستەکردنەوەی مانا رەمزیی‌و سیاسییەکانی بازەکەمان‌و بیرکردنەوەکەمان بدەین!
وەکو دەشزانرێ: شکست خەسڵەتی خودی (بیرکردنەوە) نییە، بەڵکو خەسڵەتی ئەو هەوڵەیە، کە دەویسترێ (بیرکردنەوە)ی پێ تەرجەمە بکرێت بۆ کردەوە.
بۆ نمونە: ـ کەوتنە خوارەوەو شکست خواردنی ئەو یەکەم کەسەی (باڵی بۆ خۆی دروستکرد)و چو لە شوێنێکی بەرزەوە (بە نیازی فڕین) خۆی هەڵدا، نەبوە هۆی کەوتنە خوارەوەو شکست خواردنی (بیرۆکەی فڕین)ەکەی! بەڵکو دواجار خەونی (فڕین)یش هێنرایەدی‌و سەربوردەی ئەو یەکەم کەسەیش (واتە: عەباسی کوڕی فیرناس) بو بە بەشێکی سەرەکی لە چیرۆکی (داهێنانی فڕین).
نمونەیەکی دیکەی ئەم راستییە (بەڵام بە دیوە خراپ‌و سەلبییەکەیدا) ئێستا بە بەرچاوی خۆمانەوەیە: ـ سەدام حسێن رۆیشت‌و بەعسیزم جارێ هەرماوە , لەگەڵ ئەوپەڕی بێ ئاسۆیی‌و کۆنی‌و رزیویشیدا.
ئیتر بۆچی دەبێ ئێمە هیوا بڕاوببین لە جێکردنەوەو چەسپاندنی کەلتورێکی (سیاسیی ـ کۆمەڵایەتی)ی مۆدێرن؟
خۆ ئەگەر تەرجەمەکردنی (بەعسیزم) لە (ئایدۆلۆژیایەکی سیاسیی یەکڕەنگخواز)ەوە، بۆ (پرۆسەیەکی سیاسیی ـ کەلتوریی سەراپاگیر)، لە (خەیاڵێکی پوچەوە) بۆ (مۆدیلێکی حوکمڕانی)، زمانێکی سەربازیی توڕەو تڕۆی ویستبێت، ئەو هەمو نەهامەتییەی لێکەوتبێتەوە کە لێیکەوتەوە، وایش هێشتا هەر (فیکری سیاسیی)ی دوای خۆیی لە وڵاتی ئێمەدا خستبێتە ژێر هەژمونی رەشی خۆیەوە، نەیهێشتبێت (خەیاڵدانمان) بە جدیی توشی رامان، دو دڵی، خۆجیاکردنەوەو لەخۆ ترازان ببێت، ئەوا دەبێ ئێمە ئەم یەکەم بازەمان، وەکو

هەوڵێكی (بێوەی)و جدیی بۆ دروستكردنی رامان، دودڵی، خۆجیاكردنەوەو لەخۆترازانو هاتنە دەرەوە لەژێر هەژمونی رەشی ئەو كەلتورە خراپە تەماشا بكەینو پاشەكشە لە مەسئولیەتی خۆمان نەكەین!
ئەگەر ئێمە لە هەرێمەكەی خۆماندا بازێكی لەمجۆرەمان پێ نەدرێ، ئەی چۆن بتوانین داوای بازی لەمجۆرە لە (مالیكی)و حكومەتە مەركەزییەكانی پاش ئەو بكەین؟
چۆن رومانبێت داوایان لێ بكەین بۆ خوێندنەوەو یەكلایی كردنەوەی كێشە هەڵپەسێردراوەكانی نێوانمان، روانگە چەسپاوەكەی رژێمی پێشوی عێراق بەجێ بهێڵنو لە گۆشەیەكی تازەوە تەماشا بكەین (كە ئێمە هێشتا خۆمان، لە هەمان گۆشەی تەسكو تروسكەوە، مامەڵە لەگەڵ هەلومەرجو كێشەو روداوە جۆراوجۆرە ناوخۆییەكانی خۆمان بكەین، یان خزابینە پشت پەنجەرەی لێڵی یادەوەرییە كۆنە تێپەڕیوەكانو لەوێوە چاو هەڵخەین.)
خۆ ئەگەر خەڵكی كوردستان رازیبونایە لەناو كەلتورێكی (سیاسیی - كۆمەڵایەتی)ی تەسكدا هەڵكەن، ئەوا هەر زو، لەگەڵ یەكەمین هەوڵی بەعسییەكاندا بۆ وەرگێڕانی (بەعسیزم) لە (ئایدیایەكی پوچی سیاسیی)یەوە بۆ (پرۆسەیەكی سیاسیی ـ كەلتوری)، تەسلیم دەبونو نەدەچونە ژێر باری ئەوەی بیانو بدەنە دەست (سەدام) ناچاربێ (بە زمانی سەربازی) گفتوگۆ (سیاسیی - كەلتوری)یەكەی درێژە پێ بدات لەگەڵیاندا! بێگومان بەشێكی زۆری خەباتی نەتەوەییو رزگاریخوازیو فەرهەنگی خەڵكی كوردستان، هەر بۆ خۆڕاپسكاندن بو لە دەست بەعسیزمی كەلتوری، بۆیە ئێستاش عەقڵ نایبڕێت میللەتی كورد لە كوردستاندا، تاسەر بەمەندە داكەوێ: (داهێنەرەكان)ی كەلتورە تەسكەكانی لە خۆی دورخستبێتەوە، بەڵام لە سایەی هەژمونی رەشی كەلتورەكانیاندا، رۆژانە خۆی بخواتەوەو بەرگەش بگرێ!
راستە ئەمە یەكەمجارە خەڵك بیر لە خۆڕاپسكاندنێكی جدیی دەكەنەوەو هێشتا مەعلوم نییە دەگەنە كوێ، بەڵام بەوەدا كە دەستبەرداری هەمو شتێكی تایبەتی خۆیان بونو دەستبەرداری دەنگو بیروبۆچونی خۆیان نەبون، دەركەوت هەمیشە ئامادەن وەكو زمانی بەعس، سەركێشی بە هەمو شتێكی خۆیانەوە بكەن لە پێناوی گۆڕینی پەیوەندیی خۆیان بە دەسەڵاتەوە (لە ئاستێكی نزمەوە بۆ ئاستێكی بەرز)و دەستەبەركردنی پاشەڕۆژێكی رۆشنتر!

ئەم راستییە، وەك چۆن بۆ زۆربەمان مایەی دڵخۆشییە، دەبێ بۆ دەسەڵاتیش مایەی دڵخۆشی بێت.. دەبێ ببێتە هۆی رۆشنکردنەوەی رێگەی تێهەڵچونەوەو خۆرێکخستنەوەیەکی مەدەنیانەتر بۆی! هانی بدات بیر لە راستکردنەوەی پەیوەندیی نێوان خۆیو خەڵك بکاتەوە.. بیر لەوە بکاتەوە ئاستی پەیوەندیی نێوانیان، لە (پەیوەندییەکی سەپاو)ەوە، بەرز بکاتەوە بۆ (پەیوەندییەکی هەڵبژێردراو)، خۆشبەختانە ئێستا کەوتوینەتە بەردەم پرسێکی لەو جۆرەو خەریکە دەسکاریی نەخشەی دەسەڵات دەکەین، ئەویش لەڕێی تاقیکردنەوەی جۆری دوەمی ئۆپۆزسیۆنبونەوە، کە بریتییە لە (ئۆپۆزسیۆنی یاسایی)، یان وەکو دەگوترێ: (ئیجابی، پەرلەمانی، مەدەنی، مۆدێرن، رەوا) هتد.

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: -

بەم هەمو بێ ئەزمونییەمانەوە لەم بوارەدا، چۆن بکەین بۆ ئەوەی ئەم یەکەم ئەزمونە بە سەلامەتی بپەڕێنینەوە بۆناو مێژوی خۆمان؟!

خۆتان دەزانن حیزبی بەعس رێگەی نەدا هیچ فێربین! نەك هەر رێگەی یەکێتیو پارتی، بەڵکو رێگەی دو حیزبە کوردییە دەستکردەکەی خۆیشی نەدا، تەنانەت لە چوارچێوەی بەعسیزمەکەی خۆیدا، هەروا کارتۆنیانەش کە هەبون، ئیعدیعای ئەوە بکەن کە ئۆپۆزسیۆنن، یان ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانین! چ جای ئەوەی رێگە بدات گەلی کورد یاساییانە، لەڕێی هەڵبژاردنەوە، خەیاڵێکی وەها تاقیبکاتەوە کە دەست بخاتە سەر یەکێتیو پارتی، یەکێتیو پارتیش لە ئۆپۆزسیۆنی شەڕکەرو هەڵاتوەوە بێنەوە ببنە ئۆپۆزسیۆنی مەدەنی، ماناو ئەنجامی شێوازێکی نوێی ئۆپۆزسیۆنبون تاقیبکەنەوەو پێی ئاشنابن!

ئەمە یەکێك لەو هۆکارە مێژوییانەیە (نەك هەمو هۆکارە مێژوییەکان) کە پێکەوە بە هەمویان وایانکردوە مامەڵەکردنی یەکێتیو پارتی لەگەڵ (ئۆپۆزسیۆن) بە ئاسانی نەچێتە سەرو ئۆپۆزسیۆنیش سڵ لە ئەنجامی سەرکێشییەکەی خۆی بکاتەوە!

بەڵام ئەی کامانەن ئەو هۆکارە سیاسیی و مێژوییانەی دیکە، کە وایانکردوە پاش هەژدە ساڵ (خۆئاغایی)و ئەزمونی (بێ رکابەر)ی (خۆئاغایی)، نەتوانرێت لە پەرلەمانێکی (15 - 16 ساڵ تەمەن)دا، پێناسەو چوارچێوەیەکی مۆدێرنو فراوان (بەپێی یاسا)، بۆ جێکردنەوەی فیکرەی (ئۆپۆزسیۆنی یاسایی) دیاری بکرێ کە هەم لایەنو قەوارە سیاسییە (جیاڕێ)کانی ناو گەلەکەی خۆمان، هەم پێکهاتە

مەزهەبیو ئیتنیکییە (جیا بیر)و (جیا ئامانج)ەکانی ناو کوردستان بە گشتی، بتوانن ئەمڕۆ یان هەر ڕۆژێکی دیکە تیایدا هەڵسوڕێن، لە کاتێکدا دەوڵەتی تورکیا بەو هەمو ملکەچییەی خۆیەوە بۆ بنەما سیاسییە تەسکەکانی کەمالیزمو (ناسیۆنالیزمێکی ناعەقڵانی)، ئەمەی بۆ کوردەکەی خۆی دەستەبەر کردوە!
هەروەها عەرەبەکانی عێراقیش بۆ ئێمەیان دەستەبەر کردوە!
کەچی دەسەڵاتەکەی لای خۆمان، لەم گەرمەی چالاکیو جموجوڵو خۆسازدانەی لایەنو قەوارە سیاسییەکانی عێراقدا بۆ هەڵبژاردن، بەدیار ئاکامی هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی ئەم دواییەی خۆمانەوە تاس بردویەتییەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی بواری هاتنە پێشەوەی ئۆپۆزسیۆنی تیا ڕەخسا!
ئەوەتا دەڵێی هەر بیریشی نەماوە هەڵبژاردنی دیکە بەڕێوەیە!
تەنانەت پێدەچێ هەمو گفتوگۆکانی نێوان خۆیو دەرەوەی خۆیی هەڵپەرساردبێو جارێ خەریکی لەخۆڕامان بێت، کە ئەمە شتێکی باشە، بەڵام بە مەرجێ لە کۆتایی بیرکردنەوەدا بگاتە بڕیارێکی دروست بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ روداوە تازەکان، بگاتە ئەو بڕیارە حەکیمانەیەش کە هەرچی زوترە چپەیەك بدات بە گوێی ڕاگەیاندنەکانی خۆیداو پێیان بڵێ: - جارێ لەسەرخۆ بن!
(دەسەڵات) یان دەبێ گەمە نەکات، یان کە کردی دەبێ لەسەر ئۆپۆزسیۆنیش بکات! دەبێ قەبوڵکات پەرلەمان ببێتە شوێنی کایەی هەموان.. خۆ نابێ ئۆپۆزسیۆن هەتاهەتایە پەڕاگەندەی سەر ئەم جادەو ئەو جادەبێو لەوێ خەریکی قسەکردنی خۆی بێت! ئۆپۆزسیۆن جگە لە (دەم)و (گوێ) چیتری پێیە لەگەڵ خۆی بیباتە پەرلەمانەوە تا دەسەڵات ئەوەندە حساب بۆ برینداربونو بریندار نەبونی خۆی بکات لە ئامبازبونیدا؟
بڕوام وایە، دەبێ ئێمەش لە هەرێمەکەی خۆماندا، درەنگ یان زو، بگەینە ئەو بڕوایەی (دەسەڵات)و (پرۆسەی سیاسیی)، وەکو (ئۆتۆمبێل)و (ڕەوتی ئۆتۆمبێل) تەماشا بکەین!
ئەو دەسەڵاتەی پرۆسەی سیاسیی بە ئاقارێکدا دەبات، کە جێگەی ئۆپۆزسیۆنی تێدا نەبێتەوە، وەکو ئەو شۆفێرە وەهایە کە ئۆتۆمبێلەکەی بەبێ کەلوپەلی یەدەگ: تایەی سپێر، جەگ، تاقم ئیسپانە، چەتاڵو هتد، دەئاژوێو ملی ڕێگە دەگرێ، بێگومان لە هەر کوێیەکدا پەکیکەوت، دەبێ بە کۆمەكو شتومەکی خەڵك ئۆتۆمبێلەکەی بێنێتەوە تایم، خۆ ئەگەر خەڵکی لێ دەرنەکەوت، ئەوا دەبێ

ئۆتۆمبێلەکەی جێبێڵێتو بڕوات!
ئۆپۆزسیۆنیش بۆ دەسەڵات فریادڕەسە، نەك پشێوێنکە! یان: (دەبێ فریادڕەس بێت، نەك پشێوێنکە).
ئۆپۆزسیۆنەکەی ئێمەش، ئەگەر بیەوێ خەڵك دڵخۆشکات نەك خەڵك بەخۆی خۆشکات، دەبێ بە هەمو جۆرێ ململانێی پەرلەمانیو یاسایی بە گیانی وەرزشییەوە قەبوڵکات، هەرگیز دەستپێشخەری نەکات لە دروستکردنی کۆسەڵەو مۆسەڵەدا! ئەگەر دەسەڵاتیش ویستی ئەوە بکات با بیکاتو ئۆباڵەکەی بخاتە ئەستۆی خۆی، بەڵام ئەم هەرگیز ئەمە نەکات، چونکە هەر هەڵەیەکی ئەم، یەکسەر پاشەکشە بەخۆیو بە جەماوەرەکەشی دەکاتو ناتوانن بەو ئاسانییە خۆ بگرنەوە!
ئۆپۆزسیۆن بۆ ئەوەی لەم یەکەم ئەزمونەی خۆیدا، شکست نەخوا، دەبێ بە موحاسەبەکردنی (زەمەنە تێپەڕیوەکان) دەست پێ نەکات، بەڵکو هەوڵ بدات لە جیاتیی ئەوە (زەمەنی ئێستا) بخاتە ژێر چاودێریی وردو ژیرانەو نیاز پاکانەوە! واتە: ـ فایلگەلی (گەندەڵیی سالانی رابردو، شەڕی ناوخۆو میراتییەکانی، دەستێکەڵیی کۆنی بەرپرسەکان لەگەڵ حیزبی بەعس)، وەکو فایلگەلێکی سیاسیی (نەك جینائیی پەتی!) تەماشا بکاتو بە یەکجاریش ئۆباڵەکەیان بخاتە ئەستۆی سیاقە مێژوییەکەی لەوەوبەری خۆیان، تاوتوێکردنو ساخکردنەوەو ئەرشیفکردنیان جێبێڵێ بۆ ئەو خولە پەرلەمانیانەی کە لە داهاتودا زەمینەو هەلومەرجی گونجاویان دەبێ بۆ خۆخەریك کردن بە هەڵدانەوەی فایلگەلی لەو جۆرەوە (جاری واهەبوە لە وڵاتانی پێشکەوتوشدا، هەڵدانەوەی فایلی هەستیار، بۆ ماوەی چەند دەیەیەك دواخراوە).
ئۆپۆزسیۆن دەتوانێ لەم خولەدا لەسەر دو ئاست، مومارەسەی دەسەڵاتی خۆی بکات: ـ
یەکەم/ لەسەر ئاستی راگەیاندن
دوەم/ لەسەر ئاستی (یاسایی)
ئەو ئیتر لەمڕۆوە لە دەرەوەی (پرۆسەی سیاسیی) نییە، وەکو ئەوەی کە هەبو (پەڕاگەندەو بێ ئاسۆ، لەسەر شەقام!)، بەڵکو بە کردەوە بەشێکە لە پرۆسەکە، وەکو دەماری لامل لێی نزیکە! بۆیە ئەگەر نەشتوانێ بەهۆی کەمیی ژمارەی کورسییەکانیو (فرە دیدی)و (فرە سەری)ی خۆیەوە، بەشداریی قورس لە

پرۆسەی (یاسایی)و (یاسابازی)دا بکات، دەبێ بتوانێت بە قورسی (بەڵام ژیرانە) چاودێریی کارو کردەوەی حکومەت بکاتو دەسەڵاتی وتنو راگەیاندن، لە خۆبوردوانە ئیش پێ بکات، بۆ ئەوەی خەڵکیش بێنێتە ناو یارییەکەوە.
بەمجۆرە دەتوانێ هەم پێگە جەماوەرییەکەی خۆی بەهێزتر بکاتو بیکات بە سەنەد بۆ (ئێستا)و (داهاتو)ی پێگە یاساییەکەی، هەم فرسەتی بەشداریکردن بۆ خەڵك بڕەخسێنێتو خۆی لە تەنیا باڵیی رزگار بکات!
شتێکی دیکە کە دەبێ ئۆپۆزسیۆن زۆر زو بەدەمیەوە بچێت، ئەوەیە: -
لە دەرەوەی کۆبونەوەو دانیشتنەکانی ناو پەرلەمان، بەرودوا، زنجیرەیەك کۆبونەوەو گفتوگۆ لەگەڵ گروپە پەرلەمانیەکەی سەر بە دەسەڵات، هەروەها لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتە نوێیەکە، ژیرانە، ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی :-
- (نەخشەی رێگە)یەکی هاوبەش بۆ کارکردن دیاری بکەن.
- ئەجێندای خۆیان (بە سەرە قەڵەمیش بێت) بۆ یەکتر رون بکەنەوە.
- بگەنە بڕیارێکی (لێك نزیك!) دەربارەی ئەوەی چۆن بکەونە بەرچاوی خەڵك، چۆن خۆیان پیشانی رای گشتیی دەرەوەو ناوەوە بدەن.
گەلی کورد، دەبێ ورياو هوشیار بێت، نەچێت لە ئۆپۆزسیۆنبونەکەشیدا، یەکسەر لاسایی خەڵکانی لەخۆی (دور مەنزڵتر!) بکاتەوە!

2009
لەرۆژنامەی رۆژنامەو سایتی سبەی بڵاوبۆتەوە.

........................

# سیاسەت لەگۆشەی کۆمەڵایەتییەوە :
# باشیەکانی فرەلیستی لەهەڵبژاردنی گشتیدا

هەڵبژاردنە گشتییەکەی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچو، ئێستا ئیتر نۆرەی هەڵبژاردنێکی ترە کە هەڵبژاردنە گشتیەکەی عێراقە.

فرسەتێکی باشە، پاش بەڕێوەچونی هەڵبژاردنێکی گشتیو، لەسەروەختی خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنێکی تری گشتی بیر لەوە بکەینەوە کە :

ـ ئامانج لە هەڵبژاردن چییە؟

ـ هەڵبژاردن بۆچی؟

ـ ئایا هەڵبژاردن چالاکییەکی سیاسیی پەتییە، یان: چالاکییەکی کۆمەڵایەتیو (رۆشنبیری)یشە؟

ـ ئایا دەکرێ جگە لەئامانجی سیاسی، ئامانجی تری کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری بۆ هەڵبژاردن زیاد بکەین؟ ئەگەر ئا، ئەولەویەت بدەین بەکامیان: بەئامانجە سیاسیەکان، یان بەئامانجە کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەکان؟

ـ ئایا هەڵبژاردن لەئەنجامدا رەنگدانەوەی بۆ سەر هەلومەرجی سیاسی دەبێ (بەتەنها!)، یان بۆ سەر هەلومەرجی (کۆمەڵایەتی)و (رۆشنبیری)یش؟

ـ ئایا لەهەڵبژاردندا کامیان زۆرتر بەهەند بگرین: (کۆمەڵگە) یان تاکەکەس؟

ـ ئایا کۆمەڵگەو تاکەکەس دو بابەتی تەواو سەربەخۆو لێك جودانو لەحساباتی هەڵبژاردندا دەکرێ فەزڵی زۆرەکەیان بدەین بەسەر کەمەکەیاندا (بەو پێیەی ـ ژمارە ـ گرنگترین شتە لەیەکلایی کردنەوەی پرۆسەی هەڵبژاردندا)، ئەگەر ئا، کام لەم دو ژمارەیە گەورەترن: (تاك) یان (کۆمەڵگە)؟

ـ ئایا راستە پاڵنەری سایکۆلۆجی لەپاڵ هۆکارە سیاسیەکاندا رۆڵی بەرچاوی هەیە لەچونو نەچونی خەڵك بۆ دەنگدان، ئەگەر ئا، کامانەن ئەو پاڵنەرە سایکۆلۆجیانە؟

ـ پاڵنەر چییە؟

ـ ئایا پاڵنەرە سایكۆلۆجیەكانو لایەنە كۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەكان، لەسازكردنی زەمینەی هەڵبژاردندا، ئامرازو رێگەی سەرخستنی هەڵبژاردنە (بەتەنها!)، یان بەشێكی گرنگیشە لەئامانجەكانی هەڵبژاردن؟

ـ ئایا كە ئێمە هەڵبژاردن بەڕێوەدەبەین، ئاگاداری ئەوە هەین: میتۆدی زانستی هەیە ئەگەر بگیرێتەبەر لەوانەیە بتوانرێ تاڕادەیەكی زۆر باش تەحەكوم بە (ئەنجام)و (ئامانج)و (شێواز)ی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە بكەین؟

ئایا دوای وردبونەوە لەهەڵبژاردنە گشتییەكەی 25ی تەمموزی هەرێمی كوردستان، ئەوەمان لەلا رون بۆتەوە كە: (یەك لیستی)و (فرەلیستی) كامیان بۆ (ئەمڕۆ)ی (هەرێمی كوردستان)، (سەركەوتوتر)و (پڕ قازانجتر)ە؟

ـ ئایا بۆمان دەركەوت كە لێكۆڵینەوە لە(پرسی هەڵبژاردن)، لێكۆڵینەوەیە لەپرسێكی فرە رەهەند؟

ـ ئایا بۆمان دەركەوت كە هەمو پرۆسەیەكی هەڵبژاردن لەسەر پشتی سێینەیەكی لێكنەترازاو بەڕێوەدەچێ كە بریتییە لە: (تاك، كۆمەڵگە، كەلتور)؟

ـ ئایا بۆمان دەركەوت كە باشیو خراپیی (یەك لیستی)و (فرەلیستی) شتێكی چەسپاو نییە، بەڵكو لەشوێنێكەوە بۆ شوێنێكی ترو، لەقۆناغێكی مێژوییو سیاسیەوە بۆ قۆناغێكی تری مێژوییو سیاسی، گۆڕانی بەسەردا دێ؟

بۆ كردنەوەی دەرگای ئەم باسە فرەرەهەندە (كۆمەڵایەتی، سیاسی، كەلتوری)یە، میتۆدی (كۆمەڵناسی دەرونی)، یان (دەرونناسیی كۆمەڵایەتی)، یارمەتیدەرێكی باشە. لێرەدا (بۆ ئەوەی خۆم دوا نەخەم لەتەواوكردنی ئەم نوسینە) ناچارم چەند پەرەگرافێك لەنوسینێكی پێشوترمەوە بگوزامەوە كە دەربارەی بایەخی كۆمەڵناسی دەرونی)یە، لەژمارە 4ی ساڵی 2003 ی گۆڤاری (بیرو هوشیاری)دا بڵاو بۆتەوە: زانستی دەرونناسیی كۆمەڵایەتی، یاخود كۆمەڵناسیی دەرونی، یەكێكە لەزانستە كۆمەڵایەتییە گرنگو تازەكان، لەو بڕوایەوە دامەزراوە كە (تاكە كەس)و (كۆمەڵگە)و (فەرهەنگ) سێینەیەكی لێكنەترازاو پێك دێنن، سێینەیەك كە بۆ تێگەیشتن لەبارودۆخو هەلومەرجی هەر یەكێكیان، پێویستە لەبارودۆخو هەلومەرجی دوانەكەی تریشیان بەوردی ئاگاداربینو هەریەكەیان لەپەیوەست بەدو لایەنەكەی تردا بخەینە بەرباسو لێكۆڵینەوە. بێگومان ئەمڕۆ كە زانستە مرۆییو كۆمەڵایەتیەكان هەنگاوی

گەورەیان لەتاك میتۆدییەوە بەرەو فرەمیتۆدیو گەشانەوەی زیاتر ناوە، دەبێت ئیتر ئەو قەناعەتە کۆنە جێ بهێڵین کە هەمیشە هەر (تاکەکەس) حەواڵەی زانستی (دەروونناسی)و (کۆمەڵگە) حەواڵەی زانستی (کۆمەڵناسی)و (فەرهەنگ) حەواڵەی زانستی (نەتەوەو فەرهەنگناسی) بکەین‌و، پێمان وابێ ئیتر دەکرێ هەر یەك لەو سێ چەمکە (تاکەکەسی، کۆمەڵگە، فەرهەنگ) جیا بەجیاو دور لەوی تریان شیبکرێتەوە، یان پێمان وابێ بازنەی گەشەو نەشونمای هەریەك لەو سیانە، بازنەیەکی سەربەخۆیەو هیچ پەیوەندییەکی جەدەلییان لەگەڵ یەکتر نییە! ئەگەر هاتینە سەر ئەو بڕوایە کە چەردەیەکی زۆر لەراستیە زانستیەکان وان بەلای میتۆدی (دەروونناسیی کۆمەڵایەتیەوە)، بەتایبەتی لەپەیوەند بەمجۆرە باسە فرە رەهەندە کۆمەڵایەتی دەرونی ــ رۆشنبیریانەدا کە تیایاندا تاکەکەس‌و کۆمەڵگەو فەرهەنگ، بابەتی سەرەکیی لێکۆڵینەوەن، ئەوا دەتوانین رشتەی زانستە مرۆییو کۆمەڵایەتیەکان دەوڵەمەندتریش بکەین‌و بگەینە دەرەنجامی گرنگ.

ئەم زانستە پێمان دەڵێ: ناکرێ تەنها بەمیتۆدی (دەروونناسی) هەلومەرجی (دەرونی)ی خوێندکارانی دو زەمینەو دو سیاقی مێژویی لێکجودا بخەینە (بەراورد)ەوە، ئەگەرچی تەوەری ئەو باس‌و لێکۆڵینەوە بەراوردکاریەش هەر یەك شت، یاخود هەر (دەروونناسی) بێ‌و بگرە دەروونناسیی یەك جۆرە توێژیش بێت.. بۆ نمونە ئێمە ناتوانین باری دەرونیی خوێندکارانی فەرەنسای (1968و خوێندکارانی کوردستانی عێراق ساڵی 1988 بخەینە ژێر پرسیاری (تەنها) زانستی سایکۆلۆجیاوەو لەمڕێیەوە بەراوردکاریەکەمان ئەنجام بدەین، بەڵکو بۆ حاڵیبون لەباری دەرونیو لەو فاکتەرانەی کە خوێندکارانی فەرەنسای 1968ی هاندا بۆ ئەو جوڵانەوە مێژوییە گەورەیە، هەروەها بۆ حاڵی بون لەباری دەرونیو لەو فاکتەرانەی کە خوێندکارانی 1988ی کوردستانی عێراقی دواخستبو لە ــ راپەڕین ــ (سەرەڕای ئەوەی زوڵم‌و زۆری رژێمی بەعس لەو ساڵەدا، بەرامبەر بەخۆیان‌و بەگەلەکەیان، گەیشتبوە ترۆپك)، دەبێت هەلومەرجی مێژویی، بونیادی کۆمەڵایەتی، سیستمە کۆمەڵایەتیەکان‌و، بەکورتی: سیاقی مێژویی کۆمەڵگای هەریەك لەخوێندکارانی ئەوسای فەرەنساو کوردستان، لەبەرچاو بگرین. دیارە باسی وەها دەمانباتە ناو فرە میتۆدێیەکی ئاشکراوە: مێژو، سیاسەت، کەلتور، هتد، ئەم فرە مێتۆدییەش یەکێکە لەشێوازە

كاراو تازەكانی لێكۆڵینەوە، بەتایبەتی لێكۆڵینەوەی سۆسیۆلۆجی.. ئەم فرە میتۆدییە، لەیەك كاتدا، هەم (ئامانجە) هەم (ئامراز) لەتوێژینەوەی كۆمەڵایەتیدا. تەنها لەرێگەی ئەم فرەمیتۆدییەوە بو كە توانرا (بۆ نمونە) بسەلمێنرێ نە ماركسیزم (بەتەنیا باڵی!) دەرەقەتی راڤەكردنی هەلومەرجی كۆمەڵایەتیی (كۆمەڵگە) دێت، نەفرۆیدیەتیش دیسان (بەتەنیا باڵی!) دەرەقەتی راڤەكردنی هەلومەرجی دەرونیی (تاكەكەس) دێت.. نە ماركسیزم وەكو فەلسەفەیەكی كۆمەڵایەتی دەتوانێ (ئامادەگیە دەرونیەكانی مرۆڤەكان) بەوردی لەبەرچاو بگرێ، نە فرۆیدیەتیش وەكو قوتابخانەیەكی سایكۆلۆجی، دەتوانێ حسابی ورد بۆ (ژینگەی كۆمەڵایەتییی تاكەكەسەكان بكات.

ئێمە ئەگەر بمانەوێ بزانین بۆچی لەم سەردەمەدا، لەزۆربەی شوێنو كەلەبەرەكانی دنیادا، بزوتنەوەی پرۆلیتاری شوێنی خۆی لەگۆڕانكاریە سیاسیو كۆمەڵایەتیەكاندا داوە بەبزوتنەوەی خوێندكاری، هەروەها ئەگەر بمانەوێ بپرسین: ئایا پێویستە سیستمێكی سیاسیی دیاریكراو لەگۆشەیەكی دیاریكراوی ئەم دنیا پانو پۆڕەدا، بەچ شێوەو ئەندازەیەك مامەڵە لەگەڵ چینو توێژەكانی كۆمەڵگاكەیدا بكاتو بەرویاندا بكرێتەوە، لەكوێدا دوایان بكەوێو لەكوێدا بیانكێشێ بەدوای خۆیدا، بەزۆری چاوی ئومێدی لەسەر كامیان بێتو حسابی خۆی لەسەر كامیان راست بكاتەوە، كە بێگومان پرسیاری وەها لەكاتێكدا دەكرێت ئەگەر لەناو دۆگمی ئایدۆلۆجیادا گیرمان نەخواردبێتو ئامادەی كرانەوەی سیاسی بین، دەبێت بۆ ئەمە دیسان پەنا بەرینە بەر ئەو فرە میتۆدییەی كە باسمكرد، (دەروونناسیی كۆمەڵایەتی)یش ئەو سەكۆیەیە كە ئەم فرە میتۆدییە دەگرێتە خۆی. دەروونناسیی كۆمەڵایەتی ئەوە نییە دەستی لەدەروونناسیی (تاكەكەس) هەڵگرتبێتو تەنها بەدوای دەروونناسیی (كۆمەڵگە)ەوە بێت، بەپێچەوانەوە، تا ئەو جێگە دورەیش هەر بەدوای (تاكەكەس)ەوەیە كە تیایدا بەتاكەكەسەكانی دیكەوە پەیوەست دەبێو دەكەوێتە ژێر كاریگەرییانەوە.

بێگومان كۆمەڵناسیی دەرونی، یان دەروونناسیی كۆمەڵایەتی، ناتوانێ شوێنی لقەكانی تری كۆمەڵناسی: (كۆمەڵناسی سیاسی، كەلتوری، ئاینی...) بگرێتەوەو هەمو بابەتەكان پاوان بكات بۆ خۆی، بەڵام دەریدەخات كە نابێت (رەهەندی دەرونی) لەهیچ كام لەباسو بابەتو لێكۆڵینەوە سیاسیو كۆمەڵایەتیو مێژوییەكاندا بخرێتە پشتگوێ.. لەهەمان كاتدا دەریدەخات كە ناشێ (تاكەكەس)

لەدەرەوەی هەلومەرجە سیاسیو کۆمەلایەتیو مێژوییەکاندا بخرێتە بەر باسو لێکۆڵینەوە (گواستنەوە لەنوسینەکەی پێشوم کە لەژمارە 4ی ساڵی 2003گۆڤاری بیرو هوشیارییەوە بو، کۆتایی هات).

ئێستاش دەمەوێ بڵێم: ئەوەی لەهەڵبژاردنە گشتیەکەی 25ی تەمموزی هەرێمی کوردستاندا رویدا، تەنها لەرێی میتۆدێکی لەمجۆرەوە دەتوانرێ راڤەبکرێ، هەر لەرێی میتۆدێکی لەمجۆرەیشەوە دەتوانرا پلانی وردی بۆ دابنرێو تەحەکوم بەشێوازی بەڕێوەچونو ئەنجامەکەشییەوە بکرێت. بەپێی ئەم زانستە، مرۆڤی هەمو کۆمەڵگاکان (هەریەکە) بەپێی سیاقە مێژوییەکەی خۆیان، بەپێی هەلومەرجی رۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو ئابورییان) پێویستیان بەوە هەیە چ وەکو تاکەکەس و چ وەکو کۆمەڵ، بەردەوام فرسەتیان بدرێ کە:

1.ئینتمای خۆیان تازە بکەنەوە.

2.هەست بکەن لەدەستەبەرکردنی دەسکەوتە سیاسیو کۆمەڵایەتیو کەلتوریەکانی کۆمەڵگاکانیاندا، بەشدارن.

مرۆڤ تەنها لەم رێگەیەوە گرنگیو بایەخی خۆی پێ دەزانێو هەست دەکا لەناو کۆمەڵگەدا بونەوەرێکی پەسەندە، کە هەستیشی کرد بونەوەرێکی پەسەندە، زیاتر لەئاسایشی (شەخسی)و (کۆمەڵایەتی)ی خۆی دڵنیا دەبێ، لەپاڵیا هەست بە(بون)و (بەرێزی) خۆیشی دەکات. بێگومان نابێ ئەم هەستکردنە بەکەم بگیرێ! نابێ وەها تەماشا بکرێ (سیاسەت) ئیشی ئەوە نیە بەدوای چەسپاندنی ئەم هەستەی (مرۆڤ)ەوە بێ، بەتایبەتی کە مەسەلە هاتە سەر شتێکی وەکو (هەڵبژاردن)، چونکە هەڵبژاردن لەدەرەوەی ئەم سێینە لێکنەترازاوە: (تاکەکەس، کۆمەڵگە، کەلتور) نەمانای هەیە نەبون.. واتە بۆ بەڕێوەبردنو رەخساندنی زەمینەی (هەڵبژاردنی گشتی)، دەبێ:

ـ کۆمەڵگە بونی هەبێ.

ـ پاشان تاکەکەسی دەنگدەر.

ـ پاشتریش سیاقێکی مێژویی (بەرەهەندگەلی کەلتوریو سیاسیو کۆمەڵایەتییەوە).

بەکورتی: دەبێ لەپاڵ هەلومەرجە (سیاسی ـ بابەتی)یەکەدا، هەلومەرجە (کۆمەڵایەتی ـ خۆیی)یەکیش لەباربێت، ئەوسا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێ.

کەواتە:

ـ هەڵبژاردن چالاکییەکی سیاسیی پەتی نییە، بەڵکو چالاکیەکی رۆشنبیری و کۆمەلایەتیشە.

ـ هەڵبژاردن فرسەتێکە لەبەردەم تاکەکەسدا بۆ تازەکردنەوەی ئینتیما کە شتێکی رۆژانەییە، دەبێ ئەم فرسەتە بەردەوام لەپرۆسەی هەڵبژاردن و (پرۆسەی سیاسیشدا بەگشتی) برەخسێنرێ.

ـ هەڵبژاردن فرسەتێکە لەبەردەم کۆمەڵگەدا بۆ بەشداریکردن لەدەستەبەرکردنی دەستکەوتە گشتیەکاندا، ئەگەر ئەم فرسەتە لەکیس بدرێ، ناتوانرێ وا لەکۆمەڵگە بکرێ هەست بەوە بکات بەشی بەسەر شکۆمەندیەکانی مێژوی گەلەکەیەوە هەیەو بۆی هەیە پێوەیان بنازێ و داکۆکییان لێ بکات!

تێبینی: دەسەلاتی کوردی لەم هەژدە ـ نۆزدە ـ ساڵەدا وەها مامەڵەی لەگەڵ کۆمەڵگەدا کرد، وەکو ئەوەی پێی وابو بێ، کەس بەشی بەسەر شکۆمەندیەکانی راپەرین و کوردایەتی و شۆڕشەوە نیەو ئەوەی هەیە تەنها دەسکردی خۆی و پێشمەرگەکانی لەوەوبەری خۆیەتی کە ژمارەیان لەچەند هەزار کەسێك زیاتر نەبو.. ئەوەبو نەیهێشت جیلی دوای شۆڕش و کەسانی دەرەوەی ریزەکانی کۆنی خۆی، رۆڵێکی ئەوتۆیان هەبێ لەسەرکردایەتیکردنی کۆمەڵگەو ئاراستەکردنی پرۆسەی سیاسی و ئیداریدا، بۆیە رۆژی 25ی تەمموز جیلی نوێ و بەشێکی زۆری خەڵکانی تریش، گوژمێکی توندیان بەستەوە بۆ لەقکردنی ئەم روانگە پاوانخوازانەیەو دەستەبەرکردنی بەشە شکۆمەندیی خۆیان لەناو مێژوی نوێی گەلەکەیاندا (ئاگایانە، یان نائاگایانە). ئەمە بۆچونێکی (زهیر الجزائری)م بیر دەخاتەوە، دەڵێ: ئەوەی رژێمی بەعسی توشی نائومێدی کرد ئەوەبو لەراپەرینەکەی ساڵی 1991ی باشوردا، ئەوانەی بەتوندی خۆیان راپسکاندو بەشداریی راپەڕینیان کرد، لەدایکبوانی سالانی دوای هاتنە سەر تەختی رژێمی بەعس بون کە بەجیلی شۆڕش ناسرابون، واتە: ئەوانە بون کە لەسایەی فیکری بەعسی دا لەدایك بو بون و گەورەو پەروەردە بو بون، کەچی نەك هەر نەبونە فریادرەس بۆ حیزبەکەیان، بەڵکو بەشداریی جدییان کرد لەبئیومێدکردن و هەڵکەندنیدا.

ـ هەڵبژاردن لە(ئامانج)ە سیاسیە پەتیەکاندا کورت نابێتەوە، بەڵکو دەبێ ئامانجی رۆشنبیری و کۆمەلایەتی و کەینونیشی بخرێتە سەر، دەبێ بەپێوەرێکی فراوان،

قازانجو زەرەرەکانی بپێورێت، نەك تەنها بەپێوەری سیاسی، دەبێ حسابی ئەوەی تیابکرێ کە ئایا تا چەند رێگە خۆشکەرە بۆ دیموکراتیزەکردنی رەوشتی تاكو کۆمەڵو کایە رۆشنبیریو کۆمەڵایەتیەکان بەگشتی، ئەوجا دیموکراتیزەکردنی پرۆسەی سیاسی.. نابێ لەهەڵبژاردندا تاکەکەسو کۆمەڵ، لەروی مەعنەوییەوە بکرێنە قوربانی (ئایدیایەکی سیاسی)، یان (گوتارێکی سیاسی پەتی!).. ئەگەرنا ئەی کەواتە چەسپاندنی ئایدیای سیاسیو گوتاری سیاسی، بۆ باشکردنی ژیانی مادیو سیاسیی کێ؟ بەبەشداریو کۆمەکی کێ؟ لەچوارچێوەی کام هەلومەرجی بابەتیدا؟ ئەگەر ژیانی مەعنەویو کۆمەڵایەتی خەڵکی تیا رەچاو نەکرا، ئەگەر جۆری بەشداریو هێزی بڕوای ئەوانی تیا لەبەرچاو نەگیرا، ئەگەر لەگەڵ هەلومەرجی خۆیی ئەواندا گرێ نەدرایەوە؟

ـ لەهەڵبژاردندا تاکەکەس ئەو ژمارە ترسناکەیە کە ئەگەر بەحاڵەتێکی مەعنەویی بەرزەوە، بەناوەڕۆكو بڕوای چەسپاوەوە، بەشداریی پرۆسەکەی نەکرد، ئەوا ئەنجامی هەڵبژاردن (وەکو ژمارە!) چەند بەرزیش بێت مایەی دڵخۆشیو جێی متمانە نییە، چونکە ئەوەندەی دەربڕی کورتبینیو نابەرپرسیارێتیو سەرکوتکراویو بێ ئاسۆیی کۆمەڵگەیە، نیوئەوەندە دەربڕی پاشەرۆژبینیو یەکرێزیو هاوسۆزیو پاشەرۆژ رونیی کۆمەڵگە نیە!

ـ لەهەڵبژاردندا پاڵنەرە سایکۆلۆجیەکان (کە بریتین لە: فاکتەرە دەرونی و ناوەکیەکانی مرۆڤو بەوە ناسراون ئاڵۆزنو بەباشی ناناسرێنەوە)، شانبەشانی هۆکارە بابەتیەکان 0کە لەگوتاری سیاسیدا بەرونی خۆ دەنوێنن)، رۆڵیان هەیەو ناکرێ نادیدە بگیرێن، لەو پاڵنەرانە: (حەزکردن بەنوێکردنەوە ئینتیما بەبەردەوامی، حەز کردن بەشداری کردن لەدەستەبەرکردنی دەسکەوتەکاندا، حەزکردن بە رێزداریو پەسەندی)و هتد... بوار رەخساندنی بۆ رازیکردنو وەلامدانەوەی ئەم پاڵنەرانە لەپرۆسەی هەڵبژاردندا، نابێ وەکو تاکتیك و ئامراز بۆ سەرخستنی پرۆسەکە تەماشا بکرێ، بەڵکو دەبێ وەکو بەشێك لەئامانجە گرنگەکانی پرۆسەکە تەماشا بکرێ.

ـ لەهەڵبژاردندا دەتوانرێ بەپێی پلان تارادەیەکی زۆر تەحەکوم بەئەنجامو ئامانجی هەڵبژاردنەوە بکرێ.

تێبینی: لەهەڵبژاردنەکەی 25ی تەممووزی هەرێمی کوردستاندا، وا دیار نەبو لایەنە سیاسیە بەشدار بوەکان ئەم راستییەیان بەهەند گرتبێت.

ـ هەڵبژاردن، بەو پێیەی پرسێکی سیاسیی پەتی نییە، نابێ بەپێی پلانێکی سیاسیی پەتی بەڕێوە ببرێ، بەڵکو دەبێ بەپێی پلانێکی زانستی هەمەلایەن بەڕێوە ببرێ کە حسابی بۆ رەهەندە دەرونیی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەکان کردبێ .

ـ لەهەڵبژاردندا (فرەلیستی)و (کێبەرکێی سیاسی) کایەکە جدیتر دەکەن، فرسەتی ئەوە دەرەخسێنن رێژەی بەشداریکردنی دەنگدەران هەڵکشێ بۆ بەرزترین ئاست.. بەڵام (یەکلیستی)و (تەسککردنەوەی بواری کێبەرکێی سیاسی) رێژەی بەشداریکردنی دەنگدەر دێنێتە خوارەوە.

ـ فرەلیستی لەهەڵبژاردندا بۆ ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان، قازانجی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیو سیاسیشی زۆرترە لەیەك لیستی.. ئەم راستییە لەهەڵبژاردنەکەی 25ی تەمموزدا زۆر باش کەوتە رو.. بەڵام بێگومان راستییەکی زەقو نەگۆڕ نیە، دەکرێ لەکاتو شوێنێکی تردا (یان هەر لە کوردستاندا، بەڵام لەقۆناغێکی تردا) بەهەمان شێوە خۆی پیشان نەداتەوە.

ـ هەر لایەنێکی سیاسی کە بەشداریی هەڵبژاردن دەکات، دەبێ بیری ئەوەی هەبێ ئەنجامی بەشداریکردنەکەی تەنها گرێدراوی گوتارە سیاسیەکەی نیە، بەڵکو گرێدراوی چۆنیەتی بەشداریکردنەکەشیەتی.. بەمانایەکی تر: مەرج نیە بونی گوتارو پرۆژەی سیاسیی باش، ئەنجامی زۆر باش بۆ خاوەنەکەی مسۆگەر بکات، ئەگەر شێوازی بەشداریکردنەکەی باش نەبێو رازیکردنی پاڵنەرە دەرونیەکانی دەنگدەری تیا بەهەند نەگیرابێ.. ئەمە موفارەقەیەکی سەیرە، زۆرجار سیاسەتکار توشی راچڵەکین دەکات، بەتایبەتی ئەو سیاسەتکارەی کە بەتەواوی سەر لەپەنهانیەکانی ناخی مرۆڤ دەرناکاو نازانێ ئەم بڕیارەی خەڵكو ئەم ئەنجامەی هەڵبژاردن چۆن بەمجۆرە دەرچون؟

هەڵبژاردنە گشتیەکەی 25ی تەمموزی هەرێمی کوردستان شایەدی ئەم راستیەیە.

لەهەڵبژاردنە گشتیەکەی عێراقیشدا دەبێ لایەنە کوردستانیەکان :

ـ بەوردی حساب بۆ شێوازی بەشداریکردنی خۆیان بکەنو پلانیان هەبێ.

ـ قازانجو زەرەری پرۆسەکە لەئامانج و مانا سیاسیەکانیدا کورت نەکەنەوە.

ـ بەمتمانەی تەواوەوە سەری (ئەرێکردن) بۆ (فرەلیستی) بلەقێنن، نەك وەکو (ابغچ الحلال) تاڵترین حەلال شانی بکەن بەبەردا! چونکە:

ـ لەفرەلیستی دا بواری ئەوە دەڕەخسێ هەر کەسە دەنگ بدا بەدڵخوازی خۆی.
ـ کێبەرکێ گەرم دەبێ.
ـ رێژەی بەشداریکردنی دەنگدەران بەرز دەبێتەوە.
ـ پرۆسەکە، هەم لەسەر ئاستی (ئامانج)و (ئەنجام)ە
سیاسیەکانی، هەم لەسەر ئاستی (ئامانج)و (ئەنجام)ە
رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و دەرونیەکانی، بەقازانج تەواو دەبێ.
بەڵام یەکلیستی:
ـ نەوەڵامی پاڵنەرە دەرونیەکانی دەنگدەری بەتێرو تۆخی پێ دەدرێتەوە.
ـ نە دەبێتە هۆی زیاتر راهێنانی خەڵك لەسەر مومارەسەکردنی دیموکراتیەت و فراوانکردنی کەلتوری پێکەوە هەڵکردن.
ـ نەدەشتوانێ (رێژەی راستەقینە!)ی بەشداریکردنی دەنگدەر سەرخات کە هەمو ماناو ئەنجامە سیاسیەکانی هەڵبژاردنیش هەر بەندن بەبەشداریکردنی زیاتری دەنگدەرەوە.
هۆی هەمو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە:
ـ بەشداریکردنی خەڵك لەدەنگداندا بۆ (یەك لیست)، بەشداریکردنێکی رەمزی و ناچارانەیە.
ـ بەڵام بەشداریکردنیان لەدەنگداندا بۆ (چەندین لیست)، بەشدارییەکی راستەقینەو دڵخوازانەیە.
ئەمە جگە لەوەی کە ئاخۆ یەکخستنی چەندین لایەنی سیاسی لەیەك لیستی هەڵبژاردندا، چەند زەحمەت بێت.
لەوانەیە هەبن بپرسن.
ـ ئایا ئەمە ناکۆکیەکی میتۆدی نیە: (پرۆسەیەکی سیاسی بەگوتارو ناواخنێکی نەتەوەییەوە، بئاڵێنرێ لەپرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی بەناواخنێکی دەرونی و رۆشنبیرییەوە!)؟ من پێم وایە (نەخێر!)، نارێکی و ناتەبایی و هەڵە، لەوەدایە هەڵبژادن وەکو پرۆسەیەکی سیاسیی پەتی تەماشا بکرێ و لەکۆمەڵێ ئامانجی سیاسی پەتیدا کورت بکرێتەوە (ئەنجامی کۆتایی خودی پرۆسەی هەڵبژاردن، باشترین بەڵگەیە لەسەر راستێتی ئەم روانگەیەمان). ئێستا ئیتر گرەوەکە لەسەر ئەوەیە:

ـ ئایا بەڕاست تاکەکەسی کوردو کۆمەڵی کوردەواری، لەم هەڵبژاردنەشدا (وەك هەڵبژاردنەکەی 25ی تەمموز)، یەکلایی کردنەوەی مەسەلەیەکی گەورەی نەتەوایەتی (وەکو بونی کورد لەپەرلەمانی بەغدا)، گرێ دەدەنەوە بەچەند پاڵنەرێکی دەرونی ـ کۆمەڵایەتی ئاڵۆزەوە؟

ـ ئایا ئەمجارەش رەهەندە (دەرونی ـ کۆمەڵایەتیەکان)، لەپاڵ رەهەندە سیاسیەکاندا، بەهەند دەگرن؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە، هەڵبژاردنە گشتییەکەی عێراق خۆی دەیداتەوە.

بەڵام با تا ئەو کاتە راستییەك بەبیری خۆمان بهێنینەوەو بپرسین:

ـ ئایا دەسەڵاتی کوردی، لەهەژدە ساڵی رابردودا، بیری ئەوەی هەبوە فرسەتی (تازەکردنەوەی ئینتیما)و (بەشداریکردن لەدەستەبەر کردنی دەستکەوتەکاندا)، بۆ (تاکەکەس)و (کۆمەڵی کوردەواری)، ببەشێوەیەکی فراوان بڕەخسێنێ؟

ـ ئایا بیری ئەوەی هەبوە ئەم مەسەلەیە وەکو ئەرکێکی بەردەوام تەماشا بکا، لەکەلتوری سیاسیو روانگەی خۆیدا جێی بکاتەوە؟

وەڵام: (نەخێر).

بەڵگەش ئەوەیە کە:

لەدوای راپەڕینو هەڵبژاردنە گشتیەکەی ساڵی 1992، کە دەکاتە (16-17) ساڵ، ئیتر نەهێڵرا تاکەکەسی کوردو کۆمەڵی کوردەواری، لەهیچ نمایشێکی سیاسیو کۆمەڵایەتیی راستەقینەدا دەرکەون کە لەڕێیەوە هەست بەبونو لێکنزیکیو بەڕێزیو پەسەندیی خۆیان بکەن.. هەمویش دەزانین نوێکردنەوەی ئینتیماو بەشداریکردن لەدەستەبەرکردنی دەستکەوتە نیشتمانیو نەتەوەییو دیموکراتیەکاندا کە دەبنە بایسی لێکنزیکیو رێزداریو پەسەندیی تاکەکەسو کۆمەڵ لەلای خۆیانو لەڕوی یەکتریشدا، دەبێ لەنمایشی جەماعی راستەقینەدا بچەسپێنرێن، نەك لەنمایشی رەمزیو کارتۆنیدا، بۆ نمونە لەهەڵبژاردنی شارەوانیو سەندیکاییو پیشەیی رکابەر ئامێز یان لەخۆپیشاندانی گەورەو قەرەباڵغ، یاخود لەیادکردنەوەی کارەساتی ئەنفالو هەڵەبجەو باقی مەرگەساتەکان، بەڵام بەبیانوی (ئیستیفزازنەکردنی رژێمی بەعس)، لەساڵی 1992 بەدواوە، هەتا لەقبونی پێگەی صەدام لەحوکمدا، نەهێڵرا یادی مەرگەساتەکان بەجۆرێك بکرێنەوە کە هەم لەیادەوەریی جیلەکاندا وەکو روداوی زیندو بمێننەوە ببنە بەشێك لەهوشیاریی مێژویی خەڵك، هەم بکرێتە فرسەت بۆ

ئەوەی تیایاندا خەڵكی كوردستان بەتەنیشتی یەكترەوە دەربكەون، لەنێوانی خۆیاندا هەست بەهاوسۆزیو هاوبڕواییو هاوچارەنوسیی یەكتر بكەن، بەمجۆرە هوشیاریی سیاسیو كۆمەڵایەتیی خۆیان پەرە پێ بدەن، پارسەنگی دەرونیی خۆیان رابگرن، بەرامبەر بەیەكتر هەستی نامۆ بون دایان نەگرێو خۆیان بەیەك میللەت بزانن، نەك بەكۆمەڵگەیەك پەرتەوازەی بێ شیرازەی نایەكانگیر.. خۆ پیشاندانیش (نەك هەر دژ بەهەڵەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەڵكو دژ بەدەستدرێژیی وڵاتانی دراوسێ بۆ سەر هەرێمی كوردستان، هەروەها دژ بە لاڕێیو پێنجو پەناكانی جەعفەریو مالكیو كێو كێش بەرامبەر بەكوردو مافە دەستوریەكانی) ئەوە هەر قەدەغەبو.. ئەگەر هەڵبژاردنی شتێكیش ئەنجام درابێ، ئەوا بەبیانوی پاراستنی یەكێتیی ریزەكانی گەل، لەچوارچێوەی تەوافوقاتدا خنكێنراوەو وەكو نمایشێكی كارتۆنی بەڕێوەبراوە كە دڵو دەرونی خەڵكی رازی نەكردوە! بۆیە رۆژی 25ی تەمموز، لەیەكەم فرسەتی راستەقینەدا، خەڵكی كوردستان بەتوندی خۆیان فڕێ دایە ناو هەڵبژاردنەوە بەمجۆرە شوناسی (15-16) ساڵ تازە نەكراوەی خۆیانیان تازەكردەوەو خۆیان دڵخۆش كرد بەوەی بەشداری لەدەستەبەركردنی هەلومەرجێكی سیاسیی تازەدا دەكەن! (ئەمە تەنیا فرسەتی راستەقینە بو لەماوەی 16-17 ساڵدا هاتەڕێیان).

كەچی لەوڵاتانی تردا، لەماوەی ئەو (16-17) ساڵەدا دەیان نمایشی سیاسیی گەورە گەورە بەڕێ خران، هەر لەهەڵبژاردنە گشتیە بەردەوامەكانەوە بیگرە، تا دەگاتە خۆپیشاندانەكانی دژی جیهانگیری دژی روخاندنی رژێمی بەعس، دژی لێدانو كوتانی بەردەوامی فەلەستین، دژی ئەنجامی تەزویركراوی هەڵبژاردنەكانی ئێرەو ئەوێ،...هتد.

بەو هیوایەی لایەنە سیاسیەكانمان، لەهەڵبژاردنە گشتیەكەی عێراقیشدا، رێگە هەڵەنەكەنو جارێكی تر خەڵكی كوردستان بەرێهەڵەكردو ناوزەدنەكەن، وەكو ئەوەی لەدوای راگەیاندنی ئەنجامی كۆتایی هەڵبژاردنە گشتیەكەی هەرێمی كوردستان، بەرگوێمان كەوت.

2009

لەرۆژنامەی رۆژنامەو سایتی سبەی بڵاوبۆتەوە.

........................

# بەقسەی فەرەیدون عەبدولقادر بکەن

*لەچەند رۆژی رابردودا رێزدار (فەرەیدون عەبدولقادر) کە یەکێکە لەسیاسییە خاوەن ئەزمونەکانی کوردستان لەتەلەفزیۆنی روداو میوانبو، لەبارەی رەوشی ئێستای هەرێمەوە گفتوگۆی لەگەڵ کرا.*

*ئەو گفتوگۆیە خستمیە سەر کەڵکەڵەی بەراوردکارییەکی سەرپێ یی لەنێوان پرەنسیپی نەفعییەتخوازی و پێچەوانەکەی، لەناو کاری سیاسیدا.*

*هەروەها بەراوردکاری لەنێوان رۆڵی (فەرەیدون)ەکانی ناو دنیای سیاسەت و حیزبایەتی و رۆڵی (فەرەیدون)ەکانی ناو دنیای رۆشنبیری و نوسین لەکۆمەڵگەدا (ببورن لەوەی ناوی خۆم بەکار دەهێنم، مەبەستمە تەنها ئیستیفادە لەو رێکەوتە بکەم کە : رێزداری ناوبراو و خاوەنی ئەم وشانە هەمان ناویان هەیە، هیچیکە، دەنا ئەگەر ناوبراو بۆ نمونە ناوی رێبین یان رێبوار بوایە، حەتمەن لەناو ناوی نوسەراندا ناوی رێبین و رێبوارەکانم هەڵدەبژارد بۆ ئەوەی بیخەمە تەك ناوەکەی لەرستەکەدا).*

*ئێستا با بەکورتی قسەکەم بکەم :*

*نەفعییەت یان نەفعییەتخوازی لەسیاسەتدا (لەپێناوی دەسکەوتی شەخسیدا نا، لەپێناوی دەسکەوتی گشتیدا : دەسکەوت بۆ هەمو خەڵك) رێگایەکە ئینکاری لەباشێتیی ناکرێ، ئەزمونی سیاسیی زۆرێك لەگەلانی دنیاو دەوروبەرمان سەلماندویەتی : ئەو ئەنجامە ئیجابیانەی بەهۆی تەبەنیکردنی ئەو پرەنسیپەوە بەدەست دێن، مومکین نییە بتوانرێ بەهۆی تەبەنیکردنی رێگا پێچەوانەکەیەوە بەدەست بێن.*

*ئەو ئاراستەیەی رێزدار فەرەیدون عەبدولقادر لەقسەکردندا گرتبویەبەر، رێگا باشەکەیە، رێگای دەسخستنی ئاشتی و ئارامی، ماڵرێکخستنەوەو خۆئامادەکردن بۆ پێشوازی لەئایندەو مامەڵەی دروست لەگەڵ پێشهاتەکان.*

*بێگومان فەرەیدونەکانی بواری نوسینیش لەو قسانەیان زۆر کردوەو نوسیوە، بەڵام بەداخەوە پێناچێ بیسترابێ، نە لەلایەن خەڵکەوە نە لەلایەن حیزبی کوردییەوە کە دەبوایە مامۆستاو بیرمەندی گەورەیان تێدا هەڵبکەوتایە میللەت و حیزبیان بەو ئاراستەیەدا ببردایە.*

*هیوادارم و داواکارم کە : حیزبی کوردی (بەتایبەتی پارتی و گۆڕان) ئەگەر تا ئێستا لەئێمەومانانیان وەرنەگرتوە، لەسیاسەتمەدارە ڕەفیق دەربە خاوەن ئەزمونەکەی خۆیانی وەربگرن (فەرەیدون عەبدولقادر).*

*گۆڕان، حەتمەن دەبێ ئەوەی بیستبێ کە شکستی پرۆژەی سیاسیی عەرەبی، وەکئەوەی هەندێ لەنوسەرانی خۆیان باسیدەکەن، بۆ نمونە : محمد جابر الانصاری «العرب والسیاسة.. أین الخلل» بەهۆی تەبەنیکردنی سیاسەتی خەڵکگەراییەوە بوە، بەهۆی ئەوەوە بوە کە سەرکردایەتیی سیاسی عەرەبی کەوتۆتە شوێن عەقڵی خەڵك کە دەبوایە بەپێچەوانەوەبێ : سەرکردایەتیی سیاسی، خەڵك بخاتە شوێن عەقڵی خۆی، نمونەش بۆ ئەوە جەمال عەبدولناسرە کە وەکو لێی دەگێڕدرێتەوە هەندێجار نەیوێراوە لەترسی رای گشتی رای خۆی بدرکێنێ.*

*ئەگەرچی من وەکو خۆم لێم مەعلوم نییە سەرکردایەتیی گۆڕان و قاعیدەکەی، کامیان شوێن عەقڵی ئەویتریان کەوتون، بەڵام ئەگەر وادانێین سەرکردایەتیەکەی کەوتۆتە شوێن عەقڵی خەڵك، ئەوا دەبێ لەم جۆرە قسانەی بەتۆخی بدرێ بەگوێدا.. ئەگەر واشدانێین سەرکردایەتیەکەیەتی (لەپاڵ نەهجی خەڵکگەراییدا) خەڵکی بەشوێن خۆیدا بردوە بەرەو ئەم ئاقارە سیاسییەی ئێستا، ئەوا دەبێ دیسان بەتۆخی لەم قسانەو قسەیتریشی بدرێ بەگوێدا.*

*هەرچی پارتییە ئەوا هەڵەکانی زۆر زەقن، ئەوەندە زەقن پێویست بەوە ناکا فەرەیدون عەبدولقادر، یان هەر فەرەیدونێکیتر بیانجوێتەوە.*

*تەنها ئەوەندە بەسە بیری بخرێتەوە کە ئەو خۆی (واتە پارتی) لەمیللەت زیاتر پێویستی بەبونی ئاسایشی راستەقینەیە لەکۆمەڵگەدا، ئاسایشێك لەرێی چەسپاندنی قەواعیدی مەدەنییەوە دەستەبەرکرابێ، نەك لەرێی زەبروزەنگەوە.*

*پارتی، حەتمەن ئاگای لەوەیە کە : سەد ئەمریکا لەپشتی ئیسرائیل و سەرۆکەکان و حیزبەکانی بوایە، ئەگەر حیزبەکان و سەرۆکەکان و گەلی ئیسرائیل بەخۆیان یەکگرتو نەبونایە، لەسەر بنەمای دیموکراتیەت و یاسا کاروباری خۆیانیان بەرێوە نەبردایە، ئێستا حەوت زەمانەبو قوت درابون، هەر خۆیان یەکتریان قوتدابو، وەکو ئەوەی لەئێرانی شاهەنشاهی و وڵاتە دیکتاتۆریزەکراوەکانی تری ناوچە : عێراق، سوریاو لیبیا، رویدا.*

*2015 11 / 8*

……………………

## کامیان؟

ژیان لەسەر زەوی، هەڵناکەوێ هەمو کاتێ وەکو ژیان لەناو لاپەڕەکانی ڕۆماندا، لەژێر کۆنترۆڵی خۆماندابێ (چۆنمان حەزلێبو وەها بیسازێنین).. ئەمە راستییەکی سادەیە، دەبێ هەمیشە لەبیربێ، بەتایبەتی بیری سیاسەتمەدار، بەڵام زۆر لەبیر نییە، رەنگە بەهۆی سادەییەکەیەوەبێ.

بەهۆی نادیدەگرتنی ئەو راستییە سادەیەوە، زۆرێك لەسیاسەتمەدارو خەڵكی وڵاتی ئێمە، کەوتونەتە تەنگژەوە.

حیزبێك دەیەوێ سەرۆکەکەی خۆی، هەتا هەتایە، یان هەتا ئەودیوی یاساش، هەر سەرۆکبێ (سەرۆکی هەمو خەڵك)، وێڕای ئەوەی خەڵکێکی بێشومار ئەمەی بەدڵ نییە، حیزبەکەیتر دەیەوێ نەهێڵێ وابێ، بەڵام لەدەم زیاتر شك نابات بۆ رێگرتن لەو کارە.

چەند تایەفەیەك دەیانەوێ هەمو تایەفەکانیتری وڵات لەپەراوێزی ئەواندا بژین، دەستەودایەرەو پاشکۆی ئەوانبن، تەنانەت ئەگەر بەزەبری چەکیشبوبێ، تایەفەکانیتریش دەیانەوێ ئەو چەند تایەفەیە تەفروتوناکەن، یان هیچ نەبێ لەدەسەڵات وەدەریان نێن، وێڕای ئەوەی هیچ کام لەو دو چارەسەرە نە لەعەقڵدا جێیان دەبێتەوە نە لەسەر زەوی.

سەیر لەوەدایە هیچ سیاسەتمەدارێکی کورد لەهەرێمی باشوری کوردستان، تا ئێستا وەڵامە کۆنەکەی پرسیاری : سیاسەت چییە، کە دەڵێ : بریتییە لەهونەری مومکینات، لەزەینیدا نەسڕدراوەتەوە، ئێستاش زۆربەی سیاسەتمەدارانی ئەم هەرێمە بڕوای زۆریان بەو وەڵامە هەیە، بەڵام تەنها بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و دەوروبەر، نەك بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ یەکترو لەگەڵ خەڵکی وڵات لەناوخۆدا، وەکو ئەوەی ئەو قاعیدەیە قاعیدەیەکبێ تەنها بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەرەوە نەك لەناوخۆدا، بۆ ناوخۆ لەجیاتیی تەبەنیکردنی ئەو قاعیدەیە، تەبەنیی تیۆری موئامەرە دەکەن : هەمو رەخنەو بۆچون و چالاکییەك بەئاراستەی پێچەوانەی ویستی خۆیان، دەدەنە پاڵ دەستی دەرەکی و ناوی دەنێن موئامەرە.

زۆربەی خەڵکەکەش هەر بەوجۆرەن، لەهەر کەس بپرسی : ئەگەر بۆ نمونە چویتە صەمونخانەیەك بۆ کڕینی بایی دو هەزار دینار صەمون، بەڵام تەنها بایی هەزار دینار صەمون لەصەمونخانەکە مابو، صەمونخانەی نزیکیش دەست نەدەکەوت رویتێکەی، مناڵەکانیشت لەماڵەوە چاوەڕێی صەمونی تۆبون بۆ بەرچایی، هەڵوێستت چۆن دەبێ؟ بایی

هەزار دینارەکەت دەوێ یان نا؟ وەڵام دەداتەوە : بابی هەزارەکە دەبەم , کاتێکی تر دەچمەوە بۆ بابی هەزارەکەیتر.. ئەمە ئەگەر قسە لەبارەی ژیانی تایبەتیی خۆیەوەبێ، بەڵام ئەگەر قسە لەبارەی ژیانی خەڵکەوەبێ بەگشتی، رەنگە بڵێ : یان بابی دو هەزارەکە بەسەریەکەوە، یان هیچ ! ئیتر نازانم ئەمە لەهەستی نابەرپرسیاریەتییەوەیە، یان لەو روانگەیەوەیە کە کێشە، ئەگەر پەیوەندیی بەژیانی هەموانەوە هەبو بەگشتی، هەمیشە دەتوانرێ مامەڵەیەکی رادیکالانەی لەگەڵ بکرێ و چارەسەری قەطعیی بۆ ببینرێتەوە.

لەڕاستیدا ناکرێ یان رەنگە پێویست نەبێ (رادیکالیزم) بەتەواوی لەچوارچێوەی سیاسەت ببرێتە دەرەوە، بەڵام بیری ئەوە هەبێ کە : دروستترە ئەم پرەنسیپی (هونەری مومکینات) یان (نەفعییەت و بەرژەوەندخوازی)یە بخرێتە پێش ئەوەوە.

نەفعییەتخوازی بوار دەدا ئەگەر قازانج لەچارەسەری رادیکالیانەدابو، چارەسەرە رادیکالیانەکەش مومکین بو، سێ و دوی لێ نەکرێ، بەڵام رادیکالیزم بوار نادا ئەگەر قازانج لەهەڵبژاردنی چارەسەرێکی مامناوەندیدابو، لەوە زیاتریش مومکین نەبو، دەست بۆ نیمچە چارەسەرەکە ببرێ.. ئەوسا ئیتر دۆخێکی (سیاسی -کۆمەڵایەتی) پێکدێ وەکو ئەم دۆخەی ئێستای ئێمە!

بەبڕوای خاکیانەی من چارەسەر ئاوایە:

دەسەڵاتدارانی زۆنی ئەوبەر (زۆنی زەرد)، ناتوانن دەسەڵاتدارانی زۆنی ئەمبەر (زۆنی رەنگین) بەیەکجاری راماڵن، لەپرۆسەی سیاسی بیانکەنە دەرەوە، یان بەهەندێ دەوری کارتۆنی رازییانکەن، گریمان توانیشیان کارێکی وەها مەحاڵ ئەنجام بدەن، بەڵام عەقڵ نایبڕێ بتوانن بەئاسانی ئاسایش و ئاسودەیی و دڵنیایی لەناوچەکەدا بۆ خەڵکەکەو بۆ خۆیشیان دەستەبەر بکەن.

دەسەڵاتدارانی زۆنی رەنگینیش ناتوانن هیچ کام لەو شتانە (یان شتی هاوشێوەی ئەو شتانە) بکەن.

دەشگەیەنرێتە شەڕو پێکدادان ئەنجامەکەی هەر هەمان ئەنجامی شەڕی ناوخۆی پێشو دەبێ!

کەواتە : تەنهاو تەنها گفتوگۆو پێکهاتن هەیە بتوانرێ پێشنیار بکرێ، ئیتر ئەنجامەکەی بریتی دەبێ لەهەرکام لەمانە هەر خراپ نییە (وەکو چارەسەرێکی مامناوەند) :

* (اعادة الحال الی ما کانت علیه) زائید چاکسازی لەمەلەفی نەوت، ئاسایش، ئابوری، ناقص مەسەلەی سەرۆکایەتی.

* یان ئەنجامدانی ئینتیخابات و دابەشکردنی رۆڵی سیاسی بەسەر (دەسەڵات - ئۆپۆزسیۆن) لەنێوان لایەنەکاندا، چ بەتەوافوق، چ بەپێی گرتنەبەری رێوشوێنە دیموکراتیەکانی بەڕێوەبردنی پرۆسەی ئینتیخابات.

* یاخود دابەشکردنی هەرێم (دابەشکردنێکی نەرم و ئارام) بۆ دو (زۆن - کانتۆن) یان بۆ سێ دانە (ئەگەر کەرکوك حساب بکرێ)، بەمەرجی هێشتنەوەی پەیوەندی لەنێواندا (وەکو ئەوەی لەئیماراتدا کراوە).

بۆچی بتوانرێ پەیوەندییەکی گونجاو لەگەڵ وڵاتۆچکەی ناوچە (ئیمارات و کوێ و کوێ) بەرپا بکرێ، بەڵام نەتوانرێ وەکو ئەوەی ئەو وڵاتۆچکانە لەناوخۆی خۆیاندا کردویانە، لەناوخۆی هەرێم پەیوەندییەکی گونجاو لەنێوان دو سێ کانتۆندا بەرپا بکرێ (مەبەستم لەدابەشکردنی نەرم و ئارام هەر ئەمەیە).

2015 / 11 / 8

.......................

# بەرەو بەپردکردنی بۆشایی نێوان دەسەڵات و قەڵەم

نوخبە بەو گروپە کەسانە دەوترێت کە لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانی ناو کۆمەڵدا ریزی پێشەوەیان بەردەکەوێت.

یەکەمجار پرەنسیپی (نوخبە) لەلایەن ئەفلاتونی فەیلەسوفی یونانیەوە سەری هەڵدا.. ئەفلاتون داوای دەکرد فەیلەسوفەکان فەرمانڕەوایی کۆمەڵگە بکەن.

بەڵام چەمکی نوخبە بە مانا نوێو سەردەمییەکەی، لەناو لێکۆڵینەوە سیاسییەکاندا سەری هەڵداو دەرکەوت، پاشتر وردەوردە فراوان بوەوەو پەڕییەوە بۆ ناو لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان.

بەپێی لێکۆڵینەوە پسپۆڕییەکان، چوار جۆر نوخبە هەیە:-

1- نوخبەی سەربازی

2- نوخبەی ئیداری

3- نوخبەی بیرۆکراتی

4- نوخبەی رۆشنبیر

ئەم چوار نوخبەیە رۆڵێکی زۆر گرنگییان هەیە لە ئاڵوگۆڕە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانداو دواجار هەر چواریان پێکەوە لە هاوکێشەیەکی فراواندا یەکانگیر دەبنەوە.. بەڵام سیانی پێشەوەیان (واتە: نوخبەکانی سەربازیو ئیداریو بیرۆکراتی) زیاتر نزیکایەتیان لەگەڵ یەکتر هەیەو روەو یەك خاڵی هاوبەش رێدەکەن کە بریتییە لە (حوکمڕانی).. بگرە مەسەلەی حوکمڕانی وەکو ئامانج تەماشادەکەن.. ئەمە بەو مانایە دێت کە ئەو سێ نوخبەیە شوێنێکی هاوبەش هەیە گردو کۆیان بکاتەوە (ئەگەرچی بە یەکجاری یەکناگرنو بۆ هەتا هەتایە لە یەکتردا ناتوێنەوەو نابنە یەك نوخبە)، بەڵام نوخبەی رۆشنبیر تا رادەیەك تەنیا باڵەو بە تەنیا باڵیش دەکەوێتە جەدەلەوە لەگەڵ واقعی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریو دیکەی هاوکێشە ئاڵۆزو سەختەکان، یاخود راستتروایە بڵێین: پێش نوخبەکانی دیکە دەکەوێتە جەدەلەوە لەگەڵیدا.

لێرەدا ئاوڕێك لە پەیوەندییەكانی نێوان ئەو چوار نوخبەیە دەدەینەوە، بە ئامانجی ڕونكردنەوەی ڕادەی گرنگی هەریەكەیان لە پرۆسەی نوێبونەوەو گۆڕاندا، بەڵام لە هاوكێشەیەكی كورتكراوەدا، بەمجۆرە:-

دەسەڵات ـ نوخبەی ڕۆشنبیر

مەبەستمان لە دەسەڵات بریتییە لە كۆی ئەو بونیادە سیاسیو كۆمەڵایەتیو ئابوریانەی كە لە دو توێی خۆیاندا سێ نوخبە لێك نزیكەكەی ئاماژەمان بۆكردن (سەربازیو ئیداریو بیرۆكراتی) دەگرێتەخۆ.

بێگومان (گۆڕان) ئامانجێكی بەرزو پیرۆزو ژیاندۆستانەیە (یاخود دەبێت: ئامانجێكی بەرزو پیرۆزو ژیاندۆستانە بێت) بۆ هەردو سەری ئەو هاوكێشەیەی دیاریمانكرد (واتە: بۆ دەسەڵاتو بۆ نوخبەی ڕۆشنبیر).

گۆڕان تا ڕادەیەك وەكو زەرورەتی هەبونی سیستمی سیاسیو دەسەڵاتو ڕەوایەتیی دەسەڵات وەهایە...

هەروەها بەڵگەی ڕاستەقینەشە لەسەر ئەوەی نوخبەی ڕۆشنبیر لەو كاتو شوێنەدا كە گۆڕانەكەی تێدا ڕودەدات بە كردەوە نوخبەیەكی ڕۆشنبیرە.. گۆڕان ئەو ئامانجەیە كە دواجار دەبێتە گرێژەنەو پنتی یەكانگیربونەوەی سەرجەمی نوخبەكانو هەمویان لە دەوری خۆی كۆدەكاتەوە.. هەندێك جاریش دەبێتە چەقی بەریەك كەوتنی بۆچونە جیاوازەكانو هێزە جۆراوجۆرەكانی ناو كۆمەڵ دەخاتە ناكۆكییەوە... بەواتایەكی دیكە: گۆڕان بزوێنەرو داینەمۆیی ڕاستەقینەیی مێژو و پرۆسەی مێژوسازییە لەناو كۆمەڵگەكاندا، بەتایبەتی كۆمەڵگە هاوچەرخو مۆدێرنەكان...

بەڵام ئایا (هێز)ی گۆڕان لە كوێدا پەنهانە؟

لەناو (شۆڕش)دا وەكو ئەوەی كە (ماركس) بۆی چوە، یان لەناو (عەقڵانیەت)دا وەكو ئەوەی كە (ماكس فیبەر) بۆی چوە؟

ئەم پرسیارەو پرسیارگەلی دیكەی لەو چەشنە دەربارەی جوڵاویو گۆڕاویی كۆمەڵ، ئەو هۆكارانەن كە عادەتەن دەبنە هۆی سەرهەڵدانی ناكۆكیو جیاوازیو هەندێكجار كێشمەكێشو بەریەككەوتنی نوخبەی ڕۆشنبیر لەگەڵ بەشێكی دیكەی خۆیو لەگەڵ سێ نوخبە یەكانگیرو كۆبوەكەی ناو دەسەڵات (سەربازی، ئیداری، بیرۆكراتی)... هۆكاری سەرلەبەری ئەم بەریەككەوتنانەش هەندێكجار دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بۆچونەكانیان لەبارەی ئاراستەكردنی

پرۆسەی گۆڕانەوەو هەندێکجاریش دەگەڕێتەوە بۆ بەرژەوەندیی شەخسی کەسەکان.

دەسەڵات، بەتایبەتی دەسەڵاتی تەقلیدی کە خاوەنی سیستمی رۆشنبیریو رۆشنبیرانی مولتەزیمی سەربەخۆشیەتی، وەها تەماشای پرۆسەی گۆڕان دەکات گوایە پرۆسەیەکی بەرلەوەی پەیوەندیی هەبێت بە هەر چینوتوێژو نوخبەیەکی دیکەوە، پەیوەندیی بە کۆی خەڵكو جەماوەر خۆیەوە هەیە، بۆیە دێت مامەڵەیەکی ناجێگیرو هەندێکجار دو دیو و هەڵخەڵەتێنەرانە لەگەڵ چەمکی گۆڕاندا دەکات...

لەم چوارچێوەیەشدا نزمیی ئاستی هۆشیاری جەماوەر زۆر بە باشی دەقۆزێتەوە.. بۆ نمونە: ئەگەر مانەوەی خۆیو قازانجی خۆی لە گۆڕانێکی سستو روکەشدا بینی، ئەوا هەمو هەوڵێك دەدا جەماوەرو ژیانو ژینگەی جەماوەر، لەڕێی کەناڵە ئیعلامییەکانیەوە وەها پیشانبدات کە گۆڕاونو نوێبونەتەوە! بەڵام هەمو هەوڵێکی دیکە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانی قوڵترو باشتر وەها پێناسە دەکات کە هەوڵێکە بۆ روخاندنو بێ بەهاکردنی دەسکەوتی کەسانی دیکە، بێ ئەوەی وەڵامی ئەوەمان بداتەوە کە: روخاندنی چیو چۆنو بە چی؟!

بێگومان هەمو ئەمانە بۆ ئەوەیە ناتەبایيو ناکۆکیو ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بە پرۆسەی گۆڕان پاساو بدات!

بۆ ئەم مەبەستە هەوڵی تەواو دەدات ئامانج لە هەبونی خودی کایەی دەسەڵات لە (بەردەوامیی ریتمە تەقلیدیو سواوەکەی ژیانی کۆمەڵگە)دا کورتبکاتەوە، بەبێ ئەوەی رێگەکانی (بەردەوامیی کۆمەڵگە) بە کراوەیی بهێڵێتەوە کە لە راستیدا یەکێك لە گرنگترینی ئەو رێگەیانە بریتییە لە نوێبونەوەو هەڵکشانی خودی (دەسەڵات) بە جۆرێك کە بتوانێت یارمەتیدەرێکی باشو جدیيو راستەقینەبێت لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵگەدا، نەك پەککەر!

بێگومان لە مێژوی مرۆڤایەتیدا چەندەها جار دەسەڵات کەوتوەتە ئەو هەڵەیەوە گوایە مانەوەی کۆمەڵگەو بەردەوامیی کۆمەڵگە بەندە بە پاراستنی بونیادو رەوتە تەقلیدییەکەی ژیانی کۆمەڵگەوە، بەڵام وەها دەرنەچوەو ئاخری هەردولا (هەم دەسەڵات، هەم کۆمەڵگە) باجی گەورەی ئەو روانینە نادروستەیان بە سەختی داوە.

ئەگەر تەماشای مێژوی ئەو کۆمەڵگەو سیستمە سیاسییانە بکەین کە بە پێچوپەنای ئەو هەڵەیەدا رێیان گرتوەتەبەر، دەبینین ئاخری بە توندیی کەوتونەتە بەر پەلاماری ئەو رەوتە فیکریو مێژوییە نوێیانەی کە لەرێی عەولەمەو دامودەزگاو هێزە گەورەکانی عەولەمەوە هەڵیانکوتاوەتە سەریانو دواجاریش لە ئاستیدا چەمیونەتەوە.

ئەوەتا هەمو دنیا، هەریەکە بەشێوەیەك، بەشی خۆی بەرکەوت لە هاشاوڵو پەلاماری نوێگەرییو بەها سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی نوێ.

ئەم شەپۆلە تەنانەت وڵاتە هەرە داخراوەکانیشی گرتەوە، وەکو وڵاتانی خلیجی عەرەبیو زۆری دیکەش لە وڵاتە عەرەبیو ناعەرەبییەکان، بەڵام بە رێژەی جیاجیا.. بۆ نمونە وڵات هەبون لەگەڵ شەپۆلەکەدا خۆیان یەك خستو توانییان درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن، وەکو وڵاتانی ئەوروپای شەرقی...وڵاتیش هەبون لەگەڵ ئەم شەپۆلی گۆڕانو گۆڕانکارییەدا نەگونجان، هەرەسیان هێناو بە شێوازی دیکە چونە ژێر باری گۆڕانکاریی، وەکو عێراقو ئەفغانستان.. ئێستاش وڵاتی دیکە هەن لە ململانێی سەختدان لەگەڵ ئەم شەپۆلە کە یان دەبێت لەگەڵیدا بگونجێنو بەها سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتییە نوێیەکانی لە خۆدا جێ بکەنەوەو وردەوردە بگۆڕێن، یان دەبێت ئاخری چاوەڕوانی روخان بنو جەماوەرەکانیان بە شێوازی دیکە بچنە ژێر باری گۆڕان، وەکو ئێرانو سوریاو میسرو تورکیاو ئەزمونەکەی هەرێمی کوردستانی خۆیشمان.

بەڵێ هەڵسوکەوتی دەسەڵات لەگەڵ پرۆسەی گۆڕاندا بەو جۆرەیە، بەڵام هەڵسوکەوتو روانگەی نوخبەی رۆشنبیر لەگەڵیدا بە جۆرێکی دیکەیە.

نوخبەی رۆشنبیر لەگەڵ دەسەڵاتو کۆی نوخبەکانیی ناو دەسەڵات هاوڕێیە کە پرۆسەی گۆڕان مەسەلەیەکە پەیوەندیی بە سەرلەبەری کۆمەڵگەوە هەیە (بە عامو خاسیەوە).. نوخبەی رۆشنبیر لەوەدا لەگەڵ دەسەڵات کۆكو تەبایە کە ئامانج لە پرۆسەی گۆڕان بەر لە هەرشتێك گۆڕینی ژیانو روانگەی کۆمەڵگەو ژینگەی کۆمەڵایەتی ئەوانەو خودی پرۆسەی گۆڕان بۆ خەڵکە، بەڵام رەنگە لە شێوازو میکانیزمی ئاراستەکردنی پرۆسەکەدا لەگەڵ دەسەڵات ناتەبابێت، چونکە لە بنەمادا روانینی ئەو دو لایەنە بۆ (مێژو) دو روانینی جیاوازە.

دەسەڵات وەکو وتمان چەمکی گۆڕان لە دیدی کۆی خەڵك‌و زۆرینەوە تەماشادەکات بۆ ئەوەی بە قازانجی خۆی لێکیبداتەوەو هێواش هێواش لەگەلیدا رێی بکات!
هەمو لایەکیشمان دەزانین کە تیۆریزەکردنی پرۆسەی گۆڕان‌و ئاراستەکردنی، ئیشی نوخبەیە نەك عامە! ئاستی هۆشیاریی عامەو دیدی عامە لە هیچ کوێی وڵاتانی وەکو ئێمەدا وەها نەبوە ئەرکی لەمجۆرەی بخرێتە ئەستۆ!
دەسەڵات قازانج‌و زەرەری کاراکتەرەکانی خۆی، تۆکمەیی‌و ناتۆکمەیی ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی خۆی، مانەوەو نەمانەوەی پێکهاتەو بونیادو روانگە تەقلیدییەکانی خۆی، لە حیسابکردن بۆ پرۆسەی گۆڕان‌و ئاراستەکردنی پرۆسەی گۆڕاندا، دەخاتە پێش هەمو شتێکەوە.. لەم چوارچێوەیەشدا دێت رەوشت‌و بەهاو روانگە سادەکەی عامەی خەڵك دەکاتە پێوەرو چەقبەستویی‌و بێ ئاسۆیی خۆی پێ پاساو دەدات.. ئەم سیاسەتە لە هەمو سەردەمێکدا دیارترین ئامرازبوە بەدەست دەسەڵاتە چەقبەستوەکانەوە بۆ پاساودانی مانەوەی درێژخایەن‌و ناتەندروستی خۆیان‌و بەردەوامیدان بە سیستمە سیاسییەکانیان‌و پاراستنی بەرژەوەندیی تایبەتیی ئەفرادەکانیان، ئیدی بەرژەوەندیی گشتی کۆمەڵ (بەتون!) کە بێگومان یەکێك لەو بەرژەوەندییە گشتییانەی کۆمەڵ هەبونی دەسەڵاتێکی تەندروستە، دەسەڵاتێك کە بەڕاستی دەسەڵاتی خودیی کۆمەڵ بێت‌و بۆ کۆمەڵ بێت!
بە کورتی: هەمو دەسەڵاتێکی چەقبەستو، خۆپارێزیی زۆر دەکات لە چونە ناو هاوکێشە گەلی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسیی تازە، چونکە رەنگە بەو پاساو رێسا ناکاملانەو بەو کاراکتەرە بەرژەوەندخوازانەوە کە ئەو هەیەتی، سەخت بێت بتوانێت لەگەڵ (گۆڕان)دا هەڵبکات.
بەڵام نوخبەی رۆشنبیر ئەوەندەی کە ناوەڕۆك‌و ئامانج‌و شێوازی کارکردنی دەسەڵاتی بەلاوە گرنگە، ئەوەندە خودی دەسەڵات‌و بەرژەوەندیی کەسانی ناو دەسەڵاتی بەلاوە گرنگ نییە، ئەگەرچی هەر یەك دەنگ‌و یەکڕا نییەو هەمو هەروەکو یەك بیرناکەنەوەو وەکو یەك ناجوڵێن، چونکە ئەوانیش لانی کەم لە دو پۆل پێکدێن.. ئەوانەیان کە شانیان داوەتە بەر ئەرکی خۆیان‌و چالاکن، پۆلێکن! ئەوانەشیان کە وەکو ئەوان نین پۆلێکی دیکەن‌و هەریەکەیان (ناو)و (روانگە)ی خۆیان هەیە... ئەمە جگە لەوەی کە تێکڕا سەر بە ئایدیۆلۆژیاو رەوتی فیکریی

جیاوازن‌و هەندێکجار ئەم جیاوازییە لە روانگەو ئایدیۆلۆژیەتیاندا بەشێکی باش‌و بەرچاویان پەرتەوازە دەکات‌و لە مەسئولیەتی رۆشنبیرانەی خۆیانیان دور دەخاتەوە.

بەهەرحاڵ (دەسەڵات گرتنەدەست)و (بردنەوە لە دەسەڵات)و (سیاسەتکردن بە مانا پرکتیکییەکەی) ئامانجی نوخبەی رۆشنبیر نییە، بەو ئەندازەیەی کە (گۆڕان)و (باشترکردنی ژیانی خۆی‌و کۆمەڵگە) ئامانجیەتی.. بەڵام ئەم راستییە هێشتا بە باشی لەلای دەسەڵاتی کوردی نەچەسپیوەو نەبوەتە هۆی گۆڕینی روانگەی ئەو لەسەر نوخبەی رۆشنبیر، بە جۆرێك کە ببێتە هۆی پوکاندنەوەی یەکجارەکی خراپ روانینی دەسەڵات بۆ نوخبەی رۆشنبیر.. تەنانەت هەندێکجار دەسەڵات وەکو (رکابەرێکی سیاسیی راستەقینە) تەماشای نوخبەی رۆشنبیریی کردوەو وەها ناوی هێناون کە شەڕی دەسخستنی ئیمتیازاتی شەخسی‌و بردنەوەی دەسەڵات لەپێناوی پێگەی خۆیاندا دەکەن کە وانییە! رۆشنبیر ئەگەر زۆر دورو زۆر توندیش رۆیشتبێت‌و سەری ئەو سەری لە دەسەڵات گرتبێت، لەوە دورتر نەڕۆیشتوە کەوتویەتی: دەسەڵات پرۆسەی گۆڕان‌و باشکردنی ژیانی خەڵك پەکدەخات.

بێگومان درگاندن‌و پێداگرتنی رۆشنبیر لەسەر ئەم راستییە، تەنیا لەپێناوی باشکردن‌و گۆڕینی ژیانی چەقبەستوی خەڵکدایە بەگشتیی کە خۆشی بەشێکە لە خەڵك، دەنا ئەو لە هەمو کەس باشتر ئاگای لەوەیە کە خەیاڵی جێبەجێکردنی خەونەکەی ئەفلاتون (فەیلەسوفەکان حوکمڕانی گەلانی خۆیان بن) هەر لەگەڵ گێڕانەوەیدا بەتاڵ بوەتەوەو لەبارچوەو تۆباویەتێکی تەواو زەقە!

بەڵام بەداخەوە دەسەڵات لە هەرێمەکەی ئێمەدا، بەشداریی نوخبەی رۆشنبیریی لە گفتوگۆکانی تایبەت بە ئامانج‌و شێوازی حوکمڕانی وەها نەخوێندوەتەوە.. ئەوەبو لە ساڵانی رابردودا چەندین گفتوگۆی جدیی رۆشنبیران دەربارەی ئەم پرسە چارەنوسسازە لەبار بران‌و وەکو ململانێ لەسەر دەسەڵات‌و داواکردنی ئیمتیازاتی تایبەتی‌و هەوڵدان بۆ خۆدەرخستن، پێناسەکران‌و خوێندرانەوە کە لە راستیدا وەهانەبو، بەڵکو ئەسڵی ململانێکە (ئەگەرچی نەهێڵرا ببێتە دیاردەیەکی بەرجەستە) لەسەر ئاراستەکردنی گۆڕانێکی لەسەرخۆو عەقڵانیبو، بە ئامانجی باشترکردنی ژیانی مادیی‌و مەعنەویی خەڵکی کوردستان بەگشتیی‌و تۆکمەترکردن‌و مۆدێرنیزەکردنی دەسەڵات‌و هێشتنەوەی پەراوێزێکی ئازادو

راستەقینە بۆ جموجوڵە فیکریو رۆشنبیرییەکانی نوخبەی رۆشنبیر.... ئێستاش نەچوە بچێت.. دەکرێت سەر لە نوێ بیر لە پاکردنەوەو بە (پردکردن)ی ئەو بۆشاییە بکەینەوە کە لە ساڵانی رابردودا کەوتە نێوانی نوخبەی رۆشنبیرو دەسەڵات لە هەرێمەکەماندا...

ئیتر ئامانج لەم بە پڕدکردنەی ئەم بۆشاییە چییە؟ رێگەکانی ئەنجامدانی کامانەن؟ گۆڕان بۆچی؟ نوێگەریی بۆچیو بۆ کێو لەپێناوی چی؟ ئایا نوخبە پێکهێنەرەکانی دەسەڵاتی کوردی ئەم جەدەلە قەبوڵدەکەن؟ ئایا چ شتێك نوخبەکانی ناو دەسەڵات لە یەکترو لە نوخبەی رۆشنبیر جیادەکاتەوە:

هەڵوێستیان دەربارەی واقیعی ژیانی خەڵك، یان پێگەی خۆیان لەناو کۆمەڵگەو لەناو هەیکەلی دەسەڵاتدا، یان ئاستی رۆشنبیریو هۆشیارییان؟ ئایا: دەکرێت سیفەتی رۆشنبیر بخەینە پاڵ تاکەکەسەکانی ناو دەسەڵات؟ هەروەها چەندین پرسیاری دیکەی تایبەت بە رەوشی دەسەڵاتو پێکهاتەی دەسەڵاتو ئامانجو شێوازی کارکردنی دەسەڵات...

هەر هەمو ئەوانە لە ئەستۆی نوخبەی رۆشنبیردایە، بیانوروژێنێو تێوریزەیان بکات، چونکە چاوەڕوانیو بێدەنگی سودێکی نییەو جگە لە خۆ کەنارگرتنو بەشدارینەکردن هیچ مانایەکی نییە! بگرە مەترسیش دەخاتە سەر پرۆژەی نوێگەرییو گۆڕان لە هەرێمەکەماندا.

گەلی ئێمە لە راستیدا هیچ رێگە چارەیەکی نییە جگە لە هەوڵدان بۆ وەگەڕخستنی گۆڕانو خۆ نوێکردنەوەو بیرکردنەوە لە ژیانو گوزەرانی خۆیو باشترکردنی، نەك هەڵهاتن لێیو سەرسپاردن بە غەریبیو ئازاریی ئاوارەیی...

بێگومان پرۆسەی گۆڕانو نوێگەری پرۆسەیەکی ئاڵۆزەو وەکو بیرمەندە گەورەکان تیۆریزەیان کردوە، دەبێت ئەم سێ خەسڵەتەی تێدابێت:-

1- نوێگەری (مۆدێرنیتی) دەبێت بونیادی گشتیی بگرێتەوە.

2- نوێکردنەوە (مۆدێرنیزەیشن) دەبێت لە سیاقێکی دروستو بەربڵاودا ئەنجامبدرێت.

3- رەوتی نوێگەری (مۆدێرنیزم) دەبێت هۆشیارییەکی نەوعیی لەپاڵدا بێت.

واتە: گۆڕانو نوێگەرییو وەرچەرخان بەرەو ژیانێکی باشتر، دەبێت فیکرو هۆشیاریی خەڵك لە دروستکردنیدا ئامادەگی تەواوی هەبێتو لە سیاقێکی بەربڵاو لەکاتو شوێنێکی گونجاوداو لەسەر هەمو ئاستەکان (ئابوری، کۆمەڵایەتی،

سیاسی) ئەنجامبدرێتو كۆی بونیادو دامودەزگاو دامەزراوەكانی ناو كۆمەڵگە بگرێتەوە...

دیارە ئەمە ئەركێكی ئێجگار سەختو ئاڵۆزە، بەڵام ناكرێت دەستبەرداری ببین، بە بیانوی ئەوەی ئاڵۆزو سەختە! بەتایبەتی ئەگەر زانیمان بەبێ بەشداریی نوخبەی رۆشنبیر مەحاڵە كۆمەڵگە پێشكەوێت...

ئێمە ئەگەر بەتەمابین دەسەڵات خۆی خۆی راست بكاتەوە، شتی وەها مەحاڵەو مێژو ئەمەی نەسەلماندوە! چونكە سروشتی سیاسەتو كۆمەڵگەو مێژو، هەروەها سروشتی زانستە (تەجریبییەكان) بە گشتیی، وەكو سروشتی زانستە (تەجریدییەكان) نییە خۆی خۆی راست بكاتەوە! بەڵكو دەبێت هاوڵاتیان بە چڕی بەشداریبكەن لە راستكردنەوەیدا.. كەواتە با هەمو پێكەوە، هەم سازندەی بڕیاری سیاسیو هەم نوخبەی رۆشنبیر، چاو بە ئەركو مەسئولیەتی خۆماندا بخشێنینەوەو هەوڵبدەین لە شوێنی ئەو بۆشاییەی نێوانمان كە ساڵەهایە تاریكی دایپۆشیوە، پردێكی روناك بە دیالۆگ رایەڵبكەین، بەرەو باشتركردنی ژیانی خەڵكو دادپەروەریی كۆمەڵایەتییو گۆڕان.. بەرەو جڵەوكردنی عەقڵو ژیاندۆستی.

2009

..................

# هەندێ وردە پەرەگراف

* نەك هەر یەكگرتنەوەی (یەكێتی) و (گۆڕان) ئەمرێكی مومكینە، بەڵكو یەكگرتنەوەی (یەكران : یەكێتی -گۆڕان) و (پارو : پارتی -وردە حیزبەكانی دەوری)، ئەویش هەر ئەمرێكی مومكینە، بەڵام دوای ئۆغری یەكجارەكیی (مامجەلال، كاك مەسعود، كاك نەوشیروان)، كە دەبو بەپێچەوانەوەبێ :

دەبو خەڵكی باشوری كوردستان لەسەر دەستی ئەوان، باشترین ئەزمونی حكومڕانییان پیشانی هاونیشتیمانیانی خۆیان بدایە لەپارچەكانی تری كوردستان.

ئەمە روی نەدا، پێچەوانەی ئەمە رویدا .

دوای زانینی ئەو راستییە، هەقوایە (یەكێتی، پارتی، گۆڕان) هەرگیز (فرەسەری)، (فرەكوێخایی)، (فرەجەمسەری) بۆ پارچەكانیتری كوردستان داوا نەكەن و بەناوات نەخوازن، كە خۆیان باشترین نمونەن لەسەر بێفایدەیی فرەسەری، فرەجەمسەری و فرەكوێخایی لەكۆمەڵگەی كوردیدا .

* سەروەتی راستەقینەی میللەتانی پێشكەوتو بریتییە لەزەخیرە مەعنەویەكەیان، زەخیرەی مەعنەویش بریتییە لە : سەركردەی مەزن، بیرمەندی رۆشنگەر، كەلتوری مەدەنی .
نەوت و زەوی و ماڵاتی هەمو دنیا هی ئێمەبێ تا برێكی باش لەو زەخیرە مەعنەوییە لەتەنیشتیەوە نەخەین بەشمان ناكا .

* لەكۆمەڵگەیەكدا، نەزان هەر خەریكبێ بەرد هەڵداتە گۆمەوە، چاوەڕێبێ حەوت حەوت بەدوایەوەبن بۆی دەربێننەوە، ئەوانەی دوایشیەوە پێیان وابێ ئەركی سروشتیی سەرشانیان ئەوەیە كە ئەو بۆیان دەسازێنێ، ئەنجامەكەمان بریتی دەبێ لە : پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان .
بەدەستهێنانی ئەنجامی باش، پێناچێ مومكینبێ، ئەگەر تاسەر پێمان وابێ ئەركی زانا بریتییە لەدەرهێنانەوەی ئەو بەردانەی نەزان هەڵیان دەداتە گۆمەوە .

پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە چیتر بەرد نەکەوێتە دەستی نەزان.

* حیزبەکان هەر هەمو، چاکەشیان هەیە، خراپەش، هەر یەکە بەقەدەر توانای خۆی .
خراپەی هاوبەشیان ئەوەیە :
کاتێ دەست دەخەیتە سەر خراپەیان ئامادەن تا ئاستی دوژمنایەتی لەگەڵتدا تێوخی بکەنەوە .
باشەی هاوبەشیشیان ئەوەیە کاتێ دەست دەخەیتە سەر باشەیان یەکسەر لێت وەردەگرن، بەدەلیلی ئەوەی دەبینی پاش ماوەیەك تەرکی ئەو باشەیەیان کردوە کە تۆ دەستت لەسەر داناوە .

* پێم وایە :
لەئێستادا، هیچ کام لەپارچەکانی کوردستان، فرسەتی دەسکەوت (انجاز) ی مەزنیان لەبەردەمدا نییە، تەنها فرسەتێك کە هەبێ فرسەتی مانەوەیە، فرسەتی پێداگیری لەسەر شوناس، ساردنەبونەوەو نەکشانەوە:
کورد، لەهەر پارچەیەك بەو شێوەیەی کە لەگەڵ دۆخی پارچەکەدا دەگونجێ، دەبێ بەردەوامبێ لەخەباتی خۆی، بەمەرجێ ناکۆك نەبێ لەگەڵ مەنتقی عەقڵ، یاسای نێودەوڵەتی و بەها سیاسییە مۆدێرنەکان، بەڵام لەهیچ حاڵەتێکدا مزگێنیی گەورە نەدا، بۆ ئەوەی بێئومێدیی گەورەی لێنەکەوێتەوە.
ساڵەهایە بزوتنەوەی کوردایەتی خەریکی مزگێنیدانە، هەندێجار کار گەیشتوە بەتەفرەدان و خەڵك دەسخەڕۆکردن:
تەنها لەباشور، لەیەك خولی پەرلەمانیدا، جارەهایجار مزگێنیی دەوڵەتدروستکردن، بنەبرکردنی گەندەڵی، چەسپاندنی دادپەروەری و کۆتاییهێنان بەکەلتوری براکوژی، درا بەگوێی خەڵکدا، هیچی وایشی لێ شین نەبو، رەنگە تا زۆر دورتر لەئەمڕۆش هەر هیچی وای لێ شین نەبێ.
خراپیی ئەو مزگێنیدانە لەئەنجامەکەیدابو، لەو بێئومێدی و قەیرانە جۆراوجۆرانەدابو کە لەکۆتاییدا بەدوایدا هاتن، هەرچەند باشەی ئەوەشی هەبو بڵقێکی زۆری بەدوای خۆیدا راماڵی .
زۆر بەکورتی :

پێم وایە کورد (لەهەمو پارچەکانی کوردستان، بەتایبەتی لەباکور) مەگەر لەکۆسەڵەیەکی نوێی دوای جەنگێکی ئیقلیمی یان جیهانیدا شتێکی گرنگی دەسکەوێ، جا ئەو شتە دەوڵەتی نەتەوەیی بێت، یان هەرێمی فیدراڵ (بەسیستمێکی سیاسی - ئابوریی دادپەروەرانەی شەفافەوە) لەچوارچێوەی دەوڵەتی فرەنەتەوەی فیدراڵدا، یان هەر شتێکیتری گونجاو .

پێویستە لەمڕۆ بەدواوە، خەڵکی کوردستان، بەبێ ئەم گومانە، لەسیاسەت و کوردایەتی و شتی وا هەڵنەچن، بۆ ئەوەی لەنیوەی رێدا یان لەکۆتاییدا توشی دڵساردی نەبن .

دڵنیابین، هەر دڵساردی بوە، شکست و نسکۆی بەدوادا هاتوە .

10 / 30 تا 3 / 11 - 2015

...................

# بەبۆنەی شەهیدبونی دو پێشمەرگەوە بەدەستی هێزەکانی مالکی

لەناو کەلتوری گەلانی ئەم ناوچەیەدا تەنها لەکەلتوری عەرەبیدا بینیومە مرۆڤ بەهەلهەلەلێدان و چەپڵەتەقاندن و رەقس و سەما :
- پێشوازی لەشەڕ بکا
- بچێ بەدەمیەوە
- منالّی خۆی هەڵنێ بۆ ناوی.
عەرەب هەر بێباکن نین لەبەکوشتدانی منالّی خۆیاندا (بەبیانوی زۆر پوچ) بەڵکو بێباکن لەخستنەوەو بەرەڵلاکردنیشیاندا (بەدەرزەن بۆ سەر جادە).
تکایە با ئێمە چاو لەوان نەکەین، منالّی خۆمان بێباکانە نەنێین بەئاگرەوە، ئەوان رۆژی هەزاران کەسیان لێبکوژرێ باکیان نییە، هەر دەمێننەوە (بەخۆیان و هەلهەلەو چەپڵەیانەوە)!
سەرکێشیکردن بەگیانی منالّی کوردەوە دەبێ پاساوی زۆر بەهێزی هەبێ :
- یان دەبێ بۆ داکۆکیکردنبێ لەخۆو مالّی خۆ
- یان بۆ سەندنەوەی خاکی زەوتکراو (ئەگەرچی پاش سەندنەوەشی بەیەکسانی خێری لێنابینن!) ئەویش نەك لەکاتێکدا کە هەر لەسەرەتاوە بزانی شەڕی دۆڕاو دەکەی، بەڵکو تەنها لەکاتێکدا کە گرەنتیی سەرکەوتن و زەمینەی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی سەرکەوتنەکە لەئارادابێ، چونکە هەمومان دەزانین گەمەی سیاسی لەم سەردەمەدا بەپێی ئەحکامی نێودەوڵەتی بەڕێوە دەچێ نەك بەپێی ئەحکامی ناوخۆیی، ئەگەر وانەبوایە ئەوا حەوت زەمانەبو عەرەبی سوننە (سەرەڕای نابەرابەرییان لەڕوی ژمارەوە) عەرەبی شیعەیان تا بەصرە رامالّیبو، خۆیان هەڵنەدەگرت بۆ 11 سالّ دوای روخانی ئیمپراتۆریاکەیان.
بۆیە باشترە وا بەپەلە بیر لەخێری ئەم شەڕە نەکەینەوە، ئەگەر بیریشی لێدەکەینەوە بیرێکی زۆر وردی لێبکەینەوە، وای بۆ بچین یەکەم خێری مسۆگەری بۆ ئێمە (ئەگەر مسۆگەربێ) ئەوەیە : خۆمان لەئاگرەکەی بپارێزین.
ئەوەندەی تا ئێستا لەهەردو عەرەبەکە دەرکەوتوە، ساغبۆتەوە :

نیشتیمان و خوێنی کورد (بەلای هەردوکیانەوە)ماڵێکی موباحە، بەدوری مەزانن لەسەر بنەمای بەشکردنی ئەو ماڵە موباحە شەڕی نێوان خۆیان کۆتایی پێبێنن (هەر بەهەلهەلهەلەو چەپڵەتەقاندن، وەك چۆن بەهەلهەلەو چەپڵەتەقاندن هەڵیانگیرساند)، سەرەنجام هەریەکەیان لەلایەکەوە پەڕ لەئێمە بگرن!

2014 / 6 / 14

..............................

# یەکخستنەوەی ئەڵمانیاکەی ئێمە

لەچەند رۆژی رابردودا دو سەرۆکم لە دو وێنەی نایابدا بینی:
یەکەمیان (جۆرج بوش)ی سەرۆکی ئەمریکابو، لەحەرەمی یەکێ لەزانکۆکانی وڵاتەکەیدا، بەجلوبەرگێکی تایبەتییەوە کە عادەتەن خوێندکارانی زانکۆ لەئاهەنگی تەخەرٍوجدا دەیپۆشن.
دوەمیان (ئەحمەدی نەژاد)ی سەرۆکی ئێرانبو لەئیندۆنیزیا، لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر لەسەرکردەو گەورە بەرپرسانی ئەو وڵاتەدا نوێژی جەماعەتی دەکرد.
ئەم دو وێنەیە ئەگەرچی لەوانەیە بەلای گەلانی ئێران و ئەمریکاوە دو وێنەی سادەو هاکەزایی بوبن، بەڵام بەلای منەوە ئەرزشی ئەوەیان هەبو کە هانمبدەن بپرسم:
تۆ بڵێی سەرۆکی حکومەتە یەکگرتوەکەی ئێمەش رێ بەخۆی بدا لەوێنەو دیمەنی نایاب و ناتەقلیدیدا دەرکەوێ؟
ئەی بۆ نا!
بێگومان رێزدار (نێچیرڤان بارزانی) هەم بەحوکمی گەنجێتیەکەی، هەم بەو حوکمەشی کە ئێستا مانگەشەوی سەرلەنێوارەی پاش درزبردنی (دیواری بەرلین)ەکەی ئێمەیە، خەڵکی کوردستان زۆر بەوردی چاویان لەسەریەتی.
ئەو بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە بەڕاستی ئیش بۆ روخاندنی دیواری بەرلین و یەکگرتنەوەی ئەڵمانیاکەی ئێمە دەکا، دەبێ بەبەرچاوی خەڵکی ئەڵمانیاوە لەسەدەها لەقتەی نوێدا دەرکەوێ:
بەفانیلەو شۆرتی وەرزشییەوە لەیاریگاکانی کوردستاندا، بەسەر شۆفڵەوە بۆ رچەشکاندن لەزستانی سەختی وڵاتەکەماندا، بەدەست و دیارییەوە بۆ منداڵان رۆژانی جەژن لەناو پارك و شەقامە گشتیەکاندا، بەقەڵەم و کاغەزەوە بۆ نوسینی تێبینی و گۆڕینەوەی بیروڕا لەکۆڕە رۆشنبیریەکاندا (وەکو هەر رۆشنبیرێکیتر)، بەجلی کوردییەوە لەناو مەڵبەندەکانی رێکخستن و لقەکاندا بۆ بەشداریکردن لەبۆنەو موناسەباتەکانیانداو.... هتد.
ئەو بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە بەڕاستی ئیش بۆ روخاندنی دیواری بەرلین و

یەکخستنەوەی ئەڵمانیاکەی ئێمە دەکا، دەبێ هەمو رۆژێ سپێدان زو بەبەرچاوی خەڵکی ئەڵمانیاوە پاچ و خاکەناز بنێ بەشانەوەو بڕوا بۆ روخاندنی دیوارەکە..
دەبێ بەدەم روخاندنی دیوارەکەوە لەسەدەها وێنەی نوێدا دەرکەوێ.. دەبێ روخۆش و هونەرمەندبێ و مەناعەتی نەبێ ناوبەناو لەقاوەڵتیەکاندا نوکتەیەکی خۆشیش بدا بەگوێی هەم ئێمەو هەم پاچەوانەکانی سەر بەتیمەکەیدا.. ئەو دەبێ هاندەری (شۆڕشێکی رۆشنبیری)ی گەورەو راستەقینەبێ، شۆڕشێك بەسەر وێنە سواوەکانی سەرکردەو روانینە کۆنەکانی جەماوەردا.
روخاندنی دیواری بەرلینەکەی ئێمە، یەکگرتنەوەی ئەڵمانیاکەمانی بەدوادا نایەت، ئەگەر شۆڕشێکی رۆشنبیریی راستەقینە پشتیوانیی نەکا.
ئێمە ئەگەر ئەمڕۆ لەژێر چەتری حکومەتێکی یەکگرتودا کۆبوینەتەوەو کاروباری هەرێمەکەمانمان بەو حکومەتە سپاردوە، بەو مانایە نییە کە ئیتر بۆ هەتا هەتایە ماڵی خۆمانمان رێکخستۆتەوەو لەڕێی هیچدا نەماوین!
ئێمە ئێستاش متمانەی تەواومان بەیەکتر نییە، ئێستاش ئەگەری ئەوە لەئارادایە کتوپڕ هەریەکە پەلی لەتە حکومەتەکەی خۆمان بکێشینەوە ماڵی خۆمان و بکەینەوە بەتفەنگدا لەیەکتر!
بێگومان من لە (ئەمڕۆ) ناترسم، تازە (ئەمڕۆ) گوزەراوە! من لەسبەینێ دەترسم کە ئیدی (ئەوان!) لێرە نەماون و ئۆغری یەکجارییان فەرموە! ئەو (ئەوان)ەی کە هەرچۆنێ بو ئەم کەپرە هاوینەیەیان بۆ دروست کردین و (ئەمڕۆ)یان گوزەراند!
ئەو شۆڕشی رۆشنبیرییەی کە من خوازیاریم، بۆ ئەوەیە بتوانین لەسایەیدا درێژە بە(سبەینێ) بدەین! بۆ ئەوەیە بتوانین سبەینێ لەغیابی (ئەوان)یشدا درێژە بەم تەبایی و یەکماڵییە بدەین و لەیەکتر نەکەوینە تەقە! بۆ ئەوەیە ئەم ماڵە یەکخراوە ماڵی هەمومانبێ! بۆ ئەوەیە ئەم تەبایی و یەکماڵییە تاسەر لەژێر کاریگەریی (فاکتەرە دەرەکی و کاتیەکان)دا نەهێڵینەوەو هەرچی زوترە بیهێنینەوە بەر سێبەری (فاکتەرە ناوخۆیی و هەمیشەییەکان)! بۆ ئەوەیە (ئەزمون)ی یەکگرتنەوەو پێکەوەژیان و یەکماڵی بکەینە ئەزمونێکی خۆماڵی و کارێك بکەین کە : باخەوانەکەی ئەمبەریبێ، یان ئەوبەری، ئەو هەر سەوزبێ و پڕبێ لەمتمانە!

تێبینی :

ئەوەی خوێندتەوە بریتی بو لە:

ئەڵقەی (9)، گۆشەی (ڕۆژەڤ)ی هەفتانەم لەهەفتەنامەی (ناوخۆ)، ژمارە (70)ی ڕۆژی سێشەممە 16 / ئایار / 2006.

..........................

# یەکخستنەوەی ئیدارە (کۆتایی مێژو) نییە لەکوردستاندا

دەنگۆی یەکخستنەوەی هەردو ئیدارەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەحکومەتێکی یەکگرتودا کە (دوێ و پێر) بو بەهەواڵێکی راستی و درا بەگوێی خەڵکدا، مایەی دڵخۆشیی زۆربەمانە.

ئەم یەکخستنەوەیە روداوێکی گرنگە، بەڵگەی بەڕێوەچونی ریفۆرم و گۆڕانێکی راستەقینەیە لەژیانی سیاسیماندا، بەڵام لەڕاستیدا گۆڕانێکی ئەوەندەش گەورە نییە وەکو (فۆکۆیاما) لەئاستیدا بحەپەسێین، حەماس بمانگرێ و پێمانوابێ ئیتر ئەمە (کۆتایی مێژو)ە لەکوردستاندا.

بێگومان ئەم گۆڕانە خۆی لەخۆیدا ریفۆرمێکی حاشاهەڵنەگرو عەمەلییە، ئەگەرچی لەناو ئەو گفتوگۆیانەدا کە پێش چەکەرەکردنی ئەم روداوە گرنگەو تا ئەمڕۆیش دەربارەی ریفۆرم لەئارادایە، جێی بۆ نەکرابۆوەو تاڕادەیەك بەشێوەیەکی بێدەنگ بەڕێوەچو.

بەم بۆنەیەوە، دوای دەربڕینی خۆشحاڵی و پیرۆزبایی گەرم، دەمەوێ دەرگایەکی جیاواز لەسەر باسی ریفۆرم و گۆڕان لەهەرێمەکەماندا بخەمە سەرپشت، دەرگایەکی وەها سەرلەبەری ئەم حکومەتە یەکگرتوەمانی پێوەبچێ نەك تەنها حیزبێك لەحیزبەکانی ناوی، چونکە ئیتر لەمەودوا ژیانی ئێمە بەندە بەهەڵسوکەوت و کاروکردەوەی ئەم حکومەتەوە بەهەمو باڵە سیاسییە پێکهێنەرەکانیەوە، نەك تەنها بەلایەنێکی سیاسییەوە.

ریفۆرم بەبڕوای من هەرچۆنێ پێناسە بکرێ، بەتایبەت لەپەیوەست بەواقیعە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکەی خۆماندا، دەبێ (چەمکی گۆڕان) گرنگترین بڕگەی ئەو پێناسەیە پێکبهێنێ.

بەڵام لەگفتوگۆکانی ئێمەدا دەربارەی ریفۆرم، تا ئێستا دیارنییە ئامانج لەڕیفۆرم چییە؟ ئایا ئامانج لەڕیفۆرم گۆڕانە؟ یان پاراستن و رێکخستنەوەی ئەو (گۆڕان)ەی کە لەپازدەساڵی رابردودا رویداوەو جاروبار خراوەتە بەر مەترسییەوە؟ ئەگەر مەبەست لەڕیفۆرم (گۆڕان)ی زیاترە، گۆڕان لەکوێدا؟ لەبونیادی تاقە حیزبێکی وەکو (ی. ن. ك)دا؟ ئاخر خۆ (ی. ن. ك) هەمو شتێکی

کۆمەڵی کوردەواری نییەو جڵەوی حوکم لەوڵاتدا تەنها بەدەست (ی. ن. ك)ەوە نییە! ئەی کەواتە (گۆڕان) لەبەشە دەسەڵات و لەتە حکومەتەکەی (ی. ن. ك)دا؟ ئەگەر وایە ئەمەش هەر هونەری تیانییە، چونکە ناکرێ ئێمە تەنها بیر لەچاککردنەوەی پایەیەکی خانوەکەمان بکەینەوە بەڵام پایەکانی تری پشتگوێبخەین.

خۆ ئەگەر ئەم ناڕۆشنییە لەبانگەشەکردن و دەستبردن بۆ ریفۆرمدا پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە ریفۆرم دو جۆر ئامانجی هەیە : ئامانجی دورو ئامانجی نزیك، ئەوا باشتر وایە هیچ نەبێ (ئامانجە نزیکەکان)ی بەڕۆشنی دیاریبکرێن.

با بڵێین ئامانجێکی ریفۆرم لەلای (گۆڕانخواز)ەکانی ئێمە سەرەتا چاککردنی (ی. ن. ك)ە لەبەرئەوەی ئەم حیزبە خۆی لەخۆیدا هەڵگری تۆوی گۆڕانە، بەڵام ئایا چاککردنی (ی. ن. ك) بەوە دەبێ کە تیایدا حوکمڕانیی (تاکەکەس / فرد) بگۆڕین بەحوکمڕانیی (پێڕەکەس / جماعة)و ئیتر تەواو؟ ئایا کارێکی لەوجۆرە (یەکێتی) بەرەو کام لەئاقارە سیاسیەکان دەبات : ئۆلیگارشیەت، یاخود دیموکراسیەت؟ بەهەرحاڵ من خۆم لەئەنجامی وردبونەوەم لەم پرسیارانەو چەندین پرسیاری تری لەم جۆرە، گەیشتومەتە ئەو بڕوایەی کە:

زەحمەتە ریفۆرم لەبەشدا (الاصلاح في الجزء) ریفۆرم لەگشتدا (الاصلاح في الكل) بخاتەوە!

زەحمەتە فراوانکردنی (بازنەی دەسەڵات) لەناو حیزبی کوردیدا (هەر حیزبێك بێت) بەئەندازەیەکی کەم کە تەنها پێڕە کەسێکی ناو مەکتەبە سیاسیەکان بگرێتەوە، حیزبی کوردی و کۆمەڵی کوردەواری بەرەو دیموکراسیەتێکی راستەقینە ببات، بەڵکو دەبێ (بازنەکانی دەسەڵات) لەناو حیزبە دەسەڵاتدارەکانی ئێمەدا بەئەندازەیەك فراوان بکرێن کە هەم لەلوتکەی هەرەمەکانیاندا، هەم لەهێڵەکانی خوارەوەیاندا، جێی زۆرترین نوێنەری خەڵکەکانی خۆیانیان تێدا ببێتەوە!

دەبێ دورخستنەوەی مەترسیی خۆسەپاندن (خۆسەپاندنی حیزب، تاکەکەس، پێڕو گروپەکان) لەئێستاو ئایندەی کۆمەڵی کوردەواری ئامانجی سەرەکیی ریفۆرمبێ.

دەبێ ئامانج لەڕیفۆرم تەنها بریتی نەبێ لە:

توندوتۆڵکردنەوەی ماڵی شڵەقاوی یەکێتی، دورخستنەوەی مەترسی لەسەر دواڕۆژو چارەنوسی یەکێتی، دابەشکردنەوەی دەسەڵات لەناو سەرکردایەتیی

یەکێتیدا!

بەڵکو دەبێ بریتیبێ لە :

دیموکراتیزەکردنی دەسەڵات لەسەرلەبەری هەرێمەکەماندا، بەحکومەتە یەکگرتوەکەشمانەوە، بەهەردو حیزبی دەسەڵاتدارەوە.

بەڵام ئایا بۆ ئەنجامدانی (گۆڕان)ێکی وەها فراوان، چی بکەین و چۆن بکەین؟ چی بکەین کە یەکێتی و پارتی و حکومەتی یەکگرتو، پێکەوە شان بدەنە بەر ریفۆرم و گۆڕان؟ چۆن بکەین کە حکومەتی یەکگرتو، تۆوی گۆڕانێکی بەردەوام لەناخی خۆیدا شین بکاو بەردەوام خۆی هەنگاوە هەڵەکانی خۆی راست بکاتەوە، وەکو ئەوەی لەهەر بوارێکی زانستیدا رودەدات (زانست خۆی هەڵەی خۆی راست دەکاتەوە)؟

من پێم وایە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، دەبێ بەر لەهەر شتێ گفتوگۆکانمان دەربارەی ریفۆرم و گۆڕان زۆر لەمە فراوان و چڕوپڕتر بکەین و هەموان لەم باسەو لەم ئەرکە سەختەوە بگلێنین، بەیەکێتی و پارتی و حکومەتە تازەکەشمانەوە، نەك تەنها (ی. ن. ك)، ئەمەش بۆ ئەوە نا کە لە (شەڕی ریفۆرم)دا یەکێتی لەتەنیابالّی رزگارکەین و شەریکی بۆ پەیدا بکەین، بەڵکو بۆ ئەوەی ئەم حکومەتە نوێیەمان حکومەتی ریفۆرمی بەردەوام بێت.

تێبینی :

ئەوەی خوێندتەوە بریتی بو لە:

ئەڵقەی (8)، گۆشەی (رۆژەڤ)ی هەفتانەم لەهەفتەنامەی (ناوخۆ)، ژمارە (69)ی رۆژی سێشەممە 2 / ئایار / 2006.

............................

# گرەو لەسەر گەندەڵی

گەورەییەكی بێئەندازەو بێسنورە بتەوێ بژییت و بەشداریی ئاوەدانكردنەوەی گۆی زەوی بكەی.
بتەوێ منداڵ بخەیتەوەو درێژە بەپاراستنی رەچەڵەكی میللەتێك بدەی.
چوار دیوارێك پێكەوە بنێی ببێتە ناونیشانت و ماڵ و منداڵت داڵدە بدا.
ئیش بكەیت و ئێوارە لەگەڵ دەستی خۆتدا بەری رەنج و ماندوبونت ببەیتەوە بۆ ماڵەوە.
قوتابخانەو زانكۆو مزگەوت و بازاڕو نەخۆشخانەو سەنتەری ئینتەرنێت و سەندیكاو رێكخراوی پیشەیی و كۆڕو كۆمەڵی سیاسی و حیزب و حكومەت، لەپاڵ دڵێكی پاك و رۆشندا هەڵسێنیتە سەرپێ.
دڵخۆشبی بەبینینی كەرویشكی وردیلە وردیلە بەڕێی قوتابخانەوە.
شادومانبی بەبینینی پیاسەو هاتوچۆی هەرزەكارانی بەرزەفڕی ناو حەوشەی زانكۆ لەوپەڕی گەشبینیدا.
بگەشێیتەوە بەبینینی پیاوی نورانیی دڵسافی بێسیاسەت و بێغەلوغەشی بەر مزگەوت.
دڵنیایی داتبگرێ بەبینینی بازاڕی گەرم و خرۆشاو كە بۆ هەموان : (كرێكارو مامۆستاو دكتۆرو نێرو مێ) دەستبداو بەشی هەموانی تیابێ بۆ فرۆشتن.
ئاسودەیی بتتەنێتەوە بەبینینی كۆفینێتی قەرەباڵغی پڕ لەجموجوڵی كچ و كوڕ.
ئاهی خۆشی هەڵكێشی بەبینینی سەندیكاو رێكخراوی پیشەیی راستەقینە كە بەدەردی پیشەوەرانی خۆی بخوا.
بست بست باڵا بكەی بەبینینی حیزبی مۆدێرن كە فرسەتی یەكسان بۆ بەشداریكردن و هاتنەپێشەوەی ئەندام و لایەنگرانی برەخسێنێ و بواری پیربون و گەندەڵبونی لەبەردەم خۆیدا نەهێشتبێتەوە.
دڵت رون ببێتەوە بەبینینی حكومەتی موئەسەسات و كەفائات كە چاوی لەتوانای كەسەكانبێ نەك لەپشت و پەناو دەستی خواییانەی ژێر باڵیان.
گەورەییەكی بێئەندازەو بێسنورە بتەوێ بژییت و بەشداریی رۆشنكردنەوەی دڵ و

دەرون و زەین و داهاتوی خەڵکی وڵاتەکەت بکەی.
بتەوێ ژیان بخەیتەوە سەر ڕێچکەی ڕاستەقینەی خۆی و هەوڵبدەی نەهێڵی میللەتێك خۆرەی گەندەڵی بداتە ڕەشێنەی چاوی.
بتەوێ ڕاست ببیتەوەو قەبوڵ نەکەی فەرمانڕەوا تەنها توانای بینینی دەست و پل و قاچ و قول و دەموچاوی خۆیی هەبێ.
ئەمە نەك هەر گەورەییەکی بێئەندازەو بێسنورە، بەڵکو عیبادەتە، جۆرێکە لەپەرستن، جۆرێکی ڕاستەقینە لەپەرستنی ژیان، لەپەرستنی میژو، لەپەرستنی ڕۆشنایی و کاتە زێڕینەکانی سەر لەپی داهاتو.
ئەمە نەك هیچ خودپەرستی و خودپەسەندییەکی تیا نییە، بەڵکو هەوڵێکی دڵسۆزانەیە بۆ تێپەڕاندنی ڕۆحییەتی خودپەرستی و خودپەسەندی.
بەڵام پرۆسەیەکی ئەوەندە سەختە کە دەتوانین بەوپەڕی دڵنیاییەوە بڵێین :
گرەوی لەسەر ناکرێ!
ئێمە هەمو لەبیرمانە هەمو هەر بەم خەیاڵە مەزنانەوە خۆیان کرد بەماڵی چۆڵکراوی کوردایەتیداو تا ئێستاش هەر بەم خەیاڵە مەزنانەوە ژیاون و دەژین!
ئێمەیش هەروەها.. وەك زۆربەی خەڵکی کوردستان سەرمان پڕە لەخەیاڵی مەزن، بەڵام (ڕێگەی مەزن بۆ گەیشتن بەخەیاڵی مەزن!) شك نابەین! ڕێگەیەك کە بتوانین گرەو لەسەر دەرەنجامەکەی بکەین!

تێبینی :
(ڕۆژەڤ) ناوی گۆشەیەکی هەفتانەم بو لەهەفتەنامەی (ناوخۆ)ی سەر بەوەزارەتی ناوخۆ / ئیدارەی سلێمانی، ئەوەی خوێندتەوە ئەڵقەی دوەمی ئەو گۆشەیەم بو، لەژمارە (63)ی ڕۆژی سێشەممە (14 ی ئازاری 2006)دا بڵاوبۆتەوە .

..........................

# حەز دەكەی بزانی من دەنگ بە چ لایەنێ دەدەم؟

لەم سەردەمەدا كە حیزبایەتی و تەرەفداری بۆتە دیاردە لەناوماندا، زۆربەمان پێمانخۆشە بزانین كەسانی دەوروبەرمان مەیلیان بەلای چ لایەنێكدا دەچێ، سیاسەتی چ لایەنێكیان بەلاوە پەسەندە؟

با بپرسین : ئەم ئارەزوە بۆ؟

بەبڕوای من ئەوەی ئەم ئارەزوەمان تیا دەڕسكێنێ یەكێكە لەم دو شتە:

-یان متمانەمان بەبیركردنەوەی خۆمان لاوازە، دەمانەوێ نەبزی دڵی دەوروبەرەكەمان بگرین بۆ ئەوەی بزانین زۆرینەی خەڵك تەرەفداری كێن؟ كێ سەردەخەن بۆ سەر كورسیی حوكمڕانی؟ ئێمەش لاسایی ئەوان بكەینەوە، لەپێناوی زامنكردنی بەرژەوەندییە مادی و مەعنەوییەكانماندا، كە یەكێ لەبەرژەوەندییە مەعنەوییەكانیشمان (ناڵێم هەموی) بریتییە لە : دابینكردنی ئاسایشی دەرونیی خۆمان و رەواندنەوەی ترسی خۆمان.

-یان نەخێر خۆمان لایەنی خۆمانمان هەڵبژاردوەو خۆمان ساغكردۆتەوە، بەڵام دەمانەوێ شوناشی سیاسیی كەسانی دەوروبەرمان لەلا مەعلومبێ بۆ ئەوەی لەسەر بنەمایەكی كۆمەڵایەتیی زانراو پەیوەندیی خۆمانیان لەگەڵدا رێكبخەین، ئەمیش دیسانەوە هەر لەپێناوی زامنكردنی بەرژەوەندییە مادی و مەعنەویەكانماندا، كە یەكێ لەبەرژەوەندییە مەعنەوییەكانیشمان (وەكو وتم) بریتییە لە : دابینكردنی ئاسایشی دەرونیی خۆمان و رەواندنەوەی ترسی خۆمان.

بڕواناكەم لەكۆمەڵگەی پێشكەوتودا (بۆ نمونە لەوڵاتانی سكەندەنافیا) مرۆڤ ئارەزوی لەوجۆرەی هەبێ، چونكە لەكۆمەڵگەی پێشكەوتودا جیاوازیی ئینتیما، هیچ مەترسییەك بۆ سەر مرۆڤ و بەرژەوەندییە مادی و مەعنەوییەكانی مرۆڤ دروست ناكا، هەروەها هیچ شكۆمەندی یان عەیبوعارێكیشی بۆ دروست ناكا!

بەڵام لای ئێمە سومعەو قوت و ئەمن و ئاسایشیشمان پەیوەندیی قوڵی بەئینتیمامانەوە هەیە.

وەكو خۆم زۆر حەزدەكەم مرۆڤی لای ئێمە وردە وردە ئەم خولیاو ئارەزوە لەسەری خۆی دەركا، بەجۆرێ فەرامۆشیكا شوێنەواری نەمێنێ لەناو قسەو

گفتوگۆی رۆژانەماندا، بگرە بەعەیبی بزانین بەدوای زانینی ئینتیمای یەکترەوەبین، وەك چۆن عەیبە بەدوای زانینی کاروباری ناو ماڵی یەکترەوەبین! لەم رێیەوە دەتوانین یارمەتیدەرێکی گەورەبین لەداهێنانی رەوشێکی (سیاسی / کۆمەڵایەتی)ی جوان و تازە لەناو کۆمەڵگەکەماندا کە ئەنجامەکەی بەوە بگەرێ (جیاوازیی ئینتیما هیچ رۆڵێکی لەسەر شوناس و بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکانیشمان نەبێ(.

بەڕاستی تەنها ئەوەندە بەسە پێکەوە چوارساڵ جارێ بچینە سەر صندوقی دەنگدان و دەنگی خۆمان بدەین، بەبێ پرسیارکردن لەیەکتر: (تۆ دەنگ بەکێ دەدەی؟ کێت پێ باشە؟ یان : توخوا بەشکم دەنگ بدەی بەفلان، خزممانە!) و هتد.

با لەجیاتیی ئەوەی ئامانجمان سەرخستنی لایەنێکی سیاسیی دیاریکراوبێ، ئامانجمان لەچونە سەر صندوقی دەنگدان بریتیبێ لە : سەرخستنی نەریتی دیموکراتی و دەوڵەمەندکردنی کەلتوری سیاسیی کۆمەڵگەکەمان.

کەواتە با دەست پێبکەین : نە من حەزکەم بزانم تۆ دەنگ بە چ لایەنێ دەدەی، نە تۆش ئارەزو بکەی بزانی من دەنگ بە چ لایەنێ دەدەم.

2014 / 4 / 6

....................

## پادارو بێپا

لەئەنجامی وردبونەوەم لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی رابردو بۆم دەرکەوتوە لایەنە سیاسیەکان بەپلەی یەکەم سەرنجیان لەسەر بنکە حیزبی و تەقلیدیەکەی خۆیانە، کەمتر حساب لەسەر ئەو خەڵکە زۆرە دەکەن کە ماڵ نین لەسەر هیچ لایەنێکی سیاسی، بەڵکو بەیەك ئەندازە لە هەمو لایەنەکانەوە دورو نزیکن، بەڵام دەبوایە رێك بەپێچەوانەوەبێ : دەبوایە گرەوەکە لەسەر کەسبکردنی ئەوانبێ، دەبوایە سەرلەبەری هەڵمەتەکە بەپلەی یەکەم ئەوان بەئامانج بگرێ، چونکە ئەوانن کە چاوەڕێی دەمودوی لایەنەکانن و گوێیان هەڵخستوە بزانن کێ چۆن دەدوێ و چی دەڵێ تا خۆیان یەکلایی بکەنەوەو بڕیار بدەن دەنگی بدەنێ یان دەنگی نەدەنێ.. دەبوایە لایەنەکان (هەمویان) وەکو پەندە هەورامیەکە دەڵێ (پادار بگرن و بێپا بەهینی خۆیان بزانن)، کەچی هەمویان هەر تەرکیزیان لەسەر بێپاکانە، یان پەڕی ئەوپەڕی جەماوەرەکەی یەکتر بەئامانج دەگرن، نازانن ئەمە خزمەتی رکابەرەکانیان دەکا، لایەنگرو دەنگدەری رکابەرەکانیانی پێ پشتئەستورتر دەبێ.

بێگومان هەوڵدان بۆ بەئامانجگرتنی پادار لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا، بەوە دەبێ لەگوتاری ئاراستەکراوی خۆتدا سایکۆلۆجیەت و مەیلی پادار لەبەرچاو بگری، سیاسەت و تۆنی دەنگ و لەهجەی قسەکردنت بەبارێکدا بخەی کە بتوانی بڕوایان پێبێنی هێزی هەموانی نەك تەنها هێزی بنکە تەقلیدیەکەی خۆت،

بەئیستیفزازکردنی یەکتر نابێ، بەوە نابێ هەر لایەنەو کۆمەڵێ گەنجی سەرسەختی خۆی بخاتە سەرجادە بۆ پەڕۆچەقاندنە چاوی گەنجانی لایەنەکەی تر.

2014 / 4 / 3

........................

# جارێ زوه بۆ بڕیاردان لەبارەی. ..

ماوەیەکە دەستەواژەیەك لەناو خەڵکدا دەماودەم دەکات کە بریتییە لە : جارێ زوه بۆ بڕیاردان لەبارەی ئەنجامی ئەم بارودۆخە سیاسییەوە!
دەستەواژەیەکی سەیرو عەجایەبە، ئەگەر ملی بۆ بدەین ئەوا دەبێ دەممان داخەین، قەڵەمەکانمان بخەینەوە گیرفانمان، چاوەڕێ بین تا هەمو شتێك دەگوزەرێ، ئەوسا ئیتر بارودۆخەکە خۆی لەبارەی خۆیەوە بڕیاری خۆی دەخاتەڕو!
من دەزانم ئەو کەسانەی ئەم دەستەواژەیە بەکاردەهێنن زۆربەیان مرۆڤی ئومێدەوار، گەشبین، چاکەکارو نیشتیمانپەروەرن، بەڵام دەبێ ئەوە بزانن کە : زۆر نەشیاوە داوا بکەی قسەکردن لەبارەی روداوەوە دوابخرێ بۆ کۆتایی روداوەکە (وەکو بڵێی فەرەنجی هەڵگرە بۆ پاش باران.(
پێویستە ئەم دەستەواژەیە بکێشرێتەوە، دەستەواژەیەکی تر بخرێتە جێگەی کە غیرەتی قسەکردن و لێکدانەوە بنێتە بەر مرۆڤ، کارێ بکات کە هەموان (هەریەکە لەبەرپەنجەرەی خۆیەوە) روداوەکەی چۆن دێتە پێش چاو، بەوجۆرە باسی بکات (پێش ئەوەی روداوەکە بگاتە کۆتایی و خۆی لەبارەی خۆیەوە بڕیار بدات!(.
دەستەواژەی (جارێ زوه...) زەمینەسازی دەکات بۆ (گەڕانەوە بۆ دواوە)، گەڕانەوە بۆ ناو شێوازە خراپەکەی رێکەوتنە ستراتیژی و نا ستراتیژییە دوقۆڵی و چەندقۆڵیەکانی پێشو (سەردەمی ئاگربەستی شەڕی ناوخۆ) : ئەوساش بۆ ئەوەی رێکەوتنەکان بگەنە ئاکام، دەبوایە زمان و قەڵەم و ئیعلام بکرێن بەقوربانی رێکەوتنەکە، دەنا ئاشتی سەری نەدەگرت و دەقەومایەوە، بەڵام دەرکەوت زەرەرمەندی یەکەم لەو (دەمهەڵپێکان) و (زو بڕیارنەدان)ە خودی لایەنە ئاشتۆبوەکان بون : بەو هۆیەوە بەتەواوی قاعیدەکانی خۆیانیان پەشۆکاندو توشی دڵساردی و بێئومێدییان کردن.
ئەمە ئەگەر مەبەست لە (جارێ زوه بۆ بڕیاردان...) ئەوەبێ کە : قسەکردن لەبارەی روداوەوە هەلبگیرێ بۆ کۆتایی روداو.

خۆ ئەگەر مەبەستیش ئەوەبێ کە : (هەڵوێست وەرگرتن) بەرامبەر بەرووداو بخرێتە کۆتایی رووداوەکە، ئەویش هەر کارێکی نەشیاوە : خۆت و خەڵکی دەوروبەری خۆت، هەڵوێستی خۆتانتان لەبارەی هەمو شتێکەوە وەرگرتبێ، بەخەڵکیتر (ئەوانەی کە رەنگە بەمەزەنەی خۆیان رووداوەکە جۆرێکیتر کەوتبێتە بەرچاویان) بڵێن : جارێ ئێوە بێلایەنبن، هەڵوێست و کاردانەوەتان هەڵگرن بۆ کۆتایی رووداوەکە.

ئیشکردن بۆ چەسپاندنی فیکرەی (جارێ زووە بۆ بڕیاردان....) بەم مانایەی دوەم، هەوڵدانە بۆ خۆبەسەنتەرکردن و خۆ بەهەمو شتکردن، خۆکردن بەمیحوەری بینین و تەماشاکردن، وەك ئەوە وایە بڵێی : تەنها من هەم بۆ ئەوەی تۆ چاوت لەسەربێ، جا یان ئێستا بڕیارو هەڵوێستت ئیجابیبێ لەبارەمەوە، یان راوەستە تا لەکۆتاییدا دەگەیتە ئەو بڕیارەی کە.....:

کە.... چی؟ نازانم!

کە کاتی قسەکردن و لێکدانەوەو هەڵوێستوەرگرتن بەسەرچوە...

2014 / 4 / 28

...................................

# قازانج و زەرەری هەڵبژاردنەکەی پێشو

ماوەیەکی زۆر بەسەر هەڵبژاردنە گشتیەکەی هەرێمی کوردستاندا تێپەڕیوە کەچی تا ئێستا حکومەت پێکنەهێنراوە، هەمو لایەنەکانیش قڕوقەپیان لێکردوە، هیچ هەڵوێستێکی جددی لەهیچ کامیان نەبینراوە بیسەلمێنێ زۆر بەتەنگ مەسەلەکەوەبن، تەنها شتێك کە لەوبارەیەوە کردویانە بریتی بوە لەسازدانی هەندێ گفتوگۆی تەلەفزیۆنی کە ئەرزشی ئەوەیان نەبوە دۆخەکە بجوڵێنن، یان لانیکەم بیخەنە ژێر فشاری جددییەوە.

ئەمە لەو جۆرە رێکەوتنانە دەچێ کە بەئیجماعی (بێدەنگی) دروست دەبێ : لەناو فیقهدا قڕوقەپی جەماعی بەرامبەر بەئیجتیهادێك (یان بەرامبەر بەکردەوەیەك) واتە رازیبون بەناوەڕۆکی ئیجتیهادەکەو کردەوەکە، چونکە ئەگەر کەسێك هەبێ نارازیبێ ئەوا دەتوانێ بەڕێگەی تایبەتی ناڕەزایەتیی خۆی دەرخا نەك متەق لەخۆی ببڕێ و هیچ نەڵێ، هیچ نەگوتن و بەرپەرچنەدانەوەی ئەوەی دەگوزەرێ، واتە رازیبون.

قسەکردنی چەند مانگی رابردوی لایەنە سیاسیەکانیش لەمبارەیەوە، زۆرتر رۆڵی پاساوهێنانەوەی دیوە بۆ سەرگرتنی رێکەوتنێکی رانەگەیەنراو کە بەئیجماعی بێدەنگی دروستبوە!

بەکورتی : پێم وایە لایەنەکان (هەمویان) کەم و زۆر بەرژەوەندیی خۆیانیان لەوەدا بینیوەتەوە ئەو دۆخە تا ئەم کاتە بەوجۆرە بڕوا بەڕێوە بۆیە وەها رۆیشتوە بەڕێوە، دەنا هەر یەکێکیان بیویستایە دۆخەکە بخا بەبارێکی تردا ئەوا دەیتوانی بەکردەوەی جددی پیشانی بدا کە دەیەوێ بیخا بەبارێکی تردا.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە : دەبێ ئەو بەرژەوەندییە هاوبەشە چیبێ کە هەمو لایەنەکانی وەها لێکردوە لێگەڕێن جارێ تا کاتێکیتر دۆخەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟

ئایا قازانج و زەرەری هەمویان لەهەڵپەساردنی گفتوگۆی پێکهێنانی حکومەتدا (تا ئێستا، یان تا هەر کاتێکیتر) وەکو یەکە؟

ئەم هەڵبژاردنەی بەردەممان وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە.

2014 / 4 / 11

# ئەم کاندیدبێ، ئەویش جادە بخرۆشێنێ!

یەکێك لەو سوننەتە سیاسیانەی تا ئێستا پێی لەسەر دادەگیرێ بریتییە لە :
دابەشکردنی کاری سیاسی بەپێی بڕوانامە:
-خاوەنی بڕوانامەی دکتۆراو ماستەرو جارجاریش بەکالۆریۆس (کاندید بۆ پەرلەمان).
-دەرچوی سەرەتایی (بۆ گۆرانیگوتن و جۆشدانی هەڵمەتی هەڵبژاردن، ئەویش ئەگەر دەنگی خۆشبێ و بزانێ بەباڵای لایەنەکەیدا هەڵبدا، دەنا بۆ پۆستەرهەڵواسین و پۆستەرلێکردنەوەو قەرەباڵغیدروستکردن لەدەوری شوێنەکانی بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکە).
خاوەنی بڕوانامە باڵاکە ئەگەر بەخت یاریبێ ئەوا لەچاوتروکانێکدا هەلومەرجی ژیانی 180 پلە دەگۆڕێ، بەڵام دەرچوی سەرەتاییەکە پاش بەڕێوەچونی هەڵمەتەکەو پاش دەنگدانەکەش ژیانی هەر وەکو لەوەوبەری خۆی دەڕوا بەڕێوە، ئەنجامی هەڵبژاردن هەرچۆنبێ.
کەچی ئەوەندەی دەرچوی سەرەتاییەکە خۆی لەبەزمی هەڵمەتەکەو پاش هەڵمەتەکەوە دەگلێنێ، خاوەنی بڕوانامەکە چارەکی ئەو خۆی ئارداوی ناکات، نەلەهەڵمەتەکەداو نەلەکۆتاییشدا کە دەبێتە پەرلەمانتار، یان کە نابێت و دەڕواتەوە سەر کارەکەی پێشوی.
کاتێکیش نۆرە دێتە سەر بەخشینەوەی تۆمەت، هەمو لایەك لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەوە خەڵکی نەخوێندەوارو سادەو کاڵفامبون رەوشی جادەوبانیان تێکدەدا لەکاتی بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکەدا!

2014 / 4 / 2

..................................

# نەخۆشیی ئەشکەوت

ئەوەندەی من سەرنجم داوە مرۆڤی لای ئێمە (بەخۆیشمەوە) سروشتی ئەشکەوتی هەیە، هەر گوێی لێبێ کەسێ دەڵێ (ها؟)، ئەویش یەکسەر وەکو ئەشکەوت دەست دەکا بەدەنگدانەوە (هاااااااااا)؟

چاوی لێبێ تۆ نیازی چونە سەرئاوت هەیە، یەکسەر ئەویش بەدەستی هەویراوییەوە دێ لەگەڵ تۆ سەرە دەگرێ و تەشتە هەویریش بۆ بەردەم پشیلە!

ببیسێ کەسێ لەسەر راسپاردەی دکتۆری تایبەتیی خۆی حەبێ بەکار دێنێ، یەکسەر ئەویش رادەکا بەر دەرمانخانە دەگرێ، تا لەحەبەکەی ئەو پەیدا نەکاو نەیخوا ئۆقرە ناگرێ!

ئەمە وایلێکردوە هەمیشە لەو دۆخە دەرونییەدابێ کە کورد (لەگەڵ داوای لێبوردنمدا لەبەرێزتان) بەدەستەواژەی (دەشیخورێ و دەشیئێشێ) گوزارشتی لێکردوە.

دەیخورێ چونکە هەمیشە هەر لەخۆوە حەزدەکا شتێ، کارێ، چالاکییەك بکا، دەیئێشێ چونکە هەر هەمانکات کە کارو چالاکیەکە جێبەجێ دەکا (یان کەمێ پاش ئەوە) پەشیمانی دایدەگرێ و پێی وایە شتێکی خراپی کردوە!

بێگومان ئەمە دوفاقی نییە، ئەمە تەنها (ئێشان و خورانە پێکەوە لەیەك کاتدا)! وەکو چی؟

وەکو ئەوەی کەسێ بیەوێ دەست لەشتێکەوە بدا، بەڵام پاش کەمێك (یان هەر راستەوخۆ پاش دەست تێوەدانەکە) دودڵی دایبگرێ و پێی وابێ کارێکی باشی نەکردوە!

ئەم بارە دەرونییە کاتێ دروست دەبێ کە مرۆڤ بەچاوی خەڵك تەماشای شت بکا نەك بەچاوی خۆی، بەدڵی خەڵك حەز لە شت بکا نەك بەدڵی خۆی، بەبڕوای خەڵك شت بەباش یان بەخراپ بداتە ئەژمار نەك بەبڕوای خۆی، بۆ رازیکردنی خەڵك خۆی هەڵنێ بۆ چاککردنەوەی شتی خراپ، نەك بۆ رازیکردنی خۆی!

ئەمەش بەکورتی نەخۆشییەکی (دەرونی - کۆمەڵایەتی)یە کە زۆر لەجێی

خۆیدایە ناوی بنێین (نەخۆشیی ئەشکەوت) چونکە لەسروشتێکی مرۆییەوە هەڵدەقوڵێ کە سروشتی ئەشکەوتیشە، ئەشکەوتیش وەك مرۆڤی ئەم سەردەمەی لای ئێمە توانای نییە دەنگ لەگەروی خۆی هەڵگۆزێ، بەڵکو تەنها توانای دەنگدانەوەی هەیە، تەنها دەتوانێ دەنگی ئەشکەوتنشینان بداتەوە!

ئەگەر چەند مانگی رابردو (سەروەختی هەڵبژاردنەکەی پێشو) لەکوردگەل وردبوبیتەوە، بۆت دەرکەوتوە چەند دەیخورێ و دەشیئێشێ!

من خۆم کوردگەلێکی زۆرم بینی، بەچاوی خەڵك (بەچاوی خۆیان نا) تەماشای هەمو شتێکیان دەکرد، بەبڕوای خەڵك (بەبڕوای خۆیان نا) ناویان لێدەنان (شتی خراپ)، بەدڵی خەڵك (بەدڵی خۆیان نا) ئارەزویان چوبوە سەر راستکرنەوەیان، بۆ رازیکردنی خەڵك (بۆ رازیکردنی خۆیان نا) شانیانداپە بەر راستکردنەوەیان و چون دەنگیاندا.... کەچی کە دواجار بەچاو و دڵ و بڕوای خۆیان سەیری شتەکانیان کردەوە، پەشیمانبون لەو ئیشەی کردویانە! بڕوایان لاوازبو بەوەی ئیشەکەیان ئەنجامێکی باشی لێ بکەوێتەوە!

ئێستاشی لەگەڵبێ دەیانبینی هێشتا هەر دەشیانخورێ و دەشیانئێشێ!

دەیانخورێ چونکە هەست دەکەن (تەواوە!) دەبێ هەرچۆنێ بێ ئیشێ بکەن بۆ باشکردنی دۆخی شتەکان، دەشیانئێشێ چونکە دودڵن، دەترسن نەیپێکن!

(بەشداریی سیاسی و کۆمەڵایەتی)ی کوردی ئەم رۆژگارە (کوردی سەر بەهەمو لایەن و تیرەو تایەفەکان) تا ئێستا ئا بەم بارودۆخە دەرونییەوە چۆتەسەر، بەم (اضعف الإیمان)ەوە!

2014 / 4 / 2

...........................

# گەڕەکی دەنگدەر، گەڕەکی کاندید

دەوروبەری ماڵی ئێمە ساڵەهایە سێ / چوار مزگەوتی لێیە، کە کاتی بانگدێ هەر هەموویان بەجارێ تێهەڵدەکەن...
گەڕەکی ئێوە لەوانەیە مزگەوتی زۆری تیا نەبێ، بەڵام رەنگە جادەی پان و پۆڕی تیابێ... دەبێ ئەم مانگی نیسانە چ گیرێك بخۆن بەدەست بانگەوە نا، بەدەست بانگەشەو جرت و فرتی ئوتومبێلەوە...
بەڵام هێشتا حاڵی ئێوە لەحاڵی ئێمە باشترە، ئێوە مانگێکەو دەبڕێتەوە، ئێمە بڕانەوەی نییە...
ئێوە یەك دو شەوی پێش کۆتایی هەڵمەتەکەش تۆزێ بەزەحمەت دەگوزەرێ لێتان، چونکە هەڵمەتی هەڵبژاردن لەکوردستاندا سروشتی زستانی درەنگوەختەی هەیە، وەکو ئەو زستانە وایە کە ناپەرژێ لەکاتی خۆیدا تێهەڵکاو لەدەقەی ئەخیردا تۆڵەی خۆی دەکاتەوە..
بەڵام ئێمە ئەوەمان باشە لەسەرەتاوە تا کۆتایی کێشەکەمان بەیەك ریتم دەست پێدەکاو بەهەمان ریتم کۆتایی دێ...
ئێوە لەڕویەکی تریشەوە قەپاتن : پاش کۆتایی هەڵمەتەکە زو پۆستەری سەر دەرودیواری گەڕەکەکەتان لێدەکرێتەوە چونکە گەڕەکەکەتان بەرچاوەو نابێ بەو ریپاڵییە بمێنێتەوە، بەڵام ئێمە ئێستاش دەیان پۆستەری هەڵمەتەکەی شەش مانگ لەمەوبەر (هینی دەموچاوی ریشن و غەیری ریشن) بەدەرودیواری گەڕەکەکەمانەوە ماون و لێنەکراونەتەوە، وا هینی تازەشی هاتە بان، رەنگە بەهۆی ئەوەوەبێ گەڕەکی ئیمە لەچاو گەڕەکی ئێوە پێویستی بەریکلام و پۆستەراتی زۆرتر هەبوەو هەیە چونکە دەنگدەرێکی زۆرتری تیایە...
بەڵام قەیناکا تەحەممولی ئەم مانگە بکەن، لەکۆتاییدا سودمەندی یەکەم هەر گەڕەکی خۆتانە، چونکە زۆربەی کاندیدەکانی هەمو لایەنەکانیش هەر کوڕی گەڕەکی ئێوەن...

2014 / 4 / 1

# بەڵێ بۆ دەوڵەتی کوردی

کابرایەکی وتو وریای دەموچاو ئاوڵاویی نابینا هەبو (مەلای خەیاڵ)یان پێدەگوت، لەسلێمانی ناوبانگی بەزرنگی دەرکردبو، بەڵام بۆ ئازایەتی و زبردەستی نەمبیستوە هیچی وای لەبارەوە گوترابێ، رۆژێکیان (نزیکەی 34 / 35 ساڵ لەمەوبەر) بەبەرچاوی ئێمەوە (لەپێنجوێن) کردی بەکوتەکدا بۆ کرێکارێکی عەرەب، نەمزانی ئەو دەست و مەچەکە بەهێزەی لەکوێ بو بەجوتێچاوی مەغدورەوە؟

دایکم بەتکاوڕجا فریا نەکەوتایە : مامۆستا گیان گوناحە، مامۆستا گیان غەریبە، لێیگەڕی توخوا...

مامۆستا بیرازێکی باشی کابرای عەرەبی دەکرد، چونکە بەتەواوی دەستی لەملی گیربوبو، ئەگەرچی دەستی خۆیی هەر لێوەشاند! کرێکارە عەرەبەکە ئیشی بۆ مەلا دەکرد، سایەقی حەفارەبو لای مەلا، وابزانم کەمتەرخەمیی لەکارەکەیدا کردبو، یان بەرزو نزمیی لەڕوی مەلادا گوتبو، مەلا ئەو سەردەمە مقاول و شتی وا بو، بەشێ لەئیشەکانی مجەمەعەکەی پێنجوێنی بەرکەوتبو خەریکی تەواوکردنی بو، لەم ساڵانەی دواییشدا خەریکی کڕین و فرۆشی قاڵیی ئێرانی بو، زۆر شارەزابو لەدیاریکردنی بەهای قاڵی و ناسینەوەی باش و خراپی قاڵیدا.

دایکم هەوڵیدا نەهێڵێ عەرەبێك بەدەستی کوردێك ئێشی پێ بگا، کەچی عەرەبێك نەبو دەست بێنێتەڕێی ئەو سەربازە عەرەبانەی لەڕەبیەکەی خۆیانەوە دایکمیان لەناو ماڵی خۆماندا (لەقەڵاچوالان) دایە بەرفیشەك و شەهیدیان کرد.

منیش هەمان دڵ و دەرونی دایکمم هەبو :

ساڵی 1996، کاتی راوڕاوێن و خۆخۆریەکە، لەگەڵ خەڵکێکی زۆر رێمان گرتبوەبەر شارمان جێدەهێشت بەرەو شارباژێر، دو برادەری عەرەب هاوڕەومان بون، لایەنگری یەکێك لەلایەنە ساسیە هاوڕەوەکان بون، لەڕێدا گەنجێکی کوردی هاولایەنیان (نازانم بەهۆی چییەوەبو) چو بەگژیاندا، منیش کەمێك بەسەریدا هاتم وتم : گوناحن برا، بۆ وا بەگژیاندا دەچی؟ گەنجەکە هات بەگژ منیشدا (ئەو سەردەمە منیش هەر گەنج بوم)، بەڵام کار نەگەیشتە باریکی و زو کۆتایی پێهات.

پاش چەند هەفتەیەك گەڕاینەوە شار، زو زو لەلای باخی گشتی عەرەبەکانم دەبینییەوە، لەگەڵ یەکێکیاندا دەربارەی سەربەخۆیی کورد گفتوگۆی زۆر دەکەوتە نێوانمانەوە، زۆر دژبو، هەرگیز دانی بەوەدا نەدەنا کورد شایستەی ئەوەیە سەربەخۆ بژی، خۆی چارەنوسی خۆی دیاری بکا، جارێکیان گەیشتە کونی لوتی وتی : دەی جیا ببنەوە، با ئێمەش لەم سەرئێشەیە رزگارمان بێ!
ئەم باسانە بۆ ئەوە دەگێڕمەوە بڵێم :
ئێستا ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رازیبێ گۆچانێك بداتە دەست تەنانەت شێخێکی نەخوێندەواری خۆمان و بڵێ : ها ئەوە کوردستان، تۆ سەروکاری بکە، سەد قات بەلامەوە باشترە لەوەی چارەنوسمان تاسەر بەدەستی عەرەبەوەبێ، جا با ئەو عەرەبە نەك یەك دکتۆرا چەندین دکتۆراشی هێنابێ!
دکتۆرای سوننەو شیعەی عەرەب هیچی لەسوننەگەری و شیعەگەری و عەرەبچێتیی نوخبەی سیاسیی عەرەب کەم کردۆتەوە؟
بێگومان ئەم دەرەنجامەم لەهەستی کوردچێتییەوە هەڵنەهێنجاوە، چونکە دەزانم کوردچێتییش بێ زیان نییەو نەبوە بۆ خەڵکی کوردستان، بەڵام (سەربەخۆیی و خۆبەڕێوەبەری) زیانی لەزیانی (پاشکۆیی و ژێردەستەیی) کەمترە :
ئەگەر کورد خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆو شەخسیەتی قانونیی نێودەوڵەتیبێ، ئەوا زەمینەی کێبەرکێی سیاسی لەکوردستاندا لەبارتر دەبێ، تەنانەت زەمینەی بەریەککەوتن و ناکۆکیی سیاسی لەبارتر دەبێ (ئەگەر خوانەخواستە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەروا لەژێر پرسیاردابێ و ناکۆکیی لێبکەوێتەوە) چونکە ئەوسا ئیتر خاوەنی دەوڵەتین، هیچ سەرکێشییەك مەترسیی گەورە ناخاتە سەر شەخسییەتە قانونییە نێودەوڵەتییەکەمان، وەکو میسرو تونس و لیبیاو هتد، بزانە دوای ئەو هەمو شەڕوشۆڕە خوێناوییە لەو وڵاتانەدا، خەڵکی وڵات گیانی خۆیانیان لەکیس دا کەچی وڵاتیان لەکیس نەدا، گیان و ژیان و سەربەخۆیی نەوەی داهاتویان لەکیس نەدا، وڵاتیان هەر وڵاتە!
کەچی ئێمە لەکێشمەکێش و هەراو فەرتەنەی ناوخۆدا زۆری نەمابو هەمو شتێ لەکیسبدەین، تەنها لەبەر ئەوەی خاوەنی دەوڵەت و کیانی قانونی نەبوین و شەڕمان لەچوارچێوەی بەتاڵدا دەکرد، هەر باش بو بەختمان هێنای و یەکجاری نەکەوتینە سەر ساجی عەلی.
2014 / 6 / 29

# بیرۆکەیەکی تازە بۆ دروستکردنی نەتەوەیەکی تازە لەناو رۆمانێکدا یان هەر لەسەر زەوی...

دو ماڵی کوردی هەورامیی (بەرێز، بێوەی، خۆشەویست) دراوسێمانن، لەگەڵ هەردولایان کەمەکە هامشۆورەوتێکمان هەیە، بەڵام وابزانم ئەوان لەبەینی خۆیاندا ئەو کەمەکە هامشۆورەوتەشیان نییە کە لەگەڵ ئێمەدا هەیانە...
رۆژێکیان یەکێکیان گلەیی لەوی تریان کردبو، وتبوی : ئێوە هامشۆورەوتی ماڵە کوردەکە ئەکەن (واتە ماڵی ئێمە)، کەچی هامشۆورەوتی ماڵی ئێمە ناکەن...
کە ئەمەم بیست هەستمکرد هەورامییە سلێمانینشینەکان لەغەریبایەتییەکی سەیردا ژیان دەگوزەرێنن، وەکو ئەوەی (عەرەب) بن و چواردەوریان بەماڵە کورد گیرابێت ئاوەها!
تۆ بڵێی نەنکی منیش (دایکی باوکم) لەناو هاوماڵەکانیا هەمان هەستی هەبوبێ؟
ئاخر ئەویش (بەڕەحمەت بێت) دایکی کوردی دەوروبەری پێنجوێن بو، بەڵام باوکی (هەورامی) بو...
تۆ بڵێی لەگەڵ مێردێکی کوردی دەوروبەری پێنجوێندا، لەناو ئەو هەمو هاوماڵە کوردەدا خۆی بەعەرەب نەزانیبێ؟
بەداخەوە لەشاری مەریوانیش گوێم لەوەبوە کە هەورامییە بەڕێزەکان (تەنانەت نوسەرو رۆشنبیرەکانیشیان) خۆیان بەکورد نازانن، بەڵکو تەنها ئێمە بەکورد دەزانن!
دەی قەیناکا با نەیگرینە دڵ.. کێ دەڵێ وشەی (کورد) لەکۆنی کۆندا ناو نەبوە بۆ یەکێك لەعەشیرەت و تایەفە زۆرەکانی گەلەکەمان، هەروەها وشەی (هەورامی)یش؟
کێ دەڵێ مەبەستی هەورامیەکان لە (ناوهێنانی ئێمە بەکورد)و (ناوهێنانی خۆیان بەهەورامی) ئەوە نییە کە ئێمە هەردولامان (کوردو هەورامی) دو عەشیرەتی سەر بەیەك نەتەوەی فراوانین کە : دواجار، وردە وردە، بۆ هەتا هەتایە، ناوی (کورد)ی پێوە نوساوە، بەڵام زاکیرەی مێژوییی هەورامییەکان لەهینی ئێمە

باشترەو لەبیریان نەچۆتەوە کە وشەی (کورد) ناوە بۆ تەنها یەك دانە لەعەشیرەتە زۆرو زەبەندەکانی نەتەوەکەمان نەك بۆ هەموی...

ئەگەر وابێت ئەوا دەتوانین ناوێکی تری تازە لەنەتەوەکەمان بنێین کە هەمو عەشیرەتە پێکهێنەرەکانی پێی رازیبن، ناوێك کە لەپیتی یەکەمی ناوی هەمو عەشیرەتەکانمان پێك هاتبێت، بۆ نمونە : (کوهەجادزلوکەزا) کەپێکهاتوە لەبەشی یەکەمی ناوی چەند عەشیرەتێك لەعەشیرەتە زۆرەکانمان... بەڵام بێگومان پێش دۆزینەوەی ئەم ناوە تازەیە بۆ نەتەوەکەمان دەبێت کۆبونەوەیەکی فراوان بکەین، هەمو تیرەو تایەفەو عەشیرەتەکانمان بەشداربن تیایدا، رێکەوین لەسەر ئەوەی کە لەتەرتیب کردنی پیتەکانی ناوە تازەکەدا پیتی یەکەمی ناوی کام لەعەشیرەتەکان بخەینە هەوەڵەوە، هینی کامیان بخەینە ناوەراستەوە، ئەی هینی کامیان بخەینە دوای ناوەراست و دواترو دواترو دواترینەوە؟

ئەی زمانی یەکگرتوی ئەم نەتەوەیە چۆن دابهێنین، زمانێك کە دەست بدا بۆ ئەوەی هەمومان شیعرو چیرۆك و رۆمانی پێ بنوسین و بیکەینە زمانی فەرمیی دەوڵەتی ئایندەمان؟

خۆ ناکرێ بۆ ئەمەشیان بیر لەداهێنانی زمانی (سۆرمانجیزالوررامی) بکەینەوە!

2013 / 12 / 18

# رونكردنەوەيەك

لەو وتارەی سەرەوەدا (بیرۆكەیەكی تازە بۆ دروستكردنی نەتەوەیەكی تازە) شتێكم بەناتەواوی جێهێشتوە، هەوڵدەدەم بەم چەند دێرە ئەو ناتەواوییە تەواو بكەم. ..

راستییەكەی من پێم وایە زۆربەی جار دەستبردن بۆ چەمكی نەتەوە دەستبردنێكی فێڵبازانەی چینێك بوە بۆ دەستگرتن بەسەر بەرژەوەندیی مادیی چینێكی تردا، بۆیە نایشارمەوەو دەڵێم : هەوڵدان بۆ كۆكردنەوەی ملێۆنان خەڵك تەنها لەسەر بنەمای هاوشوناسی (لەڕوی كەلتورو زمان و ئایین)ەوە هەوڵدانێكی ناڕاستگۆیانەو ناشەریفانەیەو لەكۆتاییشدا هیچ ئاكامێكی گرنگی لێناكەوێتەوە (ئەگەر بەجدی و راستگۆیانە چەمكی بەرژەوەندیی هاوبەش /بەمانا مادیەكەی نەك بەمانا مەعنەویەكەی/ ئیزافە نەكەین بۆ سەر چەمكی هاوشوناسی و هاونەتەوەیی و هاوخوێنی)، ئەمە راستییە، راستییەكی مێژوییی، نەك تەنها بەنیسبەت نەتەوەی كوردەوە بەڵكو بەنیسبەت هەمو نەتەوەیەكی تریشەوە لەهەر شوێنێكی دنیا.. لەبەر ئەوە حەز دەكەم رایگەیەنم : مەبەستی من لەباشێتیی (خۆبەكوردزانی)ی خەڵكی كوردستان (بەهەورامی و كاكەیی و قەڵخانی و زازایی و كرمانجی)یەوە ئەوەیە كە : ئەگەر راستگۆبین لەگەڵ خۆمانداو لەسەر بنەمای یەكخستنی بەرژەوەندیە مادیەكانمان بانگهێشتی یەكتر بكەین بۆ كۆبونەوە لەدەوری یەكتر، دەكرێ هەستی خۆبەكوردزانی و هاوكەلتوری و هاورەگی، یارمەتیی زیاترمان بدات لەیەكخستن و سەرخستنی ژیانی سیاسی - كۆمەڵایەتیماندا (بەتایبەتی كە ئێمە نیشتەجێی رۆژهەڵاتین)و مەسەلەی هاوخوێنی رۆڵی هەیە لەبردنە پێشەوەی دۆزی مرۆڤەكاندا... دەنا ئەگەر مرۆڤی سەر ئەم زەوییەی كە پێی دەگوترێ كوردستان ئەوەندە ژیربن گەیشتبن بەو بڕوایەی بەبێ هاوهەستیی نەتەوەییش پێكەوە بیانكرێ و بەرژەوەندیی مادی و مەعنەویی یەكتر لەبەرچاو بگرن، هیچ كێشە نییە ئەگەر هەر تیرەیەك

لەتیرەکانی ئەم سەر زەوییە بەجیا خۆی بەنەتەوەیەکی جیاواز بداتە قەڵەم (تەنانەت ئەگەر هیچ جیاوازییەکی لوغەوی و کەلتوریشی بۆ نەدۆزرێتەوە بیکات بەپاساوی خۆبەجیاواززانینەکەی).

19 / 12 / 2013

................................

# ئاشتییەك ئاشتی نییە بەهیوای تەفروتوناكردنی یەكتر بمانژیەنێ

روداوەكانی ئەم دوایيەی هەرێمی باشوری كوردستان هەندێ راستیی ترسناكیان خستەڕو، یەكێ لەوانە ئەوەیە : ساڵەهایە ئەم هەرێمە لەبەردەم جەنگێكی هەڵپەسێردراودایە.

هەمومان دەزانین ئەو ئاشتییەی لەدوای دامركاندنەوەی شەڕی ناوخۆوە تا ئەم دواییانە سایەی بەسەر هەرێمەكەماندا كێشابو، ئاشتییەك بو لەژێر زەبری دەرەكی (زەبری ئەمریكاو وڵاتانی ئیقلیمی) و تەوافوقاتی ناوخۆییدا، تەوافوقاتەكەش تەوافوقاتێك بو لەسەر بنەمای دابەشكردن و قۆرخكردنی دەسەڵات، هەروەها دابەشكردن و دەستبەسەرداگرتنی داهاتی نەتەوەیی هەرێمەكە، لەنێوان دو هێزە سەرەكییە شەڕكەرەكەی پێشو (یەكێتی و پارتی) دا، نەك لەژێر زەبری یاساو بەرژەوەندیی نیشتیمانی و بەها باڵا (سیاسی - كۆمەڵایەتی)یەكاندا، ئەگەر وا نەبوایە ئەوا شایەدی روداوەكانی ئەم دواییەو زۆرێك لەڕوداوەكانی چەند ساڵی رابردوش نەدەبوین.

دو هێزە شەڕكەرەكەی پێشو، لەخۆشیی فرسەتە نوێیە رەخساوەكەو داهاتە بەلێشاوەكەی دوای روخانی رژێمی بەعس، بیری ئەوەیان نەما هەوڵی ریشەداركردنی ئاشتیەكەی نێوانیان بدەن، كارێكی جدی بكەن بۆ چەسپاندنی كەلتورێكی سیاسی - كۆمەڵایەتیی تازەو راماڵینی كەلتورە سیاسیەكەی بەرهەمی شەڕی ناوخۆ كە رەگی ژەندۆتە خوێنی كوڕوكاڵی ئەم گەلە، رەنگە هەر نەشیان ویستبێ كارێكی وەها بكەن بۆ ئەوەی هەتاسەر ئاشتییەكە لەژێر زەبردابێ و هیچ لایەكیان نەتوانن بیر لەلەقكردنی پێگەی یەكتر بكەنەوە! بەو هۆیەوە ئاگایان لەخەڵك هەر نەما، گوێی خۆیان خنی و هیچ حسابێكیان بۆ نارەزایی خەڵك نەكرد، كاتێ پێیان دەگوترا خەڵك لێتان نارازییە، دەیانگوت قەیچێكا ئێمە لەوان رازیین!

ئێستاش هیچ ئیرادەیەك لەئارادا نییە بۆ چەسپاندنی ئاشتییەكی راستەقینەو كەلتورێكی (سیاسی - كۆمەڵایەتی)ی ئاشتیهێن، ئاشتییەك لەژێر زەبری یاساو

بەرژەوەندیی نیشتیمانی و بەها (سیاسی - كۆمەڵایەتی)یە باڵاكاندا، هەموان چاویان لەوەیە ئەمریكاو بەریتانیاو فەرەنساو ئێران و توركیا ئاشتییان بۆ مسۆگەر بكا، یان ئاشتییان بۆ بسەپێنێ!

لەم كاتە ناسكەدا، ئەوەی پێویستە كەسانی وەكو ئێمە بەدەنگی بەرز بیڵێین ئەمەیە :

ئاشتییەك توركیا بۆ پارتیی مسۆگەر بكا، یان ئێران و وڵاتانی دیكە بۆ یەكێتی و گۆران و هێزەكانی دیكەی مسۆگەر بكەن، ئاشتی نییە، جەنگێكی هەڵپەسێردراوە.

ئاشتییەك ئاشتییە لەژێر زەبری یاساو بەرژەوەندیی میللەت و بەها باڵاكاندا چەسپێنرابێ، فێرمانكا ئیعتیراف بەبونی یەكتر بكەین نەك بەهیوای تەفروتوناكردنی یەكتر بمانژیەنێ و لەچاوەڕوانیی فرسەتی شەڕی حاسمدا بمانهێڵێتەوە، ئاشتییەك ئاشتی نییە وڵاتان سەپاندبێتیان بەسەر هێزەكانماندا.

دەبێ بەدەنگی بەرز بیڵێین :

* كۆمەڵگە پێویستی بەئاشتیی راستەقینەیە...

* راگرتنی میللەت لەبەردەم جەنگی هەڵپەسێردراودا خیانەتێكی گەورەی جەماعییە لەئەستۆی هەمو هێزەكان هەر یەكەو بەقەدەر قەبارەی خۆی، نەك لەئەستۆی یەك و دویان.

2015 / 10 / 15

...............................

# پارتی و خەڵکی سلێمانی

لەهەرێمی کوردستان، نە بەبێ پارتی حکومڕانی دەکرێ، نە بەبێ خەڵکی سلێمانی (جا لەدەوری هەر حیزبێ خڕبوبنەوە).
ئەمە راستییە، دەبێ پارتی و خەڵکی سلێمانی لەپێش هەموانەوە بیزانن، بەڵام پێناچێ هیچ لایەکیان بیزانن.
پارتی نایزانێ ئەگەرنا لەگەڵ خەڵکی سلێمانی و نوخبە سیاسی و رۆشنبیرەکەی خەڵکی سلیمانی ئاوەها دۆلاودۆڵ نەدەکەوت.
پارتی لەدوای شەڕی ناوخۆوە تا ئێستا، دوجار (لەناو دو حیزبی سیاسیدا : یەکێتی و گۆڕان) لەگەڵ خەڵکی سلێمانی (یان نوێنەرانی خەڵکی سلێمانی) چۆتە شەراکەتەوەو لەحکومەتدا بەشداریی پێکردون، لەهەردو جارەکەدا سەرکەوتو نەبوە، لەبەرئەوەی شەراکەتی راستەقینەی لەگەڵ نەکردون، دەسەڵاتی تەواوی نەداونەتێ، کارێکی کردوە تەنها بەناو وەزیرو شەریکبن، جگەلەوە زۆر بەگومانەوە مامەڵەی لەگەڵ کردون، شتی گرنگی لێشاردونەتەوە هەر لەمەلەفی نەوتەوە بیگرە تا دەگاتە مەلەفاتی سیاسی و ئەمنی و هیتر.
خەڵکی سلێمانیش (یان نوێنەرانی خەڵکی سلێمانی) جا لەناو یەکێتیدا بوبن یان لەناو گۆڕاندا (بەتایبەتی دوای ئەوەی بەچڕی لەگۆڕان خڕبونەوە) بەهەمان شێوە زۆر بەوردی ئاگایان لەو راستییە نەبوە کە حکومڕانی لەهەرێمی کوردستاندا بەبێ پارتی هەرگیز مومکین نییە، بەهۆی پێداگیریی زۆریانەوە لەسەر چەسپاندنی دیموکراتیەتی عەیارە بەرز، یەك دنیا هەڵەی گەورەیان ئاوقەی خۆیان و ئەزمونی خۆحکومڕانی خەڵکی هەرێمی کوردستان کردوە، نەیانزانیوە یان رەنگە نەیانویستبێ بیزانن کە : دیموکراتیەت وەسیلەیە نەك غایە!
بەبڕوای سادەی من، دەبێ پارتی واز لەو بەدگومانییە زۆرە بهێنێ کە بەرامبەر خەڵکی سلێمانی و نوێنەرانی ئەوان هەیەتی، شەریکایەتییەکی راستەقینەیان بکا لەحکومڕانیی وڵاتدا.

هەروەها دەبێ خەڵکی سلێمانی و نوێنەرانیان دەستبەرداری خەونی پەڕگیرانەی خۆیان ببن، پێیان وا نەبێ دەکرێ لەڕێی بەرزکردنەوەی دروشمی (دیموکراتیەتی عەیارەبەرز) ەوە، پارتی لەگەمەی سیاسی بکرێتە دەرەوە، دەبێ حسابی لەبەر، لەبەرتر، لەبەرترین بکەن :
دەبێ بزانن داواکردنی دیموکراتیی عەیارەبەرز لەهەرێمێکدا کە غەرقی گەندەڵی، بێدادی، ناشەفافیەت و سەد دەردی تری سیاسی - کۆمەڵایەتییە، وەکو ئەوە وایە داوای دابینکردنی کەمالیات بکرێ بۆ خانەوادەیەکی نیشتەجێی کەلاوەیەك لەگەڕەکی زێڕینۆکی سلێمانی.

ئەگەر هەردولا : (پارتی) و (خەڵکی سلێمانی، جا لەدەوری هەر حیزبێ کۆبوبنەوە) ئەم راستییە دەرك بکەن، بەئاشکرا بەیەکتری بڵێن، لەیەکتری وەربگرن و بیکەنە بنەمای شەراکەت، رەنگە بتوانن لەئاییندەدا شەراکەتی راستەقینەی یەکتر بکەن لەحوکمڕانیی هەرێمدا، هەڵەی دوجار شەراکەتە سەرنەکەوتوەکەی دەورانی پێشو دوبارە نەکەنەوە.

تێبینی : کە دەڵێم خەڵکی سلێمانی مەبەستم دانیشتوانی زۆنەکە هەمویەتی : هەڵەبجە، گەرمیان، راپەڕین و هتد.

2015 / 10 / 13

..............................

# خواخوامانبێ کەرکوك و خانەقین دانەعشێن
# چش لەجەلەولاو شنگال

لەپاڵ ناردنی فڕۆکەی کۆمەکدا بۆ سەر چیای شنگال، دەتوانرا فڕۆکەی جەنگییش بنێردرێ بۆ سەر خودی شنگال و هەوڵی رزگارکردنی بدرێ، بەڵام تا ئێستا شتی وا لەئارادا نییە.

دەتوانرا هەر لەسەعاتی یەکەمەوە فڕۆکەی جەنگی بنێردرێتە سەر موسڵ و هەمو ئەو جێگایانەیتر کە دو مانگ زیاترە داعش تەراتێنیان تیا دەکا، بەڵام هەر لەسەعاتی یەکەمەوە دیپلۆماتکارێکی ئەمریکی لەڕێی تەلەفزیۆنی (العربیة الحدث)ەوە، بەعەرەبییەکی رەوان رایگەیاند :

لەئێستادا کاری وا بەئاسانی بەدەستەوە نایەت، هۆکارەکەیشی ئەوەیە لایەنەکانی ناو ناڕەزایەتییە میللیەکە (عەشایەرەکان و هیتر!) لەگەڵ داعشدا تێکچڕژاون بەسەر یەکدا، ئەمەش بەربەستە لەرێی ئەنجامدانی هەڵمەتی سەربازی بۆ سەر داعش!

لەڕستەیەکی پوختیشدا وتی :

عێراق یاریچی نییە، یاریگایە!

بەدوای ئەو رستەیەدا دەستیکرد بەبەهانە هێنانەوە بۆ بەشدارییپێکردنی وڵاتە هەرێمیەکان (بەئێران و تورکیاو ئەوانی ترەوە) لەچارەسەرکردنی کێشەی عێراقدا، باسی ئەوەیکرد ئەوان (لەئەمریکا) کۆی روداوەکە نابەستنەوە تەنها بەداعشەوە، بەڵکو چاویان لێیە جگە لەداعش، پاشماوەکانی رژێمی پێشو، لەپاڵ عەشایرێکی زۆری سوننەدا، بەشدارن لەسازاندنی دۆخەکەدا، بۆیە دەبێ روداوەکە بەپلەی یەکەم ببەسترێتەوە بەخەڵکە عەشایەرە عیراقیەکە خۆیەوە، ئەوانی لێبکرێ بەخاوەن نەك داعش، ئەوان بکرێنە بنەما بۆ چارەسەرکردنی دۆخەکە، رێگەچارەی دیپلۆماتی و سیاسی بگیرێتەبەرو داواکانیان بهێنرێتەدی.

بەکورتی دەمەوێ بڵێم :

هەڵوێستی ئەمریکا لەرۆژی داعشاندنی موسڵەوە، تا رۆژی داعشاندنی شنگال،

هیچ (گۆڕانێکی ریشەیی)ی بەسەردا نەهاتوە، هەر ئەوەیە کە یەکەمجار رایگەیاندوە:
(عێراق یاریچی نییە، یاریگایە) و پێویستە :
وڵاتە هەرێمیەکان (بەئێران و تورکیاو ئەوانی ترەوە) لەچارەسەرکردنی کێشەی عێراقدا بەشداری بکەن!
کەواتە : تا ئەو کاتەی دانوستانی نێوان ئەمریکاو وڵاتانی ئیقلیم لەبارەی هەلومەرجی یاریگاکەوە (عێراق) دەگاتە ئەنجام، دەبێ داعش لەشوێنی خۆیدابێ، دەستی بۆ نەبرێ (گەیاندنی هاوکاری بەڕێی خۆی و داعش بەڕێی خۆی)، هەرکاتێ یاریچییە راستەقینەکان (وڵاتانی ئیقلیم و ئەمریکا) یاریەکەیان لەنێوانی خۆیاندا یەکلایی کردەوە، ئەوا تەماشاوانە هێژاکان (عێراقیەکان) مەشهەدی کۆتایی یارییەکە دەبینن.
ئێستاش وا لێی نزیك بوینەتەوە :
ئەوەتا ئێران هاتۆتە سەر خەت، رازی بوە بەگۆڕینی مالکی و پێکهێنانی حکومەتی تازە، رەنگە گۆڵی کۆتایی یارییەکە (دەرپەڕاندنی داعش لەشوێنەکانی ئێستای) دانرابێ بۆ ئەم حکومەتە تازەیەی بەڕێوەیە پێکبهێنرێ، بۆ ئەوەی بتوانێ خاوەندارێتیی سەرکەوتنی کۆتایی بکاو خاکی عێراقی پێ پینە بکاتەوە.
بۆیە لەجیاتیی خۆتەنگەتاوکردن و بەکوشتدانی پێشمەرگە لەشەڕی داعش و سەندنەوەی (شنگال و جەلەولاو دێهاتی کوردنشینی دەوروبەری موسڵ)، باشترە تەماشاوانێکی دانبەخۆداگرتوبین، چەند هەفتەیەکی تریش سەبر بگرین، ساقەسەری کەرکوك و خانەقین، کێ دەڵێ ئەگەر پرکێشی بکەین ئەوانیشمان بۆ داناعشێنن و نایانکەن بەگۆڵی تەرح بۆ حکومەتی ئایندەی عێراق؟

2014 / 8 / 12

...............................

# دو گێمی یەك یاری

لەیەك كاتدا، بەتەنیشتی یەكەوە، دو روداو :
یەك : بەڕێوەچونی دانوستانی نێوان ئێران و سەری ئەوسەر (ئەمریكاو رۆژئاوا) دەربارەی توانا ئەتۆمیەكانی ئێران.
دو : سەرهەڵدانەوەی جەولەی چڕوپڕی شەڕ لەنێوان داعش و حكومەتی بەغدا لەئەنبار (پاش چەند هەفتە خۆلادانی داعش لەشەڕی حكومەتی بەغدا).
هەر بەتەنیشتی ئەم دو روداوەوە دو قسەی زەق لەئەمریكاوە :
یەك : ئەمە دوایین مۆڵەتە بۆ ئێران بۆ گفتوگۆكردن لەبارەی توانا ئەتۆمیەكانیەوە.
دو : داعش بەئاشكرا لەئەنبار خۆی دەردەخاو دێ و دەچێ، داعش زۆری بۆ عێراق هێناوە، داعش لەسەدا هەشتای ئەنباری بەدەستەوەیەو نیازی بەغدای هەیە، داعش... هتد.

ئایا ئەم دو روداوە بەتەنیشتی یەكەوە، لەبەر رۆشنایی ئەو شێوازی قسەكردنەی ئەمریكادا كە لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، ئەوە دەرناخا كە هەردو روداوەكە، دو گێمی یەك یارین لەنێوان هەردو یاریچیی ناوبراودا (ئێران / ئەمریكا)؟ ئەی ئەوە دەرناخا كە : ئەگەر دانوستانەكانی نێوان (ئێران / ئەمریكا : رۆژئاوا) لەبارەی توانا ئەتۆمیەكانی ئێرانەوە، شكست بهێنێ، رەنگە بەدوای ئەنباردا بەغداش بكەوێتە بەر پەلاماری داعش و شكست بهێنێ؟
من دەڵێم : با...

2014 / 10 / 16

..............................

# گەلەکۆمەکێلێکراوی دوەم

پەیدابون و دەرکەوتنی داعش (بەهەر هۆیەکەوە بوبێ و دەستی هەر وڵاتێکی لەپشتەوە بوبێ) دواجار لەبەرژەوەندیی سیاسەتی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی کەوتەوە (ئەگەر هەر لەسەرەتاوە بۆ هەمان ئامانج دروست نەکرابێ و نەخرابێتە جوڵە .(

ئەو فرسەتەی داعش خستیە بەردەم ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بەئەندازەیەك گەورەیە کە زەمینەی بۆ رەخساندون هێزی سەربازی بهێننەوە هەندێ شوێنی ستراتیژیی ناوچەکەو لەمەودوا سیاسەتەکانیان لەخۆرهەلاتی ناوەڕاستدا وەکو جاران بەسستی نەڕوا بەڕێوە، بەڵکو راستەوخۆو لەنزیکەوە، لەژێر چاودێریی هێزە سەربازی و موخابەراتیەکانی خۆیاندا، وردترو خێراتر بڕوا بەڕێوە، ئەوەتا هەر لەم سەرەتایەوە لەڕێی میدیاوە زەمینەی گەڕانەوەو مانەوە بۆ هێزەکانیان خۆش دەکەن و نوقڵانەی ئەوە لێدەدەن : (شەڕی بنەبڕکردنی داعش و پارەدارکردنی شەڕەکە ئاڵۆزەو چەند ساڵێ دەخایەنێ) ئەگەرچی هێشتا بەباشی مەعلوم نییە داعش چەنێك بەرگەی مانەوە دەگرێ لەمەیدانی ئەم شەڕدا!

ئەم شەڕە ئەگەرچی یەکێ لەگرنگترین ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی بریتییە لە : رەسمکردنەوەی نەخشەی سیاسیی سوریاو لاوازکردنی هاوپەیمانێتیی (ئێران / روسیا) و کورتکردنەوەی دەستی ئەو هاوپەیمانێتییە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا (بەعێراقیشەوە)، بەڵام یەکێکی تریش لەئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی بریتییە لە : (هەوڵدان) بۆ دەسکاریکردنی نەخشەی سیاسی و سیستمی سیاسی و سروشتی چینی حاکم (لەعێراق و هەرێمی کوردستاندا)، بەقازانجی سیاسەتی ئەمریکاو رۆژئاوا کە پەیوەستە بەسەقامگیریی ناوچەکەو رەزامەندیی خەڵکی ناوچەکەوە.

بێگومان دەبێ هاتوچۆی گەرم و یەکلەسەر یەکی چەند هەفتەی رابردوی سەرۆکوەزیرو وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی رۆژئاوا بۆ هەولێرو بەغدا، بەدروستی بخوێندرێتەوە، وەها بدرێتە بەر زەین کە ئەوە بەپلەی یەکەم نیشانەی

بایەخدانی ئەوانە بەخودی هەولێرو بەغدا، بەرلەوەی نیشانەی بایەخدانیانبێ بەحکومەتی هەولێرو بەغدا، ئەگەر ئەم بۆچونە بەهەند وەرگیرا ئەوا ئەوسا گرنگترین ئەرکی نوخبەی سیاسیی عێراق بەکوردو شیعەو سوننەیەوە (لەم کاتەدا) بریتی دەبێ لەڕێکخستنەوەی وڵات بەپێی دەستور، بێمنەت لەزەخت و زۆری وڵاتانی ئیقلیمیی وەکو ئێران و تورکیاو هیتر، هەڵبژاردنی ئەم رێگایە لەلایەن عێراقیەکانەوە، سەرەنجام دەبێتە هۆی پێکەوە نوساندنەوەی پێکهاتەکانی وڵات و سەقامگیریی ناوچەکەو باشبەڕێوەچونی کاروباری هاوپەیمانان لەگەلەکۆمەکێکەیاندا، خۆ ئەگەر کێشمەکێشی (سوننە / شیعە / کورد) لەعێراقدا، هاوکات لەگەڵ شەڕی (داعش / هاوپەیمانان) کە پێشبینی دەکرێ سوریا مەیدانە سەرەکیەکەیبێ، بەردەوامبێ و خەڵکی وڵات لەمە زیاتر ببنە قوربانیی شەڕو ململانێی ناوخۆیی، ئەوا رەنگە نفوزی هاوپەیمانان لەناوچەکەدا بەتەواوی بێتە خوارەوە (بەقازانجی تیرۆرو توندڕەوی)، ئەوسا کێشەکە لەبەردەمیاندا دەبێتە دو، مەیدانی جەنگ دەبێتە دو، هەمو شتەکانی تریش دەبنە دو، واتە عێراق لەهاوپەیمانی ناو گەلەکۆمەکێکەوە شوێنی دەگۆڕێ بۆ گەلەکۆمەکێلێکراوی دوەم (بەتەنیشتی سوریاوە)، رەنگە ئەوسا شەڕەکە لەو ماوەیەش زیاتر بخایەنێ کە پێشبینی کراوە، هەرێمی کوردستانیش نائارامییەکی زۆرترو درێژخایەنتر بیگرێتەوە.

بۆیە بەڕای من، سەرکردایەتیی سیاسیی کورد، ئۆباڵی هەڵخلیسکاندنی عێراق (لەهاوپەیمانی ناو گەلەکۆمەکێکەوە بۆ گەلەکۆمەکێلێکراوی دوەم) نەهێنێتە سەر خۆی، لەبەر دو هۆی ئاشکرا : یەکەم / بۆ دورخستنەوەی خەڵکی کوردستان لەئاکامەکەی.. دوەم / بۆ دورخستنەوەی خۆی لەسەرزەنشتی وڵاتان..

چش لەوەی رەنگە خەڵك هەبن هەڵوێستی لەوجۆرە خراپ تەفسیر بکەن.

2014 / 9 / 18

............................

# پلان بەپارە

کتێبی (نواعیر الفرات او بين العرب والأكراد) کتێبێکە لەبارەی عێراقی سەردەمی رژێمی پاشایەتییەوە، ساڵی 1956 لەلایەن نوسەرێکی هۆڵەندییەوە بەناوی (مالیپارد) نوسراوە...

نوسەر لەباسی بەغدادا کە باسی یەکەمی کتێبەکەیەتی، زۆر بەوردی لەبارەی سروشتی ئەو شارەوە دەدوێ، بەتایبەتی سروشتی جادەو سایەق و ئوتومبێلەکانی ناوی! پێی وایە یەکەمین دیمەنی سەرنجڕاکێش و موزعیج دیمەنی نەگونجاوی شەقامەکان، رەوشتی توندو زبرو بێتامی سایەقەکان و پاسکیلسوارەکان و ماتۆرسوارەکانیەتی کە سەرنجی مرۆڤی بیانی رادەکێشێ... باسی ئەوە دەکا لەناو هەمو ئەو شارانەدا کە بینیویەتی، بەغداد لەڕوی ژاوەژاو و هەراو دەنگەدەنگی سەرجادەوە بێ نمونەیە کە ئەمە نیشانەی پیسی ژینگەی شارەکەیە چونکە ژینگە هەر تەنها بەپاشەڕۆ پیش نابێ بەڵکو بەدەنگەدەنگ و ژاوەژاویش پیس دەبێ و بەکەڵکی ژیان نامێنێ.

مالیپارد لەبەغدا زۆر ناڕەحەت بوە بەهۆڕینلێدان و بەکارهێنانی دەنگی رەق و ناخۆش بۆ هۆڕینی ئوتومبێل.. ئاماژەی بەوە داوە کە ئەمە نەك هەر کارو کردەوەی شۆفێری سەیارەی بارهەڵگرو نەفەرهەڵگرە لەبەغدای سەردەمی پاشەیەتیدا، بەڵکو پاسکیلسوارەکانیش هەروەکو سایەقەکان وابون، ئەوانیش هۆڕینی وایان لەپاسکیلەکانیان بەستوە وەکو (شوت)ی سەیارەی ئاگرکوژێنەوە وابوە کە ئەمە بەهیچ جۆرێ لەئەوروپای ئەوساو ئێستاشدا وێنەی نەبوەو بەدینەکراوە.

باشە ئەگەر هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچونی هەڵمەتی هەڵبژاردندا، کەسێکی وەکو مالیپارد رێی بکەوێتە شارێ لەشارەکانی هەرێمی کوردستان (کە ئێستا سەدانیان لێرەن) دەبێ لەکۆتاییدا چیی لەبارەوە بنوسێ؟ باشە جگە لەمالیپاردو خەڵکی دیکەی بیانی، ئەی خۆمان؟ خۆمان خەڵکمان کەمە کە وەکو مالیپارد بێزاربن لەژاوەژاو و شەقامی شڵەقاو؟

دۆستینه.. ئەگەر شارەکەتان، کاندیدەکەتان، سومعەی خۆتان و گەلەکەتان، سەرکەوتنی هەڵمەتەکەتان و لایەنەکەتان، ئامانجی راستەقینەتانە، تکایە شەقام و کۆڵانی شار مەکەن بەمانۆڕگەی:

ماتۆڕعەرەبانە، وەنەوشە، چارجەر، دۆج، فۆرد ئێکسپلورەر، جێبی لاریدۆ، و هیچ جۆرە سەیارەیەکی تر.

بڕواتان هەبێ ئەو جۆرە مانۆڕانە، لەو شەقامە جەنجاڵ و تەسك و تروسکانەی کوردستاندا، بەناو ئەو هەمو خەڵکە دەردەدارو ماندوەدا، بەبەرچاوی هەزاران کەسی بێکارو بێ سەیارەوە، بێ هاوسەرو بێ ماڵ و حاڵەوە، زیانی گەورەتان لێ دەدا (لەهەر هەموتان!) لەڕابردوشدا لێی داون، ئەوەتا ساڵ لەسەر ساڵ حەماسی خەڵك بۆ مەسەلەکە کەمتر دەبێتەوە.

ئێوە ئەو هەمو پارەیە لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا خەرج دەکەن، هەق وایە بەشێکی ئەو پارەیە بۆ دەستەبەرکردنی پلانێکی گونجاوی تایبەت بەبەڕێوەبردنی هەڵمەتەکەبێ (لەڕێی کەسان و دامودەزگای پسپۆڕەوە).

2014 / 4 / 2

.........................

# نوسەری مدرسة المشاغبين مرد

چەند رۆژێ لەمەوبەر نوسەری ناسراوی مصری علی سالم لەتەمەنی 79 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.
علی سالم شانۆنامەنوس بو، خاوەنی دەیان تێکستی شانۆیی بەناوبانگە، دیارترینیان بریتیە لە (مدرسة المشاغبين) کە پێم وایە کراویشە بەکوردی و خراویشەتە سەر تەختەی شانۆ.
علی سالم هەروەها نوسەری مەقالات بو لەڕۆژامەی شرق الاوسط و ساڵەهابو لەو بوارەشدا دەینوسی.
مردو میدیای عەرەبی بایەخێکی ئەوتۆی بەمردنەکەی نەدا، تەنها لەبەرئەوەی لەگەڵ ئەوەدابو : عەرەب پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ئیسرائیل بەرەو ئاسایی بونەوە ببا، هەروەها سەردانی ئیسرائیلی کردبو.♂
هەندێ لەنوسەرانی رۆژنامەی (شرق الاوسط) بەهۆی هاوپیشەیی یان دۆستایەتیی تایبەتییانەوە لەگەڵیدا، وتاریان لەبارەیەوە نوسی، بەڵام عاممەی خەڵك لەفەیسبوك و تویتەر تەنها قسەی ساردو سوکیان بەدوای مردنیدا فڕێدا.
لەوتارێکیدا بەناونیشانی (راوچی و ماسی)، علی سالم دەڵێ:
نەنکم بۆی گێڕاومەتەوە:
جارێکیان راوچییەکی هەژار بەهیوای پەیداکردنی قوتی ئەو رۆژەی خۆی و ژن و تاقە کچەکەی، دەچێتە راوەماسی، لەپڕ ماسییەکی نامۆ دەبێ بەتۆڕەکەیەوە، ماسی دەڵێ : من ماسیی ئەفسوناویم، هەڵمدەرەوە ناو ئاوەکە سێ نیازتان بەدی دێنم : یەکێکی خۆت، یەکێکی ژنەکەت، یەکێکی تاقە کچەکەت.
راوچی، ماسی هەڵدەداتەوە ناو ئاو، خۆشخەیاڵ و خۆشحاڵ دەگەڕێتەوە ماڵ، مەسەلەکە بۆ ژنەکەی دەگێڕێتەوە، پاشان لێدەدا دەڕواتە دەرەوە بۆ قاوەخانەیەکی نزیك، لەوێ بەخەیاڵدا رۆدەچێ، دەیهێنێ، دەیبا، چی داوا بکا؟ چی داوا نەکا؟ لەو بەینەدا ژن لەماڵەوە، بەبێ کاتبەفیڕۆدان، داوای خۆی دەکا، دەڵێ : خوایە بمکەیتە ژنێ لەجوانیدا هاوشانی نەبێ.

ژن لەچاوتروکانێکدا داوای دێتەدی، دەبێتە جوانترین ژنی دنیا، هەواڵی جوانیەکەی بەشارو دێدا بڵاو دەبێتەوە، تەنانەت دەگاتەوە بەسوڵتان، سوڵتان دارو دەستەی خۆی رادەسپێرێ بەزوترین کات ئەو ژنە جوانەی بۆ بێننە کۆشك، ژن دەهێنرێتە کۆشك، کار دەگاتە ئەوەی سوڵتان لەژوری نوستنی خۆیدا پەچە لەڕوی لاداو دەستلەملانی ببێ، لەو کاتەدا کابرای مێردی هەواڵ دەبیستێ، زۆر توڕە دەبێ، داوا دەکا خوا ژنەکەی بکا بەمەیمون، یەکسەر داواکەی گیرا دەبێ، کاتێ پاشا پەچە لەڕوی ژن دەگرێتەوە دەبینێ مەیمونێکی تەواوە، دەهری دەبێ، داوا دەکا بەپەلە ئەو مەیمونە لەژورەکەی ببەنە دەرەوە، ژن دەڕواتەوە ماڵە مێردی خۆی، کچەکەی کە دەبینێ دایکی بۆتە مەیمون زۆر پەرێشان دەبێ، داوادەکا خوا دایکی بکاتەوە بەمرۆڤە ئاساییەکەی لەوەوبەر، داوای کچ گیرا دەبێ، دایکی دەبێتەوە بەو ژنە ئاساییەی کە هەبو، بەو جۆرە : هەرسێ ئەندامی خانەوادە فرسەتی هەرە گرنگی ژیانیان لەدەست دەدەن، لەبەرئەوەی هەماهەنگییان لەنێواندا نەبو، هەریەکە بەنیازی سەری خۆیەوە دەژیا، کچەی لێدەرچێ کە تاڕادەیەك فریای خانەوادەکەی کەوت و لەڕێی داواکەیەوە گەڕاندیەوە دۆخی پێشو.

علی سالم لەژێر ئەم چیرۆکەدا دەڵێ : هەمو تاکەکەسێ مافی خۆیەتی نیازی تایبەتیی خۆی هەبێ، بەڵام ئەگەر نیازی کۆمەڵگە لەبەرچاو نەگرێ ئەوا ئاوای بەسەردێ کە بەسەر تاکتاکی خانەوادەی کابرای راوچیدا هات.

محمد مصطفی ابو شامە، نوسەر لەرۆژنامەی شرق الاوسط، لەمەقالێکدا بەبۆنەی مردنی علی سالمەوە، دەڵێ : سالم بەردەوام خەریکی دوپاتکردنەوەی ئەم قسەیەی فەیلەسوفی ئەڵمانی شۆپنهاوەر بو : دنیا جێی خۆشبەختی نییە، بەڵکو جێی داهێنان و ئینجازە : الدنیا لیست محلا للسعادة، بل للانجاز.

هەر ئەو نوسەرە، دەڵێ : بەڵام علی سالم بەپێچەوانەی قسەکەی شۆپنهاوەرەوە، بەردەوام بەدوای ئەفسانەی خۆشبەختیدا وێڵ بو، زۆریش هەوڵیدا خۆشبەختی لەناو خەڵکدا بڵاو بکاتەوە، بەو هۆیەوە دەستبەرداری زۆرێك لەو خەون و خولیایانەبو کە بەهیوابو بیانهێنێتەدی، لەبەرئەوە وتەزاکەی شۆپنهاوەر وەکو ئەوە وایە قسەیەکبێ لەبارەی پوختەی ئەزمونی ئەوەوە.

دەشڵێ : ئەگەر جەنگە ساختەکانی ژیان، راستەڕێی لێ بزر نەکردایەو نەیخستایەتە سەر تولەڕێ، علی سالم ئەدیبێکی زۆر مەزنی لێ دەردەچو.

هەروەها دەڵێ : ئەو قەیرانەی علی سالمی تێوەگلا، گەلێ لەداهێنەرانی تێوەگلاوە.
بێگومان لای خۆشمان لەکوردستان، چەندین ئەدیببی بەتوانای کورد گلاونەتە ئەو قەیرانەی علی سالمی تێوەگلا.

2015 / 10 / 3

................................

# هەتا پێشمەرگە ئاگای لەخیانەتی سەرکردایەتیەکەی نییە

پێشمەرگە دەبێ بەگوللەی قەنناسی داعشەوە، بەبریندار‌ی، سەر لەسەر رانی برای دایك و باوکیی خۆی کە ئەویش پێشمەرگەیە لەهەمان دەستەدا، بەبەرچاوی هاوسەنگەرانی و ئێمەشەوە (لەڕێی ڤیدیۆوە)، بەکۆڵێ قیافەو و ئازارەوە، گیان دەسپێرێ، لەپێناوی پاراستنی ئەم سیستمە سیاسییە خراپەدا کە هەمانە.

دەبێ بەتەڵەوە، دەکەوێتە دەستی دوژمن، سەردەبڕدرێ، دەبێ بەتەقینەوەوە هەلا هەلا دەبێ، بەمۆڵەت دێتەوە ناو ماڵ و منداڵی بێنازی بێپارەی لەخانوی کرێدا، بەڕۆح هەلا هەلا دەبێ، شەهیدبونی زۆر بەلاوە باشتر دەبێ، دەگەڕێتەوە سەنگەر، خۆی دەدا بەکوشت، بۆ ئەوەی بەیەکجاری لەکوێرەوەری رزگاریبێ.

پێشمەرگە لەسەردەمی خەباتی شاخدا خۆی بەکوشت دەدا بۆ روخاندنی سیستمێکی سیاسی دڕندە، لەپێناوی دامەزراندنی سیستمێکی سیاسیی باشدا، ئێستا خۆی بەکوشت دەدا بۆ پاراستنی سیستمێکی سیاسی کە رەنگە تەنها لەڕوی شوناسەوە فەرقی لەگەڵ سیستمە سیاسیەکەی پێشودا هەبێ :

ئەوەکەی پێشو عەرەب بو، ئەم کوردە، ئەو لەسەر کوردبون دەیکوشت بەڵام برسیی نەدەکرد، ئەم لەسەر کوردبون نایکوژێ بەڵام برسیی دەکا، رەنجی بەبا دەدا، دزیی لێدەکا، مەمرەو مەژی ژیانی دابین دەکا، بەڵام موچەی هاوخوێن و هاوماڵ و خزم و کەسوکاری قاچ و قوچ دەکا...

بلێی پێشمەرگە خۆی، ئاگای لەمەبێ؟ بەخۆی زانیبێ خەریکی پاراستنی : مۆڵ، کۆمپانیا، مەسئولی گەندەڵ و ماڵ و منداڵی مەسئولی گەندەڵە؟

پێم وایە : نا.. نایزانێ.. رەنگە گومانێکی لەوبارەیەوە هەبێ و هیچیکە...

* هەتا پێشمەرگە بەتەواوەتی نەیزانیوە خەریکی پاسکردنی چ جۆرە سیستمێکی سیاسییەو گومانەکانی خۆیی بۆ ساخ نەبۆتەوە، هەتا پێشمەرگە ئاگای لەخیانەتی سەرکردایەتیەکەی نییە، دەست بکرێ بەچاککردنی ئەم سیستمە سیاسییە خراپە...

2015 / 10 / 1

# تەماشاكردن لەدورەوە، تەماشاكردن لەنزیكەوە

گەڕانەوە بۆ بینینی (شوێن)ێك كە ساڵەهایە لێی دابڕاوی و نەتبینیوەتەوە، هەندێجار مایەی دڵتەنگییە، بەبێ ئەوەی هیچ بیانویەكی مادی لەئارادا بێت بۆ پاساودانی ئەو دڵتەنگییە...
هەندێجار دەتەوێ بڵێی : ئەمە كەی ئەو شارەیە كە من 15 / 20 ساڵ لەوەوبەر جێمهێشت؟ ئەمانە كەی ئەو سیمایانەن كە من 15 / 20 ساڵ لەوەوبەر لەم شارەدا دەمدین؟
هەوڵ دەدەی پاساوی مادی بۆ دڵتەنگییەكەت بهێنیتەوەو دەڵێی : نا.. ئەم سیمایانە سیمای خەڵكی شارەكەی من نین، سیمای خەڵكانی غەریبەن.. ئەم رەوشتە چەوت و خوارە، رەوشتی خەڵكی شارەكەی من نییە، رەوشتی خەڵكانی غەریبەیە هێناویانەتە ناو ئەم شارەوە.. ئەم رەنگ و بۆیاخ و كەرەستەی بیناسازی و هونەری تەلارسازییە ئەوانە نیین كە شارەكەی منیان پێ دەناسرایەوە، شارەكەم خیانەتی لێكراوەو سیمای شێوێنراوە...
بەم شێوەیە هەوڵ دەدەی پاساوی واقعی بۆ ئەو بارە دەرونییە خراپەی خۆت بهێنیتەوە كە لەئەنجامی بەریەككەوتنەوەت لەگەڵ (شوێن)، پاش دابڕانێكی چەند ساڵە، هاتۆتە رێت. ..
بەڵام لەڕاستیدا ئەو حاڵەتە دەرونییە تازەیەت، پەیوەندییەكی ئەوتۆی بەدەرەوەی خۆتەوە نییە، تا بگەرێی هۆكاری دەرەكیی بۆ بدۆزیتەوەو بیبەستیتەوە بەو ئاڵوگۆڕیانەوە كە بەسەر (شوێن) و (مرۆڤ)دا هاتون لەدەرەوەی تۆ!
بەڵكو پەیوەندیی بەناوەوەی تۆوە هەیە.. پەیوەندیی بە نائاگایی تۆوە هەیە، كە بە وردی هەمو روداوەكانی ژیانتی تێدا تۆمار بوە...
نائاگایی خۆتە ئاگای لەهەمو ئەو چركەساتە خۆش و ناخۆشانەت هەیە كە لەڕابردوی دورو نزیكدا لەم شوێنەدا گوزەراندوتن، ئێستا بەبینینەوەی ئەم شوێنەی ساڵەهایە لێی دابڕاوی و نەتدیوەتەوە، هێناویتیە ئێش...

نائاگاییته ناهێڵێ دڵخۆش بیت بەبینینەوەی ئەم شوێنەو ئەم سیمایانە، چونکە بەڵگەن لەسەر بەباچون و تێپەڕینی تەمەن، تەنانەت ئەگەر ئێستا لەجارانیش جوانتربن، چونکە ئەو دەزانێ ئەم جوانیانە بەشی تۆ بوبن یان نەبوبن لەڕابردودا، ئێستا تەنها بۆنی گوزەشتەیی عومری تۆ دەدەن و هیچی تر...

نائاگاییته ناهێڵێ کەیفت بێت بەبینینەوەی ئەم شوێنە شێوێنراوەو ئەم سیما نامۆیانە، چونکە ئەو دەزانێ ئەم شوێنەو سیماکانی ناو ئەم شوێنە، کاتی خۆی جۆریکی تر بون، تەنها بەبیرهێنانەوەی ئەم جیاوازییەش بەسە بۆ ئەوەی نائاگاییت بەئاگابێتەوە لەگوزەشتەیی تەمەن...

کەواتە دڵنیابە هەندێجار، هەندێ کەس، پاش دابڕانی درێژخایەن، بەبینینەوەی (شوێن) دڵخۆش نابن، جا ئەو شوێنە هەر شوێنێك بێت (نیشتمان بێت یان تاراوگە)، تەنانەت ئەگەر ئەو شوێنە هیچ گۆڕانکارییەکی باش و خراپی بەسەردا نەهاتبێ و وەکو خۆی مابێتەوە، یان ئەگەر لەسەداسەد هەمو ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەریدا هاتون، گۆڕانکاریی باشبوبن و بوبنە هۆی بەرەو پێشەوەچونی، یان گۆڕانکاریی خراپ بوبن و بوبنە هۆی راکێشانەوەی بۆ دواوە...

بۆیە کاتێ دەچمە پێنجوێن و قەڵاچوالان و چەند کۆڵانێکی هەوارەبەرزەی سلێمانی، خوا خوامە خێرا جێیان بهێڵم و زیاتر تیایاندا بەند نەبم (ئاخر ئەوان چیم بیردەخەنەوە جگە لەبەباچونی تەمەن؟).

بۆیە کاتێ لەئەوروپاو ئەمریکاوە خۆت دەکەیتەوە بەسلێمانی و هەولێرو دهۆکدا، خوا خواتە هەفتەو دو هەفتەکەت زۆر زو لێ بگوزەرێ و بگەڕێیتەوە (ئاخر ئەوان چیت بیردەخەنەوە جگە لەبەباچون و تێپەڕینی تەمەن، چ لەناو خۆشیدا، چ لەناو شەڕو برسێتی و ناخۆشیدا).

کەواتە هاوڕێم... واز لەشوێنی داماو بێنە ئەگەر پاش دابڕانێکی درێژخایەن بۆی گەڕایتەوەو خۆشحاڵ نەبوی بەبینینەوەی...

دەستت بخەرە سەر دڵت و زو جێی بهێڵەرەوە، پێویست ناکات کاتی خۆت بەفیڕۆ بدەی بۆ دۆزینەوەی رەگی ئەم ئازارە لەخودی شوێندا، یان لەهەر جێیەکی تری دەرەوەی خۆتدا...

2013 / 12 / 20

# گومان لەژیرییەوەیە، دڵنیایی لەگەمژەییەوە...

کێشەی جیهان لەوەدایە : ژیرترین مرۆڤەکان پڕن لەگومان، لەکاتێکدا گەمژەکان لێوانلێون لەدڵنیایی (چارلز بۆکۆڤسکی).

لەو رستەیەدا دو جۆر مرۆڤ بەرامبەری یەکتری راگیراون (ژیر - گەمژە)، ویستراوە لەڕیی بەراوردکردن لەنێوان ئاستی فیکری و دەرونیی نێوان ئەو دوانەوە موفارەقەیەك دروست بکرێ و لەڕستەیەکدا دابڕێژرێتەوە کە وەکو (مقولە)یەکی فەلسەفی بکەوێتەڕو.

بێگومان شێوازی دەربڕین و رستەسازیەکە هەر هەمان شێوازە کە زۆرینەی مەقولە فەلسەفیە کۆن و تازەکانی پێ داڕێژراوە، کەواتە عەیب لەشێوازەکەدا نییە، رەنگە خاوەنی رستەکەش هەر لەبنەمادا بۆ ئەوە بیری لەدروستکردنی موفارەقەیەکی لەو جۆرە کردبێتەوە کە پێمان بڵێ : فەیلەسوفەکان (وەك ئەسڵ) ئەو کەسانەن کە عادەتەن لەگوماندا دەژین نەك لەدڵنیایی دا، بەڵام خەڵکانی ئاسایی (دیسان وەك ئەسڵ) ئەو کەسانەن کە غەرقی دڵنیایی و سادەیی و هەندێجار (گەمژەیی) ن!

گریمان وایە (مرۆڤی نافەیلەسوف دڵنیاترە تا مرۆڤی فەیلەسوف) بەڵام ئایا (دڵنیایی) یەکسانە بە (گەمژەیی)؟

من گومانم هەیە لەوەی دڵنیایی رێك یەکسان بێت بەگەمژەیی، ئەگەرچی رەنگە لەشیعردا یەکسانم کردبن بەیەکتری.. هەروەها گومانم هەیە مرۆڤی نافەیلەسوف هەمیشە دڵنیاتربێت تا مرۆڤی فەیلەسوف.. تەماشاکە بزانە کێ بەقەدەر مارکس و ئەنجلس و فۆکۆیاماو هنتکتن و.... دڵنییا بوە لەوەی دەیڵێت و دەیکا، خۆ فەیلەسوفیشن... ئەی کێ بەقەدەر ئێمەومانان نادڵنیا و ناسەقامگیرە لەڕوی فیکری و دەرونییەوە، خۆ فەیلەسوفیش نین!

جگەلەوە : ئایا گەڕانی خودی فەلسەفە لەئەسڵدا گەڕانە بەدوای (گومان)ی زیاتردا، یان گەڕانە بەدوای (دڵنیایی)دا لەڕێی وروژاندنی گومانەوە؟ ئایا دەکرێ پێمان وابێت ئیشی فەلسەفە تەنهاو تەنها بریتییە لە (وروژاندنی گومان)

لەپێناوی بەرهەمهێنانی گومانی زیاترو زیاترو زیاتردا، بەبێ ئەوەی تەخەیولی ئەوە بکەین کە (گەیشتن بە دڵنیایی) و ئەمان، یەکێکە لە (ئامانج) و دەرەنجامەکانی فەلسەفە؟

من پێوایە ئەگەر تەماشای دۆخی سیاسیی دنیا بکەین بۆمان دەردەکەوێ فەلسەفەش خۆی لەسەر ئەرزی واقع دابەشبوە بەسەر دڵنیاو نادڵنیادا، ئەگەرنا ئەی ئەو جیاوازییە زۆرە لەسیستمە سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتیەکانی دنیادا لەچییەوە دروست بوە؟ خۆ ناکرێ پێمان وابێ ئەو هەمو جیاوازییانە، کاری رێکەوت بون یان دەرەنجامی پرۆسەیەکی سیاسیی پەتی بون و پەیوەندییەکیان بەفەلسەفەوە نییە، یان پەیوەندییان نییە بەدابەشبونی فەلسەفە خۆیەوە بەسەر دڵنیاو نادڵنیادا.

جگەلەوە، بونی فەیلەسوف بەگومانەکانیەوە، لەپاڵ بونی گەمژە بەدلنیاییەکانیەوە لەناو کۆمەڵگەدا، نەگبەتی و نەهامەتیی یەکەمی سەر زەوی پێکناهێنێت، چونکە فەیلەسوفەکان و گەمژەکان (ئەوانەی لەدڵنیایی زۆردا گەمژەیەکی تەواویان لێدەرچوە) هەمیشە لەهەمو جێیەك کەمینەی ناو کۆمەڵگان و ئەوەیکە هەریەکە لەو دوانە (فەیلەسوف و گەمژە) خاوەنی دڵ و دەرونێکی جیاوازە لەویتر، نابێتە هۆی تێکچونی ژیان و دنیا بەم جیاوازییە دەرونییەی نێوان (دڵنیاو نادڵنیا - فەیلەسوف و گەمژە!) ناڕوخێت! با هەمیشە فەیلەسوف کەسی دڵنیا بەگەمژە بزانێ و کەسی دڵنیاش فەیلەسوف بەگەمژەو گومانەکانی فەیلەسوف بەگەمژەیی بزانێ، چ مەترسییەك لەمەدایە؟

کۆتایی : هەندێجار دودڵی دامدەگرێ و دەگەمە ئەو بڕوایەی نەگبەتیی سەرزەوی خودی فەیلەسوفەکان خوڵقاندویانە کە هەر گروپەیان لەتێکی گەورەی لەکۆمەڵگا کردۆتەوەو گەمژاندویەتی بۆ خۆی! ئەگەر فەیلەسوفەکان لێگەڕانایە خەڵکی سەرزەوی لەدڵنیایی خۆیاندا ژیان ببەنەسەر ئەوا لەوانەبو هەر رێك بەڕێنمایی (غەریزەکانیان) رێگەیەکی زۆر باشتریان بۆ ژیانی خۆیان بدۆزیایەتەوە، جا با هەر پێیان بگوترایە گەمژەی دڵنیا!

2013 / 12 / 31

## هەندێجار پڕبەدڵ تاسەی بینینی لەم دیمەنانە دەکەم :

* کەوبازێ، قەفەسێکی دارین بەدەستیەوە، لەژێر دەسرێکی سورباوی نەرم و شلدا لەوەی پێی دەگوترا ئاوریشم، کەوێکی لەناودا، بەرەو ماڵی کەوبازێکی هاوڕێی لەگۆشەیەکی ئاوایی، بەنیازی گرەوی : کەو ئەو کەوەیە....

* کەڵەشێربازێ، کەڵەشێرێکی پەڕوپۆداری باڵابەرز لەبنباڵیدا، بەرەو گازینۆی کەڵەشێربازان لەجادەی کاوە، بەنیازی شەڕەکەڵەشێر.

* کۆتربازێ، کۆترێکی صابونی لەناو مشتیدا بۆ سەربان لەماڵێکی هەوارەبەرزە، بەنیازی کۆترهەڵفڕاندن و کۆترهێنانەوەو دڵدارییەك لەپاڵەوە.

* سەگبازێ، پەتی سەگێکی زەبەلاح بەدەستیەوە، بۆ شوێنێکی چەپەکی خوار ئاوایی بەنیازی شەڕە سەگ.

* شوانێکی وریا، تانجییەك لەپێشیەوە، بەرەو تەپۆڵکەیەك لەولای رانەکەیەوە، بەنیازی ڕاوی کەروێشکی کێوی.

یان هیچ نەبێ :

* وەفدێکی دانوستانکاری پۆشتە، پێکهاتو لەیەك دو سیاسیی گەندەڵکار، یاساناسێ لەدەستی راست یان دەستی چەپیانەوە، بەرەو کۆبونەوەی پێنج گۆڵی لەگردێ یان لەمەصیفێ، بەنیازی گرەوی : کەو ئەو کەوەیە...

ئەمەی دواییان لەوانەی یەکەم خۆشتریشە لەبەرئەوەی وەکو ئەوان بەبردنەوەو دۆڕانێکی کورتخایەن کۆتایی نایە، هەر کۆتایی نایە...

# فەلاح کەریم و ئەنوەر هوژەبری
# وەکو دو بەهانەی ئینشایەك

هیچ شتێ بەقەدەر ئەوە خۆش نییە خاوەنی وڵاتێبی خاوەنی خۆی و تۆش بێت، شوناسێکی جوانی هەبێ و هێزی مەزن بداتە شوناس و بونی تۆ، کاتێ بۆ خۆشی یان بۆ نەخۆشی رێت دەکەوێتە وڵاتێکی دور یان نزیکی دنیا، وەك خاوەن وڵات روی تێبکەی، بەرەسیدێکی زۆرەوە روی تێبکەی، وەکو کەسێ (وڵاتەخاوەن)ێکی لەدوای خۆی جێهێشتبێ، بەرەسیدێکی زۆری (سیاسی، یاسایی، ئابوری و کۆمەڵایەتی)یەوە خواحافیزیی کردبێ و لەدەرگای وڵاتی بێگانەی دابێ، بەرەسیدی کەسێکەوە وڵاتێکی لەپشتی سەری خۆیەوە جێهێشتوە خاوەندارێتی لەم و هەزاران هەزاری وەك ئەم دەکاو لەهیچ میحنەتێکدا دەستیان لێهەڵناگرێ.
وڵاتێکی وەها بێپۆرتترین مرۆڤ دەکاتە خاوەنی بەرزترین رۆحییەت، ورەیەکی دەداتێ وەکو ماست بەلێویەوە دیاربێ، رەنگە هەر ئەمەبێ وای لەمرۆڤی ئەمریکی کردبێ لەبازاڕو شەقامی چیندا زۆر پۆز لێبداو بەخۆوە بنازێ (وەکو ئەوەی لەهەندێ هاورێمم بیستوە).
چەند خۆشە (رەسیدیکی گشتی)ی وەهات هەبێ کە رێت کەوتە وڵاتان وەکو ئامانەت لەلای خۆیان گلتبدەنەوە، نەوێرن غافڵتکەن، بترسن لەوەی لەلای ئەوان شتێکت لێبێ و نەتوانن لەمەسئولیەتەکەی دەربازببن.
چەند خۆشە خاوەنی وڵاتێبی ئەگەر رێت کەوتە وڵاتی غەریبی و لەوێ گرفتێ شتێکی ماددی - یاساییت هاتەڕێ، ئەم لەرێی سەفارەتخانەکانیەوە بۆت چارەسەر بکا، ئەگەر لەوادەی گەڕانەوەت دواکەوتی و دیار نەمای لەرێی سەفارەتخانەکانیەوە سۆراخت بکا، ئەگەر ئاسایشێکی زۆری (دەرونی، کۆمەڵایەتی، ئابوری)ت لەوڵاتی بێگانان بەدیکرد دڵت لەخۆت دانەمێنێ، هەست نەکەی وڵات و ئاسایشی خۆت لەهینی ئەوان کەمترە.
چەند خۆشە لەسەفەردا، بەهیوای گەڕانەوە پشتت کردبێتە وڵاتی خۆت، نەچوبی بۆ داواکردنی نان و ئاسایش و مافی مانەوە لەوڵاتی بێگانە...

دو سێ مانگێ لەمەوبەر رێم کەوتە تاران (بۆ لای دکتۆر)...
چەند خۆشبو...
ئەمجارەیان سلێمانی و دەوڵەتۆچکەی هەرێمی کوردستانی دوای شەڕی ناوخۆو سەردەمی هەڵبژاردنی یەکلەدوای یەکم لەپشتی سەری خۆمەوە جێهێشتبو...
ئەمجارەیان وەکو ساڵانی ناوەڕاستی دەیەی نەوەت بەشەرم و ئیحراجییەوە نەمگوت لەسلێمانییەوە هاتوم...
ئەمجارەیان دینارەکەی باخەڵم قیمەتی زۆر زیاتربو لە (3 تمەن)ەکەی جاران...
ئەمجارەیان کوڕی خۆمانی لێبو، لەماڵی خۆمان، کوڕی سلێمانی، لەئۆفیسی ئیشوکاری دەسەڵاتدارێتیی سلێمانی لەتاران...
چەند خۆشبو ئەمجارەیان (فەلاح کەریم)ی هاوڕێم هەبو بچمەلای...
ئاخر من تازە (ئەنوەر هوژەبری)م لەکوێ پەیداکردایەتەوە پێشخۆمیدەم بۆ تاران ئەگەر (فەلاح کەریم)ی لێنەبوایە؟
چەند خۆشدەبو، کە چومە ئەوێ هەر بەڕاستی خاوەنی دەوڵەتی یەکجاری و سەفارەتخانەی راستی و (فەلاحی سەفیر) بومایە، ئەوسا بەرۆحییەتێکی بەرزترەوە هیوای دۆخێکی وەکو ئەوەی خۆمانم بۆ (ئەنوەر هوژەبری)ش بخواستایەو پێم بگوتایە : (ئەنوەر گیان رۆژێ دێ تۆش وەکو فەلاح دەبیتە سەفیری دەوڵەتی مەریوان)...
چەند خۆش دەبو وەکو فەلاحی لێبو ئەنوەریشی لێبوایە...
وەکو خاوەنی ئەم دەوڵەتۆچکەیەم و بۆ هەمو شوێنێ دەیبەستم بەدڵمەوەو بێ ئەو سەفەر ناکەم، خاوەنی تەواوی پایەکانی دەوڵەتداری بومایە...
وەکو شەرم ناکەم و لەگەڵ ئەم هەمو نوقسانییەشیدا بەبەرچاوی ئێوەوە شانازی بەم دەوڵەتۆچکەیەوە دەکەم، دەوڵەتۆچکەکەشم شانازیی بەڕۆحییەتی بەرزی هەمومانەوە بکردایە، بەردەوام لەهەڵکشاندابوایە بۆ ئاستی رۆحییەتی بەرزی هەمومان...

2013 / 1 / 16

......................................

# پێچی زمان و پێچی نوێبونەوە

هیچ نوێبونەوەیەك لەهیچ شوێنێك روی نەداوە ئەگەر ئەو نوێبونەوەیە سەرلەبەری پەیوەندییە مرۆییەکانی نێوان سەرجەم چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکانی نەخستبێتە ژێر کاریگەریی قورسی خۆیەوە، چونکە نوێبونەوە بابەتێك نییە ببەسترێتەوە بەڕێکخستنەوەی پەیوەندیی نێوان توێژێك یان چینێکی کۆمەڵگاوە، باقیی چین و توێژو پەیوەندییە مرۆییەکانی تری لێ بکرێتە دەرەوە.. نوێبونەوە شتێك نییە دەست بدات بۆ بەشبەشکردن، بەشی پەیوەندییەك لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان بەشێك لەمرۆڤەکانی کۆمەڵگای لێ بدرێت، هەرچیی لێمایەوە نەویسترێ و فڕێبدرێتە سوچێ کەنارێکەوە! ئیدی کام چین و کام توێژ فریای خۆیان کەوتن بەشی خۆیانیان لێبرد دەستیان خۆشبێ، کامیشیان فریا نەکەوت بەشی خۆیی لێ بپچڕێ دانیشێ تا دەرفەتێکی تر، یان لەچاوەڕوانیدا بهێڵرێتەوەو پێی بگوترێ : بەشی تۆ بۆ کات و سەردەمێکی تر! چونکە هیچ کام لەمرۆڤەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگاو پەیوەندییەکانی نێوانیان، شتی زیادەو بێکەڵك نین لەناو پرۆسەی نوێبونەوەدا، هەروەها نوێبونەوە خۆیشی جسمێك نییە بەکەڵکی ئەوەبێت سەریمان بەس بێ و قاچیمان پێویست نەبێ، بەبەشی سەرەوەی ناوقەدی داکەوین و لەبەشی خوارەوەی گەڕێین بۆ کۆمەڵگایەکی تر کە بەدوای پەیداکردنیەوەیە!

بۆیە ناکرێ بڕوا بکرێ ئاڵوگۆڕێکی گرنگ لەکۆمەڵگەدا رویداوە تەنها لەبەرئەوەی دو لایەن یان سێ لایەنی سیاسی لەچوارچێوەی رێکخستنەوەی پەیوەندییە دبلۆماسیەکانی نێوانیاندا هەندێ ئاڵوگۆڕیان بەسەر هەلومەرجی کارکردنی خۆیاندا هێناوە، چونکە نوێبونەوە ئەگەر بەڕاستی بەڕێوەبێ دەبێ گورزی قورسی خۆی لەهەمو پەیوەندییەکانی نێوان هەمو چین و توێژو کایە جیاوازەکان بوەشێنێ، دەبێ سەرلەبەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوریەکانی ناو کۆمەڵگا بخاتە ژێر کاریگەریی جدیی خۆیەوە! ئەگەر ئەمەش رویدا ئەوا بەبێ هیچ گومانێك بەر لەهەرشتێ لەڕێی زمانی ئاخاوتنەوە پێی

دەزانین چونکە سروشتی ئەو وەهایە ئەگەر رویدا یەکسەر لەناو زمان و کەلتوریشدا هەستی پێ دەکرێت! نوێبونەوە ئەگەر سەرەتاش دانەبەزێتە ناو زمانەوە ئەوا شانبەشانی پەڕینەوەی بۆ ناو جومگەکانی تری ژیانی کۆمەڵگا دادەبەزێتە ناو زمانەوە...

بەڵام ئایا زمانی ئێستای ئێمە ئاماژەی ئەوەی تیا دەرکەوتوە کە شتێك لەجۆری نوێبونەوە لەکۆمەڵگەکەماندا رویدابێ یان بەڕێوەبێ روبدا؟

2014 / 1 / 22

.............................................

# مەترسە بیر لەهەمو شتێ بکەرەوە

پێویستە نەترسی و بیر لەهەمو شتێ بکەیتەوە... بەتایبەتی بیر لەپێچەوانەی ئەوەی ساڵەهایە لەسەرتدا جێت کردۆتەوە، ساڵەهایە نەتوێراوە بیر لەپێچەوانەکەی بکەیتەوە.

ئەگەر خواپەرستی، تەنها یەك رۆژ یان یەك سەعات واز لەخواپەرستی بێنە، ببەرە ئاتەئیست...

ئەگەر ئاتەئیستی تەنها یەك رۆژ یان یەك سەعات واز لەمولحیدیی خۆت بێنە، روکەرە خواپەرستی...

ئەگەر تا ئێستا کەسێکی مەردبویت، هیچ هەڵەیەکت لەژیانتدا نەکردوە، ماوەیەکی کەم یان زۆر دەستبەرداری مەردایەتیی خۆت ببە، نامەردییەك لەگەڵ کەسێکدا بکە...

ئەگەر تا ئێستا بەنامەردی ژیاوی، تەنها یەکجار مەردبە ئیشێکی مەردانە لەگەڵ کەسێکدا بکە...

ئەگەر لەو کەسانەی کە هەمیشە هۆشیان بەشەرەفیانەوەیە، جارێك بێشەرەفی بکە...

ئەگەر لەو کەسانەی کە هەرگیز باکیان بەشەرەف نییە، جارێك، رۆژێك، سەعاتێك، بەشەرەفەوە بژی...

ئەگەر تا ئێستا هەر لەسەرەوەی دیوەخان دانیشتوی، جارێك وەرە خوارەوە لەلای دەرگاوە دانیشە...

ئەگەر تا ئێستا بەشت هەر دانیشتن بوە لەتەنیشتی دەرگاوە، داوا بکە فرسەتت بدەن یەکجار، یەك پێنج دەقە، هەڵکشێی بۆ سەرەوەی دیوەخان...

ئەگەر هەمیشە بەمیکیاجەوە هاتویتە دەرەوە بۆ ناو خەڵك، جارێك بەبێ میکیاج خۆ بکە بەناو خەڵکدا...

ئەگەر هەرگیز بەمیکیاجەوە خۆت پیشانی خەڵك نەداوە، رۆژێك بەمیکیاجەوە خۆتیان پیشان بدە...

ئەگەر لەو کەسانەی هەرگیز نەیانوێراوە دەستی خۆیان خوێناوی بکەن شتێ بکوژن، هەوڵبدە جارێك شتێك بکوژی...

ئەگەر لەو کەسانەی تا ئێستا ژیانیان لەکوشت و بردا بردۆتە سەر، هەوڵبدە رۆژێك بەدەستی سپییەوە ببەیتە سەر...

ئەگەر تا ئێستا هەمیشە عەقڵت بەکۆڵتەوە بوە، داتنەناوە، جارێك لەبن سێبەرێکدا داینێ پشوبدە...

ئەگەر هەرگیز عەقڵت بەکۆڵەوە نەگرتوە، لەبێهۆشیدا ژیاوی، کاتێکی کەم یان زۆری رۆژێك بەعەقڵەوە ببەرەسەر...

ئەگەر لەو کەسانەی دەیانەوێ توانای بیرکردنەوە لەخۆیاندا بژێیننەوە، وەها بکە کە وتم...

ئەگەر لەو کەسانەی دەیانەوێ مۆری کۆتایی لەبیرکردنەوەی خۆیان بدەن وەها بکە کە وتم...

ئەمە رێگای راستەقینەیە بۆ هەر کەسێ بیەوێ بچێتە ناو بیرکردنەوەوەو سەرێکی رەحەت بۆ خۆی پەیدا بکات....

ئەمە رێگای راستەقینەیە بۆ هەر کەسێ بیەوێ مۆری کۆتایی لەبیرکردنەوەی خۆی بداو بەئیسراحەت بمرێ...

رێگای غەیری ئەم رێگایە، رێگای مردنە پێش تاقیکردنەوەی ژیان... رێگای بێ رێگایانە...

........................................

# تۆ کە وا، چۆنە وا....؟

تۆ کە ئامادە نییت لەپارەی زیادەی خۆت بڕێکم بەقەرز بدەیتێ خانوەکەی ئەمدنیامی پێ تەواو بکەم، چۆنە پێتخۆشە هەروا بەخۆڕایی لەئیمانی خۆت بەشم بدەیت بۆ ئەوەی خانوەکەی ئەودنیامی پێ تەواو بکەم؟

تۆ کە هەرگیز حەزت نەکردوە جێ و ڕێ و کولانەی کەس (لەمدنیا) لە جێ و ڕێ و کولانەی تۆ ڕۆشنتر بێت، چۆنە پێتخۆشە لەئیمانی خۆت بەشی هەمو کەس بدەی بۆ ئەوەی (لەودنیا) وەکو تۆ قەبریان پڕ لەنور بێت؟

تۆ کە هەرگیز حەزت نەکردوە کەسی وەك من لەمدنیا دراوسێت بێت، چۆنە ئاوەها خۆت خستۆتە لاوە بۆ ئەوەی لەودنیا بمکەی بەدراوسێی خۆت؟

تۆ کە هەرگیز حەزت نەکردوە من لەمدنیا قاچم هەبێ لەتەنیشتی تووە پێی برۆم، چۆنە وا ئێستا زۆرم لێدەکەی لەمشوری پەیداکردنی قاچدابم بۆ ئەوەی بتوانم لەودنیا بەتەنیشتی تووە پردی سیراتی پێ ببرم؟

تۆ کە هەمیشە خوازیاربوی حۆریی هەمو سەر زەوی هینی خۆت بن و کەس لەمدنیا پرزۆڵێ ژنی دەست نەکەوێ خۆی پێوە بخافڵێنێ، چۆنە وا ئاگرت تێبەربوە دەتەوێ بەزۆر بمخەیتە سەر کەڵکەڵەی بەدەستهێنانی حۆری لەودنیا؟

تۆ کە ئامادە نییت ریگای نانپەیداکردنەکەی ئەمدنیای خۆت بنێیتە بەر من بۆ ئەوەی فێر ببم تیکە نانێك بۆ خۆم و منداڵەکانم پەیدا بکەم، چۆنە وا ئێستا بەم هەمو سەخاوەتەوە ڕێگای پەیداکردنی زادو توێشوی ئەودنیا پیشانی من دەدەی؟

تۆ کە متمانەت بە من نەبوە هیچ باس و خواسێکت لەگەڵمدا هەبێ، چۆنە وا ئێستا باسی قەبرو قیامەتم لێ نابریتەوە؟

تۆ کە هەرگیز ئومێدی زۆری خۆت بەژیان کەل و کەچ ناکەیت و بەشی کەسی لێنادەی بۆ ئەوەی کەس وەکو خۆت بەئومێدی ژیانێکی خۆش و دورو درێژ باوەش بەدنیادا نەکات، چۆنە وا سەخاوەتمەندانە ئومێد بەژیانی رۆشنی ئەودنیا دەنێیتە بەر ئێمەو حەز دەکەی باوەش بەسەرلەبەری ئەودنیادا بکەین؟

تۆ کە ئەمدنیات تەنها بۆ خۆت دەوێ، چۆنە ئەودنیات بۆ منیش دەوێ؟

# که دنیا روخا!

چی باشه بیکه‌ین بۆ ئه‌وه‌ی ئاسمان نه‌ڕوخێ؟
چی باشه بیکه‌ین بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌گه‌ر ئاسمان روخا، زه‌وی به‌سه‌ختی بریندار نه‌بێ؟
چی باشه بیکه‌ین بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌گه‌ر ئاسمان روخاو زه‌وی به‌سه‌ختی برینداربو، مرۆڤ تیانه‌چێ؟
چی باشه بیکه‌ین بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌گه‌ر ئاسمان روخاو زه‌وی به‌سه‌ختی برینداربو و مرۆڤ تیاچو، زینده‌وه‌ره‌کانی تر تیا نه‌چن؟
چی باشه بیکه‌ین بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌گه‌ر ئاسمان روخاو زه‌وی به‌سه‌ختی برینداربو و مرۆڤ و زینده‌وه‌ره‌کان هه‌مو تیاچون، خوا دڵی نه‌رمبێ جارێکی تر دروستیان بکاته‌وه‌؟
ئه‌گه‌ر هه‌مو شتێ تیاچو، خوا بۆچی دروستیان بکاته‌وه‌؟
خوا ئیشی چییه به‌دروستکردنه‌وه‌ی دنیایه‌کی روخاو، له‌و دنیا؟
خوا ئه‌ودنیای له‌سه‌ر که‌لاوه‌ی چ دنیایه‌کی روخاو هه‌ڵچنیوه‌ته‌وه‌؟
خوا ئه‌ودنیای له‌ژێر چ ئاسمانێك و له‌سه‌ر چ زه‌وییه‌ك بنیاد ناوه‌؟

2014 / 1 / 26

...................................

# درەنگ و زویی کەوتوە

نە منداڵی ئێمە لەناو تیرەو تایەفەی کەسدا هەڵدەکا
نە منداڵی کەس لەناو تیرەو تایەفەی ئێمەدا هەڵدەکا.
دێنەوە، منداڵە تەریوەکانی تایەفەکەمان، درەنگ و زویی کەوتوە
دێنەوە، نەڕۆیشتون، تەنها دورکەوتونەتەوە
دەڕۆنەوە، منداڵە میوانەکانی ناو تایەفەکەمان، درەنگ و زویی کەوتوە
دەڕۆنەوە، نەگەیشتون، تەنها نزیك بونەتەوە
دورکەوتنەوە رۆیشتن نییە
نزیکبونەوە گەیشتن نییە
هەمو ماڵێ پەشیمانی کەسی خۆی دەبێتەوە
هەمو کەسێ پەشیمانی ماڵی خۆی دەبێتەوە
شاعیرو
سیاسی و
کوردو
شوان و
نانەوا
مەعریفەو
شەڕەدەنوك و
بێعاری و
چوختێتی و
سەگساری
درەنگ و زویی کەوتوە
مان و نەمان کەوتوە!

2014 / 1 / 28

# قەیرانی وجود

قەیرانی مرۆڤی هاوچەرخ، قەیرانی شەرەف نییە، قەیرانی وجودە، وجودو شەرەفیش هەمو کاتێ هەر لازم و مەلزومی یەکتر نین، واتە : مەرج نییە بۆ دەستەبەرکردنی یەکێکیان پێویستمان بەدەستەبەرکردنی ئەوی تریشیان هەبێ... دەکرێ قەیرانی وجود تێپەڕێنرێ بەبێ دەستەودامەنبون بە (شەرەف)، دەشکرێ زۆر بەسەختی گرفتاری قەیرانی وجود بین لەگەڵ ئەوەدا کە تا بینەقاقا غەرقی شەرەفین، بەبێ ئەوەی شەرەف شتێکی ئەوتۆی لەدەست بێت بۆ رەواندنەوەی ئەم گرفتاریەمان، بەڵام رەنگە هەندێجار گرفتاریەکە رێك پەیوەندیی بەشەرەفەوە هەبێ، واتە : لەدەستدانی شەرەف، یان وابەستەبون و ئالودەبونی زۆر بەشەرەف، بوبێتە هۆی دروستبونی قەیرانەکە.

2014 / 2 / 14

.........................................

# راپەڕین چیی گۆڕی؟

لەهەرێمی کوردستانی عیراقدا، دوای راپەڕین، ورده ورده، هیچ شتێك لەجێی لەوەوبەری خۆیدا نەما:

-پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان خەڵك و بەها کۆمەڵایەتیەکان

-خەستەخانەو دکتۆرو نەخۆشی

-کەسابەت و بازاڕو کاڵاکانی فرۆشتن

-مۆدیلی جلوبەرگی کچ و کوڕ، ستایلی قژبڕین و سەرتاشینیان

-ئەتەکێتی میوانداری و هاوڕێیەتی

-خوێندن و تەلەبەو مامۆستا

-دڵەڕاوکێکانی مرۆڤ

-ژن و مێردایەتی و خێزان و منداڵ

-وەزعی گیرفان و سەر سفره

-ژیانی ئەدیبان و ئەدەبەکەیان

-بۆچونی سیاسیی خەڵك دەبارەی دین و دنیاو کوردایەتی و مرۆڤایەتی

-پێگەی کچ و کوڕ لەخێزاندا

-تەنانەت ژیانی منداڵی یەکساڵ و بەرەو سەر

سەرلەبەری ئەو شتانە (چ ئەوانەیان کە مادین، چ ئەوانەیان کە مەعنەوین) کەوتنە بەر شاڵاوی زەمانە، هەمویان بەشێوەی جیاوازو ئاستی جۆراوجۆر، گۆڕدران، هەندێکیان بەرەو باشی و هەندێکیان بەرەو خراپی، بەڵام نەك لەکونفەیەکونێکدا، بەڵکو بەمروری ئەم بیست و سێ ساڵە، نەك تەنها بەهۆی دەست و پل و شان و شەوکەت و جموجوڵی جۆراوجۆری فەرمانڕەوایانی دوای راپەڕین و سیستمە سیاسیەکەیانەوە، بەڵکو بەهۆی کارو کردەوەی سەربەخۆی خەڵکەکە خۆیشیەوە.

ئێستا ئەگەر لەگەنجێکی لەدایکبوی دوای راپەڕین بپرسی رای چییە لەبارەی باشی و خراپیی ئەو گۆڕانکاریانەوە، یەکسەر پێت دەڵێ : ئەوانەیان کە باشن خەڵك خۆی کردونی و هیچ منەتێکی حکومەتی کوردیی تیا نییە، ئەوانەشیان کە

خراپن، ئۆباڵی بەئەستۆی جکومەتی کوردییە! خۆ ئەگەر داوای لێکەی چاك و خراپی ئەو گۆڕانکاریانەت بۆ لێکجیاکاتەوە بێگومان بەباشی ناپێکێ و یەکسەر سەری لێ تێکدەچێ...

ئەم قسەیە بۆیە دەکەم کە بڵێم : دوای راپەڕین (بەمروری زەمەن، نەك یەکسەر) گەنجانی کوردستان (بەبیرکردنەوەو هەڵسوکەوت و ژیانی تایبەتی و کۆمەڵایەتییانەوە) دیارترین سیمای ئەو گۆڕانکاریانەن کە هەرێمی کوردستانی عیراقی پێش و پاش راپەڕین لەیەکتر جیا دەکەنەوە.

گەنجی کورد پێش راپەڕین ئەگەر بەشەڕوالێکی رەشەوە رێی کەوتایەتە بەردەم ملازمێکی بەعس زارەترەك دەکرا ئەوسا دەهێڵرا دەربازیبێ یان نەشدەهێڵرا، بەڵام ئێستا بەڕاست و چەپدا خۆی رادەوەشێنێ، تورە دەبێ، بیروڕا دەردەبڕێ، کەچی باجەکەی ناگاتە یەك لەسەر سەدی ئەو باجەی پێش راپەڕین دەدرا، بەرامبەر بەهەر کردەوەیەکی گەنجانەی وەکو ئەمەی ئێستای ئەمان.

گەنجی کورد پێش راپەڕین خەونی هەرە دوری هاتبوە سەر ئەوەی بتوانێ فیرارکا بڕوا لەسەقز، یان بانەو مەریوان دانیشێ تا خوا دەرویەك دەکاتەوە، بەڵام رێژەیەکی بەرچاو لەگەنجانی ئێستا (جا مەپرسە کوڕی کێن و کێ نین!) ساڵانە پیاسەو گەڕانی وڵاتانی دورو نزیك دەکەن، دنیا دەبینن، تێکەڵی خەڵکانیتر دەبن، خوێندنی ماستەرو دکتۆرا دەکەن.

ئەمە ئەگەر گۆڕانکارییەکی گشتگیریش نەبێ لەژیانی گەنجدا بەگشتی، بەڵکو گۆڕانکارییەك بێ لەژیانی گەنجانی سەر بەچینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگەدا، بەڵام لەکۆتاییدا لەپاڵ کۆی گۆڕانکاریەکاندا سیمایەکی جیاوازی بەخشیوە بەکوردستانی دوای راپەڕین.

بێگومان گۆڕانکاریی خراپیش روی داوە، یەکێك لەوانە لەبارچونی خەونی گەورەی مرۆڤەکانە.. مرۆڤی کورد پێش راپەڕین تا ئاستی فەنتازیاکردن و خەیاڵسازی، بەخەونی گەورەدا رۆچوبو، خەونی دەدی ئەگەر کوردستان بکەوێتەوە دەست خەڵکەکەی خۆی، دەبێ بگاتە چ ئاستێکی مەزنی پێشکەوتن، خۆشی، ئاسودەیی و ئازادی، بەڵام تا زیاتر لەسەردەمی بەعس دورکەوتینەوە، زۆرتر توشی بێئومێدی و پوکانەوەی خەون و خەیاڵ بوین.

من خۆم پێش راپەڕین وام بەخەیاڵدا دەهات کە : ئەگەر خۆمان بوین بەفەرمانڕەوای خەڵکی خۆمان، ئەوا یەکێك لەجوانترین نەریتەکانمان ئەوە دەبێ

کەسمان گزی لەوی ترمان ناکەین و نانێکی خۆش بەبێ ئەوی ترمان ناخۆین، بەتایبەتی گەورەو سەرکردەو رابەرەکانمان...
کەچی بەداخەوە نەك هەر ئەوە روی نەدا، بەڵکو ئەسڵەن جیاوازیی زۆر گەورەی چینایەتی و کۆمەڵایەتی لەنێوانی ئەوان و زۆرینەی خەڵکی کوردستاندا دروست بو کە نەدەبو ئەوە رو بدات لانیکەم لەنێوان سەرکردەکانی سەر بەجیلی پێشمەرگایەتی و خەڵکدا، کەچی جیاوازییەکە یەکەمجار لەوانەوە سەری دەرهێنا، لەنێوان ژیانی کەسوکارو خانەوادەی ئەوان و خەڵکی کوردستاندا رەنگیدایەوە.
بەکورتی : دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان کاری باشیان کردوە، هینی خراپیش... هەروەها لەکوردستانی پاش راپەڕیندا ئاڵوگۆڕی زۆر رویداوە، بەچاك و بەخراپ، بەڵام نە چاکەکەی و نە خراپەکەی، بەتەنیا شوێندەستی جکومەت یان بەتەنیا شوێندەستی خەڵك خۆی نییە.
ئەوەی کە زۆر مەعلومە ئەوەیە کوردستانی سایەی خۆبەڕێوەبەرێتیی خۆمان، بەتایبەتی لەئەنجامی هوشیاری و دڵسۆزیی خەڵکەکە خۆیەوە، سەدان جار لەکوردستانی ژێر دەستی سەدامەکەی پێشو و مالکییەکەی ئێستا باشترەو باشتر دەبێ.

2014 / 3 / 11

......................................

# کۆپیکردنی سیستمی سیاسیی رۆژئاوایی قەدەغەیە

*زۆرێك لەئێمە ساڵەهایە بەباڵای ژیاندۆستی و مرۆڤدۆستیی رۆژئاواییەکاندا هەڵدەڵێین، رەنگە لەمەدا قەسدی خۆسەرزەنشتکردنمان هەبوبێ، ویستبێتمان بەخۆمان بڵێین لەئاستی گەلانی پێشکەوتودا نیین : ژن دەکوژین، گەنج دەکوژین، ئاسك و تەیرو تیور دەکوژین، خۆمان دەکوژین، سەدان کەس بەخۆمانەوە دەکوژین، قوتی یەکتر دەدزین، جێی متمانەی یەکتر نیین کە متمانە بەردی بناغەی دروستکردنی سیستمی سیاسییشە، ئەگەر لەنێواندا نەما ئەوا مەحاڵە ئەو سیستمە بڕبکاو.... هتد.*

*ئەگەر لەو روانگەیەی سەرەوە بەباڵای رۆژئاواییەکانماندا هەڵگوتبێ تاڕادەیەك ئاساییە، بەڵام ئەگەر هەر بەڕاستی مەبەستمان ئەوەبوبێ بڵێین رۆژئاواییەکان زۆر ژیاندۆست و زۆر مرۆڤدۆستن چونکە : ژن ناکوژن، گەنج ناکوژن، ئاسك و تەیرو تیور ناکوژن، ژینگە پیس ناکەن، خۆ ناتەقێننەوە، چینی ناوەند نافلیقێننەوە، پێموایە لەهەڵەداین :*

*رۆژئاواییەکان ژن دەکوژن، گەنج دەکوژن، منداڵ دەکوژن، ئاسك و تەیرو تیور دەکوژن، ژینگە پیس دەکەن، جیاوازیی گەورەی چینایەتی دەخوڵقێنن، بێئومێدی بڵاودەکەنەوە، هەرچی شتی تری خراپیش هەیە دەیکەن، بەڵام لەو روبەرە جوگرافییەدا نا کە خۆیانی تێدا دەژین، بەڵکو لەو وڵاتانەدا کە رەشپێست، موسوڵمان، کورد، عەرەب، ئێزدی و گەلانی وەکو ئێمەیان تێدا دەژی، تەنانەت دەست بەباڵی دزو گەندەڵکارەکانی رۆژهەڵاتەوە دەگرن، یارمەتییان دەدەن بۆ سپیکردنەوی پارە، پارەو پولیان لەبانکەکانی ئەوروپاو ئەمریکادا بۆ دەپارێزن.. ئەدی ئەوەی لەعێراق، سوریا، لیبیا، ئێران، تورکیا،...... دەگوزەرێ کێی لەپشتە؟*

*جیاوازیی نێوان رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی ئەوەیە : رۆژئاوایی نمونەی وەکو ئەو پەندە کوردییەیان بەهەند وەرگرتوە کە دەڵێ بزن بۆ شەوێ جێی خۆی خۆش دەکا، بەڵام رۆژهەڵاتی و لەناو رۆژهەڵاتیانیشدا کورد، پێدەچێ نمونەی وەکو ئەو پەندەیان تەنها بۆ خۆسەرزەنشتکردن گوتبێ نەك زیاتر.*

*رۆژئاوایی، سروشت، تەیرو تیور، ژیان، جوانی و ئاوەدانی و هەمو شتێکی باشی دەوروبەری خۆیانیان دەوێ و دەیپارێزن، بەڵام تەنها بۆ خۆیانیانە نەك بۆ ئێمەومانان، رۆژهەڵاتی نە بۆ خۆیانیان دەوێ نە بۆ خەڵکانی تریش.*

ڕۆژئاوایی توانیویانە متمانەی یەکتر بەدەست بێنن، بەتایبەتی لەسەر ئاستی سیاسی، توانیویانە بینا لەسەر متمانە، سیستمێکی سیاسی -ئابوری -کۆمەڵایەتیی باش بۆ خۆیان بنیات بنێن، ڕێگە نەدەن فەرمانڕەوا، سیاسەتمەدار، ڕۆژنامەوان و قەڵەمسوار (قەڵەمبەدەست!)ی وایان تێدا قوت ببێتەوە سەرکێشی بەو متمانەیەوە بکا کە لەڕێی بەخەرجدانی عەقڵی زۆرو قوربانیی زۆرەوە چەسپاندویانە، تەنانەت ئەگەر ناچار بوبێتن گەلانی وەکو گەلی ئێمە بخەنە پێناوی ڕاگرتنی ئەو متمانەیەی نێوان خۆیان، بەڵام ڕۆژهەڵاتی نە لەبەینی خۆیاندا، نە لەبەینی خۆیان و غەیری خۆیاندا، نەیانتوانیوە متمانە بچێنن، نە حکومەت لەهاووڵاتی دڵنیایە، نە هاووڵاتی لەحکومەت دڵنیایە، هەرکامیان بۆیان بکرێ دزی لەویتریان دەکەن، پەیمانی نێوانیان پێشێل دەکەن، پێ لەسەر سەری ئەویتریان دادەنێن بۆ مانەوەی خۆیان و خۆدەربازکردن لەخنکان.. ئەدی ئەوەی حکومەتەکانی ناوچە (بەحکومەتی کوردیشەوە) بەهاووڵاتیی دەکەن چییە؟ ئەوەی گەلانی ناوچە بەیەکتریی دەکەن چییە؟

ڕەنگە هەبن پێیان وابێ ئەوەی بەسەر گەلانی ڕۆژهەڵاتدادێ، جگە لەدەستی خەڵکی ڕۆهەڵات خۆی دەستی کەسی تری لەپشتەوە نییە، یان پێیان وابێ ئەگەر دەستێکیشی لەپشتەوەبێ ئەوە دەستی دەوڵەتانی ڕۆژئاوایە نەك گەلانی ڕۆژئاوا، وەکو ئەوەی دەوڵەت و خەڵك لەڕۆژئاوا دو شتی جیاوازبن.

ئەگەر دەوڵەت لەڕۆژئاوا دەوڵەتی خەڵك نەبوایە، دەوڵەتی بنەماڵەو پاشاو میرو دیکتاتورەکان بوایە وەکو ئەوەی لەڕۆژهەڵات هەیە، ئەو بۆچونەی سەرەوە ڕاست دەبو، بەڵام ڕاست نییە.

زۆر شتی ڕۆژئاوا بۆ ئەوە ناشێن پێوەیان بنازرێ، پیایاندا هەڵبگوترێ و چاویان لێ بکرێ، سیستمە سیاسیەکەیان باشترین شتیانە یارمەتیمان بدەن لەلای خۆمان بیچەسپێنین، کەچی نایەڵن، ڕێگە نادەن گەلانی ڕۆژهەڵات کۆپیی لێهەڵبگرنەوە.

2015 / 10 / 23

……………………………………

## شەهیدی نادان و شەهیدی دانا

وەکو هەرکەسێ کە ڕێدەکەوێ لەتوڕەییدا بیری لار بەسەریدابێ، هەندێجار لەتوڕەییدا بیری ئاوا لار بەسەرمدا هاتوە:

* مرۆڤ هەر مرۆڤە لەهەمو شوێن و سەردەمێکدا : ئەوروپیی یان ئەفریقی و ئەمریکی و ئاسیایی و ئوسترالیایی، دەست بکێشەرە بنی دەرونیەوە (قاع النفس) تەنها یەك شتت بەدەستەوە دێت : پیسایی.

* هەتا هەتایە مرۆڤ هەر ئەوەیە : (مرۆڤە)، هەزارانجار لەهەزارانساڵی جیاوازدا دەست بکێشرێتە بنی دەرونیەوە هەر شتەکەی یەکەمجار بەدەستەوەدێ.

* هەڵەیە بنەما نوسراوە باشەکان ناو بنرێن بنەمای مرۆییانە، هەڵەیە پاشگری (مرۆییانە) بلکێنرێ بەکارو کردەوەی باشەوە، شتی وا زوڵمە لەکاروکردەوەی باش.

* ئەوەی لەمرۆڤ وشاوەتەوە (ئەدەب و هونەری بەرز، بیروڕای باش و ناوازە، کاروکردەوەی باڵا)، سەرچاوەکەی مرۆڤ خۆی نییە، شتێکە لەسەروی مرۆڤەوە.

* تەنها ئەوەی لەسەرچاوەی باڵاوە دەخزێتە زەینی مرۆڤ، شایانی ڕێزە، هەرچەند ئەویش بەسافی و رونی ناگات، تێکەڵی بیرکردنەوەی مرۆڤ دەبێ.

ڕەنگە خراپیی ئەو ڕوانگەیەی سەرەوە لەوەدابێ کە سەرەنجام چاکەکاریی مرۆڤی سادە (کەمئاگا) یەکساندەکا بەساویلکەییی، گوایە لەئاگایی قوڵ (یان : سەرچاوەی باڵا) وە نییە، بەڵام چاکەکاریی مرۆڤی کامڵ (ئاگا) یەکساندەکا بەپێغەمبەرایەتی، گوایە لەئاگایی قوڵ (یان : سەرچاوەی باڵا) وەیە .

کەچی بەیەکچاو تەماشای خراپەکاریی هەردو جۆرە مرۆڤەکە (مرۆڤی سادەو مرۆڤی کامڵ) دەکا، گوایە هەمویان لەبنی دەرونەوە وەك یەکن و لەیەك کانزان، بەبێ حسابکردن بۆ کەمئاگایی یەکەمیان و پڕئاگایی دوەمیان، واتە : هەردوکیان بەیەك ئەندازە بەخراپ دەزانێ، هیچیان لەویتریان بەخراپتر نازانێ کە ئەمە خراپەکارییە بەئاگاییەوە:

خراپەکارییە چاکەکاری  بەدو پێوەر بۆ مرۆڤەکان بپێورێ، بەڵام خراپەکاری بەیەك پێوەر، وەکو ئەوەی بزوتنەوەی کوردایەتی لەگەڵ قوربانیانی خۆیدا کردی : -

پاداشتی شەهیدی سەرکردە / ڤیلا لەباڵاشار...

پاداشتی شەهیدانی ریزی خوارەوە : نەوەت مەتر خانوی بێمواصەفات لەدو سەد مەتر زەویدا لەگەڕەکێکی چەپەك...

لەکاتێکدا تاقە یەك یاسای سزادان هەیە بۆ سزادانی هەردوکیان لەحاڵەتی کەچڕەوی و خراپەکارییاندا (ئەویش ئەگەر جێبەجێ بکرێ).

2015 / 10 / 25

.........................................

# هەمو شتێ هەر بەند نییە بەکورسیەکەوە

ساڵانێکی درێژە حیزبی کوردی خەریکی بەخێوکردنی کادرو ئەندامی باڵای خۆیەتی لەسەر داهاتی گشتی.

حیزب نییە، بەئیسلامی و نا ئیسلامییەوە، تەنانەت لەکاتی ئۆپۆزسیۆنبونیشیدا، دەستی لەداهاتی گشتی گێڕابێتەوەو بەدوای دۆزینەوەی وەزیفەی حکومیی باڵاوە نەبوبێ بۆ کادرو ئەندامی باڵای خۆی، یان لەهەوڵی پچڕینی موچەی خانەنشینیدا نەبوبێ بۆیان بەپلەی بەرز : لەئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتەکان، پەرلەمان و دامەزراوەکانی پێشمەرگایەتی.

هەر هەمو حیزبەکان، لەسەر هیچ هاوڕا نەبوبن لەسەر ئەوە هاوڕابون ئیمتیازاتی کادرو ئەندامی باڵایان پارێزراوبێ و دەستی بۆ نەبرێ.

جاروبار هەندێکیان پێشنیاریان کردوە موچە بۆ توێژێکی مەغدور دابین بکرێ و کەسانێکی کەمدەرامەت بەشیان هەبێ لەداهاتی گشتی، بەڵام پێشنیاریان نەکردوە ئەگەر داهاتە گشتیەکە لەئێستەدا تەحەمولی ئەو بارە زیادەیە ناکاو بەش ناکا، بڕە پارەیەك لەبەشە بودجەی کادرو ئەندامی باڵای خۆیان بگیردرێتەوە بۆ ئەوەی بەش بکا، تەنها بەوەندە داکەوتون بڵێن : پێشنیارمان کردوە بەڵام بودجە تەحەمول ناکا.

ڕەنگە خەڵکانێکی سادە بڕوایان بەو قسەیە کردبێ، نەیانزانیبێ ئەگەر حیزبەکان پێکەوە چاوپۆشییان بکردایە تەنها لەدەرسەدێکی (زۆرنا) بەڵکو کەم، لەموچەی کادرو ئەندامی باڵای خۆیان، بودجە بەشی جێبەجێکردنی چەندین پلانی باشی دەکرد.

ڕاستە پێشتر حیزبی باڵادەست هەبوە ڕێگربوە لەبەردەم جێبەجێکردنی پڕۆژەی باشدا، بەڵام خۆ ئێستا حیزبی باڵادەست نەماوە، کام حیزب پێشتر باڵادەست بوە ئێستا باری لارە، ڕەنگە ئامادەبێ مل بەجێبەجێکردنی چەندین پڕۆژە یاسای باش بدا.

ئەی بۆ فرسەت ناهێنن زنجیرەیەك پێشنیاری باش بخەنەڕو بەرژەوەندیی خەڵکی تێدابێ؟ با دژی بەرژوەندیی کادرو ئەندامی باڵای حیزبیش بێت، نابێ؟ خۆ هەمو شتێ هەر بەند نییە بەکورسیەکەوە!

14 / 9 / 2015ِ

........................................

# سیاسەتکردن بەدافعی داهێنان

لەهەمو شوێنێکی دنیاو لەناو هەمو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا سیاسەت (یان حیزبایەتی) دەکرێ، بەڵام بەدافعی جۆراوجۆر، وەکو : خۆبەخێوکردن، خۆدەوڵەمەندکردن، خۆسەلماندن (تحقیق الذات / بەمانا مەعنەویەکەی)، خۆپاراستن لەدوژمنی شەخسی، و هتد.

سیاسەت بەشێکی سەرەکییە لەهەمو چالاکییەکی مرۆیی : دراوسێیەتی، ئاینداری، بازرگانی، ئەدەب و هونەرو رۆشنبیری، ژن و مێردایەتی، برایەتی، برادەرایەتی... هەر هەمو ئەو چالاکیە مرۆییانە ساسەتیان تێدا کراوەو هەرواش دەمێننەوە، چونکە مومکین نییە هیچ کام لەو چالاکیانە بەبێ بەخەرجدان و وەگەڕخستنی عەقڵ بەڕێوە بچن، هەمو تیفکرین و دەستبردتێکیش بۆ عەقڵ خۆبەخۆ مرۆڤ دەباتە ناو هەندێ لێکدانەوەو حساباتی وردەوە، ئەم لێکدانەوەو حساباتە وردە خۆی لەخۆیدا سروشتێکی سیاسیانەی هەیە، جۆرێکە لەسیاسەتکرن، یان سیاسەتکردنە لەئاست و سیاقێکی تایبەتیدا.

لەدوای راپەڕینەوە، هەر کەسێ بەوردی سەرنجی سیاسەتکردن و سیاسەتکاری کوردی دابێ (لەهەرێمی کوردستاندا) حەتمەن هەستی بەوە کردوە کە دافعی هەرە سەرەکی بۆ سیاسەتکردن (یان بۆ حیزبایەتیکردن) بریتی بوە لە : خۆبەخێوکردن، یان خۆدەوڵەمەنکردن، یاخود خۆپەنادان لەدەست کێشەی شەخسی و کۆمەڵایەتی (وەکو دوژمنایەتی و رقەبەرایەتی) و بەکورتی : پاراستنی بەرژەوەندیی تایبەت.

لەدوای راپەڕینەوە زۆر کەم بینراوە کەسێك تەنها بەدافعی داهێنان و خۆسەلماندن (تحقیق الذات / بەمانا مەعنەویەکەی) چوبێتە ناو سیاسەتەوە. ئەمە هۆکاری سەرەکیی زۆرێك لەو ناڕەحەتیانەیە کە هاتونەتە رێی هەندێ حیزب و رێکخراوی سیاسیی کوردی.

بۆ ئەوەی بەسەرکەوتویی سیاسەت بکرێ، پێویستە هیچ نەبێ سەری گەورەی ناو حیزب و رێکخراوی سیاسی (خودی خۆی) لەو جۆرە کەسانەبێ کە بەدافعێکی

(نەبیل) سیاسەت دەکەن (دافعێکی وەکو : داهێنان و خۆسەلماندن)، ئەوکاتە دەتوانێ ببێتە نمونەیەکی پەسەند بۆخوار خۆیشی.

2014 / 4 / 19

.........................................

# نۆستالیژیاو سیاسەت

نۆستالیژیا زاراوەیەکە بۆ وەسفکردنی حاڵەتێکی دەرونی کە بەهۆی دورکەوتنەوە لەماڵ و زێدو نیشتمانەوە توشی مرۆڤ دەبێ، رەچاوکراوە مرۆڤ کاتێ لەماڵ و زێدو نیشتمان دور دەکەوێتەوە دوچاری خەمۆکی دەبێ، بەڵام ئەگەر بیبەیتەوە بۆ ماڵ و نیشتمانەکەی خەمۆکیەکە بەری دەدات.

ئەم زاراوەیە لەئەسڵدا یۆنانییە، واتاکەی بریتییە لە (سۆزداری بۆ رابردو)، زاراوەی نۆستالیژیا سەرەتا لەبواری پزیشکیداو لەلایەن پزیشکێکی سویسرییەوە بەکاربراوە، پاشان پەڕیوەتەوە بۆ ناو ئەدەب و هونەرو فەلسەفە.

)نۆستالیژیا / سۆزداری بۆ رابردو) هەندێجار بەهۆی بیستنی پارچە مۆسیقایەکەوە کە رەگی لەڕابردوی مرۆڤدایە مرۆڤ دێنێتە ئێش و دەیخاتە بەردەم ترس و دڵەڕاوکێ.. هەندێجار لەو کاتانەدا سەری لێدەدا کە پەرۆشی دایدەگرێ بۆ بەسەرکردنەوەی ماڵ و نیشتمان، بەڵام ترسی هەیە ئەو خەونەی نەیەتەدی و بەدیداری نیشتمان شاد نەبێتەوە.

بەکورتی : سۆزداری بۆ رابردو / رابردو بەپێکهاتە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی و جوگرافیەکانیەوە / نۆستالیژیایە، جا ئەو رابردوە رابردوی کۆمەڵگەبێ یان رابردوی تایبەتیی کەسەکەی کە دوچاری نۆستالیژیا بوە.

نۆستالیژیا تەنها بەوە دروست نابێ کە پەرۆشی داتبگرێ بۆ دیتنەوەی ماڵ و زێدو نیشتیمان و دۆخی رابردو، بەڵکو کاتێ دروست دەبێ کە ترست هەبێ لەوەدی هاتنی خەونی گەڕانەوە.

سیاسەت پەیوەندییەکی زۆری هەیە بەم زاراوەیەو بەو حاڵەتە دەرونییەوە کە پێی دەگوترێ نۆستالیژیا.

سیاسەتوان دەتوانێ لەڕێی جوڵاندنی نۆستالیژیای جەماوەرەکەیەوە پەیوەندیی خۆی لەگەڵیاندا بەزیندویی بهێڵێتەوە.. دەتوانێ کارێك بکات مەترسیەکانی سەر خۆی و رێکخراوەکەی بگۆڕێ بۆ (هێزێکی دەرونی) لەلای جەماوەرەکەی، بەوەی کە ترس و مەترسیەکانی سەر خۆی نەشارێتەوەو ژیرانە بیپەڕێنێتەوە ناو

دڵی جەماوەرەکەی، لەڕێی خۆوێناکردنەوە وەکو بونەوەرێك لەبەردەم ترس و ئەگەری بەڕابردوبون و مەحفبونەوەدا.
بەڵام لەلای خۆمان نەمدیوە سیاسەتوان توانیبێتی ئەم زانیارییە لەبارەی مرۆڤەوە، بەقازانجی رێکخراوە سیاسیەکەی و نیشتمان و ئازادی و فەرەحی و تەبایی و ئەو شتانە تەوزیف بکات، ئەگەرچی لەم یەك دو رۆژەدا هەستم بەدەرکەوتنی حاڵەتێکی خۆڕسکی نۆستالیژیا کرد لەلای بەشێ لەخەڵك.

2014 / 4 / 20

.................................

# بیرکردنەوە بۆ خەڵك بیرکردنەوە بۆ خۆ

پێش راپەڕین چەندین حیزب و رێکخراوی سیاسی هەبون بۆ رزگارکردنی کوردستان (ی عێراق) تێدەکۆشان، لەناو ئەو حیزب و رێکخراوانەدا چەندین سەرکردە هەڵکەوتن، ئەرکی ئەوانبو (پێش و پاش راپەڕین) بەوردی بیر لەوە بکەنەوە زەمینەی پێکەوە کارکردن و پێکەوە ژیانێکی ئارام و ئاشتیانە بۆ نەوە سیاسیەکەی دوای خۆیان بەتایبەتی و خەڵکی کوردستان بەگشتی خۆش بکەن، بەڵام نەیانکرد (یان پێیان نەکرا).

ئۆباڵی ئەم هەمو لەتوپەتبون و دابەشبون و رقەبەرایەتی و چارەی یەکتر نەویستنەی لەناو خەڵکی کوردستاندا رەگیداکوتاوە، بەپلەی یەکەم بەئەستۆی سەرکردە موخەزرەمەکانی ناو بزوتنەوەی رزگاریخوازیی خەڵکی کوردستان (هەمویان)ە، ئەوانەی پێیەکیان کەوتە پێش راپەڕینەوەو پێیەکەی تریان کەوتە ناو راپەڕینەوە، ئەوان نوخبەو سەرکردەو دنیادیدەبون، دەبوایە لەجیاتیی خەڵکی سەردەمەکەی خۆیان و لەجیاتیی خەڵکی دوای سەردەمەکەی خۆیشیان بیر بکەنەوە، ئەگەر لەشاخ زەمینەی بیرکردنەوەو دارِشتنی ستراتیژێکی باشیان بۆ نەرەخسا، دەبوایە دوای راپەڕین بەتەواوی لەخۆببرانایە بۆ دارِشتنی ستراتیژێکی باش کە (ئاشتیی کۆمەڵایەتی) یەکێك بوایە لەئامانجە لەبەرچاوگیراوەکانیان، خۆ ئەگەر راستەوخۆ پاش راپەڕین ئەم ئەرکە گرنگەیان پێ لەئەستۆ نەگیرا (و توشی شەڕی ناوخۆبون) دەبوایە لەقۆناغی دوای شەڕی ناوخۆدا (قۆناغی خەباتی دیموکراتی و هەڵبژاردنی گشتی) بیری ئەوەیان هەبوایە خەڵکی کوردستان لەیەکتر نەکەن بەقیندا، بەڵام ئێستایشی لەگەڵبێ لەبەرخاتریی پتەوکردنی پێگەی حیزبی و رێکخراوەیی خۆیان بیری ئەوەیان نەبوە حساب بۆ (ئاشتیی کۆمەڵایەتی) بکەن و بەئەرکی سەرشانی خۆیانی بزانن کارێ نەکەن درزی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیی گەورە گەورە بکەوێتە بەینی خەڵکی کوردستانەوە، بۆیە ئەنجامی ئەو روداوانەی لەساڵی 1992 ەوە تا ئێستا

لەکوردستاندا گوزەراون و دەگوزەرێن (لەچوارچێوەی خەباتی دیموکراتی و هەڵبژاردنی گشتیدا) ئەمەیە:

براوە (حیزب)

دۆڕاو (میللەت)

کە نەدەبو وابێ بەڵکو دەبو رێك بەپێچەوانەوەبێ.

بێگومان هەر میللەتێ سەرکردەکانی تەنها بۆ خۆیان و حیزبەکانیان بیر بکەنەوە، یان نەزانن و نەتوانن بۆ خەڵك بیر بکەنەوە، میللەتێکی درزبردو، بوغزاوی، پاشەڕۆژلێڵ و دۆڕاوە، بەڵام ئایا سەرکردەکانی میللەتی ئێمە ئەم شتە دەزانن؟ دەزانن ئیشی ئەوان ئەوەیە بۆ خەڵك بیر بکەنەوە)، یان نەخێر پێیان وایە رێگای راست ئەوەیە بۆ خۆیان و حیزبەکانیان بیر بکەنەوە؟

2014 / 4 / 22

.......................................

# یەك بەرژەوەندی و چەند سەرێك

ئەگەر لەماوەی چەند هەفتەی رابردودا کەسێکی نەشارەزا، دوراودور سەیری هەرێمی کوردستانی کردبێ، لەوانەیە وا هاتبێتە پێشچاوی هەرێمێکە پڕ لەڕوداوی گرنگ و هەمەجۆر، پڕ لەهەڵچون و داچونی کۆمەڵایەتی و سیاسیی راستەقینە، پڕ لەرەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی : بەئایدیاو فەلسەفەی جیاجیاوە، بەرەو سەردەمێکی تازە!

بەڵام ئەوەی من بینیم درێژەی تەنها یەك روداوبو نەك چەندین روداو، درێژەی ململانێیەکبو بەپلەی یەکەم لەپێناوی (پاراستنی پێگەی ئابوریی کەسانی پارەدار) ئەوجا ئەگەر راستبێ : لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی و هتد.

ململانێیەکبو لەنێوانی تاقە یەك چینی کۆمەڵایەتیدا (چینی پارەدار) بەچەند سەرێکی ناکۆك و چەند بەرژەوەندییەکی چونیەکەوە.

ململانێیەکبو لەسەر بنەمای یەك گوتاری سیاسی : (سەروەریی سەرمایە).

ململانێیەك نەبو لەنێوانی دو چینی کۆمەڵایەتی (پارەدارو بێپارە) و دو بەرژەوەندیی ناچونیەکدا.

ململانێیەك نەبو لەپێناوی چەسپاندنی فرەیی سیاسیدا.

ململانێیەك نەبو بەئامانجی چەسپاندنی سیستمی (مرۆڤسەروەری و دادسەروەری و نیشتمانسەروەری)و هتد.

لەهەرێمی کوردستاندا ململانێ هەیە، بەڵام نەك بەئاراستەی چەسپاندنی مافی بەشداریی سیاسی و پەرەپێدانی فرەیی، بەڵکو بەئاراستەی پاراستنی پێگەدا : پێگەی ئابوریی کەسانێکی سەر بەیەك چین (چینی پارەدار).

ئەوەی ئێستا لەهەرێمی کوردستاندا دەگوزەرێ، گوزەشتەو فانی و موفەبرەکە، هیچی راست نییەو نامێنێتەوە یەك شتی نەبێ : شەڕەکەی کە لەسەر پاراستن و تۆکمەکردنی پێگەی ئابورییە.

ململانێی ئێستای هەرێمی کوردستان ململانێیەکی ئابورییە لەنێوانی تاقە یەك چینی دابەشبو بەسەر حیزبی جۆراوجۆردا (هێشتا نەبۆتە ململانێی نێوان دو

چین، ئەگەرچی ئەسڵ وایە ململانێی ئابوری لەنێوانی دو چیندابێ).
ئێستا لەهەرێمی کوردستاندا پارەدارەکان خۆیانن (دابەشبون بەسەر حیزبی جۆراوجۆردا) بەربونەتە گیانی یەکترو ناسازێن، هەرایانە لەسەر پاراستنی پێگەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی خۆیان، تێدەکۆشن بۆ دەرپەڕاندنی یەکتر، لەژێر ناونیشانی جۆراوجۆردا خەڵك بەکاردێنن بۆ درێژەدان بەخۆشگوزەرانیی خۆیان و ماڵ و منداڵیان، ئەگەرچی بەهەمویان خاوەنی یەك روانگەی سیاسین و بەهەمویان ئامانجیان بریتییە لە : دامەزراندنی هەمان رژێمی سیاسی / ئابوری کە بەر لەهەمو کەسێ بەرژەوەندیی خۆیانی تێدا لەبەرچاو گیراوە.
یەکێك لەتایبەتمەندییە سەیرەکانی ئەم ململانێیەی نێوان چینی پارەدار لەئێستای هەرێمی کوردستاندا، ئەوەیە : هاوچینی و هاوبەرژەوەندێتی ئەم چینە، نەبۆتە هۆی ئەوەی یەکیخات و بیکات بەیەك بەرە، چونکە عەقڵی لەپاڵدا نییە، کە خۆی لەڕاستیدا دەبوایە بیکردایەتە یەك بەرە، ئامادەی بکردایە بۆ رێکخستنەوەی پەیوەندیی خۆی لەگەڵ بەرەی دوەم : (چینی کۆمەڵایەتیی دوەم / کرێکارو....) بەشێوەیەکی عاقڵانە (عەقڵانیانە) ئەگەر خواکردی گوڕانکاریی مێژویی راستەقینە لەهەرێمی کوردستاندا رویداو بەرەی دوەمیشی هێنایە دنیا!
یەکێکی تر لەتایبەتمەندییە سەیرەکانی ئەم ململانێیە ئەوەیە : هاوچینی و هاوبەرژەوەندێتیی چینە دەسکەلاکەی دەستی چینە پارەدارە ناتەباکەیش، نەبۆتە هۆی ئەوەی چینە (دەسکەلا / قوربانی)یەکە یەکخاو بیکات بەیەك بەرە، کە خۆی لەڕاستیدا دەبوایە بیکردایەتە یەك بەرە، ئامادەی بکردایە بۆ داواکردن و سەندنەوەو چەسپاندنی مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی خۆی لەچینە پارەدارەکە، بەڵام دیارە گەشەکردن و هەڵکشانی دیاردەی (کۆمەڵایەتی - سیاسیی) بەرەو ئەو ئاقارە دروستە، پێویستی بەهوشیارییەکی بەربڵاو هەیە لەناو خەڵکدا کە ئێستا لەهەرێمی کوردستاندا لەئارادا نییە.
من وای بۆ دەچم چینە پارەدارەکە کە ئێستا دەستی گرتوە بەسەر هەمو حیزب و رێکخراوە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستاندا، ئاخری جارێکی تریش چینە دەسکەلاکەی دەستی دەکێشێتەوە بەشەڕدا.
راستە ساڵی 94 و 95 بەبیانویەکیتر شەڕ سازێنراو ئێستا ئەو بیانوە بەدەستەوە نەماوە، بەڵام تا ئێستاش کۆمەڵگەی ئێمە لەبەردەم ئەگەری قەومانی شەڕی

ناوخۆدایە، لەبەر دو هۆ :

1 / ناهوشیاریی چینە دەسکەلاکە، لەپاڵیشیدا پاشکۆیەتیە ئابوریەکەی بۆ چینە پارەدارە هەمیشە دەسەڵاتدارەکە.
2 / بونی دافعە هەرە گرنگەکە لای چینە پارەدارەکە (دافعی : پاراستن و هێشتنەوەی پێگەی ئابوری) کە هێزی ئەم دافعە چەند بەرامبەری هێزی هەمو ئیددیعا بەتاڵەکانی وەکو : رزگاریی نەتەوەیی، گەڕاندنەوەی ناوچەی دابڕاو، نیشتیمانپەروەری و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئەو شتانەیە.

2014 / 4 / 27

..........................................

# نيشتيمانپەروەرى و سەرمايەگوزارى

سەرمايە پێويستى بەشوێنە بۆ ئەوەى تيايدا بجوڵێ، جا ئەو شوێنە نيشتيمانى خاوەنەكەيبێ يان نيشتيمانى كەسانيترو گەلانيتر، هەندێجار باشترين شوێن بۆ ئەم كارە نيشتمانى خاوەنەكەيەتى، لەگەڵ ئەوەشدا سەرمايە رەگەزنامەى نييە، هەروەها ئەو پەيوەندييە عاتيفييەى لەگەڵ شوێندا نييە كە ئێمە هەمانە.
لەسەر بنەماى رەگەزنامەى خاوەن سەرمايە، سەرمايە پۆلێن كراوە بەسەر : سەرمايەى نيشتيمانى و سەرمايەى دەرەكيدا، دەنا سەرمايە خۆى رەگەزنامەى نييە، سەرمايە تەنها پارەو پوڵ و ئەو شتانەيە كە دەكرێ بەهاكەيان بەپارەو پوڵ بخەملێنرێ (بەبێ پشتبەستن بەڕەگەزو رەگەزنامە).
سەرمايە لەهەمو دنيادا خۆى رێگاى خۆپاراستن و خۆزيادكردن بۆ خۆى دەدۆزێتەوە، خۆى عەقڵ كەڵەكە دەكات، لەخزمەتى خۆيدا.
لەچەند دەيەى رابردودا هيچ كام لە : خاك، نەتەوە، ئاين و ئەو شتانە نەيانتوانيوە بەقەدەر سەرمايە خۆيان بەعەقڵەوە هەڵواسن، بەڵكو زۆرتر خۆيان بەچەك و تەعبيئەى جەماوەرى و ديكتاتۆريەت و ئەو شتانەوە هەڵواسيوە.
سەرمايە ژيرانەتر لە : نەتەوە، دين، چين، نيشتيمان، گەورەترين ململانێى جيهانيى لەبەرژەوەنديى خۆى كۆتايى پێهێنا كە ناونرابو (جەنگى سارد)، ئەگەرچى لايەنى ركابەر چەندين چەمكى وەكو نەتەوە، چين، دين، نيشتيمان و ئەو شتانەى تێدا بەكارهێنا.
بێگومان سەرمايە پێويستى بەنيشتيمانى خاوەنەكەى هەيە بۆ ئەوەى تيايدا بجوڵێ، هەروەها بۆ ئەوەى ئەگەر لەشوێن و بازاڕێكى ترى دنيادا ناچارى پاشەكشەبو بكشێتەوە بۆى و خۆيى تێدا پەنا بدا، تا دوبارە دەرفەتى بۆ دەڕەخسێ بازاڕيتر لەشوێنى ترى دنيا بۆ خۆى دەدۆزێتەوەو تێى دەتەقێنێتەوە بۆ دەرەوە، بەڵام ئەمە بەو مانايە نايەت كە : سەرمايە نيشتيمانييە، يان نيشتيمانپەروەرە.
سەرمايە لەهەر شوێنێ كارێكى باشى كردبێ لەڕوى نيشتيمانپەروەرى و شتى

وەهاوە نەیکردوە، بەڵکو لەپێناوی خۆیدا کردویەتی، با ئێمە بەنیشتیمانپەروەرییش بۆمان حساب کردبێ.
سەرمایەی (نیشتیمانی) لای ئێمە، رەنگە هێشتا نەیتوانیبێ بەلێشاو بڕواتە دەرەوە، لەبازاڕە گەورە جیهانیەکاندا هەڵسوڕێ، هۆیەکەشی ئەوەیە : رێگای کەڵەکەبونەکەی شەرعی و سروشتی نەبوە، ئەمە وایلێکردوە بواری گەورەی هەڵسوڕانی لەبازاڕە جیهانیەکاندا دەست نەکەوێ، بۆیە باشترین بەدیل ئەوەیە تا خۆی چاکدەکاتەوەو دەرفەتی جموجوڵی گەورەی جیهانیی بۆ هەڵدەکەوێ، بیر لەخۆسازاندن بکاتەوە لەناوخۆدا، ناڵێم : نیشتیمانپەروەری بکا، بەڵکو دەڵێم : خۆسازاندن!
سەرمایە عاقڵە، بەناو خوێنیشدا پەڕیبێتەوە ئاخری دەپەڕێتەوە، رێی هەڵە بەردەدا، وردە وردە عەقڵی خۆی کۆدەکاتەوە، بیری بۆ ئەوە دەچێ خۆی لەگەڵ شوێن و خەڵکی شوێن بسازێنێ، نیشتمانی خاوەنەکەی وەکو پەناگەیەکی بێوەی بۆ خۆی مسۆگەر بکا، لەگەڵ سروشتی سیاسی - کۆمەڵایەتیی (هاونیشتیمان و نیشتیمان)ی خاوەنەکەی هەڵبکا، ئاخری دەگاتە سەر ئەو بڕوایەی : شوێنی جوجوڵی راستەقینەو تەحەکومکردنی سەرمایە بازاڕە، نەك ناو ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی سیاسی، تێدەگات کە دەتوانێ لەبازاڕەوە تەحەکوم بەدەسەڵاتی سیاسیشەوە بکات!
لەوڵاتی ئێمەشدا ئەم خەونە دێتەدی، نەك بەهۆی بڵاوکردنەوەی هەستی نیشتیمانپەروەرییەوە بەڵکو بەهۆی بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی سەرمایەگوزارییەوە، بەڵام ئێستا دورین لەو روداوەوە، هەرکاتێ خاوەنی سەرمایە هاتە سەر ئەو بڕوایەی هەڵبژاردنی رێگای باشی سەرمایەگوزاری لەخزمەتی سەرمایەکەی خۆیدایە نەك لەخزمەتی نیشتیمان و هاونیشتیمانیدا، ئەوسا وردە وردە بۆی دەکشێ، بەڵام ئێستا کە هێشتا ماویەتی لەنهێنیی کارەکەی خۆی تێبگا، نایەوێ فریوی بیرۆکەی نیشتیمانپەروەری بخوا، ئامادە نییە لەپاڵ بانگەشەی لەوجۆرەدا بیرکردنەوەی خۆی بگۆڕێ.

2014 / 5 / 1

# کات لەژێر پرسیاردا

پرۆسەی هەڵبژاردن کۆتایی هات، خەڵك بەڕێژەیەکی باش بەشداریی تێدا کرد، لایەنەکان هەمویان کورسیی پێویستیان هێنا، هیچ لایەنێك بەدڵی شکاوەوە لێی نەهاتە دەرەوە، رەنگە تیایاندا هەبوبێ بەتەمای ئەنجامی باشتربوبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەدڵی شکاوەوە لێی نەهاتۆتە دەرەوە، جیاوازیی هەڵبژاردنی ئەمجارە لەگەڵ هەڵبژاردنی پێشو لەم خاڵەدایە : هیچ لایەنێ توشی نسکۆ نەبو، قاعیدەی هیچ لایەنێ لەکۆتاییدا هەست بەغوبن ناکا، ئەمەش کۆتاییەکی باشە : زۆر گرنگە هەمو خەڵکی کوردستان (بەگشتی) بەشە خۆشیی خۆی لەکۆتایی هەر بۆنەیەکی نیشتیمانیدا دەسکەوێ.

بەڵام من وەکو کەسێك کە چاوەڕوانیی زۆرم لەکۆمەڵگە هەیە، بەحیزبەکانیشیەوە، پێمخۆشە راستییەك بخەمەڕو:

راستە پرۆسەکە کۆتاییەکەی بەخێر گەڕا، بەڵام سەرەتاو ناوەڕاست و دوای ناوەڕاستیشی (هەتا بەرەبەیانی رۆژی دەنگدان)، تەنانەت هەتا کۆتایی رۆژی دەنگدان، دڵم لەمشتمابو : خوایە نەقەومێ، خوایە بەڕێك و پێکی بچێتەسەر. نایشارمەوە : سەرکەوتنی پرۆسەکە (بەم ئاستە باشەی ئێستای) بەلای منەوە چاوەڕوانکراو نەبو، تەنانەت پێشبینیم نەدەکرد خەڵك بەرێژەیەکی باش بەشداریی تێدا بکا، ئەوەبو تا سەعات یەکی دوانیوەڕۆی رۆژەکە ئاستی بەشداریی خەڵك زۆر لەخوار لەسەدا پەنجاوەبو.

جگە لەخۆگیڤکردنەوەی لایەنەکان لەیەکترو نەشارەزاییان لەبەڕێوەبردنی هەڵمەتی هەڵبژاردندا، روداوی هەرە سەیر کە ئەم بۆچونەی لەلا دروستکردبوم، بریتی بو لە : (راگەیاندنی تەشکیلەی نوێی دەسەڵاتەکان لەچەند رۆژی پێش بەڕێوەچونی پرۆسەکەدا).

بڕوام وایە ئەگەر هەرێمێکی خاوەن دەستور بوینایە، دەمانتوانی بەپێی دەقێکی دەستوری، کاری وا سەیر قەدەغە بکەین، لەبەر دو هۆی ئاشکرا:

1 - کاری وا، بۆی هەیە شڵەژانی گەورەی لێبکەوێتەوە لەناو کۆمەڵگەو قاعیدەی لایەنە سیاسیەکاندا، تەنانەت بۆی هەیە بایکۆت و ئاشوب و شکستی پرۆسەی هەڵبژاردنی لێبکەوێتەوە.

2 - رەنگە ئەنجامی هەڵبژاردن بەهۆی کاری وەهاوە بەبارێکی جیاوازدا بکەوێ، بەقازانجی هەندێ لایەن و زەرەری هەندێ لایەنیتر تەواو ببێ، کە ئەمە زۆر نەگونجاوە، وەکو ئەوە وایە بێیت بۆنەی نیشتیمانی بۆ قازانجی حیزبێك و زەرەری حیزبێکیتر تەوزیف بکەی.

بێگومان ئەم کارە سەیرە لەکۆتاییدا ئەنجامی پرۆسەکەی خست بەبارێکی جیاوازدا، بەڵام نەك بەقازانجی هاوپەیمانییە نوێیەکەی ناو تەشکیلە لەناوەختا راگەیەندراوەکە (کە پێموایە ئامانجەکەی قازانجی ئەوبو)، بەڵکو بەقازانجی ئەو لایەنەی کە کارەکەی وەکو گەلەکۆمەکێی ناوەخت بۆ سەر خۆی دەهاتە پێش چاو، موفارەقەی هەڵبژاردنی ئەمجارە رێك لەم شتەدابو.

پرسیاری من ئەوەیە:

تۆ بڵێی راگەیاندنی تەشکیلەیەك کە 6 / 7 مانگبو ئەمڕۆو سبەینێی پێدەکرا، رێك لەو کاتە ناسکەدا، حساب بۆ قازانج وزەرەرو شیاوی و نەشیاویی کرابێ؟

2014 / 5 / 2

......................................

# زمانی باڵای شەڕ

شەڕی ناوخۆی نێوان عەرەبی سوننەو عەرەبی شیعە لەعێراق لەم چەند رۆژەدا زۆر تاوی سەندوە، تەلەفزیۆنی هەردو لایەن لەم شەڕەدا رۆڵی بەرچاوی هەیە. سەیر نییە شیعەکان تەلەفزیۆنیان هەبێ و شەڕی راگەیاندنی لێوە بکەن چونکە ئەوان ئەمڕۆ حاکم و بکوژو ببڕی عێراقن و ئاسانە بتوانن تەلەفزیۆنیان هەبێ. سەیریش نییە سوننەکان کەناڵی تەلەفزیۆنییان هەبێ، لەبەرژەوەندیی خۆیان و بەبەرچاوی هەموانەوە پسپۆڕی ستراتیژی و سەربازیی لێوە بدوێنن، چونکە ئەوانیش هێزی گەورەن بەدەست ئەو لایەنە ئیقلیمیانەوە کە بەرژەوەندییان لەشڵەقاندنی ناوچەکەدا هەیە، بۆیە بۆ ئەوانیش ئاسانە تەلەفزیۆنیان هەبێ.
سەیر ئەوەیە دەموچاوەکانی ناو هەردو شاشەکە بەزۆری دکتۆرو پسۆڕن، بەبێ دەمامك و بەعەرەبییەکی زۆر رەوان قسە دەکەن، وەکو ئەوەی بیانەوێ شکۆیەکی زمانەوانی و تیۆری بدەنە شەڕەکە، من خۆم ئەمە یەکەمجارە لەدوای روخانی صەددامەوە عەرەبی عێراق ببینم لەئاستی باڵای زماندا قسە لەسەر خوێنڕێژی و کوشتاری نێوانیان بکەن.
کەمێك پێش ئێستا لەشاشەی تەلەفزیۆنی (الرافدین)ەوە کە تەلەفزیۆنی سوننەکانە، دکتۆر نزار السامرائی بەعالەمی ئاشکرا، بەبەرچاوی کامێراوە، بۆ ماوەیەکی زۆر، بەعەرەبییەکی رەوانی باڵا، خەریکی تەنزیرو پاساوهێنانەوەبو بۆ سیاسەتی داعش (ئەو ناوی نەدەنان داعش، بەڵکو دەیگوت شۆڕشگێرە عەشایەرەکان)، لەو بەینەدا رەخنەی لەتەلەفزیۆنەکەی خۆیشیان (سوننە) گرت، وتی هەڵەیە بەهێزەکانی مالکی بگوترێ سوپای مالکی، مالکی ئەو ئاستەی نییە سوپای هەبێ، رەوشتی نزم و دەم و دوی هێزەکانیشی ئەوە ناسەلمێنن کە ئەوان سەر بەسوپابن، سوپا ئەوەبو کە شەڕی هەشت ساڵەی ئێران / عێراقی بەسەرکەوتویی بردە سەرو لوتی ئێرانی شکاند!
بێگومان ئەو سوپایەی کە دکتۆر نزار السامرائی بەباڵایدا هەڵیدەگوت، ئەو سوپایەبو کە لەئاخرو ئۆخری جەنگی ئێران / عێراق خەڵکی کوردستانی ئەنفال

کرد.

ئەو سوپایەشی کە لێی دەخوێند ئەوەیە کە خەریکی کڕینی فڕۆکەی f 16 ی ئەمریکییەو دور نییە رۆژێ دابێ بکەوینە بەر شاڵاوی ئەمیش.

لەهەموی سەیرتر ئەوەیە تا ئێستاش کەوا نزیکەی سەعاتێ بەسەر قسەکانی دکتۆر نزار السامرائیدا رەتبوە، تەلەفزیۆنی (الرافدین) هێشتا هەر دەستەواژەی (جیش المالکی) بەکار دەهێنێ، بەڵام پێشبینی دەکەم لەداهاتودا دەست لەبەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیە هەڵبگرێ.

2014 / 6 / 9

................................

## باسم لەگرنگیی زمانە

زمان لەبارودۆخی وەکو ئەمەی ئێستای عێراقدا گرنگیی زۆری هەیە، چونکە بەشدارە لەئیدارەدانی ململانێکەدا.

لەڕێی باشبەکارهێنانی زمانەوە دەتوانرێ شەڕیش بکرێ، سەرکەوتنیش مسۆگەر بکرێ و بشپارێزرێ، ئەمە راستییەکە میللەتی ئێمە لەهەمو کەس باشتر ئاگای لێیەتی، بەتایبەتی پاش تێپەڕبون بەشەڕی ناوخۆدا.

لەم شەڕە ناوخۆییەی ئێستای عێراقدا ئەوەی لەهەموان زیرەکانەتر زمان بەکار دەهێنێ ئەو دەستەیەیە (هيئة العلماء المسلمين (کە چەند رۆژێکە لەڕێی زمانەوە (نازانم بۆ رێگایتر) خەریکی سەروکاری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشە (لەدورەوە یان لەنزیکەوە) .

بێگومان بەشدارییە زمانیەکەی (دەستە) هەم لەپێناوی قایمکردنی دەسەڵاتی داعشدایە بەسەر ناوچەکانی ژێر دەستیاندا، هەم لەپێناوی راکێشانی رای چاودێراندایە بەلای پرۆژەکەدا!

تەماشای ئەم نمونەیە بکە:

لەیەك دو رۆژی رابردودا یەکێك لەڕێنماییەکانی (دەستە) کە لەدامێنی تەلەفزیۆنی (الرافدين)ی سەر بەداعشدا بڵاو دەبۆوە بەمجۆرە داڕێژرابو:

على جميع الثوار التحلي بنكران الذات في هذه المرحلة!

ئەوە وەکو ئەوە وایە بڵێی : پێویستە لەسەر چەکداران جارێ لەم قۆناغەدا (تەحەلی بکەن بەنیکرانی زات) تا شەڕەکە دەبەینەوە، دوای بردنەوەی شەڕەکە (کراسی نکران الذات ەکە داکەنن) : بکەونە دابەشکردنی غەنیمەتەکان!

کەچی زۆری بەسەردا نەچو، هەستیان بەخراپداڕێژرانی رستەکەیان کرد : قەیدەکەیان لەسەر لابردو رستەیەکی رەهایان لێ دروست کرد، بەمجۆرە:

على جميع الثوار التحلي بنكران الذات... بەبێ قەیدی کات کەپێشتر لەسەری دانرابو (في هذه المرحلة) !

مەبەستی من لەهێنانەوەی ئەم نمونەیە ئەوەیە سەرنجی سیاسەتکارو میدیاکاری خۆمان بەلای گرنگیی زماندا رابکێشم (بەتایبەتی لەساتە ناسکەکاندا)، دەنا خۆ هەمومان دەزانین لەئەسڵدا زمان و کردەوەی سەرانی داعش و باوکە مردوەکەی پێشویشیان چەندی نێوان بوە!

مەبەستێکی ترم ئەوەیە بڵێم:

بەعسیەکان ئەوەندە بەهیواوە گەڕاونەتەوە بۆ عێراق کە نایانەوێ بچوکترین بۆشایی لەپرۆژەی گەڕانەوەکەیاندا دروست ببێ، تەنانەت لەسەر ئاستی زمانیش!

بەڵام سەیرەکە لەوەدایە:

پێشتر بەکوردو شیعەیان دەگوت بەسەر پشتی دەبابەی ئەمریکییەوە هەڵتان کوتایە سەر حوکم، کەچی پێدەچێ تفەکە روی خۆیشیانی گرتبێتەوە : لەبەر رۆشنایی چرای سەوزی ئەمریکیەکاندا گەڕابێتنەوە!

سەیرتر لەوەش ئەوەیە:

ئێستا ئەم مەسەلەیەشیان زیرەکانە لەناو زماندا چارەسەر کردوە :

دروشمەکانی خۆیانیان تا رادەیەکی زۆرباش خاڵی کردۆتەوە لەباسی دەبابەو مەبابەی ئەمریکی کە ئەمەیش بەڵگەیەکی ترە لەسەر دەستێکەڵییان لەگەڵ لایەنی دەرەکیدا بۆ سازاندنی زەمینەی گەڕانەوە.

2014 / 6 / 13

...............................

# ژیان لەشەڕگەی ئایینیدا

لەباسی سەربەخۆیی و جیابونەوەدا، سیاسەتی ئێستای هەرێمی کوردستانم بەلاوە پەسەندە، بەتایبەتی لەچوارچێوەی عێراقێکی (مەزهەبسالار)دا کە هەمیشە لەسەر پێیە بۆ راگەیاندنی نەفیر عام و حەڵاڵکردنی خوێن.

ئەگەر عێراق دەوڵەتێکی وەکو کەنەدا بوایە رەنگبو حەز بەدابەشبونی نەکەم، بەڵام عێراق عێراقە، ئیتر بە چ بڕوایەکەوە حەزکەم ژیانی منداڵ و نەوەم تاسەر لەچوارچێوەی ئەودا بچێتە سەر؟ چ دڵێکم بەشەڕگەیەکی ئایینیی وەکو ئەو خۆشبێ؟

لەگەڵ ئەوەشدا:

-هێشتا بڕوام وایە بزوتنەوەی کوردایەتی لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا نەیتوانیوە لەئاستی خەون و خولیای خەڵکدابێ.

-هێشتا بڕوام وایە ماومانە لەناوەوە مرۆڤی کورد بەجۆرێك بنیاد بنێین لەئاستی دەوڵەتداریدابێ.

-هێشتا بڕوام وایە ماومانە (زەمینەی دەوڵەتداری) لەناوخۆدا فەراهەم بکەین.

-هێشتا بڕوام وایە کوردایەتییەك جێی جیاوازیی گەورەی چینایەتیی تێدا ببێتەوە، جێگای خۆشحاڵی و پەسەندی نییە (بەتایبەتی جیاوازیی چینایەتی لەنێوان چینی حاکم و چینی مەحکومدا(.

-هێشتا بڕوام وایە هەرێمی کوردستان ماویەتی جێی جیاوازیی بیروڕای شەخسی، جیاوازیی بیروڕای سیاسی، و هتد لەخۆیدا بکاتەوە.

-هێشتا بڕوام وایە ئاسایشی تاکەکەس (ی جیاوازو یاخی و سەرکەش، بەتایبەتی گەنج) مسۆگەر نەکراوە.

بەڵام بڕوام وا نییە مادەم هێشتا ئەو راستیانە لەئارادان کەواتە هێشتا شایستەی ئەوەین لەشەڕگەیەکی ئایینیی وەکو عێراقدا تەمەنمان ببەینە سەر!

ئەگەر تەنها بۆ فەراهەمکردنی زەمینەیەکی لەبارتری کێبەرکێی سیاسیشبێ

لەناوخۆدا، نەك بۆ مسۆگەرکردنی دەسکەوتی ئابوری و فەرهەنگی و سیاسیی زۆرتر، پێم وایە دەبێ بەئیجماع لەگەڵ فیکرەی سەربەخۆییدابین، تەنها لەحاڵەتێکدا نەبێ ئەگەر سەد دەر سەد لێمانەوە دیاربێ جموجوڵی ساسیی لەوجۆرە سەرکێشییە بەدەسکەوتە چەسپاوەکانەوە.

2014 / 7 / 3

..................................

# لەدوای قڵیشانەوە گەورەکەی (موسڵ)ەوە

دە ـ دوانزە ساڵ بەر لەم قڵیشانەوە گەورەیەی موسڵ، روداوی هەرە گرنگ لەهەرێمی کوردستاندا بریتی بو لە : گەلاڵەکردن و ئیشپێکردنی رێکەوتننامە ستراتیژیەکەی نێوان یەکێتی و پارتی.
دوای قڵیشانەوەکەش روداوی هەرە گرنگ لەهەرێمی کوردستاندا بریتییە لە : جیابینی و لێکدوریی یەکێتی و پارتی لەئاست قڵیشانەوەکەدا کە دەریدەخات رێکەوتننامە ستراتیژیەکەی نێوانیان کۆتایی هاتوە، یان لانیکەم رەهەندە ستراتیژیەکەی لێکراوەتەوە (ئەگەر رەهەندی ستراتیژیی هەبوبێ.(
هەردو روداوەکە جێگەی رەخنەی خەڵك بوە:
روداوی یەکەم : (رێکەوتننامە ستراتیژیەکە) رەخنەی بەدوای خۆیدا هێنا، لەبەرئەوەی لەکۆتاییدا خەریك بو مەترسیی دروست دەکرد بۆ سەر رەوتی دیموکراتی و بواری لەبەردەم میدیای ئازادو کێبەرکێی سیاسیدا بەرتەسك دەکردەوە (چونکە کورت کرابۆوە بۆ : یەکخستنی هەڵوێستی سیاسی لەئاست بارودۆخی سیاسیی ناوخۆدا، لەجیاتیی یەکخستنی هەڵوێستی سیاسی لەئاست سیاسەتی دەرودراوسێکانی هەرێمی کوردستاندا(.
روداوی دوەم : (جیابینی و لێکدوریەکەی یەکێتی و پارتی لەئاست قڵیشانەوەکەی موسڵدا) دیسان رەخنەی بەدوای خۆیدا هێناوە لەبەرئەوەی جۆرە دو هەڵوێستییەکی لێکەوتۆتەوە لەئاست هەلومەرجی سیاسیی دەوروبەرماندا، ئەمە ئەگەر مەترسییەکی وایشی نەبێ بۆ سەر ئێستاو پاشەڕۆژی هەرێم، بەدڵنیاییەوە زیانی بەرچاوی دەبێ بۆ دۆستایەتیی نێوان یەکێتی و پارتی، رەنگە هیچ دۆست و هاوپەیمانێکی دەرەکی نەتوانێ قەرەبوی بکاتەوە بۆ هیچیان.
بەکورتی:
یەك هەڵوێستیەکەی یەکەمجاری نێوان ئەو دوانە، لەکۆتاییدا پاساوی خۆی لەدەست دا، نەدەکرا بەپاساوێکی لاوازەوە تاسەر دەستی پێوەبگیرێ (وەکو گەلەکۆمەکێیەك وابو لەخەڵکی نارازیی کوردستان)، بەڵام یەك هەڵوێستیی

ئەمجارە (کە دەبوایە لەئارادابێ) هینی ئەوە نییە لەبەر ڕۆشنایی یەکهەڵوێستیەکەی یەکەمجاردا تەماشا بکرێ چونکە بۆ یەکخستنی هەڵوێستە لەئاست قڵیشانەوەیەکی گەورەدا کە هەر چوارلای کوردستانی گرتۆتەوە، نەك قڵیشانەوەیەکی بچوك لەناوخۆی هەرێمی کوردستاندا.

جگە لەوە : جێگای رەخنەیە بتوانین (بۆ روبەڕوبونەوەی پێشهاتە ناوخۆییەکان) یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بین، بەڵام (بۆ روبەڕوبونەوەی پێشهاتە ناوچەیی و دەرەکیەکان) نەتوانین وابین.

2014 / 7 / 5

..................................

# ئێران دۆستێکی بەهێز بەڵام لەجێی نەبو

سەرەتای نغرۆبونی رژێمی بەعس بو، بەرەو ئەوە دەچوین پێ بنێینە ناو ژیانێکی تازەی ساسییەوە، نەماندەزانی دۆستانی شیعەمان وا زو عێراقی نوێمان لێ ناخۆش دەکەن، کەم و زۆر دڵخۆشبوین بەوەی لەو سەرەتایەوە دەگوزەرا، لەئێمە دڵخۆشتر کوردانی ئێرانبون، پێیان وابو ئیتر نۆرەی ئەوانە بەمافەکانیان شاد ببن، بەڵام من پێم وابو خۆدڵخۆشکردنی ئەوان بنەمایەکی وردی نییە، بەئاشکرا لەگەڵ دۆستێك (لەئاستی باڵای ئەوان (وتم : جارێ نۆرەی ئێوە نییە، ئەگەر حەوسەڵەی کارێکی تری لەو جۆرە لەئارادابێ و وڵاتێك هەبێ خرابێتە نۆرەوە، ئەوا ئەو وڵاتە سوریایە، چونکە سوریا نەرمەقوتترە لەئێران، هەروەها پەلوپۆی ئێرانیشە، ئەگەر بڕیاربێ لەئێران بدرێ ئەوا دەبێ سەرەتا بەدەست و پەلیدا بکێشرێ.. بێگومان دۆستە ئازیزەکەم (پایەدارو تەمەندرێژبێ) قسەکەی منی نەدەسەلماند، خۆی وتەنی چاوەڕێی رۆژی رزگاریی گەلانی ئێرانبو، بەڵام رۆژگار سەلماندی کە تەنانەت سوریاش تیکەیەکی نەرمەقوت نییە.

بەهەرحاڵ پاش ئەم سەرگەردانییەی سوریا دەرکەوت کە : بەڕاستی ئێران تازە لەنۆرەدا نییە، بەچەند دەلیلی ئاشکرا:

یەکەم / ئێران رژێمێکی یەکانگیری خاوەن ئیرادەیە، ئەوەتا هێشتا پەلە پەلاماردراوەکەی (واتە رژێمی سوریا) بەحەواوەیە، نەکەوتۆتە سەر زەوی.

دوەم / ئێران خاوەنی وزەی ناوکییە، بەگفتوگۆ نەبێ هیچی لەگەڵ ناکرێ.

سێیەم / ئێران کاراکتەرێکی دیاری ناو گەورەترین حیلفی ناوچەکەو دنیایە کە دو ئەندامی هەمیشەیی خاوەن ڤیتۆی ناو نەتەوە یەکگرتوەکان (روسیاو چین) سەروکاری دەکەن، بەو زەبەلاحییەی خۆیانەوە.

چوارەم / ئێران توانیویەتی لەشیعەی ئێران و دنیا میللەتێکی کەونی دروست بکات و بیخاتە پشتی خۆیەوە.

بەدۆستگرتنی ئەم رژێمە بەهێزە لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە کارێکی باشە، بەڵام ئەگەر ئەم رژێمە قەبوڵ نەکا بەدەوڵەتی دراوسێ

و دۆستی بین، سوربێ لەسەر ئەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق نەبێتە خاوەنی شەخسیەتی قانونیی نێودەوڵەتی، تاسەر وەکو ناوچەیەکی پاشکۆی ژێر دەسەڵاتی هێزگەڵێکی پەرتەوازەی ناسەقامگیر بمێنێتەوە، ئەویش بەکەیفی خۆی و بەپێی بەرژەوەندیی خودی خۆی هەر رۆژەی دۆستایەتیی هێزێك لەهێزەکانی ناوی بکات لەدژی ئەوی تریان، ئەوا ناکرێ بەم جۆرە دۆستایەتییە رازی بین، لەمەوبەر دۆستایەتیی لەوجۆرە رەنگە پاساوی هەبوبێ، بەڵام لەدوای گۆڕانکاریەکانی ئەم دواییانەی عێراق پاساوی بەهێزی نییە، دۆستایەتی لەسەر بنەمای (دان) و (سەندن) بنیاد دەنرێ، نەك تەنها سەندن، یان تەنها دان، بەڵام پێدەچێ ئێران بیەوێ تەنها بسەنێ و لەئێمەش تەنها چاوەڕێی دان بێ! ئەوەتا بەدرێژایی پەیوەندیی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان (تاران) تەنها دەتوانێ ئەوەندە بەهەرێمی کوردستان بدا (دەست نەهێنێتە رێی مافی چارەی خۆنوسینیەوە) ئێستا دەرکەوت ئەوەش نادا.

دۆستایەتی (لەگەڵ تارانبێ یان ئەنقەرەو تەلئەبیب) لەسەر بنەمای دان و سەندن نەبێ دۆستایەتی نییە، شتی ترە.

2014 / 7 / 7

............................

# باشترین رێگا لەبەردەم (ی. ن. ك)دا

لەدیدارێکدا بۆ تەلەفزیۆنی (NRT) بەڕێز مامۆستا (صلاح الدین مهتدی) قسەیەکی زۆر گرنگی لەبارەی (ی. ن. ك)ەوە کرد، دەڵێ : هیچ کاتێ (ی. ن. ك) بەقەدەر ئێستا لەژێر هەژمونی ئێراندا نەبوە.. دەشڵێ: لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتیی بەڕێز (مام جەلال)دا ئێران هەرگیز نەیتوانیوەو نەیدەتوانی بەم ئەندازەیەی ئێستا (ی. ن. ك) بخاتە ژێر هەژمون و فشاری خۆیەوە...

من نە لەبارەی میانەی ئێران و یەکێتییەوە هیچی گرنگ دەزانم، نە کۆمێنتێکی گرنگیشم لەبارەی بۆچونەکەی بەڕێز مامۆستا (مهتدی)یەوە هەیە، بەڵام قسەیەکم هەیە، ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا دەمویست بیکەم، فرسەتی گونجاوم دەست نەدەکەوت، وا ئێستا بەبۆنەی لێدوانەکەی بەڕێز مامۆستا (مهتدی)ەوە دەیکەم : بێگومان هەمومان (وەکو هەست) هەستمان بەنزیکایەتی و دۆستایەتیی نێوان یەکێتی و ئێران کردوە لەهەردو قۆناغەکەدا : قۆناغی دەسەڵاتدارێتیی بەڕێز (مام جەلال) و قۆناغی دوای دەسەڵاتدارێتیی ئەو، دەشزانین ئەم دۆستایەتییە حەتمەن دەبێ کەم و زۆر سودی هەردو لای تێدا بوبێ، هەریەکە بەڕێژەی خۆی و بەپێی هێزو هەژمونی خۆی...

بەڵام چۆن مەزەنەی ئەم دۆستایەتییە (مفترض)ە، لەقۆناغی دەسەڵاتدارێتیی بەڕێز (مام جەلال) و قۆناغی پاش دەسەڵاتدارێتیی ئەودا بکەین؟

وەڵامی من بۆ ئەو پرسیارە بەمجۆرەیە :

بەڕای من یەکێتیەکەی پێشو بایەخێکی زۆر گەورەی هەبوە بۆ ئێران، ئەگەرچی وەکو بەڕێز مامۆستا (مهتدی) دەڵێ : بەئەندازەی ئێستا لەژێر هەژمونی ئێرانیشدا نەبوە، چونکە یەکێتییەکەی پێشو یەکێتییەکی زۆر لەمە گەورەترو بەهێزتربو، بەتایبەتی لەساڵانی پیش جیابونەوەی (گۆڕان)دا، یەکێتییەکبو لەژێر فەرمانی راستەقینەو تەواوەتیی بەڕێز (مام جەلال)دا، یەکێتییەکبو سکرتێرە گشتییەکەی دەیتوانی بەیەك جوڵەی دەست، بەقیادەو قەواعیدیەوە، بیخاتە جوڵە، پابەندی بکا بەهەمو دۆستایەتی و رێکەوتننامەیەکی دوقۆڵی و چەند قۆڵییەوە!

بەڵام یەکێتیی ئێستا، ئەو بایەخەی نییە بۆ ئێران، چونکە هەم لەیەکێتیەکەی جاران بچوکترە، هەم کەسی تیا نییە بتوانێ بەتەواوەتی وەکو (مام جەلال) تەحەکوم بەقیادەو قەواعیدیەوە بکاو پابەندی بکا بەدۆستایەتییەوە، ئەم راستییە لەئێستادا بەبەرچاوی هەموانەوەیە!

کەواتە گومانی تیا نییە، یەکێتیەکەی پێشو، دۆستایەتیی هەر کەس و لایەنێکی دەرەکی و ناوخۆیی کردبێ، یەکێتییەکی گرنگترو سودبەخشتربوە لەدۆستایتیەکەدا، حسابی تایبەتیی بۆ کراوە، چونکە سەرلەبەر (بەقەبارە زەبەلاحەکەی پێشویەوە) بەدۆستایەتیەکەوە پابەندبوە، نەك بەپچڕ پچڕی و نیوەو ناچڵی، بەڵام دۆستایەتیکردنی یەکێتیی ئێستا لەباشترین حاڵەتدا بریتییە لەدۆستایەتیکردنی لەتێك لەیەکێتیەکەی پێشو، هەروەها دەستەیەك لەدەستەکانی یەکێتییەکەی پێشو کە رەنگە نەشتوانێ بەتەواوەتی قاعیدەکەی خۆی بخاتە ژێر باری هیچ دۆستایەتییەکەوە، بێگومان دۆستانی ناوخۆیی و دەرەکیی یەکێتی ئەم راستییە دەزانن، پێم وایە حسابیشی لەسەر دەکەن و کردوشیانە!

کەواتە دەتوانین بڵێین : یەکێتیەکەی پێشو، لەدۆستایتیکردنی ئێراندا، زیاتر حسابی بۆ کراوەو بەهەند هەڵگیراوە تا یەکێتییەکەی ئێستا، بەچاوی بایەخەوە تەماشای کراوەو بەئەندازەی یەکێتییەکەی ئێستا نەخراوەتە ژێر هەژمون و فشارەوە، وەکو بەڕێز مامۆستا (مهتدی)یش باسی دەکا!

ئەم راستییە دەمگەیەنێ بەقەناعەتێك بڵێم :

بۆ کوردو بۆ ئەو کەسانەی شانیان داوەتە بەر یەکێتی و دەیانەوێ وردە وردە لەڕێی بەشداریکردنەوە لەحکومەتدا، بیبوژێننەوەو داهاتویەکی باشتری بۆ مسۆگەر بکەن، باشتر وایە رێگای دۆستایەتیی ناوخۆیی پیشانی یەکێتی بدرێ نەك دۆستایەتیی دەرەکی، چونکە دۆستانی دەرەکی دەزانن دۆستایەتیکردنی یەکێتییەکەی ئێستا لەباشترین حاڵەتدا بریتییە لەدۆستایەتیکردنی دەستەی سەرەوەی یەکێتی نەك یەکێتی بەهەمو جەماوەرەکەیەوە، بۆیەش گوێ بەراگرتنی هاوسەنگیی دۆستایەتیەکە نادەن و جۆرەها فشار دەخەنە سەری کە رەنگە لەکۆتاییدا بەزیانی یەکێتی تەواو ببێ، وەکو بەڕێز مامۆستا (مهتدی)یش باسی دەکا!

بەکورتی : بەدۆستگرتنی حیزب و لایەنەکانی ناوخۆ، بۆ یەکێتی، باشترین رێگاو بەدیلە، چونکە هەرچۆنێبێ لەگەڵ دۆستانی ناوخۆدا دەتوانێ بەپێی قەبارەی خۆی

(جا هەرچەنێکی لێبمێنێتەوە) بەردەوام لەکاروانی خەباتدابێ و چاوی لەسەر پاشەڕۆژێکی گەشتربێ، بەڕێز مام جەلالیش هەر هەنگاو بەهەنگاو دەستی پیکرد، یەکسەر نەبو بەسەرۆککۆماری عێراق.

………………………………

# ديموكراتی دينه

* ديموكراتی دينه، دينی كافرانه، دەبێ لەڕەگوڕيشەوە هەڵكێشرێ...
ئەوە بۆچونی داعشە لەبارەی ديموكراتييەوە، لەچەندين شوێن بڵاويان كردۆتەوە...
بەڵام حيزبی ئيسلاميی ديكە هەن، ئاوا بەو يەكجارييە ديموكراتی تەحريم ناكەن، لانيكەم بەحەڵاڵی دەزانن پيايدا هەڵزنێن بۆ دەسەڵات.
بێگومان زۆربەی هەرە زۆری حيزبە نا ئيسلاميەكانيش، لەوڵاتی خۆمان و وڵاتانی دەوروبەرمان، هەر تەنها ئەوەندە ديموكراتی بەحەڵاڵ دەزانن تا پيايدا هەڵدەزنێن بۆ دەسەڵات، دوای ئەوە نا!
جياوازيی نێوان داعش و ئەمانيتر (بەئيسلامی و نا ئيسلامييەوە) لەم مەسەلەيەدا، ئەوەيە :
داعش هێشتا بەفەرمی دەوڵەتی نييە، كەچی نايەوێ تەنانەت لەپێناوی دروستكردنی دەوڵەتيشدا (هيچ نەبێ وەكو فێڵ) دەست بۆ ديموكراتی ببا، بەڵام ئەمانيتر ئەو فێڵە دەكەن و بەحەڵاڵی دەزانن، داعش تەنها درێژە بەفێڵە كۆنەكە دەداو تەواو، ئەويش راستگۆيانە، ئەمانيتر وا نين!
لەپێگەی ئەليكترۆنيی العربي الاصيل كە پێدەچێ هينی داعش يان رەوتێكی هاوفكری داعشبێ، مەقالێك بە دو وێنەوە (وێنەی كوردێك + وێنەی ئەفغانييەك)، بڵاوكراوەتەوە، تيايدا هاتوە : (موسوڵمانێكی كوردو ئەفغان ئەگەر پابەندبن بەئيسلامەوە، ناگۆڕينەوە بەچەندين موسوڵمانی عەرەبی هاوخوێنمان ئەگەر پابەند نەبن بەئيسلامەوە، بەڵام دەبێ بزانن : خوا سەركردايەتيی ئوممەتی ئيسلامی سپاردوە بەعەرەب نەك بەغەيری عەرەب).. ئەمە ئەوپەڕی راشكاوی و راستگۆييە، هەرچەند خۆگێلكردنە لەمێژو، چونكە هەر لەناو كورددا كەسی وەكو صلاح الدين الايوبي هەڵكەوتوە كە سەركردايەتيی ئوممەتی ئيسلاميشی كردوە لەقۆناغێكی مێژوييدا.
لەڕاستيدا ديموكراتی دەبێتە دين و فێڵی دينی :

* ئەگەر وەکو (گەمە لەپێناوی گەمە!) پراکتیزە کرا، نەك لەپێناوی ئامانج و ئەنجامێکی سیاسی - کۆمەڵایەتیی باش کە گەلان لەسایەیدا بحەسێنەوە.
* ئەگەر وەکو دینی لێکراو کورت کرایەوە بۆ : سروتێکی چەند ساڵ جاری، وەکو حەج!

2014 / 8 / 25

.....................................

# پێویستە موسوڵمانان دەموچاویان بشۆن و بەجۆرێکیتر تورکیا ببینن

کەلاوە لەسەر کەلاوە بەدەوری تورکیادا لەقوتبونەوەدایە (سوریا، لیبیا، عێراق... هتد)، ئێستا (ئەنقەرە) لەچەقی کەلاوەیەکی گەورەدا کە خۆی دەستی باڵای هەیە لەدروستکردنیدا، رەنگە خۆی بەو کانیاوی زیندەگانییە بێتە بەرچاو کە دەبێ گەلانی دەوروبەری بێن و بیدۆزنەوەو دانەونە سەرچۆك بۆ قومێکی! یان بەو ئاوەی کە مرۆڤایەتی خوازیارە لەسەر مەریخ بیدۆزێتەوەو نایدۆزێتەوە! پێویستە گەلانی ناوچەکە، بەتایبەتی موسڵمانان، رێگە نەدەن ژیان لەم ناوچەیەدا بەوجۆرە بچێتە سەر، دەموچاویان بشۆرن و بەجۆرێکیتر تەماشای تورکیا بکەن: لێیان مەعلومبێ ئەنقەرە یەکێکە لەو دەستە نهێنیانەی چەند ساڵە لەپشتەوە، کێشەی سوریا بەرەو ئاڵۆزبون پاڵ دەنێ و نایەڵێ یەکلایی ببێتەوە، چونکە یەکلایی بونەوەی کێشەی سوریا واتە : دۆزینەوەی نەخشەرێگایەك بۆ پێکەوە ژیانی (کورد / شیعە / سوننە)ی وڵاتەکەو راماڵینی یەکێك لەکەلاوەکانی چواردەوری.

ئەنقەرە، ئیسلامیە توندڕەوە (هاوشوناسەکانی داعش و قاعیدە)ی لیبیا چەکدار دەکاو نایەڵێ ژیان لەو وڵاتەدا ئاسایی ببێتەوە، چونکە ئاسایی بونەوەی ژیان لەوێ، واتە رێگرتن لەفراوانتربونی روبەری یەکێك لەکەلاوەکانی چواردەوری.

ئەنقەرە نایەڵێ لەعێراق و سەر سنوری (عێراق / سوریا)و ناوچەکە بەگشتی، کوردو کورد، عەرەب و عەرەب، کوردو عەرەب، سوننەو شیعە، بگەنە ویئام و ویفاق، چونکە ئەگەر ئەوە رویدا ئەوە یەعنی : دایکی کەلاوەکانی چواردەوری (کە بەردەوام دەزێ و یەکلەسەریەك کەلاوەی بۆ هەڵدەهێنێ) لەمرداربونەوە نزیك بۆوە!

تورکیا چەتەیەکە سەرەڕێیەکی ستراتیژیی گرتوە، لەسەر حسابی دانیشتوانی کەلاوەکانی دەوروبەری دەلەوەڕێ، پێویستە گەلانی ناوچەکە (بەتایبەتی

موسوڵمانان) لەڕوی فیکرییەوە ئەم دیاردە سیاسییە لەقاو بدەن و پێوەی پەیوەست نەبن، پەرە بەفەرهەنگ و روانگەی خۆیان بدەن و لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تێکهەڵکەنەوە، نەهێڵن ئەم رێگرەی نێوان رۆژهەلات و رۆژئاوا لەمە زیاتر بۆی بچێتە سەرو باج لەسەر ژیانی خەڵکی ناوچەکە دانێ.

بێگومان بەدیلی ئەنقەرە بۆ گەلانی ناوچەکە، بریتی نییە لەتاران یان ریاض یاخود دەوحەو کوێ و کوێ، ئەوانیش بەشێوەی خۆیان هەر خەریکی هەمان کاسبین، بەدیلی رژێمە حاکمەکانی ناوچەکە بۆ گەلان، تەنها گەلان خۆیان و فیکری خۆیانە : پێویستە لەڕوی فیکرییەوە خۆیان پێشخەن، بەجۆرێك کە بەدەستی هیچ رژێمێکەوە نەیەن بۆ درێژەدان بەکوشت و بڕو وێرانترکردنی ناوچەکە.

..............................

# دوژمنە داهێنەرەکانی کورد

دوژمنەکانی کورد لەبواری (بەکۆمەڵسەرکوتکردن)ی خەڵکی کوردستاندا رێگای جیاوازیان تاقیکردەوە:

*عێراقی سەردەمی صەددام، رێگاکەی بریتی بو لە : تاوانبارکردن و سزادانی دایك و باوك، خوشك و برا، خزم و کەس، هاوسەرو هاوڕێ، هاوگەڕەك و هاوخوێنی کەسە (پێشمەرگە، هونەرمەند، تەلەبە، مامۆستا)کەی کە لەروانگەی بەعسەوە تاوانبارکرابو، ئەگەرچی بەپێی بنەما قانونییە نێودەوڵەتیەکان، تەنانەت بەپێی دەستوری دەوڵەتەکەی حیزبی بەعس خۆیشی، سزا شتێکی کەسییە : دەبێ تەنها بەسەر خودی کەسی تاوانباردا بسەپێنرێ (حضوریا او غیابیا).

رێگاکەی صەددام گەیشتە رادەی ئەنجامدانی جینۆساید، کەچی کورد کۆتایی نەهات، لەبەر قارەمانێتیی کورد نا (ئەگەرچی قارەمانیش بو) بەڵکو لەبەرئەوەی جینۆساید (ئەگەرچی جینۆسایدەو بەمانای پاکتاوی رەگەزی دێ) رێناکەوێ بتوانێ بەجارێ سەرلەبەری میللەتێك کۆتایی پێبهێنێ، بۆ نمونە (لەپاڵ جینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستان لەسەر دەستی رژێمی بەعس) تەماشای جینۆسایدکردنی جولەکە بکە لەسەر دەستی نازیەکان، یان جینۆسایدکردنی ئەرمەن لەسەر دەستی عوسمانیەکان.

*ئێرانی ئیسلامی، رێگاکەی (لەسەرەتاوە تا ئێستا) بریتی بوە لە : گەلەکۆمەکێی دیبلۆماسی و سەربازی لەبزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی کورد، بەهاوکاریی وڵاتانی هەرێمی، هەروەها شوێنپێهەڵگرتنی رێبەرانی بزوتنەوەکەو تیرۆرکردنیان، لەپاڵ بێکارهێشتنەوەو برسیکردنی خەڵکی کوردستان، هەروەها گرتن و خنکاندنی تاکەکەسە هوشیارە دەرکەوتوەکانی ناوخۆی کوردستان.

*سوریا (لەسەردەمی ئەسەدەوە تا سەردەمی کوڕەکەی) رێگاکەی بریتی بوە لە : بەمیوانزانینی کورد لەکوردستانی رۆژئاواو ئینکاریکردنی شوناسی نەتەوەییان، قەدەغەکردنی زمان و کەلتوری کوردی، قەدەغەکردنی حیزبایەتی و کوشتنی تاکەکەسە دەرکەوتوەکان.

*تورکیای دەرکەوتوی دوای هەرەسی دەوڵەتی عوسمانی، بۆ سەدەیەك دەچێ، هەر هەمو رێگاکانی تاقیکردۆتەوە (رێگاکەی بەعس، ئێرانی ئیسلامی، سوریای ئەسەد) زائید ئەم رێگا تازەیە : ئەنجامدانی تەقینەوە (بەناوی داعشەوە، یان لەڕێی داعشەوە، یان لەڕێی ئاسانکارییەوە بۆ داعش) لەناو کۆڕو کۆمەڵە قەرەباڵغەکانی کوردستانی باکور کە ئەمە شێوازێکی نوێیە لەجینۆسایدو تۆقاندن، بەئامانجی پاشەکشەپێکردنی خەڵکی کوردستان لەپرۆسەی سیاسی و هەڵنانەوەیان (بەزۆر) بۆ ناو خەباتی چەکداری، لەبەرئەوەی خەباتی چەکداری ئەوەی لێ شین نابێ کە لەبەشداریی سیاسی و خەباتی قانونی شین دەبێ.

*هیچ کام لەڕێگاکان، بەم رێگا تازەیەی تورکیای ئەردۆغانییەوە، بەڕێگا لابەلاییەکەی عێراقی شیعییەوە، ناتوانن پاشەکشەی یەکجاری بەکورد بکەن، نەك لەبەر قارەمانێتیی کورد، بەڵکو لەبەرئەوەی هەوڵدان بۆ یەکخستنی نەتەوەی جۆراوجۆرو دروستکردنی (گەل / شعب)ێکی هاوشوناس لەهەمویان، پێویستی بەڕازیکردنی هەمویان هەیە، نەك سەرکوتکردنی زۆربەیان و سەپاندنی زمان و کەلتوری یەکێکیان بەسەر باقیەکەیاندا.

2014 / 7 / 20

..........................................

# دەستورێکی حامیلە بەسکێکی لەوجۆرە، شەقێ لەسکی هەڵبدرێ باشتر نییە؟

نەگۆڕ لەئیسلامدا چییە؟ ئەی گۆڕاو چییە؟
ئەمە ئەو گرفت و مەترسییە فیقهییە گەورەیەیە کە خەریکە دەستوری ئایندەمانی تێوە دەگلێنرێ!
بێگومان هیچ کەس لەم سەردەمەدا ناتوانێ لەخۆوە شت لەخەڵك زل بکاو ناوی بنێ گرفتی گەورە، هیچ کەسیش ناتوانێ گرفتی گەورە لەخەڵك بچوك بکاتەوەو هەروا بەخشکەیی کۆمەڵگە هەڵبنێ بۆ ناوی.
هەر ئێستا، بەدوای خوێندنەوەی ئەم دێڕانەدا، دەتوانی سێرچێك بەگۆگڵدا بکەی بزانی ئایا راستە مەسەلەی نەگۆڕو گۆڕاو لەئیسلامدا کێشەیەکی ئەوەندە گەورەیە؟
با پێکەوە ئەم چەند دێڕەی دکتۆر عەلی قەرەداغی بخوێنینەوە کە قسەی ئەوەڵ و ئەخیر نییە لەوبارەیەوە :
مەبەست لەنەگۆڕ بریتییە لەو ئەحکامە ئیسلامیانەی بەبەڵگەی قطعي الدلالة یان بەپێی ئیجماعی صەحیحی ثابتی رۆنراو لەماوەی سێ سەدەی یەکەمی دوای دەرکەوتنی ئیسلامدا جێگیرکراون کە هەمو ئەم شتانە دەگرێتەوە : شەش روکنەکەی ئیمان (ئیمان بەخوا، فریشتەکانی، کتێبەکانی، پێغەمبەرەکانی، رۆژی قیامەت، قەدەر بەخێرو شەڕیەوە)، هەروەها پێنج روکنەکەی ئیسلام (شایەتومان، پێنج فەرزەی نوێژ، زەکات، رۆژو، حەج بۆ کەسێ لەتوانایدابێ)، لەگەڵ بەهاو رەوشتە نەگۆڕەکان، ئەحکامەکانی خێزان، ئەحکام و پرەنسیپە گشتیەکانی تایبەت بەمعاملات، جهاد، پەیوەندیی نێودەوڵەتی، قضاء، هەر شتێکیتری لەو بابەتانە! بەکورتی : هەمو ئەحکامەکانی ئیسلام لەکۆی بوارەکانی ژیاندا ئەگەر بەبەڵگەی قطعي الدلالة یان بەپێی ئیجماعی صەحیحی ئوممە، رۆنراو لەسەر دەلیل نەك عورف، جێگیرکرابن، دەبێ ئیلتیزامی پێوە بکرێ و

چاوپۆشیی لێنەکرێ، ئیللا لەو حاڵەتەدا نەبێ کە دەگوترێ : الضرورات تبيح المحضورات.
لەبارەی گۆڕاویشەوە دکتۆر عەلی قەرەداغی دەڵێ : ئەو ئەحکامانەن کە بەبەڵگەی ظني، یان بەپێی ئیجتیهادێکی رۆنراو لەسەر قیاس و مەساڵحی مورسەلە و عورف و مەقاصدی شەریعەو شتگەلی لەوجۆرە، جێگیر کراون!

بەڵام چەندین (زانا!) و فەقیهی دیکە هەن، هەمو ئەو ئەحکامانەش کە بەپێی بەڵگەی ظني رۆنراون و جێگیر کراون، بەئەحکامی نەگۆڕ حساب دەکەن و خۆلێبواردنیان بەدەرچون لەئیسلام دەدەنە قەڵەم، تەنانەت هەن سەرلەبەری مەسەلەکە (مەسەلەی نەگۆڕو گۆڕاو) بەبیدعەو دنیاپەرستی و ملکەچی بۆ فەرمانڕەوایانی کافرو یاسای رۆژئاوا دەدەنە قەڵەم و بەهەمو شێوەیەك رەتی دەکەنەوە (لای ئەوان هەمو ئەحکامەکان نەگۆڕن)!
لەڕاستیدا چەمکی نەگۆڕو گۆڕاو هەڵگری ئەو جەدەل و ناتەباییەیەو هەقیشە وابێ، بۆچی؟ چونکە چەمکێکی تازەیە.
لەئێوە دەپرسم :
* چەمکێك لەرۆژی دەرکەوتنیەوە تا ئێستا، ئیسلامیەکان خۆیان لەسەری رێکنەکەوتبن، بەچ حەقێك و چۆنچۆنی دەستورنوسانی ئێمە لەچەند مانگێکدا لەسەری رێك بکەون؟
* چەمکێك هێشتا لەناو فیقهی دینیدا تەعریفێکی جامعی مانعی بۆ نەکرابێ، چۆنچۆنی لەناو دەستوری گەلی ئێمەدا تەعریف بکرێ؟
* ئەگەر ئەحکامە نەگۆڕەکان ئەو هەموەبن کە د. عەلی قەرەداغی (خاترگیرانە) ریزی کردون کە تەنانەت جیهادیشیان لەخۆ گرتوە، ئیتر رۆڵی قانونی وەضعی لەچیدایە؟ ئەسڵەن بۆچی دەبێ قانونی وەضعیمان هەبێ؟
* ئەی ئەگەر سبەینێ موفەسیرێکی چاوقایم دەرپەڕی، وتی : هەمو حوکمێکی ئیسلامیی رۆنراو لەسەر هەر بەڵگەیەکی دینی جا قطعي الدلالة بێ یان ظني الدلالة حوکمێکی نەگۆڕەو نابێ پێچەوانەی ئەو هیچ یاسایەك دروست بکرێ، لە چ دادگایەکی دەستوری کێشەکە یەکلایی بکەینەوە؟ چۆن؟
* دەستورێکی حامیلە بەسکێکی لەوجۆرە، شەقێ لەسکی هەڵبدرێ باشتر نییە؟

تێبینی : بۆچونەکەی دکتۆر عەلی قەرەداغی، ساڵی 2009 بەعەرەبی نوسراوە، لەپێگە رەسمیەکەیدا بڵاوکراوەتەوەو هەیە.

2014 / 7 / 13

.................................

## با گورزی سەربازیی تورکیا تەنها جەسەتەمانی بڕیبێ نەك جەستەو ڕۆحمان پێکەوە

لەپاڵ دەربڕینی هەستی بەرزی مرۆیی و نیشتیمانی و نەتەوەییدا، لەپاڵ دەربڕینی هەر ناڕەزاییەکدا بەرامبەر بەهێرشی فڕۆکەی تورکیا بۆ سەر لەخۆبردوترین تێکۆشەرانی بەشی باکوری نیشتیمان لەناو خاکی هەرێمی کوردستان، هەقە گومانی ئەوەشمان هەبێ کە :
پرسەگورگانەی تورکیا بەهەرێمی کوردستان بۆ هەڵکوتانە سەر ئەوان لەناوچەکانی کوردستانی باشور، لەکاتێکدا پرسی بەئەمریکا کردوەو چرای سەوزی لەوەوە بۆ داگیرساوە، بۆ دروستکردنی ناکۆکییە لەناوخۆی هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەتی کاتێ دێ هەواڵی پرسەگورگانەکە لەڕاگەیاندنەوە دەدا بەگوێی هەموماندا.
کەسێ دەربارەی سیاسەت و ئامانجی تورکیا لەهەرێمی کوردستان هەندێکی کەمی خوێندبێتیەوە، دەزانێ ئەنقەرە هەمیشە دژی دروستبون و گەورەبون و قایمبونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوە جا دەسەڵاتەکەی بەدەست هەر حیزب و بنەماڵەیەکی کوردستانەوە بوبێ (تەنانەت لەگەرمەی هەڵکشانی پەیوەندییە ئابوریەکانی نێوان هەردولادا)، ئێستاش هەروەها : لەهەمو کاتێ زیاتر خوازیاری دروستکردنی ناکۆکییە لەهەرێمی کوردستاندا چونکە ڕێگایەکی باشە بۆ بەرگرتن لەگەشەکردنی کوردو دروستبونی کیانی کوردی.
ئەنقەرە دەزانێ لەڕێی پرسەگورگانەیەك و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکەیەوە لەکەناڵە میدیاییەکانەوە زۆر بەئاسانی دەتوانێ ململانێی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان گەرمکا، ئاژاوە بخاتە ناوخۆی کوردستانەوە، ڕۆحی کوردایەتی و نیشتیمانپەروەریی مرۆڤی کورد بریندار بکاو توشی دڕدۆنگیی بکا بەرامبەر بەهەر دەسەڵاتێکی کوردی لەئێستاو داهاتوی هەرێمەکەدا، پێگەی پارتی و لەگەڵ پارتیشدا پێگەی هەمو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەناوخۆدا لەق بکاو خەڵکی کوردستان بخاتە دودڵییەوە بەرامبەر بەهەمو هەوڵێکی نیشتیمانیانەی هەر

لایەنێکی سیاسیی کوردی لەدوێنێ و ئێستاو داهاتودا، وەها وێنای سیاسەتی حیزبی کوردی بکا کە : هەمیشەو هەتاسەر پرۆژەیەکی بنەماڵەیی کرێگرتەییە بۆ ئێران و تورکیا!

با گورزی سەربازیی تورکیاو هەر دەوڵەتێکی تری نەیار بەئەزمونی خۆحوکمڕانیی خەڵکی کوردستان، لەئاستی خۆیدا راگرین، بهێڵین تەنها جەسەتەمانی بڕیبێ نەك جەستەو رۆحمان پێکەوە...

بیری ئەوەمان هەبێ کە : هیچ کاتێ، هیچ نەیارێکی کورد، پەکی لەسەر ئیزنی دەسەڵاتی کوردی نەکەوتوە بۆ داپڵۆسینمان لەهەر شوێنێ بوبێ...

با تەسریحە موغریزەکەی داود ئۆغڵۆ بۆ میدیاکان بەتەواوی لەیەکترمان نەکا بەقیندا...

2014 / 7 / 26

..............................

# کوردستان لەژێر هەڕەشەی موسوڵماناندایە

کاتێ دەگوترا : کۆمەڵگەی ئیسلامی بەدەم کوردەوە نەبوەو بەربەست بوە لەڕێی سەرخستنی دۆزی رەوای کورددا، دەگوترا : نا، وا نییە، ئەوە سیستمە سیاسییە حاکمە شۆڤینیەکانی ناو کۆمەڵگەی ئیسلامین دەست دێننە رێی کورد، نەك کۆمەڵگەی ئیسلامی.

کاتێ باس هاتە سەر جیابونەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق و بیرۆکەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی روبەڕوی رەخنەی توندو جنێوی هەزاران هەزار عەرەبی (سوننەو شیعە)ی عێراق بۆوە (بەساسەتمەدارو خەڵکی ئاساییانەوە)، گوترا : نا، خەتای کورد خۆیەتی لەناوەختا دەرگای باسێکی وەها ترسناکی خستۆتە سەر پشت.

ئەی ئێستا کە کورد لەکۆبانێ لەلایەن ئەردۆغانی ژنداپۆشراوی برا گەورەی داعش و ئیخوانەوە بەم دەردە دەبرێ کە دەبرێ، بڵێین چی؟ بڵێین : ئەردۆغان تەمسیلی ئیسلامی راستەقینە ناکات و ئۆباڵی کردەوەکانی بەئەستۆی خۆیەتی نەك ئیسلام؟

یان کاتێ داعش (بەهاوکاریی ئەردۆغان و موسوڵمانانی دەوڵەمەندو بیرمەندو فەرمانڕەوا لەخەلیجی عەرەبی) هەڵدەکوتێتە سەر هەرێمی کوردستانی عێراق و دەیەوێ داگیری بکا، بڵێین چی؟ بڵێین : داعش ئیسلامی نییەو بازرگانی خوێنەو تەواو؟

باشە ئەگەر :

رژێمە سیاسیەکانی ناو کۆمەڵگا ئیسلامیەکان : عێراقی هەردو سەردەم (سەردەمی حکومڕانیی سوننەو حکومڕانیی شیعە)، تورکیای هەمو سەردەمێك، ئێرانی هەمو سەردەمێك، سوریای هەمو سەردەمێك، لەسەر ئیسلام مەحسوب نەبن و ئۆباڵی تاوانە زۆرو زەبەنەکانیان تەنها بەئەستۆی خۆیانبێ...

خەڵکی شیعە، لەئێران و عێراق، ماڵ نەبن لەسەر ئیسلام و ئۆباڵی ناڕەزایەتییان بەرامبەر سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان و فیکرەی دەوڵەتی کوردی، بەئەستۆی خۆیانبێ...

داعش، قاعیده، جند الاسلام، تاڵیبان، جبهة النصرة، جیش الحر، ئیخوانی هەمو شوێنەکان و.. بەگشتی سوننەی عێراق و سوریاو تورکیاو سعودیەو قەتەر، لەسەر ئیسلام ماڵ نەبن و ئۆباڵی تاوانەکانیان دەرهەق بەگەلانی ناعەرەب بەئەستۆی خۆیانبێ...

ئەی ئیتر ئیسلام کامەیەو ئیسلامی کێیە با بیناسین؟!

بەو پەڕی دڵنیاییەوە دەیڵێم :

ئێستا کوردستان (بەهەر چوار پارچەکەیەوە) لەژێر هەڕەشەی موسوڵمانانندایە...

ئەگەر وا نییە : ئەی ئەم کۆدەنگییەی نێوان موسوڵمانان (ی تورك و عەرەب و فارس) و فەرمانڕەواکانیان، لەسەر سەرکوتکردن و بچوککردنەوەی کورد لەکوردستانێکی گەورەدا، چ بنەمایەکی تری فیکریی هەیە جگە لەئیسلام؟ خۆ ناکرێ لەم هەڵوێستەیاندا لەسەر ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانیان و مۆدێرنە حسابیان بکەین و لەئیددیعادا لەسەر ئیسلام!

تەماشاکە :

موسوڵمانانی عەرەب بۆ خۆیان بەڕەوای دەبینن وڵاتۆچکەی وەکو (بەحرەین، قەتەر، سەڵتەنەتی عوممان، ئیمارات) وڵاتی سەربەخۆبن، بەڕەوای دەبینن کوەیتێکی بچکۆلە کە لەڕوی جوگرافییەوە بەدەم عێراقی عەرەبییەوەیەو خەڵکەکەیشی وەکو خەڵکە عەرەبەکەی عێراق بەزمان عەرەبن و بەدینیش موسوڵمانن، وڵاتی سەربەخۆبێ و زۆری لێنەکرێ بۆ ئەوەی پارچەیەکبێ لەعێراق، بەڵام بەڕەوای نابینن کورد لەکوردستانی عێراق کە خاوەنی شوناسی جیاوازو تایبەتی خۆیەتی، لەعێراق جیا ببێتەوە.

موسوڵمانانی دەوروبەرمان، بەئاشکرا، هەوڵدان بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی و سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان ڕەت دەکەنەوە، بەخیانەت لەدین و لەنیشتیمان دەیدەنە ئەژمارو داعشی پێوە دەنێن! مەترسی لەمە زیاتر چی؟!

.........................................

چۆن بتوانین بەجارێ لە 12 بەهانەی شەڕفرۆشتن خۆمان لادەین؟

یەکێ لەچڕوپڕترین کتێبە ئەکادیمیەکانی بواری سیاسەتی شەرعی (ئیسلامی) کتێبێکی (محمد خير هيكل) ە بەناوی (الجهاد والقتال في السياسة الشرعية).

ئەم کتێبە:

*لەسێ بەرگ و 1991 لاپەڕە پێکهاتوە

*خاوەنەکەی ساڵی 1992 لە (كلية الإمام الأوزاعي للدراسات الإسلامية - بيروت) دکتۆرای بەپلەی نایاب پێ وەرگرتوە

*قایمەی سەرچاوەکانی کتێبەکە : 324 ناونیشانی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێ لەبواری : نەحو، صەرف، زمان، بەلاغە، کەلام، عەقیدە، حەدیس، تەفسیر، فقە واصول الفقە، مێژو، سیرە، فیکر، علومی قورئان، ئایاتی ئەحکام، ئیسلامییات و ئیخوانییات و... هتد.

*سەرپەرشتیاری دکتۆراکە لەبارەی ئەو کتێبەوە دەڵێ:

ئەم توێژینەوەیە نامەیەك نییە بۆ وەرگرتنی دکتۆراو بەس، بەڵکو مەوسوعەیەکی زانستییە لەبوارەکەدا، دائیرەتولمەعاریفێك و سەرچاوەیەکی زانستییە هیچ کەس لەوانەی لەبواری جیهادو قیتالدا دەنوسن یان دەیانەوێ خۆ لەو بابەتە بدەن، ناکرێ دەستبەرداری ببن.

بەڵام هەشن رەخنەیان لێگرتوەو دەڵێن : لەهەمو مەزهەبە ئیسلامیەکان سەرچاوەی وەرنەگرتوە، بەڵکو هەندێکیانی پشتگوێ خستوە.

نوسەر لەو کتێبەدا 12 جۆر قیتالی ژماردوە کە لەڕێی موسوڵماناندان:

قتال أهل الردة، قتال أهل البغي، قتال المحاربين، القتال للدفاع عن الحرمات الخاصة، القتال للدفاع عن الحرمات العامة، القتال ضد انحراف الحاكم، قتال الفتنة، قتال مغتصب السلطة، قتال أهل الذمة، قتال الغارة، القتال لإقامة الدولة الإسلامية، القتال من أجل وحدة البلاد الإسلامية.

بۆ هەریەکێکیش لەو قیتالانە حوکمی تایبەتیی خستۆتەڕو : کامیان لەڕوی عەقیدەییەوە جیهادن و کامیان پلەیان لەپلەی جیهاد نزمترە!

پرسیاری من ئەوەیە:

*ئایا قەتڵوعامی دوێ و پێری خەڵکی سڤیلی کۆبانی و ئەمڕۆی مزگەوتی صەوابر لەکوەیت و رەشەکوژییەکەی چەند سەعاتێ لەمەوبەری تونس و ئەوەی سەرلەبەیانیی ئەمڕۆی لیۆنی فەرەنسا، کام لەو جۆرە قیتالانەی سەرەوەن؟ حوکمی شەرعییان چییە؟

*چۆن بتوانین بەجارێ لە 12 بەهانەی شەڕفرۆشتن خۆمان لادەین؟

2014 / 7 / 26

.........................................

# تەنورەی بێژەر

هەتا کۆمتر دەبێ پشتم پتر هەڵدەکشێ مینی ژۆپ
ئیتر دەستم بەدامەنی کچی ئەم شارە راناگا

لەمێژە تەنورەی کچ و ژنی وڵات لەهەڵکشاندایە، لەهەمو شوێنێ:
سەرجادە، سەرقەبران، سەر کار، سەیرانگا، ناو تەکسی و پاس و ئوتومبێلی تایبەتی، ناو زانکۆو پەیمانگا، ناو مارکێت و سوپەر مارکێت، ناو هۆڵی زەماوەند، ناو کۆڕو کۆبونەوەی رۆشنبیری...
هەر شوێنێ لەو شوێنانەی سەرەوە بچی، چەندین کچ و ژنی شیك و جوان دەبینی بەجلی رەنگاو رەنگی مۆدرێنەوە، بەتەنورەی کورتەوە.
زانکۆ دیارترینی ئەو شوێنانەیە، چونکە کچان لەوێ هەست بەدڵنیایی زیاتر دەکەن.
تاقە شوێنێ لەکوردستاندا قۆڵ و باسکی روت و تەنورەی کورتی زۆر تیا بەدی ناکرێ ناو شاشەی تیڤییە:
نە هەواڵبێژ، نە پێشکەشکاری بەرنامە، نە ئەکتەری ناو دراما... هیچیان لەشاشەدا بەوجۆرە نین کە لەشەقامدا هەن!
تۆزە تۆزە کلیپی گەنجە گۆرانیبێژەکانمان، کچیان (لەنەوعی کچی سەرجادەی خۆمان) تیا دەردەکەوێ، بەڵام پێناچێ کوردبن.
ئەم شتە جێگای رامانێکی زۆرە!
شەقام وا، شاشە وا!
هەروەها دەرکەوتنی لەچك بەسەر لەشاشەی کوردییەوە (شاشە ئیسلامیەکان ناڵێم)!
ئەگەر شاشە بیەوێ وەکو سەکۆیەکی لیبراڵ خۆی پیشان بدا، پێویستی بەسازاندنی دوڕواڵەتی نییە : (رواڵەتێکی بێ لەچك و یەکێکی لەچکدار)،

پێویستی بەڕواڵەتسازی و تەوزیفکردنی بێژەر نییە بۆ بەرجەستەکردنی نەهج و گوتاری لیبرالانەی خۆی، لەجیاتیی ئەوە، دەتوانێ مامەڵەیەکی لیبرالانە لەگواستنەوەی واقعدا بکا،بەو شێوەیە ببێتە سەکۆیەکی لیبراڵ، دەتوانێ رێگە بدا مەیل و رواڵەتەکانی ناو کۆمەڵگا بەو جۆرەی کە هەن دەربکەون و پێویست نەکا ئەم خۆی لەڕێی تەوزیفکردنی بێژەرەوە تەمسیلیان بکا : یەکێ بەلەچکەوەو یەکێ بەبێ لەچك!

حاڵەتێکیتر کە ئەم وتارەم رێك لەپێناوی باسکردنی ئەودا نوسیوە، حاڵەتی تەنورەکورتکردنەوەی ئەو تاکوتەرا بێژەرانەیە کە دەیانەوێ پارسەنگی لەچکی هاوکارانیان بدەنەوە!

دەستیان خۆشبێ، بەڵام تاکەی ئەتەکێتی قاچدانان فێرنابن؟

2014 / 3 / 10

.........................................

# پیاوەتیی تورکیا بەسەر کۆبانێ و پێشمەرگەوە

زۆر گوترا : تورکیا رێگەی کردۆتەوە بۆ توندڕەوەکان تا بگەنە بەرەکانی شەڕ لەکۆبانێ و شوێنانیتری سوریا، بەڵام نە ئەمریکا نە ئەوروپا، ئەو قسەیەیان بەتورێکی تەڕ لەکەس نەکڕی، تەنانەت خودی دەسەڵاتدارانی ئەنقەرە، لەکۆتاییدا راستیی قسەکەیان سەلماند، بێ منەتانە لەکەناڵەکانی راگەیاندنەوە ئاشکرایان کرد : بەڵێ ڤیدیۆ هەیە دەریخستوە حەیات بومدین (ژنە داعشیەکەی لەڕوداوەکانی ئەم دواییانەی فەرەنسادا ناوی دەهات) توانیویەتی (پاش کوژرانی شەریکەکەی لەپاریس) لەمەدریدەوە بگاتە تورکیاو بپەڕێتەوە بۆ سوریا.. بەڵام ئەمجارەشیان نە فەرەنسا، نە ئەوروپا، نە ئەمریکا، بەبای خەیاڵیاندا نەهات!

سەرەتای سەرەتا دەگوترا : پەڕینەوەی توندڕەوەکان بەتورکیادا بۆ بەرەکانی شەڕ لەکۆبانێ و شوێنانیتری سوریا، پەیوەندیی بەگەندەڵیی هێزە ئەمنیەکانی ئەنقەرەوە هەیە، ئەوانن بە 10 دۆلارو 20 دۆلار رێگەی پەڕینەوەیان دەدەن (وەکو ئەوەی تورکیا خۆی، بەبەرچاوی ئەمریکاو ئەوروپاوە، ئەم رێگایەی نەکردبێتەوەو ئەم پاساوەی بەئاگاداریی ئەوان نەسازاندبێ)! هاوکات لەگەڵ ئەوەدا ناوبەناو (ئێستاشی لەگەڵدابێ) گوێبیستی ئەوە دەبوین فلانە وڵاتی ئەوروپی داوا دەکا ئەنقەرە رێگیری بکا لەپەڕینەوەی توندڕەوەکان بۆ بەرەکانی شەڕ.. تەنها داوا!

بەڵام تا ئێستا، پەڕینەوەی توندڕەوەکان، لەتورکیاو شوێنانی تریشەوە، بۆ هەر بەرەیەکی شەڕ لەهەر شوێنێ پێویست بکا، بەردەوامە، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا، رێگەدان بەچون و ئاڵوگۆڕی پێشمەرگە بۆ بەشداری لەپاراستنی کۆبانێدا بەردەوامەو حاڵی حازر خەریکی بەدلی وەجەین!

پرسیاری من لەو بارەیەوە دو دانەیە :

یەك : بۆچی دەبێ گومانلێکراو لەدۆسییەی (پەڕینەوەی توندڕەوەکان لەئەوروپاو شوێنانی ترەوە بۆ بەرەکانی شەڕ) تەنها تورکیابێ، بەبێ ئەوروپاو ئەمریکا؟ بینا لەسەر ئەوەی : ئەنقەرە ساڵەهایە لەیەکێتیی ئەوروپادا جێی ناکرێتەوەو ئیللا دەبێ وا تێبگەین ئەمە تۆڵەی ئەوە لەرۆژئاوا؟ یان بینا لەسەر ئەوەی :

لەگورزی ئەخیری ئەمریکادا بۆ سەر بارەگاکانی رژێمی بەعس، تورکیا رێگەی نەدا خاکەکەی بەکار بهێنرێ، کەواتە دەبێ رێگەدانی ئەنقەرە بەپەڕینەوەی توندڕەوەکان بەخاکەکەیدا بۆ بەرەکانی شەڕ، درێژەی هەمان ململانێی نێوان ئەو و کۆشکی سپی بێت؟

دو : بۆچی دەبێ کورد رێگەدانی ئەنقەرە بەچون و ئاڵوگۆڕی پێشمەرگە بۆ بەشداری لەپاراستنی کۆبانێ، بەپیاوەتیی ئەو، لەسەرخۆی حساب بکا؟

لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان پیاوەتیی زۆری بەسەر ئەوەوە هەیە؟

ئەی بۆ بڕوامان وا نەبێ سەرلەبەری گەمەکە بەپێی رێکەوتنی نێوان یاریچیەکان خۆیان (تورکیاو ئەوانیتر) بەڕێوە دەچێ و ئامانجی هاوبەش لێی بریتییە لە :

یەك : راگرتنی هاوسەنگیی هێز لەنێوان شەڕکەرەکان و مسۆگەرکردنی ئەو چەند ساڵ عومرەی لەسەرەتاوە دیاریکراوە بۆ ئاشوبی ناوچەکە.

دو : دەرکێشانی زەردەواڵەکان لەبنبانەکانی ئەوروپاو بەکوشتدانیان (لەسوریاو عێراق و لیبیاو.... هتد).

سێ : گەرمکردنی فیتنەی (شیعە / سوننە) و دەرگیرکردنی ئیسلام لەگەڵ خودی خۆی (لەگەڵ غەیری خۆی نا)!

چوار : فراوانکردنی سنوری چالاکیی سەربازی لەبەردەم ئێراندا (بەجارێ لە : سوریا، عێراق، لوبنان، یەمەن) بۆ ئەوەی ئەگەر تا ئێستا بەرگەی سزای ئابوریی گرتبێ، لەمەودوا بکەوێتە ژێر بارێکی زۆر قورسترو بەرگەی نەگرێ.

پێنج : (کە رەنگە ئەمەیان ئامانجی تایبەتیی تورکیابێ نەك هینی کۆی شەریکە یاریەکان) : بەفیڕۆچونی بەشێکی باش لەتوانای ئابوری و مرۆیی کوردی پارچە جۆراوجۆرەکان لەشەڕەکەدا.

و....... هتد.

2014 / 2 / 21

.........................................

# تەشیڕێس

گوتراوە : تەشیڕیس تەشیڕێسبێ بەکلکی کەرەکەیشی دەیڕێسێ، بەڵام حەتمەن ئەنجامی رستن بەتەشی و رستن بەکلکی کەر، وەکو یەك نابێ!
بەهەرحاڵ ئەوەی دەمەوێ لەژێر ئەم پەندە سادەیەدا ئاماژەی بۆ بکەم، کارامەیی ئەو رێسەرە (ئیقلیمی - نێودەوڵەتی)انەیە کە بەداعش دەڕێسن.
بێگومان ئەگەر (فیکری ئیسلامی سیاسی) ساڵەها لەوەوبەر گەرای لەناو کۆمەڵگادا نەخستایە، ئەوا ئەو شیرینانە ئەم تەشییەیان بەم ئاسانییە دەست نەدەکەوت پێی بڕێسن، بەڵکو ئەگەر هەر زۆر سوربونایە لەسەر رستن، ئەوا دەبو بگەڕێن بۆ پەیداکردنی کلکی کەر، جا رەنگە لەناو (فیکری نەتەوەیی) یان (فیکری مارکسیستی)دا کە زۆر مەحاڵ دەبو بۆیان!

2014 / 2 / 20

...............................

# ئایا ئەمە صابون نییە؟

لەم کاتەدا کە داعش بەردراوەتە گیانی خەڵکی ناوچەکەی ئێمە، خەڵکی ئەوروپا، ئەمریکا، ئوسترالیا، بەشێکی زۆری ئەفریقیاو ئاسیا (بەشێوەیەکی گشتی) لەوپەڕی بێخەیاڵیدان، ژیانی ئاسایی خۆیان وەك هەر رۆژگارو سەردەمێکی لەوەوبەریان دەگوزەرێنن، ئەوانەشیان کە هەواڵی بون و دڕندەیی داعشیان بیستوە (خۆتان لەشاشەوە بینیوتانن) ناوبەناو سەروسەکوتی خۆیان وەکو سەروسەکوتی داعش لێدەکەن، دێنە سەر شەقامەکان، کەرنەڤاڵی ریش و جوعبەو کلاشینکۆف و هەمەر ساز دەکەن، وەکو ئەوەی داعش روداوێکبێ هەر بۆ ئەوە باشبێ (مستەر بین / mr ben) ئیلهامی لێ وەربگرێ بۆ دروستکردنی فیلمی کۆمیدی!

ئەمە لەچەندین لاوە جێگەی پرسیارە :

بۆچی مرۆڤی لای ئێمە زەندەقی لەداعش چوە، مرۆڤی لای ئەوانیش ئاوا بێخەیاڵ؟ بۆچی داعش ناگاتە ئاسمان و دەریاو خاکی هیچ کام لەو وڵاتانە؟ بۆچی ئەگەر لەجێگەیەکی پاریس یان کۆپنهاگن دو سێ گەنجی هەڵخەڵەتاوی عەرەب، کردەوەیەکی شەڕانگێزانەیان لێدەرکەوێ، لەشەو و رۆژێکدا دەدۆزرێنەوەو هەرگیز کار ناگاتە ئەوەی تیرۆر لەو شوێنانە ببێتە دیاردە؟ مەگەر لەو وڵاتانە عەرەب و موسوڵمانی توندڕەو کەمن؟ ئەی بۆچی کاتێ داعش لەجەبهەیەکی وەکو ئەنبار یان فەللوجە تێکدەشکێ و ناچاری پاشەکشە دەکرێ، یەکسەر میدیا ئیقلیمی و رۆژئاواییەکان هەواڵی ئەوە دەدەن کە : داعش دوای پاشەکشەی لەو جێیانە، بەنیازە لەلیبیا، یان لەلوبنان، یان لەسیناو کۆمەڵگەی تری ئیسلامیی زۆر لەعێراقدور، جەبهە بکاتەوەو فیعلەن دەبیسین لەکونفەیەکونێکدا رێك لەو شوێنانە قوتبۆتەوە، بەقەبارەیەکی سەربازیی زەبەلاحەوە؟

چەندین پرسیاری تریش :

بۆچی ئەمریکاو دۆستە رۆژئاواییەکانی، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە لەگوتاری فەرمیی خۆیاندا داوا لەکۆمەڵگا ئیسلامیەکان دەکەن لەسەر ئاستی فیکری روبەڕوی داعش ببنەوە، زانکۆی ئەزهەر (وەکو بەدەمەوەهاتنێك بۆ داواکەی ئەوان) دێتە دەنگ دەڵێ : داعش هاتوە بۆ هەڵتەکاندنی کۆمەڵگا ئیسلامیەکان! کەچی میدیاو دامودەزگای تری ئەو دەوڵەتانە دێن دەڵێن : داعش هاتوە بۆ هەڵتەکاندنی رژێمە عەرەبیەکان (وەکو ئەوەی ئەمڕۆ لەتەلەفزیۆنی العربیة الحدث ەوە بینیم)؟

ئایا ئەمە بۆ شیرینکردنی داعش نییە لەلای خەڵکی موسوڵمان؟ بۆ ئەوە نییە موسوڵمانان لەداعش دڵسارد نەبنەوە؟زیاتر پێوەی پەیوەست ببن؟ هەمیشە لەو بڕوایەدابن داعش مەشروعێکی ئیسلامیی مەزنە، بۆ هەڵتەکاندنی رژێمە عەرەبیەکان تێدەکۆشێ نەك بۆ هەڵتەکاندنی ژیانی خەڵکی کۆمەڵگا ئیسلامیەکان؟ ئەی باشە یەعنی چی دوای چوار ساڵ لەڕاگەیاندنی هەواڵی کوژرانی بنلادن، ئەمڕۆ لەم گەرمەی خوێنرێژییەی داعشدا کە خەریکە لەلای زۆرینەی هەرە زۆری موسوڵمانانی دنیا بەتەواوی روی رەش دەبێ، ئەمریکا راپۆرت دەداتە دەرەوە دەڵێ : بن لادن پێش کوژرانی، ویستویەتی ناوی (القاعدة) بگۆڕێ بۆ ناوێك کە وشەی (ئیسلام)ی تێدابێ! ئایا ئەم قسەیە وەکو ئەوە نییە بڵێ : هۆ موریدانی قاعیدە، وەرن ببنە داعش، بنلادنیش پێش کوژرانی، ویستویەتی جیلە جیهادیەکەی پێشو بەرەو ئاقارێکی وەکو ئەمەی ئەمڕۆ ئاراستە بکاو هەر رێك خەونی بەدروستکردنی داعشێکی وەکو ئەم داعشەوە بینیوە کە دەستەواژەی (ئیسلام)ی لەناوی خۆیدا جێکردۆتەوە؟ ئەمە هاندانی موریدەکانی بنلادن نییە بۆ پەیوەستبون بەداعشەوە؟ زەمینە سازی نییە بۆ پڕکردنەوەی شوێنی کوژراوانی داعش بەکەسانی تازەو درێژکردنەوەی تەمەنی شەڕەکە؟ ئایا ئەمە بۆ ئەوە نییە ئەگەر کەسانێك لەموسوڵمانان فیکری سیاسی یان جیهادییان لەسەردابێ و لەڕێکخراوی تری ئیسلامی و جیهادیدابن (بۆ نمونە ئیخوان) بکشێنەوەو پەیوەست بن بەداعشەوە؟ ئەمە صابون سویین نییە لەژێر پێی موسوڵمانانی ئێرەو ئەوێی جیهانی ئیسلامی؟

2014 / 2 / 19

..............................

# دین میساقێکی هەڵوەشاوە

ئەگەر (شەریعەتی ئیسلامی) وەکو میساقێك تەماشا بکەین کە وڵاتانی موسوڵمان لەسەری پێکهاتبن و کردبێتیانە بنەما بۆ رێکخستنی پەیوەندیی نێوانیان، هەروەها کۆی وڵاتانی موسوڵمان بەجەمعیەیەکی ئیقلیمی بدەینە ئەژمار کە دینی ئیسلامیان کردبێتە بنەما بۆ دیاریکردنی شوناسی خۆیان لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، ئەوا دەبو (تەفسیرکردن)ی ئەم میساقە شتێك بوایە لەنێوانیاندا بڕابێتەوە، ناکۆکیی لەسەر نەبوایە، چارەسەرکردنی هەر گرفتێکی نێوانیان بەپێی بەندەکانی ئەم میساقە بوایە، چونکە کۆکبون لەسەر تەفسیرکردنی (میساق و رێکەوتننامە _ جا دوقۆڵیبێ یان چەندقۆڵی) یەکێکە لەگرنگترین بەندەکانی رێکەوتننامە (هەر رێکەوتننامەیەك).. بەڵام ئایا وڵاتانی موسوڵمان کۆکن لەسەر تەفسیرکردنی ئەم میساقەو رێکخستنی پەیوەندیەکانی نێوانیان لەچوارچێوەی ئەم میساقەدا؟ ئایا تەفسیری ئێران و تورکیاو سعودیەو عێراق بۆ ئەم میساقە وەکو یەکە؟ ئایا ئەم میساقە توانیویەتی شیرازەی وڵاتانی موسوڵمان لەبەینی خۆیاندا رێك بخا؟ ئەگەر نا، ئەی ئەو هەمو کێشمەکێشم و ململانێیە چییە لەنێوان ئەو ولاتانەدا کە بەحساب هەمویان موسوڵمان و هاودینن؟

ئەگەر (شەریعەتی ئیسلامی) وەکو دەستورێکی تۆکمەی یەکانگیر، یان لانیکەم وەکو بنەمایەکی رۆشن لەبنەما دەستوریە چەسپاوەکان، یاخود وەکو سەرچاوەیەکی زیندو لەسەرچاوەکانی قانونی ناوخۆیی وڵاتانی موسوڵمان تەماشا بکەین، ئەوا دەبو هەست بەهەبونی جیاوازییەکی بنەڕەتی نەکەین لەپراکتیزەکردنی دەقە دینیەکان (بەقورئان و سوننەتەوە) لەناوخۆی ئەو وڵاتە موسوڵمانانەدا (مادەم سەرچاوەکە یەك سەرچاوەیە).. بەڵام ئایا مامەڵەی تورکیاو سعودییەو ئێران و یەمەن و سۆدان لەگەڵ (شەریعەتی ئیسلامی) لەناوخۆدا، وەکو یەکەو جیاوازیی بنەڕەتیی تێدا نییە؟ ئەگەر نا، ئەی بۆ لێخوڕینی ئۆتۆمبێل لەلایەن ژنەوە لەوڵاتێکیان قەدەغەیەو لەیەکێکی تریان قەدەغە نییە؟ جل و

بەرگی ژن، سیستمی بانك و سودی پارە، مامەڵەكردن لەگەڵ دز، لەیەكێكیان جۆرێكەو لەیەكێكی تریان جۆرێكیتر؟

دەیبا شەریعەتی ئیسلامی وەكو میساق و دەقی رێكەوتننامەی نێوان وڵاتانی موسوڵمان تەماشا نەكەین، وەكو قانونی ناوخۆیی وڵاتانی موسوڵمانیش تەماشای نەكەین، بەڵكو وەكو عەقیدەی گەلانی موسوڵمان تەماشای بكەین، وەكو ناوەڕۆكی (پەیمانێكی كۆمەڵایەتی) تەماشای بكەین كە موسوڵمانانی دنیا لەسەری پێكهاتون بۆ رێكخستنی بەرژەوەندی و پەیوەندیی نێوان خۆیان، بەڵام وا نییە، ئەگەر وابوایە ئەوا دەبو شایەدی ئەم هەمو شەڕوشۆڕە نەبین لەنێوان موسوڵماناندا، مەگەر هەمویان ملكەچی یەك شەریعەت (شەریعەتی ئیسلامی) نین؟ ئەی لەسەرچی ناكۆكن و هەمیشە شەڕە شمشێریانە؟ بۆچی لەلاپەڕەیەكی شەریعەتەكەیاندا بەیەكتر ناگەنەوە؟

دەی ئەگەر (شەریعەتی ئیسلامی) نەشێ وەكو میساق و دەقی رێكەوتننامەی نێوان وڵاتانی ئیسلامی سودی لێ وەربگیرێ، لەناوخۆی وڵاتانی موسوڵماندا هەر دەوڵەتەو بەكەیفی خۆی (بەپێی تەفسیری تایبەتیی خۆی) مامەڵەی لەگەڵ بكا، گەلانی موسوڵمان نەتوانن ئیلهامی ئاشتی و پێكەوە هەڵكردنی لێ هەڵبهێنجن و هەمیشە ببێتە بایسی شەڕوشۆڕ لەنێوانیاندا، مانای وایە ئێستا ئیتر ئەم (میساق، دەستور، عەقیدە، پەیمانی كۆمەڵایەتی)یە شتێكی هەڵوەشاوەیە، ئەگەر هەر لەزوتریشەوە هەڵنەوەشابێتەوە.

2014 / 2 / 17

............................

# پرسه گورگانه

گورگ پرس بەشوان دەکا بۆ خواردنی مەڕەکانی، بەڵام وەڵامی شوان هەرچی بێ گورگ مەڕی خۆی هەر دەخوا...

ئەمەیە پرسە گورگانە یان پرسە (داعشانە)...

داعش پرس دەکا : بەڕیز قیبتی دەگرێ و دو سێ رۆژ دەیانهێڵێتەوە، پاشان دەیانبا لەشوێنێکی خۆشی سیاحیدا دەیانخوا!

فڕۆکەوانی ئوردونی دەگرێ و ماوەیەك بەگاڵتەوە دەستی دەچزێنێ بەسۆپادا، بەڵام لەکۆتاییدا بەڕاستی ئاگری تێبەردەدا.

چەند رۆژو هەفتەیەك هەواڵ دەدا کەوا نزیك دەبێتەوە لەشوێنێکی ستراتیژیی تازە لەلیبیا، پاشان لەچاوتروکانێکدا رێك قوتبۆتەوە تیایدا!

کورد دەخاتە سەر ئەو بڕوایەی کە : ئیشەڵڵا شەڕەکە چەند مانگێکەو دەبڕێتەوە، بەڵام کاتێك دەزانی وایلێدێ بودجەی هەرێم تەحەمول ناکا، ناچار دەبێ داوا لەئیستیعمارێکی کۆن بکرێ بەهاناوەبێ.

داعش دەبێ فڕۆکەوانی ئوردونی بسوتێنێ، وانەبوایە ئوردونێکی هەژار بەئاسانی بڕیاری جدیی نەدەدا لەقوتی خۆی بگرێتەوە، بیداتە ئاگرو بەشداریی ئەم شەڕە (جیهانی)یەی پێ بکا، بەڵکو بەبەشدارییەکی رەمزی دادەکەوت و تەواو.

داعش دەبێ قیبتی بگرێ و سەری ببڕێ، وانەبوایە میسر لەشەڕەکەوە نەدەگلا...

داعش دەبێ ئەمریکی و ژاپۆنی و فەرەنسی و کوردو ئێرانی و جولەکەو موسوڵمان و مەسیحیی زۆر حەپەلوشکا، وانەبێ ئەم جەنگە جیهانییە لەخۆوە هەڵناگیرسێ.. ئەی حەمام بەسبلیت گەرم دەبێ؟

داعش دەبێ داعشبێ، وانەبێ چۆن شێخی ئەزهەر دێتە سەر خەت و پاکانەیەکی وا بۆ (ئیلحاد) دەکا بڵێ :

داعش نەپەیوەندیی بەئیسلامەوە هەیە نە بەئیلحاد!

داعش دەبێ داعشبێ و بیرمان بخاتەوە کە :

ئیتالیا هەتا هەتایە لەتەنیشتی لیبیاوەیەو لەهەر گرفتێکی ئابوریی رۆمادا ئەگەر هەیە تەرابلوس رێگەچارەبێ!

بیرمان بخاتەوە کە :

میسر هەمیشە پێویستی بەکۆمەکی ناپلیۆنە...

بەصرە سەرەڕێیەکی گرنگە بۆ بازرگانیی ئینگلیزەکان...

کوردستان و (ناوچەکەش بەگشتی) دەست دەدا بۆ دوبارە دابەشکردنەوەو ڕەسمکردنەوەی نەخشە...

ڕەنگە یەکێك لەگرنگترین ئامانجەکانی ئەوانەی پێیان خۆشە داعش سازاوەو لێدەگەڕێن سێ ساڵ و چوار ساڵیتر هەبێ، ئەوەبێ : بەهۆی کاروکردەوەی داعشەوە زەمینە بڕەخسێ بۆ تەرجەمەکردنی ئەم بیرخستنەوەیە بۆ ڕاستی، یان وەکو لەمەقالی پێشودا نوسیومە (ئاغا مانگای خۆی دەسکەوێتەوە).. بێگومان ئەمە بەهەوانتە نایەتەدی ئەگەر ڕەگەزنامەی قوربانیە سەربڕاوەکان فرەیی زیاتری تێنەکەوێ و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خومەکە خەستتر نەکرێتەوەو بەرودوا گەلانی ناوچەکە جەرگیان نەسوتێ.

2014 / 2 / 16

...............................

# رۆژی ڕەشی موسوڵمانان

}لاإكراه في الدين}.. ئەمە یەكێكە لەئایەتەكانی قورئان، باسی ئەوە دەكا زۆرداری لەدیندا نییەو نابێ بەزۆر بسەپێنرێ بەسەر خەڵكدا.

}فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدْتُمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُوا لَهُمْ كُلّ مَرْصَدٍ}.. ئەمەش یەكێكی ترە لەئایەتەكانی قورئان، هانی موسوڵمانان دەدا خوانەناسان بكوژن و لێنەگەڕێن هەبن.

جیهادیەكان (داعش و قاعیدەو هیتر) پێیان وایە ئەمەی دوەم ئەوەی یەكەمی نەسخ كردۆتەوەو تەواوی كردوە (كوشتویەتی(.

بەڵام فەقیهیش هەن نایسەلمێنن لەقورئاندا ئایەتێك هەبێ ئایەتی دوای خۆی نەسخ كردبێتەوە (هەڵوەشاندبێتەوە).. لەمبارەیەوە دكتۆر محەممەد شەحرور دەڵێ:

بێگومان نەسخ بەهەردو ماناكە (بەمانای بەتاڵبونەوەو بەمانای هەمواركردنەوەش) لەقورئاندا باسی هاتوە، بەڵام نەسخ لەنێوان ئەو ئاین و پەیامە جیاجیایانەدا كە چەندین سەدەیان نێوانە، نەك لەنێوان ئایەتەكانی هەمان پەیامدا كە چەند سەعاتێكیان نێوانە.

ناوبراو ئەم ئایەتانە بەبەڵگە دەهێنێتەوە لەسەر ئەوەی نەسخ لەقورئاندا باسی هاتوە:

}مَا نَنسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِنْهَا أَوْ مِثْلِهَا أَلَمْ تَعْلَمْ أَنّ اللّهَ عَلَى كُلّ شَيْءٍ قَدِيرٌ} البقرة 106.

}وَإِذَا بَدّلْنَا آيَةً مَكَانَ آيَةٍ وَاللّهُ أَعْلَمُ بِمَا يُنَزّلُ قَالُوا إِنّمَا أَنْتَ مُفْتَرٍ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ} النحل 101.

ئەم ئایەتانەش بەبەڵگە دەهێنێتەوە لەسەر ئەوەی مەبەست لەنەسخ واتە : نەسخ لەنێوان ئاین و پەیامە جیاجیاكان نەك لەنێوان ئایەتەكانی هەمان پەیامدا

:

}مَا يَوَدّ الّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَلَا الْمُشْرِكِينَ أَنْ يُنَزّلَ عَلَيْكُمْ مِنْ خَيْرٍ مِنْ رَبّكُمْ} البقرة 105.

}قُلْ نَزّلَهُ رُوحُ الْقُدُسِ مِنْ رَبّكَ بِالْحَقّ لِيُثَبّتَ الّذِينَ آمَنُوا وَهُدًى وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ} النحل 102.

}يَاأَهْلَ الْكِتَابِ قَدْ جَاءَكُمْ رَسُولُنَا يُبَيّنُ لَكُمْ كَثِيرًا مِمّا كُنْتُمْ تُخْفُونَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَعْفُو عَنْ كَثِيرٍ} المائدة 15.

بەڵام تازە مەسەلەکە لەدەست کەسانی وەکو دکتۆر شەحرور دەرچوە، لەدەست قورئان خۆیشی دەرچوە، کەوتۆتە دەستی کەسانی وەکو ابوبکر بغدادي و ایمن ظواهري، ئەوانیش لەکەلی شەیتان نایەنە خوارەوە.

2014 / 6 29

.............................................

# تاوانی تەفسیر

ئەوانەی پارساڵ جیهادیان بەرامبەر بەخەڵکی شەنگال ڕاگەیاند، ئەم ئایەتەیان کردبوە دروشم:

وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ / آل عمران 85

هەر ئەو جیهادیانە، کاتێ نەبوبونە خاوەنی ئەم جبەخانەیەی ئێستاو نەیاندەتوانی ئەوە بکەن کە لەیەك دو ساڵی ڕابردودا کردیان، ئایەتێکی تریان کردبوە دروشم: إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَالَّذِينَ هَادُواْ وَالنَّصَارَى وَالصَّابِئِينَ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَعَمِلَ صَالِحاً فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُون / البقرة 62

هەمان پێر، کاتێ بۆ یەکەمجار چواردەوری کۆبانێیان دا، بەتەمای (بیست بەدوسەد) بون، واتە بەتەمابون بەهەر بیست تیرۆرستێك شەڕی دوسەد کچ و کوڕی کۆبانێ بکەن، چونکە ئایەتی 65 ی سورەتی ئەنفال وەها باسی ئازایەتیی موجاهیدینی کردوە:

يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى الْقِتَالِ ۚ إِن يَكُن مِّنكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُوا مِائَتَيْنِ ۚ وَإِن يَكُن مِّنكُم مِّائَةٌ يَغْلِبُوا أَلْفًا مِّنَ الَّذِينَ كَفَرُوا بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَفْقَهُونَ / الأنفال 65

کاتێکیش تێکشکان و دەرەقەت نەهاتن، بەئایەتی دواتری هەمان سورەت (الانفال 66) سەبوریی خۆیانیان دایەوە:

الْآنَ خَفَّفَ اللَّهُ عَنكُمْ وَعَلِمَ أَنَّ فِيكُمْ ضَعْفًا ۚ فَإِن يَكُن مِّنكُم مِّائَةٌ صَابِرَةٌ يَغْلِبُوا مِائَتَيْنِ ۚ وَإِن يَكُن مِّنكُمْ أَلْفٌ يَغْلِبُوا أَلْفَيْنِ بِإِذْنِ اللَّهِ ۗ وَاللَّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ / الانفال 66

ئەمەیە چارەنوسی مرۆڤ لەناو کۆمەڵگەی بێشیرازەدا، ئەمەیە چارەنوسی ئاین و بگرە دەستوری مەدەنیش کاتێ تەفسیرکردنیان دەکەوێتە دەست کەسانی سەرسەخت:

تۆ بزانە هەر لەم ناوچەیەی ئێمەدا، تەنها لەم چەند ساڵەی دواییدا، تەفسیرکردن (چ تەفسیری قورئان، چ تەفسیری دەستور، چ تەفسیری چەمکگەلی گەل و نەتەوەو پێکەوە ژیان) تا ئێستا چەند کوشتاری لێکەوتۆتەوە؟

2014 / 7 / 1

............................................

# بازرگانی لەبەحری خوێندا

لەسایەی تاکڕەوی و بێڕکابەریی ئەمریکادا وا خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەجارێ کاول دەکرێ، لەڕێی ئەم کاولکارییەوە جوڵەیەکی گەورە کەوتۆتە بازاڕەکانی چەکەوە، بەجارێ چەندین شاری گەورەی وەکو (رقە، غەززە، ئەنبار، دیمەشق، صلاح الدین، موسڵ، کۆبانێ، تەرابلوس، بەنغازی و لەداهاتودا شارانی تریش) دەڕوخێن، هەمو شتێکیش لەو شارانەدا دەڕوخێ : فیکر، رەوشت، ئومێد، لەشی ساغ و دروست، ژیارو شارستانی و هتد، بێگومان لەڕوخاندنی ئەو شارانەدا پێویستە چەکی قورس بەکار بهێنرێ، کێیش فرۆشیاری چەکە؟ ئەمریکا!

بنیادنانەوەی هەمو ئەو شت و شارانەش (ئەگەر بەڕاست بنیاد بنرێنەوە) پێویستی بەتەکنەلۆجیاو عەقڵ و شارەزاییە، فرۆشیاری ئەو شتانەش هەر ئەمریکا خۆی، یان دۆستەکانیەتی، لەکۆتاییشدا پاراستنی ئەم ئاوەدانییە تازەیە لەدەستی تیرۆر، پێویستی بەچاودێریی وردی ئەمریکا خۆیەتی، دەبێ ئەو ئێشکی بگرێ، لەهێزەکانی خۆی دەستە دەستە ئێشکگر دروست بکاو رەوانەیانکا بۆ پاسکردنی، لەسەر حسابی خەڵکە وڵاتکاولکراوەکە.

ئەمریکا بەبێ هیچ شەرم و شکۆیەك، بەبێ هیچ ئیددیعایەکی گەورە لەچەشنی ئەوەی لەسەردەمی شەڕی سارددا دەکرا (ئازادی، مرۆڤایەتی، دادپەروەری و یەکسانی و مافی ئەم چین و ئەو توێژو هتد) ئەم بازرگانیی روخاندن و بنیادنانەوەیە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبا بەڕێوە، ئێستا خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن ئەوەوە قۆنتەرات کراوە، جگە لەخۆی و دۆستەکانی، هیچ دەوڵەتێ، بەشێوەیەکی ئاسایی و ئاسان، لەم بازاڕە گەورەیەدا قازانجێکی ئەوتۆی پێ پەیدا ناکرێ.

ئەوەی لەم بازرگانییە رەشە دەمێنێتەوە بۆ ئەمریکاو دۆستەکانی، تەنها قازانجی کاڵا جۆراوجۆرە ساغکراوەکان نییە، بەڵکو ئەو پارە مۆڵە زیادە موفتەیەشە کە بەهۆی دروستبونی بواری گەندەڵییەوە دەچێتەوە سەر قازانجەکە، تەماشاکە بزانە چەند دەیە لەمەوبەر، بەهۆی رزگارکردنی کوەیتەوە لەدەستی هێزەکانی رژێمی بەعسی عێراق، ئەمریکا چەندی پارە لەدەوڵەتی عێراق سەندەوە وەکو

قەرەبو بۆ کوەیت، ئاخۆ چەندی لەو قەرەبوە هەڵگرتبێ بۆ خۆی لەهەقی رزگارکردنی کوەیت و بەکارهێنانی چەکەکانیدا، ئەی لەڕوخاندنی رژێمە خوێنڕێژەکەی صەدامی گۆڕبەگۆڕدا (ساڵی 2003) دەبێ چەندی پارە دەسکەوتبێ؟ ئەی لەئاوەدانکردنەوەی شاری غەززەی فەلەستیندا کە تا ئێستا پێنج شەش ملیار دۆلار بۆ ئاوەدانکردنەوەی کۆکراوەتەوە، دەبێ ئەمریکاو دۆستەکانی چەندیان دەسکەوێ؟

ئەمریکا لەم بازرگانییە رەشەدا کە لەناوچەکەدا دەیکا، ئەگەر یەك کەم قازانجی مەعنەویی قوربانیانی دەستی بازرگانیەکەیی رەچاو بکردایە، بەم ئەندازەیە رەش و رەشڕەفتار نەدەکەوتە بەرچاو : دەمانگوت لەئەنجامی بازرگانیەکەی ئەودا ئازادیمان بەدەست هێنا (وەکو ئەوەی سەرەتای روخانی رژێمی بەعس بەخەیاڵماندا دەهات)، بەڵام دەرکەوت کە ئەو قازانجی قوربانیانی لەبیر نییە، چونکە رەنگە قازانجی قوربانیان لەکۆتاییدا بەزەرەری خۆی تەواو ببێ : ببێتە هۆی رکودی ئابوری بۆ ئەو، بۆیە دەبینین لەدوای تەواوبونی جەنگی ساردو بێڕکابەر مانەوەی ئەمریکاوە، ئەگەر ساڵێك و دوان یان کەمتر، لەشوێنێکی ئەم خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە، ئاشتی و ئارامی و ئازادییەکی کەم چەسپیبێ، دواجار ئەو کەمە ئاشتی و ئازادی و ئارامییە، رەویوەتەوە، شەڕو ئاشوب و ناکۆکیی تائیفی و قەومی جێی گرتۆتەوە، ئەمەش فیتی ئەمریکا خۆیەتی، چونکە کەسابەتەکەی کەوتۆتە بەحری خوێنەوە.

.........................

# شاعیرو ئەدیب، کۆبانێ و شنگال...

پێشتریش وتومە:
شاعیر دەتوانێ بەردەفڕکێ بکا، بەڵام حەیفە شیعرەفڕکێ بکا (وەکو پێداگیری لەسەر ماڵجیایی شیعرو سیاسەت و شیعرو حیزبایەتی).
هەروەها وتومە:
شاعیر دەتوانێ چەپڵەی خۆشی و پشتگیری بتەقینێ بۆ لق و مەڵبەندو مەکۆ، بەڵام حەیفە شیعری خۆشی و پشتگیری بتەقینێ بۆ لق و مەڵبەندو مەکۆ، چونکە شیعر بۆ ئەوە دەست نادا.
دەتوانێ بەچاو و دڵ بگری بۆ نسکۆی لق و مەڵبەندو مەکۆ، بەڵام غەدر لەشیعر دەکا ئەگەر هەوڵ بدا بەشیعر بگری بۆ نسکۆی لق و مەڵبەندو مەکۆ.
دەکرێ شاعیر بەشیعر بگریەت بەڵام گریان بۆ خۆ.
دەتوانێ شیعر بباتە ناو مەیدانی شۆڕشەوە، بەڵام بۆ شۆڕشکردن بەسەر عاتیفەدا، نەك بۆ شۆڕشکردن بەسەر عەقڵدا.
دەتوانێ بە وشەی نوسراو بەشداری لەهەمو خۆشی و ناخۆشییەکی هەمو کەس و لایەن و نەتەوەو وڵاتێکدا بکات بەڵام وشەیەك نا لەسیاقی شیعردا.
بەڵام سەیر لەوەدایە:
کوردستان (بەشنگال و کۆبانێ و کوێ و کوێوە) چوار پێنج مانگە کەوتۆتە ئابلۆقەی رەشترین دوژمنەوە، کەچی هەندێ لەناوە دیارەکانی بواری شیعرو ئەدەبی کوردی، بەیەك حەرف لەهەر جۆرێ، ئاگاداری و نیگەرانیی خۆیان لەو بارەیەوە نەخستۆتەڕو (دەتوانن بۆ راستیی قسەکەم سەردانی پەیج و ئەکاونتەکانیان بکەن(.
بێگومان من موفتیی شیعرو ئەدەب نیم و رێ بەخۆم نادەم پرسیار بخەمە سەر (هەڵوێست)ی هیچ شاعیرو ئەدیبێ، بەڵام وەکو (پێسەیربون) پێم سەیرە ئەو شتە رودەدا!
لەخۆم دەپرسم:

باشه ئەگەر سەردەمەکە سەردەمی حکومڕانیی بەعس بوایەو کۆبانی و شنگال لەناو ئابلۆقەی لەشکری صەدامدا بونایە، چی؟ ئایا ئەوساش بێدەنگی بەرامبەر بەمجۆرە جینایەتانە هەر ئاسایی وەردەگیرا؟ بێگومان (نەخێر)! ئەی چی دەکرا؟ وەڵام : ئەوە دەکرا کە شێرکۆ بێکەس کردی و بەدرێژایی تەمەنی خۆی، پێوەی نازی!

ئەی ئەگەر ساڵ ساڵی 1996 بوایە، کۆبانێ و شنگال لەناو ئابلۆقەی لەشکری یەکێ لەلایەنەکانی شەڕی ناوخۆدا بونایە، چی؟ ئایا ئەوساش شاعیرو ئەدیب و نوسەر، هەروا چاویان دەنوقاند تا روداوەکە تێدەپەڕی؟ بێگومان (نەخێر)! ئەی چی دەکرا؟ وەڵام : ئەوە دەکرا کە بینیمان!

بێگومان زۆر ئاساییە حەزمان لەئینشانوسین و بڵاوکردنەوەی بابەتی کرچ و کاڵ نەبێ لەهیچ بارەیەکەوە، بەڵام دەکرێ هیچ نەبێ لەڕێی بڵاوکردنەوەی گرتەیەکەوە لەپەیج و واڵەکانماندا، بەخوێنەرو خەڵکی خۆمان بڵێین (ئاگامان لێیە لەچواردەورتان چی دەگوزەرێ و لە چ نیگەرانییەکدان).

............................

# فەنتازیایەکەو هیچیتر

کەم کەس هەیە شتێکی لەبارەی ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە نەبیستبێ و چاوەڕێی ئەوە نەکا لەداهاتوی دور یان نزیکدا هەندێ لەوڵاتە قەبەکان بەر وردکردنەوە بکەون، وەکو وردکردنەوەی بیست و پێنج هەزار دیناریی سور بۆ تاکهەزاریی قاوەیی و دوسەدو پەنجایی شین!

بەڵام بڕوا ناکەم کەس بیری بۆ ئەوە چوبێ کار بگاتە ئەوەی وردکردنەوەکە تا ئاستی دوایین وەرەقەی نەقدی (پەنجا دیناری) بڕوا (کە چەندین ساڵە لەبازاڕەکانی عێراق وکوردستاندا نەماوە).

ئەی ئەگەر کار بەوە گەیشت؟ دەبێ کوردستانی گەورە چەند دەوڵەتۆچکەی هاوقەبارەی تاکهەزاری و دوسەدو پەنجایی و تاکپەنجایی تیا ببێ؟ دە؟ پانزە؟ بیست؟ چەند دەوڵەتۆچکەی لێ ببێتەوەو ناویان بنێین چی؟ ناو لەکوێ بێنین (ئەگەر پێویستمان بەناوی زۆربو!)؟ چۆن پەیوەندیی دیپلۆماتیی نێوانیان رێك بخەین؟ هاتوچۆی هاوڵاتیان بۆ وڵاتۆچکەی یەکتر، چۆن رێك بخەین؟ بەڤیزا؟ ئەی نەوتە حەیاتەکە؟ چەندی بۆ دەوڵەتۆچەکەی لای راست، چەندی بۆ دەوڵەتۆچکەی لای چەپ، چەندی بۆ دەوڵەتۆچکەی سەروخوار، چەندی بۆ دەوڵەتۆچکەی بەینەکان (بەینی راست و چەپ و سەروخوار)؟ هەر دەوڵەتۆچکەیەو بەپێی شانس و ناوچاوی خۆی؟ ئەی ئەگەر وا رێکەوت دەوڵەتۆچکەیەکیان نەوتێکی وای تیا هەڵنەکەوتبو بەئیسراحەت بەشی بەخێوکردنی دانیشتوانەکەی بکا؟ بیخەینە سەر جوگرافیای سیاسیی دەوڵەتۆچکەی تەنیشتی؟ ئەی ئەگەر دەوڵەتۆچکەی تەنیشتی رازی نەبو ئەم بارە بهێنێتە سەرشانی خۆی و قوتی خۆیی لەگەڵ بەشکا؟ بەسەربەخۆیی بیهێڵینەوەو ساڵانە پێکەوە بەهەمو دەوڵەتۆچکە دەوڵەمەندەکان میزانییە لاسەنگەکەی بۆ هاوسەنگ بکەینەوە (وەکو ئەردەن!)؟ چۆن چۆنی؟ ئەی ئەگەر کەسێ ژیانی لەناو دەوڵەتۆچکەی خۆیدا پێ خۆش نەبو، حەزیکرد بڕوا بۆ دەوڵەتۆچکەی دهۆك، ئامەد، کۆبانێ، پێنجوێن، هەورامان، سنە.... و لەوێ بژی؟ یان ئەگەر پەشیمان

بۆوەو هاتەوە بۆ دەوڵەتۆچکەکەی یەکەمجاری خۆی؟ یان ئەگەر دوبارە دڵی هەڵکەنرایەوەو ویستی دەوڵەتۆچکەیەکیتر لەدەوڵەتۆچکە زۆرو زەبەنەکانی نەتەوەکەی هەڵبژێرێ؟

خۆزگە بیست دەوڵەتی کوردیمان دەبو! بەڵام یەکێتییەکی وەکو یەکێتیی ئەوروپا کۆی بکردنایەتەوە! ئەوسا بەیەك تەسکەرە، هەرکوێی ئەو بیست دەوڵەتەم حەز لێبوایە لێی دەژیام! نەخێر هەرساڵەو لەیەکێکیان دەژیام! کچم لەدەوڵەتۆچکەی وان، کوڕم لەدەوڵەتۆچکەی ئیلام، خۆم لەدەوڵەتۆچکەی پشدەر! نەخێر، تەنها ئەم شەو، تا لەنوسینی ئەم وتارە دەبومەوە، لەدەوڵەتۆچکەی پشدەر، سبەی شەو، یان دە پانزە دەقیقەیتر لەدەوڵەتۆچکەی کۆبانێ (فەخری عالەم).

زۆر دەترسم دابەشی سێ و چوار، یان حەوت و هەشت بکرێین و یەکێتییەکی وەکو ئەوروپا کۆمان نەکاتەوە، زۆر دەترسم بەجۆرێبێ : کورد لەدەوڵەتۆچکەی ئاغجەلەر، سوێی ببێتەوە بۆ قاشێ شوتیی دەشتی برایماوا لەدەوڵەتۆچکەی پێنجوێن، بەڵام بەیاسا هاوردەو هەناردەی شوتی و چی و چی، لەنێوان دو دەوڵەتۆچکەی ناوبراودا قەدەغە کرابێ، خاوەنی ڕەگەزنامەی دەوڵەتۆچکەی ئاغجەلەر بەتاسەی شوتیی پێنجوێنەوە سەر بنێتەوە!

..................................

# ئەدەب و هونەرێکی ناسیحری
# بەرامبەر واقیعێکی سیحری

ئەگەر رۆماننوسێ لەسەرەتای رۆمانێکدا رۆژی لەدایکبونی پاڵەوانی سەرەکیی رۆمانەکەی و رۆژی مردنی باوکی پاڵەوانەکەی یەك بخا، رەنگە یەکسەر وای بۆ بچین ئەم رۆمانە بەرەو ئەوە هەڵدەکشێ ببێتە شاکارێ لەشاکارە جوانەکانی سەر بەتەوژمی (ریالیزمی سیحری) و کۆتاییەکی هونەریی چاوەڕوان نەکراو چاوەڕوانی دەکا!
چیرۆکی شەهیدبونی (بەهرۆز باقر) کە رۆژی شەهیدبونی خۆی و لەدایکبونی کچەکەی یەك رۆژبو، ئەو سەرەتا ریالیزمییە سیحرییەیە کە دەست دەدا بۆ نوسینی ناوازەترین رۆمان.
رۆمانێکی کوردی، بەدەستپێکێکی لەوجۆرەوە (ئەگەر دەرەقەتی نوسینی بێین) چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێ شاکارێکی گەورەی جیهانیی لێدەرچێ.
ئەگەر فیلمسازێ باوکێکی سەرکردەی قارەمان بەتەنیشتی کوڕە خۆشەویستە نۆبەرەکەیەوە لەسەنگەردا وێنە بگرێ و کوڕ لەگەرمەی شەڕدا بەبەرچاوی باوکە سەرکردە چاپوکەکەیەوە بگەیەنێ بەشەهیدبون، یەکسەر وای بۆ دەچین ئەو فیلمە بەرەو ئەوە هەڵدەکشێ پەیامێکی مەزن بدا.
چیرۆکی شەهیدبونی عەتای حەمەی حاجی مەحمود ئەو چیرۆکە کوردییە ریالیزمییە سیحرییەیە بۆ دروستکردنی فیلمێکی کوردیی لەو جۆرە دەست دەدا.
خۆ ئەگەر رۆماننوسێ یان فیلمسازێ پرکێشی بکا سێ دانە برا لەیەك رۆژو یەك سەنگەرو یەك شەڕی ئەم سەردەمەدا بگەیەنێ بەشەهیدبون، ئەوا یەکسەر دەڵێین : تەماشا ئەو فیلمە هندییە!
بەڵام لەشەڕی داعشدا سێ برایشمان بینی بەڕاستی، لەیەك رۆژدا، لەیەك سەنگەردا، لەم سەردەمەدا نەك لەسەردەمی شەڕە شمشێردا، شەهیدبون و تەرمەکانیان کرایەوە بەدەرگای حەوشەی خانەوادەیاندا لەناوچەیەکی چەپەکی ئەم کوردستانە.

بەکورتی :

ئەدیب و هونەرمەندی کورد رەنگە زۆر پێویستیان بەوە نەبێ دەستەودامەنی رۆماننوسانی سەر بەریالیزمی سیحری ببن بۆ ئەوەی لێیانەوە فێربن، چونکە خۆیان ساڵەهای ساڵە بەراستی لەناو واقعێکی سیحریدا ژیان دەبەنە سەر، هەر واقعی ژیانی خەڵکی کوردستان (وەکو خۆی) بگێرنەوە بەسە بۆ ئەوەی باشترین شاکاری (ئەدەبی و هونەری)ی ریالیستیی سیحری پێشکەشی دنیا بکەن، بەڵام بۆچی نەیانکردوە، یان بۆچی زۆر کەمیان کردوە؟ ئەوەیان جێگەی پرسیارە!

رەنگە ویستبێتیان ئەدەب و هونەرەکەیان فۆتۆ کۆپیی واقع نەبێ (لەو بڕوایەوە کە : داهێنان ئەوەیە فۆتۆکۆپیی واقیع نەبێ).

ئەگەر وابێ ئەوا ئاساییە لەبەرامبەر واقعێکی سیحریدا، ئەدەب و هونەرێکی ناسیحری هەڵبژێرین.

.......................................

# راپەڕین روداوێکی خۆرسك بو یان دەسکردی حیزبی کوردی؟

پێش هەمو شتێ دەمەوێ بڵێم : من لەهەمو تەمەنی خۆمدا (کە زۆر نییە، بەڵکو تەنها چل و سێ ساڵێکە) هیچ روداوێکی خۆشتر، گرنگتر، مێژوییتر، چارەنوسسازتر لەراپەڕینەکەی مانگی 3 ی ساڵی 1991 م بەچاوی خۆم نەدیوە، بۆیە پێویستە خوێنەری ئەم وشانە ئەوە بزانێ : هەست و نەستی من لەبارەی راپەڕینەوە وەکو هەست و نەستی گەنجێکی لەدایکبوی ئەم بیست ساڵەی دوای راپەڕین نییە...

راپەڕین لەهەرێمی کوردستانی عێراق، تەقینەوەیەکی مەزن بو بەسەر رۆژگارێکدا سەرلەبەر نوقمی خوێن و کاولکاری و ترس بو، مەحتەلی هیچ جۆرە ئامادەکاری و هاندانێ نەبو، لەلایەن هیچ گروپ و حیزب و رێکخراوێکی سیاسییەوە، تەنها پێویستی بەوە هەبو سەرکوت نەکرێ و بهێڵرێ بگاتە ئەنجام، وەکو راپەڕینەکەی لەوەوبەری خەڵکی باشوری عیراقی بەسەر نەهێنرێ.

لەهەرێمی کوردستانی عیراق، تا سەرەتای مانگی 3 ی ساڵی 1991، سەدان گوند سوتێنرابون، راگوێزرابون، بەچەکی کیمیاوی لێ درابون، دانیشتوانەکانیان ئەوەی خواو مرۆڤی کەمێ بەڕەحم پێی ناخۆشە، بەسەریان هێنرابو، گەنج نەیدەوێرا لەسلێمانی گۆرەویی سپی لەپێ بکا، هێزە دەستوەشێنە دڕندەکانی بەعس کە چەندین ناوی تۆقێنەریان لێنرابو، راپێچی ئەمنیان دەکرد، لەوێ گۆرەوی و دەرپێیان پێکەوە لەبەرو پێ پێدادەکەند، ناچاریان دەکرد بەدرۆی درۆ بڵێ : بەڵێ من خیانەتم لەدەوڵەت کردوە، جارێکیتر سەهوی وەها ناکەم و هاوکارتان دەبم بۆ ئاشکراکردنی هەر کەسێکیش خیانەت لەدەوڵەت بکا، واتە : بۆ ئاشکراکردنی هەر گەنجێ گۆرەویی سپی لەپێ بکا!

گەنجی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق نەیاندەوێرا تەنکە ریشێکی گەنجانە بەربدەنەوە کە رەمزبو بۆ رۆحییەتی پێشمەرگانە، گەنجی ریشداری ریشقەڵەمکردو بکەوتایەتە بەر چاوی هەر خوێڕییەکی بەعس، یەکسەر

بێ سێ و دو دەدرایە بەر شەق و پێلەقە، توندیان دەکرد لەسەیارەیەك لەو سەیارە ملۆزمە مۆڕەکەرانەی ناوی مسەڵحەیان لێ نرابو، جا یان پاش ماوەی چەند هەفتەو چەند مانگێ، بەڕۆح و جەستەیەکی تەواو تێکشکێنراوەوە دەردەکەوتەوە، یان هەرگیز دەرنەدەکەوتەوە...

نەك هەر پیاوەکانی حیزبی بەعس ترسناك بون، بەڵکو سەیارەکانیشیان کە لەپلێتێکی قۆڕی بێڕۆح بون هەر لەخۆوە وەها دەهاتنە بەرچاو مۆڕە دەکەن، هەڕەشە دەکەن، چەقۆدەکێشن و هەتك دەکەن و سەردەبڕن...

دەرو دیواری دامودەزگاکانیان کە کەس نەیدەزانی ئالیەتی بەڕێوەبردنیان چۆنەو چییان تێدا دەگوزەرێ و بۆ چ کارێکیترن جگە لەخوێنڕشتنی کوردو هەتککردنی خوشك و دایکی پێشمەرگە، هەر لەخۆوە مۆڕەیان لەخەڵك دەکرد.. بڕوا ناکەم گەنجی کورد هەرگیز وێرابێتی بەبەر سێبەریشیاندا بڕوا، تەنها ئەوانەیان نەبێ کە گیانی خۆیان خستبوە لاوەو بۆ ئەنجامدانی چالاکییەك شتێك ڕێیان دەکەوتە ئەو ناوە...

ڕژێمێ لەدۆخێکی دیکتاتۆریانەی خۆسەپێنی وەهادا چ پێویستییەکی بەوە هەبو خەڵکی لێ هانبدرێ؟ میللەتێ لەناو ترس و بیم و ژیانێکی وەها سەختدا، چ پێویستییەکی بەوە هەبو حیزب و ڕێکخراوی سیاسی هانی بدا بۆ ڕاپەڕین؟

لەگەڵ ئەوەشدا حیزب و ڕێکخراوی سیاسی هەبون بەردەوام کورەی خەباتیان جۆش دەداو میللەتیان لەدڕندەیی و وەحشیگەریی ڕژێمی بەعس ئاگادارتر دەکردەوە، پێشمەرگەی خۆیانیان دەنا بەئاگرەوە بۆ ورە بەخشین بەخەڵك و ڕوخاندنی ورەی دکتاتۆر.

تا سەروەختی ڕاپەڕین، جگە لەخەباتی پێشمەرگانەی هێزو لایەنە سیاسیەکانمان، میللەتی ئێمە ئەدەبیاتێکی سیاسیی چڕوپڕیشی هەر لەلایەن ئەو هێزو لایەنە سیاسیانەوە بەسەردا دابارێنرابو.. ئیدی کار لەوە ترازابو خەڵك هۆش و فامی ئەوەیان نەبێ بەرەی خۆیان بناسنەوەو لەگەڵ بەرەی دوژمندا لێیان تێك بچێ...

هەروەها ئەدەب و ئەدیبی کورد، بەشاعیرو چیرۆکنوسەوە، کەمیان نەکردبو لەپێناوی لێکجیاکردنەوەو لێکترازاندنی بەرەی دۆست و بەرەی دوژمن...

ئەمە هەر هەمو پێکەوە هێشتا ناکەنە ئەوەی بڵێین : ڕاپەڕین بەپێی (پلان) بەڕێوە چوە!

ڕاپەڕین ئەو هەلومەرجە مێژوییە گرنگەی لەپشتەوەبو کە هەندێکم لەبارەیەوە

گێڕایەوە، بەڵام هەلومەرجی مێژویی شتێکەو پلان شتێکیتر!
ڕاستە لەناو بزوتنەی سیاسیی خەڵکی کوردستاندا کەسی وەکو مام جەلال هەڵکەوتبو کە تەنانەت لەگەرمەی ئەنفال و کوردقڕانەکەو پاشەکشەی بەشی هەرە گەورەی پێشمەرگە بۆ سنوری کوردستانی ڕۆژهەڵات و تەسلیمبونەوەی بەشەکەی تریشیاندا، هەر گەشبین بو بەرامبەر پاشەڕۆژی خەڵکی کوردستان و خەباتەکەی، بەڵام ئەم گەشبینییەی ئەو بەتەواوی نەپەڕیبۆوە بۆ لای پێشمەرگەو زۆرینەی خەڵکی کوردستان.
ڕاستە لەناو هێزی پێشمەرگەدا کەسی وەکو کاك نەشیروانی تێدابو، کە وەکو بیستومە، ڕاستەوخۆ لەرۆژانی سەروەختی ڕاپەڕینەکەدا سەرکردایەتیی جموجوڵی پێشمەرگەی دەکرد لەدابەزینەوەیاندا بۆ ناو شارو بەشداریکردن لەڕاپەڕیندا، بەڵام خۆ سنورێکی فراوانی وەکو سنوری هەرێمی کوردستانی عیراق، بەچەند سەد پێشمەرگە، یان بەیەك دو هەزار پێشمەرگە، نە کۆنترۆڵ دەکرا، نە دەپارێزراش ئەگەر میللەت خۆی ڕاستەوخۆ ڕانەپەڕیایە.
ڕاستە کوڕو نەوەی ڕەحمەتی (بارزانی) لەناو ڕاپەڕینەکەدابون و دەیانتوانی نفوزی خۆیان لەناوچەکانی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ سەرخستنی ڕاپەڕینەکە، بەڵام خۆ هەرێمی کوردستان بریتی نەبو تەنها لەو ناوچانە.
بەکورتی : زۆرینەی خەڵکی کوردستان، بەوانەشیانەوە کە لەسەنگەری بەرگریدابون بەشاخەکانی کوردستانەوە، تا چەند مانگێ بەر لەبەهاری ساڵی 1991، ڕاپەڕینێکی وەکو ڕاپەڕینەکەی بەهاری ئەو ساڵەیان بەخەیاڵدا نەهاتبو.
ئەوەی هەبو ئەمەیە : هێزە سیاسیەکانی کوردستان زانیبویان ئەمریکاو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەدام حسێن بەقیندا چون و ئاخری لەو نزیکانەدا بەردەبنە وێزەی، (تەگبیرێکی خێرا)یان کردبو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخەکەدا ئەگەر هاتو بەڕاستی قەوما... هەروەها لەرۆژەکانی ئەخیریشدا لەڕێی ڕادیۆی حیزبەکانەوە گوێبیستی هەواڵی قەومانی ڕاپەڕین دەبوین، بەتایبەتی لەڕادیۆی یەکێتییەوە گوێبیستی ئەوە دەبوین ڕۆژی 7 ی مانگ زەماوەندە..
بەڵام خەڵکی کوردستان ئەوەندە تینوی ڕاپەڕین بون، مەحتەلی حیزب و شتی وەها نەبون، ئەوەبو خەڵکی ڕانیە نەوەستان تا 7 ی مانگ، بەڵکو دو ڕۆژ لەوەوبەر زەماوەندی خۆیان دەست پێکرد... من خۆم ئەو ڕۆژە، واتە 5 ی مانگی 3 ی ساڵی 1991، لەپاسدابوم دەچوم بۆ ڕانیە بۆ لای هەندێ هاوڕێم، یەکێکیان

نزیکەی 12 ساڵە لەشەڕی براکوژیدا شەهید بوە... کابرای شۆفێر نەیگەیاندین، لەنزیکی هیزۆپ بو یان پێشتر بو، بیرم نەماوە، گەڕاندینیەوە بۆ سلێمانی...

2014 / 3 / 11

................................

## یاساو ئابوری (راو و ڕێوی)ن

دکتۆر جەلال ئەمین یان جەلال ئەحمەد ئەمین، نوسەرو پسپۆڕو مامۆستا لەبواری زانستی ئابوری، ساڵی 1935 لەدایکبوە، کوڕی ئەو (ئەحمەد ئەمین)ەیە کە نوسەری کۆمەڵە کتێبی (فجر الإسلام وضحى الإسلام وظهر الإسلام)ە، بەڵام ئەم لەڕوی بیرکردنەوەوە نەچۆتەوە سەر باوکی.

خاوەنی چەندین کتێبە، هەندێکیانی بەزمانی ئینگلیزی و هەندێکی تریانی بەزمانی عەرەبی نوسیوە، لەوانە:

- تنمية أم تبعية اقتصادية وثقافية؟ خرافات شائعة عن التخلف والتنمية وعن الرخاء والرفاهية، 1983 و 1995.
- العولمة، 1999 و 2000 و 2001.
- العولمة والتنمية العربية، 1999 و 2001.
- التنوير الزائف، 1999 و 2005.
- كشف الأقنعة عن نظريات التنمية الاقتصادية، 2002.
- خرافة التقدم والتخلف، 2005 و 2007.

یەکێکی تر لەکتێبە دیارەکانی ئەم نوسەرە بریتییە لە:

فلسفة علم الاقتصاد : بحث في تحيزات الاقتصاديين وفي الأسس غير العلمية لعلم الاقتصاد، دار الشروق، القاهرة، 2008.

ئەم نوسەرە باڵادەستە، پاش ساڵەهای ساڵ خوێندن لەبواری زانستی ئابوری و بەدەستهێنانی بەرزترین بڕوانامەی ئەکادیمی تیایدا، پاش ساڵەهای ساڵ مامۆستایەتی و وتنەوەی وانەی زانستی ئابوری لەزانکۆکانی ئەمریکاو دنیا، پاش شارەزاییەکی زۆر لەئابوری و بەڕێوەبردنی چەندین پۆستی گرنگ لەدامودەزگای ئابوریی جۆراوجۆردا، لەو کتێبەی دواییاندا، هەمو کۆششەکەی خۆیی لەوەدا کورت کردۆتەوە کە بڵێ : زانستی ئابوری زانست نییە!

دکتۆر رفيق يونس المصري، پاش خوێندنەوەو تاووتوێکردنی ئەو کتێبەی جەلال ئەمین، لەوتارێکیدا کە یەکێکە لەسەرچاوەکانم بۆ نوسینی ئەم کورتە وتارە، ڕەخنە لەنوسەری ناوبراو دەگرێ و دەڵێ:

جەلال ئەمین هەر لەسەرەتاوە رقی لەزانستی ئابوری بوە، وا لەکۆتاییشدا گەڕایەوە بۆ سەرەتا، هەروەها دەڵێ : باشتر وابو کتێبەکەی ناو نەنێ (فلسفة علم الاقتصاد) بەڵکو ناوی بنێ (نقض علم الاقتصاد) یان (خرافة علم الاقتصاد(.

منی چکۆلەو خاکیش، پاش وەرگرتنی بەکالۆریۆسی یاسا لەم ئاخرو ئۆخرەی عومردا، خەریکە شعورەکەی دکتۆر جەلال ئەمین دامدەگرێ و هانم دەدا بڵێم : یاسا زانست.. نا.. نا.. چۆن یاسا زانست نییە؟ تەنها ئابوری زانست نییە، تەنها ئەو : مەنهەجێکی موتەحەییزە، دانراوە بۆ خزمەتی تایبەتیی سیستمێکی ئابوریی دیاریکراو! یاسا وا نییە، یاسا : زانستێکی کۆنکرێتییە، ببورە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم : زانستێکی مەطاطیی گرنگە.

..............................................

## مەبن بەقولاپی لایكەوە، بەنەفەسی ڕێكردن لەقیامەتدا دوای دیاردەی سیاسیی مەوسیمی مەكەون!

لەهەولێر بوم، لەناو تەكسیدا، وابزانم بەرەو وەزارەتی ڕۆشنبیری، لەكابرای شۆفیرم پرسی : فڵانەكەس هەیە، خەڵكی ئەم دەوروبەرەی ئێوەیە، داوای كچێكی ئاشنای ئێمەیان كردوە بۆ كوڕیان، پێمخۆشە بزانم كەسێكی چۆنە؟ دەیناسی؟

پێدەچو حەزی بەپرسیارەكە نەبوبێ، زۆر لەسەرخۆ، لەژێر لێوەوە، وەڵامێكی دو سێ وشەیی دامەوە، تێینەگەیشتم، لێم دوپات كردەوە وتم : فەرموت چی؟ چۆن؟ وەكو بڵێی هێنانی ناوی كابرا جێگای مەترسیبێ، یەك كەم، زۆر نا، دەنگی بەرزتر كردەوە (ئەوەندەی تێبگەم و هیچیتر) وتی : مامۆستا.. كەسێكی خۆشناو نییە!

دەمویست بڵێم : دەزانم (خۆشناو) نییە، سەر بەعەشیرەتی فڵانە!

بەڵام جارێ وام نەگوت، لەجیاتیی ئەوە پرسیارم كرد : خۆشناو نییە؟

وتی : بەڵێ ناوخۆش نییە، خۆشناو نییە!

ئیدی تێگەیشتم مەبەستی ئەوەیە كابرا كەسێكی ناوزڕاوە، خەڵك خۆشیان لێنایێ!

مەسەلەكەش ئەوەبو : ناوەكە (بەهۆی لەقەبەكەیەوە) دەچۆوە سەر ناوی یەكێ لە (قارەمان!)ەكانی زوی شەڕی ناوخۆ، ئەگەرچی ئەم ئەو نەبو، كەسێكیتربو.

بڕوام وایە : لەسلێمانی و شارەزورو كەلاربێ، یان لەكەركوك و چەمچەماڵ، یان لەهەولێرو دهۆك، لەناو تەكسیدابێ یان لەسەر جادەوبان، پرسیارێكی لەوجۆرە، لەبارەی هەركام لەناوە زەبەلاحەكانی ئەوسای ئەمبەرو ئەوبەری شەڕی براكوژییەوە بكەی، هەمان وەڵامت دەست دەكەوێ!

كێ هەیە تەنانەت ساڵەهای ساڵ دوای كۆتاییهاتنی شەڕەكەش، هەواڵی مردنی (قارەمان!)انی شەڕی ناوخۆ، ئەوانەی لەسەردەمی شەڕەكەدا وەكو قسەڕەق و توندهاژۆ، جەربەزەو دەستوەشێن ناویان دەهات، خۆشحاڵی نەكردبێ؟ ئایا هەواڵی مردن و تیاچونی ئەوان، جا ئەندام مەكتەب سیاسی بوبن یان سەرو خوارتر، لەگەڵ هەواڵی مردن و شەهیدبونی كەسانی وەكو دكتۆر قاسملو، دكتۆر

شەرەفکەندی، حسین مەنصور، مامەڕیشە، شێرکۆ شوانی، کوڕی حەمەی حاجی مەحمود، سێ کوڕەکەی دایکە قوڕبەسەرەکەی ناوچەی چۆمان، هوجام سورچی..... و هتد، وەکو یەك کەوتنە بەرگوێ و دڵی خەڵکی کوردستان؟
بێگومان نا!
ئەی نوسەرو رۆژنامەنوسە پاڵەوانە ئاگرخۆشکەرەکان چی؟ ئەوانەی دواجار بونە ئەندامی پەرلەمان، سەرۆکی کوتلەی پەرلەمانی، وەزیر، لەسەر حسابی خوێنی رژاوی کەسانی بێسەواد، یان کەم سەواد، هەڵەشە، بێئاسۆ، بێکارو بێناز، کە لەلایەن حیزبە بەشەڕهاتوەکانەوە بەشێوازی جۆراوجۆر لەخشتەبرابون و وەکو جەڵبە حەیوان دەنران بەئاگری شەڕەوە؟
ئێمە هەمومان (بەتایبەتی کەسانی رۆشنبیر، نوسەرو رۆژنامەنوس) ئەگەر رێگای ناوزڕاوی و خۆشناوی، هەڵخلیسکان و شەهادەت، لەیەکتر جیا دەکەینەوە، ئەگەر دەرس و پەندمان لەمێژو وەرگرتوە، چۆن دەبێ بێباکانە دەست لەسومعەی خۆمان بشۆین، بۆ (لایك!) هەڵخلیسکێینە خواری خوارەوە؟ ببینە برغوی ناو ماشێنی بەرژەوەندی و ململانێی پاییزانە، زستانانە، هاوینانەو بەهارانەی حیزبی؟ فەزڵی : بەرژەوەندیی کەسی و حیزبی، بەسەر بەرژەوەندیی گشتی، حیزب و کاراکتەرە سەروخوارەکانی بەسەر کۆمەڵگە، سوعبەت و توڕەبون و تەصعیدی حیزبی بەسەر ئەسڵی سیاسەتدا بدەین؟ کاتی و هەمیشەیی لەناو دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا لەیەکتر جیا نەکەینەوە؟ دوای دیاردەی سیاسیی مەوسیمی بکەوین بەنەفەسی رێکردن لەقیامەتدا؟ فەزڵی جۆش و خرۆشی رادیکالانە بدەین بەسەر عەقڵدا؟ بینا لەسەر جۆش و خرۆشی بێزەمینە، بنوسین و لێکبدەینەوەو بەشداری لەگفتوگۆدا بکەین؟
بەڕاست : دەبێ نوسەرو رۆشنبیر دوای تەحلیل و تەفسیری عامەی خەڵك بکەون یان بەپێچەوانەوە؟ سەیر نییە کەسانێ کە دەبێ خەڵك چاوی لەدەمیانبێ، ببن بەقولاپی (لایك!)ی خەڵکەوەو چاویان لەدەمی خەڵکبێ بۆ وەرگرتنی ئیلهامی نوسین؟ سەیر نییە هەرچی حیزب لەکوردستاندا هەیە، بەشی خۆی خەڵك و جەماوەرو بیسەری هەبێ، رۆشنبیر لەخۆی رانەبینێ ئەگەر بەپێی لۆژیکی عەقڵ قسەی کرد، خەڵك و جەماوەرو بیسەری دەسکەوێ؟

## نەوێرین نەڵێین بەچەند
## کێمان لەم قسانەی نەبیستوە؟

*چومە دوکانی مەشروبفرۆش، داوای بوتڵێ شەرابم کرد، مامەڵەم لەگەڵ نەکرد، دواتر بۆم دەرکەوت زیادی لێ سەندوم...

*چومە بازاڕ، وەستام هێنا بۆیلەرم بۆ ببەستێ، مامەڵەم لەگەڵ نەکرد، دواتر بۆم دەرکەوت زیادی لێسەندوم...

*مردوم لێ مرد، چوم قورئانخوێنم هێنا بۆ بەڕێکردنی پرسەکەی، مامەڵەم لەگەڵ نەکرد، دواتر بۆم دەرکەوت زیادی لێسەندوم...

*دەستم لەتەکسی راگرت، کابرام بەپیاوی باش هاتە بەرچاو، مامەڵەم لەگەڵ نەکرد، دواتر بۆم دەرکەوت زیادی لێسەندوم...

*ژنم هێنا، ماڵەباوانی خانەدان هاتنە پێشچاوم، قەول و قەرارم لەگەڵ نەکرد، دواتر بۆم دەرکەوت زیادی لێسەندوم!

*قەرزم کەوتە لای برا، بەبرام زانی، کوتە کاغەزێکم بۆ بەڵگە لێ وەرنەگرت، دواتر بۆم دەرکەوت زیادی لێسەندوم...

*نوێنەری خۆمم هەڵبژارد بۆ پەرلەمان، بەکوڕی پیاوم زانی، هەر پێشم نەگوت دەنگم داویتێ، دواتر بۆم دەرکەوت زیادی لێسەندوم...

بەدڵنیاییەوە، نوقسانییەکی بنچینەیی لەبونیادی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیماندا هەیە، وایکردوە بەوجۆرەبین، نەوێرین:

*سەر تەکسییەك بکەوین، نەڵێین بەچەند!

*دەسخەینە سەر کەسێك بۆ کوێخایەتیی گوند، نەڵێین بەچەند!

2014 / 8 / 30

# ئەوا گوتم، ئەوا نەمگوت!

لەسەرەتای کێشمەکێشە پەرلەمانیەکەی هەرێمەوە تا ئێستا کە هێشتا لەگەرمەی خۆیدایە، بڕوام وابوە:
*لەیەکتر هەڵپێچان، ئاخری یان هەڵاتهەڵات و شەڕی ناوخۆ، یان لەتوپەتکردنی هەرێمی لێدەکەوێتەوە، نەکردنی باشترە...
لەوتارێکدا نمونەم هێنایەوە لەسەر بێسومعەیی بەشدارانی شەڕی ناوخۆی پێشو، بەو هیوایەی هەر لەبەر سومعەی شەخسی، ئەمجارە دورەپەرێزی لەشەڕی ناوخۆ بکرێ، نوسیم : کەس لەدڵەوە بۆ مردنی (قارەمانان!)ی شەڕی ناوخۆ نیگەران نابێ...
بەڕاستی وایە : نە ئەمڕۆ، نە هیچ سەردەمێکیتر، کەس بەدوای مردنی بەشدارانی شەڕی ناوخۆدا، لەدڵەوە داوای لێخۆشبونیان لەخوا بۆ ناکا، بەبڕوای تەواوەوە ناڵێ : ڕۆحیان شاد...
بەڵام پێناچێ ئەم شێوازە نوسینە وەکو ئەوەی نوسەرەکەی خوازیارە، بخوێنرێتەوە....
ڕەنگە هەبن خراپیش لێی حاڵی ببن، وەها لێکیبدەنەوە مەبەستی نوسەرەکەی گرتنی لایەنێکە بۆ لایەنێکیتر (وەکو ئەوەی لەزۆرانبازیی نێوان مناڵانی گونددا بینیوتانە)، یان ترساندنی بەرەیەکە بەهیوای سەرخستنی بەرەکەیتر (وەکو ئەوەی لەبەینی خەڵکی لادێدا رودەدا)، پێیان خۆشە هەر ڕێك بنوسی : لاکەوە سەرۆك، سەرکەوە ئاغا! بیریان چوە : حیزب نییە لەبیست و چەندساڵی رابردوی کوردستاندا گوێی لەنوسەر گرتبێ بۆ زانینی هەلومەرجی سواربون و دابەزین!
نازانم:
ئەوانەی چاوەڕوانی ئەوەن ڕاستەوخۆ بنوسرێ : لاکەوە سەرۆك، سەرکەوە ئاغا!

بەهیوان قسەی وا جێبگرێ و بەهەند وەربگیرێ، یان دەیانەوێ هەموان لەکێشمەکێشەکەوە بگلێن و تەواو؟

ئەگەر بەهیوای جێکەوتنی قسەکەن، ئەوا کردمان : لاکەوە سەرۆك، سەرکەوە ئاغا، خێرابە خێرا!

با بزانین کەس بەدوای ئەو قسەیەدا دادەبەزێ و سەردەکەوێ؟!

بەڵام ئەگەر بەهیوان دواجار هەموان وەك یەکیان لێبێ و کەس نەمێنێتەوە شایستەی ئەوەبێ لەدوای مردنی لەژێر وێنەکەیدا بنوسرێ : رۆحی شاد، یان لەدڵەوە داوای لێخۆشبونی لەخوا بۆ بکرێ، ئەوا نەمگوت! نەمگوت و رۆحم شاد!

.....................................................

# هەمو ریشێ لەئەنجامی شکستێکەوەیە

زۆربەمان بیستومانە یان دیومانە : کابرا تا دایکێ باوکێ کەسێکی نەمردوە نەگەڕاوەتەوە، هەر لەسەر هەواو هەوەسی خۆی ڕۆیشتوە...
من خۆم لەهەرزەکاریدا هاوڕێیەکم هەبو، کەسێکی تا بڵێی فشقییات : دەنگزل و پێکەنیندۆست، بێداڵغەو بێباك، قسەقۆڕو کاتبەڕێکەر، لەناو هاوڕێیانی خوێندندا، کەس نەبو لەسەر فشقییات لێی عاجزبێ و پشتی تێکا!
ماوەیەکی (زۆرنا) دوای تەواوکردنی خوێندن، بینیمەوە، کەسێکیتربو : مات و موحتەرەم، لەسەرخۆو دەنگنزم، ریشێکی تەنکەڵەی هێشتبۆوە، پرسیاری لێکردم : لەسەر عەقڵییەتی پێشو ماوی؟ وتم : هەر ئەوەم کە ناسیوتە! ئامۆژگاریی کردم بگۆڕێم، روکەمە نوێژو تاعەت! وتم : چی بوە فلانی، ناشێ تۆ گۆڕابی؟ وتی : بەرەوەڵڵا من ئێستا پیاوێکی ترم! وتم : چۆن؟ وتی : دایکم ئەمری خوای کرد، مردنی ئەو، ژیان و بیرکردنەوەی گۆڕیم!
هاوڕێکەی هەرزەکاریم هێشتا ئەوەندە لەتەمەنی هەرزەکاری دور نەکەوتبۆوە، لەدایك و لەباوك تەنها دایکی شك دەبرد وا ئەویشی چو، ئاشنای کتێب و متێبیش نەبو.. ئەی چیبکا؟ رو لەکوێکا بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەو هەمو بیمارییە دەرونی و کۆمەڵایەتییە؟
با چیرۆکێکی زۆر تازە بگێڕمەوە :
درەنگانی دوێنێ شەو، لەماڵی هاوڕێیەکەوە دەرکەوتم بێمەوە بۆ ماڵەوە، دەستم لەتەکسییەك راگرت! شۆفێر کوڕێکی زۆر مناڵکاربو (گومانت دەکرد مۆڵەتی لێخوڕینی هەبێ)، ریشێکی کۆرپەی هێشتبۆوە هەر یەکسەر دەتزانی لەئەنجامی شکستێکەوە هێڵراوەتەوە : زۆربەیجار، ریش، بەتایبەتی ریشی کەسانێ لەو تەمەنەدا، لەئەنجامی شکستێکەوەیە!
فرسەتم رەخساند بدوێ.. بەسەرهاتەکەی ئاوابو :

رۆژێ بەدەم ئێشی ددانەوە چوە بۆ لای دکتۆر، دکتۆری ددان پێی وتوە : تۆ زۆر ڕەنگت زەردە، بۆ ناچی فەحسێکی خۆت بکەی؟ چوە فەحسی خۆی کردوە، پێیان وتوە : سەرەتانی خوێنت هەیە! گەنج دەکەوێتە دڵەڕاوکێ، کێشەی خۆی بۆ هاوڕێیەکی دەوڵەمەندی باس دەکا، هاوڕێ دەڵێ : من بەپارەی خۆم دەتگەیەنمە ئەوروپا، کەی بوت بمدەرەوە.. گەنج بەبێ ئەوەی حەکایەتی نەخۆشیەکەی لەماڵەوە بدرکێنێ، دەکەوێتە دوای هاوڕێی دەوڵەمەند بۆ نەمسا! لەوێ دوای خەرجکردنی دە هەزار دۆلار، دکتۆر داوودەرمانی بۆ دەنوسێ و دڵنیای دەکاتەوە کێشەکەی مەترسیی نییە، بەو عیلاجانە کۆتایی دێ! کۆتاییشی هات، بەڵام وا ئێستا قەرزارە....

پێویستی نەکرد لێی بپرسم : لەکەیەوە چویتەتە ژێر باری ئەو ریشەوە!
دەزانم زۆربەیجار، ریش، بەتایبەتی ریشی کەسانی گەنج و هەرزەکار، لەئەنجامی شکستێکی رۆحییەوەیە، نەك لەئەنجامی هەڵکشانی رۆح و عەقڵ!

..............................................

# بەڕاستی چیاکانمان قوتابخانەی کوردایەتی بون

چەند رۆژێ پێش راپەڕین، یان چەند رۆژێ دوای راپەڕین (باش بیرم نەماوە)، بەخەیاڵمدا دەهات : لەکوردستانی ئازاددا، ئەمە پیشەی هەمو رۆژەی سەرکردەکان دەبێ :

* هەر لەگەڵ ئێوارەیان لێداهات، دەگەڕێن بۆ هەژارترین گەڕەك، لەناو هەژارترین گەڕەك بۆ هەژارترین کۆڵان، لەناو هەژارترین کۆڵان بۆ هەژارترین ماڵ، لەسەر سفرەو خوانی ئەو ماڵە هەژارە ژەمی ئێوارە بەڕێدەکەن، هەم ماڵە هەژار دڵخۆش دەکەن، هەم ئاگایان لەژیانی خەڵك دەبێ.

سەهوبوم، نەمدەزانی کاری وا لەوان ناوەشێتەوە، نەمدەزانی سەرکردەکان پێشتر لەسەردەمی شۆڕشەکانیشدا لەناو خەڵکدابون (خەڵکی دێهات)، کاری وەهاشیان نەکردوە.

* دوای راپەڕین، کاتێ گەندەڵی سایەی بەسەر هەرێمدا کێشا، بەخەیاڵمدا دەهات : بێئەزمونیی سەرکردەکان لەبەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی شارنشیندا، گەندەڵیی بەدوای خۆیدا هێناوە.

سەهوبوم، نەمدەزانی ئەزمونی لەوەوبەری سەرکردەکان لەگەندەڵکاریدا، گەندەڵیی لەوەودوای بەدوای خۆیدا هێناوە، نەمدەزانی سەرکردەکان خەباتی شاخ و خەباتی شاریان بەگەندەڵی لێکگرێداوە، نەمدەزانی لەدێهات و مەرزو بازاڕۆچکەکانی ئەوساش گەندەڵییان کردوە، نەمدەزانی گەندەڵییان بەکۆڵی هێستر لەدێهاتەوە هێناوە بۆ شار.

* هەرگیز بیرم بۆ ئەوە نەچوبو کوڕی شێخ، بەگ، بەگزادەو ئاغاواتی ناو شۆڕش، بۆ پاراستنی پێگەی بنەماڵەی خۆیان پێشمەرگایەتییان هەڵبژاردبێ، وەکو نمونەی مرۆڤی شۆڕشگێڕو لەخۆبوردو تەماشام دەکردن، مرۆڤانێ کە دەستیان لەژیانی ئاسودەی ناو بنەماڵەکانیان هەڵگرتوە لەپێناوی کوردو کوردستاندا.

سەهوبوم، نەمدەزانی بەپێی حسابێکی وردو دەقیقی خێڵ، نێردراونەتە شاخ، نەمدەزانی بۆ ئەوە نێردراونەتە شاخ ئەگەر شۆڕش سەرکەوت ببنە وەزیرو ئەندامەکتەبسیاسی بۆ خزمەتی بنەماڵەکانیان، ئەگەر شۆڕش شکستی هێنا خەباتەکەیان بگوێزنەوە سەر خەباتی بنەماڵەکانیان لەناو فەوجەکانی خەفیفەدا.

* وامدەزانی چیاکانمان شوێنێکبون بۆ خستنەوەی (بودا / بوزا)، نەمدەزانی قوتابخانەی کوردایەتی بون...

...............................

# حیزبەکانی باشور لەکۆنگرەی پەیەدە

یەکشەممە 20 - 9، لەشاری رمێلان، کۆنگرەی شەشەمی پەیەدە، بەبەشداریی حیزبە سەرەکیەکانی باشوری کوردستان، دەستی پێکرد.
حیزبەکانی باشور، لەڕێی وتارەکانیانەوە، نیشتیمانپەروەرییەکی زۆریان نواند، بەڵێنیان دا پشت و پەنای خوشك و برا کوردەکانیانبن لەرۆژئاوا، باکور، رۆژهەڵات.
ئەمە لەکاتێکدایە نەیانتوانیوە پشت و پەنای خوشك و براکوردەکانیانبن لەباشور، تەنانەت پشت و پەنای یەکتربن لەبەینی خۆیاندا، هەروەها لەکاتێکدایە هەرێمی باشور لەبندەستی ئەو حیزبانەدا بیست و ئەوەندە ساڵە بۆتە گۆڕستانی خەون و خەیاڵی خەڵك و مەیدانی تەراتێنی کەسانی گەندەڵ.
با واز لەعەیارنزمیی دیموکراتیەکەی باشور بێنین، واز لەگەندەڵکاریە قەبەکانی حیزبە حاکمەکانیشی بێنین، پرسیار لەبارەی گەندەڵکارییەکی بچوکەوە بکەین :
- وەکو ئەوەی لەپەرلەمانتارانی هەندێ لیستمان بیستوە، ژمارەیەکی زۆر لەپەرلەمانتاران، لەڕۆژی ئەندامێتییانەوە تا ئێستا، نیوەی موچە راستەقینەکانیان وەرگرتوە، نیوەکەی تریان داوە بەحیزبەکانیان.. ئەگەر ئەوان بەنیو موچە رازی بوبن، بۆچی چەند ساڵە حیزبەکانیان پێشنیاری نزمکردنەوەی موچەکانیان ناخاتەڕو، دێن کۆی موچەکانیان پێ وەردەگرن و برابەشانە لەگەڵیاندا بەشی دەکەن؟
بێگومان بۆ ئەوەیانە بەو بڕە پارەیەی لەوانی دەگێڕنەوە، شورا مرۆییەکەی دەوری خۆیان تۆکمەتر بکەن، درێژە بەچەسپاندنی کەلتوری تەسکی حیزبایەتی بدەن، لەسەر حسابی خەڵك و داهاتی گشتی.
ئەمە گەندەڵی نییە، چیی ترە؟ خەڵك چاوەڕێی چیبێ لەحیزبی وا؟
- ئەی ئەگەر ژمارەیەکی زۆر لەپەرلەمانتاران تا ئێستا بەنیوەی موچە راستەقینەکانیان رازی بون، بۆچی پەرلەمانتارەکانیتر بەوە رازی نەبون؟ چییان

لەپەرلەمانتارە هاوکارەکانیان کەم و زیاترە؟ بۆچی پێشنیاریان نەکرد نیوەی موچە راستەقینەکانیان وەربگرن، نیوەکەی تری بگێڕنەوە سەر داهاتی گشتی، هیچ نەبێ لەم سەردەمە قەیراناوییەدا؟

ئەمە گەندەڵی نییە، چیی ترە؟ نوێنەرانی وەها کە خۆیان بەشی خەڵکیکی زۆریان بۆ خۆیان بردوە، دەتوانن چی بۆ خەڵك داوا بکەن و بپچڕن؟

- باسی بەرپرسی دزو گەندەڵ بکەین :

کام حیزب (وێڕای ئیددیعای جوانی نیشتیمانپەروەرانەی) چەندین کەسی گەندەڵی نەگرتۆتەخۆ؟ بۆچی سەروەت و سامانی بەهەدەر براوی میللەتیان لێ ناسێنرێتەوەو ناخرێتەوە سەر داهاتی گشتی؟ بۆچی ئەو زەوی و زارانەیان لێ ناسێنرێتەوە کە هەر لە دە دوازدە ساڵی یەکەمی حکومڕانیی باشوردا، لەسلێمانی و هەولێرو دهۆك و شارەکانیتر بەتاڵانیان برد؟ نابێ؟ بەڵێ دەبێ.. بیست ساڵ و سی ساڵی تریشبێ دەبێ.

- ئایا دادپەروەری، ئازادی و دیموکراتی، بەکەسانی گەندەڵ دەچەسپێنرێ، پیرۆز بکرێن و بنێردرێنە کۆبونەوەی ئەوەندە قۆڵی بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنوسی خەڵك؟

ناڵێم حیزبەکانی باشور پشتیوانیی کوردانی پارچەکانی تر نەکەن، بەڵام هەقە لەپاڵ هاوپشتییاندا بۆ کوردانی پارچەکانیتر، وردە وردە دەست بەڕاستکردنەوەی رێگای چەوتی خۆیشیان بکەن، ئەگەرنا هەق نییە خەڵکی کوردستان لەوە زیاتر بەتەمایانبێ و بەئیددیعای رەنگاوڕەنگیان هەڵخەڵەتێ.

2015 / 9 / 20

.....................................

# کوردستان کافتریایەکی گەورەیە

هەمومان دەزانین : هەرێمی کوردستان یەك دانە کافتریای گەورەیە بۆ کاتبەبادان، ئەگەر نەڵێین یەك دانە چاخانەی گەورە بۆ دەستاودەستکردنی ڤایرۆس لەڕێی پولی دۆمینەو تاولەوە.

هەرێمێك بەشی هەرە زۆری دامودەزگا حیزبی و حکومیەکانی بەتاڵ و بێئیشبن، بەشی هەرە زۆری خەڵکە کاسبکارەکەی مەمرەو مەژی خەریکی رۆژ بەڕێکردنبن، دەکرێ ناوبنرێ چی جگە لەچاخانەو کافتریا؟

هەرێمێك ئیشێکی جددیی تێدا نەمابێ بۆ کەس جگە لەدزو چەتەو مافیا، بەتاڵەی موقەننەعە هەمو کەرتەکانی گرتبێتەوە، دەکرێ ناو بنرێ چی جگە لەچاخانەو کافتریا؟

ئەمە راستییەکە نابێ هەرگیز بشاردرێتەوە، بەڵام درکاندنیشی دەبێ بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەربێ.

کەچی هێزگەلێك هەن، ئاگایانە یان نائاگایانە، خەریکە نەهێڵن درکاندنەکە مەبەستی خۆی بپێکێ، خەریکە ئەنجامەکەی پێچەوانە دەکەنەوە، خەریکە وا لەخەڵك دەکەن لەجیاتیی هەوڵدان بۆ بیرکردنەوە لەدۆزینەوەی رێگە چارە، تەسلیمی بێئومێدی ببن، خانو و ماڵ بفرۆشن، رێی هات و نەهات بگرنەبەر، سا یان لەموجەمیدەی مریشکدا دەخنکێن وەکو چوار گەنجەکەی دوێنێ مەیتەکەنیان لەنەمساوە هێنرایەوە، یان نەجاتیان دەبێ و دەگەنە جێیەك .

ئەگەر بویسترێ لەڕێی بێئومێدکردنی خەڵکەوە بەر بەگەندەڵی بگیرێ ئەوا هەڵەین.

کورد دەڵێ : دنیا بەئومێد خوراوە...

هەمو شۆڕشە سپی و پرتەقاڵی و سەوزو سورەکانی دنیا هەر لەڕێی ئومێدەوارکردنی خەڵکەوە گەیشتونەتە ئەنجام، نەك لەڕێی بڵاوکردنەوەی بێئومێدییەوە.

ئەگەریش بویسترێ لەڕێی بێئومێدکردنی خەڵکەوە بەربەست لەڕێی گەندەڵیدا هەڵبگیرێ و تا سەر درێژە بەگەندەڵکاری بدرێ، ئەمیش ناچێتە سەر :

خۆ میللەتێك هەر هەموی مل نانێ بەئاوی ئیجەوەو نەگەڕێتەوە، ئاخری هەر دەژین و دەبنە بەربەست لەڕێی گەندەڵکاریدا.

لەوڵاتانی پێشکەوتوی دنیا، پیشەسازیی تەرفیهو خەڵکدڵخۆشکردن هەیە، لەوڵاتی ئێمە پیشەسازیی خەڵکبێئومێدکردن.

بەشداریکردن لەم پیشەسازییەدا بەهەر شێوەیەك، زۆر بەخراپ دەشکێتەوە، هەم لەسەر ئەوانەی دەیانەوێ لەو ڕێیەوە بەر بەگەندەڵی بگرن، هەم لەسەر ئەوانەی دەیانەوێ لەو ڕێیەوە بەربەست لەڕێی گەندەڵیدا هەڵبگرن.

ناکرێ بگوترێ : بڵاوبونەوەی بێئومێدی پەیوەندیی بەسیاسەت و حکومڕانی و حیزبایەتییەوە نییە.

ڕاستە : کەلتور، جوگرافیاو ئاووهەواو چەندین فاکتەریتر ڕۆڵی گرنگیان هەیە لەپێکهاتنی باری دەرونی و عەقڵی و کۆمەڵایەتیی مرۆڤدا، بەڵام تەلەفزیۆن، ڕۆژنامە، پەیج و ماڵپەڕ، فەیسبوك و تویتەرو ئەو شتانەش کە زۆربەیان لەلایەن حیزبەکانەوە ئاراستە دەکرێن، ڕۆڵی یەکجار گرنگیان هەیە لەو مەسەلەیەدا.

چەندین توێژینەوەی کۆن و نوێ هەن، باسی ئەوە دەکەن : جوتیار بۆیە هەمیشە دەستی دوعای بەئاسمانەوەیە چونکە ژیان و بەرهەمی بەستراوە بەباران و ڕەحمی خواوە.

تەماشای پزیشکەکانی لای خۆمان بکەین : زۆربەیان وەکو جوتیار هەمیشە چاویان لەسەر کۆمەك و پشتیوانیی خوایە، لەبەرئەوەی ئەنجامی ئیش و کارو نەشتەرگەریەکانیان بەڕایەڵەیەکی لاوازیشبێ بەستراوە بە فاکتەری ڕێکەوت و قەزاو قەدەرو ئەو شتانەوە.

خەڵکی وڵاتیش بەگشتی ژیانیان پەیوەستە بەعەقڵییەت، نیازو کاروکردەوەی حکومڕانان و حیزبەکانەوە : ببارێنن یان نەبارێنن!

دەبێ حیزبەکان، حکومڕان و ناحکومڕان، ڕازی و ناڕازی، لەئاستی بەرژەوەندی و چاوەڕوانی و داوای خەڵکدابن، ئەگینا دواجار، لەڕێی هەڵزنانەوە بەئومێددا، یان لەڕێی هەڵزنانەوە بەبێئومێدیدا، دەستی خەڵك هەر دەیانگاتێ و لەئاسمان دەهێنرێنە خوارەوە.

2015 / 9 / 20

# ئارەزوی خۆدزینەوەو ململانێ

چەند مانگێکە هەرێمی کوردستان لەتەنگژەدایە، تەنگژەیەك کە تا ئێستا نازانرێ ناو بنرێ چی؟ ئەخلاقی؟ سیاسی؟ یاسایی؟
ناونانی تەنگژەکە خۆی، یەکێکبوە لەهۆکارەکانی تەنگژەکە، هەقیشە وابێ، چونکە ناونانی نەخۆشی (هەر نەخۆشییەك : بەدەنی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئیداری) بەشێکە لەپرۆسەی ناسینەوەو دیاریکردنی نەخۆشیەکە کە پێشهەنگاوە بۆ گەیشتن بەچارەسەر.
بەڵام ئەگەر چەندوچونی نێوان لایەنە سیاسیەکانی هەرێم لەبارەی ناونانی تەنگژەکەوە وردکەینەوە، دەبێ بەتەمای ئەنجامی باش نەبین :
* یەکێ بەدرێژایی چەند مانگ، بڵێ : کێشەکە یاساییە...
* یەکێکیتر بەدرێژایی چەند مانگ، بڵێ : کێشەکە سیاسییە...
لەو نێوەدا چاوەڕوانی چی بین؟
ئەوان ئەگەر لەسەر ناونانی نەخۆشیەکە هاوڕا نەبن، مانای وایە دەستەوسانن لەئاست ناسینەوەی نەخۆشیەکەدا، چ جای چارەسەر.
با چەندو چونەکەی ئەوان بچوێنین بەگفتوگۆو چەندوچونی نێوان لیژنەیەکی پزیشکی کە دانیشتون بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنوسی نەخۆشێك :
* لیژنەیەکی پزیشکی، ئەگەر لەدیاریکردن و ناونانی نەخۆشییەکدا هاوڕا نەبن، دەبێ نەخۆش چاوەڕوانی چیبێ؟ دەبێ چاوەڕوانی ئەوەبێ یان بێباکانە لەبەینی خۆیاندا هەڵیقڵیشێنن، یان ڕێنمایی بکەن بڕواتە لای دکتۆرانێکی تر لەنەخۆشخانەو وڵاتێکی تر.
بەهەرحاڵ...
لەناو کێشمەکێشی سیاسیدا، دەتوانین هەر لەسەرەتاوە، لەڕێی بیستنی چەندو چونەکانەوە، حاڵی ببین لەئەسڵدا مەبەست چییە؟ نیازی چی لەئارادایە : یەکترهاڕین، یان چاکسازی و یەکترتەواوکردن؟

تەنگژەکەی لای ئێمەو چەندوچون لەناونانیدا (سیاسی / یاسایی) پێمان دەڵێ : ئارەزوی خۆدزینەوە لەئەسڵی نەخۆشیی کۆمەڵگە، لەپاڵ ئارەزویەکی ساردی ململانێ لەنێوان حیزبەکاندا، لەئارادایەو هیچیکە.

* لەخۆمان بپرسین :

- نەخۆشیی پرۆسەی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا، سیاسی و یاساییە، یان : ئیداری و ئەخلاقی و کەلتوری؟

- هەرێمی کوردستان لەدەست نەبونی یاساو دیموکراتیی عەیارەبەرز دەناڵێنێ، یان : لەدەست بێدادی، گەندەڵی، دزی و راووڕوتی بەرپرسان؟

- کامانەن ئەو کێشانەی بەهۆی کەمدەسەڵاتیی سەرۆکوەزیرو پڕدەسەڵاتیی سەرۆکی هەرێمەوە تا ئێستا دوچاریان هاتوین؟

- بێکەڵکیی سیستمی حکومڕانیی هەرێم، هۆکارەکەی سیاسییە، یان ئیداری و ئەخلاقی و کەلتوری؟

بەبڕوای من :

پێداگیریی بەرەیەك لەسەر ناونانی تەنگژەکە بە (تەنگژەی یاسایی) بەدرێژایی عومری تەنگژەکە، نیشانەی ئەوەیە ئەو بەرەیە خەریکی خۆدزینەوەیە لەخواستی خەڵك : چاکسازیی ئیداری، کەمکردنەوەی گەندەڵی، کەمکردنەوەی جیاوازیی چینایەتیی نێوان (حاکم و مەحکوم) و چەسپاندنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، لەجیاتیی هەمو ئەوانە خۆخەریککردن بەکێشەی سیاسییەوە : هەوڵدان بۆ گۆڕینی دەموچاوەکان، خواروژورکردن لەدەسەڵاتەکانیانداو... هتد کە لەڕاستیدا لەچاو ئەوانەی یەکەمدا بایەخێکی ئەوتۆیان لەژیانی خەڵکدا نییە.

هەروەها پێداگیریی بەرەکەیتر لەسەر ناونانی تەنگژەکە بە (تەنگژەی سیاسی) بەدرێژایی عومری تەنگژەکە، نیشانەی ئەوەیە ئەو بەرەیە ئارەزوی خۆدزینەوە لەچاکسازی (هەمو جۆرێکی چاکسازی) شك دەباو هیچیکە!

لەم نێوەدا ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ خەڵك تەنها بێئومێدی و دەسخەڕۆییە.

هیوادارم وا دەرنەچێ :

هەردو بەرە بگەنە ئەنجامێکی باش کە قازانجی خەڵك و سومعەی خۆیان و ئەزمونەکەیانی تێدابێ...

2015 / 9 / 17

# سەعاتی سفری خەڵك

واز لەدەرفەتە فەوتاوەکان بێنین، باسی لەمەودوا بکەین :
دەرفەتی راستەقینە بۆ جموجوڵی خەڵکی هەرێمی کوردستان دژی فەساد، دوای هێوربونەوەی ململانێ حیزبیەکەی ئێستایە، یان ئەو کاتەیە کە : هێورکردنەوەی ململانێکە لەسەر رای ئەو پەکی دەکەوێ و پێویستی بەبەڵێ و نەخێری ئەو دەبێ.
ئێستا خەڵك هەرچی بکا هەڵدەخلیسکێتە ناو ململانێیەکەوە کە ئەو وەکو هەمو قۆناغ و سەردەمەکانی لەوەوبەر قوربانی دەبێ تیایدا، قوربانییەکی بەبەرددا دراو و سازشلەسەر کراو، بەڵام زیندوێتی و جدییەتی ئەو، دوای ململانێکە دیاری دەدا، یان وەکو وتم : ئەو کاتە دیاری دەدا کە بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێکە پێویست بەبەڵێ و نەخێری ئەو دەبێ.
ئەوسا دەردەکەوێ : خەڵك زیندوە یان مردویەکە لەناو تابوتدا بەشانی حیزبەوە؟
هەرچەندە لەڕاستیدا زەحمەتە لەکۆمەڵگەیەکدا کە لەجیاتیی (کارکردن و بەرهەمهێنان) مشەخۆری و تەوەزەلی، حیزبایەتی و گەندەڵی بوبێتە کەلتور تیایدا، خەڵك بتوانێ بەخێرایی لەتابوت هەڵسێتەوەو زیندوێتیی خۆی بسەلمێنی، لەبەرئەوەی ئەرکێکی وای لەئەستۆ نییە ئەگەر لێی کشایەوەو نەیکرد سیستمی سیاسی پەکی بکەوێ.
*بەڵام هەر دەبێ سەعاتی سفرێك لەبەردەمدا هەبێ بۆوەخۆکەوتن و کۆتاییهێنان بەتابوتنشینی.
رەنگە باشترین سەعاتی سفر بۆ وەخۆکەوتنی خەڵك دژی گەندەڵی، بێدادی و تابوتنشینی، ئەو کاتەبێ کە داوای لێدەکرێ بەبەڵێ یان بەنەخێر رای خۆی لەبارەی دەستوری هەرێمەوە بدا، ئەو کاتە دەتوانێ بەجددی بکەوێتەخۆ بۆ مسۆگەرکردنی ژیانێکی باشتر، رازی نەبێ هیچ بەندو باوێ لەدەستوردا جێبکرێتەوە کە ببێتە هۆی چەسپاندنی بێدادی، دیلی، گەندەڵی و بێقانونی.. مافی : پێشنیارکردنی پڕۆژە یاسا، موراجەعەکردنی دادگای دەستوری لەکاتی

دەرچواندنی بڕیارو قانونی نادەستوری، چاودێریی بەڕێوەبردن و دابەشکردنەوەی داهاتی نەتەوەیی، لەگەڵ هەر مافێکیتری شایستە بەمرۆڤ و ژیانێکی مۆدێرن، داوا بکاو مەگناکارتا (وەسیقەی ئەعظەم) ی خۆی بسەپێنێ، تەنانەت ئەگەر جێبەجێکردنی وردو دەقیقی ئەو مەگناکارتا (وەسیقە / دەستور) ە بکەوێتە سەردەمانی دواتر نەك سەردەمی گەڵاڵەکردنی وەسیقەکە.

2015 / 9 / 12

.................................

# قروسکە قروسکی سەگەل ببیستن

لەئەندامەکتەبسیاسییەوە بیگرە تا دەگا بەنوسەرو رۆشنبیرو کەسی سادە، رۆژ تا ئێوارە، شەو تا بەیانی، لەفەیسبوك، لەتەلەفزیۆن، لەسەر جادە، لەناو فەرمانگە، دەقروسکێنن، دەگرین، تکا دەکەن و دەلاڵێنەوە:

*وڵات لەمە زیاتر نەکرێ بەقوڕگی گەندەڵیدا

*لەمە زیاتر نەگلێنرێتە کێشەو ململانێی حیزبی

*لەمە زیاتر روت نەکرێتەوە لەخەڵکە رەسەنەکەی

*لەمە زیاتر نەکرێتە مەیدانی ململانێی نێوان بنەماڵە موتەنەفیزەکان

ئەمە داوا نییە لەئاسمان، تا پێمان وابێ گوناهێك لەئارادایە بۆیە ئاسمان بەدەمەوە نایەت، دۆعا نییە گیرا نەبێ، داوایە لەمرۆڤی بەرپرس، یەك و دو نا، هەمو مرۆڤێکی بەرپرس!

کوان؟ لەکوین؟

هەموان دەتوانن بەدەم ئەو داوایەوە بێن:

*ئەوەی ساڵەهایە لەخوتوخۆرایی پارەی مۆڵ دەکرێ بەگیرفانیدا، بەوەندە داکەوێ کە تا ئێستا خواردویەتی، لەمەودوا دەستی لێهەڵگرێ.

*ئەوەی ساڵەهایە لەپێناوی بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیدا ئاڵاوەتە دەمەدەمێ و خەریکی گەرمکردنی بازاڕی بێئومێدییە، لەمەودوا دەستی لێهەڵگرێ.

*ئەوەی ساڵەهایە باوەشی بەپلەو پۆستدا کردوە، بەشی هەزارەها کەسی بردوە بۆ خۆی و خزم و کەسوکاری، لەمەودوا دەستی لێهەڵگرێ.

*ئەوەی ساڵەهایە چارەنوسی هەمو کوردستانی گرێداوە بەحیزب و بنەماڵەی خۆیەوە، هاوکێشەکە پێچەوانە بکاتەوە : چارەنوسی حیزب و بنەماڵەکەی ببەستێتەوە بەچارەنوسی کوردستان و خەڵکی کوردستانەوە.

دەبێ بزانرێ:

قروسکە قروسك، گریان و فیغان، پاڕانەوەو لالانەوە، سەرهەڵگرتن و هەڵبژاردنی ژیانی پەناهندەیی، لەمە زیاتر بۆ خەڵك ناچێتە سەر، ژیانی خۆش و

مورەفەهیش لەسایەی گەندەڵکاری و بێدادی و ململانێی حیزبیدا، بۆ باقیەکەی ناچێتە سەر!

*لەگەڵ داوای لێبوردن لەخەڵکی کوردستان بۆ ناونیشانی وتارەکەو بەکارهێنانی دەستەواژەی (قروسکە قروسك، سەگەل).

2015 / 9 / 11

.........................

# ئەمە بڕوای ئەمڕۆم نییە

هەمیشە دو ڕێگا هەیە بەرەو گۆڕانکاری:

*ڕێگای عەقڵ

*ڕێگای هێز

هەن زۆرتر بڕوایان بەڕێگای یەکەم هەیە، دەڵێن : عەقڵ باشتر گوژم دەداتە پرۆسەی گۆڕانکاری، هەن زۆرتر بڕوایان بەڕێگای دوەم هەیە، دەڵێن : هێز باشتر گوژم دەداتە پرۆسەی گۆڕانکاری.

من زۆرتر بڕوام بەڕێگای یەکەم هەیە، پێم وایە ئەو گۆڕانکارییەی عەقڵ گوژمی پێدەدا، سەرکەوتوتر، پایەدارترو پڕدەسکەوتترە لەو گۆڕانکارییەی هێز گوژمی پێدەدا.

تەنها تەماشای دو نمونەی خۆماڵی بکەین:

*ڕاپەڕینی 1991 ی خەڵك - وەکو نمونە بۆ ئاڵوگۆڕ لەڕێی هێزەوە...

*ڕاپەڕینەکەی فاروقی مەلا مستەفا (دامەزراندنی مۆبایل و ئینتەرنێت) - وەکو نمونە بۆ ئاڵوگۆڕ لەڕێی عەقڵەوە...

+کامیان گۆڕانکاریی زۆرترو چەسپاوتریان بەدوای خۆیاندا هێنا؟

ئەمە بڕوای ئەمڕۆم نییە، بۆ ئەمڕۆم نییە، بڕوای چەندین ساڵ پێش ئێستامە، بۆ هەمو کات و سەردەمێکمە، تەنها ئەوەیە هەوڵمدا بەبۆنەی کێشمەکێشە پەرلەمانیەکەی ئەمدواییەوە لەڕێی وردە نوسینەوە کەمێ تۆختری بکەمەوە.

2015 / 8 / 30

...............................

# جوتياربين

هەمومان گەنجی لەمجۆرەمان بینیوەو ناسیوە : لەباسی ژنهێناندا نققەی لەخۆی بڕیوە، درێژەی بەكارو كەسابەتی خۆی داوە، خانو، سەیارە، دوكان و دەستمایەی باشی پێكەوە ناوە، ئەمجا ئیتر چاوی بۆ كچێكی باش گێڕاوەو هێناویەتی...

چاكسازی لەكۆمەڵگەو سیستمی حكومڕانیدا پێویستی بەپلانێكی وەكو پلانی ئەو گەنجەیە، دەبێ لەژێرەوە پێدابێین، لەچاككردنی كەرتە جۆراوجۆرەكانەوە : وزە، تەندروستی، خوێندنی باڵا، پەروەردە، كشتوكاڵ و.... هتد، بەپرس و راوێژ لەگەڵ خەڵكی پسپۆڕ، تا دەگاتە سەری سەرەوە (ئەوسا چی ئاسانە؟ ژنهێنان!(.

لای ئێمە بەپێچەوانەوەیە، لەژێرەوە كرم تێیداوین، بەهیواین لەسەری سەرەوە پێدا بێینە خوارەوە، هەموان ململانێمانە لەسەر كورسیی یەكەم بەو هیوایەی فرسەتمان دەسكەوێ لەسەرڕا پێدابێین، وەكو ئەوەی كورسیی یەكەم موبیدی حەشەراتبێ و لەگەڵ كەوتە دەستمان بتوانین گەندەڵیی پێ بنەبڕ بكەین!

ئەم پلانە، هێندەیتر دەمانبا بەناخی ئەو كەلتورە (سیاسی - كۆمەڵایەتی)یە خراپەدا كە ئێستا كۆمەڵگەكەمان و كورسیی یەكەممانی تێگیراوە! رەنگە لەكۆتاییشدا چارەسەری بەشێكی چكۆلەی گرفتەكەی پێ نەكرێ و دەسكەوتێكی وای لێ نەكەوێتەوە، لێیشی بكەوێتەوە دەبێ دوبارە كورسیی یەكەمی بۆ بگیرێنرێتەوە زەوی : لەسایەی دیكتاتۆریەتدا بپارێزرێ!

تەماشا بزانە بەهۆی چییەوەیە:

-ئەوەمان كە چاكسازیی بەستۆتەوە بەكورسیی یەكەمەوەو دەستی نایگاتێ و دەكرێ لەجیاتیی كاتبەهەدەردان لەژێرەوە پێدابێ، پێدا نایە!

-ئەوەمان کە کورسیی یەکەمی لەئیختیاردایەو دەتوانێ هیچ نەبێ بۆ پاساودانی مانەوەی خۆی لەحکوم، لەسەرەوە پێدابێ، پێدا نایە!

بەهۆی ئەو کەلتورە (سیاسی - کۆمەڵایەتی)یە خراپەوەیە کە تێوەی گلاوین و نەجاتمان نابێ لێی!

*کورسییەك قاچی چەقیبێتە کەلتورێکی سیاسیی خراپ، لەژێر هەرکەسدابێ، لەهەرشوێن و سەردەمێکدابێ، هەمان سروشتی دەبێ.

*دەبێ کاتی زیاتر بەهەدەر نەدەین بەبیانوی پەندی صینی و کوردەواری، هەوڵدەین زەویی ژێر کورسییەکە زیندوکەینەوە...

2015 / 8 / 27

......................

# کێ چیمان بۆ دەکا!

* بڕێکی زۆر قەبەی داهاتی کوردستان، مانگانە، دەچێتە تەنها چەند سەد ماڵێکەوە، ئەوانیش ماڵی خانەنشینە پلە باڵاکانن، لەگەڵ ماڵی پلە باڵاکانی ئێستای ناو وەزیفە کە ئەوانیش بەڕێوەن بەرەو خانەنشینی و بریتین لە : ئەندام مەکتەب سیاسیی حیزب، ئەندام سەرکردایەتی، وەزیر، پەرلەمانتار، سەرۆکوەزیرو جێگر سەرۆکوەزیرو راوێژکارەکانیان و...... هتد!

چش لەموچەی قەبەی پلە باڵاکانی ناو حکومەت تا ئەوکاتەی لەوەزیفەدابون و هەن، بەڵام دوای وەزیفە، بۆ؟ ئەی پلە باڵاکانی ناو حیزب، بۆ؟ چ کاتی کارایی و چ کاتی خانەنشینییان؟ خۆ ئەوان هینی حیزبن نەك حکومەت! چ نیشتیمانپەروەرییەك لەو بێدادییەدا هەیە؟ بەلای کێوە ئاساییە داهاتی نەتەوەیی وڵاتێ، نیو بەنیو، یان شەست بەچل، تەنانەت سی بەحەفتاش، بەسەر خەڵکدا دابەش بکرێ : زۆرەکەی بۆ کەمەکەی، کەمەکەی بۆ زۆرەکەی؟!

* هەر بەرەیەك لە دو بەرەکەی ئێستا (بەرەی پەرلەمان و بەرەی سەرۆکایەتی) بەدوای ژیانی خەڵکەوەیە، با ئەو ناعەدالەتییە چارەسەرکا!

* دڵنیابن هیچ ئاڵوگۆڕێ (لەشەخسی سەرۆك و دەسەڵاتەکانیدا) ئەوەندەی چارەسەرکردنی ئەو ناعەدالەتییە خەڵك دڵخۆش ناکا!

* دڵنییابن :

- گرێی دڵی خەڵك بەهۆی ناعەدالەتییەوەیە!
- کێشەی خەڵك کۆمەڵاتییە بەرلەوەی سیاسیبێ!
- کێشەی خەڵك ئەوە نییە کێ سەرۆکەو چەند ساڵە سەرۆکەو بۆچی دەستبەرداری کورسیەکەی نابێ، بەڵکو ئەوەیە : کێ چییان بۆ دەکا؟!

ئایا دیموکراتیش بۆ ئەوە نییە فرسەت بڕەخسێ کەسی باشترو عەقڵییەتی باشتر بەپلانی باشترەوە بێنە پێشەوە بۆ خزمەتی خەڵك؟

دەی با بزانین کێ چیمان بۆ دەکا! حکومەتی ئێستا یان حکومەتی دوای ئەو! کێ دەستی هێناوەتە رێی کێ؟ کێ کاری باشی لەسەر خۆی تاپۆ کردوەو بەشی

کەسیتری نەهێشتۆتەوە؟ ئایا هەردو بەرە (بەرەی پەرلەمان و بەرەی سەرۆکایەتی) هەردو هەر خەڵکی ئەم وڵاتە نین؟ پەروەردەی هەمان کەلتوری سیاسی نین؟ کێیان خوا دروستی کردوە بۆ گەندەڵی و کێیان خوا دروستی کردوە بۆ خزمەتی خەڵك؟ هەردو لایان خەریکی سیاسەت نین، بۆ خەڵك و بەناوی خەڵکەوە نادوێن؟

2015 / 8 / 23

.............................

# پێنج حیزبەکە

حەکەمێ لەبەرازیلەوە، یان حەکیمێ لەئەسینای پێش زایینەوە، بهێنین، قەناعەتیان پێبکا:

*خەڵك دەسخەڕۆ نەکەن، کاتیان بەهەدەر نەدەن، مێشك و دڵ و دەرونیان ماندو نەکەن...

*زەخت و زۆر لەیەکتر نەکەن، زەخت و زۆر تەنها هەڵاتهەڵات و فڕك و هوڕو یەکترڕاونانی لێدەکەوێتەوە...

*دەستبەرداری نەریتی حکومڕانیی بنکەفراوان ببن، وازی لێبێنن، ئەگەر نیازی شاردنەوەی شوێنەواری گەندەڵی و خراپەکارییان نییە لەناو قەرەباڵغیدا، ئەگەر نیازی ونکردن و بەشکردنی داهاتی وڵاتیان نییە لەبەینی خۆیاندا...

*مۆدێلی حکومەت و حکومەتی سێبەر تاقیکەنەوە، بزانن ئەگەر دابەش ببن بەسەر دودا (دەسەڵات / ئۆپۆزسیۆن) وەزعیان چۆن دەبێ...

*رێکەون لەسەر دەستاودەستکردنی دەسەڵات، خولاوخولبێ یان دو خول جارێ، ئەگەر دەرەقەت هاتن گزی لەدەنگدەر نەکەن ئەوا بەپێی قەواعیدە باوەکانی دیموکراتی، ئەگەر دەرەقەتیش نەهاتن ئەوا بەتەوافوق...

*بۆ سازان و گەڵاڵەکردنی سازاننامە بەپەلەبن، بەڵام بۆ جێبەجێکردنی خاڵێك و دوان لەخاڵەکانی سازاننامەکەیان، بەتایبەتی ئەگەر هینی ئەوە نەبون پەلەیان تێدا بکرێ، پەلە نەکەن، پێ لەیەکتر نەکەنە پێڵاو...

*بسازێن لەسەر شتێ، هەر شتێکی باش، بۆ نمونە ئەو خاڵانەی سەرەوە، چۆن دەبێ لەنێوانی سەرکردایەتیی سیاسیی یەك میللەتدا، پەك لەخاڵی هاوبەش کەوتبێ بۆ سازان؟

2015 / 8 / 23

# بێئومێدبون

* ئەوانەی دوای کێشمەکێشە پەرلەمانیەکەی ئەمدواییە دڵساردی دایگرتون، مرۆڤە بیرتیژو دوربینەکانی ناو کۆمەڵگە نین، ئەوانەش نین کە رازین لەواقیعەکەو ژیانیان بەدڵی خۆیان وەرچەرخاوە، ئەوانەن کە : بەهیوای ئاڵوگۆڕی سیاسی و ئابوریی گەورە، ماوەی کێشمەکێشەکەیان لەدڵەڕاوکێدا بەسەر برد کە بریتین لە : (هاندەران) و (دەنگدەران)ی حیزبە قەومیەکانی ناو هاوپەیمانیە چوارقۆڵیەکەی بەری پەرلەمان.
دەنگدەرانی حیزبە ئیسلامیەکانی ناو هاوپەیمانیەکەش، لەبەرئەوەی هەر لەبنەڕەتەوە زۆرتر بەهیوای ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی پەروەردەکراون تا ئاڵوگۆڕی سیاسی، لەناو ئەو بارە دەرونییەدا نین!
ئەمە مانای ئەوە نییە دەنگدەرانی حیزبە ئیسلامیەکان نانیشتیمانیترن لەدەنگدەران و هاندەرانی حیزبە قەومیەکان، بەڵکو مانای ئەوەیە : حیزبە قەومیەکان لەماوەی کێشمەکێشەکەدا سەرکێشترو بێباکتربون بەرامبەر بەدەنگدەرانی خۆیان و ئامادەبون دەنگدەری خۆیان لەشاخی زۆر بەرزەوە هەڵدەنە خوارەوە بەدوای ئامانجی نامسۆگەردا، بێگوێدانە ئەنجام!

* ئەگەر رۆژێ، بەپارچە قوماشێکی نمونەوە لەگیرفانتدا، بچیتە دوکانی کوتاڵفرۆشێکی ئاشنات لەبازاڕی زێوەری سلێمانی، داوای بەشی قاتێکی کوردیی لێبکەی لەنمونەکەی گیرفانت، یان دەیبێ و بۆت لێدەکاتەوە، یان نایبێ...
ئەگەر نەیبو، یان ئیزنت دەداو دەڵێ دەستناکەوێ، یان لەشوێنێ شکیدەباو دەڵێ : سبەینێ یان هەفتەیەکیتر ئەم کاتانە وەرەوە بۆی...
مەگەر هەر بەهەڵەدا چوبێ دەنا بەڵێنی نامومکینت ناداتێ، چونکە هەم خۆیی پێ بێمتمانە دەبێ، هەم تۆی پێ دڵشکاو دەبی، لەسیاسەتیشدا دەبێ وابێ...

* احباط : ئەوەیە بتبەنە سەر کانی، نەهێڵن زارت بەر ئاو بکەوێ، بتهێننەوە!
دروستکردنی دۆخی لەوجۆرە لەسەر ئاستی سیاسی، نە کەڵکی دیموکراتی دەگرێ، نە هی حیزب، نە هی کۆمەڵگە!

* لە (هیرۆ هیتۆ)ی ئیمپراتۆری ژاپۆنیان پرسی : دوای تێپەڕبونی تەنها بیست ساڵ بەسەر وێرانکردنی هێرۆشیماو ناکازاکیدا، چۆن و کوێرا توانیتان ئەو هەمو پێشکەوتنە تەکنەلۆجییە لەوڵاتەکەتاندا مسۆگەر بکەن؟
لەوەڵامدا وتی : لەڕێی مامۆستاوە.. دەسەڵاتی قازی و هەیبەتی عەسکەرو موچەی وەزیرمان دا بەمامۆستا، بەرامبەر بەوە، مامۆستا ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆجییە گەورەیەی لەوڵاتدا مسۆگەر کرد....
ئێمە لەکوردستان، فاشیلەکانی بواری خوێندنمان کرد بەهەمەکارەی خۆمان، دەسەڵاتی قازی و هەیبەتی عەسکەرو موچەی وەزیرمان دانێ، بەرامبەر بەوە ئەوانیش ئەوەندەیان خەم بۆ داهێناین، ژیان و خەو و خۆراکیان لێ حەرام کردین...

2015 / 8 / 21

................................

# درزی نێوان قەومیەکان و ئیسلامیەکان

درزی نێوان حیزبە قەومیەکان، حیزبە ئیسلامیەکانی لەیاریچیی گەڕەکەوە کرد بەیاریچیی دیارو گرنگ لەسەر ئاستی هەرێم، ئاساییە، نابێ ئیسلامیەکان لەسەر ئەمە سەرزەنشت بکرێن، رەنگە بەهۆی ئەم سیاسەتی نە شەرقی و نە غەربییەی ئێستای ئەوانەوە هەرێمی کوردستان لەئاگری شەڕێکی موحتەمەل بەیەکجاری یان بۆ ماوەیەکی دور رزگاری بوبێ، ئەم ئەنجامە سەرزەنشت هەڵناگری.

درزی نێوان حیزبە قەومیەکان دەسکردی حیزبە ئیسلامیەکان نییە، بەڵام حیزبە ئیسلامیەکان سودیان لێوەرگرتوە، ئەمە نە تاوانە نە کارێکی نا سیاسی.

حیزبە قەومیەکانیش نەك هەر ویستویانە سود لەدرزی نێوان حیزبە ئیسلامیەکان وەربگرن بەڵکو هەندێجار ویستویانە لەدرزی نەبو درز لەنێوانی ئیسلامیەکاندا بخوڵقێنن و لێی بەهرەمەند بن!

حیزبە ئیسلامیەکان و حیزبە قەومیەکانی هەرێمی کوردستان، هەردولایان وەکو یەکن، هەردولایان پێکهاتون لە : بنکەی جەماوەری، کادرو ئەندام، سەرکردایەتی و کەسی یەکەم، هەردولایان حیزبن و سیاسەت دەکەن.

جیاوازیی نێوانیان لەئاگاییاندایە:

*حیزبە قەومیەکان دوای شەست حەفتا ساڵیش هێشتا پەندو عیبرەتیان لەمێژوە هاوبەشەکەی خۆیان وەرنەگرتوە!

*حیزبە ئیسلامیەکان پەندو عیبرەتیان لەبەهارە عەرەبییە درۆزنەکەش وەرگرتوە کە هێشتا کفنەکەی زەرد نەبوە.

2015 / 8 / 20

..................................

# یەکگرتو ئارداوی مەکەن

* هەر لایەنگرێکی ئەمبەر (بەری پەرلەمان) لەسەرەتای کێشمەکێشە پەرلەمانیەکەی هەرێمەوە بیری بۆ ئەم جۆرە کۆتایی و مانۆڕانە نەچوبێ کە بینیمانن ئەوە نەشارەزابوە!

* ئەگەر بیری بۆیان چوبێ بەڵام وایش هێشتا هەر هیوای لەسەر گەمەکە هەڵچنیبێ ئەوە سیاسی نەبوە، دۆعاخوێن و خوازیاربوە!

* ئەگەر بیری بۆیان چوبێ و هیوای لەسەر گەمەکە هەڵنەچنیبێ بەڵام وایش هەر خۆی کوتابێ بۆ ناوی، ئەوە سەرسەخت بوە، یان حیزبی بوەو خزمەتی پێگەی خۆیی کردوە لەناو گەمەکەدا!

دەنا هەر لەسەرەتاوە مەعلوم بو :-

* تەنها هۆکارێ کە چوار لایەنەکەی لەیەك گرێدابو بریتی بو لەهەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی و چەسپاندنی مادەی شەش لەدەستوردا :

* دوانە قەومیەکەی ناو هاوپەیمانیەکە تەنها ئەوەندەیان لەدوانە دینیەکە دەویست پشتیوانییان بکەن بۆ هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی و گۆڕینی سیستمی سیاسی.

* دوانە دینیەکەش تەنها ئەوەندەیان لەدوانە قەومیەکەی بەرامبەریان دەویست پشتیوانییان بکەن بۆ چەسپاندنی رۆڵی دین لەدەستوردا.

مەعلومە :

* هاوپەیمانییەك لەسەر بنەمایەکی لەوجۆرە، لەهەلومەرجێکی ناسکی وەکو ئەمەی ئێستای کوردستاندا، قابیلی دەستێخستن و شکستپێهێنانە!

ئێستا مەعلومترە :

* چەسپاندنی دین لەدەستوردا، بەپشتیوانیی یەکێتی و گۆڕان بێ یان بەپشتیوانیی پارتی، جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە بەلای ئیسلامیەکانەوە، بەتایبەتی ئەگەر بیری ئەوەمان هەبێ گرەوی ئەوان لەگەڵ دەنگدەری خۆیان هەر لەسەرەتای دەرکەوتنیانەوە تا سەرەتای کێشمەکێشە پەرلەمانیەکەش لەسەر چەسپاندنی

سیستمی پەرلەمانی نەبوە، لەسەر چەسپاندنی دین بوە لەناو سیستمی حکومڕانیدا.. دەی با چەسپاندنی رۆڵی دین لەدەستوردا بەپشتیوانیی یەکێتی و گۆڕان نەبێ و بەپشتیوانیی پارتیبێ، چ جیاوازییەکی هەیە بۆ ئەوان؟ با سیستمی سیاسی لەکوردستاندا پەرلەمانی نەبێ و سەرۆکایەتیبێ، چ جیاوازییەکی هەیە بۆ ئەوان (ئەوانێك کە دیموکراتی پەیوەندیی بەگوتاری سیاسییانەوە نەبوەو نییە)!

2015 / 8 / 19

............................

# ئازابین

دوای کێشمەکێشمە پەرلەمانیەکەی ماوەی رابردو، دەبێ ئازابین ئیعتیراف بکەین
:

* تا ئێستا گفتوگۆو دانوستان نازانین، نە لەناوخۆدا، نە لەهیچ شوێن و بۆنەیەکیتردا!

دەبێ راشکاوانە بیڵێین :

* ئەم جوڵەیەشمان بو بەڕەسید چوە سەر حسابی وڵاتانی ئیقلیمی و زلهێز، ئەوانەی گەمەی سیاسیی ناوچەکە بەڕێوە دەبەن، نەك سەر حسابی دیموکراتیەت و دیبلۆماسیەت.

دەبێ نەیشارینەوەو بیڵێین :

* پاش بەڕێوەچونی کێشمەکێشی ئەمجارە، زیاتر لەجاران، جڵەومان لەدەستی خۆمان دەرچو، کەوتە دەستی دەرەکی.

2015 / 8 / 19

..................................

## هەمو شتێ لەپێناوی دەسەڵاتدا نا

لەهەرێمی باشوری کوردستان، یەکەم خشتی بینای حکومڕانی، خوار دانرا، خواریەکەش لەوەدابو هەر یەکسەر بەحکومەتی شەریکایەتی دەست پێکرا (پەنجا بەپەنجا) کە نەدەبو وابێ، بەڵکو دەبوایە بەتاقیکردنەوەی ئەزمونی (دەسەڵات / ئۆپۆزسیۆن) دەست پێبکرایە، ئەگەر وەها بکرایە رەنگبو تا ئێستا خاوەنی کەلتورێکی تری سیاسی بوینایەو فێری دەستاودەستکردنی دەسەڵات ببوینایە.
هەروەها یەکەم ئەزمونی (ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی)ش، زۆر زو، گیرێندرایەوە هەمان کێشە : کرا بەشەریکەدەسەڵات.
بەو شێوەیە، تا ئێستا نەتوانراوە هەنگاوێکی جدی بنرێ بۆ دامەزراندن و تاقیکردنەوەو چەسپاندنی ئەزمونی (دەسەڵات / ئۆپۆزسیۆن) کە رەنگبو بەمروری زەمەن بیتوانیایە ببێتە بەردی بناغەی ژیان و سیستم و کەلتورێکی سیاسیی جیاوازو باشتر لەمەی ئەمڕۆ .

یەکێتی و پارتی، دەبوایە لەسەرەتای راپەڕینەوە گەمەی سیاسی بەمجۆرە بەڕێوە ببەن :
* جارێك ئەمیان حکومەت، ئەویان حکومەتی سێبەر (ئۆپۆزسیۆن)، جارەکەیتر بەپێچەوانەوە (جا بەتەوافوق و سازان بوایە یان هەر بەپێی رێوشوێنە سیاسیە تەقلیدیەکانی گەمەی دیموکراتی).
ئەمە روی نەدا، بەڵام دەبوایە لەدوای 2009 وە روبدا :
* جارێك یەکێتی و پارتی (یان بەتەنیا یەکێکیان) حکومەت، گۆڕان و ئەوانیتر حکومەتی سێبەر (ئۆپۆزسۆن)، جارەکەیتر بەپێچەوانەوە.
ئەمەیان رویدا (گۆڕان خولێك ئۆپۆزسیۆنبو) بەڵام درێژەی نەکێشا، ئەوەبو دوبارە بۆشاییە زەقەکە لەپرۆسەی سیاسیدا دروست بۆوەو هەموان خزانەوە ناو کەلتورە سیاسیەکەی پێشو : دەستەودامەنی حکومەتی شەراکەت یان بنکەفراوان بونەوە.

بەو شێوەیە، ئەو تاقە فرسەتی نوێبونەوەیەی لەدوای ئەو هەمو ساڵە بۆ سیاسەتی کوردی هەڵکەوت، پەکخرا، ئۆباڵەکەشی لەئەستۆی هەموانە پێکەوە.
بێگومان ئۆپۆزسیۆن بۆ ئەوە ئۆپۆزسیۆن نییە هەتا هەتایە ئۆپۆزسیۆنبێ و چەقەیبێ، بۆ ئەوە ئۆپۆزسیۆنە لەڕێی رەخنەکردن و چاودێریکردنی دەسەڵاتەوە زەمینەی حکومڕانی بۆ خۆی بڕەخسێنێ و لەنۆرە حکومڕانیی خۆیدا هەوڵی جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانە بدا کە بەجەماوەریان دەدا، جا یان سەرکەوتو دەبێ یان نا، بەڵام مەرج نییە دوای بەڕێوەبردنی یەك هەڵمەت و دو هەڵمەتی هەڵبژاردنی گشتی یەکسەر بگاتە کورسیی حوکم، کە نەشگەیشت نابێ بێئومێد ببێ و خێرا ببێتەوە بەشەریکەحکومڕان لەحکومەتێکدا بەتەنیشتی هێزگەلێکی سیاسییەوە کە خۆی لەسەر رەخنەکردنی ئەوان دروستبوە، بەتایبەتی لەهەلومەرجێکی سیاسیی وەکو ئەمەی هەرێمەکەی ئێمەدا.

لەهەرێمی کوردستان، هەقوایە هەوڵدان بۆ چەسپاندنی کەلتوری (حکومەت و حکومەتی سێبەر) بەئەندازەی هەوڵدان بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات، لەلای ئۆپۆزسیۆن (هەر ئۆپۆزسیۆنێ) بایەخی هەبێ، بۆ ئەوەی ئەگەر نەشیتوانی زوبەزو بگاتە دەسەڵات، بتوانێ لەماوەی ساڵانی ئۆپۆزسیۆنبونیدا بەشداریی راستەقینە لەچەسپاندنی کەلتورێکی سیاسیی مۆدێرندا بکا، وەکو ئۆپۆزسیۆنی وڵاتانی دەوروپشتمان (بۆ نمونە ئێرانی ئیسلامی، تورکیا) کە لەچوارچێوەی دەستوری وڵاتدا ساڵەهایە هەڵدەسوڕێن و بەشداری لەپێشخستنی کەلتوری سیاسیی وڵاتەکانیاندا دەکەن، ئەگەرچی رەنگە یەکێ لەگرنگترین ئامانجەکانیشیان بریتی بوبێ لەگۆڕینی خودی دەستورەکە!

حیزبەکانی هەرێمی کوردستان، ئەوانەی هەر یەکسەر پاش راپەڕین، یان ساڵانی دواتر، بەتوندی ئاڵانە ململانێی حکومڕانی...
* بەزەخت و زۆری ناعەقڵانیانەی ئێستاو رابردویانەوە لەسەر یەکتر
* بەکەمتەرخەمیی ئێستاو رابردویانەوە دەرهەق بەئێستاو ئایندەی خەڵکی کوردستان

* بەهەڵەی قورسی ئێستاو رابردویانەوە لەبواری حکومڕانی و سیاسەتکردندا پێناچێ پێشبینیی ئەوەیان کردبێ ئەزمونی خۆحکومڕانی لەهەرێمەکەدا تا ئەمڕۆ تەمەن دەکاو بەشی ئەوە کات لەبەردەمدا دەبێ دەستاودەستی دەسەڵات و کێبەرکێی شەریفانەی تێدا بکەن.

ئەو هەمو راکەڕاك و هەڵاتهەڵاتەیان بەتاریکیدا، بەهیوای پەیداکردنی روناکی نەبوەو نییە! ئەو هەمو کەمسیکڵدانۆچکەیی و تەنگەنەفەسی و نالێبوردەییەی ئێستاو رابردوی ئەندامانی دیارو نادیار، باڵاو ناباڵایان، لەسیاسەتمەدارانێ ناوەشێتەوە ئامانجیان مسۆگەرکردنی ئایندەی کۆمەڵگە بوبێ و چاویان لەسەر نوقتەیەکی دور بوبێ.

ئێستاش پێدەچێ پێیان وابێ عومری درێژی خۆحکومڕانی لەهەرێمی کوردستاندا بریتییە لەدو ساڵی نیمچە مەعلوم و چەند دانە رۆژ یان مانگ یان ساڵێکی تری نامەعلوم و هیچیکە، چ ئەوەیان کە داوای دو ساڵیتر مۆڵەتی حکومڕانی دەکا، چ ئەوەیان کە داواکە قەبوڵ ناکا!

2015 / 8 / 13

....................................

# دیموکرات و نادیموکرات

ئەوەندە ساڵ بەر لەئێستا، کە دەسەڵاتی لۆکاڵی لەهەرێمی باشوری کوردستان دامەزرا، لەسەر شانی دو حیزبی ناکۆك (نەك رکابەر!)، بەشەریکایەتی دامەزرا.
هیچ کام لەو دو حیزبە ناکۆکە، تا ئێستا، نە بەشەڕ، نە بەقونەشەڕ، نەیتوانیوە ئەویتر لەپرۆسەی حکومڕانی بکاتە دەرەوە، نەشیان توانیوە رێکەون ململانێی نێوانیان بخەن بەبارێکی شایستەداو پێکەوە گەمەکە لەبەینی خۆیاندا بەشێوەیەکی مەدەنی ببەن بەڕێوە :
* خولێك یەکێکیان ئۆپۆزسیۆنبێ و ئەویتریان دەسەڵات، خولەکەیتر بەپێچەوانەوە!
جاروبار بەگاڵتەوە لەسەر ئەملایەن و ئەولایەنیان کردوە لەگەمەی حکومڕانیدا، بەڵام نەیانتوانیوە تەنانەت بەگاڵتەشەوە، رۆڵی (دەسەڵات / ئۆپۆزسیۆن) لەنێوانی خۆیاندا دابەشکەن، ئەوەبو زەمینە رەخسا لەتێك لەلایەکیان بۆوە، گەشەی کردو بو بەحیزب و رۆڵی ئۆپۆزسیۆنبونی بۆ خۆی هەڵبژارد، بەڵام ئەویش نەیتوانی وەکو کاراکتەرێکی تازەی دەرەوەی ململانێ کۆنەکە، لەناو واقعی سیاسیدا خۆی وێنا بکا، هەر زو، خۆی گلاندەوە گەمەی شەریکایەتی و خزایەوە ناو کەلتورە سیاسییەکەی پێشو، سەر بای بەرەکۆن، ئەو بەرەیەی کاراکتەرە سەرکیەکانی خۆی بەشداریی تەواویان لەچنینیدا کردبو، ئەگەرچی رەنگە لێیشی مەعلوم بوبێ ئەم رێگایەی دەیگرێتەبەر هەر بەرەو بانەیە، نەك بەرەو ئاقارێکی نوێ و شارێکی تازە.
مەحاڵە بتوانرێ بەو شێوەیەی دەیبینین گوژمی نوێ بەپرۆسەی سیاسی بدرێ، تەنانەت لەژێر ناونیشانی یاسا‌سەروەری و دیموکراتی و ئەو شتانەدا، بەجۆرێ کە ئاسانبێ :

* لایەنێك بێ و بڵێ : خواحافیز خەڵکینە، وا من جێمهێشت، خولی حکومڕانیی خۆمم تەواوکرد!
* لایەنێکیتر بێ و بڵێ : سەلاموعەلیکوم خەڵکینە وا من هاتمە خزمەتتان، بوم بەحاکمتان!
تەنها لەبەرئەوە نا کە ئۆپۆزسیۆن گلایەوە گەمەی شەریکایەتی و چۆوە سەر بای بەرە کۆن، بەڵکو لەبەرئەوەش کە زۆربەی کاراکتەرە سیاسیەکانی ناو گەمە سیاسیەکەی ئێستا، هەر هەمان کاراکتەری سیاسین کە ساڵەهای ساڵە بەخۆشی و بەناخۆشی، لەگەڵ یەکتر لەململانێدان و خەریکی بوغزاندنی یەکترن!
ململانێی سیاسیی ئێستا، ئەگەر لەنێوان دو لایەنی سیاسیی تازە، یان لەنێوان کۆمەڵە کاراکتەرێکی سیاسیی تازە، یاخود لەنێوان پێرێکی تازەو یەکێ لەپێرە کۆنەکەدا بوایە، رەنگبو وەکو ململانێیەکی سیاسیی تازەی نێوان (کۆن و نوێ، دیموکرات و نادیموکرات) بکەوتایەتە بەرچاو و کەمتازۆر ئاکامێکی ئیجابیی هەبوایە، بەڵام لەبەرئەوەی کاراکتەرە سیاسییە سەرەکیەکانی ناوی، هەر هەمان کاراکتەری پێشون، نەیتوانیوە بەتەواوی وەکو ململانێیەکی لەوچەشنە بکەوێتە بەرچاو، بەتایبەتی بەرچاوی لایەنەکانی ناو خودی ململانێکە، هەر لەبەرئەوەشە بەو زبرییە بەڕیوە دەچێ و شەرم و شکۆی تیا خراوەتە لاوە!

*ململانێی سیاسی لەهەرێمی کوردستان، تا ئێستا لەنێوان یەك نەوەدا بوە (نەوەی شۆڕش)، نەك نەوەی شۆڕش و نەوەی دوای شۆڕش، نەوەی دوای شۆڕش لەناو ئەو ململانێیەدا تا ئێستا قوربانی بوە نەك لایەن.
*نەوەی دوای شۆڕش، تا کاتێ کە دەتوانێ بەکردەوە ببێتە لایەن، چاری ئەوەیە لەمە زیاتر خۆی نەکاتە قوربانی لەناو ئەو ململانێیەدا، لەمەش زیاتر گوژمی پێ نەداو نەبێتە یارمەتیدەر بۆ درێژەکێشانی، لێیگەڕێ بۆ خوا، یان بۆ وڵاتانی ئیقلیمی، یان بۆ نەوەی شۆڕش خۆی.

2015 / 8 / -

..............................

# دیموکراتی کەلتورە جێدەکرێتەوە شەڕ نیە بسەپێنرێ

هەر کەسێکی ئاگا تەماشای کێشمەکێشمی ئەمجارەی نێوان لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی باشوری کوردستان بکا تێدەگا کە : کێشمەکێشمی ئەمجارە، لەکێشمەکێشمی شەش حەوت ساڵی رابردوی نێوانیان، توندترە، وێڕای ئەوەی تا ئێستا خوێنی تێدا نەڕژاوە، تێشدەگا کە : لایەنە سیاسیەکان بۆیە ئەمجارە بەم ئەندازەیەی ئێستا لەئاستی یەکتریدا توندو رادیکالن چونکە پێیان وایە زەمینەی شەڕی ناوخۆ لەبارچوەو هیچ لایە کارتی هەڵگیرسانەوەی شەڕی بەدەستەوە نەماوە.

شەش حەوت ساڵی رابردو کێشمەکێش هەبو، رەواش بو، خوێنیشی تێدا رژا، بەڵام لایەنە سیاسیەکان بەم ئەندازەیەی ئێستا لەئاستی یەکتریدا توندو رادیکال نەبون، چونکە پێیان وابو زەمینەی شەڕی ناوخۆ هێشتا لەئارادایە، ئەوەبو بینیمان دواجار لەژێر هەڕەشەی ئەگەری شەڕی ناوخۆدا وردە وردە کێشمەکێشەکەیان خاوکردەوەو لەکۆتاییدا پێکەوە شانیاندایە ژێر پرۆسەی سیاسی و حکومڕانی، وێڕای رژانی خوێنیش لەنێواندا.

بەڵام بەڕاست : ئێستا ئیتر بەتەواوی زەمینەی هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆ لەبارچوەو دەکرێ تاکۆتایی کێشمەکشەکە خاو نەکرێتەوەو بەم توندییەی ئێستا درێژەی پێ بدرێ؟ ئەی ئەگەر وا دەرنەچو؟ ئەی ئەگەر قەوما؟ کێ ئۆباڵەکەی دەگرێتە ئەستۆ؟ دیسانەوە هەر لایەنەو دەکەوێتە پاساو هێنانەوە بۆ لەکۆڵخۆکردنەوەی ئۆباڵەکەی و رەوایەتیدان بەو سیاسەتەی هەڵینا بۆ ناوی؟ بەڕاست : هیچ پاساوێك هەیە بۆ شەڕێکی تری ناوخۆ؟ یان هیچ پاساوێك هەیە قەناعەت بەخەڵکی کوردستان بکا کە : شەڕی پێشوی ناوخۆ دەبوایە بکرێ؟

گریمان لێکدانەوەی ئەوانەی دەڵێن : شەڕی ناوخۆ لەڕێدا نەماوەو توندهاژوشتنی ئەمجارە شەڕی لێناکەوێتەوە، راست دەرچو، بەڵام ئایا ئەگەری دابەشبونەوەی هەرێمەکەش (لەئەنجامی توندهاژوشتن) هەر لەڕێدا نەماوە؟ ئەی ئەگەر وا دەرنەچو؟ ئەی ئەگەر دوبارە دابەشبۆوە بۆ کانتۆناتی چکۆلە چکۆلەی لێکقاچاخی لێکترازاوی وەکو ئەوانەی سالآنی نەوەتەکان؟ کارێکی باشە؟ ئایا ئیدارە

نایەکانگیرو سەربەخۆکانی پێشو (هەڵەبجە، سلێمانی، هەولێر) نمونەی حکومڕانیی باشبون؟ گەندەڵییان تێدا نەبو؟ بێدادییان نابوە چاڵ؟ واقعی کۆمەڵایەتییان تێدا لنگەوقوچ نەکرابۆوە؟ ئایا هەرێمێکی چەند ملیۆن حەشیمەتی، لەژێر چاودێریی ئەو هەمو حیزب و رۆژنامەو سۆشیال میدیا ئازادەدا، نەتوانێ رێگای راستی حکومڕانی و دیموکراتی بدۆزێتەوە، لەتلەتکردن و دابەشکردنی بۆ کانتۆناتی چکۆلە چکۆلەی ناتەبا یان تەباو سپاردنی هەر کانتۆنە بەیەکلایەن و دولایەنی سیاسی، فرسەتی دۆزینەوەی رێگای راستی حکومڕانی و دیموکراتیی بۆ دەڕەخسێنێ؟ ئەگەر ئا ئەی بۆچی ئەزمونی فرەئیدارەیی سالآنی نەوەتەکان لەکۆتاییدا نەیبردەوە سەر ئەو رێگا راستە؟ ئەزمونێکی نیوەوناچڵ بو، هێشتا سوڕی خۆیی تەواو نەکردبو بۆیە نەبوە بەردەباز بۆ پەڕاندنەوەی؟ ئەگەر ئا کەواتە (الی الوراء در) هەرلایەنە بەرەو کەرکوك، سلێمانی، هەولێر، ئەسیناو دەوڵەتشاری خۆی! ئەم توندهاژوشتنە پێدەچێ بیرکردنەوەیەکی وەهای لەپشتەوەبێ، هەر ئەوەشی لێدەکەوێتەوە ئەگەر شەڕی ناوخۆیشی لێ نەکەوێتەوە.

ئەوانەی بەدوای چەسپاندنی دیموکراتییەوەن، دەزانن، یان دەبێ بزانن :

* دیموکراتی هەڵوێستێکی سیاسی یان سەربازی نییە، بەزەخت و زۆری تەوافوقاتی سیاسی، یان بەشەڕ، یەکلایی بکرێتەوەو بسەپێنرێ بەسەر نەیارانیدا، بەڵکو کەلتورە، پێویستی بەریشەدارکردنە لەکۆمەڵگەدا.

ئەوانەشی لەگەڵ دیموکراتی ناکۆکن و قازانج لەچەسپاندنیدا نابینن، دەزانن، یان دەبێ بزانن :

* هەڕەشەی سەربازی ناتوانێ تا سەر ببێتە بەربەست لەبەردەم تەشەنەکردنی مەیلی دیموکراتی لەکۆمەڵگەدا.

2015 / 8 / 8

........................

# تەنانەت لەڕوی بەکارهێنانی ئاودەسخانەشەوە*

وڵاتانی ناوچە تا ئەمڕۆ ئامادە نەبون پێکەوە بچنە گەلەکۆمەکێیەکی راستەقینەوە لەداعش.

مەعلومە (هەندێکیشیان بەئاشکرا وتویانە) : گەلەکۆمەکێ لەکورد، پێشهەنگاوێکی جدی دەبو بەرەو گەلەکۆمەکێ لەداعش.

بەڵام گەلەکۆمەکێ لەکورد (وەکو پێشهەنگاو) بەرەو گەلەکۆمەکێ لەداعش، بۆچی بەم ئەندازەیە دواکەوت، لەکاتێکدا ئاسانترین شت بۆ وڵاتانی ناوچە خۆرێکخستنبو بۆ گەلەکۆمەکێ لەکورد، وەکو ئەوەی لەڕابردوی دورو نزیکدا لێیان بینراوە؟

بەبڕوای سادەی من:

*قوڵبونەوەی ململانێی شیعەو سوننە لەناوچەکەدا لەسەردەستی ئێران و سعودییە، هۆیەکی سەرەکی بو بۆ دواکەوتنی گەلەکۆمەکێی نوێ لەکوردو پێهەڵگرتن بەرەو گەلەکۆمەکێیەکی راستەقینە لەداعش.

*ئەگەر رێکەوتنی نێوان ئێران و رۆژئاوا رێکەوتنی نێوان ئێران و وڵاتانی ناوچەی بەدوادابێ و لەئەنجامدا ململانێی نێوان شیعەو سوننە بەرەو کاڵبونەوە بچێ ئەوا رەنگە سەردەمی دوای ئەوە سەردەمی گەلەکۆمەکێی نوێی وڵاتانی ناوچەبێ لەکورد.

*لەسەردەمێکی وەهادا:

-دەبێ کورد، هەمو کورد، بەتایبەتی لەهەرێمی باشوری کوردستان، بەمەبەستی دۆزینەوەی رێگایەکی باشتری سیاسەتکردن، سەرلەبەر بەکاروکردەوەی خۆیدا بچێتەوە، لەهەمو رویەکەوە، تەنانەت لەڕوی بەکارهێنانی ئاودەسخانەشەوە* .

تێبینی : ئەو دەستەواژەیەی نیشانەی * لەسەر دانراوە، هینی هاوڕێی نوسەرم (مالك مسلماوي)یە.

2015 / 7 / 25

# دەبێ بیر لەنوێكردنەوەی گوتاری دینی نەكرێتەوە بەڵكو بیر لەگوتارێكی دینیی نوێ بكرێتەوە

لەوتارێكدا بۆ رۆژنامەی شرق الاوسط بەم ناونیشانە : گوتارێكی دینیی نوێ نەك نوێكردنەوەی دواكەوتویی (خطابديني جديد وليس تحديث التخلف) نوسەری ناسراوی میسری مأمون فندي پێشنیار دەكا چیتر بیر لەنوێكردنەوەی گوتاری دینی نەكرێتەوە، بەڵكو بیر لەداهێنانی گوتارێكی دینیی نوێ بكرێتەوە.

بێگومان جیاوازیی نێوان ئەو دوانە :

* نوێكردنەوەی گوتاری دینی

* گوتارێكی دینیی نوێ

بەوجۆرەی نوسەری ناوبراو پێشنیاری دەكا، زۆر زۆرە!

لەیەكەمیاندا نوێكردنەوە دەبێ لەچوارچێوەی دینەكە نەترازێ، بەڵام لەدوەمیاندا كە ئەو پێداگیریی جددیی لەسەر دەكا، هیچ وابەستەییەك بەدینەكەوە لەئارادا نامێنێ بەڵكو دەگاتە ئاستی داهێنانی دینێكی نوێ!

ئەم پێشنیارەی مأمون فندي ئەگەر نوسەرێكی كورد، لەوتارێكدا بۆ رۆژنامەی كوردستانی نوێ و هەولێرو روداو بیكا، دەتوانرێ بەپێی بەندە تایبەت بەئاینەكەی كە ئیسلامیەكان دەیانەوێ بیخننە ناو دەستوری هەرێمی كوردستانەوە، بدرێتە دادگا، كەچی ئەو لەرۆژنامەیەكی پڕخوێنەری گەورەدا دەیكا، بەبەرچاوی هەمو جیهانی ئیسلامییەوە، كەسیش نییە نە لەناو ئیسلامیەكانی لای ئێمە نە لەناو ئیسلامیەكانی لای خۆیان بتوانێ بەبیانوی بانگەشە بۆ پێچپێكردنەوەی دین بیداتە دادگا!

تەماشا كابرا دەڵێ چی :

* لەجیهانی عەرەبیدا فیكرەی نوێكردنەوەی گوتاری دینی برەوی سەندوە، بەڵام ئەوەی ناوچەكەمان پێویستی پێیەتی بریتییە لە گوتارێكی دینیی نوێ نەك نوێكردنەوەی كۆنەكە!

* پێویستمان بەنوێکردنەوەی گوتارە دینییە کۆنەکە نییە کە بەم رۆژەی گەیاندین، پێویستمان بەگوتارێکی دینیی نوێیە نزیکمان بخاتەوە لەجیهان نەك جیهانمان لێ دور بخاتەوە.
* بۆ تێگەیشتن و توێژینەوە لەئوسوڵی دین، پێویستمان بەگوتارێکی دینیی نوێیە پشت بەنوێخوازی ببەستێ نەك بەکۆنخوازی.
* ئەوەی ئیبن تەیمییەو مەودودی و کەسانیتر نوسیویانە رەنگە بۆ رۆژگارو هەلومەرجی ئەوان گونجاوبوبێ بەڵام بۆ رۆژگاری ئێمە ناگونجێ (نوسەر لەگەڵ ناوهێنانی ناوبراواندا هیچ رەزاو رەحمەتێکی بۆ نەناردون)!
* ئایا ئەم بارودۆخەی تیایدا دەژیین، پێویستی بەنوێکردنەوەی گوتاری دینییە، یان پێویستی بەگوتارێکی نوێیە دابڕابێ لەتوندوتیژیی ناو کەلتورەکەمان؟
* رژێم هەیە بۆ نیازپاکیی ئەو سیاسیانەی بانگەشەی نوێکردنەوەی گوتاری دینی دەکەن، بەڵام ئەمە بەس نییە، چی هەیە بتوانرێ نوێ بکرێتەوە لەکتێبگەلێکی نامەحکەمدا یان لەکتێبگەلێکی زەرددا کە لەسەرەڕێکاندا دەفرۆشرێن؟
* پاشای مەغریب کارێکی چاکی کرد کە بەقانون، کاری سیاسی و دنیایی لەپیاوانی ئاینی قەدەغەکرد.
نوسەر لەکۆتایی وتارەکەیدا دەڵێ :
* قەیرانەکەمان زۆر گەورەترە لەنوێکردنەوەی گوتارێك کە ناگاتە ئاستی مەعریفە، چارەسەری قەیرانەکەمان بەگوتارێکی دینی و سیاسی و کۆمەڵایەتیی نوێ دەست پێدەکا، ئەو بێهودەییەی حکومەتەکان پێی لەسەر دادەگرن لەڕێی وتنەوەو دوپاتکردنەوەی (نوێکردنەوەی گوتاری دینی) بەهیچ وەسف ناکرێ بەم تاقە دەربڕینە نەبێ : هەوڵێکی شکستخواردو بۆ نوێکردنەوەی تەخەللوف!

2015 / 7 / 21

.................................

# ئومێد بەدەرکەوتەی نوێ

بەهیوای ئێرانێکی خۆشگوزەرانی پێپەڵگرتو بەرەو ئازادی لەتەنیشتمانەوە لەکۆتاییدا گفتوگۆ ئەتۆمیەکەی نێوان ئێران و رۆژئاوا، سەری گرت.
ئەم روداوە بۆ هەندێك جێگای دڵخۆشی و بۆ هەندێکیتر وەکو سزای لەسێدارەدان وایە، بۆ نمونە بۆ داعش و سعودییە کە بەتەواوی لەخۆیان بڕابون بۆ خلکردنەوەی ئێران و بەربەرەکانێ لەگەڵ شیعە (هەرچەند دوای رێکەوتنەکەش هەر بەردەوام دەبن لەسەری).
بێگومان ئەگەر رێکەوتنەکەش سەری نەگرتایە ئێران زۆر بەئاسانی بەرەوخوار خل نەدەبۆوە، بەڵام سەرگرتنەکەی نیشانەی ئەوەیە تەواو ئیتر گلۆڵەی تاران تا کاتێکیتر لەلێژیدا نەما، هەروەها نیشانەی ئەوەیە : رۆژئاوا نایەوێ ناوچەکە لەمە زیاتر بەرەو ئاڵۆزی ملبنێ، ئەمانە هەموی هەواڵی خۆشن و ناخۆشیشن، خۆشن بۆ ئەوانەی چاوەڕوانی خێرن لێی و ناخۆشن بۆ ئەوانەی چاوەڕوانی خێر نین لێی!
بەو هیوایەی ئەم روداوە مێژوییە بۆ هەرێمی کوردستان و کوردستانی رۆژهەڵات و هەمو کوردستانیان خێری پێوەبی، بەخۆش بگەڕێ بۆیان، بایسی چەسپاندنی ئاشتیبێ لەنیشتیمانەکەیاندا کە لەناوجەرگەی ناوچە گڕگرتوەکەدایە، بەتایبەتی کە دەزانین یەکێ لەدەرەنجامەکانی ئەم رێکەوتنە بریتی دەبێ لەبوژانەوەی ئابوریی ئێران و دەکرێ (ئەگەر دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بیانەوێ) ئەو بوژانەوە ئابورییە بەشە کوردستانەکەی وڵاتەکەشیان بگرێتەوە، بێگومان بوژانەوەی ئابوری هیچی کەمتر نییە لەبوژانەوەی ئاشتی و ئازادی، بگرە رەنگە رێگایەکی راستەقینەبێ بەرەو ئەو ئاقارە (ئەگەر نەویسترێ ئەنجامەکەی پێچەوانە بکرێتەوە).
بەهیوای ئێرانێکی خۆشگوزەرانی پێپەڵگرتو بەرەو ئازادی، ئێرانێکی بێپەتی سێدارە، بێتەفرەقەی قەومی و مەزهەبی.

ساڵانی لەمەوبەر، لەئێران (هەمان ئەم ئێرانە ئیسلامییەی ئێستا)، ئەگەر دەزگایەکی میدیایی، یان دەزگایەکی توێژینەوەو ڕاپرسی، خەڵکی وڵاتەکەی بخستایەتە بەردەم پرسیارێکی لەمجۆرە:

*لەگەڵدای ئێران پەیوەندیی خۆی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاواو ئەمریکا چاککاتەوە؟

هەر لەسەر ئەوە، بەرپرسەکانی ڕوبەڕوی دادگا دەکرانەوەو ساڵانێکی زۆر دەپەستێنرانە زیندان، ئەمە ڕویداو بینیشمان.

بینیمان کە : ڕۆژنامەنوسان، لەئەنجامی سازدانی ڕاپرسییەکی لەوجۆرە، کرانە زیندان و بەبەرچاوی میللەتەوە (لەڕێی شاشەی تیڤییەوە) دادگایی کران.

ڕۆژنامەنوسی داماو دەیگوت : ئێمە تەنها ڕاپرسی (نظرسنجی) یەکمان ئەنجامداوە، وەڵام دەدرانەوە : نەخێر ئێوە ڕاسازی (نظرسازی) تان کردوە نەك ڕاپرسی (نظرسنجی) و زانیاریی ناوخۆییتان فرۆشتوە بەدوژمن (ئەمریکا(.

ساڵانی لەمەوبەر، لەتورکیا، قسەکردن بەزمانی کوردی تاوانبو، محەممەد ئۆزۆن (ڕۆماننوسی کورد) دەگێڕێتەوە : منداڵبوە، تورکیی نەزانیوە، لەحەوشەی مەکتەبدا بەکوردی قسەی کردوە، مامۆستا لەسەر ئەوە زللەیەکی باشی سرەواندۆتە بناگوێی، پێم وابێ ناردوێتی بەدوای وەلی ئەمریشیدا بۆ سەرزەنشتکردنی لەسەر ئەو مەسەلەیە.

سوریای ساڵانی لەمەوبەر (کە هەر هەمان سوریای ئەسەدی بو) بەهەمان شێوە.

بێینە سەر هەرێمی کوردستانەکەی خۆمان:

ساڵانێ لەمەوبەر (ساڵانێ لەمەوبەری چی، تۆ بڵێ تا پێش قوتبونەوەی داعش) ناکۆکیی حیزبی چۆن یەکلایی دەکرایەوە؟ ئەی ئێستا؟

جیاوازیەکانی ئێستاو ساڵانی لەمەوبەر زۆر زۆرن، لەهەمو ناوچەکەدا، ئەگەرچی هەندێ لەرژێمەکانی حوکم هەر هەمان رژێمی زون.

لێرەوەیە هەندێ کەس (ی وەك من) ئومێد لەسەر دەرکەوتەی نوێ (بۆ نمونە ڕێکەوتنی ئێران / ڕۆژئاوا) هەڵدەچنن.

ڕێکەوتننامەی نێوان (ئێران / ڕۆژئاوا) نەك هەر بۆ هەرێمی کودستان، کوردستانی ڕۆژهەڵات، پارچەکانی تری کوردستان و وڵاتانی عەرەب، بەڵکو بۆ

خودی دەوڵەتی ئێران و ڕۆژئاواو هەرکام لەلایەنە دورو نزیکەکانی تریش، نە هەموی دەبێ بەسودو قازانج، نە هەمویشی دەبێ بەزەرەرو زیان، بەڵکو سودیشی دەبێ و زەرەریش.

بێگومان لەگەڵ باسی هەمو قازانج و زەرەرێکدا، بیری تیرۆرکردنی دەیان سەرکردەی مەزنی گەلەکەمانمان هەیە کە لەلایەن ئێرانەوە، تەنها لەسەر داواکردنی ماف و ئازادی، بەغەدرو ناهەق تیرۆر کران، بەتایبەتی شەهید دکتۆر قاسملو.

2015 / 8 / 14

.............................

# ئێران لەبەردەم گورباچۆڤی خۆیدا

زۆربەی رژێمە سیاسییەکانی دەوروبەرمان پێویستیان بەبیرۆسترۆیکاو گلاسنۆستێکی وەکو ئەوەکەی میخائیل گورباچۆڤە کە دواجار هەڵوەشانەوەی یەکێتیی زۆرەملێی سۆڤیەتیان بەدوای خۆیاندا هێنا.

بیرۆسترۆیکا واتە : دوبارە بنیاتنانەوە، گلاسنۆستیش واتە : شەفافیەت.

گورباچۆڤ لەنۆرە حکومڕانیی خۆیدا (لەساڵی 1985 بەدواوە) ئەم دو سیاسەتەی پەیڕەوکرد بەئومێدی ئەوەی هەندێ ریفۆرمی ئابوری و سیاسی لەوڵاتدا ئەنجام بدا، بەڵام ئەوەی لێکەوتەوە کە لێی کەوتەوە : هەڵوەشانەوەی یەکێتیی زۆرەملێی سۆڤیەت / ساڵی 1991، سەربەخۆیی وڵاتانی بەڵکان، کۆتایی هاتنی جەنگی ساردی نێوان بلۆکی خۆرهەڵات و خۆراوا، روخانی چەندین دیکتاتۆرو هتد.

رەنگە ئەگەر کەسێکی وەکو گورباچۆڤ پەیدا نەبوایە، جەنگی سارد (لەنێوان ئەو دو جیهانە زەبەلاحە پڕچەکە هاوشانەدا : خۆرهەڵات / خۆراوا) بەو ساردییە کۆتایی نەهاتایە، بەڵام پەیدابو و شەڕە ساردەکە بەساردی کۆتایی هات، کۆتایی بەدوجیهانی و دو قوتبیەکەی چەندین دەیەی لەوەوبەریش هات (لانیکەم بەمانا ئایدیۆلۆجیەکەی ).

ئێرانی ئێستاش لەهەمان دۆخی سۆڤیەتی جاراندایە : ئایدیۆلۆجی، زلهێزو ئەتۆمی، لەناو شەڕێکی جدیی ساردا روبەڕوی وڵاتانێکی زلهێز، گۆشەگیرو پڕ قەیران لەناوخۆداو هتد...

وەکو سۆڤیەتیش پێویستی بەکەسێکە لەچەشنی گورباچۆڤ، رۆحساردانە دوریخاتەوە لەشەڕە ساردەکەی : پشتبەستو بەبیرۆسترۆیکاو گلاسنۆستێکی ئێرانی...

رەنگە ئێستا (کە میراتگرە بەهێزەکەی فیکری ئیمام خومەینی پیرو کەنەفت بوەو میراتگرێکی دیکەی بەهێزی وەکو ئەومان لێوە دیار نییە) باشترین کاتبێ بۆ دەرکەوتنی گورباچۆڤەکەی ئەوێ.

2014 / 11 / -

# دین و دەستور

* جێکردنەوەی دین (هەر دینێ) وەکو سەرچاوەی سەرەکیی یاسادانان لەدەستوردا (بەتەوافوقبێ یان تەواطوء)، پاشەکشەیە لەمزگێنیە خۆشەکان، بێئومێدکردنی هەمو ئەو کەسانەیە ئومێدەواربون بەشداریی سیاسیی هێزو لایەنە جیاوازەکان ببێتە هۆی گەشەکردنی دیموکراتی، مەدەنیەت، جیایی دین و دەوڵەت کە خەڵکی کوردستان پێویستیی راستەقینەی بەچەسپاندنیان هەیە لەدەستوردا.
نابێ دەستورێ بەسەر خەڵکدا بتلیسێنرێتەوە کە لەکۆتاییدا بۆ تەفسیرکردنی بڕگەکانی پێویست بەهێنانی مەلاو فەقیهبێ لەسعودییەوە!
دەکرێ (بەڵێ) بۆ دەستورێك بکەین : رێزگرتن لەکەلتوری خەڵکی وڵات بەئاینەکانیشەوە (وەکو بەشێ لەکەلتور) یەکێکبێ لەبنەماکانی، بەڵام دانانی دین بەسەرچاوەی سەرەکیی یاسادانان لەو دەستورەدا، لەجیاتیی دانانی عەقڵ و مەنتق وەکو سەرچاوەی سەرەکیی یاسادانان، تەگەرەدانانە لەڕێی ژیان و ئازادیی ئێستاو داهاتوی خەڵکدا، زەمینەسازییە بۆ دروستردنی تەعاروضی ئەنقەست و جێکردنەوەی مەلاو فەقیهی دینی لەتەفسیرکردنی دەستورو یاسادا، نابێ بەڵێ بۆ دەستورێکی لەوجۆرە بکرێ.
چەندین وڵاتی ئیسلامی لەدیاریکردنی سەرچاوەکانی یاسازیدا تەشریعیان خستۆتە پلەی یەکەم، عورف دوەم، شەریعەی ئیسلامی سێیەم، بەڵام لەوڵاتی ئێمە ئەگەر بدرێ بەمەوە ئەوا هەن دەیانەوێ پرۆسەی یاسازی گرفتاری بیرکردنەوەی فوقەهای دینیی سەدان ساڵ پێش ئێستا بکەن و ئەحکامە زۆر کۆنەکانی ئەوان وەکو سەرچاوەی یەکەمی یاسازی بۆ وڵات دیاری بکەن.. ئەمە هەڵەیەکی مێژوییە نابێ بگیرێتە ئەستۆ.
هیوادارم خەڵکی کوردستان نەبن بەو داوە قانونییەوە، جگە لەعەقڵ و مەنتق و بنەما ئینسانییە جیهانیەکان (کە بەکەڵکی رێکخستنی ژیانی ئاژەڵیش دێن) رێگە نەدەن هیچ شتێکیتر وەکو سەرچاوەی یاسازی لەدەستوردا جێبکرێتەوە.

* لەناوچەیەکدا کە دەیان ساڵ جێی عێراقی صدام، سوریای ئەسەد، لیبیای قەزافی، ئێرانی ئیسلامی، میسری موبارەك و سعودییەی ئال سعودی تیا بوبێتەوەو ببێتەوە، جێی هەرێمی کوردستانەکەی ئێمەشی تیا دەبێتەوەو بۆتەوە (ئەگەر چەندین ساڵی تریش لەسەر نەهجە خراپەکەی بیست و ئەوەندە ساڵ لەمەوبەری بڕوا).

پاش زانینی ئەو راستییەی سەرەوە، ئەگەر گومانمان لەسودو جەدوای ئەو چەندو چونە زۆرە هەبێ کە لەبارەی (سیستمی پەرلەمانی و سیستمی سەرۆکایەتی)یەوە دەکرێ و پێمان باشتربێ هەندێ لەو وزە سیاسییەی لەپێناوی چەسپاندنی سیستمی پەرلەمانیدا بەخەرج دەدرێ، بەخەرج بدرێ بۆ جیاکردنەوەی دین و دەوڵەت لەدەستوردا، ناهەقمانە؟

بەڵام بۆ هیچ لایەنێکی سیاسی ئەو کارە بەجدی ناکا؟ یان سەیرتر لەهەموی : بۆچی تەنها یەك دو لایەن لەسەر جیایی دین و دەوڵەت هەڵبدەنێ؟ ئایا کوردستان لایەنی سیاسیی تری تیا نییە لەسەر بنەمای مەدەنیەت و بانگەشە بۆ ژیانی مەدەنی دامەزرابن؟

تکایە داکۆکی لەمەدەنیەت بکەن و هیچ مەترسن، پێداگیری لەسەر چەسپاندنی دەستورێکی مەدەنی، دەنگی هیچ لایەنێکی سیاسیی پێ نایەتە خوارەوە جگە لەو لایەنانەی کە لەبنەڕەتەوە لەسەر بەڵێنی تێکەڵاوکردنی دین و دەوڵەت دامەزراون.

* صۆلۆن فەقیهێکی یۆنانی بوە لەبواری یاسادا، لەسەدەی شەشەمی پێش زاییندا ژیاوە، لێیان پرسیوە : باشترین دەستور دەبێ چۆنبێ؟

لەوەڵامدا وتویەتی : پێم بڵێن بۆ چ گەل و چ رۆگارێ؟

ئێوە بڵێن:

لەڕۆژگارێکدا کە:

*داعش سەرلەبەری کێشەکانی ژێر بەڕەی (دین)ی هێناوەتە سەر بەڕە...

بۆ کوردستانێك کە:

*تەنها لەماوەی حوکمڕانێتیی حیزبی بەعس و دەسەڵاتدارێتیی داعشدا (بێجگە لەهەرچیەك کە لەزۆر کۆندا گوزەراوە!) چەندین شاری وەکو هەڵەبجەو شەنگال و کۆبانێی لەپەنای (دین)دا لێ شەهید کراوە...

*بۆ گەلێك کە:

هیچی وای لەمیللەتە چاوکراوەو هوشیارەکانی دنیاو ناوچەکە کەمتر نییە...

صۆلۆن چ دەستورێکی بەباش دەزانی:

دەستورێکی مەدەنی یان دەستورێکی (دین)ێنراو؟

2015 / 6 / 22

....................................

# سازان بۆ ١٠ / ١٥ ساڵ نەك بۆ ١٠ / ١٥ رۆژ

نازانم لەحاڵەتی پرسبەخەڵككردندا لەسەدا چەندی خەڵك لەگەڵ سیستمی سەرۆكایەتی و لەسەدا چەندیان لەگەڵ سیستمی پەرلەمانی دەبن، بەڵام دڵنیام ئەگەر سبەینێ سەركردەیەكی قسەڕۆیشتوی ئەو بەرەیەی لەچەند رۆژی رابردودا پێداگیریی لەسەر چەسپاندنی سیستمی پەرلەمانی دەكرد، بێتە سەر شاشە بڵێ :

لەئەنجامی وردتركردنەوەی مەسەلەكە، هەروەها لەبەر خراپیی هەلومەرجی كوردستان، گەیشتینە ئەو قەناعەتەی ماوەی سەرۆكایەتی بۆ سەرۆكی ئێستای هەرێم درێژ بكەینەوەو... هتد!

خەڵك زۆر بەتەنگەوە نابن و ناپرسن ئەوە چییە رودەدا؟ ئەی ئەوەی لەوەوبەر چی بو رویدا؟

بگرە رەنگە هەست بەحەسانەوەش بكەن! تەنانەت رەنگە زۆر بەتەنگەوە نەبن كام لەدو سیستمەكە (پەرلەمانی و سەرۆكایەتی) دەكرێتە بنەمای پرۆسەی سیاسیی لەوەودوا، چونكە ئەگەر ئامانج لەچەسپاندنی (سیستمی پەرلەمانی) ئەوەبێ دەسەڵات دەستاودەست بكاو تاسەر بەدەست لایەنێكەوە نەبێ، ئەوا دەكرێ سیستم پەرلەمانیشبێ، بەڵام دەسەڵاتیش دەستاودەست نەكاو بەردەوامیش بنەماكانی دیموكراتیەت پێشێل بكرێن! ئەی دیموكراتیەتی تەقلیدی رێگایەك نییە بۆ دامەزراندنی دەسەڵات لەسەر بنەمای زۆرینەو كەمینە؟ دەی كەوابێ دەكرێ تا چەندین خولی تریش لەسایەی پرەنسیپی زۆرینەو كەمینەدا دەسەڵات لەلای لایەنێكی دیاریكراو بمێنێتەوەو نەكەوێتە دەست لایەنیتر، با فرسەتی گۆڕینی سەرۆكێ بەسەرۆكێكیتریش لەئارادابێ!

هاوكات لەگەڵ ئەوەدا :

ئەگەر مەبەست لەچەسپاندنی (سیستمی سەرۆكایەتی) ئەوەبێ دەست بەسەقامگیریی هەرێمی كوردستانەوە بگیرێ و بكرێتە خاوەنی سیستمێكی

سیاسیی تۆکمه، ئەوا دەکرێ سیستم سەرۆکایەتیشبێ، بەڵام کوردستان و دەسەڵات و پرۆسەی سیاسی، بەردەوام لەهەڵکێش و داکێش و ناسەقامگیریدابن، چونکە ئاسان نییە (بەتایبەتی لەم سەردەمە بەدواوە) رێگای دەستاودەستکردنی دەسەڵات، حیزبایەتی و بەشداریی سیاسی لەخەڵك بەرتەسك بکرێتەوەو تاکلایەنە (لەژێر ناونیشانی سیستمی سەرۆکایەتیدا) دەست بەسەڵاتەوە بگیرێ.

بەڵام ئەگەر هەردو بەرەی (پەرلەمانیخواز) و (سەرۆکایەتیخواز) ئامانجێکی هاوبەشیان هەبێ، ئامانجە هاوبەشەکە بریتیبێ لە (دەستاودەستکردنی دەسەڵات) و (چەسپاندنی سیستمێکی سیاسیی تۆکمە)، ئەوا دەکرێ سیستم سەرۆکایەتیشبێ و بنەماکانی دیموکراتیەتیش پارێزراوبن و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتیش لەنێوان لایەنەکاندا روبدا، بەم تاقە مەرجە :

* تەبەنیکردنی (تەوافوق / سازان) و رێکەوتن لەسەر خولاوخول دەستاودەستکردنی دەسەڵات (بۆ ماوەی درێژ، یان لانیکەم بۆ قۆناغێکی 10 / 15ساڵی، نەك تەنها بۆ ئەم چەند رۆژەی ئێستا).

ئەمە هەمان رێگایە کە دوای شەڕی ناوخۆ، یەکێتی و پارتیی پێکەوە خستەوە سەر سکە، بەڵام دەکرێ لەو کەموکوڕییانە بەدور بگیرێ کە لەوەوبەر لێی بینراوە.

بێگومان پەیڕەوکردنی دیموکراتیەتێکی راستەقینە، لەهەرێمێکی موتەجانیسی وەکو هەرێمی کوردستاندا، لەو رێگایەی باسکرا باشتر دەبو، ئەگەر دروست مامەڵەی لەگەڵ بکرایەو ئەنجامەکەی قەبوڵ بکرایە.. بەڵام چار چییە؟

2015 / 7 / 14

....................................

# گەندەڵی

* گەندەڵی (كە بریتییە لە هەمو كارو كردەوەیەكی خراپ لەناو كۆمەڵگەو دامودەزگاكانیدا) دەردێكی ئێجگار خراپە.
لەقورئاندا هاتوە :
وإذا أردنا أن نهلك قرية أمرنا مترفيها ففسقوا فيها فحق عليها القول فدمرناها تدميرا

نامەوێ ئایەتەكە تەرجەمە بكەم چونكە وشەی (امرنا)كەی ناوی، لای راڤەكارانی قورئان بەیەك مانا وەرنەگیراوە، بەڵكو بەچەند مانایەك وەرگیراوە وەكو : (اكثرنا، سخرنا، امرنا - بەمیمی موشەددەدو موخەففەفیش)، بێگومان مەبەستی راڤەكاران لەو فرەمانایيە ئەوەیە وا تێنەگەین خوا خۆی فەرمانیداوە كاری فەحشا بكرێ و بیانوی خاپور كردنی شارو دێ بدرێتە دەست.
بەڵام (مترف) ماناكەی رۆشنە، واتە : دەوڵەمەندو خواپێداو.

بەكورتی : هەر كۆمەڵگەو شارو گوندێ، دەوڵەمەندو خوا پێداو و كاربەدەستەكانی لەفسق و فجور (گەندەڵی) نەپرینگانەوە ئەوا حەتمەن رو لەهەلاك و روخانە، جا بەبەردی ناو دەنوكی (تەیری ئەبابیل)بێ یان بەبەردی دەستی مناڵان.

* دادپەروەری رێگایە بەرەو سەربەخۆیی

یەكێك لەپاساوە هەرە سەرەكیەكانی بون و مانەوەی دەسەڵات، بریتییە لەچەسپاندنی (دادپەروەریی كۆمەڵایەتی) لەسەر هەمو ئاستەكان :

خزمەتگوزاری، بژێوی، ئاسایش، و هتد.
پێویستە هەمو میللەت، بەشێوەیەکی دادپەروەرانە، بەشی خۆیی بەرکەوێ لە :
داهاتی نەتەوەیی، ئاسایش، کار، خزمەتگوزاریی تەندروستی و ژینگەیی و خوێندن و هتد.
هەر ئەم دادپەروەرییەیە دەبێتە پاساو بۆ هەبون و مانەوەی سیستمی سیاسی.
لەهەرێمی کوردستاندا ئەم دادپەروەرییە نەچەسپاوە!
نیوە زیاتری ئەو داهاتەی لەڕێی موچەوە دەگەڕێتەوە ناو خەڵك، بەر فیئەیەکی زۆر کەمی خەڵك دەکەوێ، نیوەکەی تری دەچێتەوە باخەڵی زۆرینەکە.
بەشی شێر لەو برە پارەیەی بۆ گەیاندن و پەرەپێدانی خزمەتگوزاری خەرج دەکرێ، تەرخان دەکرێ بۆ پاکڕاگرتن و جوانڕاگرتن و ئاوەدانترکردنەوەی گەڕەکی خواپێداوەکان.
هەرچی مەکتەب و خوێندنگەی نمونەییە لەگەڕەکی دەوڵەمەندەکان و بۆ مناڵانی ئەوان دەکرێتەوە، لەگەڕەکی تریش بکرێتەوە هەر بۆ مناڵی دەوڵەمەندو دەسڕۆیشتوەکانە.
لەهەندێ شوێن، دایەنگاو باخچە ساوایانە حکومیەکان قۆرخکراون بۆ مناڵی دەسڕۆیشتوان.
هەمو ئەم ناعەدالەتییە بەبەرچاوی خەڵك خۆیەوە دەگوزەرێ.
ئەمە نەنگی و لەنگییەکی زۆر ئاشکرایە لەدابەشکردنەوەی داهاتی نەتەوەیی و سیستمی حکومڕانیدا.
خەڵك دەنگی خۆی داوە بەفەرمانڕەوا بۆ ئەوەی فەرمانڕەوا ببێتە حەکەم لەنێوان بەرژەوەندیی چین و توێژەکاندا، نەك بۆ ئەوەی ببێتە خەصم (دژی چینێك، لەبەرژەوەندیی چینێکیتر).
ئەمە هۆکارێکە (لەپاڵ چەندین هۆکاریتردا) ئێستاو سبەینێ و هەتا هەتایە (یانی : هەتا ئەو کاتەی هۆکارەکە خۆی لەئارادایە) دەبێتە رێگر لەبەردەم گەشەکردنی سیستمی حکومڕانی لەکوردستاندا، هەروەها دەبێتە هۆی لاوازکردن و پەژموردەکردنی خەونە لەمێژینەییەکەمان (سەربەخۆیی).

* ناعەدالەتیی کۆمەڵایەتی و داعشیزم

ناعەدالەتیی کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستاندا مەترسییەکی گەورەیە وەکو ئەو مەترسییەی کە داعش خستیە سەر ئاسایشی دەرونی و سیاسی و کۆمەڵایەتیمان!
ئەم ناعەدالەتییە (مەترسییە) لەهەمو لایەکەوە دەوری تەنیوین:
حکومەت (دەسەڵاتی سیاسی) بڕێکی زۆری داهات و بودجە، بەفیڕۆ دەدا (هەندێکی لەکەمالیاتدا، هەندێکی لەکەیف و خۆشیدا، و هتد).
ئیدارە (دەسەڵاتی بەڕێوەبردن) بەشێوەیەکی زۆر ناعادلانە، بڕێکی زۆری داهات و بودجە بەناوی موچەو دەرماڵەوە، دەنێتە گیرفانی چینێکی زۆر کەم (کە پێکهاتوە لە : وەزیرو بریکاری وەزیرو بەڕێوەبەری گشتی و راوێژکار).
پەرلەمان (دەسەڵاتی قانونسازی) لەڕێی پڕۆژە یاساکانیەوە، بڕێکی باشی داهات و بودجەی ناوەتە گیرفانی خۆی و حیزبەکانیەوە.
حیزبیش لەجیاتیی ئەوەی موچەی کادری خۆی لەبودجەکەی خۆی دابین بکا، لەبودجەی حکومەت دابینی کردوە.
بەوجۆرە دەبینین (بەشی شێر) لەداهات و بودجەی هەرێم دەڕوا بۆ دەسەڵات و کەسە دیارەکانی و ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی و حیزبەکانی، بەشە کەمەکەی دەڕژێتەوە گیرفانی عامەی خەڵك و بوارە گشتیەکان، کە دەبوایە رێك بەپێچەوانەوەبێ.
ئەم مەترسییەو ئەو ئەفکارانەشی کە زەمینەی دەرکەوتنی ئەم مەترسییەیان رەخساندوە، نابێ بەکەم بگیرێن، وەك چۆن نابێ داعش و ئەو ئەفکارانەی دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی داعش و داعشیزم، بەکەم بگیرێن!
بێگومان رەنگە بەیەکچواندن و بەیەکگرتنی مەترسیی (ناعەدالەتی) و (داعشیزم) لای هەندێکەس پەسەند نەبێ، بەڵام ئەگەر ئەو هەندە کەسە لێیان مەعلومبێ کە: یەکێك لەهۆکارە هەرە سەرەکیەکانی خەمساردی و دو دڵیی بەشێ لەپێشمەرگە لەروبەڕوبونەوەی داعشدا هەر ئەم ناعەدالەتییەو عەواقیبی ئەم ناعەدالەتییەبو، رەنگە بڕوایان بگۆڕێ.

# شاری خۆ بەقوڕو بەردی خۆ
# قوتی خۆ بەئاردو ئاوی خۆ

دوای روخانی رژێمی بەعس، سوننەی عێراق هیچی وای بۆ نەماوەتەوە، ئەگەر لەمەش زیاتر سەرسەختی بکا، لەکیسی بدا.

بەڵام کوردی عێراق، شتێکی هەیە (ئەگەر نەڵێین زۆر شت) لەحاڵەتی وادا لەکیسی بدا.

بۆیە دەبێ سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان، لەهەر گفتوگۆو ساتوسەودایەکی دیپلۆماتیدا (جا لەگەڵ بەغدابێ یان لەگەڵ چواردەوری بەغدا) ئەم راستییەی لەبیربێ.

راستە سەرسەختیی شیعەی عێراقیش بەرامبەر بەکوردو سوننە، سەرکێشییە بەو فرسەتە مێژوویە گەورەیەوە کە لەدوای ساڵی 2003 وە بۆیان رەخساوە، بەڵام ئەوان بۆیان دەچێتە سەر لەبەرئەوەی خاوەنی پاڵپشتێکی گەورەی وەکو ئێرانن، بەهۆی ئێرانیشەوە خاوەنی دۆستانیتر! تەنانەت رەنگە هەندێجار ناچاربن کەم و زۆر سەرسەختی بەرامبەر بە (ئەمریکا، هەرێمی کوردستان، سوننەو وڵاتانی پشت سوننە) بنوێنن چونکە تازە ئەوان (دیسانەوە بەهۆی ئێرانی دۆستیانەوە) گلاون لەیارییەکی گەورەترەوە، جگە لەمە، بەڕاستی ئێستا ئەوانیش بەهۆی سەرسەختیی زۆریانەوە، شتێکیان نەماوە ناوی دەوڵەتبێ و دڵیان نەیێ سەرکێشیی پێوە بکەن (ئەگەر دەوڵەت بریتیبێ لەجوگرافیایەکی سیاسیی چەسپاوی خاوەن سەروەری).

بەکورتی : پێگەی کورد لەعێراق، وەکو پێگەی سوننە نییە لەوڵاتەکەدا، بۆیە شیاو نییە خۆی بەسوننە بەراورد بکاو بەشوێنپێی ئەودا بڕوا.

هەروەها پێگەی کورد وەکو پێگەی شیعەش نییە، بۆیە شیاو نییە خۆی بەشیعەش بەراورد بکاو بەشوێنپێی ئەودا بڕوا.

کورد، لەم کاتەدا، دەبێ بەجدی لەخۆی بپرسێ :

* بۆچی شیعەیەك كە لە 10 / 12 ساڵی رابردودا بەخیلییان بەهەرێمی كوردستان دەبرد، لەخەونیشیاندا نەبو بتوانن بەچەندین ساڵیتر پێشی بدەنەوە، توانییان لەیەك ساڵ و چەند مانگێكدا گەشەی هەرێمی كوردستان رابوەستێنن و وەها بكەونە بەرچاو كە : توانیویانە پێشی بدەنەوە؟

بێگومان بەهۆی ئەوەوەبو كە : هەولێر لەڕوی ئابورییەوە پاشكۆی بەغدابو و قوتی خەڵكەكەی لەدەستی ئەودابو.

یان : بۆچی سوننەیەك كە هیچ شك نابات لەهیچ ساتوسەودایەكدا بیبەخشێ، توانیی ماوەیەكی باش بمانخاتە سەر فیكی خۆی، ماوەیەكی باش بێ هیچ بەرامبەرێ بمانگلێنێتە كێشەكانی خۆی، بێ هیچ بەرامبەرێ هەولێرمان لەدەست وەربگرێ بۆ بەڕێوەبردنی مانۆڕە سیاسیەكانی خۆی دژی شیعە؟

بێگومان ئەمەشیان هەر بەهۆی پاشكۆیەتیی هەرێمی كوردستانەوەبو بۆ دەرودراوسێی بێبار.

بەڕاستی وەختی ئەوە هاتوە سەركردایەتیی سیاسیی هەرێمی كوردستان راستیەكان بەبیری خۆی بێنێتەوەو رێگایەكیتر هەڵبژێرێ :

لەجیاتیی خۆدەسخەڕۆكردن بەبەڵێنی تورك و عەجەمەوە، لەجیاتیی خۆڕاوەشاندنی بێزەمینە لەگفتوگۆو دانوستاندا، لەجیاتیی خۆتوشكردن بەگەمەیەكی بێفایدەوە لەنێوان (شیعەو سوننەدا)، عەقڵێكی باش لەساتوسەودا دیپلۆماتیەكاندا بەخەرج بدا بۆ دەسخستنەوەی دەرفەت، لەهەر دەرفەتێكیشدا كە دێتەوە دەستی، بكەوێتە بنیاتنانی ماڵی خۆی، بەپشتی خۆی و كەرەستەو توانای خۆی، جا با بزانین ماڵێك كە بەپشتی خۆو تواناو كەرەستەی خۆ بنیات نرابێ، بەم ئەندازەیەی ئێستا لەرزۆك و بەرگەنەگر دەبێ؟!

2015 / 2 / 24

..............................

# بۆچی لەسەرخۆ قۆناغەکە بەڕێ نەکەین؟

سەربارى شەڕى داعش، لەئێستەدا دو شت بەلامەوە جێی داخە :
یەکەم : هەڵوێستی مەتەڵئامێزی ئەنقەرە بەرامبەر بەهەرێمی کوردستان و نەوتە فرۆشراوەکەی و پارەکەی.
دو : دەستەپاچەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەئاست ئەو تەنگژەیەدا کە تێیکەوتوە.
ئەم ئەنجامە خراپە، خەریکە دەمخاتە سەر ئەو بڕوایەی بڵێم :
هەر پارەو پولێك، حکومەتی هەرێم لەبنیاتنانی کەرتی نەوتی کوردستاندا خەرجی کردبێ، وەك ئەوە وایە لەبنیاتنانی کەرتی نەوتی بەصرەدا خەرجی کردبێ! هەر بڕە نەوتێکیش فرۆشتبێتی، وەك ئەوە وایە پارەکەیی خستبێتە صندوقەوە بۆ ڕۆژی ڕەشی بەغدا!
ئەی ئەم قسەیە : (نەوتی عێراق هینی هەمو عێراقیەکانە) کە داود ئۆغلۆ (لەم کێشمە کێشمەی نێوان بەغداو هەولێردا) دەیدا بەگوێی عەبادیدا، چیی تری لێدەخوێنرێتەوە؟
بەڕاستی دەبوایە حکومەتی هەرێم، هەر زو، لەجیاتیی متمانەدان بەتورکیاو خۆتوشکردن بەبنیاتنانی کەرتی نەوتی کوردستانەوە، خەریکی بنایتنانی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیی ناوخۆیی بوایە (وەکو سعودییە : خاوەنی نەوت و خورمایەکی زۆرە، کەچی گامێش بەخێو دەکاو کارگەی شیر دادەنێ)، دەبوایە سەری هیچ بیرە نەوتێکی هەرێمەکەی هەڵنەدایەتەوە،جا یان حکومەتی مەرکەزی خۆی دەهات هەڵیدەدانەوەو بەپارەی خۆی بونیادسازیی تیا دەکردن (مادەم نەوتی عێراق هینی هەمو عێراقیەکانە)! یان نەدەهات و نەوتەکەمان لەژێر خاکی خۆماندا دەمایەوە.. ئەوسا ڕەنگە توشیشمان نەبوایە بەتوشی گێچەڵی بەغداوە لەسەر داهات.
بەدبەختی لەوەدایە :
لەم کاتەدا کە ئێمە ئالاوینەتە کێشەی نەوت لەگەڵ بەغدا، نە کاتەکە جێی

متمانەیە، نە نەوت (خام)ە سیحریەکەی جارانە، نە عێراق دەوڵەتەو نە دەوڵەت خۆی (بەمانا سیاسیەکەی) ئەو گرنگییەی ماوە لەناوچەکەدا.. ئەوەتا بەڕیز دەوڵەت گڕدەگرێ و دەسوتێ، نرخی بەرمیلی نەوت دادەبەزێ بۆ ئاستی نرخی سەرێ قەل نەك سەرێ مەڕ.

ئێستاش نازانم :

خۆلەتەنگژەنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهۆی دۆسییەی نەوتەوە (لەسەروەختی ئەم جەنگە بێسەروبەرەیەدا کە هەرێمەکەمان و زۆربەی ناوچەکەی تەنیوەتەوە)، بەپشتی کێ؟ تورکیا؟ ئەوە تورکیایە کە دەیبینین! ئێران؟ بەتەنکەر لەڕێی قاچاخەوە نەوتەکەمانی لێوە ئاودیوکەین؟ دەبینین ئەویش رێك و پێك، یەك بەیەکی تەنکەرەکانمانی ژماردوەو حسابەکەی خستۆتە بەر دەستی جەنابی عەبادی! ئەی بەپشتی ئەمریکاو ئەوروپا کە هێشتا کەس بەتەواوی لێی مەعلوم نییە جمهوری جلپرتەقاڵیەکانن یان جمهوری جلڕەشەکان؟

کەواتە بۆچی بیرێکیتری لێ نەکەینەوە؟

2015 / 2 / 22

..............................

# یەکسانی و جیاوازیی ژن و پیاو

بۆ ئەوەی باسی یەکسانیی نێوان نێرو مێ باسێکبێ (لەچوارچێوەی خۆیدا) واتە باسێکبێ (لەچوارچێوەی ئەو ئامانجەدا کە فیکرەی یەکسانیی نێوان ژن و پیاوی لەسەر دامەزراوەو بریتییە لە : یەکسانی لەمافدا) گونجاوترە بەپلەی یەکەم لەروانگەی قانونییەوە تاووتوێ بکری، نەك لەڕوانگەی بایۆلۆجی و سایکۆلۆجییەوە.

تاووتوێکردنی فیکرەی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو لەڕوانگەی بایۆلۆجیاو سایکۆلۆجیاوە کاتێ دروستە کە قسە لەسەر دابەشکردن و دیاریکردنی جۆری کاربێ (نەك ماف)، بەڵام ئەگەر قسە لەسەر دیاریکردن و دابەشکردنی (ماف)بێ ئەوا دەبێ باسەکە لەچوارچێوەی بایۆلۆجیاو سایکۆلۆجیاو جیاوازیی توانای ئەدائی نێرومێدا حەصر نەکرێ، چونکە ئەگەر لەو چوارچێوەیەدا حەصر کرا، ئەوا دەبێ لەکۆتاییدا رازیشببین (قانون) بەدو پێوەری جیاواز مافەکانی مرۆڤ بپێوێ و دیارییان بکا (پێوەرێك بۆ پێوانەکردن و دیاریکرنی مافی ژن، یەکێکیش بۆ پێوانەکردن و دیاریکردنی مافی پیاو)، هەروەها رازیشببین وەزیفە گرنگەکەی قەضاء (کە بریتییە لەئیحقاق و حیمایەکردنی حەق) ئەویش هەر لەسەر هەمان بنەما بەڕێوە ببرێ.

بەڵام کاتێ قانون (قانونی رەگەزپەرستانە ناڵێم، قانونی باش دەڵێم) مافەکان دیاری دەکاو حیمایەیان دەکا (لەئەصڵدا) نێرێتی و مێیەتی، بەهێزی و بێهزی، جوان و ناشیرینی، کورت و درێژی، رەشێتی و سپێتیی مرۆڤەکان لەبەرچاو ناگرێ و دو پێوەری نییە بۆ کارکردن، بەڵکو ئەوە لەبەرچاو دەگرێ کە ئەو حەقە هینی کێیە؟

لەقانوندا (تەمەن) حسابی لەسەر کراوە، هەروەها بون و نەبونی عەواریضی عەقلیش حسابی لەسەر کراوە (وەکو : الغفلة، العتە، السفە)، بەڵام نەك بۆ ئەوەی حەقی بەتەمەن بدرێ بەسەر مناڵ و هینی عاقڵ بەسەر کەمعەقڵدا! بەڵکو بۆ

ئەوەی رێ بگیرێ لەگەورەو عاقڵەکان کڵاو بنێنە سەر مناڵ و مرۆڤە بەتەمەنە کەمعەقڵ و سەفیهو موغەفەل و مەعتوهەکان.
دەی ئەگەر حسابی حەق لەسەر بنەمای سایکۆلۆجیاو بایۆلۆجیا بکەین و ئیفتیراضی ئەوە بکەین کە : مێینە (بەهۆی پێکهاتە بایۆلۆجیەکەیەوە) لەهەندێ رۆژی مانگدا باری دەرونی و عەقڵیی باش نییە، لەبەرئەوە پێویستە (قانون) زیاتر ئاگای لەپاراستنی حەقی مێینەبێ، ئەمە زۆر باشە.
بەڵام ئەگەر ئەم جیاوازییە بایۆلۆجی و سایکۆلۆجییە بۆ ئەوە بخەینە بەر باس کە : قانون و موشەریعەکان هان بدەین حەقێکی کەمتر بۆ مێینە بڕیار بدەن (گوایە کەمتواناترە لەنێرینە!) ئەوە خراپە.
بێگومان زوعف و کەمتوانایی و جیاوازیی رەغەبات، خەسڵەتێك نییە تەنها بەمێینەوە نوسابێ، بەڵکو بەنێرینەشەوە نوساوە، جا هەر یەکەیان لەبوارێکدا..
هەروەها کردەیی و کارایی خەسڵەتێك نییە تەنها بەپیاوەوە نوسابێ، بەڵکو ژنیش بەشی تیایدا هەیە، بەڵام هەریەکەیان لەبوارێکدا، کەواتە نێرو مێ لەمەشدا تاڕادەیەك (وەکو یەکن).
بۆیە بەڕای من باشترە کاتێ قسە لەسەر جیاوازیی پێکهاتەی بایۆلۆجی و سایکۆلۆجیی نێوان نێرومێی گیانداران و (گیاندارە باڵاکەش : مرۆڤ) دەکەین، هەمیشە ئەوە دوپات بکەینەوە کە : حەق بەلایەك و جیاوازیی تواناو رەغەبات بەلایەك (جیاوازبین، بەڵام یەکسانبین)...

2014 / 12 / 11

..................................

# کشانەوەی ئیسلامی سیاسی لەسیاسەت

پاشاو سەرۆك و ئەمیری عەرەب، ئەگەر تۆپ نەبن لەقاچی ئەمریکادا، ئەوا هەر ڕێك قاچن بەلەشی ئەمریکاوە.
)ئیسلامی سیاسی)یش، بەمیانڕەو و توندڕەویەوە، لەتەواوی عالەمی عەرەبی و ئیسلامیدا، ئەگەر تۆپ نەبێ لەقاچی پاشاو سەرۆك و ئەمیری عەرەبدا، ئەوا هەر ڕێك قاچە بەلەشی ئەوانەوە، جا بەخۆی زانیبێ یان نەء!
بەمشێوەیە : ئیسلامی سیاسی، بەشدارە لەدروستکردنی هەر گۆڵێکدا کە ئەمریکا لەعالەمی ئیسلامیی دەکا!

بەمەنهەجێکی دینیی (ناسیاسیەوە!) کە بەردەوام داوات لێدەکا تێیچەقی و لێی دەرنەچی، لەگەڵ دنیای سیاسەتدا کە بەردەوام لەخۆڕاوەشاندن و ڕانەوەستاندایە، سەر دەرنابرێ!
مەنهەجێك پاساوی ئەوەت نەداتێ (ئێزدییەك کە لەشەڕی داعشدا شەهید دەبێ) ناو بنێی شەهیدو بێمەڵامەت لەمانۆڕێکی سیاسیی بچکۆلەی شەفەوی بپەڕیتەوە، چ پاساوێکت بداتێ بۆ پەڕینەوە لەداوی ئەو هەمو ڕێوییەی ناو سیاسەت کە ڕۆژانە تەڵەی سەدانی وەکو تۆ بەکلك دەتەقێننەوە!

باش وایە (ئیسلامی سیاسی) لەکوردستان و شوێنانی تریش، ئەگەر بۆ هەتاهەتایەش نەبێ، ئەوا لانیکەم تا کاتی بەخۆداچونەوەیەکی وردو دەرکەوتنی سیماکانی ئەم (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)ە تازەیەی چاوەڕوانی دەرکەوتنی دەکرێ، ماڵاوایی لەحیزبایەتی بکا، خەڵکەکەی دەوری خۆی ئازادکا پەیوەستبن بەبزوتنەوەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە پان و پۆڕە نائیسلامیەکانەوە، بۆ ئەمەش دەبێ ئەو فەتوایەی خۆی بکێشێتەوە کە بەپێی ئەو، پەیوەستبونی مرۆڤی

موسوڵمانی بەحیزبی نا ئیسلامییەوە حەرام کردبو.
یان ئەوەتا خۆی ببێتە حیزبی نائیسلامی.

2014 / 11 / 10

.................................

# حەیفە ئەگەر ئەمجارەش
# خوێنی شەهید نەمانگەیەنێتە مەنزڵ

لەگەڵ رژانی هەر دڵۆپە خوێنێ لەجەستەی کچ و کوڕی گەلەکەم بەدەستی رەشی داعش، ترسێکی راستەقینە دەخزێتە دڵمەوە.

ترس لەوە نا کورد قڕی تێکەوێ و نەمێنێ، کورد دوای ئەنفالیش ما.

ترس لەوە نا منداڵ و هاوسەرو کەسوکاری شەهیدان بێسەرپەرشت و بێ رۆشنایی بمێننەوەو رێگا ونکەن، منداڵ و کەسوکاری شەهیدان زۆربەیجار لەکۆتاییدا کەسی نمونەییان لێدەرچوە.

ترس لەوەی:

ئەم جارەش خوێنی رژاوی شەهیدان نەمانگەیەنێتە ئەو پاشەڕۆژە پەسەندەی ساڵەهایە خەونی پێوە دەبینین:

پاشەڕۆژێکی خاڵی لەگەندەڵی

خاڵی لەغەل و غەشی ئینتیخابات

خاڵی لەجیاوازیی گەورەی چینایەتی

خاڵی لەحیزبی هەتا سەر حکومڕان

خاڵی لەمەسئولی چەتەو حیزبی بازرگان

خاڵی لەحکومەتی هەڵەخەرج و بێ دەفتەرو حساب

خاڵی لەخێڵخێڵێنەو خزمخزمێنەو پێڕپێڕێنە

خاڵی لەگەلەکۆمەکێی چەندقۆڵیی ئەم حیزب و ئەو حیزب دژی خەڵك

خاڵی لەهەمو ئەو ئەو خواروخێچیانەی بیست و ئەوەندە ساڵە لەهەرێمی کوردستاندا درێژەیان هەیە.

بەڵام لەپاڵ ئەم ترسە راستەقینەیەدا ئومێدێکی راستەقینەشم هەیە کە:

لەدوای (کۆبانێ)وە رۆشناییەکی زیاتر بمانگرێتەوەو ژیانمان بەئاقارێکی باشتردا وەرچەرخێ.

2014 / 11 / 2

# لێگزس و حوشترو عەرەب

پێش هەمو شتێ دەمەوێ بڵێم : تا ئێستاش بەقورسترین جنێوی دەزانم پێم بگوترێ
نەتەوەپەرست و ئەوانیتربەکەمزان.
ئەم رۆحییەتەم لەڕۆژگارێکەوە هێناوە کە لەگەڵ هاوڕێیانی تەمەنی
هەرزەکاریمدا دڵم دابو بەبیری مارکسیستی.
ئێستاش حەز دەکەم دەست لەنوسینەکە هەڵگرم و تەواوی نەکەم ئەگەر بزانم
دەبێتە هۆی تۆمەتبارکرانم بەڕەگەزپەرستی و شتی وا، بەڵام لەگەڵیدا دەڕۆم بەو
هیوایەی لەسنوری بیروباوەڕی خۆم دەرنەچم.

بەڕێکەوت لەکاتی گەڕاندا بۆ کەناڵێکی خەبەری، گەیشتمە سەر کەناڵی
(المرقاب)، لەوەوبەر چەندینجار کەناڵی لەوجۆرەم هاتۆتە بەردەم بەڵام بەلایەوە
بەند نەبوم، ئەمجارەیان وام نەکرد، نزیکەی نیو سەعاتێك بەلای ئەم
(المرقاب)ەوە مامەوە.. تۆیش ئەگەر حەزت لەبینینی لێگزس و حوشترو عەرەب
(عەرەبی نێرینە)یە لەبیابانی کاکی بەکاکیدا، هەندێ لەکاتی خۆت ببەخشە
بەتەماشاکردنی ئەم کەناڵە کە پێدەچێ کارو پیشەی سەرەکیی بریتیبێ
لەپیشاندانی کەلتوری عەرەبیی رەسەن!
ئەوەی لەو هەندە وەختەدا لەو کەناڵەوە بینیم ئاهەنگێك بو لەبیاباندا، دەتگوت
رۆژی حەشرە، سەدان کەسی پیادە هەڵتەك هەڵتەك خولیان دەخواردو دەهاتن و
دەچونەوە بەدەورو پشتی یەکتردا، بەدەم گۆچان بادان و سەمایەکەوە لەشێوەی
رۆییینی حوشتر، جاروبار دو دو لوتیان دەکێشا بەلوتی یەکترداو مەحەبەتیان
لەحزوری یەکتردا دەنواند، بەتەنیشتیانەوە دەیان حوشتر لەغاردابون، هەروەها
دەیان لێگسزسوار، بەبێ ئەوەی یەك دانە مێینە بۆ خوێی چێشت بانگکرابێ بۆ
ئەو رەشە ئاهەنگەی بیابان.

لەکۆتاییدا هەناسەیەکی ساردم هەڵکێشاو سەرزەنشتێکی گەلانی موسوڵمان (ی ناعەرەب)م کرد (بەکوردیشەوە) کە :
هەزارو ئەوەندە ساڵە شانیان داوەتە ژێر کەلتوری ئا ئەم خێڵە نێرسالارە بێئیش و کارە!

قەت پێناچێ کەلتوری گەلانی ئەم ناوچەیە لەخوار کەلتوری عەرەبییەوە بوبێ، قەت پێناچێ گەلانی ئەم ناوچەیە بەقەدەر عەرەبیان (عەقڵ) پێ نەبوبێ بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە!
بەڵام ئیتر بۆ عەرەب چۆتە سەر کەلتوری خۆی بسەپێنێ، بۆ گەلانیتر نەچۆتە سەر دەست بەکەلتوری خۆیانەوە بگرن، هۆیەکەشی ئەوەبوە عەرەب توانیویەتی ڕەواییەکی ئاسمانی ببەخشێتە کەلتوری خۆی، گەلانی تر نەیانتوانیوە ئەوە بکەن یان نەیانویستوە.

2014 / 11 / 2

..........................

# وردكردنەوەی هەزار دیناری بۆ دوسەدو پەنجا دیناری

ژیرێتی لەوەدا نییە بیست و پێنج هەزار دیناریيەكی سور بكەیتە دەستی منالێكی كەم ئاوەزەوەو پێی بڵێی : ها بڕۆ لەگەڵ دادە چكۆلی خوشكت و كاكە وردیلی برات، یەكی دو سێ هەزاری لێ خەرجكەن و باقیەكەی بێننەوە.
دەبێ بیست و پێنج هەزاریەكەیان بۆ وردكەیتەوە، هەریەكە بەشی خۆی بنێیتە چنگیەوە، بەو شێوەیە نە باقیەكەت تیا دەچێ نە هیچ كام لەمناڵەكانیشت مەغدور دەبن.
پێدەچی لەدارشتنەوەی نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەم لۆژیكە لەبەرچاو گیرابێ، چونكە وردە وردە بەتێپەڕینی كات دەركەوت : تەنها ئەو خەڵكانەی پارەكەیان بۆ وردكرابۆوەو دەوڵەتۆچكەی خۆیانیان نرابوە چنگ، توانییان تاڕادەیەك لەژیانی سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتییاندا سەركەوتوبن (بۆ نمونە ئیمارات)، نەك ئەوانەی كە بیست و پێنج هەزاریەكەیان نرابوە چنگ.
سەیر لەمەدایە:
كەمێك پێش ئێستا (ئەمیری قولانجە دەوڵەتی كوەیت) لەتەلەفزیۆنەوە دەركەوت، دەیگوت:
بەهۆی ئەو پشێوی و نائارامییەوە كە وڵاتانی عەرەبیی تەنیوەتەوە، زۆریك لەوڵاتە عەرەبیەكان لەژێر هەڕەشەی هەڵوەشانەوەو دابەشكردندان.
بەڕاست:
تۆ بڵێی ئەمیر پێی وابێ پشێوی و نائارامی هۆكاری دابەشكردنی وڵاتانی عەرەبییە؟ بڵێی عەقڵی بۆ ئەوە نەچوبێ كە نەخێر، رەنگە پشێویەكە فەوزا خەللاقەكەبێ، بەدەستی ئەنقەست نرابێتەوە، بۆ پاساودانی وردكردنەوەی بیست و پێنج هەزار دیناریەكە؟ ئەی تۆ بڵێی ئەمیر ترسی وردتركردنەوەی كوەیتی هەبێ؟ دەنا وەڵڵا وردكردنەوەی كوەیت وەكو وردكردنەوەی هەزار دیناری وایە بۆ دوسەدو پەنجا دیناری!

2014 / 10 / 28

# زانكۆ تەقسیم دو

لەزۆربەی دنیادا، زانكۆ زیندوترین ناوەندە بۆ جولاندنی خەڵك بەرەو بەشداریی سیاسی، بگرە لەهەندێ سەردەمدا جێی چۆڵی بزوتنەوەی كرێكاری و سەندیكا پیشەییەكانی پڕ كردۆتەوەو نەیهێشتوە كۆمەڵگە لەبەشداریی سیاسی دوركەوێتەوە، خۆپیشاندانە خوێندكارییە گەورەكانی ساڵانی رابردوی هەندێ لەپایتەخت و شارە گەورەكانی دنیا، سەلمێنەری ئەم راستییەن.

تازەترین هەواڵ لەبارەی جموجوڵی زانكۆیی و خوێندكاریی دەوروبەرمانەوە، باسی پێكدادانێك دەكا لەنێوان خوێندكارانی (چەپ و راست)ی زانكۆی ئەستەنبوڵ لەناو حەرەمی زانكۆدا:

بەهۆی ئەو جینایەتەوە كە لەكۆبانێ لەسەر دەستی داعشدا دەگوزەرێ، خوێندكارە چەپەكانی زانكۆی ئەستەنبوڵ لەناو زانكۆدا گردبونەتەوە، پشتیوانیی خۆیانیان بۆ بەرخۆدانی كۆبانێ دەربڕیوە، خوێندكارە راستڕەوە داعشیەكانیش بەچەقۆوە هەڵمەتیان بردۆتە سەریان و بەرلەوەی پۆلیس بگا دەستی خۆیان لەهەندێ خوێندكاری چەپ وەشاندوە!

زانكۆكانی كوردستانیش پێویستە تەقسیم ببن بەسەر دودا، ناڵێم بەسەر یەكدا چونكە لەناو هیچ كۆمەڵگەیەكی زیندودا شتی وا مومكین نییە مەگەر لەسایەی زەبروزەنگێكی زۆردا، ناشڵێم بەسەر چوارو پێنجدا (بەپێی ئەو بنەما چەوتەی حیزبی كوردی دایمەزراندوە بۆ پۆلێنكردنی خوێندكارو چالاكیی زانكۆیی(.

بەسەر دوداو بەمجۆرە:

چەپ و راست، عەلمانی و ئیسلامی، دیموكرات و نادیموكرات، بەئومێدو بێئومێد، مافدەرو مافنەدەر، مرۆڤگەرو رەگگەر (رەگ)، كراوەو داخراو، و هتد...

هیوادارم ئەمە روبدا بەڵام هەرگیز دڵۆپێ خوێنی تێدا نەڕژێ، چەقۆیەكی تێدا نەوەشێنرێ، ئەنجامەكەشی بەگەشەكردنی خوێندكارە كراوەو چەپبیرو

دیموکراتخوازەکان کۆتایی بێ، چونکە داعش دەریخست کە لەسایەی داعشیزم و کۆمەڵگەی داعشی و رەگگەرو تایەفەگەردا، جگە لەخەڵکانی داعشبیرو داعشدڵ و داعشرەفتار، هیچ کەسێ ناتوانێ بژی، بەڵام لەکۆمەڵگەی دیموکراتیدا هەموان دەتوانن بژین و هەبن، تەنانەت داعشبیرەکانیش.

2014 / 10 / 22

..............................

# سەردەمی هەژمونی ئەمریکا بەسەر کوردستاندا

* لەدوای راپەڕینی خەڵکی کوردستانەوە لەبەهاری ساڵی 1991، بەتایبەتی دوای یەکلایی بونەوەی شەڕی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، تورکیا توانیی (حکومەت)ی هەرێمی کوردستان (تا ئەمڕۆ) لەژێر هەژمونی خۆیدا گلباتەوە.
هەروەها لەدوای هەرەسی یەکجاریی رژێمی بەعسەوە لەنیسانی 2003، ئێران توانیی (دەوڵەت)ی عێراق و بەر لەدەوڵەتی عێراقیش (دەسەڵات)ە لۆکاڵیەکەی سلێمانی (تا ئەمڕۆ) لەژێر هەژمونی خۆیدا گلباتەوە.
(رەنگە) دوای کپبونەوەی ئەم فەرتەنە گەورەیە کە بەهۆی داعشەوە نراوەتەوە، هەژمونی سەر عێراق و هەرێمی کوردستان و بەشی هەرە زۆری ناوچەکە، هەژمونێکی ئەمریکیبێ نەك تورکی و ئێرانی.
ئەگەر ئەوە رویدا، ئەوا هیوادارم سەردەمی هەژمونی ئەمریکاو رۆژئاوا بەسەر عێراق و کوردستان و ناوچەکەدا، سەردەمێکی باشتربێ لەسەردەمانی پێشو...

* هیواخواستن بەهەژمونی ئەمریکا

پێش راگەیاندنی شەڕی ئەم دواییە لەناوچەکەدا، بگرە پێش کۆتایی هاتنی جەنگی سارد کەوا (بەقسەی گورباچۆڤ) خەریکە دیسان سەرهەڵدەداتەوە، ئەمریکا وەکو هێزێکی (سیاسی،سەربازی، ئابوری و کەلتوری)ی بەهەژمون، بەهەمو جۆرێ لەململانێدابوە بۆ پاراستنی رۆڵی خۆی لەدنیادا، تەنانەت کەمتەرخەمیی نەکردوە لەسەپاندنی هەژمونی خۆی بەسەر سینەمای جیهانیدا، چ جای سیستمەکانی حکومڕانی لێرەو لەوێی دنیا، دەستەواژەی (طغیان الصورة الامریکیة) کە بۆ ئاماژەدان بەڕۆڵی زەبەلاحی ئەمریکا لەبواری بەرهەمهێنانی وێنەی سینەماییدا، لەلایەن هەندێ نوسەرەوە هێنرایە ئارا، یەکێکە لەبەڵگەکانی پێداگریی ئەمریکا لەسەر پاراستنی هەژمونی خۆی بەسەر دنیادا بەهەمو شێوەیەك.

پاش راگەیاندنی شەڕی ئەم دواییە لەناوچەکەدا، چاوەڕوان دەکرێ هەژمونی ئەمریکا بەسەر ناوچەکەو لەناو ناوچەکەشدا بەسەر عێراق و هەرێمی کوردستاندا، زۆرتر ببێ.

ئەمە روداوێك نییە بەسترابێتەوە (تەنها) بەویست و ئارەزوی خەڵکی ناوچەکەو (من)ەوە، بەڵکو بەستراوەتەوە بەهۆکاری جددیترەوە.

لەم حاڵەتەدا، (رەنگە) خەڵکی کوردستان و هەرێمی کوردستانی عێراق قازانجەکەیان بریتیبێ لەوەی : چیتر (بەم شێوەیەی ئێستایان) بەپچڕپچڕی لەژێر هەژمونی دەوڵەتانی ناوچەکەدا نەمێننەوەو هەر یەکەیان خەریکی خۆخزاندنە باوەشی دەوڵەتێکی ناوچەکە نەبێ، بەڵکو پێکەوە (بەیەك ئاراستەو بەبەرچاوڕنییەکی زیاترەوە) سیاسەت بکەن.

ئەمە هۆکارێکە کە وا دەکا هیواداربین : سەردەمی هەژمونی ئەمریکاو رۆژئاوا بەسەر عێراق و کوردستان و ناوچەکەدا، سەردەمێکی باشتربێ لەسەردەمانی پێشو.

دەنا لەبنەمادا هەژمونی هیچ دەوڵەتێك بەسەر دەوڵەتێکی تردا جێگای خۆشحاڵی و هیواخواستن نییە.

2014 / 9 / 29

................................

## پێکدادانی ئیسلام - ئێزدی

## لەجیاتیی پێکدادانی ئیسلام - جولەکە

پاش کۆتایی هاتنی ململانێی (شیوعی / سەرمایەداری) لەنێوان یەکێتیی سوڤیەت و ئەمریکا، تێزی (پێکدادانی شارستانیەتەکان) هێنرایە ئارا، لەلایەن صەمۆئێل هنتکتن و پاش ئەویش (فۆکو یاما / بەڵام بەهەندێ جیاوازییەوە)و پێش هەردوکیشیان (المهدي المنجرة)ی مەغریبییەوە (کە مەبەستی ئەم سازاندنی زەمینەبو بۆ گفتوگۆی فەرهەنگی نەك پێکدادانی فەرهەنگی).

صەمۆئێل هنتگتن لەڕێی تێزەکەیەوە نوقڵانەی ئەوەی لێدا ململانێی دوای جەنگی سارد ململانێیەکی فەرهەنگی دەبێ (لەنێوان فەرهەنگە گەورەکانی وەکو : چینی، ژاپۆنی، هیندی، ئیسلامی، ڕۆژئاوایی، ئەرسەدۆکسی، ئەفریقی و ئەمریکای لاتینی)، ئەوەی گوت کە : فەرهەنگ (نەك بەرژەوەندیی ئابوری) هۆکاری سەرەکیی کێشە جیهانیەکانی لەمەودوا دەبێ.

هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو تێزەدا، تێزی (گفتوگۆی فەرهەنگەکان)یش هاتە ئارا.

هەردو تێزەکە (پێکدادان و گفتوگۆی شارستانی) تا ئێستا هەر قسەبون، بەڵام بڕوام وایە خەریکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو ئەوە دەبرێ (پێکدادان)ەکەی بەواقعی تێدا بسازێنرێ! ڕەنگە بۆ ئەوەبێ سەرەنجام زەمینەی گفتوگۆکەشی بەواقعی تێدا بسازێنرێ!

بێگومان ئەم شتە بەئاسانی ڕو نادا ئەگەر بیر لەوە بکرێتەوە ڕێگە لەشەڕی دینی بگیرێ (چونکە دین بنچینەیە لەناو ئەم بابەتی پێکدادان و گفتوگۆیەدا)، بەڵام ڕێگەگرتنیش لەشەڕی دینی کارێکی ئاسان نییە، پێویستیی بەڕاگرتنی هاوسەنگیی هێز هەیە لەنێوان شوێنکەوتوانی دینە جیاوازەکاندا، وەکو ئەوەی لەئیسرائیلدا کراوە.

ئەگەر هاوسەنگیی هێز لەنێوان ئیسرائیل و باقیی جیهانی ئیسلامیدا ڕانەگیرایە

ئەوا پێکدادانەکە هەر زۆر زو (لەنێوان دینی ئیسلام و دینی جولەکە)دا روی دەدا، بەڵام بەهۆی چاودێریی ئەمریکاو وڵاتانی رۆژئاواو هەوڵی بەردەوامیانەوە بۆ راگرتنی هاوسەنگیی هێز لەنێوان هەردولادا، تا ئێستا روی نەداوە (مەعلومە شەڕی نێوان عەرەب و جولەکە، تا ئێستا شەڕی بەرژەوەندیی مادییە، شەڕە لەسەر خاك، نەك شەڕ لەسەر دین و فەرهەنگ، بەپێی ئەوەی بەفەرمی باسی لێوە دەکرێ).

بەکورتی : بڕوام وایە جۆشدانی شەڕی نێوان (شیعەو سوننە) و (ئیسلام و ئێزدی) کە ئێزدیەکان گەورەترین کۆمەڵگەی ناموسوڵمانن لەچەقی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا، نیشانەی ئەوەیە دەویسترێ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو ئەوە ببرێ (پێکدادان)ەکەی بەواقعی تێدا بسازێنرێ و پێشبینیەکەی (هنتکتن)ی پێ پشتڕاست بکرێتەوە.

ئەگەر ئەمە رو بدا ئەوا دەکەوێتە بریی پێکدادانی فەرهەنگیی نێوان (ئیسلام و جولەکە) کە ئەمرێکی موحتەمەلتربو، چونکە ناکۆکیی نێوان (ئیسلام / جولەکە) رەگوریشەیەکی مێژوییی کۆنتری هەیەو تا ئێستا شوێنەواری ماوە.

2014 / 8 / 22

..................................

## ئیسلام لەفیلمی هونەریدا

## ئیسلام لەفیلمی دۆکیۆمەنتاریدا

ساڵەهای ساڵە کتێب لەبارەی ئیسلامەوە دەنوسرێ و بڵاو دەکرێتەوە، دراماو فیلم دروست دەکرێ و بڵاو دەکرێتەوە.
بەرەیەك لەپێناوی (ئاسمانی)یاندن و فریشتاندنی ئیسلام و مێژوی ئیسلام و موسوڵمانان.
بەرەیەك لەپێناوی (زەوی)یاندن و شەیتاناندنی ئیسلام و مێژوی ئیسلام و موسوڵمانان.
ململانێی نێوان هەردو بەرە تا ئێستا ململانێیەکی (تەقلیدی) : تیۆری و هونەری، نوسراو و نمایشکراوبو، دیار نەبو کێیان لەڕێی بردنەوەو کێیان لەڕێی دۆڕاندان، چونکە کەسیان نەیانتوانیبو بیسەلمێنن ئیسلامی ناو کتێب و تەلەفزیۆنی خۆیان راستترە لەئیسلامی ناو کتێب و تەلەفزیۆنی ئەوی تریان و ململانێکە بخەن بەبارێکی دیاردا، ئەمەش (بەکورتی) بەهۆی ئەوەوەبو هەردو ئیسلامەکە ئیسلامی (وێناکراو) بون، نەك ئیسلامی واقعی و کردەوەیی.
بەڵام لەدوای دەرکەوتنی (داعش)ەوە، یەکێك لەدو وێناکە قۆناغی (وێناییبون)ی بەجێهێشتوە، بەکردەوە لەسەر زەوی بەرجەستەبوە، بەبەرچاوی خەڵکێکی زۆری دنیاوە!
ئەگەر یەکەکەی تریشیان فریا نەکەوێ وێنای خۆی بۆ ئیسلام، لەقۆناغی (وێناییبون)ەوە بگوازێتەوە ناو خەڵك و بەجدی بیکات بەواقع، ئەوا ململانێکە وەکو لەوەوبەر بێئەنجام و ناڕۆشن نامێنێتەوە، چونکە ئیتر ململانێیەکی گریمانەیی نییە لەناو کتێب و شاشەدا، بەڵکو ململانێیەکی واقعییە لەسەر زەوی.
لەمەوبەر ململانێکە لەڕێی وێناندنی (موعتەقەدی دینی)یەوەبو لەناو کتێبدا، لەمەودوا لەڕێی تەرجەمەکردنی موعتەقەدی دینییەوەیە بۆ کردەوە لەسەر زەوی.
لەمەوبەر بینەری فیلمێکی هونەری بوین، لەمەودوا بینەری فیلمێکی دۆکیۆمەنتاری.

2014 / 8 / 21

## دایمەعشێنن

هەندێ نوسەرو چالاکوانی مەدەنی، دەیانەوێ ترس و دڵەڕاوکێی ئەم یەك دو مانگەی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بەئاوارە عەرەبەکان، ناو بنێن راسیزم.
بێگومان من وەکو خۆم هەرگیز دژی بیروبۆچونی بەرزو مرۆڤدۆستانەی ئەو نوسەرو چالاکوانانە نیم، دەزانم لەئەسڵدا نیازیان باشەو دەیانەوێ (لەڕێی ئەو ناونان و گفتوگۆیانەوە) یارمەتیدەربن لەراگرتنی شیرازەی کۆمەڵگەدا، بەتایبەتی لەم بارودۆخە خراپەدا کە تێیکەوتوین.
بەڵام سەیرم لەناونانەکەیان دێ!
راسیزم (ئەوەندەی من بیزانم) هەم وەکو چەمك هەم وەکو دیاردە، بەئاو و هەوای رۆژئاواو کۆمەڵگا پیشەسازییە گەورەکان پەروەردەبوە، هەر ئەو ئاو و هەوایەشی پێدەکەوێ، نەك ئاو و هەوای کوردستان و وڵاتانی ناپیشەسازی و خۆبەحاڵبەخێوکەر!
راسیزم (لەم سەردەمەدا) کێشەی کۆمەڵگە پیشەسازییە گەورەکانە :
کۆمەڵگە پیشەسازییە گەورەکان، پێویستیی زۆریان بەدەستی کارە، پەنا دەبەنە بەر دەستی کاری هەرزانی بیانی، کرێکاری ناوخۆییش ئەم شتەی پێناخۆشە، پێی وایە کرێی کار دێنێتە خوارەوەو هەلی کار لەبەردەم هاوڵاتیانی رەسەندا کەم دەکاتەوە، لەبەرئەوە دڵ و دەرون (و بیروباوەڕ!)ی خۆی بارگاوی دەکا بەو شتەی ناو نراوە راسیزم و بەشداریی قوڵ لەدروستکردنیدا دەکا!
ئەنتی راسیزمیش هەر زایەندەی هەمان کۆمەڵگایە کە راسیزمی تیا لەدایك دەبێ، رەنگە سەرمایەدارو خاوەن بەرژەوەندییە ئابورییە گەورەکانی دنیا لەهەموان ئەنتی راسیزمتربن، چونکە راسیزم لەقازانجیان نییە، ئینجا دوای ئەوان چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی!
راسیزم کەفوکولێکی دەرونیی پەتی نییە لەپڕ سەرودڵی مرۆڤ بگرێ و لەپڕیش سەرودڵی بەربدا، بەڵکو عەقیدەو بیرباوەڕە، لەهەندێ شوێنی دنیا (بۆ نمونە ئیتالیا کە راسیزم دیاردەیەکی بەرچاوە تیایدا) نوسەرانی دیارو ناسراو

لەخزمەتی پەرەپێدانیدان، بەداتاو ئامار بەڵگە دەسازێنن (لەبارەی پیسبونی هەواو ژینگە، بڵاوبونەوەی نەخۆشی، کەمبونەوەی هەلیکار، بەرزبونەوەی رێژەی تاوان و هتد، بەهۆی زۆربونی ژمارەی مرۆڤی بیانییەوە لەوڵاتدا) تەنها بۆ ئەوەی بڕوا بەخەڵك بهێنن بێتە سەر (دینی چەوتی راسیزم)! لەئەنجامدا راسیزم دەبێ بەدیاردە، بەریەککەوتن و خۆپیشاندان و خوێنڕێژیی لێدەکەوێتەوە.

بەڵام لەکوردستاندا :

کوان ئەو راپۆرت و داتاو ئامارانەی باس لەدروستبونی قەیرانی ئابوری، تەندروستی، کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی، پیسبونی ژینگەو هەوای کوردستان دەکەن بەهۆی زۆربونی عەرەبی ئاوارەوە؟ کامانەن نوسەرە گرنگ و دەنگبیستراوەکانی راسیزم؟ کامانەن ئەو حیزب و رێکخراوە سیاسییە کوردیانەی بەهۆی گوتاری راسیستیانەیانەوە دەنگی خەڵکی کوردستانیان هێناوەو چونەتە پەرلەمان و حکومەتەوە؟ ژمارەی ئەو خۆپیشاندان و بەریەککەوتنانە گەیشتۆتە چەند کە لەنێوان کوردو عەرەبی ئاوارە، یان لەنێوان کوردو بەنگلادیشی و کوردو هەر رەگەزێکیتر، بەهۆی بڵاوبونەوەی راسیزمەوە لەکوردستاندا رویانداوە؟ تا ئێستا چەند جار دەنگەدەنگ لەنێوان پەرلەمانتارانی راسیست و ئەنتی راسیستدا رویداوە لەم بیست و ئەوەندە ساڵەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستاندا؟

کام راسیزم؟

2014 / 8 / 14

...............................

# گەریلا وەکو هێزێکی هاوشوناسی داعش

یەکێك لەدەرکەوتە تازەکانی ئەم شەڕەی (بەدەمامکی داعشەوە) سەپێنراوە
بەسەر ناوچەکەو عێراق و کوردستاندا، بریتییە لە :
بەشداریی گەریلای پەکەکەو پەیەدە وەکو هەر پێشمەرگەیەکی یەکێتی و پارتی
لەڕوبەڕوبونەوەی داعشدا، لەناو خاکی هەرێمی کوردستان، بەبێ پیشاندانی هیچ
جۆرە تەحەفوزێك لەلایەن سەرۆك و سکرتێرە گشتیەکانی کوردەوە، یان لەلایەن
وڵاتانی ئیقلیمی و هیترەوە.
بێگومان مایەی خۆشحاڵییە هوشیاریی نەتەوەیی مرۆڤی کورد بەو ئاستە گەیشتبێ
لەهەر چوار لای نیشتیمانەکەیەوە سنگ بکوتێ بۆ سەنگەری بەرەنگاری لەهەر
کوێی کوردستانبێ، بەڵام من وەکو خۆم هەست دەکەم ئیرادەیەکی ئیقلیمی لەپشت
سازاندنی ئەم مەشهەدەوەیە، رەنگە ئامانجەکەش ئەوەبێ :
لەلایەکەوە دیمەنی گەریلا پیشانی رای گشتیی تورکیاو دۆستەکانی تورکیا
بدرێتەوە (بەڵام ئەمجارەیان وەکو هێزێکی هاوتواناو هاوشوناسی داعش) بۆ
ئەوەی بگوترێ : تورکیا هەمیشە مەترسیی تیرۆرو پەکەکەی لەسەرە...
لەلایەکی ترەوە گەریلا بگلێنرێتە شەڕەوەو بەهیلاکا ببرێ، یان لانیکەم
بەشداریی پێ بکرێ لەخۆشکردنی ئاگری ئەو فیتنەیەدا کە بەهەر مەبەستێك هەیە
دەویسترێ لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بسازێنرێ، هەرچەندە گەریلا بەشەڕکردن
بەهێزتر دەبێ، هەروەها خەڵکی هەمو کوردستانیش بەبینینی ئەوان لەسەنگەری
بەرگریدا هەستی نەتەوەییان دەژێتەوەو ورەیان بەرز دەبێتەوە، بەڵام ئایا لەڕوی
سیاسییشەوە هەر وا ئەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە؟

2014 / 8 / 10

# دڵەڕاوکێ راسیزم نییە

ژمارەیەك نوسەری کورد چەند رۆژێکە کەمپینێکیان خستۆتەڕێ دژی نەزعەی راسیزم کەوا (بەمەزەندەی ئەوان) خەریکە لەهەرێمی کوردستاندا پەرە دەسێنێ، بەڵگەشیان ئەوەیە خەڵکی هەرێمی کوردستان دژی نیشتەجێکردنی عەرەبی ئاوارەن لەکوردستاندا، ئەمەش نیشانەی دەرکەوتنی راسیزمە لەناو کوردەواریدا! بێگومان بیری راسیزم و مرۆڤی راسیست نەك هەر عەیبی گەورە دەهێننە سەر ئەو کۆمەڵگایەی کە رەگی تێدا لێدەدەن، بەڵکو کۆمەڵگا دوچاری نەهامەتیی گەورەش دەکەن، بەڵام من وەکو خۆم بەهیچ جۆرێ هەستم بەبونی نەزعەیەکی لەو جۆرە لەناو میللەتی کورددا نەکردوە! میللەتێکی داماو کە هێشتا بەشێکی زۆری، پەناهەندەو کرێکارە لەوڵاتانی رۆژئاواو نەگەڕاوەتەوە سەر زێدی خۆی، ساڵەهای ساڵە گرفتاری داگیرکەرو کەلتورەکەیەتی، عەقڵ دەیبڕێ توانیبێتی لەپازدە / بیست ساڵی پاش راپەڕیندا بەو ئەندازەیە خۆیی لێ گەورە ببێ کە عەرەب بەنزم و خۆی بەبەرز، کەلتوری عەرەب بەدۆزەخی و هینی خۆی بەبەهەشتی بزانێ، لەکاتێکدا سەدان ساڵە تا بینەقاقا نوقمی کەلتوری عەرەب و ئیسلامە؟ دەیان ساڵە ژن و ژنخوازی و کەسابەت و هامشۆوڕەوت لەنێوانی هەردولادا هەیە؟ چونە حەج هەیە؟ بەشێکی زۆر لەخوێندنی زانکۆکانی کوردستان هێشتا بەعەرەبییە؟ عەرەبیزانین بەلای کوردەوە شانازییە؟ مزگەوت و حسەینییە لەکوردستاندا دروست دەکرێ؟

ئەگەر راستە بیری راسیزم لەهەرێمی کوردستاندا رەگی لێداوە، بۆچی پێش ئەم شەڕە نەفرەتییە داسەپاوەی داعش بەسەر کوردستان و ناوچەکەدا، هەستمان بەشتی لەو جۆرە نەکردوە لەناو خەڵکی هەرێمی کوردستاندا، نە بەرامبەر بەعەرەب و نە بەرامبەر بەهیچ رەگەزو کەلتورێکی تری مرۆیی؟ خۆ ئەوە نزیکەی دە ساڵە کوردستان پڕ بوە لەمرۆڤی بەنگلادیشی و رەش و هەژار! ئەی

بۆ نەمانبینی خۆپیشاندانێك دژی هاتن و مانەوەو كاركردنی ئەوان لەسلێمانی و هەولێرو دهۆكدا بسازێنرێ؟ ئایا عەقڵ دەیبڕێ بیری راسیزم، هەر لەخۆوە، تەنها لەماوەی دو مانگ و چەند مانگدا، بوبێتە دیاردە لەهەرێمی كوردستاندا، لەكاتێكدا هیچ زەمینەسازی و بانگەشەیەكی فیكری بۆ ریشەداركردنی لەئارادا نەبوبێ؟ عەقڵ دەیبڕێ بیری راسیزم بەهەندێ وردە نوسینی ئەم دو مانگەی ناو فەیسبوك زەمینەی دەركەوتنی پەیدا كردبێ؟

كەواتە كورت و موختەسەر : ئەوەی هەیە راسیزم نییە، ترس و دڵەڕاوكێی خەڵكی كوردستانە لەم سەردەمی شەڕو خیانەتكاری و لەپشتەوە چەقۆوەشاندنەدا، تەنها بەرامبەر بەرەگەزێكی مرۆیی كە كوڕو كاڵ و هاوڕەگەزەكانیان بەشێكن لەشەڕەكە (نەك بەرامبەر بەڕەگەزی تر)! هەر میللەتێكی تریش بوایە لەجیاتیی كورد، دڵەڕاوكێ دایدەگرت بەهەمان ئەندازەو شێوە!

خەڵك لەترسی گیانی خۆیان و ئاسایشی ماڵ و منداڵیان كێچ كەوتۆتە كەوڵیان، پێشنیار دەكەن :

دەزگا ئەمنیەكان چاودێریی عەرەبی ئاوارە بكەن لەناو شارەكاندا، یان بیانخەنە كەمپەوە (ئەگەر دەزانرێ ژمارەیان بەئەندازەیەك زۆربوە ناتوانرێ لەدەرەوەی كەمپ چاودێری بكرێن)، یان ئەگەر توانای دروستكردنی كەمپ و دابینكردنی خۆراك و داوودەرمان بۆ ئەوان و مسۆگەركردنی ئەمن و ئاسایش بۆ خەڵكی كوردستان لەئارادا نییە، لەوە زیاتر رێگە بەهاتنیان نەدرێ بۆ هەرێمی كوردستان.

ئایا ئەمە دەبێتە راسیزم؟

كەواتە هەم بۆ ئەوەی خوێنەران نەكەونە هەڵەوە (كە رەنگە كەسانی نا كوردیشیان تێدابێ)، هەم بۆ ئەوەی خەڵكی كوردستانیش زیاد لەپێویست سەركۆنە نەكرێن و لەو دڵسۆزییەی كە هەیانە بۆ وڵات و كەسوكارو ماڵ و منداڵی خۆیان دڵسارد نەبنەوە، دەبێ نوسەران ئەو هەڵوێستە سادەیەی ئەوان وەكو خۆی تەرجەمە بكەن نەك بەهەڵە.

2014 / 8 / 8

# لەدەرهاویشتە فەرهەنگیەکانی سیاسەتی کوردی

نان لەنانەواوە هەڵنافڕێ بۆ سەر سفرەی هیچ کەس چونکە ئەدرەسی ماڵی کەس نازانێ، دەبێ کەسەکە خۆی بچێ بەدوایدا، کرێکەی بدا، جا دەستی بگرێ و لەگەڵ خۆی بیهێنێتەوە بۆ سەر سفرە، ئەمە ڕێسا گشتیەکەی نانپەیداکردنە.
بەڵام کەسانێك هەن نان خۆی بەدەمیانەوە دەچێ و دەفڕێ بۆ ماڵیان، زەحمەتی زۆری بۆ ناکێشن، تەنها یەکجار، بەقات و ریباتێکی کەمێك کەشخەو هەندێ کەمشەرمی و تۆزێك دەمڕوتی و کەمێکیش غیرەت و بێباکییەوە، دەچنە خوازبێنیی، ئیتر بۆ هەتا هەتایە پێویست ناکا جارێکی تر بڕۆنەوە بەدوایدا : نان خۆی دەزانێ چ کاتێ کاتی فڕینیەتی بۆ سەر سفرەیان!
ئەو کەسانە ئەوانەن کە:
دەتوانن لەململانێ ناوخۆییەکاندا بەئاسانی ئەمبەراوبەر بکەن، موزایەدە بەسەر لایەنە ناکۆکەکاندا بکەن و لەخشتەیان ببەن و بۆ هەتا هەتایە نانی خۆیانیان لەلا مسۆگەر بکەن.
هەروەها ئەوانەن کە هونەری دەستەو دەستەگەری دەزانن و فرسەت لەکیس نادەن:
بەمەقالەیەکی بێناواخنی راگوزەر، یان بەلێدوانێکی سەرپێیی، یاخود بەچەند قسەیەکی کرچوکاڵ لەدیبەیتێکدا، وەلائی خۆیان تازە دەکەنەوەو بۆ چەندین ساڵی دواتر نانی خۆیان مسۆگەر دەکەن.

2014 / 7 / 26

.............................

# گەلی خیانەتكار

بڕواناكەم كەس خیانەتی لەگەلی خۆی كردبێ ئەگەر لەپێشا گەلەكەی خیانەتی لەو نەكردبێ، جا بەهەر شێوەیەك بوبێ، مەگەر بەدەگمەن.
گەل كێیە؟ گەل منم، گرێیەكی تۆ كەوتۆتە دەستم، بۆت ناكەمەوە، لێدەگەڕێم رو لەدوژمن بنێی بەهیوای كردنەوەی.
كەس كێیە؟ كەسیش هەر منم، گرێیەكم كەوتۆتە دەستی تۆ، بۆم ناكەیتەوە، لێدەگەڕێی رو لەدوژمن بنێم بەهیوای كردنەوەی.
خیانەتی تاكەكەسی و خیانەتی بەكۆمەڵی تاكەكەسەكانیش (ئەوەی لەچوارچێوەیەكی رێكخراودا ئەنجام دەدرێ) بەشی هەرە زۆریان بەو شێوەیە رودەدەن.
كەواتە دەكرێ بگوترێ : زۆربەی ئەو خیانەتانەی لە (گەل) و (نیشتیمان) كراون دەستی هەمو گەلیان تیابوە، نەك تەنها (كەس) و (پێڕ)ی خائین بەگەل و نیشتیمان.

2014 / 7 / 14

...............................

# رۆڵی رابەر لەناو پرۆسەی تەوافوقدا

هەمومان بیرمانە (زۆری بەسەردا تێنەپەڕیوە) :
دوای روخانی رژێمی بەعس (دیموکراتیەتی تەوافوقی) دروشمی سەر زاری زۆربەبو بەتایبەتی ئەمریکیەکان.
ئەم پرەنسیپە جگە لەوەی کۆمەڵێ روکنی تایبەت بەخۆیی هەیە، پێویستی بەڕابەرانێکی کردە هەیە دەرەقەتی چەسپاندنی بێن، خودی (لیبهارت) لەکتێبەکەیدا (الديمقراطية التوافقية في مجتمع متعدد) ئاماژەی بۆ بایەخی ئەو جۆرە رابەرانە کردوەو ناوی ناون (ئەندازیارانی تەوافوق(.
بەڵام ئایا (ئێستاو ئەوساش) لەناو ئۆرگانە گرنگەکانی دەوڵەتی عێراقدا : (پەرلەمان، ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتیی کۆمار) جگە لەشەخسی (مام جەلال) چەند دانە رابەری لەو جۆرە هەبو؟ ئەگەر هەبون، کوان؟ بۆ دوای مام جەلال نوزەیان لەبەر بڕاوەو بزرن؟ ئەی پێشتر (لەکاتی حزوری مام جەلالدا) چ رۆڵێکیان هەبو، ئەگەر هەبون و بەشداربون لەسەرخستنی هەوڵەکانی مام جەلالدا؟
گومان پاڵم پێوە دەنێ بڵێم:
خودی مالکی خواخوای رۆژێکی بو (مام جەلال) بەهەر شێوەیەکبێ (نەخۆشی، مردن، دەستکێشانەوە) لەناو پرۆسەکەدا نەمێنێ، تەنیا خۆی بمێنێتەوە، تا ئاخری عێراق بەرەو رۆژێکی وەکو ئەمڕۆ لێبخوڕێ : بەیەکجاری سوار سەری شیعە ببێ وەکو (قائد الضرورة)کەی جارانی سوننە، تەنگیش بەهەرێمی کوردستان هەڵچنێ بەو هیوایەی بەیەکجاری هەڵیخزێنێ بۆ ژێر باڵی خۆی.
بێگومان رەنگە تاڕادەیەك توانیبێتی پێشبینیی دەرەنجامی جموجوڵەکانی خۆی لەناوخۆی شیعەدا بکا چونکە لەخوێنی خۆین و دەیانناسێ و دەزانێ چۆن بیانچەمێنێتەوە، بەڵام پێناچێ بیری بۆ ئەوە چوبێ کورد توانای خۆڕاوەشاندن و هەڕەشەی لەجۆری ئەمەی ئێستای هەیە کە دەیکا (لەگەڵ دەسخۆشیی زۆرم بۆ

هەمو خۆڕاوەشاندن و هەڕەشەیەکی خەڵکی کوردستان لەئاست مالکی و کەسی وەکو مالکیدا).

پرسیارەکە ئەوەیە:

تۆ بڵێی مالکی لەم دۆخەی ئێستادا حەز بەدەرکەوتنی (مام جەلال)ێکی تر بکا بەتەنیشتیەوەو خوازیاربێ دۆخەکە بچێتەوە شوێنی پێشوی خۆی؟

گومانم هەیە!

(مالکی)یەك ئەوەندە زۆڵبێ بتوانێ تەنانەت بیر لەوە بکاتەوە لەڕوی فیکری و تیۆرییەوە زەمینە بۆ سەرخستنی سیاسەتی خۆی بسازێنێ : چەندین ئەکادیمی راسپێری لەبارەی بایەخی (دیموکراتیەتی زۆرینە) و بێبایەخیی (دیموکراتیی تەوافوقی)یەوە ماستەرنامەو دکتۆرا بنوسن (هەر رێك لەرۆژگاری حزوری مام جەلالیشدا!) کە مەگەر تەنها (صدام حسین) ئەوەندە زۆڵ و بەپێچ و پەنا بوبێ، دەبێ ئێستا حەز بەچەسپاندنی (دیموکراتیەتی تەوافوقی) و دەرکەوتنی رابەری گەورەی تەوافوقی بکا، لەکاتێکدا توانیویەتی بەتەواوی سوار سەری شیعە ببێ، وەکو (قائد الضرورة) درێژە بەدەسەڵاتدارێتیی خۆی بداو بەردەوامبێ لەسەر پاسکردنی بەرژەوەندیەکانی خۆی و دەستەکەی پشتی؟!

2014 / 7 / 13

........................

## سیروان لێیشت نەدەم هەر دەمبەی؟

لەوەتەی باسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان هاتۆتە ئارا، هەندێ خەڵکی لای خۆمان (هەروەها عەرەب و ئەم و ئەوی تر) گومانێکیان لادروست بوە گوایە جیاکردنەوەی هەرێمی کوردستان لەعێراق، تورکیای لەپشتەوەیە، تەنها بۆ ئەوەیە کوردستان لەعێراق بپچڕێنرێ و لەپاشەڕۆژدا بدرێتە دەم تورکیا، جا بەزۆری هێزبێ یان بەفڕوفێڵی قانونی...
بەڵام ئەی مانەوە لەچوارچێوەی عێراقدا چیی لێ چاوەڕوان دەکرێ؟ لەوە باشتری لێ چاوەڕوان دەکرێ کە لە سی و چەند ساڵی رابردوی سەردەمی حوکمڕانیی (سوننە / بەعس) و دە دوانزە ساڵی رابردوی سەردەمی حکومڕانیی شیعەدا بینیمان؟ ئایا جگە لەو دو تەوژمە سیاسییە عەرەبییە تەسکبین و کەمفامەی لەڕابردودا ناسیومانن (سوننە / شیعە)، تەوژمێکی تری سیاسیی عەرەبی لەعێراقدا شك دەبرێ، ئومێدی ئەوەی لێبکرێ بێتە سەر تەخت و رێگە بدا کورد لەچوارچێوەی عێراقدا بەئارامی ژیان بباتە سەر، رزگاری ببێ لەم ململانێ مەزهەبی و طائیفی و قەومییە نابەرامبەرەی ئێستا؟
گریمان قەدەری کورد وایە تاسەر لەبندەستی گەلێکی تردا بژی، بەڵام بۆچی بەلەتوپەتی ژیانی بندەستیەکەش بباتە سەر؟ بۆچی هەر پارچەیەو لەبندەستی یەکێك لەچوار داگیرکەرەکەی کوردستاندابێ (ئێران، عێراق، تورکیا، سوریا)؟ ئایا لەهەمو حاڵەتێکدا باشتر نییە چوار لەتەکە پێکەوە (بەتەنیشتی یەکەوە) لەبندەستی یەك دانە لەو چوار وڵاتە داگیرکەرانەدابن؟ ئایا ئەگەر هەر لەسەرەتاوە قەدەر ئەوەی لەگەڵدا بکردینایە : هەر چوار پارچەی نیشتیمانەکەمان پێکەوە بەتەنیشتی یەکەوە لەبندەستی یەك دانە داگیرکەردا بونایە، حاڵمان زۆر لەئێستا باشتر نەبو؟ ئایا ئەگەر هەر چل و ئەوەندە ملیۆن کوردەکەو نیشتمانەکەمان پێکەوە بەدەم یەك جوگرافیای سیاسی و یەك دەوڵەتی داگیرکەرەوە بوینایە، ئێستا ئەم هەجینە کەلتورییە سەیرەمان لێ دەردەچو کە

هەین : بەشێ تورکزەدە، بەشێ عەرەبزەدە، بەشێ شیعەزەدەو... هتد! ئایا ئەوەندەی ترسمان هەیە ببینە ژێر دەستەی تورك و تورکیا، هەق نییە بەهەمان ئەندازەش ترسی ئەوەمان هەبێ لەم سێگۆشە شیعییەدا (ئێران، عێراق، سوریا) بۆ هەتا هەتایە گیر بخۆین و دەر نەیەینەوە؟ ئایا هەوڵی گۆڕانکاری و تاقیکردنەوە، باشتر نییە لەبیری چەقبەستن و تاقینەکردنەوە؟

گریمان کوردی عێراق رێگای دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی لێگیراوە، تەنها یەکێك لەم دو رێگایەی لەبەردەمدایە :

یەکەم / رازیبون بەمانەوە لەچوارچێوەی عێراقدا...

دوەم / سەرکێشیکردن و خۆجیاکردنەوەو لەکۆتاییدا خلۆربونەوە بۆ بندەستی دەوڵەتی تورکیا...

لەحاڵەتی (یەکەمدا) ئەوە ژیانەکەمانە کە بومانەو هەمانە : هەمیشە لەڕێی ئەوەداین لەهەر سێ گۆشەی سێگۆشە شیعیەکەوە (بەغدا، تاران، دیمەشق) وەکو ئێستاو رابردو بخرێینە ژێر فشاری جۆراوجۆری سیاسی و ئابوری و کەلتورییەوە، رەنگە هەندێجار گەلەکۆمەکێکە بەپشتوانیی (ئەنقەرە)ش ببرێ بەڕێوە، وەکو لەڕابردودا بینیمان.

لەحاڵەتی (دوەمدا)...

بێگومان لای هەموان ئاشکرایە کوردی تورکیا خەڵکانێکی سیاسین، من حۆم گوێم لەپسپۆڕی روس بوە وتویەتی (کوردی تورکیا ئێستا ئیتر گەلن، نەك خێڵ و تیرەو تایەفەکەی سەردەمانی زو)، جگەلەوە کوردی تورکیا هەوڵی زۆریان دا بۆ بەسیاسیکردنی کوردی ئێران و سوریا، تەنانەت راکێشانی کوردی عێراقیش بەلای کوردایەتییەکی فراوانتردا، سەلماندویانە گرفتی تێکەڵبون و هەڵکردنیان لەگەڵ خەڵکی هیچ پارچەیەکی کوردستانی گەورەدا نییە، کەواتە (ئەگەر قەدەر وایکردبێ تاسەر بندەستبین و گریمانی ئەو کەسانە راست دەرچێ کە دەڵێن جیاکردنەوەی کوردستانی عێراق بۆ ئەوەیە لەکۆتاییدا بلکێندرێ بەتورکیاوە) بەقەدەر ئەوە خراپ نابێ کە تاسەر لەبندەستی عەرەبی عێراقدا بژیین، هیچ نەبێ ئەوسا کوردستانی باشورو باکور کە کوردستانی رۆژئاواش هەر بەتەنیشتی ئەوان و بەدەم ئەوانەوەیە، پێکەوە دەبن، لەیەك چوارچێوەی سیاسیدا، نەك ئاوا پەرتەوازە : بەشێکمان تورکێنراو، بەشێکمان عەرەبێنراو، یان شیعێنراو! رەنگە ئەوسا (لەناو دەیان ملیۆن کورد لەڕوبەرێکی فراوانی کوردستاندا) قۆرخکردنی

دەسەڵاتیش بۆ هیچ دەسەڵاتدارێکی لۆکاڵیی کوردی نەچێتە سەر، ئیتر نازانم پاساومان چیبێ بەگومانەوە بڕوانینە پڕۆژەی جیاکردنەوەی کوردستانی عێراق، ئەگەر خراپترین ئیحتیمال ئەوەبێ لەکۆتاییدا بدرێینە دەم تورکیاو بکەوینە تەنیشتی گەورەترین پارچەی نیشتیمانەکەمان و سیاسیترین خەڵکانی خۆمانەوە؟

2014 / 7 / 12

..........................

# نا بۆ خۆ، نا بۆ تۆ!

سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بخاتە بەردەمی خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی بەئەرێ یان بەنەرێ قسەی یەکلایی خۆیانی تێدا بکەن.

ئەم هەنگاوە هەنگاوێکی دروستە لەبەر چەند هۆیەك :

- ساڵانێکە خەڵکی هەرێمی کوردستان (بەخۆیشمەوە) لەسەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان دەخوێنن گوایە هەنگاوی جدیی نەناوە بۆ سەربەخۆیی هەرێم و گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان، بەهەڵنانی ئەم هەنگاوە تۆپەکە دەکەوێتەوە بەر پێی خەڵك خۆی، دەردەکەوێ خەڵك خۆی چی دەڵێ و چیی پێ دەکرێ.

- ئەوە چەندین ساڵە خەڵکی کوردستان دەسخەڕۆی حوکمڕانی تازەی عێراقن مادەی 140 یان بۆ جێبەجێ بکا، کەچی نەك هەر ئەوە نەکرا، بەڵکو ئەسڵەن مادەکە کرایە ئامرازێك بۆ رابواردن و گاڵتەکردن بەهەستی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان، رۆژێ دەگوترا مادەکە مردوە، رۆژێکی تر دەگوترا هێشتا تەواوی قۆناغەکانی خۆیی نەبڕیوە، کار گەیشتە ئەوەی هەندێ خەڵکی قەومەچی و مەزهەبگەرا (لەشیعەو لەسوننە) موزایەدە بەپەکخستنیەوە بکەن بەسەر یەکتریدا، لەدوای پرسینی رای خەڵکی هەرێمی کوردستان دەربارەی ئەو مەسەلەیە، رون دەبێتەوە کە :

- پەکخستنی تا ئێستای سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و جێبەجێنەکردنی مادەی 140 چەنێکی خەتای سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان بوە، چەنێکی خەتای بیری تەسك و نیازی نادۆستانەی شیعەو سوننەی عەرەب، چەنێکیشی خەتای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

- بەهەڵنانی ئەم هەنگاوە لەلایەن خەڵك و سەرکردایەتی هەرێمی کوردستانەوە، دەردەکەوێ بەرتەك (رد فعل)ی عەرەبی عێراق و وڵاتانی ناوچەکەو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چۆن دەبێ؟ ئەمەش لەدو سەرەوە قازانجە :

- ئەگەر پرۆژەکە سەری گرت و ئەنجامی ئەرێنیی هەبو ئەوا گەورەترین خەونی کورد هاتۆتەدی کە لەوەتەی هەیە سەری بەو خەونەوە دەجەڕێ.
- ئەگەر ئەنجامی پێچەوانەشی لێکەوتەوە ئەوا لانیکەم توانراوە لەو رێیەوە ئیرادەی خەڵك و سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان پیشانی دەرەوە بدرێ، هەروەها یەکێتیی ناوخۆیی گەلی کوردستان پتەوتر بکرێ، چونکە ئەوسا ئیتر دەردەکەوێ کە خەونی باڵای هەموان (بەخەڵك و بەسەرکردایەتییەوە) سەربەخۆییە.
پێشبینی دەکەم خەڵکی کوردستان بەجۆش و خرۆش و ئارەزویەکی کەم وێنەوە بچنە پێشوازیی هەر پرۆژەیەك لەپێناوی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستاندابێ، چونکە بۆ هەمولایەك دەرکەوت : ژیان لەژێر رکێفی دامەزراوەی ئاینیی ترسناکی وەکو (مەرجەعییەی باڵای شیعەو وەقفی سوننەو... هتد) چەند مایەی بێئومێدییە!

2014 / 7 / 2

............................

# خراپ لەخۆداو خراپ بەهۆوە

حوکمڕانیکردن پرۆسەیەکە مەحکومە بەهەندێ فاکتەری جوگرافی و مێژویی و کۆمەڵایەتی، هەر بەدەم ئەو قسەیەوە دەکرێ بڵێین : حاکم کە حوکمڕانی دەکات تەنها لەژێر فەرمانی سەری خۆیدا نییە، بەڵکو لەژێر فەرمانی ئەو فاکتەرانەشدایە، جا هەندێجار ئەو فاکتەرانە دەبنە بایسی توندوتۆڵکردنەوەی رەوتی حوکم و باشترکردنی ئەدای حاکم، هەندێجاریش بەپێچەوانەوە.. هەروەها حوکمڕانیکردن خۆی لەخۆیدا سروشتێکی زۆر باشی نییە (وەکو مەترکاری و تەرازوکاری وایە، ئەگەر خوا رەحمت پێ نەکا ئاخری جارێك داڵغەت دەڕواو گوناهبار دەبی!)، جا ئەگەر حوکمڕانیکردن خۆی لەخۆیدا سروشتێکی باشی نەبێ، حاکم خۆیشی زۆر هەڵنەکشابێ و لەسروشتی خۆیدا باش نەبێ، ئەوا ئیشەکە لەدو سەرەوە خراپە : خراپە لەخۆیدا، خراپیشە بەهۆی حاکم و سیستمی حوکمڕانییەوە! بەڵام دیسان دەبێ بیڵێمەوە : باشی و خراپیی حاکم و سیستمی حوکمڕانی تەنها پەیوەندیی بەسروشتی خۆڕسکی حاکم و سیستمە حوکمڕانیەکەیەوە نییە، بەڵکو بەشێکی ئەم باشی و خراپییە پەیوەندیی بەو فاکتەرانەوە هەیە کە ئاماژەم پێدا... من نامەوێ بڵێم : هەمو کەموکوڕییەکی سیستمی حوکمڕانی لەکوردستاندا هۆکارەکەی سەد دەر سەد فاکتەری مێژویی و جوگرافی و کۆمەڵایەتییەو هیچ پەیوەندییەکی بەسروشتی حاکم و شێوازی حوکمڕانیەکەیەوە نییە، ناشمەوێ بڵێم بەرودراوسێ بەتەواوی دەستیان گرتوین نایەڵن لەناو خۆماندا باشبین و ئەدامان باشبێ و ژینگەی جوگرافی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی خۆمان پاك رابگرین، هەروەها نامەوێ بڵێم : خاکی کوردستان خوارو خێچەو دەست نادات بۆ حوکمڕانیی باش و ئەوەندە بەپیت نییە حاکمی باشی تێدا بڕوێ! ناشمەوێ بڵێم : ئاستی هوشیاریی میللەتەکەمان زۆر لەخوارەوەیەو سەد دەر سەد خۆیانن بونەتە هۆی چەسپاندنی سیستمێکی سیاسیی هەڵنەکشاو، بەڵام دەتوانم بڵێم : ئەوەی لەکوردستاندا دەگوزەرێ و گوزەراوە (بەباش و بەخراپ) شوێندەستی هەموانی بەسەرەوەیە : حاکم، سیستمی حوکم، میللەت، پێگەی جوگرافیی کوردستان، سیاقە کۆمەڵایەتی و مێژوییەکەو... هتد!

2014 / 6 / 11

# لەسەر داوای نوجەیفی

ئەوەی لەموسڵ دەگوزەرێ بەبەرچاوی عالەمەوە دەگوزەرێ، هەروەها بەبەرچاوی ئەمریکاو تورکیاو هەرێمی کوردستانەوە!

هێزێك ئەگەر ناوی لەلیستی رەشی ئەمریکاشدا نەبێ و لەکۆشی حەزرەتی مەسیحیش کەوتبێتە خوارەوە، ناتوانێ بەبەرچاوی کۆشکی سپییەوەو بەبێ پرسی ئەو لەدوکان و بازاڕی ئەو (عێراق) ئاوا تەراتێن بکا.

من بڕوام وایە رەنگە داعش گڵۆپی سەوزی ئەمریکایان بۆ داگیرسابێ ئەوسا ملیان نابێ، تەنانەت رەنگە هێزە موتەنەفیزەکانی ناوچەکەیش راسپێردرابن دەستیان لێ نەکەنەوە.

ئەوەی لەموسڵ رودەدات لەفشارێکی ئەمریکاو دۆستەکانی دەچێ بۆ سەر ئێران، بەئامانجی کورتکردنەوەی دەستی تاران لەدیمەشق.

ئێران لەمێژە بێخەمە لەم نێچیرە زلەی خۆی (عێراق)، بەکەماڵی ئیسراحەت هەمو تەرکیزی خۆی لەسەر ئەو گواستۆتەوە بۆ سەر سوریا، بۆیە سیناریۆیەکی ژیرانەیە شپرزەییەکی بۆ بسازێنرێ و بەشێوەیەکی نوێ ناچاری پاشەکشە بکرێ لەسوریا.

رەنگە ئەگەر خەڵکی موسڵ (و رومادی و...) لەگەڵ دەموچاوی داعش رابێن و هەڵکەن لەگەڵی، سیناریۆکە ببێتە ئەمری واقع و لەمەودوا ئێران نەیپەرژێ ئەوەندە داڵغەی لەسەر سوریابێ، بەڵکو بڕێکی باش لەکات و وزەی خۆی بەمانۆڕکردن لەگەڵ داعش بباتە سەر.

کەچی مالکی لەبەیاننامەکەیدا (ڕو لەپەرلەمان بۆ وەرگرتنی ئیزنی حاڵەتی تەواری) داوا لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات پشتگیریی بکەن بۆ دەرکردنی داعش لەموسڵ، دەشڵێ پشت بەخوا دەرکردنیان درێژە ناکێشێ، وەکو بڵێی دەیەوێ پێش هەموان بکەوێ و بڵێ : رەنگە زۆریش درێژە بکێشێ!

دەربارەی بەشداریی پێشمەرگە:

بەهیچ جۆرێ هەق نییە پێشمەرگە بئاڵێنرێتە ئەو شەڕە، لەبەر یەك هۆی ئاشکرا

:

روداوێ بەبەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بگوزەرێ و رێگە درابێ بگوزەرێ، کورد بۆچی خۆی تێوە بگلێنی و نەیەوێ بگوزەرێ؟ هێزێکی سەربازیی گەورەی چەکداری وەکو داعش سنوری چەندین دەوڵەتی بڕیبێ و رێی پەڕینەوەی لێ نەگیرابێ، کەواتە ئیرادەیەکی هەرێمی لەسەر گەڕانەوەی ئەو هێزە هەیە، جا بۆ ماوەیەکی کورتبێ یان درێژ، کورد بۆچی تێنەگا کە ئەوە سیناریۆیەکی دەرەکی و هەرێمییەو کاری ئەو نییە لەخۆوە خۆی تێوە بگلێنێ (ئەگەر هەر پێشتریش لەشوێنی ترەوە تێ نەگەیەنرابێ)؟

زۆر بەکورتی:

هەر کاتێ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەوانەی ناومان ناون دۆستەکانی دەرەوەمان (نەك نوجەیفی و مالیکی) داوایان کرد پێشمەرگە بکرێ بەگژ داعشدا، با بکرێ... بەڵام بەو گری گری و لاوازی و فەتواو فەتواکارییەی شیعەی عێراقدا وا دەردەکەوێ ئەوەی رودەدا جارێ دەبێ روبداو کوردیش سەیری بکا.

2014 / 6 / 10

....................................

# بوکێ لەگەڵ تۆمەو خەسو تۆ گوێت لێبێ!

جارێکیان حبیب بورقیبە (ی کۆنە سەرۆکی تونس) لەبارەی مەسەلەیەکەوە (بیرم نەماوە مەسەلەکە چییە، رەنگە مەسەلەی عەرەب - جولەکە بوبێ) رای خۆی بۆ (جمال عبدالناصر) شیدەکاتەوە، پاشان دەپرسێ (لەناصر دەپرسێ) : ئەی تۆ رات چییە؟

ناصریش دەڵێ : وەڵڵا منیش هاوڕاتم و هەمان رای تۆم هەیە!

بورقێبە دەڵێ : ئەی بۆ بەڕاشکاوی ئەم رایەی خۆت ناخەیتەڕو بۆ میللەت؟

ناصر دەڵێ : وەڵڵا لەکاردانەوەی میللەت دەترسم، دەزانم ئەوان بەدڵیان نابێ!

جا ئیتر ئەمە سیاسەتە، ئیشکردنە لەسەر (مرۆڤ)، ئەو مرۆڤەی کە خوایشی لێت دەوێ و خورمایش، کرداری لێت دەوێ و بەلاغەتیش لەقسەکردندا، دەبێ بزانی چۆن خەونەکانی تەفسیر بکەیت، دەنا لەم سەردەمەدا چی زۆرە؟ مەلا! دەچێتە لای مەلایەکیتر!

2014 / 4 / 30

............................

# هاودڵی

ڕەخساندنی کەشی جەماوەری (سیاسی / کۆمەڵایەتی) بۆ ئەوەی تیایدا خەڵکی کوردستان پێکەوە بەتەنیشتی یەکترەوە دەربکەون، هەست بەبونی یەکتر بکەن، گوێیان لەرازو نیازی یەکتربێ، لەناو خۆیاندا هەست بکەن بەشێکی گرنگن لەژیانی یەکتر، دو ئەنجامی (تا ڕادەیەك) باشی لێدەکەوێتەوە،ئەگەرچی ئەو دو ئەنجامە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکیتر فەرقی هەیە :

یەکەم / تەنیایی خەڵك دەڕەوێتەوەو هەستی خۆبەغەریبزانین بەرامبەر بەیەکتر دایاننناگرێ.

دوەم / هەست دەکەن ڕۆڵێکی پۆزەتیفیان هەیە لەدەستەبەرکردنی دەسکەوتە گشتیەکان و باشکردنی ژیانی خۆیان و یەکتردا.

جا ئیتر ئەو کەشە لەخۆپیشاندانی گشتیدا بەرجەستە بکرێ، یان لەدەنگدان و هەڵبژاردنی گشتیدا، یان لەبەڕێوەبردنی جەماوەریانەی جەژن و بۆنەو سەیرانەکاندا.

تکایە ئەم بەڕەیە لەژێر پێی خەڵك دەرمەهێنن، با ئەم هەلی پێکەوەیی و خۆبەبەشدارزانینەیان لەکیس نەچێ، ئەگەر تەنانەت بەبڕوایەکی لاوازیشەوە پێیان لەسەر بەڕەکە دانابێ.

2014 / 4 / 4

.................................

کێشانەوەی موحتەریفەکانی بواری قانون و هێنانەپێشەوەی موحتەریفەکانی بواری شەڕجۆشدان

زۆربەمان حەزمان دەکرد دۆخی هەرێمی کوردستان بەم رۆژە نەگا، بەڵام گومانم نییە کەسانێکیش هەبون حەزیان کردوە بەم رۆژە بگا، بەتایبەتی هەندێ لەموحەریرە ئاگرخۆشکەرەکانی سەردەمی شەڕی ناوخۆ، هەروەها هەندێ لەبەرپرسانی ئەوسای دامودەزگا ئیعلامیەکان.

ئەوەتا دوبارە دەرکەوتونەتەوەو دەستیانداوەتەوە کەسابەتەکەی زویان، رێك لەو شوێنەشەوە کە دەستیان تێدا هەڵگرتبو، بەبێ ئەوەی هیچ ئاڵوگۆڕێك بەدەمودویانەوە دیاربێ دەریخاساڵانێکە لەشەڕی ناوخۆو کەلتورەکەی و گوتارە ئیعلامیە باوەکەی پچڕاون، دەخوێنن بەبێ دودڵی و دامان، وەك بایەقوشەکەی ئەوسا، بەوپەڕی کەیفەوە، وەکئەوەی هەفتەو دو هەفتەی رابردو پێمان نابێتە ناو ساڵی نەوەت و شەشەوە.

سەد حەیف و مەخابن کە عومرمان لەناو کاسبکاری راگەینکاری وەکو ئەوانەدا دەگوزەرێ و بەفیرۆ دەڕوا.

سەیر لەوەدایە حیزب خۆی ئەم داشانەی هێناوەتەوە بەرەوە، وەکئەوەی بیەوێ پێمان بڵێ : دەرگای جەنگ کرایەوە، ئا لەم کاتە ناسکەدا کە زۆر نییە دەرگای خوێندن و مەکتەب کراوەتەوە.

بۆچی نا؟ ئەگەر وا نییە کێشانەوەی ئەو داشانەی لەسەر خەتی یاسا یارییان دەکردو پسپۆڕی یاسابون، لەبەرچی؟ هێنانی ئەم (داش ـ بایەقوش)ە میدیاشێوێنە بێسەوابیتە بێسەوادانە بەدوای کێشانەوەی ئەواندا، یانی چی؟

حیزب دەبێ ئاگاداری ئەوەبێ ئەم چروچاو و دەموپل و خراپەکارانە زیانی گەورەی لێدەدەن، خەڵکی لێدەکەن بەقینداو، دوژمنی بۆ دەسازێنن، ناخۆشەویستی دەکەن لەناو خەڵکدا.

بەڕاستی کێشانەوەی یاریچییە موحتەریفەکانی بواری یاسا، هێنانەپێشەوەی (داش ـ میدیاکار ـ بایەقوش) ە موحتەریفەکانی بواری شەڕجۆشدان، بەدوای ئەواندا، جێگای سەرسوڕمانە، هەر حیزبێ ئەو دەسپێشخەرییە بکا، ئەوا ژمارەیەکی بێشومار لەخەڵکی کوردستان دەکا بەدوژمنی

خۆی، لەپێش هەموویانەوە ئەو خەڵکانەی کە نە لەدور نە لەنزیك پەیوەندییان بەحیزبی رکابەری ئەوەوە نەبوە!

بەبڕوای سادەی من، کێشانەوەی موحتەریفەکانی بواری یاسا لەگەمەکەدا، هێنانەپێشەوەی موحتەریفەکانی بواری دەمەدەمێ و چەلەحانێ و شەڕجۆشدان بەدوای ئەواندا، هەم نیشانەی شکستی کاپتنی تیپە، هەم نیشانەی شەڕفرۆشییەتی، جا هەر تیپ و هەر حیزبێکبێت.

2015 / 10 / 3

..................................

# مانۆڕی دەرونی لەناو کایەی سیاسیدا

مەبەست لە(مانۆڕ) واتە: خۆنمایشکردن و خۆخستنە بەرچاوی ڕای گشتی (دەرەوەو ناوخۆ) بەهێزو ورەیەکی بەرزەوە.
ئەوەی تائێستا لەبارەی مانۆڕو مانۆڕسازیەوە بەرگوێی خەڵکی کوردستان کەوتوە (بەگشتی) بریتیە لە : (مانۆڕی سەربازی).
وڵاتان بەتایبەتی ئەوانەی پێگەی جوگرافی توشی دەردەسەری کردون، بەهۆی فاکتەری جوگرافی - مێژوییەوە، لەگەڵ دراوسێکانیان ناکۆکن، ساڵانە یان ناوبەناو مانۆڕی سەربازی ئەنجام دەدەن، بەو جۆرە بیری دراوسێکانیان و هەموانی دەخەنەوە کە ئەوان نەخەوتون، بەردەوامن لە خۆپڕچەککردن، خۆبەهێز کردن، خۆجیرکردنەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر ئەگەرێکی نەخوازراو.
بێگومان ئەنجامدانی مانۆڕی سەربازی بۆ (ترساندن و نیگەرانکردن و ڕاگرتنی دوژمن) ئەگەرچی لەڕواڵەتدا سەربازییە، بەڵام لەڕاستیدا چەندە سەربازییە ئەوەندەش دەرونییە.
دیارە هەمومان ئەوەش دەزانین کاریگەریی دەرونیی مانۆڕ تەنها بۆ سەر دەرەوە نیە، بەڵکو بۆ سەر ناوخۆیشە.
ئەو کەسەی لەناوخۆی وڵاتدا سیستمی سیاسیی بەلاوە پەسەندە، بێگومان وڵات بەهی خۆی دەزانێ، کەواتە سەربازانی وڵاتیش بەپاسەوانی خۆی دەزانێ، لەبەرئەوە هەمو مانۆڕێکی سەربازیی وڵاتەکەی، هێزو توانای پێدەبەخشێ و ورەی بەرز دەکاتەوە.
بەپێچەوانەشەوە ئەو کەسەی کەناکۆك و ناتەبایە لەگەڵ سیستمی سیاسیی وڵاتەکەیدا، بێگومان هێزو توانای سەربازیی وڵاتەکەی، بەهەڕەشە دەزانێ بۆسەر خۆی!
کەواتە دەکرێ مانۆڕ لەیەککاتدا بۆ ترساندن و نیگەرانکردنی دوژمنانی ناوخۆو دەرەکیش بێ... هەروەها بۆ بەرزکردنەوەی ورەی یاران و دۆستانی دەرەوەو ناوخۆیش بێ.
ئەوەی دەمەوێ لەبارەیەوە بدوێم سودوەرگرتنی هەرێمەکەی خۆمانە لەم هونەرە

(سیاسی – سەربازی – دەرونی)یە!
ئایا هەرێمەکەی ئێمەش توانای ئەنجامدانی مانۆڕی هەیە؟ چ جۆرە مانۆڕێك؟ بۆ ترساندن و هەراسانکردنی کێ؟ یان بۆ ورە بەرزکردنەوەی کێ؟
بێگومان هەرێمەکەی ئێمەش بەهۆی پێگە جوگرافیەکەیەوە، هەروەها بەهۆی فاکتەری مێژوییەوە، پێویستییەکی زۆری بەهەموو ئامرازێکی شەڕی ساردو شەڕی گەرم هەیە، لەوانەش(مانۆڕ) بەتایبەتی بەڕوی نەیاری دەرەکیدا.
بەڵام لەبەر دو هۆی سەرەکی ئەمەی نەکردوە:
یەکەم/ نەیتوانیوە بیکا، چونکە لەبنەڕەتدا هێزێکی وەهای نەبوە (لەچاو هێزی نەیارەکانیدا) بتوانێ خۆی پێوە بابداو مانۆڕی پێبکا.
دوەم/ نەیویستوە بیکا، چونکە پێی وابوە مادەم ناتوانێ کارێکی وەها بکاو کۆمەڵی نێودەوڵەتیش تارادەیەك پاسەوانیی دەکا، ئیتر بۆچی ئەم دانەجیرەیە بکاو بێهودە سەر لەشاخی دڕندە گیر بکا.
بەڵام خۆ مانۆڕ تەنها بەکەرەستەو تفاقی جەنگی، هێزی سەربازی و مرۆیی ئەنجام نادرێ! مانۆڕ بە (ڕاگەیاندن، بڵاوکردنەوەی فیکرێکی تایبەت لەناوخۆو دەرەوە، هەڕەشەی هەناردەکردنی کێشەی فیکری بۆ ناوماڵی نەیار، قۆستنەوەی کێشەی نەیارو دەستتێوەردانی وەکو کێشەکەی نێوان مالکی و تارق هاشمی) ش ئەنجام دەدرێ!
بۆ نمونە:
کۆماری ئیسلامیی ئێران پێش ئەوەی لەڕوی تەکنەلۆژیای جەنگی و هێزی سەربازییەوە ببێتە ئەم مەخلوقە زەبەلاحەی ئێستاو مانۆڕی سەربازی لەناو دەریا، لەسەر زەوی، لەبن ئاسمان، ئەنجام بدا، هەمو مانۆڕو هەڕەشەیەکی بۆ هەراسانکردنی نەیارانی دەرەکی و ناوخۆیی، لەڕێی ڕاگەیاندن و بڵاو کردنەوەی بیری شیعەگەری و مقۆمقۆی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ وڵاتانی دیکە و قسەگەلی لەو جۆرەوە بو! کەواتە کوردو هەمو نەتەوەیەکی دیکەی وەکو کورد کە توانای ئەنجامدانی مانۆڕی سەربازییان نیە، توانای ئەنجامدانی مانۆڕیان هەیە بەڵام بەشێوەی تر...(بۆ نمونە) هەر ئێستا ئێمە ئەگەر بمانەوێت دەتوانین حکومەتی ناوەند تێبگەیەنین کە دەتوانین وەك جاران نەمێنینەوە! دەتوانین هەڕەشەی دەستوەردان لەکاروباری حکومەتی ناوەندی، هاندانی خەڵکی کوردستان و ناوچەکانی تری وڵات دژی سیاسەتە خراپەکانی ناوەند، جیابونەوەی هەرێمی

کوردستان لەدەوڵەتی عێراق و چەندین هەڕەشەی تریش بکەین، بەشێوەیەکی زۆر مەدەنیانە، لەڕێی سازدانی کۆبونەوەی گەورە گەورەو سیمیناراتی فراوان و بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکەکانیانەوە لە T.V و رۆژنامەدا، لەم ڕێگەیەوە دەتوانین جاروبار ئەوە بڵێین کە ئەگەر نوخبەی سیاسی لەعێراقدا مل بەفیدراڵیزەکردنی ڕاستەقینەی وڵات نەدا، ئەوا ئێمەش وەکو هەرێمی کوردستان بەر بەڕەڵا دەکەین (بۆنمونە) بۆ بڵاو بونەوەی (بیری ناسیونالیستی) بۆ ئەوەی چیتر خەڵك بەکەمتر لەجیابونەوەو سەربەخۆیی ڕازی نەبن و دانەکەون! هەر لەڕاستیشدا دەتوانین وەها بکەین (بەڵام دەبێ بزانین حکومەتی ناوەندیش دەتوانێ بەشێوازی خۆی دەست بێنێتە ڕێگەمان و سەرئێشەمان بۆ دروست بکات، بۆیە دەبێت خۆمان بۆ ئەوەش حازر کردبێ)، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا باشترە ڕێگە نەگیرێ لەبڵاوبونەوەی فکری ناسونالیستی، وەکو کارتێکی گرنگ حسابی بۆبکرێ و بەکار بهێنرێ، کارێك بکرێ ئەم فیکرە لەئێستاو داهاتوشدا بەقازانجی گەلەکەمان تەواو ببێ، نەك ئەگەر کەسێکی وەکو (حەسەن عەلەوی) هاتە هەولێرو هانی خەڵکی کوردستانی دا بیر لەدامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی هەولێر بکەنەوە، بچینەوە بەگژیدا، بەتەڵەکەبازو ژێرکەن یاخود ژێربڕ وەسفی بکەین، ڕۆژنامەنوسانی لێ هانبدەین لێرەو لەوێ هەوڵەکەی بەناکام وناوەخت و پەرگیر بدەنە قەڵەم! ئەمە بۆ خۆمان خراپە! قەیچێکا با بەشێك لەخەڵکی کوردستان و نوخبەی ڕوناکبیرو ڕۆژنامەنوسان چەپڵەی بۆ لێبدەن، دەستخۆشیی لێبکەن، هانی بدەن زیاتر بەبڵاوکردنەوەی ئەم تێزەیەوە خۆی خەریك بکا! لەولایشەوە سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان خەریکی بەڕێوەبردنی سیاسەت و ئیشوکاری خۆی بێ و خۆی لەمەسەلەکە ببوێرێ و جێی بهێڵێ بۆ خەڵك بەگشتی.

لەڕاستیدا ئەگەر هەڕەشە لەبنەڕەتدا دەستکردو بێ بنەمابێ، پەیوەندیی توندی بەئەرزی واقیعەوە نەبێ، ئەوا نەك هەر دوژمن و نەیاران ناسڵەمێنێتەوە بەڵکو خودی هەڕەشەکەرەکەش لەناخەوە ناهەژێنێ!

مانۆڕێکی تری گرنگ کە (بەپارێزێکی زۆرو دودڵییەکی ڕاستەقینەوە) بەخەیاڵمدا دێ پێشنیاری بکەم، بۆ کپکردنەوەی مەیلی شەڕانگێزی و مەیلی ئانارشیستییە لەناو هەرێمەکەی خۆماندا! کپکردنەوە بەمانا فیزیکیەکەی نا :(خەڵك و لایەنگرانی ئەم حیزب و ئەو حیزب ڕاو بنرێن، بریندار بکرێن، بکوژرێن، دوکان و بازاڕو کڵێساو شوێنی مەساج و بارەگای سیاسی بسوتێنرێن، تفەنگ لەشەقامدا

بڵاوبکرێتەوەو گرژی و ئاڵۆزیی ڕاستەقینە کۆمەڵگە بگرێتەوە، ئاسایشی مرۆڤ لەڕوی دەرونی و جەستەیی و بەرژەوەندیی مادییەوە بکەوێتە بەرمەترسی)....
ئەوە نابێتە مانۆڕ.. مانۆڕ هەڕەشەیەکی ڕەمزیی کاتیی ناڕاستەقینەیە (نەیار، هەرکەس بێت، نە کارەکتەرە تیایدا، نە بەرکەوتو بەمانای فیزیکی) مانۆڕ بۆی هەیە ببێتە مەترسییەکی ڕاستەقینە، بەڵام ئەوسا ئیتر مانۆڕ نیە! بۆ ئەوەی هەڕەشە نەبێتە مەترسیی ڕاستەقینە، مانۆڕ خۆی لەشێوەی مانۆڕدا بەرجەستە دەکات و لەسنوری تەنها نیگەرانکردن، هەراسانکردن و ترساندندا، ڕادەوەستێت و لەوە زیاتر ناترازێت... بەهەرحاڵ پێشنیارەکەی من خەیاڵئامێزە وەکو فانتازیا..
شتێکە لەچەشنی ئەو فانتازیایەی دیستۆفیسکی (ڕۆماننوسی ڕوس) لەنوسینێکدا بەناوی (دۆزی جولەکە) فڕێی داوە.. (ئەو) سەدو ئەوەندە ساڵ پێش ئێستا لە (دۆزی جولەکە) دا، دەگێڕێتەوە کە چۆن هەشتا ملیۆن مرۆڤی ڕوسی، بەدەست تەنها سێ ملیۆن مرۆڤی جولەکەوە، لەڕوسیای زێدی خۆیاندا گیریان خواردبو، بەشی هەرەزۆریان بوبونە سوخرەکێش و نۆکەری جولەکەکان!
دیستۆفسکی دەپرسێت: ئەگەر لەڕوسیا جولەکەکان هەشتا ملیون کەس و ئێمەی ڕوس سێ ملیۆن کەس بوینایە (نەك بەپێچەوانەوە) ئاخۆ لەسەر دەستی جولەکەکان توشی چ چەرمەسەرییەکی گەورەتر ببوینایە؟!
منیش دەپرسم و دەڵێم :
ئاخۆ ئەگەر خوانەخواستە لەکۆی ئەو چەند ملیۆن کەسەی لەهەرێمی کوردستان دەژین، یاخود لەکۆی ئەو کەسانەی سەر بەنوخبە جۆراوجۆرە سەربازی، ئیداری، سیاسی، ڕوناکبیریەکانن و بڕیار بەدەست و شت بەدەستن، گیانی ئانارشیستی و شەڕانگێزی گەرای لەدڵ و دەرونی زۆرینەدا دانابێت، فیکرو خەیاڵی ئاشتی و ئارامی جێگەیەکی بچوکی لەدڵ و دەرونی کەمینەیەکدا بۆ مابێتەوەو هیچی تر (کە شوکر بۆخوا ئێستا ڕێگای شەڕ پانوپۆڕ نیە) چی بکرێت باشە؟
ئایا ئەگەر ڕۆژێك لەڕۆژان (چینێك، توێژێك، هەڵگرانی بیرو باوەڕێکی ئاینی، سیاسی، ئایدیۆلۆجی، یان هێزێکی سیاسی، عەشیرەتێکی گەورەی خاوەن پێگەو نفوز، حیزبێك لەحیزبەکانی دەسەڵات و دەرەوەی دەسەڵات) لەهەرێمەکەماندا، مەیلی شەڕ هەڵی گرت، هەروا زو ئەو هەمو مەینەتییەی لەبیر چۆوە کە شەڕی ناوخۆ بەسەری هێناین، لەجیاتیی خۆ سپاردن بەعەقڵ و هەوڵدان بۆ ئاراستەکردنی پرۆسەی سیاسی بەئاقاری کێبەڕکێیەکی دیموکراتیانەدا، بەئاقاری

نانەوەی ئاشوب و ئاژاوەدا ملی نا، چی بکرێت و چار چی بێت؟
ڕاستیەکەی هەروا لەخۆوە (تەنها بەمەبەستی خستنەڕوی فانتازیایەکی سیاسی) ئەم پرسیارەم فڕێنەداوە، بەڵکو ترسی تەواوم هەیە ئەوەی لەنێوان مالکی وهاشمیدا دەگوزەرێت، لەجیاتیی ئەوەی ڕامانگرێت، لەناتەبایی و ململانێی توند بمانگێڕێتەوەو ببێتە دەرس بۆمان، بەپێچەوانەوە : وردە وردە وەکو خەیاڵێکی خراپ لەنەستماندا جێگەی خۆی بکاتەوە، لەسبەینێیەکی دور یان نزیکدا بمانخاتە سەر کەڵکەڵەی لاسایی کردنەوەی خۆی!
بیر بکەرەوە بزانە خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسیەکانمان، تەنها لەیەك – دو ساڵی ڕابردودا چەند جار خۆیان سپاردە خەیاڵی خراپی سەر؟ چەند جار خۆیان شۆڕ کردەوە بۆ ناو ئاگرو پەلاماری یەکیان دا؟ دواترین و ترسناکترین هەڕەشەش بۆ سەر ئەزمونەکەو هەرێمەکە، یەکتر بەگیر هێنانەکەی ئەم دواییانەی هەردو مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و پارتی بو لەسەر ئاستی ڕاگەیاندن! ئەوەبو لەماوەی ڕابردودا هەردولایان ماوەیەك لەیەکتریان خوێند تا لەسەرەوە کۆتایی پێهێنراو بڕێنرایەوە!
ئەو ڕوداوە لەدو ڕوەوە بۆ من جێگەی پرسیارە :
یەکەم/ تۆ بڵێیت ئاشتیی نێوان دو هێزە سەرەکیەکەی کوردستان بەتەواوی و بەیەکجاری شۆڕ نەبوبێتەوە بۆ خوارەوە کە ئاشتیی نێوانیان تاڕادەیەکی زۆر واتە : ئاشتی و سەقامگیری لەهەمو هەرێمی کوردستاندا، پێچەوانەکەشی واتە : ناسەقامگیری وشلۆقی لەهەمو هەرێمی کوردستاندا!
ئەگەر وابێت کەواتە کۆمەڵگەی ئێمە ئێستا لەدۆخی ئاشتییەکی بەزۆر سەپێنراودایە، کە زۆرەکە نەما ئەویش لەڕێگەی نەماندایە (ئەمە هەڕەشەیەکی قورسە)
دوەم/ ئایا ناکرێت ئەم ڕوداوە، واتە ڕوداوی یەکتر بەگیر هێنانەکەی هەردو مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و پارتی (بەڕێکەوت) ڕۆڵی مانۆڕی گێڕابێت و ترسی هەڵایسانەوەی شەڕی ناوخۆی لەدڵدا زیندو کردبینەوە؟! پەشیمانمان بکاتەوە لەلاساری و لاڕێ یی؟ هانمان بداتەوە (لەسەر ئاستێکی فراوان و جەماوەری) بۆ زیاتر باوەش کردنەوە بەعەقڵدا؟!
بەڵێ..... بۆ نا؟
کەواتە ئێستا دەتوانم فانتازیاکەم بخەمەڕو و بڵێم : هێزە سیاسیەکانمان

بەئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتداریانەوە (بەتایبەتی دو هێزە دەسەڵاتدارەکە) بۆ بەتاڵکردنەوەی مەیلی شەڕانگێزی لای خەڵك بەگشتی و جەماوەرەکەی خۆیان بەتایبەتی، بۆ ئەوەی ئەو بڕوایە زیاتر ڕەگ دابکوتێت کە ئاشتی چ نیعمەتێکەو شەڕ (ئەگەر خوانەخواستە یەخەمان بگرێتەوە) چ بەڵایەکی ڕاستەقینەیە، دەکرێت جارو بار لەشێوەی مانۆڕدا (مانۆڕ بەئاراستەی ناوخۆ) خۆ لەیەکتر جیربکەنەوە، بەڵام بێگومان نەیگەیەننە ڕاستی (وەك دەمەقاڵێکەی ئەم دوایانەی نێوان مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و پارتی کە باسمان کرد).

دیارە ئەنجامدانی مانۆڕی وەها، دەبێت تەنها لەو دۆخانەدا بێت کە هەست دەکرێت خەریکە مەیلی ئەنارشیزم و شەڕانگێزی و بەریەککەوتن (لەکۆمەڵگە یان لەناو چینێکی تایبەت لەخەڵك، یاخود لەلای لایەنگرانی ڕەوتێکی سیاسی _ فیکری، یان لەهەناوی حیزبێکی گەورە - بچوك، دەسەڵاتدار _ ئۆپۆزسیۆن) دا سەوز دەبێت و دەبێتە دیاردە!

لەو کاتەدا دەکرێت سیاسەتمەدارانی کوردیش، چ ئەوانەی ناو دەسەڵات و چ ئەوانەی ناو ئۆپۆزسیۆن، بیریان بۆ مانۆڕسازی و سیناریۆهاتی سیاسی و ڕێوشوێنی جۆراو جۆر بڕوات، بەڵام مانۆڕێك کە بتوانێت لەشەڕو کوشتار دودڵمان بکات، بمانسڵەمێنێتەوە، پەشیمانمان بکاتەوە، دورمان بخاتەوە، نەك شەڕمان بۆ بسازێنێتەوە یان لەئەنجامدا ناکۆکیی ئاینی و تایفیی لێبکەوێتەوە!

بێگومان هەمومان ئەوە دەزانین کە مانۆڕ (جا سەربازی بێت یان هەر جۆرێکی تر) هەمیشە هەر بۆ نیگەرانکردن و ترساندنی نەیارانی دەرەکی، یان ناوخۆیی نیە، بەڵکو هەندێکجار بۆ لەخشتەبردنیانە، یان بۆ ترساندن و نیگەرانکردن و لەخشتەبردنیانە پێکەوە!

دەکرێت لەسەر ئەم بنەمایە بیرمان بۆ ئەوە بچێت کە مەرج نیە واپێویست بکات هەمیشە بەگوڕو تین و هێزی لەڕادەبەدەرەوە، خۆ پیشانی نەیار بدرێت، چونکە ئەگەر لەم ڕوەوە زیادەڕۆیی کرا، ئەوا ئەنجامی ئیشەکە پێچەوانە دەبێتەوە، واتە لەبری ئەوەی مانۆڕەکە نەیار بترسێنێت، لەسنورێکدا ڕای بگرێت، پەشیمانی بکاتەوە لەشەڕو شۆڕو هەڵڕشتنی ڕقی دوژمنکارانەی خۆی، هەر بەیەکجاری دەبێتە هۆی تۆقاندنی، توشی(فۆبیا)ی دەکات، وای لێدەکات پەلە بکات هەرچی زوترە ململانێکە یەکلایی بکاتەوە (لەسەرئەرز)! وەکو ئەوەی بەسەر ئێراندا هاتوە :

کۆماری ئیسلامیی ئێران لەچەند دەیەی تەمەنی خۆیدا، ئەوەندە زیادەڕەویی کرد لەخۆگیفکردنەوەو مانۆڕسازیدا، کۆتاییەکەی بەوەگەڕا ئێستا زۆربەی وڵاتە گەورەکانی دونیاو دەوروبەریشی بەمەترسییەکی ڕاستەقینەی دەزانن بۆ سەر خۆیان و بۆ سەر بەرژەوەندیە جۆراو جۆرەکانیان کە ئەمە ئەنجامێکی پێچەوانەیە! کۆریای باکوریش هەروەکو ئێرانی بەسەرهاتوە!

کەواتە مانۆڕ، ئەو مانۆڕەی زیاتر بارگاوییە بەڕەهەندی سیاسی نەك سەربازی، پێویستە هەندێك جار تەنها بۆ لەخشتەبردن بێت، جا ڕوی مانۆرەکە لەنەیاری دەرەکی بێت یاخود ناوخۆیی.

بۆ نمونە گریمان تێبینییەکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیی وەها لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە کە سیستمێکی یەکڕەنگ و خۆسەپێنە، ڕێگە بەفرەیی و دیموکراتیەتی ڕاستەقینە، بەشداریی سیاسیی دروست، بەڕەوت و لایەنە سیاسیەکانی تر نادات!

بێگومان هەمو نەیارێك دەتوانێت یاری بەم کارتە بکات، ئیشی لەسەر بکات، وابکات بەقازانجی خۆی و زیانی بەرامبەرەکەی تەواو ببێت.

بۆ خۆدورخستنەوە لەم گرفتەو سوتاندنی ئەم کارتە لەدەستی نەیاردا (بەتایبەتی نەیاری دەرەکی)، بەشێوەی یەکجاری و ڕاستەقینەبێت یان هەر بۆ نمایش، پێویستە سیستەمی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا مانۆڕی سیاسی نوێ ئەنجام بدات.

وادەربخات (یان هەر بەڕاستی وابکات) هەرێمەکە هەرێمێکی پڕ لەهەڵکشان و داکشانی سیاسییە، تاپۆ نیە لەسەر هێزێك یان لایەنێکی سیاسیی دیاری کراو تاوەکو دەستی بەسەردا بگرێت، نەهێڵت کەس و لایەنی تر بەشداری لەڕەسمکردنی سیاسەتی ئێستاو داهاتویدا بکات.

واتە: ئەگەر لەچرکەساتێکی (مێژویی – سیاسیدا) واپێویست بکات وێنەیەکی توندو تۆڵ، یەکڕیزو پۆشتەو پەرداخ، دەوڵەمەند، چاوکراوەو بیرتیژو سیاسیانەی هاوڵاتی، پیشانی نەیار بدرێت، ئەوا ڕەنگە لەچرکەساتێکی تری (مێژویی – سیاسی) دا واپێویست بکات وێنەکە لەپێش چاوی نەیاردا ئاوەژو بکرێتەوەو ڕاستی بەدیوی پێچەوانەدا پیشان بدرێت، چونکە وەکو دەزانین سیاسەت ماڵی لەشوشەیە، بۆی هەیە کزە بایەکی سارد، بارانێکی ناوەخت، بێ بارانییەکی کتوپڕ، هەلومەرجی بازاڕە جیهانیەکان، نەخۆشیی کارەکتەرێکی سیاسیی ناو وڵات و

دەرەوەی وڵات و دەیان فاکتەری تری حساب بۆ نەکراو و حساب بۆ کراو، خێرا کاری تێبکات، بەتەواوی و بەقورسی بیخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە.
بێگومان ئەم بۆچونانەی من لەبارەی مانۆڕو مانۆڕسازییەوە، هەوڵێکی سادەن بۆ تەماشاکردنی ئەو هونەرە (سیاسی – دەرونی – سەربازی)یە لەڕوانگەی شیاوی و نەشیاویی خودی هونەرەکەو چۆنێتیی هەوڵدان بۆ تاقیکردنەوەی میکانیزمێك لەمیکانیزمەکانی سیاسەتکردن کە مانۆڕە.. دەبێت ئەوەش بڵێم کە: من وەك هاوڵاتییەکی خاوەن (ڕا)، چاوەڕوانی ئەوە لەسەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکەم (هەتا دەکرێ!) لەمامەڵەکردنی دۆزە سیاسی، دارایی، کۆمەڵایەتیەکانی ناوخۆدا، حەکیم، ڕاستەقینە، شەفاف، دوربین و بێ دەمامك بێت! چونکە دەمامك ناکرێت هەمیشە بەڕوەوە بگیرێت، لەبەرئەوەی قابیلی ناسینەوەو هەڵماڵرانە، واتە ئەفسون و کارکردەکەی هەتاسەر نیەو تاماوەیەکی زۆر بڕناکات، مەگەر بەڕێکەوت، چەشنی ڕوداوەکەی نێوان دو مەکتەب سیاسیەکە، کە هیوادارم مانۆڕێك بوبێت لەپێناوی بەتاڵکردنەوەی چەردەیەك لەمەیلی ئانارشیستیانەی خەڵك و کەسان.

تێبینی : لەگۆڤاری (کەوانە)، ژمارە 7، مانگی شوباتی 2012 بڵاوبۆتەوە.

........................................

# داكۆكی لەدیموكراتی

دیموكراتی (وەكو دەزانن) ئامانج نیە، بەڵكو ئامڕازە بۆ گەیشتن بە ئامانج، بەڵام نابێ بەبیانوی (پیرۆزیی ئامانجەوە)، وەكو ئەوەی لەهەندێ قۆناغی مێژوییدا رویداوە، بازی بەسەردا بدەین و پێشێلی بكەین.

رۆشنبیرانی دیموكرات و (منیش!) لەماوەی چەند مانگی رابردودا (لەكاتی دەستپێكردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەكەی مانگی تەمموزی 2009)وە، ژیاندۆستانە داكۆكیمان لەم ئامڕازە كرد، بەئەندازەیەك كە رەنگە وا هاتبێتە بەرچاوی هەندێ كەس وەكو (ئامانج)ێك لەخۆیداو بۆ خۆی، تەماشای دەكەین (كە وانیە!).

راستیەكەی لەچوارچێوەی دیموكراتیەت و بڕوابون بەدیموكراتیەتدا دەكرێ (تەنانەت!) داكۆكی لە (قەوارە) و (بەشداری) و ئامادەگیی دوژمنیش بكەین، ئەگەرچی لەو ماوەیەدا كە تیایدا داكۆكیمان لەدیموكراتیەت كرد، هیچ دوژمن و نەیارێك (دوژمن و نەیار بەپرۆسەی سیاسی لەكوردستاندا!) لەسەر ئاستی بەشداریكردن و بردنەوەو بەش بۆخۆ پچڕین لەناو كایەی سیاسیدا، لەئارادا نەبو. ئەوانەی لەو ماوەیەدا هەبون و دەركەوتن و ئامادەی بەشداریكردن بون لەناو پرۆسەی سیاسی لەهەرێمی كوردستاندا، هێزگەلێك بون كە حاشا لەبونیان نەدەكرا... حاشا لەوە نەدەكرا كە ئەوانە (هەر هەمویان!) هێزن و خەڵكی خۆیان هەیە، لە : ئەندازیار، پزیشك، مافناس و پارێزەر، مامۆستا، كرێكار و كاسب، شۆفێر، پیشەوەرانی بوارگەلی/ چێشتخانە، ئاسنگەری، دارتاشی، بازرگانیی كوتاڵ و كەلوپەلی دیكەو.... هتد!.

بەگشتی: ئەوانەی بەشدارییان لەپرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی و یەكلایی كردنەوەی كایەكەو رەسمكردنی داهاتوی پرۆسەی سیاسی لەهەرێمی كوردستاندا

کرد، هەر هەمویان (هێز)ی بەرجەستە بون (بەئێستاشیانەوە!) لەناو واقعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رێکخراوەیی هەرێمی کوردستاندا.

دیموکراتیەت، وەکو ئامرازێکی مۆدێرنی یەکلایی کردنەوەی کایەی سیاسی، بایی ئەوە فراوان و گشتگیرە کە جێی دانە بەدانەی هەر هەمو ئەو هێزانەی تێدا ببێتەوەو بکرێتەوە.

بەڵێ.. هێزەکان کە هەبون دەبێ رێگە بدرێن بەشێوەیەکی ساغ و سەلیم و تەندروست بژین، نەك بخرێنە ژێر فشارو بەلارێدا ببرێن، یاخود بکێشرێن بەیەکدا، لەبەرئەمە داکۆکیمان لەدیموکراتیەت کرد.

داکۆکیی ئێمە، داکۆکی نەبو لە (سیاسەت)ی یەك هێزی دیاریکراو لەو هێزانەی هەبون و بەشداریی پرۆسەی سیاسییان کرد لەهەرێمەکەماندا، بەڵکو داکۆکی بو لە (قەوارە و کیانیان!) قەوارەو کیانی هەر هەمویان! داکۆکی بو لەخودی دیموکراتیەت! بۆ جێکردنەوەی هەموان بو لەناو دیموکراتیەتدا! بۆ دورخستنەوەی ئەگەری پێکدادان و هەڵتەکاندی ئەو بنەما سیاسییە بێکەڵکانە بو کە زەمینەی ئەگەری پێکدادانیان خۆشدەکرد!

من ئەوساش وتم و ئێستاش دوپاتی دەکەمەوە: بەشداری (قەڵەمی جدی) لەچاودێریکردنی روداوگەلێکی سیاسیی وەکو ئەوەی لەنیوەی دوەمی ساڵی 2009 بەرەوسەر، لەهەرێمی کوردستاندا گوزەرا، دەبێ بەشدارییەك بێت وەکو بەشداری ناوبژیوان لەیاری دو گۆڵیدا! بەر لەهەرشتێك لەخزمەتی دیموکراتیەتدا، لەخزمەتی یەکتر قبوڵکردن و جێکردنەوەی هەمواندا، ئەوسا دوای هەمو ئەوانە : لەخزمەتی دروستکردنی (روانگەی سیاسی فراوان) و (ئامانجی گشتیی بەکەڵك بۆ هەموان)و (خستنەڕوی لێکدانەوەی ورد) دەربارەی گوتاری جۆراوجۆری هێزەکان کە دیارە جۆراوجۆریی گوتاری هێزەکان نابێ تەنها لەجۆراوجۆریی (ئیدیعا و بانگەشە)ی هێزەکاندا خۆ بنوێنێ، بەڵکو دەبێ لە (ئەدەبیات) و (کەلتوری سیاسی)یشیاندا رەنگ بداتەوە، واتە دەبێ: (جیاوازیی گوتار، جیاوازیی کەلتوری سیاسی و ئەدەبیاتی سیاسیشی لێبکەوێتەوە)، کەچی بەداخەوە تا ئێستا ئەم راستیە، بەو بەرجەستەییەی کە شایانی باس بێت، لەناو واقعی سیاسیی ئێمەدا بەهەند وەرنەگیراوە، بەڵام بۆ ئەوەی قەڵەم نەترنجێنینە پێچ و پەنای تەسك و تروسکەوە، رام وایەو (پێشتریش هەر رام وابو) بڕی هەرە زۆری لێکدانەوەو جواب و سواب لەمبارەیەوە، لێگەڕێین بۆ ئەو قەڵەمانەی کە

لەچوارچێوەی ئیلتیزاماتی ڕێکخراوەیی و حیزبیی خۆیاندا دەنوسن و دەتوانن بەمکارە رابگەن و خۆیانی پێوە خەریك بکەن!
ئێمە دیموکراتیانە، بەبێ رەچاوکردنی دابەشبونی سیاسیانەو حیزبیانەی خەڵك، داکۆکیمان لە (قەوارە) و (بەشداریکردنی هەمو خەڵك) کرد لەناو پرۆسەی هەڵبژاردندا.
بێگومان تەنها رێگەیەك بۆ داکۆکیکردن لەهەر هەمو خەڵك و خۆبواردن لەلایەنگیریی تەسکی رێکخراوەیی و حیزبی، ئەوەیە : داکۆکی لەدیموکراتیەت بکەین، چونکە تەنها دیموکراتیەت هەیە کە بتوانین جیاوازییەکانی نێوان میللەتەکەمانی (بەبێوەی!) تێدا جێ بکەینەوە! واتە هەر هەمو خەڵکی تێدا جێ بکەینەوە!
بەمجۆرە لەماوەی چەند مانگی رابردودا داکۆکیمان لەدیموکراتیەت کردو لەم رێگەیەشەوە داکۆکیمان لە (بون) و (قەوارە) و (مافی بەشداریکردن)ی هەموان لەناو پرۆسەی سیاسیدا کردو بەردەوامیش دەبین، بەڵام ئەگەر ئەم داکۆکیکردنە وەها کەوتبێتە بەرچاو گوایە دەمانەوێت ئێستاو پاشەڕۆژی پرۆسەی سیاسی لەهەرێمەکەماندا ببەستینەوە بەرۆڵی (تەنها!) یەك هێزی سیاسیی ناو واقعی سیاسیمانەوەو زۆرتر گرەو لەسەر (تاك رۆڵی!) دەکەین، ئەوا دەبێ گەشەیەکی زیاتر بە (توانای دەربڕین)ی خۆمان بدەین و ئەم ئیلتیباسە نەهێڵین :
یەکەم/ بۆ ئەوەی دەماری خەڵکانێکی (کەم یان زۆر)ی ناو کۆمەڵگاکەمان نەگرین، جارێکی تر بەدەستبردن بۆ هەمان کەلتورو شێوازی نامەدەنیانەو (نا زانستیانە)ی دیالۆگکردن کە تا ئێستا لەناوماندا باوبوە، مامەڵەیان لەگەڵدا نەکەین، بەو هۆیەوە خۆمان روبەڕوی دابەشبونێکی تری خێڵەکانیانە نەکەینەوە وەکو ئەوەی لەچەند دەیەی رابردودا کردمان : (فڵانە کەس ئەوەیی و ئەمی تر ئەمەیی یە!).
دوەم/ بۆ ئەوی خەڵك و میللەت لەئامانجی قەڵەم نەخەینە گومانەوە، پێیان وابێت قەڵەمی راستەقینە بونی نیەو قەڵەمیشمان وەکو هەمو شتەکانی ترمان لەچوارچێوەی ئینتیمای تەسکی سیاسیدایە نەك لەچوارچێوەی (بیرکردنەوە)دا، لەبەرئەوە پێویستە بە هەموان بڵێین:ـ ئێمە ئەگەر بەمتمانەو بڕوای زۆرەوە نوبێبونەوەو گۆرانکاریمان بەئاوات دەخواست و داکۆکیمان لێدەکرد، دو مەبەستی ئاشکرامان لەو کارەدا هەبو:

1- مەبەستمان بو ئەوە بدەین بەگوێی خەڵكدا كە مان و نەمانی هەمو كۆمەڵگەیەكی مرۆیی بەندە بەتوانای خۆ نوێكردنەوەیەوە :ـ ئایا پرۆسەی نوێبونەوەو گۆڕان لەو كۆمەڵگەیەدا بەپێی پێویست دەڕوا بەڕێوە یان نەخێر؟ ئایا گۆڕان و نوێبونەوە بەشێكن لەسیماكانی ئەو كۆمەڵگەیە یان نا؟
2- مەبەستمان بو بەشداربین لەفراوانكردنی روانگەی ئەو هێزە سیاسیانەدا كە مافی رەهای (وتن) و (كردن)یان بۆ خۆیان بەڕەوا دەزانی، بەڵام بەرامبەرەكانی خۆیانیان نەفی دەكردەوەو پێیان وابو جێگەیەك لەپرۆسەی سیاسیدا بۆ هێزی تر نەماوەو گۆڕانكاری تەنها (بەخودی خۆیان) ئەنجام دەدرێ و خەڵكی ترو هێزی تر لەم ئەركە مرۆیی و نیشتمانییە قورسە بێبەرین... ئێمە لەكۆی خۆماندوكردنی ئەو ماوەیەماندا دەمانویست ئەم دو ئەركە (كەلتوری ـــ سیاسی)یە لەئەستۆ بگرین.
بەڵام ئەگەر كەسانێك هەبن پێیان وابێت ئێمە خۆیشمان كەوتوینەتە هەڵەوەو چوین پرۆسەی گۆڕانمان بەهەمو قورسی و زەحمەتی و فراوانیەكی خۆیەوە، لەسەر یەك دانە هێزی سیاسی (لەكۆی هەمو هێزە سیاسیەكانی ناو كۆمەڵگە) تاپۆ كردوەو كەس و لایەن و هێزی دیكەمان لێ بێبەری كردوە، بۆچونی وا نە راستیی تێدایە، نە هیچ راستیەكیش لەوەدایە هێزێكی سیاسی بێت و بڵێ:
پرۆسەی گۆڕان و نوێبونەوە، ئەرك و ئامانج و دەرەنجامی ئیشكردنی تەنها منە! پرۆسەی گۆڕان پرۆسەیەكی گشتگیری قورس و ئاڵۆزە، لەئەنجامی بەریەككەوتن و لێكئالانی گوتاری جۆراوجۆری هێزە سیاسیەكان هەر هەمویان، هەروەها لەئەنجامی كێبەركێ و جمۆجۆڵ و وەخۆكەوتنی هەر هەمویان، دێتە بون و دەكەوێتە سەر سكەو دەڕوا بەڕێوە.
ئێمە هەمومان:ـ جا سەر بە (یەكێتی بین، یان پارتی، یان گۆڕان، یان سەربەخۆ)، بۆ ئەوەی بەشێكی زۆر لەمیللەتی خۆمان (ئەوانەی سەر بەحیزب و رێكخراوی جۆراوجۆرن) نەتۆرێنین و نەبوغزێنین و لەخۆمانیان نەكەین بەدوژمن، ئەوا دەبیَ وایان نەدەین بەگوێدا كە ئەوان لەناو پرۆسەی گۆڕان و باشكردنی ژیانی خەڵكدا هیچ كارەنین (تەنها لەبەرئەوەی ئەندامی حیزبەكەی خۆت نین و ئەندامی حیزب و لایەنی سیاسیی جیاجیان)، بەڵكو دەبێ گوتارێكی (كراوەتریان) دەربارەی رۆڵی هەموان لەناو پرۆسەی گۆڕاندا بدەین بەگوێدا (بۆ هەڵخەڵەتاندنیان نا، بەڵكو راستیەكەی وەهایە!)، دەبێ پێیان بڵێین:ـ

حەرف بەحەرفی بیروڕا گۆڕینەوەی ئێوە لەناو خۆتاندا دەربارەی ژیانی ئێستاو پاشەڕۆژی خۆتان و هەمو بەشدارییەکتان لەناو حیزب و رێکخراوە سیاسی و پیشەییەکاندا (هەر حیزب و رێکخراوێك بێت!)، هەروەها هەمو بەشدارییەکتان لەپرۆسەی ئیداری، بازرگانی و کەسابەت، ئاڕاستەکردن و بەڕێوەبردنی ژیانی خانەوادەییتان و.... هتد، بەشدارییە لەزیندو هێشتنەوەی کۆمەڵگە، لەسەرخستنی ژیان بەگشتی، لەهێنانەدیی خەونی نوێبونەوەو گۆڕان!

هەر لەراستیشدا (گۆڕان) لەسەر ئاستی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، دەرئەنجامی جوڵەو ئیشی هەموانە (چ وەکو تاکە کەس و چ وەکو گروپ)، نەك تەنها یەك گروپی سیاسی.

هەمو گۆڕانێك دەرەنجامی هەبونی جەدەلە لەهەناوی کۆمەڵگەدا، دەرەنجامی بەریەککەوتن و لێکئاڵانی گوتاری جۆراوجۆرە.

ئێمە هەر هەمومان(سەر بەهەر هێز و حیزب و رێکخراوێکی سیاسی و پیشەیی بین) شانمان لەژێر پرۆسەی گۆڕاندایە... گۆڕان دەرەنجامی کێبەرکێ و جموجۆڵ و خۆماندوکردنێکی درێژخایەنە، قاچێکی لەناو دوێنێ و قاچەکەی تری لەناو سبەینێدایە...

هەمو ئەو هێزو لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی کە دوێنێ هەبون و دەجوڵان، بەشێوەیەك لەشێوەکان، شانیان لەژێر پێی گۆڕاندا بوەو لەرێی ئەوەدان سبەینێش بەشێکی تر لەقورسایی پرۆسەی گۆڕان بگرنە ئەستۆ...

ئێمە هەمومان (بەچاوپۆشی لەچوارچێوەی ئیش و کاروباری رێکخراوەییمان)، بەرپرسیارین لەنوێکردنەوەو باشترکردنی ژیانی خۆمان و خەڵکی وڵاتەکەمان.

ئەگەر خەڵکانێکی زۆر لەئێمەی سەر بە (ئاڕاستەگەلی فیکری و رێکخراوی سیاسی و پیشەیی جۆراوجۆر) دوژمنی نوێبونەوەو گۆڕان بوینایە، ئەوا ئەو فرسەتە لەکیس چوبو کە هەموان بتوانین بەشداریی پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی لەجۆری ئەوەی مانگی تەموزی ساڵی 2009 بکەین، کە ئەو فرسەتەش لەدەست نەدراو دەرگا کەوتە سەرپشت بۆ سەرهەڵدانی کێبەرکێ و جەدەل و بەریەککەوتن و لێکئاڵانی گوتاری جۆراوجۆرو جۆرێك لەخۆنوێکردنەوەو گۆڕان (لانیکەم لەسەر ئاستی گوتار)، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە ئیرادەی زۆرینەی گەلەکەمان و هێزە سیاسیەکانمانی لەسەر بوە بۆیە ئەوە رویداوە.

لەبەرئەوە:ــ

ئەگەر ئەمڕۆ یان سبەی، دۆخی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، یان سیستمی ئیداری، لەهەرێمەکەماندا، باشبونێکی زیاتری بەسەرداهات، نابێ ئەم باشبونە (بەروار)ی (یەك رۆژ)ی بخرێتە سەرو بەناوی (یەك هێزی سیاسی)یەوە تۆمار بکرێت (ئەم حاڵەتە تا ئێستا لەکەلتوری سیاسیی ئێمەدا هەیەو هەڵەیشە!)، بەڵکو دەبێ وەکو دەستکەوتی (قۆناغێکی سیاسی ــ مێژوویی)ی تەواو کە هەموان بە شێوازی جۆراوجۆر بەشداربون لەدروستکردنیدا، بدرێتە ئەژمار، هەروەها نابێ بەشداریی (بیرو بیرکردنەوە) لەسەرخستنی وەها پرۆسەیەکدا، وەکو بەشداریکردنێکی رێکخراوەیی (لەچوارچێوەی گروپی سیاسیدا) بدرێتە ئەژمارو بخرێتە بەرچاو! ئەسڵەن نابێت داوا بکرێ (بیر و بیرکردنەوە) لەچوارچێوەی کاری رێکخراوەییدا خۆی بەرجەستە بکات، چونکە چوارچێوەی لەو جۆرە هەرگیز بۆ (بیرکردنەوەی دروست) دەست نادات، بەڵکو تەنها بۆ کاروباری (رایی کردن) دەست دەدات.

رۆشنبیرانی راستەقینە لەم روەوە چوارچێوەشکێنییان کرد، بۆ ئەوەی دیموکراتیەت ببێتە چوارچێوە! تەنها شتێکیش کە وایکردو (وا دەکات!) بەشداریکردنیان بۆنی لایەنگیریی لێوە بێت و وەها بکەونەڕو کە لەلایەنگری هێزێکی سیاسیی دیاریکراو بچن نەك لەلایەنگری دیموکراتیەت و فیکری ئازاد، بڕواداری و خستنەڕوی بڕواداریيان بو (هەریەکەو بە شێوازی خۆی) بە (نوێگەری و گۆڕان) وەکو پرۆسەیەکی (سیاسی ــ کۆمەڵایەتی) کە دەبێ کەم و زۆر هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکان بگرێتەوە.

بەڵام راستیەکەی ئەوەیە: رۆشنبیری جدی تەنها سەربە (ئازادیی فیکر) و (چوارچێوە)یەکی گشتیی ئازادە کە (دیموکراتی)یە...

بەشداریی من و گەلێك لەرۆشنبیران لەناو روداوەکاندا بەوجۆرەبو، هەر بەوجۆرەش دەبێ.

تێبینی : لەسەروەختی کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنە گشتیەکەی 2009 ی هەرێمی کوردستاندا، لەسایتی سبەی بڵاوکراوەتەوە.

# کۆمەڵگە لەنێوان (کۆن / نوێ) و (سیاسەت / مێژو) دا

ئەگەر کەمێك بەوردی تەماشای کۆمەڵگە بکەین، دەبینین بەجارێك بریتییە لەچەندین شت :- (مرۆڤ لەپێش هەمویانەوە)، کەلتور، هەلومەرجی ئابوریو مێژویی، پێگەی جوگرافی و ژینگەی کۆمەڵایەتی و.. هتد.
(کۆمەڵگە) بەهۆی کاریگەریی قۆناغە جیاوازەکانی مێژو : (ئێستا، رابردو، داهاتو) لەسەر یەکتر، دەمەیەت و پێك دێت، بەڵام (مرۆڤ) باوكو دایکی هەمو (کۆمەڵگەیە) بەسەریەکەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خۆی بەتەنها هەمو شتێك نییە! بۆ نمونە هەر ئەو مرۆڤەی کە ئەمڕۆ لەدایك دەبێ و پێی دەوترێت (منداڵ)، لەهەمان ئەو کاتەدا کە پێی دەوترێت منداڵ و تەمەنی چەند رۆژێکە، هەڵخزاوەتە ناو رابردویەکەوە (رابردوی گشتیی کۆمەڵگەکەی) و سەر بەو رابردوە دەبێ، تا ئەوکاتەی دەبێتە مرۆڤێکی (هۆشیار - ئازاد - جیاواز)، ئەوسا ئیتر دەکەوێتە ناکۆکی و ناتەباییەوە لەگەڵ (رابردو)داو هەوڵ دەدات لەژێر گوشاری ئەو بێتە دەرەوە، بەمشێوەیە هەوڵی دروستکردنی داهاتویەکی نوێ، بەدەربازبون لەو ژینگە سیاسی - کۆمەڵایەتییەی کە (ئێستا) لەژێر گوشاری رابردودا پێکهاتوەو بەپێوە وەستاوە، دێتە ئارا (هەر لەسەر دەستی هەمان دایكو باوکدا).
مرۆڤ لەئەنجامی هەڵکشانی ئاستی هوشیاریی خۆی و خەڵکەکەی دەوروبەریەوە، وردە وردە ئاڵوگۆڕی دەرونیو کۆمەڵایەتیی بەسەردا دێ و ئەو مرۆڤە تەبایە نامێنێت (تەبا لەگەڵ کۆمەڵگەو بەها کۆنەکانی) کە پێشتر هەبو.. لێرەوە ئیتر ئەو شتێکی ترە، شتێك کە دەکرێت پێی بڵێین : مرۆڤی نوێ (یان : ئازاد).
ئەم مرۆڤە نوێیە، لەیەك کاتدا هەم ناتەبایە لەگەڵ کۆمەڵگەو بەها کۆنەکانی، هەم لەهەوڵدایە بۆ دۆزینەوەی جۆرێکی تری رێکەوتنو تەبایی لەگەڵیدا، لەسەر بنەمایەکی نوێ کە جێی ئەم و روانینی ئەمیشی تیا ببێتەوە، چونکە ئەمیش دواجار بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەو پێویستی بەکۆمەڵگەیە! بەڵام ئەوەی ئەم ئەرکە

لەسەرشانی ئەو زەحمەت دەکات، بریتییە لە :- چۆنیەتیی ساغکردنەوەو جێبەجێکردن و ڕاگیرکردنی ئەم (ڕێکەوتن) و (پێکهاتن)ە نوێیە.. ئەوەتا تا ئێستاش لەکۆمەڵگەیەکی تەقلیدیی وەکو کۆمەڵگەی کوردیدا، هەمو ڕێکەوتن و پێکهاتنێکی دوقۆڵیی نێوان لایەنە سیاسیەکان، خەڵكو حکومەت، ژنو مێرد، باوكو کوڕ، دایكو کچ، دو تایەفەی بەشەڕهاتو، دو هاوسێی ناکۆك، دو هاوپیشەو دو هاوکاری ناچونیەك، و هتد، بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئەوە بنیات دەنرێ و دەپارێزرێ کە هەریەك لەدو لایەنی ڕێکەوتنەکە، لەئاست هەمو هەڵسکەوتو کەم و کوڕی و چاکەو خراپەیەکی یەکتردا گوێی خۆیان کەڕ بکەن و ورتەیان لێوە نەیەت، ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر هەمو ئەو کەسانەی دەیانەوێ (ئێستا) لەژێر گوشاری (دوێنێ) بهێننە دەرەوەو ڕابردویەکی نوێ پێك بێنن و وەکو گرەنتی و سەنەدێکی بەهێز بیخەنە پشت سبەینێوە کە بۆ دەستەبەرکردنی ئەمە بەزەرورەت دەبێ بەپردی (وتن)دا بپەڕینەوە نەك (نەوتن).

کۆمەڵگە لەڕێی (وتن)ەوە دەتوانێت زەمینە بۆ کەڵەکەکردنی ڕابردویەکی نوێ خۆش بکاو فێر ببێت چۆن بەشێوەیەکی ئاشتیانە ڕابردویەکی کۆن لەژێر ڕابردویەکی نوێدا کۆن بکات! دەبێ باش ئەوە بزانین کە لەپشت پەردەی (نەوتن)ەوە هەمیشە بەڵایەکی گەورە زیتەی چاوی دێ و خەنییە بەوەی کەس ناوی نابات‌و دەستی ناخاتە سەرو لێی تێك نادات تا فرسەتی خۆئاشکراکردنێکی جەرگبڕانەی بۆ هەڵدەکەوێت!

بۆیە دەبێ هەر لاپەڕەیەکی تری ڕابردوە کۆنەکەش کە لەباریدا بێت ڕێگەی وتنمان بۆ ڕۆشن بکاتەوە، لەکۆنکردن بپارێزینو وەکو دراوێکی قورس وردی بکینەوە بۆ ڕۆشنکردنەوەو گەرمکردنەوەی (ئێستا).. تەنها کەڵەکەکردنو پاشەکەوتکردنی (ئێستا)یەکی ڕۆشنو گەرم و گوڕ، ڕابردویەکی نوێی ڕۆشن و گەرم و گوڕی لـێ بەرهەم دێ و دەبێتە هۆی داپۆشینی هەمو ڕابردویەکی تاریك.

بێگومان ژینگەیەکی سیاسی - کۆمەڵایەتی کە پەردەپۆشکردنو دیزەبەدەرخۆنەکردنو نە وتن، پایەی سەرەکیی ئاشتی و سەقامگیریەکەی بێت، ڕێگر دەبێت لەبەردەم هەر هەوڵێکی مرۆڤی (نوێ - جیاواز - ئازاد) بۆ گەیشتن بەڕێکەوتنێکی نوێ لەگەڵ کۆمەڵگەو دامودەزگاو دامەزراوەکانی، بۆیە دەبینین مرۆڤی نوێ، لەسەرەتای دەرکەوتنیدا، هەمیشە وەکو بونەوەرێکی شاز، توڕە، یاخی، ناکۆك، ڕافزی، ئاشوفتەو دەرون شێواو، بێ ئومێدو ڕەشبین و هتد، تەماشا

کراوەو زۆر بەناڕەحەتی جێگەی شیاوی خۆی لەکۆمەڵگەدا پێ دۆزراوەتەوە..
زۆرجار لەدنیادا ئەمە رویداوە :-
چەندەها نوسەری مەزن بەئازاری (جیا چاوی و جیا رەوشتی)یەوە مردن و کاتێك کە بون بەبەشێك لە (رابردویەکی نوێ - جیاواز)، هەوڵی گێڕاندنەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگە دراوە لەڕێی زیندوکردنەوەی نوسین و بەرهەمەکانیانەوە.
بەهەرحاڵ هەر کۆمەڵگەیەك جێی مرۆڤی نوێ و روانینی مرۆڤی نوێ (یان مرۆڤی جیاواز)ی تیابۆوە، کۆمەڵگەیەکی نوێیە، بەڵام بەو مانایە نا کە ئیتر کۆمەڵگەیەکی روتو قوتی بێ چوارچێوەیە :- بەبێ کەلتورو هەلومەرجی ئابوری و مێژویی و پێگەی جوگرافی و.. هتد.
لەڕوی پێکهاتنەوە کۆمەڵگەی نوێش دیسانەوە شتێکە لەچەشنی کۆمەڵگەی کۆن..
واتە شتێکە (هەبویەکە) لەسیاقی میژودا، شتێکە لەچوارچێوەی کەلتورو هەلومەرجی ئابوری و مێژویی، پێگەی جوگرافی و ژینگەی سیاسی – کۆمەڵایەتیی تایبەت بەخۆیدا، بەڵام مرۆڤ هەمان مرۆڤی پێشو نیە!
مرۆڤ لەکۆمەڵگەی نوێدا، بەهۆی تێکدانو دوبارە رێکخستنەوەی پەیوەندیی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگەدا، سیمایەکی تازە دەبەخشێتە خۆی و کۆمەڵگەو بەشداریی راستەقینە دەکات لەلێکترازاندنی ئەڵقە جیاوازەکانی (کات - مێژو) و کەمکردنەوەی حوکمی هەرکەیان لەسەر ئەوی تریان و ئازادکردنی خۆی لەهەڵبژاردنی شێوازی پەیوەندیی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگەو پێگەی خۆی لەناو کۆمەڵگەدا.
لەکۆمەڵگەی کۆندا، گەمەو کایەی نوێ (جا ئیتر سیاسی بێت یان کۆمەڵایەتی، لەجەوهەردا نوێ بێت یان لەڕواڵەتدا) گەمەیەکە وەکو یەکەم گەمەی ئاگرین بەبەرچاوی منداڵەوە :- هەم ترس دەخاتەوەو هەم دڵیش خۆش دەکات!
بەڵام لەکۆمەڵگەی نوێدا، هەمو گەمەیەکی سیاسیو کۆمەڵایەتیی نوێ، خۆشە تا پێی لەناو (ئێستا)دایە! مەترسیدارە (ئەگەر مەترسیی هەبێت!) تا پەڕاندنەوەی (ئێستا) بۆ (دوێنێ)!
واتە : (ترس) و (خۆشی) بەرامبەر بە (نوێ) لەکۆمەڵگەی نوێدا، دو هەستن بەڕێوەن بەرەو (دوێنێ)، کەچی لەکۆمەڵگەی کۆندا دو هەستن بەڕێوەن بەرەو (سبەینێ)ی دورو نزیكو هەمو موفاجەئەیەکی تاڵو شیرینیان لە (سبەینێ) دایە!
جیاوازیی نێوان کۆمەڵگەیەك کە نیشتەجێی (کۆن - دوێنێ)یەو یەکێکی تر کە

نیشتەجێی (نوێ-ئێستا)یە، لەمەدایە :- لەکەمکردنەوەو کەم نەکردنەوەی حوکمی ئەڵقە جیاوازەکانی (کات - مێژو) لەسەر یەکتر.. لەهەڵگرتن و هێشتنەوەی هەڕەشەی (دوێنێ) لەسەر (سبەینێ)!

کۆمەڵگەی کۆن سورە لەسەر پاراستنی رۆڵو کاریگەری و حوکمی (رابردو) لەسەر (ئێستاو داهاتو) و بەستنەوەی هەرسێکیان بەیەکترەوە لەبازنەیەکی نەپساودا، بەڵام کۆمەڵگەی نوێ بەردەوام لەجوڵەدایە بۆ کەمکردنەوەی حوکمی هەریەکەیان لەسەر ئەوی تریان.. بەمجۆرە دەبینین کۆمەلگەی کۆن و کومەلگەی نوێ لە (رابردو)شدا لەیەکتر جیا دەبنەوەو دەبنە خاوەنی دو رابردوی جیاواز :- رابردویەك کە بەردەوام لکاوە بە (ئێستا) و (سبەینێ)وەو غافڵیان ناکات بۆ ئەوەی لەبازنە داخراوەکەی خۆی دەرنەچن (رابردوی کۆمەڵگەی کۆن)... رابردویەکی تر کە بەردەوام هانی (ئێستا) و (سبەینێ) دەدات بۆ خۆترازاندنو سەربەخۆبونو جودابونەوە (رابردوی کۆمەڵگەی نوێ).

لەکۆمەڵگەی کۆندا (ئێستا) و (سبەینێ) دو پەڕە کاغەزی زەردو زەعیفن (وەکو دو پەڕەی یەك وەسێتنامە!) بەدەم ئاگرێکەوە کە (دوێنێ) کەوتۆتەوە، بەڵام لەکۆمەڵگەی نوێدا مرۆڤ توانیویەتی (ئاگربڕێکی پانو پۆڕ) لەنێوان خۆیو هەر ئاگرێکدا کە لەپشتیەوە کەوتۆتەوە، لێ بداتو (دوێنێ) بکاتە شوێنێکی بێوەی بۆ تێهاویشتنو لەخۆدورستنەوەی هەمو ئەزمونو تاقیکردنەوەیەکی بێکەڵكو سەرنەکەوتو.

ئێستا کۆمەڵگەی کوردی خەریکە وردە وردە بەرەو ئەوە دەچێ ئیش بۆ لێکترازاندنی ئەڵقەکانی میژوی خۆی بکات، بەتایبەتی لەسەر ئاستی سیاسی (ئەمەش پاش کۆتایی پێهێنانی ململانێی سەربازی لەناو خۆیداو دواتریش دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن)، بەڵام هەلومەرجی ئابوری و مێژویی، پێگەی جوگرافی - سیاسی و هتد، یارمەتیی تەواوی نەداوە بتوانێت لەدۆخێکی (نوێ) و (بێوەی)دا بمەێت، بۆیە هاوکات لەگەڵ هەڵنانی هەر هەنگاوێکی (نوێ!) بەرەو پێشەوە (بەتایبەتی لەسەر ئاستی سیاسی) ئەگەری ئەوە هەیە لەخۆی هەڵگەڕێتەوەو خەنجەرێکی کۆن بکات بەسکی خۆیدا!

بۆ ئەوەی لەم دۆخە بپەڕینەوەو کۆمەڵگە بەرەو دۆخێکی تازەی سەقامگیرو بێوەی ببەین، پێویستمان بەکەڵەکەکردنی رابردویەکی جیاوازە، رابردویەکی نوێ کە لەگەڵ رابردوە کۆنەکەماندا تەنها لە (ناو) و لەوەشدا کە هەدوکیان دەکەونە پێش

(ئێستا)ەوە لەیەکتر بچن، دەنا لەهەمو شتێکی تردا جیاواز بن، بەتایبەتی لەپەیوەندییان بە دو ئەڵقەکەی تری مێژوەوە : (ئێستاو داهاتو).

رابردویەکی لەو چەشنە، دەبێ رابردویەك بێت لە :-

وتنی قوڵ، روانینی قوڵ، چارەسەری نمونەیی و قوڵ، رێزگرتن و قەبوڵکردنی جیاوازی، هاتنە دەرەوە لەژێر هەژمونی رابردوە کۆنەکەو.. هتد.

تەنها لەسایەی پێکهێنانو کەڵەکەکردنی رابردویەکی وەهادا، دەتوانین ئێستاو داهاتوی کۆمەڵگەیەکی نوێی کوردی مسۆگەر بکەین و گرەنتیی ئەوە بکەین کە بەردەوام لەسەر سکەی نوێبونەوە بڕوات!

نوێبونەوە کەمی بەدروشم دەکرێ و زۆریەکەی بەکردەوە دەکرێت.. بەوە دەکرێت هەوڵی خۆترازاندنو دورکەوتنەوە لەرابردوە کۆن و ئازاربەخشەکە پەك نەخەین و نەیخەینە بەر هەڕەشە.

بۆ نمونە ئەوەی لەدو - سێ ساڵی رابردودا گوزەرا (لەهەڵبژاردنو کێبەرکێی سیاسی و گفتوگۆی سیاسیی نێوان لایەنەکان کە ئێستاش بەردەوامە/ ئەگەر بۆ زەمینەدارکردنی جەدەل و حەراکی سیاسی بێت) شتێکی نوێ دەخاتە سەر رابردویەکی نزیك و تازەو دانەمەزراو.

بەچەندین و چەندین ئەزمونی تری لەوجۆرە، وردە وردە رابردویەکی نوێی رۆشن لەدایك دەبێ و کۆمەڵگەی کوردی دەبێتە خاوەنی یەکێك لەگرنگترین بنەماکانی وەرچەرخان بەرەو ژیانێکی نوێ.

بۆ ئەوەی بتوانین درێژە بەم رەوتە بدەین، دەبێ (ئێستاو داهاتو) لەژێر فشاری (دوێنێ) بهێنینە دەرەوە.. دەبێ بڕوایەکی گشتی (یان : رایەکی گشتی) دروست بکەین هەمو هاوسۆزییەکی بۆ ئەو ئەزمونو خۆتاقیکردنەوانە بێت کە دەچنە خزمەتی دروستکردنی رابردویەکی نوێوە (جا هەرکەس ئەنجامیان بداو بەهەر دافعێکی زاتیو تایبەتی ئەنجامیان بدات).

تەنها لەڕێی بنیاتنانی رابردویەکی نوێ لەسەروی رابردوە کۆنەکەوە، دەتوانین بێوەیی و ئاسایشی کۆمەڵگە (هەتاسەر) مسۆگەر بکەین.

دەبێت هاوسۆزیی رەهای خەڵك بۆ رابردوی کۆن، وەکو جۆرێك لەهۆگری و حاڵەتی دەرونی تەماشا بکەین نەك وەکو روانینێکی قوڵ...

II

زانستی سیاسەت و زانستی مێژو، دو دانە زانستی سەربەخۆن و سنوری

هەریەکەیان لەهی ئەوی تریان جیاوازە، بەڵام دواجار لەئاقارە فەلسەفیەکەدا هەر یەکانگیر دەبنەوە.. بەهۆی ئەم یەکانگیربونە فەلسەفییەوە، مێژونوسان و سیاسەتمەداران هەردو لایان، قسەی زۆریان هێناوەتە سەر خۆیان و بونەتە هۆی ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە پێودانگی تایبەت بۆ چالاکی و جموجۆڵی هەریەکەیان دیاری بکرێت.

سیاسەت بەشێوەیەکی پراکتیکی بەشداری لەئاراستەکردنی (ئێستا)و دروستکردنی (ئایندە)دا دەکاتو مرۆڤی سیاسەتمەدار دەبێتە یەکێك لەگرنگترین کاراکتەرەکانی ناو پرۆسەی (مێژووسازی)، کەچی ئەمەی بەدەستدرێژی بۆسەر سنوری چالاکیی مێژونوس لەسەر هەژمار ناکرێت.

بەڵام مێژونوس لەڕوی تیۆرییەوە دەبێت بەتەواوی وابەستەبێت بە بێلایەنی و ناسیاسێتیی خۆیەوە، چ لەتاووتوێکردنی (ئێستا)دا، چ لەخەمڵاندنی (رابردو)و (داهاتو)دا ئەگەر بیەوێ لەڕێی راستەقینەی خۆیەوە بەشداری لەئاراستەکردنی کۆمەڵگەدا بکات.

سیاسەتمەدار هەتا لەسەر حسابی (دوێنێ) بژی، هەتا خۆی ببەستێتەوە بە (رابردوو)ەوە، یان بەو کەلتورە سیاسی - ئاینی - کۆمەڵایەتیەوەی لەڕابردودا کەڵەکەبوە، لەسنووری چالاکی و توانای راستەقینەی خۆی دورتر دەکەوێتەوە کە بریتییە لە (ئێستا)و (ئایندە)، لەم حاڵەتەدا پێویستی بەکۆمەکی ژیرانەی مێژونوس و کۆمەڵناس و کەلتورناسە!

بەڵام مێژونوس بەوە لەسنوری ئەرکو چالاکیی خۆی دور ناکەوێتەوە کە خۆی بەخەمڵاندنی (ئێستاو ئایندە)وە خەریك بکات، هەرچەندە (ئێستاو ئایندە) دو زەمەنن لەژێر رکێفی راستەوخۆی سیاسەتدا، نەك لەژێر رکێفی راستەوخۆی مێژودا! تەنها ئەوەندە هەیە دەبـێ مێژونوس وریا بێت (سنور)و (شوناس)ی خۆی وەکو کەسێکی ئەکادیمی بپارێزێت و رۆڵی خۆی لەپاساودانی هەڵەو کەموکورتیی سیاسەتمەداراندا بچوك نەکاتەوە، بۆ ئەمەش دەبـێ عەقڵی خۆی بەعەقڵی کۆمەڵناسە ژیرەکان موتوربەکردبێت!

سیاسەت ئەگەر ئەمڕۆی تێپەڕاند دەبـێ بەراستی تێپەڕاندبێتو بەتەواوی لێی جیابوبێتەوە دەنا دەبێتە گەمەیەکی زۆرەملێی نامومکین لەسەر زەمینەیەکی خێڵەکیانە، چونکە پەرێزی راستەقینەی ئەو بریتییە لە (ئێستاو ئایندە).

تەنها ئێستاو ئایندە (وەك پێشتریش وتم) لەژێر رکێفی راستەقینەی سیاسەتدان...

هەروەها تەنها ئێستاو ئاینده زەمینەی ئومێد لەسەرهەڵچنین‌و چاوتێبڕین‌و یەکانگیربونەوەی فەلسەفیانەی (مێژو)و (سیاسەت)ن، بەڵام (رابردوو) زەمینەیەك نییە دەست بدا بۆ چەسپاندنی ئامانجی فەلسەفی و یەکانگیربونەوەی سیاسەت‌و مێژو لەچوارچێوەی فەلسەفەدا، بەڵکو روبەرە خاکێکی غوباراوییە، لەبارە بۆ هەڵگۆزینی چۆڕێك و دوان‌و سیان لەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆن، بەمەبەستی خەملاندن‌و مەزەندەکردنی (ئێستاو ئاینده)، کە ئەمە تەنها ئیشی مێژونووسە و خۆتێهەڵقورتاندنی سیاسەتمەدار لەمە تەنها خۆتێهەڵقورتاندنە!

خۆ ئەگەر مێژونوسیش لەڕوانگەیەکی سیاسیی دیاریکراوەوە، ئەنجامێکی پێشوەختەی بۆ شیکردنەوەی روداوێکی (سیاسی - کۆمەڵایەتی)ی کۆن یان تازە دیاریکردو ئینتیقائیانە بەدوای بەڵگەدا گەڕا بۆ سەلماندن‌و ساغکردنەوەی ئەنجامە پێشوەخت دیاریکراوەکەی خۆی، دەبێت سەرزەنشت بکرێ و نەهێڵرێ! یان ئەگەر هەوڵیدا بەڵگەیەك‌و دوان کە دەبنە پاساو بۆ ساغکردنەوەی ئەنجامە خوازراوەکەی خۆی، راخات بەسەر چوار پێنج بەڵگەی گرنگترداو بیانشارێتەوە، تەنها لەبەر ئەوەی ئەنجامەکەی ئەمیان پـێ ناسەلمێنرێ یان پێچەوانەکەی دەسەلمێنن، دەبـێ سەرزەنشت بکرێ و نەهێڵرێ! بەڵام لەوەدا کە سیاسەت و مێژو دواجار لەئاقاری فەلسەفەدا بەیەکتر دەگەنەوە، هیچیان شایانی سەرزەنشتکردن نین.

مێژو (وەکو زانست) کۆمەڵگە نابات بەڕێوە، بۆیە نابێت ئەرکی خۆی لەدواندنی کۆمەڵگەدا بەرجەستە بکات، بەڵکو دەبێت بەشداری لەشیکردنەوەو تاووتوێکردنی نهێنی و مەرام و پاڵنەرە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەدا بکات، بۆ ئەوەی سیاسەتمەداران کە تەنها دەستەیەکن لەکۆمەڵگە، پڕهێز کات بەتوانای بینین و سەرکردایەتیکردن.. ئەگەر لەم هێڵە لایدا ئەوا دەبێتە سیاسەت.. واتە ئەگەر وازی لەوە هێنا میتۆدێك بێت بۆ پڕهێزکردنی دەستەو گروپە سیاسیەکان بەهێزی بینین و سەرکردایەتیکردن، لەجیاتی ئەوە بو بەئامڕازی رایی کردنی کاروباری سیاسەتمەداران و پاساو هێنانەوە بۆ دیدو بۆچونی ئەوان لەڕووی کۆمەڵگەو رای گشتیدا، ئا لێرەدا ئیتر لەخۆی ترازاوەو ئەو شتە نەماوە کە دەبو ببێت!

خەوشی مێژو لەمەدایە، نەك لەبەرئەوەی من ئەمەم پێناخۆشەو حەزناکەم بەم ئاقارەدا بڕوات، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەرکی ئەو ئەمە نییە! ئەرکی ئەو (وەکو زانستێکی جیاوازو سەربەخۆ) بەڕۆشنی دیاری کراوەو پاساوی سەربەخۆیی ئەوی تیا خراوەتەڕو... راستە سروشتی کۆمەڵگە وەهایە بەگەل ملی رێ دەگرێ‌و

بەکۆمەڵ دێتە دەنگ و دەبێ هەموی پێکەوە بدوێنرێ نەك دانە دانەو دەستە دەستەو جۆرجۆر، بەڵام ئەرکی سیاسەتمەدارە ئەم ئۆباڵە لەئەستۆ بگرێت نەك مێژونوس، ئەگەرچی سیاسەتمەدار سروشتی کۆمەڵگەی لەڕێی مێژونووس و کۆمەڵناس و کەلتورناسەوە ناسیوەو لەوانەوە فێربوە چۆن سەرکردایەتیی بکات! بەڵام دەبێ سیاسەتمەداریش سەرپێییانەو خۆ بە خۆ، تەنها بۆ رایی کردنی کاری خۆی، نهێنییەکانی مێژو شی و شیتاڵ نەکاتەوە، هەروەها پێی وا نەبێت خۆی بەتەنها دەرەقەتی خەملاندن و مەزەندەکردنی هەمو هەڵسوکەوتە ئاشکراو پەنهانەکانی کۆمەڵگە دێت و دەتوانێت تەنها بەهێزی دەست و مەچەکی خۆی، یان بەترش و خوێکردنی هەندێ قسەی سەرزارەکیانە، سەرکردایەتیی ملیۆنەها مرۆڤ بکات بەرەو رێگایەکی دور (ئاینده)! لەبەرئەوە نا کە من پێم ناخۆشە بتوانێت هەمو ئەوانە بەسەریەکەوە بکات، بەڵکو لەبەرئەوەی ناتوانێ و بۆی ناچێتە سەر!

بەهەرحاڵ... هەڵەی مەنهەجیی زانستی سیاسەت و زانستی مێژو لەوەدایە رێچکە ئەکادیمییەکەی خۆیان بزر بکەن یان تێکەڵاو بکەن کاتێك کە دەست لە (ئێستاو ئاینده)وە دەدەن و مەزەندەیان دەکەن و دەیانخەملێنن! دەنا لەوەدا کە دواجار هەردوکیان (لە ئاقارێکی فەلسەفیی قوڵدا) بیر لەڕکێفکردنی ئاینده دەکەنەوە، تۆمەتبارنین و هەرچی چۆنێك بەیەك بگەنەوە کێشە نییە، بگرە باشتریشە! رەنگە هەر لەبنەمادا ئامانجی هەمو زانستە مرۆییەکان بریتی بێت لەرکێفکردنی ئایندەو نەخشەکێشان بۆ چەسپاندنی دوارۆژێکی باشتر...

کەواتە:

دەستبردن بۆ دو زەمەنی (ئیستاو ئاینده)، ئەو ئەرکە گرفتاوییە هاوبەشەیە کە زانستی سیاسەت و زانستی مێژو دەکێشێ بەتەنگەی یەکتردا.. هەر ئەمەشە سنوری نێوان دو زانستەکە بەرەو تێکەڵاوبون دەبات و گومانکردن لەماڵجیایی و سەربەخۆیی (سیاسەت)و (مێژو) دێنێتە ئارا.

بەڵام راگرتنی ئەم هاوسێیەتیەی نێوان سیاسەت و مێژو، وەکو دو هاوسێی جیاوازو ماڵ لێکجیا، نامومکین نییە، ئەگەرچی ئاسانیش نییە! تەنها پێویستە بزانین کە دەبێ (سیاسەت) مێژو نەخاتە ژێر گوشاری خۆیەوەو (مێژو)ش سیاسەت نەخاتە ژێر گوشاری خۆیەوە، چونکە ئەگەر (سیاسەت) مێژوی بەتایبەتی زینکرد بۆ ژێر خۆی، ئەوا ئەسپێکی باشی لێ دەرناچێ و پێناچێ بتوانێت بەئەسپێکی لەوجۆرە لەهەڵەتێکی سەختی وەکو (ئاینده) بداو بارەکەی (واتە

/كۆمەڵگە) بگەیەنێتە جێ!

خۆ ئەگەر (مێژو)ش فرسەتی ئەوەی هەبێت سیاسەت بەرەو لای خۆی پێچ پێ بکاتەوەو بەبەری خۆی بیدورێت، ئەوا رەنگە تەسك دەرچێ و جێی کۆمەڵگەی لەژێردا نەبێتەوەو لەئەنجامدا پێکدادان، توندوتیژی، رادیکالیزم، ببێتە بەرگی هەموان! بەمجۆرە لەکۆتاییدا دەبینە تەماشاوانی دو دانە کوژراو : - کوژراوی ناسراو (کۆمەڵگە)، کوژراوی نەناسراو (ئایندەی کۆمەڵگە)...

تێبینی : ساڵی 2012 ئەم بابەتە لەگۆڤاری (کەوانە)و جێیەکی تریشدا بڵاوبۆتەوە

..........................................

# سروشتی کێبەرکێی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا

(کێبەرکێی سیاسی) مافێکی ئاسایی هەمو تاکەکانی کۆمەڵگەیە، نابێت بە هیچ پاساو و بیانویەك بواری لە بەردەمدا تەسك بکرێتەوە.. تەنانەت هەوڵدان بۆ (یاساخن/ تقنین) کردنیشی رەنگە ببێتە هۆی لاوازکردن و بەلاڕێدا بردنی، تەنها لەحاڵەتێکدا نەبێت کە مەبەست لە(یاساخن)کردنەکە کەمکردنەوەی ئاژاوەگێڕی و ئاشوب بێت، ئەمەش عەقڵ و حیکمەت و ژیرییەکی زۆری دەوێت، دەنا نەك ئاشوب و ئاژاوەگێڕی کەم ناکاتەوە، بەڵکو زیاتریشی دەکات.. بەڵام دەرککردنی ئەو راستییەی کە دەبێت (کێبەرکێی سیاسی) لەکۆمەڵگەدا وەکو مافێکی ئاسایی تەماشای بکرێت و رێ بدرێت رێچکەی راستەقینەی خۆی بدۆزێتەوە، بەو مانایە نایەت کە ئیدی نابێت بەهیچ جۆرێك رەخنەی لێ بگیرێت و ئاڕاستە بکرێت، چونکە ئەگەر وامانکرد ئەی ئیتر رۆڵی عەقڵ لەئاڕاستەکردنی (مێژو) و باشترکردنی رەوتی ژیاندا چیی لێ دێت؟

لەڕاستیدا هەر کۆمەڵگەیەو بەڕێگەی خۆیدا دەپەڕێتەوە، چونکە هەر کۆمەڵگەیەو هەلومەرج و سیاقی مێژویی تایبەت بەخۆیی هەیە... ئێمە دەبێ بزانین کێ باشترو خێراتر پەڕیوەتەوە، تەماشای ئەو بکەین و لەو فێرببین (چونکە ئەم مەسەلەیە مەسەلەی مان و نەمان و گیاندەربازکردنی کۆمەڵگەیە بەتەواوی، نەك مەسەلەی بردنەوەو دۆڕانی گەمەی سیاسی لەنێوان چەند لایەنێکدا)، واتە : دەکرێت و دەشێت باشترین شێوازی تاقیکراوە هەڵبژێرین! ئەگەر نەشکرێت باشترین شێوازی تاقیکراوەی (کێبەرکێی سیاسی) کە لەوڵاتێکدا چەسپاوەو چوارچێوەیەکی (سیاسی- مەدەنی)ی نمونەیی بۆ خۆی دروست کردووە، بگوازینەوە بۆ وڵاتی خۆمان کە لەسیاق و هەلومەرجێکی (مێژویی- کۆمەڵایەتی)ی نەبەکامتردایە، خۆ دەکرێ لەهەمان ئەم وڵاتە ساواو نەبەکامەی خۆماندا، باشترین رێگای تاقیکراوە کە خۆمان تاقیمان کردۆتەوە، لەخراپترین ئەو رێگایانەی کە هەرخۆمان تاقیمان

کردونەتەوەو تیایاندا ژیاوین و باجی ئەنجامە خراپەکانیمان داوە، جیابکەینەوەو بیکەینە رێچکەیەکی هەمیشەیی و وردە وردە لەسەری بڕۆین...

بەڵێ.. ئەو کۆمەڵگەیەی رێگە لەبەردەم (فراوانبون) و (هەڵکشان)ی کێبەرکێی سیاسیدا خۆش دەکات، وەکو ئەوماڵە وایە کە تیایدا (منداڵ) ئازادە بجولێت و بڵێت و بیربکاتەوە و تاقیبکاتەوە و فێرببێت، شەرم نەکات و نەترسێت و نەکشێتەوە (لەهیچ دۆخێکدا)...

بەڵام ئەو کۆمەڵگەیەی بەبیانوی جۆراوجۆر بوار لەبەردەم کێبەرکێی سیاسیدا تەسك دەکاتەوەو خۆی لە (جەدەل) و (حراك)ی سیاسی دەدزێتەوە، وەکو ئەو ماڵە وەهایە کە تیایدا (منداڵ) سەرکوت دەکرێت و رێگەی نادرێت بیر لەقۆناغی پاش مردنی باوکی بکاتەوە! خۆشتان منداڵی سەرکوتکراوتان دیوە هەرکە هەتیو دەکەوێت و بێ سەرپەرشت دەمێنێتەوە چ زو دەبێت بەقولاپی راوچییانەوە!

هەمو بینیمان، پاش چل ساڵ قەدەغەکردنی کێبەرکێی سیاسی و جەدەل و حراکی سیاسی، ژن و پیاو، پیرو گەنج و مناڵ، لەلیبیا و سوریا، توشی چ چەرمەسەرییەکی گەورە هاتن! ئەگەر نەمرین درەنگ یان زو لەئێرانیش دەیبینین کە سی و ئەوەندە ساڵ ڕێگەگرتن لەخۆبەرجەستەکردن و خۆتاقیکردنەوەی (ئایدیا) و (خەون)ە سیاسی و کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان لەسەر ئەرزی واقیع و تاساندنیان لەدوتوێی خەیاڵ و دروشمکاریدا، چ تەقینەوەیەکی گەورەی لێ دەکەوێتەوە!

من خۆم وای بۆ دەچم رەنگە قلیشانەوەی ئەمجارەی ئێران، بەفڕێدانی دەرپێ و لەچك دەست پێ بکات (شتێکی تاڕادەیەك وەك ئەوە لەئیتاڵیای سەدەی شانزەیەمیشدا رویدا).

بەڵام مەحاڵە تەقینەوەی گەورە (کە هەمو شتێکی تیا بشێوێ و بڕوخێ/ وەکو ئەوەی لە لیبیا رویدا!) لەتورکیادا روبدات، چونکە لەتورکیادا (هیچ نەبێت تورکەکان خۆیان) رێی ئەوەیان هەبوە لەچوارچێوەی کێبەرکێی سیاسیدا (خەیاڵی جیاواز) و (توانای ناچونیەك)ی خۆیان (بەعەلمانی و ئیسلامییانەوە!) تاقی بکەنەوەو بۆیان دەرکەوێت کە سەرلەبەری راستی بەتاقی تەنیا لای (یەك کەس)یان نییەو هیچ کامیان (خوا) نین و بەهەمویان پێکەوە نەك بەتەنیا بەیەکێکیان دەتوانن ماڵی خۆیان بپارێزن و رەوتی ژیانی خۆیان راست و راستتر بکەنەوە.

بەهەرحاڵ.. مەترسیەکانی تەسککردنەوەی بواری کێبەرکێی سیاسی گەلێك زۆرن،

ترسناکترینیان ئەوەیە کە مرۆڤ (وەکو تاکەکەس/ لە دەروندا!) باجەکەی دەدات! بەهۆی بەلارێدابردن و تەسککردنەوەی بواری کێبەرکێی سیاسییەوە، مرۆڤ یەکپارچە دەبێتە بونەوەرێکی (بێئومێد، ترسنۆك، زەلیل، ملکەچ، خۆفرۆش و هتد)، لەهەر فرسەتێکی هەڵگەڕانەوەشدا تەنها دەزانێت بڕوخێنێ! بۆیە ئێمە لەهەرێمی کوردستاندا کە رەنگە هێشتا چەندین دەیەی تری تەمەنی نەتەوەکەمانمان پێویست بێت بۆ پەڕینەوە لەم (ململانێ) سەختەی بەرۆکی خەڵکی ئەم عێراقەی گرتوە (لەڕۆژی دروستکردنیەوە!)، دەبێت بیری ئەوەمان هەبێت گەلەکەمان (لەناخی خۆیدا) توشی روخان و ترسنۆکی و زەلیلی و ملکەچی و بێ باکی نەکەین و وەها گەنجی خۆمان بار نەهێنین کە ئەگەر دو رۆژی تر شۆڤێنی و قەومچی و تایەفەگەر یەخەی گرتنەوە، بەئاسانی بتوانن بیانکوژن، بیانکڕن، بیانخۆن و بیانخەڵەتێنن و...

کەواتە هەوڵدان بۆ زیندوکردنەوەو راستکردنەوەو ئاڕاستەکردنی کێبەرکێی سیاسی لەکوردستان و هەرێمی کوردستاندا، بەر لەهەرشتێك هەوڵدانە بۆ رۆشنکردنەوەو گیانبەبەردا کردنەوەی (تاکەکەس) و گرێدانی مەسەلەی (ڕزگاریی نەتەوەیی) بەژیانی (تایبەتی) و (گشتی)ی ئەوەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت بەبڕوای تەواوەوە مەسەلەی (رزگاریی نەتەوەیی) کە هێشتا بۆ ئەمڕۆی ئەو (خەون)ی هەرە لەپێشینەیە، بەمەسەلەی تایبەتیی خۆی بزانێت.

بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ لەهەرێمی کوردستان و لەعێراقیشدا کێبەرکێی سیاسی (تاڕادەیەکی زۆر) بەدۆخێکی نا سروشتیدا دەڕوات، بەجۆرێك کە هەست دەکرێت (جگە لەتیروشیر لەیەکتر سوینی هێزە جیاوازەکان!) بنەمایەکی رۆشن و مەعلومیش لەئارادانیە (گوتار) و (سیاسەت) و (ستراتیژ)ی لایەنەکان (بەڕۆشنی) لەیەکتر جیابکاتەوەو دەرکەوێت (ڕوانینەکان) لەکوێدا لەیەکتر دەگیرێن؟ چاوەکان لە چ چرکەساتێکدا یەکتر دەبڕن؟ ئایدیاکان چۆن چۆنی دەبنە هێڵی سەربەخۆو جیاوازو... چارەسەری هەریەکەیان چیە بۆ کێشە نەتەوەیی و نیشتمانی و ئابوری و دارایی و سیاسییە کۆن و نوێیەکان (بەگشتی)؟

بۆ نمونە ئێمە ئێستا لەهەرێمی کوردستاندا لەگەرمەی (ململانێی حیزبی و ڕێکخراوەیی) داین، کەچی دیار نییە مۆرکی (فەلسەفی- سیاسی)ی ئەم ململانێیە (یاخود ئەم کێبەرکێیە!) چۆن چۆنییە؟! نازانین ئایا (ترۆپکی روانین)ی لایەنەکان (بەئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتدارو ناوەڕاستی هەردوکیشیانەوە!) بۆ یەکلایی

کردنەوەی (کێشە گرنگ و ناگرنگ)ە عێراقی و کوردستانیەکان چۆنە؟
ئەمە نەك هەر لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان بەو جۆرەن، بەڵکو زۆربەی هەرە زۆری لایەنە سیاسیەکانی کۆی عێراقیش هەر بەو جۆرەن! ئێستا لەهەرێمی کوردستان و عێراقیشدا کەس بەتەواوی لێی مەعلوم نییە ئایا بۆچونی (رۆشن و قوڵ و کۆتایی)ی لایەنەکان چییە لەسەر پاشەڕۆژو ئێستای کەرکوك، خانەقین، فیدڕالیزم، پاراستنی سنور، وەبەرهێنانی سامانی سروشتی وڵات، دابەشکردنەوەی داهاتی نەتەوەیی، دیموکراتی، دەستخستنەسەر شوناسی ئاینی و نەتەوەیی و عەشایەریی خەڵکی وڵات (بە داتای ورد، لەڕێی ئەنجامدانی سەرژمێرییەکی گشتی رێك و پێکەوە) کە ئەمەیان ئەرکێکی هەنوکەییەو زۆر لێی دواکەوتوین.
ئەوەی بەتاقی تەنیا لەهەرێمی کوردستان و لەعێراقیشدا کراوەتە بنەمای هەمو کێبەرکێ حیزبی و رێکخراوەییەکان و (گوتار)ی لایەنەکانی لەسەر بنیات نراوە، بریتییە لە (چەمکی نەزاهەت) کە کەمتر پەیوەندیی بەفیکری سیاسییەوە هەیەو زۆرتر پەیوەندیی بەڕەوشتی جێبەجێکارو ئالیەت و شێوازی جێبەجێکردنەوە هەیە! هەمو لایەنەکان گرەویان لەسەر باش ئاڕاستەکردن و باش چاودێریکردن و باش دابەشکردنەوەی داهاتی نەتەوەییە (کە ئەمە کەم نییە، بەڵام بەسیش نییە)!
هەمویان وەها خۆ دەناسێنن و ناو دەبەن کە رەوشت و شێوازیان لەبەڕێوەبردنی کاروباری ئابوری و دارایی وڵات و دابەشکردنەوەی قوتی خەڵك بەسەر خەڵکدا، بێگەردترین و ساغترین و مومکینترینە!
بەڵام ئایا بەتەنها ئەمە بەسە بۆ جیاکردنەوەو ناسینەوەی شوناس، ستراتیژ، فەلسەفەی سیاسی- کۆمەڵایەتی و قوڵایی روانینی لایەنەکان؟ ئایا خەڵك کە سەرلەبەر مەحکومن بەژیان لەژێر سایەی فەلسەفەی سیاسی- کۆمەڵایەتیی لایەنەکان و لەچوارچێوەی دەسەڵاتی رەمزی و راستینەی ئەواندا، ئەگەر هۆشیاربن، دەبێ بەوەندە داکەون؟ ئایا (من!) وەکو تاکەکەس، نابێ لێم مەعلوم بێت لەژێر سایەی چ فەلسەفەیەکی سیاسی- کۆمەڵایەتیدا تەمەنم دەبەمەسەر؟ نابێت بایی ئەوەندە لەلایەن (لایەنەکان)ەوە رۆشنایی فیکری و بەرچاوڕونیی سیاسی و کۆمەڵایەتیم پێ رەوا ببینرێت کە بزانم پاشەڕۆژم (هەم وەکو تاکەکەس، هەم وەکو برغوی ناو ماشێنە گەورەکەش : کورد!) لەلایەن نوخبەی سیاسیی وڵاتەکەمەوە چۆن رەسم کراوە؟ نابێت زانیارییەکی نزیکەییم لەبەردەستدا بێت کە یارمەتیم بدات بزانم ئەگەر لایەنە دەسەڵاتدارەکانی ئێستا، بون بەئۆپۆزسیۆن، چۆن

ئۆپۆزسیۆنێك دەبن؟ ئەگەر ئۆپۆزسیۆنەكانی ئێستا، بون بەدەسەڵاتدار، چۆن دەسەڵاتدارێك دەبن؟ ئەی نابێت بزانم ئەم دەسەڵاتدارەی كە ئێستا دەسەڵاتدارە، چیی لەهەگبەو خەیاڵدایە بۆ ئێستاو پاشەڕۆژی من؟ ئەم ئۆپۆزسیۆنەی كە ئێستا ئۆپۆزسیۆنە، خەون بەچییەوە دەبینێت بۆ ئێستاو پاشەڕۆژی من؟ هەریەكەیان لەسەر چ بنەمایەكی فیكری- سیاسی راوەستاون؟ فەلسەفەی قوڵی (سیاسی- كۆمەڵایەتی)یان چییە؟ وێنەی پڕاوپڕ (متكامل)ی ئەم هەرێمەو خەڵكی ئەم هەرێمەیان لەزەینی خۆیاندا چۆن كێشاوە؟ ئایا نابێت بزانین ترۆپكی بیركردنەوەی هەریەكەیان دەربارەی : سی- چل ساڵی ئایندەی ئەم گەلە، دەوڵەت و كیانی كوردی، سنوری دەسەڵاتی دارایی- ئابوری- سیاسی- سەربازیی هەرێم لە ئێستاو پاش ئێستادا، رەهەندە جۆراوجۆرەكانی دیموكراتی و...هتد، چۆنە؟ ئایا ئەوەندە بەسە (لایەنەكان، هەمویان!) لەبارەی هەڕەشەی وڵاتانی دراوسێ بۆ سەر سنورەكانی كوردستان و یاسای نەوت و غاز و هتد، ناو بەناو (لەچوارچێوەی وتارێكی ئیعلامیی نا سەقامگیرو هەڵبەزو دابەزكەردا، بۆ بردنەوەی كات!) یەكتر بەگیربێنن و ئیتر پێیان وابێت تەواو : شوناسی فیكری و سیاسی و حیزبیی هەریەكەیان بۆ خەڵك مەعلوم بووە، ئەمیان دەسەڵاتدارەو ئەویان ئۆپۆزسیۆن، ئەمیان تێوەگلاوەو ئەویان سەلامەت!

نەخێر نە بەسەو نە راستە! بەڵكو پێویستە ئێمە رەوتی كێبەركێی سیاسی لەهەرێمەكەماندا رێكوپێكتر و راستتر بكەینەوەو نەهێڵین لە (كێبەركێی سیاسی)یەوە بگۆڕدرێت بۆ (ناكۆكیی قوڵی سیاسی و كۆمەڵایەتی)! پێویستە لایەنەكان بەبێ شەڕفرۆشتن بەیەكتر لەكۆلانە تەسكەكانی (ڕاگەیاندن)دا، كێبەركێی سیاسیی نێوانیان مۆدرێنیزەو فراوان و قوڵ بكەنەوەو بیخەنە چوارچێوەی (عەقڵ) و (فەلسەفە)وە، بەجۆرێك كە ببێتە هۆی دەوڵەمەندكردنی كۆمەڵگە (لەڕوانین دا) و بۆ چاودێرانی خۆیی و ناخۆییش رون ببێتەوە كە دابەشبونی خەڵكی هەرێمی كوردستان بەسەر پارتی (دەسەڵاتدارو) و (ئۆپۆزسیۆن)، (راست و چەپ)، رێكخراوی (گەورەو بچوك)دا، لەسەر چ بنەمایەكە؟

بەڵێ.. بردنە پێشەوەی كێبەركێی سیاسی، لەچوارچێوەی (روانینێكی قوڵ)دا، لەمنداڵبازاڕیی سیاسی، ناكۆكیی حیزبی، بێئومێدی، كاڵفامی، خێڵەكێتی و سەد دەردی تر دورمان دەخاتەوە.. هەروەها دەریدەخات كە ئایا چ لایەنێك وردتر

مەزەندەی ئاینده دەکات؟ چ سیاسەتێك دەڕژێتە خەیاڵی ئایندەسازییەوە؟ كێ لەسیاقی (عەقڵ)دا سیاسەت دەكاو هەوڵ دەدات (مێژو) ئاراستە بکات، نەك (مێژو) ئاراستەی بکات؟

بێگومان رابردوی سیاسیی (لایەنەکان) بەتەواوی بەتاڵ نییە لەم خولیایە (واتە : خولیای تیۆریزەکردن و قوڵکردنەوەو فراوانکردن و فرەڕەهەندکردنی روانینەکان)، بەتایبەتی ئەو بەشەی رابردویان کە دەکەوێتە پێش راپەڕینەکەی بەهاری 1991ەوە، بەڵام بەداخەوە لەو سەردەمەشدا خۆخەریککردنیان بەشەڕە دەنوك و سەفسەتەی سیاسی- ئایدیۆلۆجی و شەڕی یەکتر سڕینەوەوە، هەروەها نەبونی زەمینەی واقعی بۆ کاری سیاسی (واتە : نەبونی دەوڵەت و کیانی سیاسی) لەوسادا، لەپاڵ چەندین هۆکاری تری ناوخۆیی و دەرەکیدا، نەیانهێشت بزانین كێبەرکێی (ڕوانین) و (لێکدانەوە) و (سیاسەتکردن/ نەك حیزبایەتی کردن!) لەچوارچێوەی عەقڵ و فەلسەفەی سیاسیدا بەکوێیان دەگەیەنێت؟

پاش راپەڕینیش کتوپڕ هەمویان (سەرەخەت)ەکەی خۆیان ون کردو نەگەڕانەوە سەری! ئەوەبو کەوتنە ناو ئەم تێکەڵ و پێکەڵی و روکەشبینی و بێ شوناسییەوە کە هەمویانی کردوە بەکۆپییەکی تەڵخ و شێواوی یەکتر!

بەکورتی : پێویستە رۆشنبیران و خەڵکی نوخبە لەکوردستاندا، پێداگریی زیاتر بکەن لەسەر ئەوەی کە دەبێت لایەنە سیاسیەکان (هەمویان : بەئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتدارەوە) بەرچاوڕونیی زیاتر بدەنە خەڵك دەربارەی : روانین، شوناس، فەلسەفەی سیاسی _ کۆمەڵایەتی، ستراتیژو... هتد خۆیان.

هەروەها کاتی و هەمیشەیی، تاکتیك و ستراتیژ، خوازراو و نەخوازراو، چارو ناچارو... هتد، لەجموجوڵ و هەڵسوکەوتی خۆیان بۆ خەڵك ئاشکرا بکەن و رونی بکەنەوە کە هاووڵاتیانی ئەم هەرێمەیان لەسەر چ بنەمایەك دابەشکردوە بەسەر خۆیاندا؟ لەسەر بنەمای : خێڵ، شار، ئاین؟ بۆ بردنەوەو تێپەڕاندنی ڕۆژگارێك و قۆناغێك لەمێژوی گەلەکەمان کە خۆیانی تێدان؟ یان لەسەر بنەمای : گونجاوترین فەلسەفەی سیاسی _ کۆمەڵایەتی، بەمەبەستی بەشداریکردنێکی قوڵ لەساغکردنەوەو دروستکردنی ئایندەی ئەم گەلەدا؟

تێبینی : رۆژی 8 / 2 / 2012 لەگۆڤاری (کەوانە) بڵاوبۆتەوە

# پاش هەڵبژاردن : رێکەوتننامە ستراتیژیەکەی نێوان یەکێتی و پارتی لەژێر پرسیاردا

هۆکار زۆرن  وایانکردوە سیستمی سیاسی و ئەزمونی حوکمڕانی لەکوردستاندا گەشەی زۆر بەخۆوە نەبینن، میللەتەکەمان لەناو میللەتانی تری دنیادا بەوە بناسرێتەوە حەز لەکێبەرکێی مەدەنیانە، دەستاودەستکردنی دەسەڵات و گۆڕانگاریی قوڵ ناکا، هەرێمەکەمان وەها بکەوێتە بەرچاو جێی ئۆپۆزسیۆنی تێدا نابێتەوە، یان زەوییەکی پان و پۆڕی بێچاودێرە، بەڕەهایی سپێردراوەتە دەست قەدەر، قەدەریش وایخواستوە بەمجۆرە : گەندەڵیی سیاسی، ئیداری، کۆمەلایەتی، لەدوای هەموشیان گەندەڵیی دارایی دایپۆشێ.

یەکێ لەو هۆکارانەی وایانکردوە هەرێمی کوردستان بەمجۆرە بکەوێتە بەرچاو، لانیکەم بەرچاوی خۆمان، بونی رێکەوتننامە ستراتیژیەکەی نێوان یەکێتی و پارتییە.

پێش بونی ئەم رێکەوتننامەیە، خەڵکی کوردستان چاویان لەسەر ئەوەبو یەکێتی و پارتی وەکو ئەوەی لەدنیای پێشکەوتودا دەگوزەرێ، بەشێوەیەکی مەدەنیانە، بکەونە کێبەرکێوە لەگەڵ یەکتر، هەریەکە بەمەبەستی راکێشانی جەماوەری زیاتر بەلای خۆیدا، بیر لەوە بکاتەوە بکەوێتە خزمەتکردنی خەڵك، دواجار پێکەوە، هەر دو سێ ساڵجارێ بازێکی باش بەژیانی خەڵك و بەپرۆسەی سیاسی بدەن.
بەڵام وایان نەکرد، بەڵکو سەرەتا بەشەڕ، دوای شەڕیش بەم رێکەوتننامەیە، کۆمەڵی کوردەوارییان مەحروم کرد لەهەمو سودو قازانجێکی کێبەرکێی نێوان باش و باشترو باشترین.

هەر بەمەوە نەوەستان، بەڵکو دەستیانکرد بەخراپتەرجەمەکردن و هەڵگێڕانەوەی مانای کێبەرکێ و شاردنەوەی رەهەندە باشەکانی ئەم مەبدەئە سیاسییە مۆدێرنە، بەتایبەتی دوای رێکەوتنەوەیان، گوایە کێبەرکێی سیاسی مایەی ئاشوب و دوبەرەکییە، کورد توانای تاقیکردنەوەو سەرخستنی ئەم مەبدەئەی نییە.

پێویست بەوە ناکا بەوردی ئەوە بەبیری خەڵك بهێنینەوە کە پارتی و یەکێتی چۆن پاش راپەرین دوبارە خۆیان ئاوقەی شەڕی براکوژی کردەوە، بۆ ماوەی چەند ساڵ ژیان و پرۆسەی سیاسییان لەخۆیان و لەگەلی کوردستان شێواند.

بەڵام تەنیا بۆ ئەوەی لەمەعنا، ئاماژە، باکگراوندی سیاسی و هەلومەرجی مێژویی ئەم رێکەوتننامە ستراتیژی و دورماوەیەی نێوانیان حاڵی ببین، دەبێ ئەوە بەبیری خۆمان بهێنینەوە کە شەڕی ناوخۆی نێوانیان، فاکتەری هەرە دیاری پشت گەڵالەکردنی ئەو رێکەوتننامەیەبو.

کەواتە دەبێ هەر لەڕێوە پەی بەوە ببەین یەکێك لەئامانجەکانی رێکەوتننامەکە چەسپاندنی ئاشتی و کۆتایی پێهێنانی شەڕی براکوژی بو لەنێوانیاندا.

ئەمە حاڵەتێکی زۆر ئاسایی و تەندروستە، واتە : شتێکی سروشتییە دو لایەنی سیاسی، یان دو هێزی چەکدار، پاش بەشەڕهاتن و تێگەیشتن لەبێمانایی شەڕ، بیر لەوە بکەنەوە لەڕێی گەڵاڵەکردن و ئیمزاکردنی رێکەوتننامەوە کۆتایی بەشەڕوشۆڕ، پێکەوەهەڵنەکردن و ناتەبایی درێژخایەن، یان کورتخایەنی نێوانیان بهێنن، بڕیاری ئاشتی، پێکەوەهەڵکردن، تەبایی و پێکەوەئیشکردن، بۆ هەر ماوەیەك کە خۆیان بەپەسەندی بزانن، ئیمزا بکەن.

بەڵام نائاساییبونی رێکەوتننامە لەوەدایە شتێکبێ وەکو گەلەکۆمەکێ لەنێوان کەسانێکدا، بۆ قۆرخکردن و دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات، یان بۆ رەسمکردنی سیاسەتی گشتیی دەوڵەت و ئۆرگانەکانی حوکمڕانی بۆ ماوەی دورو درێژ، یان بۆ درێژکردنەوەی ئەرك و مەهامی رێکەوتننامە لەڕێکەوتنێکەوە دەربارەی

ڕێکخستنی پەیوەندییە تایبەتیەکانی نێوان خۆیان، بۆ ڕێکەوتنێك دەربارەی کۆنترۆڵکردنی داهات و پەیوەندییە گشتی و هەمەلایەنەکانی کۆمەڵ.

ڕێکەوتننامە دەبێ ئەوەی تێدا ڕەچاو کرابێ : ئایا بەڕاست، بەدرێژایی هەمو ئەو ماوەیەی کە ڕێکەوتننامەکە خۆی، خوازیارە تیایدا بەرقەرارو چەسپاوبێ، دەتوانرێ درێژە بەتەمەنی دانە بەدانەی بەندەکانی ناوی بدرێ، لایەن و کەسەکانی پێوە پابەند بکرێ؟

ئەمە پرسیاری هەرە گرنگە لەمەسەلەی گەڵاڵەکردنی ڕێکەوتننامەدا.

دەبێ هەمو دو لایەن، یان سێ لایەن و چوار لایەنێك کە بۆ ئاشتبونەوە یان بۆ پێکەوەکارکردن لەبەرەیەکدا، ڕێکەوتننامە لەنێوانی خۆیاندا گەڵاڵە دەکەن، لەپێش هەمو شتێکدا بیری ئەوەیان هەبێ کە : دەیانەوێ لەسەر چ بنەمایەکی خۆیی و بابەتی، هەتا کەی، بە چ ئامانجێ، لەچوارچێوەی ئەو ڕێکەوتننامەیەدا بمێننەوە؟ دەبێ بەدەستی خۆیان : سنور، تەمەن، توانای خۆڕاگرتنی ڕێکەوتننامەکە، زۆر ژیرانە، بەڕۆشنی، دیاری بکەن، دەبێ بەباشی دەرەنجام و کۆتاییەکەی بخەملێنن، نەك ئیمزای بکەن و لێیگەڕێن بۆ قەدەرو ڕۆژگار.

ڕێکەوتننامەی ناڕۆشن و بەوردی دیراسەنەکراو، ڕێك لەبەرئەوەی ناڕۆشنەو بەوردی دیراسە نەکراوە، لەوانەیە ئەنجامی پێچەوانە بدا بەدەستەوە، یان لانیکەم ئەنجامی چاوەڕواننەکراوی لێ بکەوێتەوە، وەکو ئەمەی کە خەریکە لەڕێکەوتننامە ستراتیژی و دورماوەکەی نێوان یەکێتی و پارتی بکەوێتەوە.

بێگومان ئەوەی ڕێکەوتننامە ستراتیژیەکەی نێوان ئەم دو حیزبە کوردییە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، تەنیا ناڕۆشنیەکەی نییە، بەڵکو فرەلایەنی، فرەڕەهەندی، دورپەڕیی خودی ڕێکەوتننامەکەو دەرچونیەتی لەسیاقی گشتیی ڕێکەوتننامەی سیاسیی نێوان دو لایەن، کە هەر لەناونانەکەیەوە دیارە ویستراوە زیاد لەئەرکێکی بخرێتە ئەستۆ : -

یەکێ لەئەرکە ئاشکراو راگەیەنراوەکانی، کۆتایی پێهێنانی شەڕی براکوژییە، یەکێکیتر لەئەرکە ئاشکراو راگەیەنراوەکانی، رەخساندنی کەشوهەوای پێکەوەکارکردنی یەکێتی و پارتییە لەبەرەی دەسەڵاتدا بۆ ماوەی دورو درێژ، بەڵام یەکێکیش لەئەرکە نائاشکراو رانەگەیەنراوەکانی، بریتییە لە : رەسمکردنی سیاسەتی گشتیی وڵات - هەرێم بۆ دورماوە، لەڕێی چەسپاندنی دەستورێکی تایبەتییەوە!

حاڵەتێکی ئانیی خراپ کە هەر ئێستا ئەم رێکەوتننامەیە دروستی کردوەو وایکردوە خۆی بخاتە ژێر پرسیاری خەڵکەوە، گرتنەبەری رێوشوێن و میکانیزمێکی تەسکە لەلایەن خاوەنەکانیەوە بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجە دورو نزیك و ئاشکراو نائاشکراکانی کە خەریکە کێبەرکێی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا بەئاقارێکی نامەدەنیدا دەبا.

دیارە ئیشی سەرەکیی هەمو رێکەوتننامەیەك، بەر لەهەر شتێ، مەرجدانانە لەسەر ئەو ئامانجەی رێکەوتننامەکەی لەپێناودا گەڵالەکراوە، واتە ئەگەر رێکەوتننامەکە بۆ چەسپاندنی ئاشتی و کۆتایی پێهێنانی شەڕ هێنرابێتە بون، ئەوا ئیشی یەکەمی بریتییە لەمەرجدارکردنی پرۆسەی شەڕڕاگرتن و ئاشتبونەوەکە، ئەگەر بۆ رەخساندنی کەشوهەوای پێکەوەکارکردنی بەرەیەکی سیاسیش هێنرابێتە بون، ئەوا بەهەمان شێوە : ئیشی یەکەمی بریتییە لەمەرجدارکردنی پرۆسەی پێکەوەکارکردنەکە، دەنا ئەگەر دو هێزی سیاسی بتوانن بەبێ مەرج پێکەوە هەڵبکەن و شەڕ نەکەن، یان بتوانن بەبێ مەرج، پێکەوە لەبەرەیەکدا کار بکەن، ئەرکەکان بەبێ چەندوچونی نامەدەنیانە لەنێوانی خۆیاندا دابەش بکەن، ئەوا هەرگیز پێویستیان بەگەڵاڵەکردن و ئیمزاکردنی رێکەوتننامە نابێ، بەڵکو راستەوخۆ دەستوری وڵات و بەها سیاسییە گرنگەکانی وەکو : دیموکراتیەت، هەڵبژاردن، راپرسی، دەکەنە بنەمای پێکەوەهەڵکردن و پێکەوەکارکردن کە ئەمە رێگەچارەیەکی مۆدێرن و یەکلاییکەرەوەیە، ئەڵتەرناتیڤی هەمو جۆرە رێکەوتننامەیەکە، بەڵام بێگومان ئێمە لەهەرێمەکەی خۆماندا تا ئێستا دەستورمان نەبوە تا بکرێتە بنەمای پێکەوەهەڵکردن و پێکەوەکارکردنی لایەنە سیاسیەکانمان، یان وەکو گرێبەستێکی یاسایی و گشتی و یەکلاییکەرەوە، لەکاتی

قەیرانەکانی نێوانماندا بگەڕێینەوە سەری، کێشەکانمانی پێ چارەسەر بکەین، خۆیشمان ئەوەندە مەدەنی نەبوین بتوانین دیموکراتیەتی راستەقینە، هەڵبژاردن، راپرسی، بکەینە بنەمای رۆڵدابەشکردن، حوکمڕانی، پێکەوەژیان، تا ئەو رۆژەی دەتوانین لەپەرلەمانێکی فرەدەنگ و فرەڕەنگدا دەستورێکی رێکوپێك بنوسین و لەسایەیدا بەیەکجاری بحەسێینەوە!

بەڵێ.. رێکەوتننامە ستراتیژیەکەی نێوان یەکێتی و پارتی، زەرورەتێکی مێژویی و سیاسی هێناویەتیە بون، بریتیش نییە لەکاغەزێکی سپیی ئیمزاکراو، یان هەوڵێکی سادە بۆ مەرجدارکردنی ئئاشتبونەوەو دەسەڵاتدابەشکردن لەنێوانی هەردو لایاندا.

دەبێ بزانین : سوربونی یەکێتی و پارتی لەسەر وابەستەبون بەم رێکەوتننامەیەوە، مانای ئەوەیە ئەم دو هێزە تا ئێستا ئامادەنین و ناتوانن، بەبێ مەرج و شەرت و قەید، یەکتر قەبوڵ بکەن، بۆ هەتا هەتایە گەلی کوردستان لەشەڕی ناوخۆ بەدور بگرن!

ئەم راستییە بەگوتاری سیاسیی خۆیشیانەوە زۆر بەئاشکرا دیارە، پەیبردنێکی گەورەی ئێمە نییە بەنهێنییەکی قوڵ!
ئەوەتا لەئیستادا کە ئەم رێکەوتننامەیە لەلایەن رۆشنبیران و قەوارە سیاسیەکانەوە خراوەتە ژێر پرسیارو داوا لەیەکێتی و پارتی دەکرێ لەجیاتیی وابەستەبون و خۆبەستنەوە بەڕێکەوتننامەو دیموکراتیەتی تەوافوقی و شەریکایەتیی نیوە بەنیوەوە، بگەڕێنەوە سەر مومارەسەکردنی دیموکراتیەتی راستەقینە، هەڵبژاردن و دەستور بکەنە بنەمای پێکەوەهەڵکردن و پێکەوەکارکردن، زۆر بەئاشکرا وەڵام دەدەنەوە دەڵێن : ئێوە دەتانەوێ ئێمە رێکنەکەوین، جارێکیتر بەشەڕ بێینەوە، دەستکەینەوە بەبراکوژی.

ئەگەر ئەم لۆژیکەی ئەوان راستبێ، واتە ئەگەر شتێکی حەتمیبێ گەلی کوردستان، بەبێ چونە ناو رێکەوتننامە، هەمیشە لەڕێی هەڵگیرسانەوەی شەڕو کوشتاردابێ، یان پرۆسەی سیاسی لەم هەرێمەی ئێمەدا، توانای نەبێ

لەچوارچێوەی دیموکراتیەتی راستەقینە، هەڵبژاردنی پەرلەمانی و دەستوردا بەردەوامی بەخۆی بدا، ئەوا دەبوایە یەکێتی و پارتیی لێدەرچێ کە رێکەوتننامەی مۆرکراویان لەنێواندایە، هەمو دو هێز، دو گروپ و دو لایەنێکی تری ئەمڕۆی ناو هەرێمەکەمان، ئێستا لەشەڕو ململانێی سەختی خوێناویدا بونایە، چونکە هیچ رێکەوتننامەیەکیان لەنێواندا ئیمزا نەکراوەو بەفەرمی بەڵێنی دوقۆڵییان لەسەر پێکەوەکارکردن و پێکەوەهەڵکردن بەیەکتر نەداوە!

بەڵێ راستە لەوانەیە هەلومەرجی پێشتری هەرێمی کوردستان، هەروەها سروشتی یەکێتی و پارتی، وەهابوبێ ئەم دو حیزبە نەتوانن تا ئەم دەققەیە بەبێ بونی رێکەوتننامە لەنێواندا، پێکەوە لەحکومەت و پەرلەمان کار بکەن، پرۆسەی سیاسی تا ئەم جێگەیە بهێنن کە هێناویانە، بەڵام دەبێ بزانن ئێستا ئیتر کەوتوینەتە ناو سیاقێکی مێژویی تازەوە، ئەم سیاقە مێژوییە تازەیە، چەندین فاکتەری خۆیی و بابەتی هێناویانەتە ئارا، هەلومەرجی ناوخۆیی و هەلومەرجە جیهانیەکەش یارمەتیدەری بەهێزن بۆ تۆکمەترکردنی، ئەوەتا خەریکە وردە وردە پچڕانێك لەنێوان کەلتوری سیاسی - کۆمەڵایەتیی پێشومان و کەلتوری سیاسی - کۆمەڵایەتیی لەمەودوامانددا رودەدا، رێکەوتننامە دورماوەکەی نێوان ئەوانیش، لەبەرئەوەی زایندەی قۆناغە سیاسی - مێژوییەکەی پێشوەو سەر بەهەمان کەلتوری سیاسی - کۆمەڵایەتیی پێشوەو ئەوەندە بەوردی هاتنەپێشەوەی رۆژێکی وەکو ئەمڕۆی تێدا لەبەرچاو نەگیراوە، پێناچێ بتوانێ لەدۆخێکی سروشتی و ئارامدا درێژە بەو تەمەن بدا کە بۆی دیاریکراوە، مەگەر بەزەخت و زۆر، بەشەڕو هەرا، بەئابڵۆقەخستنە سەر راگەیاندن، بەپشتکردنە خەڵك و لەبەرچاونەگرتنی دەنگ و بیروڕای خەڵك، بەدەرگیریی سەخت و نامەدەنیانە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن و شێوازگەلی تری ناسەردەمیانە کە پێناچێ هیچ کام لەم رێگەو شێوازانە بەئاسانی بۆ هیچ هێزو لایەنێکی سیاسی بچنە سەر، نەچونەسەرەکەش پەیوەندیی بەبەهێزی و بێهێزییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بەو سیاقە مێژوییە تازەیەو بەو کەلتورە تازەیەوە هەیە کە هەرێمی کوردستان و دنیاشی خستۆتە ژێر هەژمونی خۆیەوە.

ئێمه هەمومان دەزانین یەکێ لەوەزیفه سەرەکیەکانی رێکەوتننامەکەی نێوان یەکێتی و پارتی، دابەشکردنی نیوه بەنیوەی دەسەڵاته حکومیەکانه لەنێوانی ئەو دو هیزه سیاسییەدا، نەك دابەشکردنی رۆڵی سیاسی بەمانا فراوان و سەردەمیانەکەی رۆڵدابەشکردن، بەڵام ئایا لەئێستادا کە هاوکێشەی سیاسی، پێکهاتەو بارودۆخی ئێستای خودی یەکێتی و پارتی، هەلومەرجی خۆیی و بابەتیی سیاسەتکردن لەهەرێمی کوردستاندا، ئارەزوی زۆری خەڵك بۆ بەشداریکردن لەکایه دیموکراتیەکاندا، سوربونیان لەسەر راستکردنەوەی رەوتی ژیان و سیستمی حوکمڕانی، گوێنەدانیان بەفشاری جۆراوجۆری دەسەڵات، وایکردبێ کۆمەڵگەی کوردی بەو ئەندازەیه گۆڕانی بەسەردابێ کە ئۆپۆزسیۆن بتوانێ بەبێ بەستنی هیچ رێکەوتننامەیەکی دورماوە، یان قورس و قەبه لەنێوانی پێکهاتەکانیدا، تەنیا لەرێی هەڵبژاردنەوە، نزیکەی نیوەی کورسیەکانی پەرلەمان بباتەوە، بەچاوپۆشی لەهەمو تێبینیەکانی سەر پرۆسەکەش، دەبێ ئیتر فیکرەی دەسەڵاتدابەشکردن بەپێی رێکەوتننامەی ستراتیژی، چ سودو کەڵکیکی هەبێ؟ رێکەوتننامەیەك نەتوانێ بەر بەم روداوه گرنگه بگرێ و پێچی پێ بکاتەوە بەلای قازانجی خۆیدا بەشێوازیکی مەدەنیانه، نەك بەزەخت و زۆر، رێکەوتننامەیەك نەتوانێ پێگەی خاوەنەکانی بەو قایمییەی پێشویان بپارێزێ، رێکەوتننامەیەك بوبێته هۆی دابەزینی شەعبییەتی خاوەنەکانی لەناو خەڵکدا لەجیاتیی سەرخستنی، رێکەوتننامەیەك بەئاشکرا خۆی لەسەر تەسککردنەوەی سنوری هەڵسوڕانی لایەن و هێزه سیاسیه نیشتیمانیەکانی تر بونیاد نابێ، دەبێ تا کوێ بڕ بکا؟ قازانجی لەچیدابێ؟

ئەگەر ئامانج و قازانجی یەکەمی ئەم رێکەوتننامەیه دەستەبەرکردنی ئاشتیی نێوان یەکێتی و پارتی بوبێ، خۆشبەختانه ئەمەی مسۆگەر کردوە، هیچ ئیشێکی ئان و ساتیمان پێی نەماوە، بەڵام ئەگەر ئامانجی ئەوەبوبێ هەتا سەر ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵی کوردەواری وابەستەی خۆی بکاو پرۆسەی حوکمڕانی بخاته ژێر مەرجه سیاسی - کۆمەڵایەتی - ئابوریەکانی خۆیەوە، ئەمه هەڕەشەیەکی گەورەیه بۆ سەر پرۆسەی سیاسی، بۆ سەر بونیادی کۆمەڵ و خێزان، بۆ سەر نەفسییەتی تاکەکەس، هەروەها بۆ سەر کارو کەسابەتی خەڵك و شۆڕ دەبێتەوە بۆ سەر خواری خوارەوەی ئێستاو داهاتومان، دەشبێته هۆی لەباربردنی

دیموکراتی و خراپترکردنی پێگەی جەماوەریی یەکێتی و پارتی خۆیان، چونکە ئەگەر ئەم دو حیزبە بیانەوێ هەروا تا رۆژگارێکی دور بەوردو درشتی بڕگەو بەندەکانی ئەم رێکەوتننامەیەوە پەیوەستبن و بیر لەوە نەکەنەوە بەشێوازێکی تازە خۆیان رێکبخەنەوە، ئەوا دەبێ بۆ پاراستنی ئەم هەلومەرجەی ئێستایان و دابینکردنی سەلامەتیی خۆیان و رێکەوتننامەکەی نێوانیان، سەلامەتی لەبەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان تێك بدەن و تا ئێستا چۆنیان هێناوە هەروا بمێننەوە : - بەردەوامبن لەسەر سیاسەتی قۆرخکردن و دابەشکردنی نیوە بەنیوەی دەسەڵات، بەردەوامبن لەسەر کەناڵیزەکردن و سنوردارکردنی ئیشی راگەیاندن لەدەزگاکانی راگەیاندنی خۆیاندا، بەردەوامبن لەسەر بایکۆتکردن و دوژمنایەتیکردنی ئۆپۆزسیۆن و راگەیاندنی ئەهلی کە ئیشیان ئەوەیە ئەدای دەسەڵات بخەنە ژێر چاودێرییەوە، هەروەها بەردەوامبن لەسەر خۆبوغزاندن و بوغزاندنی ئۆپۆزسیۆن، واتە بەکورتی : بەردەوامبن لەسەر هەمان ئەو هەڵسوکەوتانەی کە راستەوخۆ پاش راپەڕین خۆیان بەرامبەر بەخۆیان نواندیان و گەیاندنیە شەڕی ناوخۆ.. بەڵام دەبێ زۆر باش ئاگایان لەوەبێ ئەم سەرسەختییە بەجارێ لەناو خەڵکدا کاڵیان دەکاتەوە، ئەگەر توشی شەڕیشیان نەکا!

بێگومان رێکەوتننامەی نێوان یەکێتی و پارتی، رێکەوتننامەیە لەنێوان ئەو دو لایەنەدا، لەبەرئەوە ناتوانێ هەڵسوکەوت و سیاسەتی ئۆپۆزسیۆن و هیچ لایەنیکیتر بخاتە ژێر مەرجەکانی خۆیەوە، واتە ئەگەر یەکێ لەو دو حیزبە، ئەویتری بەقەبارەی راستەقینەی خۆیەوە، بەسیاسەت و گوتاری لەوەوبەریەوە، بەپێی ئەو پێگەیەی لەناو کۆمەڵگەدا هەیبوە، قەبوڵ نەبوبێ، یان نەیانتوانیبێ مەدەنیانە رۆڵی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات، کەمینەو زۆرینە، براوەو دۆراو، لەیەکتر قەبوڵ بکەن، هاتبن لەسەر بنەمای تەوافوقات و دەسەڵاتی نیوە بەنیوە، خۆیان لەشەڕی یەکتر پاراستبێ و مەترسیی هەڵبژاردنی راستەقینەیان تا ئەمڕۆ لەخۆ دور خستبێتەوە، بۆ چەسپاندنی هەمو ئەو شتانەش رێکەوتننامەی ستراتیژییان لەنێوانی خۆیاندا مۆرکردبێ، ئەی خۆ لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان بەشێ نین لەیەکێتی و پارتی، یان بەشێ نین لەڕێکەوتننامەکەی نێوان ئەوان، ئەی ئەگەر لەخولی داهاتو، یان داهاتوتری هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی کوردستاندا،

یەکێ لەوان، لەیەکێتی و پارتی دەنگی زیاتری هێناو پێش ئەوان کەوت، ئایا بەهەردوکیان چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن؟ ئایا هەر یەکسەر شوێنگۆڕکێی لەگەڵدا دەکەن و راستەوخۆ دەسەڵاتی رادەست دەکەن؟ ئەگەر ئا، ئەی بۆچی پێشتر لەبەینی خۆیاندا ئەم شتەیان بۆ یەکتر بەڕەوا نەبینیوە؟

یان : ئایا ئەگەر هەر لەم خولەی پەرلەماندا، ئۆپۆزسیۆن بەجددی کەوتە ململانێی سەختەوە لەگەڵیاندا، بەهەردوکیان چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەن؟ تۆ بڵێی رێکەوتننامە ستراتیژیەکەیان وەڵامی ئەم پرسیارەشی تێدا درابێتەوە؟ ئەگەر ئا، بەڕاستی ئیتر ئەمە رێکەوتننامە نییە، بەڵکو نەخشەی سیاسیی دەوڵەتە، بەڵام نەخشەی سیاسیی دەوڵەت دەبێ وردە وردە بەپێی تەسەلسولی قۆناغە مێژوییەکان بەرەوسەر هەڵکشێ و پێکبێ، نەك لەژێر زەبری تاقە یەك قۆناغدا.

بەهەرحاڵ گریمان ئێمە زۆر دور رۆیشتوین و پێویست دەکا بگەڕێینەوە ناو ئێستا.. دەی باشە با لەناو ئێستادا بۆ بایەخی ئەم رێکەوتننامەیە بگەڕێین :

هەمو لایەك دەزانن کۆمەڵی کوردەواری لەئێستادا زۆر پێویستی بەوە هەیە رێگەچارەیەك بۆ یەکترقەبوڵکردن، تەحریمکردن و تەجریمکردنی شەڕی ناوخۆ لەنێوان کۆی قەوارە سیاسیەکاندا بدۆزێتەوە.

بەڵام تەحریمکردن و تەجریمکردنی شەڕی ناوخۆ بەیەکجاری، لەتوانای رێکەوتننامەی چەندقۆڵیدا نییە، چونکە رێکەوتننامە تەنیا دەتوانێ خاوەنەکانی خۆی پابەند بکا نەك زیاتر.

تەحریمکردن و تەجریمکردنی شەڕی ناوخۆ بەشێوەی یەکجاری، تەنیا لەتوانای دەستورو یاسای بنەڕەتیی وڵاتدایە، دەستور رێکەوتننامەی نێوان هەموانە، هەموان بەشێوەی یاسایی بەخۆیەوە پابەند دەکا، نەك رێکەوتننامەی نێوان دو لایەن.

کەواتە ئەگەر ئەرکی سەرەکیی رێکەوتننامەی نێوان یەکێتی و پارتی، چەسپاندنی ئاشتیبێ لەنێوان تەنیا دو لایەندا، ئەی بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتیی نێوان ئەوان و لایەنەکانیتر، یان بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتیی لایەنەکانیتر لەنێوان خۆیاندا، چی بکەین؟

وەڵام : دەبێ ئەرکی چەسپاندنی ئاشتی و حەرامکردنی شەڕی ناوخۆ، لەڕێکەوتننامە بسێنینەوە، بیسپێرین بەدەستورو یاسای بنەڕەتیی وڵات.

بۆیە دوپاتی دەکەمەوەو دەڵێم :
قازانج و بەرژەوەندیی کۆمەڵی کوردەواری لەوەدایە لەماوەی ئەم چوار ساڵەی شەریکایەتیی نێوان یەکێتی و پارتیدا، زەمینەیەکی ئارام و بێوەی و مەدەنی، بۆ تێپەڕاندنی هەتا هەتایی سیاسەتی تەوافوقات بڕەخسێنین، یەکەم بەربەستیش کە دەبێ لەم پێناوەدا بیر لەلابردنی بکرێتەوە، رێکەوتننامە دورماوەکەی نێوان دو شەریکە دەسەڵاتەکەیە کە بڕوام وایە ئەمە بەقازانجی خۆیان و پرۆسەی سیاسی و کۆمەڵگەش تەواو دەبێ.

یەکێ لەو بەڵگەو دەرکەوتە نوێیانەی کە وایکرد بەرژەوەندیی کۆمەڵگە لەماڵجیایی، جیالیستی و جیاڕێگەیی نێوان یەکێتی و پارتیدا زۆرتر ببینین تا لەم یەکماڵی، یەکلیستی و یەکڕێگەییەی نێوانیاندا، ئەو جیاوازی و دو ریتمییەبو کە لەمامەڵەو هەڵسوکەوتی ئەو دوانە بەرامبەر بەبەڕێوەچونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بەدیمانکرد.

ئەوان ئەگەر شەڕی راستەقینەی نێوان خۆیانیان کۆتایی پێهێنابێ و شەڕی لەمەودوایان بێتە سەر ئەوەی کێیان باشتر سیاسەت دەکاو خەڵك لەخۆی رازی دەکا، یان هەر یەکە بەجیا خەریکی دروستکردنی جەماوەربن بۆ خۆیان، نەك پێکەوە بەهەردوکیان خەریکی لەخۆتۆراندن و تەرەکردنی جەماوەربن، خۆیان و کۆمەڵگەش قازانج دەکەن.

بەڵام کاتێ پێکەوە بەتوندی سەر دەخزێننە ناو رێکەوتننامە ستراتیژیەکەی نێوانیان، دەڵێی بڕیاریانداوە لەچوارچێوەی تەوافوقاتی خۆیاندا نەخشەی سیاسیی هەرێمەکە بۆ ماوەی دورو درێژ بەخەتی زۆر تۆخ رەسم بکەن و نیازیان نییە رێگا بەهیچ لایەنێ بدەن بیر لەدەسکاریکردنی ماستەرپلانی دەولەتشارەکەیان بکاتەوە.

ئەگەر یەکێتی و پارتی لەم یەکەم هەڵبژاردنە رکابەرئامێزەی پاش ئاشتبونەوەیاندا، خۆیان لەسیاسەتی تەوافوقاتەوە نەگلاندایە، بەشێوەیەکی مەدەنی و عەقڵانی یەکتریان قەبوڵ بکردایە، ئامادەبونایە جیا بەجیا بچنە کێبەرکێوە، رۆڵی ئۆپۆزسیۆن - دەسەڵات بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردن لەنێوانی خۆیاندا بەشکەن، لەوانەبو بیانتوانیایە پێگەی پێشوی خۆیان مسۆگەر بکەنەوە، تا سەردەمێکیتر بەبێ شەریکی جددی و بەهێز لەمەیدانی حوکمڕانیدا بمانایەتەوە، بەڵام وایان نەکرد، لەئەنجامدا کەوتنە بەر شەپۆلی نارەزایی خەڵك، ئەوەبو هاوکێشەی سیاسی گۆرانێکی وای بەسەردا هات کە خەریکبو بەتەواوی روتیان بکاتەوە لەهەمو جازبییەت، ئەفسون و جادویەکی رۆژگارە زێرینەکانی عومریان.

ئێستا ئیتر کاتی ئەوە هاتوە ئەگەر لەبەر رۆشنایی قازانج و زەرەری میللەت و پرۆسەی سیاسیشدا چاو بەرێکەوتننامە ستراتیژیەکەی نێوانیاندا نەخشێننەوە، لەبەر رۆشنایی قازانج و زەرەری خۆیاندا چاوی پێدا بخشێننەوە، بۆ ئەوەی دەرگای خۆسازدانەوە، خۆنوێکردنەوەو خۆلەخەڵکنزیکخستنەوە، بەیەکجاری لەسەر خۆیان دانەخەن.

کێ لەچارەی یەکێتی و پارتیی نوسیوە ئەگەر وەکو دو قەوارەی سیاسیی سەربەخۆ، بە دو رۆڵی جیاواز، بچنەوە سەر شانۆی سیاسەت، ئەمجارەش وەکو ساڵی 1992 دوبارە هەڵبخلیسکێنەوەو بکەون؟

ئەوان دەبێ چاو لەوڵاتانی دنیا بکەن، بۆ نمونە وڵاتانی ئەوروپا، ئەمریکا، تەنانەت دەوروبەرمان.. ئایا ئەگەر سیاسەتی تەوافوقات گەمەیەکی سەرکەوتوی بەدەستەوە بدایە، یان قازانجی پرۆسەی سیاسیی تێدا بوایە، کۆماریەکان و دیموکراتیەکانی ئەمریکا پەنایان نەدەبردەبەر؟ ئایا ئەگەر یەکلیستی و یەکچەشنی، توانای هەبوایە دەنگدەر راکێشێتە ناو گەمەی هەڵبژاردنەوە، موحافیزکارەکان و ئیسلاحیەکانی ئێران، بەیەك لیست دانەدەبەزین و دەسەڵاتیان لەنێوانی خۆیاندا دابەش نەدەکرد؟

ئەوەتا زۆربەی وڵاتانی دنیاو دەوروبەرمان وردە وردە بەخواستی خۆیان رێیان بۆ دابەشبونی دوجەمسەری خۆش کردوەو خەریکە لەڕێی چەسپاندنی وەها سیناریۆیەکەوە دەگەنە ئەوەی بەتەواوی خۆیان لەئەگەری دەرکەوتنی فرەجەمسەری و فرەهێزی و فرەئایدیۆلۆژیایی دورخەنەوە.. کەچی یەکێتی و پارتی تازە بەتازە دەیانەوێ سەر بخزێننەوە ناو تەشکیلەیەکی سیاسیی یەکجەمسەر، لەکاتێکدا خۆیان پێشتر بەپێی هەلومەرجی مێژویی نەك بەپێی رۆڵدابەشکردن و سیناریۆی دەسکرد، تەشکیلەیەکی سیاسیی دوجەمسەریان لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا پێکهێنابو.

ئەمە بەرلەوەی بەڵگەبێ لەسەر کەمئەزمونی و نەشارەزاییان لەکێشانی ماستەرپلانی سیاسیی هەرێمەکەدا، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هێشتا ناتوانن لەچوارچێوەی دیموکراتیەتدا یەکتر قەبوڵ بکەن، ناتوانن رازیبن بەدابەشکردنی رۆڵی سیاسی لەنێوانی خۆیاندا.

ئێستاش وا جارێکیتر خۆبەخۆ، بەحوکمی هەلومەرجە سیاسی - مێژوییەکە، نەك بەپێی سیناریۆ هاتی سیاسیی دەسکرد، خەریکە تەشکیلەی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا دەبێتەوە بەتەشکیلەیەکی دوجەمسەری (دەسەڵات - ئۆپۆزسیۆن)، زۆر زیندوانەتر لەوەش کە رەنگە بکرایە لەڕێی سیناریۆ هاتی دەسکردەوە دروستی بکەین!

دەبا ئەمجارەش سەر لەمیللەتەکەمان نەشێوێنین، هەوڵ بدەین بەباشی ئەم رۆڵدابەشبونە بپارێزین و بەڕێوەی ببەین، ئەمجارەش تێکی بدەین هەر دەبێ

ئاخری بگەڕێینەوە سەر مۆدێلێکی لەوجۆرەو وەکو خۆی لێ بکەینەوە، چونکە هەم بەرژەوەندیی کۆمەڵگە، هەم سایکۆلۆژیەتی خەڵك، داوای چەسپاندنی مۆدێلێکی سیاسیی لەمجۆرەمان لێدەکا، نەك مۆدێلێکی سیاسیی لەو جۆرەی کە یەکێتی و پارتی لەڕێکەوتننامە ستراتیژیەکەی نێوانیاندا وێنەیان کێشاوە.

ئێستا ئیتر پرسیارەکە لەوەدایە :

چۆن بکەین ئەو هەمو قەوارە سیاسییە : یەکێتی، پارتی، گۆڕان، یەکگرتو، کۆمەڵ، زەحمەتکێشان، سۆسیالیست، بۆ ماوەی دورو درێژ. دابەش بکەین تەنیا بەسەر دو بەرەدا : (دەسەڵات - ئۆپۆزسیۆن)؟

وەڵام : -

تەنیا لەڕێی دیموکراتیەتی راستەقینەو هەڵبژاردنەوە : کێ بەرگەی ژیان و مانەوەی گرت لەناو دیموکراتیەتدا با بمێنێتەوە، کێش بەرگەی نەگرت وردە وردە خۆی روبەڕوی چارەنوسی خۆی دەبێتەوە.. پێویست ناکا هیچ لایەنێ لەچوارچێوەی شتێکی وەکو گەلەکۆمەکێدا خۆی جیڕ بکاتەوەو بیەوێ بەزۆر خۆی بەسەر واقیعدا بسەپێنێ.

رۆژی 30 / 8 / 2009 ، لەژمارە 543 ی رۆژنامەی رۆژنامەدا بڵاوبۆتەوە، لاپەڕە 12 و 13.

..........................................

# مام جەلال

بێگومانم کەس ئەم وتارە بۆ ئەوە ناخوێنێتەوە هەواڵێکی مام جەلالی لێوە دەستکەوێ چونکە هەموتان دەزانن هەواڵی جەنابیان لای من نییە... بەڵام بێگومانم زۆرێکتان چاوەڕوانی بینین و بیستنی ئەو وشەی (جەناب)ەن کە هەر ئێستا یاداشتم کرد...

بەڵێ تەنها لەبەر بەکارهێنانی ئەو وشەی جەنابە من ئێستا لەلای بەشێکتان پیاوێکی بێهەڵوێست، مامەڵەچی، دژە شەپۆل، گوناح، و شتی تریشم و تەنانەت رەنگە حەوسەڵەتان نەبێ لەگەڵما بمێننەوە تا هیچ نەبێ بزانن نوسینەکەم بەکوفر کۆتایی دێت یان بەئیمان... بەئاقاری رەشدا دەروات یان سپی؟

هۆی ئەمە دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی ئێمە زەینمان وەها کۆنکرێتریژ کراوە تەنها دو رەنگ دەناسێتەوە (رەش - سپی) چونکە پێمان وایە هەر رەنگێکی تری نێوان ئەو دو رەنگە ئاماژەیە بۆ : بێباری، زۆلێتی، لێدەری و بەهانە هێنانەوە بۆ مانەوە لەناو جۆگەدا...

بەڵێ من میللەتی خۆم دەناسم و دەزانم چۆن بیر دەکاتەوە.. دەزانم حەز دەکات منیش چۆن بیر بکەمەوە.. میللەتی من ئەو میللەتەیە کە پێشینیانی گوتویانە (خۆزگە دایکیشمیان بەجەماوەری دە....)...

بەڵام خۆشبەختانە من نە پێویستم بەدەنگی میللەتە بەجەماوەری بیریان لەگەڵ بکەمەوە بۆ ئەوەی لێم نەتۆرین، نە پێویستم بەدڵی سوڵتەیە بەدوای کێشکردنیەوە بم و بچمە سەر ئەقڵ و بیرکردنەوەی ئەو...

من بەتاقی تەنیا بیر دەکەمەوە.. بەزمانی خۆم تەمی سەر بیرکردنەوەی خۆم دەسرمەوە، بەدڵی خۆم بیرکردنەوەی خۆم بەرجەستە دەکەم... حەزم لێ نییە لەناو رەش و سپیدا خۆم بەگیر بێنم، سەقف بەسەر بیرکردنەوەی خۆمەوە ببینم.. نامەوێ هیچ بەربەستێك لەرێی سەر هەڵبرینی خۆمدا دابنێم...

ناوهێنانی جەنابی مام جەلالیش لەم نوسینەدا بۆ گفتوگۆکردن نەبو لەبارەی ئەو یان صحەت و رۆڵی ئەوەوە لەسەرخستن و خستنی یەکێتیدا، بەڵکو تەنها (بۆ

گوزارشتکردن بو لەم بیرکردنەوەیەی خۆم)...
بۆ ئەوەم بو بڵێم :
بیرکردنەوە بەڕەنگی دیکە (ی نا رەش و سپی) پێویستی بەپەیداکردنی کەلتورو زمانی دیکەیە.... پێویستی بەدەرکێشانەوەی زمانە لەژێر ئازاری ئەو هەمو داخەدا کە مەقاشبەدەستە زۆرو زەبەندەکانی تیرەو تایەفە جۆراوجۆرەکان بەردەوام پێوەیان ناوە...

2013 / 1 / 27

....................................

# کام وێنانەی ناو کەلتوری سیاسیی کوردی تەنها بۆ دیلیتکردن دەشێن؟

وێنەی یەکەم : تەوزیفکردنی ئوتومبێل لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا...

ئوتومبێل ئامرازێکە لەجیاتیی هێسترو گوێدرێژ، ئەرکەکەی ئەوەیە خۆت و کەلوپەلت بکاتە کۆڵ و شوێناوشوێنکردنت ئاسان بکات، جا ئیتر شوێناوشوێنکردنەکەت بۆ سیاحەتە، بۆ تیجارەتە، بۆ زەماوەندو پرسەیە، یان بۆ راییکردنی هەر ئەرکێکی تری کۆمەڵایەتییە.
ئوتومبێل وەك هەمو کاڵاو ئامرازێکیتر کە بەپارە دەکڕدرێن، پیشاندەرەوەی ئاستی گوزەران، زەوق و سەلیقە، رەوشت، بارودۆخی دەرونیی (کابرا یان خانم)ەکەی سەر پشتیەتی، بەنیوەو ناچڵیشبێ نزیکمان دەخاتەوە لەوەی بزانین کەسەکەی سەر پشتی سەر بە چ چینێکی کۆمەڵایەتییە؟ رەوشتی چۆنە؟ باری دەرونیی چۆنە؟ خۆ ئەگەر ئەم کەسەی سەرپشتی کەرەکە یەك کەس نەبێ، دوان و سیانیشبن، مەسەلەکە هەر بەهەمان شێوەیە.
تەوزیفکردنی ئوتومبێل لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی ئەمدواییەو هەڵمەتەکانی پێشتریشدا، لەناو ئەو جادەوبانە تەسك و قەرەباڵغانەی ئێمەدا کە بەهەزارحال دەست دەدەن بۆ راییکردنی کاروباری رۆژانەی خەڵك، بەو هەڵەشەییەو بەو بارە دەرونییەوە کە لەسایەق و سەرنشینەکانیانمان بینی، بەو شێوازە کەرەکییەی کە هیچ هونەرکاری و هونەرمەندییەکی تیا بەخەرج نەدرابو، دەستدرێژی بو بۆسەر مافی خەڵك :- مافی بەکارهێنانی جادە، مافی ئارامی و پاکژی، مافی سەلامەتیی زەوق و روانین و جەستە و هتد، هەروەها بو بەهۆی دەرخستنی جیاوازیی چینایەتی ناو خەڵك کە لەدیمەنی وەنەوشەسوارو ماتۆڕسواردا

بەئاشكرا بەرجەستە بوبو، دیمەنێك كە پێیگوتین خەریكە وا ئیتر لەكوردەواریشدا ململانێی نێوان لایەنەكان دەبێتە ململانێییەكی چینایەتیی راستەقینە...
كەواتە دەبێ (لایەنەكان) چ قازانجێكیان لەم داهێنانە (كەلتوری - سیاسی)یە كردبێ، چ دەنگێكیان لەم رێگەیەوە پەیداكردبێ، بەتایبەتی یەكێتی و پارتی؟
خۆتان بڵێن، ئایا سەرجەم خەڵكی كوردستان (بەمانۆڕچیەكانی سەر پشتی سەیارەكان خۆیشیانەوە) خواخوایان نەبو رۆژێ زوتر ئەم بەزمە كۆتایی بێت؟
كەچی ئەگەر كەسێك حەوسەڵەی نەبوبێ لەجادەدابێ و تەماشای ئەو هەراوزەنایە بكات، تەلەفزیۆنی ركابەرەكان لەویش نەدەگەڕان، دیمەنەكەیان (هەندێجار راستەوخۆیش) بۆ دەگواستەوە ناو چەقی ماڵەكەی!

وێنەی دوەم (ئەمجارە لەسەر وێنەكان زۆر بەندنابم، بەڵكو تەنها دەیانژمێرم):
ئاڵووێری (دەمانچە بەدەنگ) لەكاتی بەڕێوەچونی هەڵمەتی هەڵبژاردندا...

وێنەی سێیەم : رەواجدان بەكەسابەتی بازەوبازو ئەمبەراوبەری خەڵكی ساختەچی و شوێنكەوتوی پارە، لەم حیزبەوە بۆ ئەو حیزب.
(ئەم كەسابەتە تەمەنی بیست ساڵێك دەبێ، تا ئێستاش بەشانازییەوە لەتەلەفزیۆنەكانەوە ریكلامی بۆ دەكرێ و رەواجی زیاتری پێدەدرێ).

وێنەی چوارەم : زومكردن و رەشكردنی دەموچاوی یەكتر لە شاشەی tv یەوەو هەوڵدان بۆ زیرەپێكردنی خەڵك لەو دەموچاوانە كە بریتین لەدەموچاوی سەرۆك و سكرتێری گشتی و رێكخەری گشتیی حیزبەكان!
ئەم كردەوەیە (بەتایبەتی لەسەروەختی هەڵبژاردندا) هەندێجار دەگەیشتە ئەوەی وەكو ئەوە وابێ بتەوێ خەڵك ئاگادار بكەیتەوە لەمەترسیی بەكارهێنانی دەرمانێكی ترسناك كەمافیای دەرمان دروستی كردوەو لەپرۆسەی پشكنیندا دەرنەچوە!

وێنەی پێنجەم : هەوڵدانی بێوچان بۆ زیندوكردنەوەی سیستمی كۆمەڵایەتیی كۆن، لەڕێی (بەرتیلخواردكردن)ی شێخ و مەشایەخ و سەرۆك عەشیرەت و شتی

وەهاوە، بەمەبەستی کڕینی وەلائی کەسوکاریان (ئەگەرچی دەرکەوت خەڵکی کوردستان ئەم سیستمەیان کۆن کردوەو ناچنەوە سەری).

وێنەی شەشەم : درێژەدان بەململانێی سیاسی (لەدەرەوەی لۆژیکی سیاسی)، لەناو سەرسەختی و رق و قیندا.

وێنەی حەوتەم : تەزویرکردنی حەقیقەتی راوبۆچونی خەڵك، بەشێوازی جۆراوجۆر، لەلایەن زۆربەی لایەنە سیاسیەکانەوە، یەکێ لەڕێی تەزویرکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەوە، یەکێکیتر لەڕێی زەقکردنەوەی رویەکی مەشهەدی سیاسی و داپۆشینی روەکەی تریەوە (بەپێی قازانج و زەرەری خۆی)، یەکێکیتر لەڕێی بەرتەسککردنەوەی روبەری ئازادییەوە....

وێنەی هەشتەم : سەندنەوەی هەمو وەزیفەیەکی ئیجابی لەپرەنسیپی (هاوپەیمانیەتیی سیاسی)، لەڕێی سەپاندنی فیکرەی (قورقەپ)ەوە بەسەر بەشداربوەکانی ناویدا.

وێنەی نۆیەم : عەیبدارکردنی کاری (راگەیاندن) لەڕێی کۆنکریتکردنیەوە، کە لەئەسڵدا سەکۆی راگەیاندن بۆ کۆنکریتکردن دەست نادا بەڵکو دەبێ هەمیشە پلاستیکی و لیبراڵ بێت.

وێنەی دەیەم : وازنەهێنان لەپلەو پۆست و پێگە هەتا مردن (هەم لەناو کاری حکومی و هەم لەناو کاری حیزبیدا).

وێنەی یازدەیەم : پشتگیریکردن و سەپاندنی حیزبۆچکەی بێجەماوەر، هەندێجار فەبرەکەکردنیان، لەلایەن حیزبە پارەدارەکانەوە، بۆ بەکارهێنانیان لەناو ململانێ و زۆرانبازییە سیاسییە (ناسیاسییە)کەدا..... هتد.

2013 / 11 / 5

## ئایا دەتوانین خۆمان خوای خۆمان دروست بکەین؟

ڕەنگە ئامانج لەبونی ئێمە لەم دنیایەدا ئەوە نەبێت خوا بپەرستین، بەڵکو ئەوە بێت کە ئەو خەلق بکەین (ئارتۆر کلارك)....

ئەم قسەیە یەعنی چی؟ یەعنی چی (ئێمە خۆمان خوا دروست بکەین؟ بۆ پەرستنیش نا، بەڵکو بۆ شتێکیتر.. بۆ چ شتێکیتر)؟

وەڵامێکی کورتی ئەو پرسیارە دەدەمەوە.. سەرەتا با کەمێك ڕستەکە شیبکەینەوە :

ڕستەکە پێکهاتوە لە

1 - ڕەنگە / شاید
2 - ئامانج لەبونی ئێمە لەم دنیایەدا
3 - خواپەرستن
4 - خەلقکردنی خوا

لەبڕگەی یەکەمدا حاڵی دەبین کە خاوەنی ڕستەکە نایەوێت بەموتڵەقی بەگیرمان بهێنێت و بیرکردنەوەی خۆیمان بەسەردا بسەپێنێت، ئەو هەر یەکسەر لەسەرەتاوە (نەك لەناوەڕاست و کۆتاییەوە) بە وشەی (ڕەنگە!) دەستپێدەکات و بەموتڵەقی نەیگوتوە: (ئامانج لەبونی ئێمە ئەوەیە).. کەواتە دەتوانین بڵێین ئەو پێش هەمو شتێك دەیەوێت تەنها گومانێکمان لەلا بوروژێنێت نەك بیرۆکەیەکمان بەسەردا بسەپێنێت.

لەبڕگەی دوەمدا ئامانج لەبونی مرۆڤ دەخاتە ژێر گومانەوەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە (رەنگە) خەلقردنی خوا لەلایەن مرۆڤەوە (نەك پەرستنی خوا) ئامانجێکی لەبەرتر بێت، لەبەرتربێت لانیکەم لەخواپەرستن.. ئەم قسەیە دیوی دوەمیشی هەیە.. دیوی دوەمی ئەوەیە : هەر ئێستا خوایەك هەیە دەپەرسترێت، لەلایەن خەڵکەوە دەپەرسترێت، بەڵام لەڕستەکەدا وەڵامی ئەوە دیار نییە کە ئایا ئەم خوایە پەرستراوەش هەر دەستکردی مرۆڤە (مرۆڤەکانی لەوەوبەر) یان خۆی هەبوە، مەخلوقە یان خالقەو پێش ئەوەی خاوەنی رستەکە (ئارتۆر کلارك) بیر لەوە بکاتەوە بیگۆڕێت بەخوایەکی دەستکرد، هەر خۆی هەبوە.

لەبڕگەی سێهەمدا کردەی پەرستن خراوەتە ژێر گومانەوە لەڕێی بەراوردکردن لەنێوان دو خوادا (خوایەکی کۆن و خوایەکی نوێ کە پێشنیار کراوە خۆمان خەلقی بکەین).. تەنها وردبونەوە لەجیاوازیی نێوان دو چەمکی (پەرستن و خەلقکردن) ئەوە روندەکاتەوە کە ئەسڵی پێشنیارەکە بۆ ئەوەیە کردەی پەرستن تێپەڕێنین، لەجیاتیی پەرستن بیر لەداهێنان و خەلقکردن بکەینەوە، پەرستن بگۆڕین بەداهێنان، خۆمان بچینە شوێنی خوا (خۆمان ببینە خالقی هەمو شتێك، تەنانەت خۆمان ببینە خالقی خالقیش).

لەبڕگەی چوارەمدا (برگەی خەلقکردنی خوا) پێشنیارەکە دەگاتە ئەوپەری رونی و داوا دەکرێت خۆمان خوای خۆمان دروست بکەین، لێنەگەڕێین خوا ئێمە دروست بکات، چونکە ئەگەر ئەو ئێمە دروست بکات دروستمان دەکات بۆ خۆی، بۆ پەرستنی خۆی، بەڵام ئەگەر ئێمە ئەو دروست بکەین ئەوا دەتوانین بۆ هەتا هەتایە لەسەر کردەی خەلقکردن و داهێنان بەردەوامبین (چونکە ئیتر داهێنراوی ژمارە یەك / خوا / دەبێتە دەستکردی خۆمان) و رزگارمان دەبێت لەوەی وەکو ئێستا بۆ ماوەی هەزاران ساڵ لەشوێن و کاتێکی مێژویی دیاریکراودا بچەقین و دەستهەڵگرین لەخەلقکردن و بیرکردنەوەو داهێنان.

18 / 10 / 2013 سلیمانی

# وەزیفەی وێنەو دیوار

هەرکاتی وێنەی سەرکردەو رێبەرەکان گەورەتر لەوێنەی هەمو شتەکانی دیکە بەدەرو دیواری وڵات و شوێنە گشتیەکانیەوە بینران، ئەوە حەتمەن مەترسیی دەرکەوتنی دیکتاتۆریەت لەئارادایە (ڤلادیمیر ناباکۆف).

بێگومان ئەمە وتەیەکی فەلسەفی نییە، بەڵکو تەنها سەرنج و ئەزمونە! سەرنج و ئەزمونی کەسێك کە لەتەمەنی خۆیدا بەدەستی هێناوەو بەبڕواوە فڕێی داوەتە بەرچاوی ئێمە.

من وەکو خۆم قەناعەتی زۆرم بەم قسەیە هەیە، وەکو بەشێك لەئەزمون و سەرنجی خۆم تەماشای دەکەم، خەریکە بڵێم : دەڵێی خاوەنەکەی هاتوە بیرۆکەکەیی لە من وەرگرتوەو تەنها ئەوەندە عەزێتی کێشاوە کردویەتی بەڕستەیەکی نوسراو و بەشێوازی خۆی دایڕشتۆتەوە.

لەوانەیە تۆیش هاوڕابیت لەگەڵمداو بڵێی (نەبێت بەقسەیەك ئەم خاتیرەیە پێشتر بەدڵی منیشدا هاتوە، دەڵێی لەزارو دڵی من هاتۆتە دەرەوە!).

ئەم هاوڕایی و نزیکییە لەنێوان ئێمەی کورد، عیراقی ، ئێرانی و رۆژهەڵاتی و ئەم دێڕە نوسراوەدا، لەوەوە دێت کە ئێمە هەمومان پێکەوە رۆژێك لەڕۆژان خۆمانمان لەژێر دەستی دیکتاتۆرو وێنەکانیدا بینیوەتەوە، بەدەست و بەهەستی خۆمان راستی و دروستیی ئەو قسەیەی سەرەوەمان تاقیکردۆتەوە نەك لەڕێی ئەو رۆمانە جیهانیانەوە کە لەبارەی دیکتاتۆریەتەوە نوسراون.

بەم بۆنەیەوە، هەروەها بەبۆنەی ئەوەشەوە کە (لەم رۆژانەدا باس باسی خۆچاککردن و خۆڕاستکردنەوەی سیاسیەکان و سیاسەتەکانیانە) حەزدەکەم پێشنیاری ئەوە بکەم کە با چاکسازیەکەو خۆڕاستکردنەوەکە (دیوار)ی شوێنە گشتیەکانیش بگرێتەوە،با هەندێ بەوردی حساب بۆ وەزیفەی رەسم و دیوار بکرێت لەناو پرۆسەی سیاسەت کردندا.. گومانمان لەوە نەبێت کە (رەسم) و (دیوار) یش بەچاك و بەخراپ رۆڵی سیاسیی گرنگیان هەیە لەناو کۆمەڵگەدا.

بێگومان دیواری کوردستان لەخۆوە نابێت بەدیواری سوید : گوێی خۆی کەڕکا، هیچ نەبیستێ ، چاوپۆشی بکا، خۆی لەوێنە زل زلەکانی سەرۆك و شەهیدو پێشمەرگە داماڵێ و... ببێتە دیوار، دیواریکی ساف و بێگەردو بێوەی وەکو ئاسمانی پاشباران، بەڵکو عەقڵییەتێکی سیاسیی هاوشێوەی عەقڵییەتی سویدیەکانی دەوێ تا بیکات بەوەی کە دڵ دەیخوازێ .

2013 / 11 / 5

....................................

# ئایا دەکری بگوتری حیزب کیشەی کۆمەلایەتیی هەیە، نەك سیاسی؟

سەختترین شت لەدوای ناوبانگدەرکردن ئەوەیە کە خەلك لەگەلتا زۆر میهرەبان دەبن و هەرچی بلیی بروات پیدەکەن، تەنانەت ئەگەر ئەحمەقانەش بدوییت!
(رابرت دنیرو)
بەراستی قسەیەکی زۆر راست و سەرنجراکیشە! ئەگەر ریکەوی رۆژی (تەنها رۆژی) لەژیانتدا هەست بەدیاریتی و بەناوبانگیی خۆت بکەیت (بۆ نموونە پزیشکیکی ناسراو یان نوسەریکی دیار یان سەرکردەیەکی سیاسیی خاوەن نفوز بیت) لەوانەیە بی ئەملاولا ئەم قسەیە بسەلمینیت و ببینی کە چۆن خەلکی سادە بەگرنگییەوە گوی بۆ قسەت هەلدەخەن و بەوپەری گوساخییەوە بروای خۆیانت دەدەنی و گرفتاری روانگەو بۆچونت دەبن، تەنانەت ئەگەر روانگەکەت کرچوکال و بۆچوونەکانت کورتوکویرو قسەکانت ئەحمەقانەشبن! بەلام ئازایەتی لەوەدایە وەکو خاوەنی ئەو رستەیەی سەرەوە (رابرت دنیرو) پیاوبی و شتی وا نەلەخۆت نەلەخەلکی قەبول نەکەیت و بەدەستەواژەیەکی کورتی وەکو ئەوەی ئەویش بیت گومانی ئەوە لەلای بیسەرو خوینەرو شوینکەوتوانت دروست بکەیت کە ئەو برواو ئیعتیقادە زۆرو بی چەندو چونەی ئەوان بەکاروکردەوەو قسەو بۆچونی تۆ، کاری مرۆڤی ژیرو حسابی نییە! بەداخەوە پزیشك و سەرۆك و نوسەرو قسەکەری لای ئیمە نەك هەر ئەمە ناکات بەلکو هەرچیی کردبی بۆ دروستکردنی پیچەوانەکەی دەیکات، هەرچیی کردبی بۆ ئەوەی قەناعەتی کوللی لای تۆ دروست بکات کە خۆی مەرجەعی بالاو یەکلاکەرەوەی هەموو وەسوەسەو دوودلییەکی فیکری و سیاسی و دەروونییە دەیکات کەچی ئازایەتیی ئەوەی تیا نییە ددان بە هیچ هەلەیەکی سیاسی و فیکری و مەنهەجیی خۆیدا بنی و بەئاشکرا پیت بلی کە رۆژی لەرۆژان لەهەلەدابووە لەوەدا کە کردوویەتی یان وتویەتی یان نوسیویەتی و تۆش کە بی دوودلی و چەندوچوون بروای خۆتت

پیبەخشیووە وەکو ئەو لەهەلەدابووی! من (فەرەیدون پینجوینی) بروام وایە فەرهەنگ و کەلتوری هەر میللەتیك خالی بوو لەو راستگۆیی و ئازایەتیی وتن و کردنەی لەفەرهەنگ و کەلتوری گەلانی رۆژاوادا هەیە، هەروەها لەلای پیاویکی وەکو (رابرت دنیرو) هەیە، ئەوا پیویستە بۆ دەستنیشان کردنی هەموو شکست و خەلەل و کوموکورتیە جۆراوجۆرەکانی ئەو کۆمەلگەیە (خەلەل و کەموکورتی و شکستی : سیاسی - ئابووری - زانستی و کۆمەلایەتی و هتد) بەر لەهەر شتیك برۆین بۆ تەماشاکردنی (کەلتورو فەرهەنگ)ەکەی!

لەتەماشاکردنەوەی کەلتورو فەرهەنگەکەیەوە بگەرییینەوەو ریگەچارە هەلهینجین : بزانین ئەو کۆمەلگەیە کەلتورەکەی ریی چیی داوە بیکاو بیلی و ریی چیی نەداوە بیکاو بیلی؟ ئەوەی کە رویداوە (لە : شکست،نسکۆو سەرنەکەوتن و ئەزمون وەرنەگرتن و بیتوانایی لەهەلسانەوەدا) چەندیکی پەیوەندیی بە سیستمی کۆمەلایەتیی کۆمەلگەکەوە هەیە (واتە بە : نەگوتن و نەکردن و نەویران و نەخواستن و نەبیستنیکەوە کە بونەتە بەشیك لە ئەخلاقی ئاسایی خەلکەکەو وەکو عادەتی ئاسایی خەلکیان لیهاتووە) ئەی چەنیکیان (بەپلەی یەکەم) پەیوەندیی بەخراپیی سیستمە سیاسیەکەیەوە هەیە؟ ئا لیرەوە بیر لەدیاریکردنی ریگەچارە بکریتەوەو پلان بۆ هەلسانەوە دابریژریت! ئەوەی من بروام پییەتی و بەراستی دەزانم ئەوەیە : شکست (لەهەر بواریکی ژیان و چالاکیی مرۆییدا) ئەگەر بەپلەی یەکەم پەیوەندیی بەسیستمی سیاسییەوە هەبیت یان پەیوەندیی بەنەهجی حوکمرانییەوە هەبیت، چارەسەرکردن و خۆلیدەربازکردنی ئاسانترە لەوەی پەیوەندیی بەسیستمی کۆمەلایەتی و کەلتورو فەرهەنگی کۆمەلگەوە هەبیت، بەلگەش ئەوەیە تا ئیستا هیچ فەرهەنگ و کەلتوریکی باش نەیتوانیوە تاسەر باوەش بۆ سیستمیکی سیاسیی خراپ و فەرمانرەوای ملهور بکاتەوەو دواجار دەریپەراندووە، کە دەریشی پەراندووە خیراو زووبەزوو لەژیر کاریگەریەکانی چۆتە دەرەوەو ئەوەندە پیوەی گرفتار نەبووە (سەیری ئەلمانیای پاش هیتلەر بکە) بەلام کە شکست و کەموکورتیەکە بەپلەی یەکەم پەیوەندیی بەکەلتورو کۆی سیستمی کۆمەلایەتییەوە هەبوویت چارەسەرکردن و خۆلیدەربازکردنی زۆر سەختتر بووە (نموونەش بۆ ئەمە عیراقە)... ئیستاش و لەم رۆژانەدا کە باس باسی هەلسانەوەی یەکیتیی نیشتمانیی کوردستانە (پاش ئەوەی لەئینتیخاباتەکەی ئەم دواییەدا خەلکیکی زۆری لی

تەكییەوە) دەبی ئەوە دیاری بكریت كە ئایا كیشەی یەكیتی لەگەل خەلكدا (كەوا لیی تەكینەوە) سیاسییە یان كۆمەلایەتی؟ ئایا ناكۆكیی نیوان خەلك و یەكیتی ناكۆكییە لەسەر تەفاسیل و ناوەرۆكی خودی ئەو بەرنامە سیاسییەی كە یەكیتی لەپیناوی سەرخستن و چەسپاندنیدا هاتە دامەزراندن و كەوتە جولە، یان ناكۆكییە لەسەر خراپ تەرجەمەكردنی سیاسەت و پرۆگرامە ئەساسیەكەی لەلایەن سەركردایەتیەكەیەوە؟ بەرای من ئەگەر كیشەی نیوان یەكیتی و خەلكی كوردستان كیشەیەكی سیاسی بیت، چارەسەركردنی زۆر زەحمەت نابیت و یەكیتی دەتوانی سیاسەتی خۆی راستكاتەوە چونكە ئەو سیاسەت لەناو ئەو خەلكەدا دەكات و بۆ ئەوانی دەكات (خۆ وەكو حیزبە كۆمۆنیست و شیوعیەكان لەخۆی ناكات تا گیانەلا هەربلی خوا نییە، ببیتە حیزبیكی توحفە لەناو مۆزەخانەی سیاسەتدا، بۆ یادگاری چەندسال جاری لەئینتیخاباتدا خۆی نمایش بكات بۆ ئەوەی بیری خەلكی بخاتەوە كە ئەمیش سەردەمیك لەسەردەمەكان هەبووەو لەكۆری خەباتدا بووە!)... بەلام ئەگەر كیشەكەی لەگەل خەلكدا كۆمەلایەتی بیت ئەوە چارەسەركردنی قورسە! بۆ نموونە ئەگەر لەسەر ئەوە دەنگی لی وەرگیرابیتەوە كە كەسیتییەكی كۆمەلایەتیی لاوازی هەیەو دەرەقەتی ئەوە نایەت شان بكات بەژیر بەرنامەو ئەركیكی سیاسیی لەوجۆرەدا كە لەپیناویدا هاتە دامەزراندن و ناتوانی بەرنامەكانی خۆی بەباشی تەرجەمە بكات بۆ كردەوە، ئەوە بەراستی وەزعی خراپەو بەئاسانی نایەتەوە راستە! سەرەنجام هەر دەریشدەكەوی كە كیشەكە لەچیدایە (بەلام نەك لەسەر دەستی رۆشنبیرو شتی وادا بەلكو لەسەر دەستی یەكیتی خۆی و خەلك).

..........................................

# نەخوێندەواری

نەخوێندەوارەکانی سەدەی بیست و یەك کەسانێك نین کە نازانن بخوێننەوەو بنوسن، بەڵکو کەسانێکن کە ناتوانن فێربین! زانینە کۆنەکان توڕدەن و دوبارە فێرببنەوە.
(ئالوین تافلەر / ژیانی موبهەمی سادق هیدایەت)
ئەگەر بەگەزی ئەو رستەیە خۆمان و ئاستی مەعریفیی خۆمان بپێوین ئەوا (من لەپێشی هەموتانەوە) و زۆربەی هەرە زۆری ئێوەش لە نەخوێندەوارەکانی سەدەی بیست و یەکین.
دەبا هەرچی زوترە شەرم و شکۆ بخەینە لاوە، هەریەکەمان بەجددی لەخۆمان بپرسین : ئەرێ من هیچ دەزانم؟ چی دەزانم؟ ئایا ئەوەی دەیزانم (لەزانین و مەعریفە) بڕی چەندە (ئەگەر بەبڕ دەپێورێ)؟ بایی چەندە (ئەگەر بەنرخ دەپێورێ)؟ دەست دەدا بۆ بەیانکردن، دوپاتکردنەوە، داکۆکیلێکردن و خۆپێوەبادان کە ئەوەندە بەزانین و توانای مەعریفیی خۆمانەوە دەنازین؟
من گومانم هەیە لەوەی بوێرین بەئاشکرا لەبەردەم یەکتردا (بەڕاستی و بەجددی، نەك بۆ سوعبەت) ددان بەوەدا بنێین کە نەوەڵڵا برا ئەوەی ئێمە دەیزانین هەر ئەوەیە کە (ئالوین تافلەر) داوایکردوە توڕیدەین و هی تازە بخەینە جێگەی!
ئەم راستییە نەك لەڕوی یەکتردا ناڵێین، بەڵکو لەڕوی خۆشماندا هەر نایڵێین، چۆن حەیای خۆمان لەلای خۆمان دەبەین و خۆمان لەڕوی خۆماندا دەشکێنین و سەهوی وەها دەکەین بەخۆمان بڵێین : وەڵڵا بابە من هیچی گرنگ نازانم، هیچێك کە بۆ ئەوە بشێت (وەکو تێزو روانگە) لەڕوی خەڵکدا بیڵێمەوەو داکۆکیی لێبکەم و خەڵکی بۆ دەعوەتکەم!
بەڵام برادەرینە، پێویستە ئێمە هەمومان (هەمو ئەوانەمان کە خۆمان بەنوسەرو رۆشنبیرو چاودێری سیاسی و چی و چی دەزانین) ئەم (ئیعتراف) ە بکەین نەك هەر لەڕوی خودی خۆماندا بەڵکو لەڕوی یەکترو لەڕوی خەڵکیشدا، لەوانەیە ئیعترافێکی وەها (ئەگەر بەڕاستمانبێت لەگەڵ خۆماندا) لەئەنجامدا زەمینەی

چاندن و پەروەردەکردنی مەعریفەیەکی ترمان بخاتە بەردەم (ئەگەر کاتمان مابێ و فریابکەوین)، مەعریفەیەکی تر کە بتوانێ بەردەوام خۆی و ئێمەش ئەبدەیت بکات و رێ لەوە بگرێ بۆ هەتا هەتایە توشی نەخوێندەواری ببین (نەخوێندەواری بەو مانایەی کە لەڕستەکەی تافلەردا ئاماژەی بۆ کراوە).

2013 / -- / --

..................................